# ڕووناکبیری

## گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە

## ٣-٤

هەواڵنامەی کتێب

دەستەی نووسەران

ئەنوەر قادر محەمەد- سەرنووسەر

ڕەشاد میران

فازیل جاف

فازیل کەریم ئەحمەد

لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوید

ئەم گۆڤارە بە هەوڵی چالاک خراوەتە سەر تۆڕ chalakmuhamad@gmail.com

هەواڵنامەی کتێب

# مەم و زینی پیرەمێرد و مەم و زینەکانی تر

دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ
پرۆفیسۆر - زانکۆی سەلاحەدین

"مەم و زین" داستانێکی رەسەنی تایبەتیی کوردە. لەمبەر بۆ ئەوبەری کوردستان بەدەم بەیتبێژانەوەیە. رۆژهەلاتناسان و فۆلکلۆرناسانی خۆمان گەلێک گێڕانەوەی ئەو داستانەیان بۆ تۆمارکردووین. لەو لاشەوە کە ناوی مەم و زین هات یەکسەر ناوی ئەحمەدی خانیی شاعیری مەزنی کورد و رابەری بیری کوردایەتیی لەگەڵدا دێ، چونکە ئەو بە دارشتنەوەی چیرۆکی عەشقی مەم و زین لە ساڵی ١١٠٥ی هیجریدا داستانی کوردیی بردە ریزی داستانە هۆنراوەکانی رۆژهەڵات.

زۆرجار لە رێڕەوی نووسین و بەرهەمدا لام وابووە ئیتر لە جۆغزی (مەم و زین) دەردەچم، بەڵام کە دەرفەتێکی تازە دێتە پێشەوە دەبینم هێشتا قسەم لەو بارەیەوە ماوە و دەبێ بکرێ، کە یادی پیرەمێرد هاتەوە پێشەوە، دەبێ باسێک لەو (مەم و زین)ەی ئەویش بکرێ، کە تا ئێستا باس و بەراورد نەکراوە.

ئەم مەم و زینەی پیرەمێرد شتێکی تایبەتییە. واتە نووسینی پیرەمێرد خۆیەتی.

کاتێ کۆمەڵەی زانستی و قوتابخانەی زانستی لە ساڵی ١٩٢٦ بەدوواوە لە سلێمانیدا لەناودا بوو.

پیرەمێردی کۆڵەکەی زانستی گەلێک مەیدانی چالاکیی دۆزیبۆوە. یەکێک لەوانە مەیدانی شانۆ و شانۆگەری بوو. کۆمەڵێک لەو شانۆگەرییانەی پیرەمێرد نووسینی وەک: مەم و زین، پیەسێکی تەمسیلی (یا: مەحموود ئاغای شیوەکەڵ، شەریف هەمەوەند.) ئەمانە هەموو بەو مەبەستە نووسران کە لە شانۆی زانستیدا پیشان بدرێن.

ئەوە بوو پیشانیش دران.

جا ئەم شانۆگەرییانەی پیرەمێرد -کە پیرەمێرد خۆی بە نووسین و هاندان و رێکخستن یەکێکە لە کۆڵەکە و دامەزرێنەرانی شانۆی کوردی. دەڵێم ئەم شانۆگەرییانەی پیرەمێرد. لەپاڵ نرخی ئەدەبی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی بەرزیاندا شەقڵی گرێدان بە هەستی رۆژ و گیانی سەردەمێکی تەسکی پێوە دیارە. واتە لەپاڵ ئەوەدا کە بوونەتە بەشێکی رەنگین و بەنرخ لە ئەدەبیاتی

نەتەوەییـمـان لە رەگـەزی رۆژانە و هـاندان دوورنین.

هەر لەبەر ئەوەیە کە (مەم و زین)ەکـەشی -واتە ئەوەی پیرەمێرد- شتێکی تازەیە، بەڵام دیارە هەر لەبەرئەوەی ناوی (مـەم و زین)ە نابێ هەموو رەگەزەکانی تازەبن. گەلێک شتی تێدایە کە لەم گێڕانەوە یا ئەو گێڕانەوەی تێکستی فۆلکلۆریی مەم و زینی وەرگرتووە. هەندێک شتی ئەوتۆشی تێدایە کە لە هیچ گێڕانەوەیەکدا نەمان بیستووە و لەوانەیە هەر لە دانان و دروستکردنی پیرەمێرد خۆی بن. بەڵام هەندێک رەگەز و شتی ئەوتۆش هەیە کە بەدڵنیاییەوە دەڵێین پیرەمێرد خۆی دروستی کردوون و مەبەستیش لەو دروستکردنانە دیارە، کەوا یا لەبەر هۆی نیشتمانییە یا لەبەر هۆی هونەرییە.

تێکڕا چوارچێوەی هونەرێکە، وەک وتمان وا ئامادەکراوە کە بەپێی توانای ئەو رۆژەی شانۆ و ئەکتەر و دیکۆر و بینەری ئەو کاتە، بەکەڵکی شانۆ بێت و کەڵکی لێ وەربگیرێت و چێژ بدا بە بینەران.

هەرچی لایەنە نیشتمانییەکەشە، ئەوەیە کە لە شەخسیەتی مەم و زیندا لە هەموو تێکستە فۆلکلۆرییەکان لایداوە.

یەکەم جیاوازیی (مەم و زین)ی پیرەمێرد لەگەڵ ئەوانی تردا لەیەکتربینینی مـەم و زینەوە دەست پێدەکات. لە زۆر گێڕانەوەی فۆلکلۆردا سێ پەری زین دەهێننە جزیرەی بۆتان و بە خەواڵوویی پیشانی مەمی دەدەن و دەیبەنەوە. لای خانی لە شایی جەژنی نەورۆزدا یەک دەبینن. ئەگەر لە گێڕانەوەیەکیشدا پەری وێنەی زین پیشانی مەم بدەن، ئەوا پیرەمێرد لێرەدا کارەکەی مەزنتر کردووە. واتە (ئەرژەنگ) وێنەکێشی مەزنی مێژووی هێناوەتەکایەوە و بە دەستی ئەو نەخشەی زینی کێشاوە و پاشان هەر ئەویش نەخشی مەمی کێشاوە.(١)

ئەم (ئەرژەنگی جیهانگەڕ)ە(٢) دیاردەیەکی تری بیری نیشتمانیی پیرەمێردمان پیشاندەدا. وەک دەزانین شۆڤێنییە فارسەکان بەناوی بەیت و باڵۆرەی ئێرانێتییەوە هەوڵی ئەوەیان داوە کە بەشێکی زۆر لە سامان و بیر و شارستانێتیی کورد بەرن بۆ خۆیان و جیاوازی نەبوون لای ئەوان ئەوە بووە کەچی شانازیی کوردە بۆ خۆیانی تۆمار بکەن -نیزامی و بابەتایەر و عیشقی بکەن بە فارس، شوێنەوار و یادگاری شیرین و فەرهاد موڵکی ئەوان بێت. پیرەمێرد لە زۆر دەرفەتدا هەوڵی سەندنەوە و راستکردنەوەی ئەو چەوتییەی داوە، تۆ بڵێیت ئەم هەوڵی (ئەرژەنگ) هێنانە ناوەوەیەش و هاتۆچۆپێکردنی لەنێوان بادینان و شارەزوور و ئەردەڵاندا لەوەوە نەهاتبێ کە پیرەمێرد ئەو نەخشە کێشە مەزنەی بە کورد زانیبێ و سەندنەوەی شانازییەکی تری کوردی دابێ؟

یەکتربینینەکەی مەم و زین پرسیارێکی تر دێنێتە بەردەممان: ئەویش ئەوەیە کە پیرەمێردی داچەسپێنەر و بەرەو پێش بەرێ

ئاهەنگی نەورۆز لەناو کورددا. ئەو پیرەمێردەی روخسار و ناوەڕۆکێکی تازەی دا بە ئاهەنگی نەورۆز، چۆن ئەوەی لە کیس چووە کە وێنەکەی خانی دووبارە بکاتەوە، رەنگە هەر بۆ ئەوە بێ کە شتێکی تازە بنوێنێت و سەندنەوەی ئەرژەنگەکەی هێندەی لە لاسایی ئەو سەرەتایە لاگرنگتر بووە.

بەڵام پیرەمێرد لێرەشدا نەورۆزی بەتەواوی نەخستۆتە پشت گوێ، بەڵکو باسێکی هەرکردووە، چونکە نە داستانی کوردەواری و نە پیرەمێرد بێ باسی نەورۆز نابن.

"بەنگینە بەئەسپایی ئەچێتە بەردەمی ئەڵێ: تاجەدین ئاغا رایسپاردووە ئەمڕۆ نەورۆزە کەس لە شاردا نەمێنێ هەمووی دەچنە سەر سەهۆڵاوی ئامێدی ئەویش بفەرموێ ئەکۆ و چەکۆ ئامادەن لە خزمەتیا دەچن، بەڵکو نەختێ دڵی بکرێتەوە. مەم بەکزییەکەوە: ئاە بەنگینە دەردم کارییە، برینم نادیارییە، چوونیشم ناچارییە، بابڕۆین (هەڵدەسن دەڕۆن)"(٣)

لەنێوان مەم و زینی پیرەمێرد و ئەوانیتردا لە ناوی کەسانی داستاندا یەکدگیری و جیاوازی هەیە. لێرەدا نامەوێ وەک رۆژێ لیسکۆ خشتەیەک(٤) بۆ هەموو ناوەکان و ئەو یەکدگیری و جیاوازییە بکەم، بەڵام تێکڕا دەڵێم: ناوی مەم و زین و میرزەینەدین و چەکۆ و خاتوریحان و بەنگینە و تاجدین یا قەرەتاژدین لە گێڕانەوەکانی تردا هەن، ناوی ئەکۆ و فەرامرز و پەریزاد -بەزانینی من- هەر لای پیرەمێرد هەیە. هەرچی بەکرمەرگەوەڕە، ئەوە لەناو فۆلکلۆردا بکۆ، یا بەکۆی عەوان... یا لەم بابەتەیە... هتد.

خانی دەڵێ:

ئەسڵی وی دبێن ژ مەرگەوەڕ بوو

مەحزاوی بەشەر بە شۆڕ و شەڕ بوو

بەڵام لای پیرەمێرد بووە بە بەکر مەرگەوەڕ.(٥)

کۆمەڵێک مۆتیڤ (هۆ) لە مەم و زینەکاندا هەیە کە لە زۆر داستانی جیهانیشدا هەن. ئەمانە لای پیرەمێرد دووبارە دەبنەوە وەک:

- هاتنی میر بەسەر مەم و زیندا.
- سووتانی ماڵی تاژدین.
- هاتنی لەشکری دوژمن -لەگەڵ مەمی ئالاندا یەکە- بەڵام کە پیرەمێرد دوژمنەکەی کردووە بە سلیمان بەگی بێژەن ئۆغلی-(٦) ئەمە نیشارەتێکی ئاشکرایە بۆ داگیرکەری تورک، ئەوەش کە پیرەمێرد هۆی ناکۆکیی بەکری جیا لە هەموو مەم و زینەکانی تر بەوە داناوە کە بەکر پەیمانی داوە بە بێژن ئۆغلی کە زینی بداتێ، هەر ئەو چەشنە قووڵییە و ئەو سووچە مێژووییەی دەداتێ. ئەم هاتنی دوژمن و شەڕە لە چەند گێڕانەوەدا هەیە.

بەڵام لای پیرەمێرد ئاشکرا پاراستنی نیشتمانە:

"... مەمیش هەرچەند کە میوانە، بەڵام گەورەی هەموومانە و ناو و شوهرەتی ئازایی و لەشکرشکێنیی ئەو بەناوبانگە لە جیهاندا، ئەم نهێنییەش لەگەڵ تورکایە و بۆ

سەربەرزیی کوردانە، ئیتر وا خۆیشی حازری دیوانە."(٧)

لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ مۆتیف لای پیرەمێرد خۆی هەیە ئەگەر لەم مەم و زینەشدا نەیبینین لە داستانی تری جیهاندا هەیە وەک -بەجێمانی دەسەسڕی مەم لە ژواندا.

تەنیا ئەحمەدی خانی دیمەنێکی سۆفیانەی داوە بە عەشقی مەم و زین، ئەگەر پیرەمێرد بردبێتە قاڵبێکی ترەوە ئەو مەم و زینەکەی ئەویش لەو بابەتە بەدەر نییە.

"ئێستا لە فەیزی عەشقەوە لە حاڵەتی بەدەنی دەرچووم وە سەفوەتێکی ڕۆحانیم بۆ پەیدابووە، ئێستا تۆ بەم ناسک و نازدارییەوە لەبەرچاوەم دانیشتووی حەز لە خەیاڵەکەت زیاتر ئەکەم، توانای ئەوەم نییە دەست بدەمە ئەو پەنجە شیرینە تەوقەیەکت لەگەڵ بکەم وەهەتا ئەگەر ئەیزدی پاک تۆ بە من ببەخشێ لەسەر تەختی حوکمداری خۆمت دائەنێم و لە دوورەوە سەیرت ئەکەم، ئەم عەشقە پاکە بە ویسال ناشێوێنم."(٨)

یا هەر بە زمان زینەوە دەڵێ:

"... خوایە ئاگاداری دڵ و دەروونی عاشقان بە، تۆ ئەیزانی ئەم عەشقەی ئێمە چەند پاک و سافە. بەخوا دڵداریی من لە زولەیخا ناکا. یەخە چەسپی جانان ببم بۆ ویسال. من ئەمەوێ شیرین بم و گیانی شیرینم بۆ ئەمەی مەمی پێ خۆشحاڵ بێ بەخت بکەم وەک پەروانەی شەم بە دەوری سەری مەما بگەڕێم و من بسووتێم و ئەو شەوقی زیاد بێ.

من وام ئەوێ لە دوورەوە خۆمی نیشان بدەم
گیانم بەدەوریا بگەڕێ و هیچ نەڵێم بەدەم
بەم عەشقە پاکەوە وەکو دوو کۆتری بەهەشت
لەم خەڵکە دوورکەوینەوە و روو بکەینە کێو و دەشت.(٩)

پیرەمێرد هەر لە مەم و زیندا نییە کە مێژوو و فۆلکلۆر و هونەرە تازەکەی خۆی، واتە (پیەس) دارشتنەکەی خۆی دەبەستێت بەیەکەوە و شتێکی نوێیان لێ دروست دەکا، بەڵکو لە هەموو ئەو کارانەدا کە بۆ شانۆی ئەو رۆژەی نووسیوون ئەم کارەی بەجێهیناوە. ئەوەتا رووداوی ناو حیکایەتە فۆلکلۆرییەکان دێنێ و هەندێ ناوی راستەقینەی مێژوو دێنێ و لەو دارشتنەوە نوێیەدا دەیانکات بە قارەمان و کەسانی ناو پیەسە نووسراوەکەی خۆی. ئەمەش کارێکی سەرپێیی یا یاریکردنێکی بە ئارەزوو یا مۆنتاژێکی بەئارەزوو نییە. بەڵکو لەراستیدا تێگەیشتنێکی قووڵی فەلسەفەی ژیان و مێژوو دەردەخا لای پیرەمێرد با بە ووتن، یا بە تیۆری دارشتن دەرینەبڕیبێ. ئەویش ئەوەیە کە چ بەرهەمی فۆلکلۆر کە زادەی بیری خەڵک و ئاوێنەی ژیانیانە و چ ئیبداع و ئەفراندنی شاعیران و نووسەرانی سەر بە گەل و خاک و مێژوو دەبێ بڕژێتە ناو رۆخانەی مێژووەوە و رابوردوو و ئەمڕۆ و سبەینێی بە شکۆ و سەرکەوتنەوە بەیەکەوە

ببەستێ. ئەگەر چیرۆکی فۆلکلۆر ئاوێنەی ژیانی هەمەڕەنگ و ڕەنگاوڕەنگی گەل بێت، ئەوا کە ڕەگەزی مێژوو چووە ناو نووسینی پیەس و ڕۆمان و بەرهەمی ئەدەبییەوە کێشەیەک لەنێوان ناوەڕۆکی بیر و هەڵوێستی مرۆڤانە و کەرەسە ئەدەبییەکەدا دروست دەبێ و هونەرمەندی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە هارمۆنیایەکی یەکگرتوویان لێ دروست بکات کە ئامانجی نووسین و هونەری سەر بە گەل و مرۆڤ و بیری هاوچەرخیان پێ بەجێ بێنێ. ئەم ڕاستییەش بەقووڵی، بەڵام بە دیمەنێکی ساکار لەو کارانەی پیرەمێردا دیارن، کە تێکستی کوردیی شانۆی هاوچەرخ و شانۆی کوردی پێ پتەوکردوون. بە مەبەستی کورتی، باسەکەی ئەمرۆمان بۆ (مەم و زین)ەکەی بوو لەبەرئەوە نموونەش هەر لەوێوە دێنینەوە.

لە هیچ یەکێک لە گێڕانەوە فۆلکلۆرییەکانی مەمی ئالان یا مەم و زیندا چ مەم و چ زین و چ کەسانی تری ناو داستانەکە سیفەتی مێژووییان نەدراوەتێ، بەڵکو لە زۆریاندا خەرمانەیەکی ئەفسانەییان بەدەورا دراوە. ئیتر مەم چ کوڕی شای مەغریب زەمین یا موخورزەمین یا برایم پاشای یەمەن بێ، یا کوڕی دەبیری میر بێ،(١٠) ئەوە هەر کوڕی ئەفسانە و حیکایەتە و تەنانەت برایانی کوڕی ئەتیمۆلۆژیا لەگەڵ ناوەکەیدا لە کێشەدان. بەڵام پیرەمێرد مەممان بۆ دەکا بە کەسێکی ڕاستەقینە کە لە لاپەڕەی مێژوودا ناوی هەیە و بەم چەشنە بە زەمانی زینەوە پێشکەشمان دەکات: "... هەرچەند مەمیش لە ئێمە کەمتر نییە وەک تاجەدین گێڕاویەتیەوە خۆی چۆتە وڵاتی شارەزوور و حوکمداریی ئەوانی دیووە و مەم ئەناسێ. مەم کوڕی مەمۆی مونزیرە؛ مەم یەعنی محەمەد بەگ کوڕی مەمۆیە کە مەئموون بەگی پێ ئەڵێن، مەئموون کوڕی مونزیری کوڕی بابەلی حوکمداری شارەزوور و ئەردەڵانین، قوباد و فەیرووزیان پێ ئەڵێن، ئەردەڵانی لە دەوری جەنگیزیشا لە زەڵم و شارەزوور حوکمدار بوون. باوکی مەم قەڵمڕەوەی حکومەتی خۆی کە کوردستانە بەشی کرد بەسەر کوڕەکانیا پێکە بەگ برای مەم قەڵای زەڵم و نەوسوود «نەفسوود» و شەمیران و هاوار و سیحان و ڕاودان و گوڵعەنبەری بەرکەوتووە. سەرخابی برای: لوی و میشەر و مەریوان و تەنورە و گڵەوسی و تەشکاشی هەڵگرتووە. مەمیش سروچک و قەرەخانی و شاربازێر و ئالانی بووە، وە حوکمدار بووە کە ئەرژەنگی جیهانگەڕ وەک شەیتان وێنەی منی بۆ دەبا و پێی دەڵێ ئەم کچە خوشکی میری ئامێدییە."(١١)

کە لە مێژوودا بۆ ئەم چەشنە مەم و محەمەد و مەئموونەی پیرەمێرد دەگەڕێین پێش هەموو سەرچاوەکان –واتە کۆنترینیان، کە پاش هەموویان چاپکراوە یادداشتەکەی مەئموون بەگی کوڕی بێگە بەگە کە لەوێدا نووسەر خۆی بە مەئموون بەگی کوڕی بێگە بەگی عادلانی(١٢) پێشکەش دەکا و باوکیمان بە حاکمی شارەزوور پێ دەناسێنێ.(١٣)

له پەراوێزدا مامۆستا محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی بە چەند دێڕێک شەخسیەتی مێژوویی بێگەبەگمان دەداتێ و ئەرکی چوونەوە سەر سەرچاوەکانی تریشمان لە کۆڵ دەکاتەوە: "بێگە بەگ: کوڕی مەئموون بەگ کوڕی مونزیر کوڕی بابلۆ، لە نەوەکانی بابەئەردەڵانە. حوکمڕانیی ناوچەی زەڵم و نەوسوو و شەمێران و هاوار و شێخان و گوڵعەنبەری کرد، پەرەی بە موڵکی خۆی دا، هەروەک میرشەرەفخانی بدلیسی دەڵێ ٤٢ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە. خوالێخۆشبوو محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە مێژووی سلێمانیدا لە زمان عەلی ئەکبەری مێژوونووسی ئێرانییەوە ئەوە دەنووسێ کە فەرمانڕەوایی میرمەئموون لە ساڵی ٨٦٢ی هیجری تا ساڵی ٩٠٠ی هیجری بووە، بەڵام لەم یادداشتەوە وا دیارە کە تا ساڵی ٩٥٦یش واتە پاش مردنی ئەلقاسیش بە ساڵێک ژیاوە."(١٤)

کە دەچینەوە سەر سەرچاوەکان خۆیان، هەندێ ئیشارەت دەبینین کە داڕشتنەکەی پیرەمێرد لە ڕاستیی مێژووەوە نزیک دەخاتەوە و لە هەندێک شوێنیشدا ئیبداعی چیرۆک نووسین بەسەر ئەوەدا زاڵ دەبێ.

تێکڕا لە هەندێ شوێندا ئەوە دەبینین کە مەئموون بەگ لە ژیانی خۆیدا قەڵەمڕەوی خۆی لەنێوان کوڕەکانیدا دابەشکردووە و لە سەرچاوەیەکدا (ئامێدی)ش دەچێتە سەر ئەو ناوچانەی قەڵەمڕەوی ئەو کە بۆ محەمەد بەگی کوڕە بچووکی دانراوە.(١٥) ڕەنگە هەر ئەمەش وای لە پیرەمێرد کردبێ، کە (زین) بکات بە خوشکی میری ئامێدی و وەک گێڕانەوە فۆلکلۆرەکان و وەک مەم و زینی خانی خوشکی میری جزیرەی بۆتان نەبێ.

هەرچی محەمەد بەگە ئەوە لە سەرچاوەکاندا باسی ژیانی دیارە. سەردەمێک فەرمانڕەوای حیللە و ناوچەی کەرکووکیش بووە، لە دەست (سورخاب یا سوهراب یا زۆراب)ی برای پەنای بردۆتە بەر سوڵتانی عوسمانی و لە هەموو سەرچاوەکاندا ئەوە دیارە کە لە شەڕی نێو برایاندا بە گوللەی وێڵ کوژراوە.

لە سەرچاوەیەکدا گرتنی مەئموون بەگ لە قەڵای ئامێدی هەیە.(١٦)

هەرچی ناوەکانی ترە، ئەوە سلێمان بەگی بێژن ئۆغلییە کە لە سەردەمی حەسەنی کوڕی میر سەیفەدینی میرزمینەدیندا هێرشی هێنایە سەر ئامێدی. قەڵای شووش و ئاکرێی گرت و ئامێدیی پێ نەگیرا.

هەرچی ئوزوون حەسەنە ئەوەش لە سەرچاوەکاندا هەر بەو ناوەوە دیارە، کە لە ساڵی ٨٧٥ی هیجریدا بێژن ئۆغلیی ناردە سەر ئامێدی بەڵام بە سەرشۆڕی گەڕایەوە.(١٧)

... لە ١٤٥٣دا لە قەڵای ئامەد (دیاربەکر) چووە سەر تەختی فەرمانڕەوایی و گەلێ وڵاتی داگیرکردووە.(١٨)

پیرەمێرد (سەرخاب)ی برای مەم دەنێرێتە

سەر قەڵای ئامێدی. لە هەموو سەرچاوەکانیشدا محەمەد بەگە برایەکی هەیە ناوی سورخاب، یا سوهراب، یا بڵێین زۆرابە بەڵام ڕووداوەکانی مێژوو چەشنێکی تر لە حیکایەتەکەی پیرەمێرد جیاوازن بەڵام سەیر ئەوەیە پیرەمێرد ناوی یانزە کوڕی سەرخاب دێنێ، (١٩) لە شەرەفنامە و لەلای مەستوورەش ناوی ئەو یانزە کوڕەی هەیە، ناوی دە کوڕیان لە هەر سێ سەرچاوەکەدایە کە، تەنیا یەکێکیان نەبێ، پیرەمێرد (ئەسەدمش)ی نووسیووە(٢٠) و شەرەفنامە بە ئەسەلمش(٢١) و مەستوورە بە سەلماس بەگ.(٢٢)

هەرچی ناوی میرە لە حیکایەتە فۆلکۆرەکانی مەمی ئالان و مەم و زیندا و لای خانیش ئەوە میر زەینەدینە، لە هەندێ گێڕانەوەشدا دەبێ بە میر سێفدین -کە دەبێ لە سەیفەدینەوە هاتبێ.

هەندێ جار ئەم ناوی زەینەدینە دەدرێتە بەر نەشتەری ڕووداو و ناوی مێژوویی و ئەوە دەردەخرێ کە لەناو میرانی جزیرە و بنەماڵەی ئازیزاندا میر زەینەدین ناو نەبووە، بەڵام کە پیرەمێرد ئامیدیی کردووە بە مەڵبەندی زین و شوێن زیندان و مەرگی مەم، ئەوا یەکەم میری بادینان زەینەدینە و سەیفەدینیش کوڕی ئەوە.(٢٣)

یەکگرتنی ناو و ڕووداو و ساڵی مێژوو لەنێوان پیرەمێرد و سەرچاوەکانی مێژوودا کاری ئێرە نییە. بەڵێ -پیرەمێرد بە زمان زینەوە لاپەڕەیەک دەربارەی بنەچە و نەوە و ناوچەی جوگرافیی میرانی بادینان دەگێڕێتەوە. ساڵی ٩٥٦ی هیجریش بە ساڵی فەرمانڕەوایی سەرخاب دادەنێ لە شارەزوورا(٢٤) کە ڕێک ئەو ساڵەیە کە بابی عالی لەشکری ناردە سەر ئەو میرە کوردە و ئەویش لە قەڵای زەڵمدا خۆی توندکرد و ئەنجامیش هیچیان لەگەڵیدا پێ نەکرا(٢٥) زۆرجاری تریش پیرەمێرد ئەم چەشنە زانیارییە مێژووییانە دەخاتە سەر زمانی کەسانی ناو (مەم و زین)ەکەی، بەڵام بەراوردی ئەو زانیارییانە لەگەڵ وشە بە وشەی کتێبی مێژوودا کاری ئەم باسە نییە، چونکە نە پیرەمێرد لێرەدا مێژووی نووسیوە و، نە لێرەدا لە کونجی یەکگرتنی بەرهەمی ئەدەبی لەگەڵ دێڕ بە دێڕی مێژووەوە بۆ لێکدانەوەی کارەکەی پیرەمێرد دەچین. بەڵێ دەبێ چوارچێوەی گشتیی بەرهەمێکی ئەدەبێ کە خۆی لەناو ڕووداوی مێژوو دەدات لەگەڵ مێژوودا یەک بێت. بەڵام قەڵەمی شاعیر و نووسەر بۆی هەیە ئیبداعی خۆی لە قەشەنگکردنی مێژوودا بخاتە کار، پیرەمێردیش ئەمەی بەجێهێناوە.

بەڵێ -ئەو (مەم)ەی لە (مەم و زین)ەکانی تردا ئەو شێوە تەماوییەی درایە، لای پیرەمێرد بوو بە میری ئەردەڵان و شارەزوور. بەڵام پیرەمێردێک کە دیارە ئاگای لە (مەمی ئالان) و (مەم و زین)ەکانی تر هەیە بۆچ مەڵبەند و گۆڕی مەم و زینی لە جزیرەی

بۆتانەوە گواستەوە بۆ ئامێدی و بادینان؟

با گوێ لەم چەند بیر دەربڕینەی پیرەمێرد بگرین ئەوسا بڕیارێک بدەین: "زین سەیری خۆی دەکا لە ئاوێنەدا و دەڵێ: خوایە هەر تۆ ئەزانی بە دەست پەروەردگاری ئەم دوو نەخشە بکێشی، سێوێ بکەی بە دووکەرتەوە مەم و زینی لێ دروست کەی. ئەمەندە لە یەک ئەکەین بۆیە دڵمان یەکە بە خوا، ستەمە ئەم دوو دڵە لێک بن..."(٢٦)

کەسێک پیرەمێرد نەناسێ، یا ئاگای لە نووسینەکانی تری پیرەمێرد نەبێ، بە زیادەڕۆیی دەزانێ ئەگەر بڵێین ئەو لەیەکچوون و یەکدڵی و لەیەکنەبوونە هەر دڵی مەم و زین نییە، ئەوە سێوی بەرواری و سەردەشتە لەیەک دەچن، ئەوە یەکێتی و یەکدڵیی شارەزوور و بادینانە. با هەر لە مەم و زیندا گوێ لە پیرەمێرد بگرین خۆی شەرعی خۆی و ئێمە دەکا:

زین دەڵێ:

"... میر توخوا جارێکی تر ئەمە مەڵێ، هەزاری وەک زین فیدای ئەو سەرە بێ کە بنای کوردەوارییە، ئەم قەومە بەدبەختەی کوردە چواری تری وەک تۆیان نەبووە کە بچێتە ناو مێژووەوە، تۆ چرایەکی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتا و کاکیشم لە ژووروودا، خوا نەیانکوژێنێتەوە، هەزار زین دێت و دەڕوا ئەگەر عەشقی ناوی بخاتە بەرگورشتەوە."(٢٧)

یا هەر زین بە مەم دەڵێ:

"تۆ بژی هەرچی بەسەر من دێ بابێ، تۆ بمێنی کوردەواری بە قارەمانێکی وەک تۆوە بەرز ئەبێ، سێ بەشی عەشقی من بۆ تۆ لەوەوەیە کە ناوی میللەتی بەرزکردۆتەوە."(٢٨)

ئەگەر ئەحمەدی خانی لە دیباجەی مەم و زینەکەیدا خۆی هەر بەناوی خۆی و بە زمانی خۆیەوە یەکەم زەنگی کوردایەتیی لێ دابێ، بەڵام قارەمانەکانیی بە ڕێگەی تەسەوف و مەرگی سۆفییانە و حەللاجانە، یا رابیعەی عەدەوییانەدا برد بێ، ئەو پیرەمێرد پاش سێ سەدە ئەو قارەمانانە بەپێی بیر و گیانی ڕۆژ لەناو و لاپەڕەی مێژووە دێنێ و بەبیری نیشتمانپەروەریی خۆی سووچ و کەناری نوێ بۆ شەخسیەتیان دەکێشێ و لەو سێبەرە رەنگینە بە دەوری دیمەنیاندا نەخشە دەکێشێ. دیارە ئەمەش بووە مەبەسی پیرەمێرد لە مەم و زین نووسین، لە نووسین، لە ڕۆژنامەگەری، لە نەورۆز گەشاندنەوە، لە زانستی، لە کرداری جوان. هەروەک ئەمەشی کردووە بە مەرامی زین لە ئەڤین و خۆشەویستیدا:

"... خوا ئەگەر کردی و مام و بووم بە هاوسەر، پەیمانم دایە تەنها یەک نەسلی نێرینەت بۆ کوردەواری پێ بگەیێنم و هیچی ترم ناوێ..."(٢٩)

پیرەمێرد هەر لەم لایەنە مێژوویییەوە خواست و ئارەزووی خۆی لەگەڵ مەم و زیندا نەگونجاندووە، ئەوەتا بێجگە لە کۆمەڵێ ناوی شار و شوێنەوار کە بەناوی قەڵەمڕەوی

میرانی شارەزوور و بادینانەوە ناویان دەبات سەرچاوەی سەرچنار و هەولێریش دێنێتە ناوەوە.(٣٠)

قەڵەمی رەنگینی پیرەمێرد قەڵەمی شاعیرە، با پەخشانی جوان جوانیشی نووسیبێ، بەلام ئەو قەڵەمە سەوداسەری میحرابی شیعرە. هەر لەبەرئەوە لەناو ئەم پیەسەشدا گزنگی شاعیرانەی پیرەمێرد خۆی دەنوێنێ. بە زمانی زینەوە بە شیعری رەنگینی خۆی پارچەیەک دەگێرێتەوە، کە پارچەیەکی بەرزە لە شیعری پیرەمێرد و لە شیعری کوردیش بەگشتی.

هەی رۆ، ئەمرۆ رۆی شین و رۆرۆمە
کە مەم رۆی، رۆرۆی پەژارەی خۆمە
ئەم زوڵفە لوولەم بۆ مەم شانەکرد
دەک فەلەک کوێر بی بۆنێکی نەکرد
ئەم خاڵ و میلە من بۆ مەمم رشت
پەیمانم وایە بۆی بەرمە بەهەشت
لێوم دانا بوو بۆ گفتوگۆی مەم
عەهدە، تا مردن واتەی پێ نەکەم
توخوا مەم منت لە کوێ پەیداکرد
گوناهیم چی بوو؟ منت شەیداکرد
هەرکەس هاوسەرێ بۆ ژیان ئەگرێ
منت بۆیە ویست لەبەرت مرێ
هەی خەجاڵەت بی چەرخی پڕ ستەم
هیچ شەرمت نەکرد لە نەوجوانیی مەم
مەم لەژێر خاکا بە میوانت بم
بە برامەوە بە قوربانت بم
ناچارم بێ تۆ ژیانم نابێ
وا بڕیمەوە، هەر دەبێ وا بێ
لەناو دەخمەدا دوو جێگا دەبێ
زاوا و بووکێنی لە خاکا دەبێ
ئای زین دەستی مەم نەگەیشتە تۆ
وا نووکی خەنجەر بوو بە سزای تۆ
خەنجەر بۆ دڵە گەر ڕاستت دەوێ
ئاخ مەمی تیایە نەک بەری کەوێ
ئەی سینە بگرە خەنجەر بۆ تۆیە
هەرچی زۆر جوان بێ هەر رەنجەڕۆیە
بە بەرگی خوێنی شایی رەنگەوە
بە سۆز و ناڵەی خۆش ئاهەنگەوە
با دەست لەمل کەین مەم یەک جارییە
نەڕای بێگانە، نە بەدکارییە
ئاخ بۆ دەنگ خۆشێ لە ژوو سەرینمان
بە بەیتی کوردی بدا تەڵقینمان
بڵێ ئاخ دڵی دڵخواز مەشکێنن
بەزۆرەملێ کچان مەمرێنن.(٣٢)

ئەمە چمکێکی بچووک بوو لە باسی لایەنێک لە بەرهەمی ئەو پیرەمێردەی سیروانێکی ئەدەبی کوردی بوو. بۆ هونەری جوانی نووسی، بۆ خاکی نووسی، بۆ گەلی نووسی، سۆزی دڵی ئەو بەرامبەر بە نیشتمانپەروەران و شەهیدان لە سۆزی دڵی زۆر کەس، زۆر شاعیر بەتینتر بوو.

هەواڵنامەی کێبر

پەراوێز:

(١) دەربارەی ئەرژەنگ ئایا هەرمانییە، یا کەسێکی تریش بەو ناوەوە هەیە سەرچاوەکان زۆری لەسەر دەڕۆن. (بڕوانە: برهان قاطع. ١٣٣٦ (چاپ پیروز). ص. ٧٣.

(٢) پیرەمێرد. چیرۆکی مەم و زین. چ ٢. ١٩٦٨. ل٤.

(٣) هەر ئەوێ. ل٣ (ئیتر بە پیرەمێرد ناوی سەرچاوەکە دەبەین.)

(٤) پێشەکیی رۆژێ لیسکۆ بۆ چاپی مەمی ئالان. کە دوکتۆر سەعدی ئیسماعیل بەرزنجی وەریگێڕاوەتە سەر عەرەبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری.؟ ؟

(٥) ئەحمەدی خانی. مەم و زین. مۆسکۆ. ١٩٦٢. ل.٩٦.

(٦) پیرەمێرد. ل.٢٣.

(٧) هەر ئەوێ.

(٨) هەر ئەوێ. ل١٧.

(٩) == ل١١.

(١٠) بۆ ئەم مەبەسانە تەماشای تێکستی مەمی ئالانی – رۆژێ لیسکو، نورەدین زازا، هارتمان، ئۆسکارمان، (مەمێ و زینێ)ی جاسمی جەلیل لە (کلامی چیا)دا و مەم و زینی خانی کراوە.

(١١) پیرەمێرد. ل١٢، ل١٣.

(١٢) هەر ئەوێ. ل١٦.

(١٣) هەر ئەوێ. ل١٧.

(١٤) هەر ئەوێ.

(١٥) الامیر شرف خان البدلیسی. الشرفنامە. ترجمە وتعلیق ملا جمیل بندی الروژبیانی. بغداد، ١٩٥٣، ص. ١٠٨. (ئەم سەرچاوە بە لەمەودوا بە شەرەفنامە ناو دەبەین.)

(١٦) مذكرات مامون بک بن بیگەبک. نقلها الی العربیة وعلق علیها محمد جمیل الروژبیانی و شکور مصطفی، بغداد، ١٩٨٠ (ئیتر بە مذکرات ناوی دەبەین.)

(١٧) شەرەفنامە. ل. ١٤٠.

(١٨) "بار و دۆخی کوردستان و گەلی کورد لە سەدەی ١٦هەمدا" نووسینی شەمسی محەمەد ئیسکەندەر، شوکور مستەفا لە ئازربایجانییەوە کردوویە بە کوردی. گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق "دەستەی کورد" بەرگی هەژدەهەم و نۆزدەهەم. بەغدا، ١٩٨٨. ل. ٢٣.

(١٩) پیرەمێرد. ل. ٢٦.

(٢٠) هەر ئەوێ.

(٢١) شەرەفنامە. ل. ١١٢.

(٢٢) ماهشەرەف خانم "مەستوورە"ی ئەردەلانی". مێژووی ئەردەلان. د. حەسەن جاف و شوکور مستەفا لە فارسییەوە کردوویانە بە کوردی. گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق "دەستەی کورد"، بەرگی هەژدەهەم و نۆزدەهەم. بەغدا، ١٩٨٨، ل. ٢١.

(٢٣) شەرەفنامە. ل. ١٤٠.

(٢٤) پیرەمێرد. ل. ١٠.

(٢٥) شەرەفنامە ١١١، هەروەها محەمەد ئەمین زەکی. مێژووی سلێمانی.

(٢٦) پیرەمێرد. ل. ١١.

(٢٧) هەر ئەوێ. ل. ١٦، ١٧.

(٢٨) == ل. ١٧.

(٢٩) == ل. ١٨.

(٣٠) == ل. ٥.

(٣١) ئەم پارچەیە بە باشی لەگەڵ وەسێتنامەی زین لە مەم و زینی خانیدا بەراورد دەکرێ.

(٣٢) پیرەمێرد. ل. ٢٩-٣١.

هەواڵنامەی کتێب

# دەس نووسێکی «خوسرەو و شیرین» لە «کتێبخانەی بریتانیا»

## ئەنوەر سوڵتانی

مێژووی "راز"ی "خوسرەو و شیرین" ئەگەرێتەوە بۆ کۆتایی سەردەمی "ساسانییەکان" (٢٢٤ تا ٦٥٢ی زایینی). داستانەکە، لە بنەڕەتدا بە زمانی "پەهلەوی ساسانی" (١) گوتراوە و پاشان وەرگەڕاوەتە سەر "فارسی دەری".(٢)

لە مێژووی دوای ئیسلامی ئێران دا، باسی خوسرەو و شیرین یەکەم جار لە کتێبی "شاهنامەی ابو منصوری"(٣) (دەوروبەری ٣٤٦ی کۆچی)دا هاتووە و پاشان لە "المحاسن والاضداد"ی "جاحظ بصری"(٤) و "غرر اخبار الملوک الفرس"ی "ثعالبی"(٥) و "تاریخ الامم والملوک"ی "طبری"(٦) و دواجاریش لە "شاهنامە"ی "فیردەوسی طوسی"(٧) دا ڕەنگی داوەتەوە.

چیرۆکەکە، لە بنەڕەتدا باسی ئەوینی خوسرەوی پەروێز "شای ساسانی و "شیرین" یا "سیرا" ئەکات بەڵام "بەلعەمی"(٨) لە "تەرجەمەی تاریخ طبری"دا بۆ یەکەم جار، حیکایەتی "فەرهاد"ی لێ زیاد کردووە.

"خوسرەوی پەروێز"، بیست و سێهەمین بووە لە زنجیرەی شاهانی ساسانی کە بە "ئەردەشیری بابەکان" دەستی پێ کرد و بە کوژرانی "یەزدگیردی سێهەم" لەکاتی هێرشکاری عەرەبا بۆ سەر ئێران (٣١ک-٦٥١ز) دوایی پێ هات.

خوسرەوی پەروێز -ناسراو بە هورمزی چوارەم، لە مێژووی ئێران دا بە خاوەنی "گەنج" و "ژن" ناوی دەرکردووە. گوایە تەنیا ١٥ میلیۆن مثقاڵ ئاڵتوونی لە خەزێنەدا بووە(٩) و ژمارەی ژن و کەنیزی ناو حەرەمسەراکەی تا دوازدە هەزار کەس لەقەڵەم دراوە.(١٠)

ئەم چاوچنۆکی و پارەپەرستی و هەوەسبازییانەی خوسرەو و شاهانی دیکەی ساسانی، ڕاپەڕینی بەرحەق و داواکارییەکانی "مەزدەک"ییەکان لەپێناوی "یەکسانی ژن و سامان"، واتا ئەکاتەوە.

سەرچاوەکان لەسەر بنەچەکی "شیرین" یەکدەنگ نین، گەلێکیان بە ئەرمەن، هەندێک بە خوزستانی و برێکیش بە "ئارامی"یان ناویردووە. بەشێک بە شازادە و دەستەیەک بە کەنیزیان زانیوە بەڵام هەموویان لەسەر "مەسیحی"بوونەکەی هاودەنگن.(١١)

فیردەوسی ئەڵێ: شیرین زۆر پێش ئەوەی خوسرەو ببێ بە شا، لەگەڵیا دۆست بووە، بەڵام سەرچاوەکانی تر لایان وایە خوسرەو لە سەردەمی شایەتی دا شیرینی ناسی.(١٢)

رازی خوسرەو و شیرین تا سەدەی شەشەمی کۆچی لەتوێی چەند کتێبا قەتیس مایەوە و لە بەشێکی کەمی خەڵکی خوێندەوار بەدەر، کەس پەی پێ نەبرد، بەڵام کاتێ کە "نیزامی گەنجەیی" (٥٣٥ تا ٦١٤ی کۆچی) لە ساڵانی ٥٧٣ و ٥٧٦دا بە شیعرێکی رازاوەی "بەحری هزج مسدس مقصور ومحذوف" هۆنییەوە، ئینجا کەوتە سەر زاری خەڵکی ئاسایی – تەنانەت نەخوێندەوارانیش.(١٣)

دواتر، گەلێک شاعیری فارسی وێژی وەک "عورفی" و "ئەمیر خوسرەوەی دیهلەوی" و "وەحشی بافقی" لاسایی نیزامییان کردەوە و چیرۆکەکەیان بە رەنگ و بۆنێکی ترەوە هۆنییەوە و ئەوەندەی تر لە هەست و بیری خەڵکیان نزیک کردەوە.

لە سەردەمی "ئەردەڵان"ەکانا دەرفەتانێکی باش بۆ گەشەکردنی هونەری کوردی و بەتایبەت شیعر، خوڵقابوو. سروشتی شیعرپەروەری ناوچەکە و لاساییکردنەوەی خانانی ئەردەڵان لە "دەربار"ی شاهانی ئێران بۆ نازپێدانی شاعیران، دوو هۆی سەرەکی برەوی ئەدەبی کوردی بوون لە ناوچەی "ئەردەڵان" و "گۆران"دا.

ئەدەبی ناوچەکە بەگشتی شوێنی زۆری ئەدەبی فارسی لەسەر بوو بەشێک لە شاعیران بە فارسی شیعریان ئەگوت (مەستوورە، ئەفسەر، رەونەق و...)، بەشێکی تریش بەرهەمی فارسییان وەرئەگێرایە سەر زمانی کوردی (خانای قوبادی، میرزا شەفیعی کەندوڵەیی و...) و بەکورتی، ئەدەبی ناوچەکانی باشووری کوردستان زۆر درەنگتر لە ئەدەبی بەشی باکووری وڵات، رچەی سەربەخۆیی شکاند و خۆی لەژێر دەسەڵاتی ئەدەبی بێگانە هێنایە دەرێ.

وەرگێراوەکان هەرچەند لە چوارچێوەی دەقە بێگانەکەدا قەتیس ئەمانەوە، بەڵام لە عەینی وەختا رەنگ و بۆنی ژیانی کۆمەڵگای کوردەوای و بەتایبەت تایبەتمەندی زمانی کوردییان ئەدا و دەوری بەرهەمێکی خۆماڵییان ئەگێرا.

یەک لەو تەرجەمانە و رەنگە سەرکەوتووترینیان، "خوسرەو و شیرین"ی "نیزامی گەنجەیی"یە. تەرجەمەی کوردی چیرۆکەکە، بەناوی کەڵەشاعیری ناوچەی گۆران "خانای قوبادی"یەوە ناسراوە و هەردوو چاپەکەی "کاکە حەمەی مەلاکەریم" و "مورادی ئەورەنگ" و هەروەها چاپە کۆنەکەی "حوزنی موکوریانی" هۆنراوی خانان یاخود

کتێبخانەی کتێب

بەهی ئەو زانراون. ئەمەش لەکاتێکایە کە بەلای کەمەوە سێ شاعیری دیکەی کورد، کاری تەرجەمەی خوسرەو و شیرینیان راپەڕاندووە بەڵام ئێمەی کورد، یا نایانناسین یاخود هەر ناوێکمان لێ بیستوون و ئیتر هیچ!

یەکەم هەنگاو لەمەر چاپی چیرۆکەکە بە کوردی، مامۆستا حوزنی موکوریانی هەڵی هێناوەتەوە. حوزنی لە چەند ژمارەی "دەنگی گێتی تازە"ی ساڵی ١٩٤٥دا، چیرۆکی "شیرین و فەرهاد"ی لە چاپ داوە و پاش ماوەیەک، وەک نامیلکەیەکی سەربەخۆ، بڵاوی کردۆتەوە.(١٤)

ئەوەی شیاوی باس بێ حوزنی لەکاتی چاپی چیرۆکەکەدا ناوی دانەرەکەی نەزانیوە و بە "نەناسراو" ناوی بردووە تا لە رۆژی ١٩/١٠/١٩٤٥ نامەیەکی لە "گەورە رەوان پاکی زانیارێکی کورد"ەوە (کە دوور نییە مامۆستا مەلا عبدالکریم مدرس یا مامۆستا سید طاهیری هاشمی وەیا یەکێ لە خێزانی شێخانی نەقشبەندی بوو بووبێت)، پێ ئەگات کە ئەڵێ: "بەڕاستی، دانەری شیرین و فەرهاد، بوێژی بەناوبانگ خانای قوبادی"یە.(١٥)

بیست و چوار ساڵ دوای چاپەکەی حوزنی، "موڕادی ئەورەنگ" لە ساڵی ١٩٦٩دا لە تاران سەرجەمی چیرۆکی "خوسرەو و شیرین"ی بردۆتە ژێر چاپ(١٦) و لە ١٩٧٥یشدا چاپەکەی مامۆستا محەمەدی مەلاکەریم بڵاوبۆتەوە.(١٧)

ئەم سێ چاپە، کە جیاوازی کەم و زۆر لە دەقی چیرۆکەکە دا ئەخەنە پێش چاو، لەبەر ژمارەیەک دەستنووسی بەربڵاو پێک هاتوون کە هەر سێ مامۆستاکان لە سەرەتای چاپەکانیانا ئاماژەیان پێ کردوون بەڵام هەودایەکی هاوبەش هەرسێکیانی پێکەوە بەستووە ئەویش ناوی خانای قوبادی یە. هەر سێ دەقەکە بەبێ پێچ و پەنا بە هۆنراوی خانا زانراون وئەمەش بەلای کەمەوە لەمەر چاپی ئەوڕەنگ و کاکە حەمە، کەم شوبهەیە.

لەلایەکی دیکەوە، "بابا مەردوخ روحانی-شیوا" دانەری "تاریخ مشاهیری کرد" کاتێ دێتە سەر باسی "مەلاوەڵەد خانی گۆران" دەنوسێ: "مەلا، چیرۆکی زۆری بە شێوەی گۆرانی هۆنیوەتەوە و لەوانەن شیرن و فەرهاد و..."(١٨)

هەروەها دوکتۆر کەمال فوئاد لە "کاتالۆگی دەستنووسە کوردییەکان"ی پارێزراو لە کتێبخانەکانی بەرلین دا باسی دوو نوسخەی خوسرەو و شیرین (٢٠ و ٨٨) و سێ نوسخەی شیرین و فەرهاد (٢ و ٢٠ و ٨٩) ئەکات و بە هۆنراوەی "ئەڵماس خانی کەندوڵەیی" و "میرزا شەفیعی کەندوڵەیی" یان ناو ئەبات.(١٩) محمد علی سلطانی، دانەری "حدیقە سلطانی"ش پەنجە بۆ "شیرین و فەرهاد"ی ئەڵماس خان رائەکێشێ.(٢٠)

ئەمانە، راستییەکی ساکارمان بۆ دەرئەخەن: بەلای کەمەوە سێ شاعیری

دیکەی ناوچەی گۆران، جیا لە خاناى قوبادی، ئەم چیرۆکەیان هۆندۆتەوە و بەختەوەرانە، شوێنەواری هەر سێکیان وێڕای شاکارەکەی خانا پاریزراون و تەنیا چاوەڕوانی هیممەتی کوردێکن سەریان لێ هەڵێنێتەوە و کاری لێکۆڵینەوە و بەراوردکارییان راپەڕێنێ.

تا کاتی پەیدابوونی ئەو "هیممەتدارە کوردە"ش خۆ دیارە دەیان پرسیاری بێ وەڵام لەبەردەمماندا ئەمێننەوە:

– کام یەک لەم چوار شاعیرە کوردە رچەشکێنی دانان یا وەرگێڕانی چیرۆکەکەن؟

– کاری کامیان تەرجەمە و هی کامیان خوڵقاندنی سەربەخۆیە؟

– شوێنی کام شاعیری فارس وێژیان لەسەرە: نیزامی، وەحشی، ئەمیرخوسرەو، ...؟

– چەندیان شوێن لەسەر یەکتر داناوە؟

– چ شوێنێکیان داناوەتە سەر شاعیرانی دوای خۆیان؟

– لەباری هونەرییەوە کامیان سەرکەوتووترن؟

– لەباری ناوەڕۆک و فۆرم و تکنیکەوە، لە کوێ وەستاون؟

– لایەنی "زمان" و دەربڕین لای کامیان قایمتر و بەهێزترە و "زمان"ی گێڕانەوەی داستان لای کام شاعیریان لاوازترە.

ئەمانە و گەلێک پرسیاری دیکە، چاوەڕوانی داهاتوو ئەبن، ئەو داهاتووەی کە هیوادارم زۆریش دوور نەبێت.

سێ چاپی دەقی کوردی چیرۆکەکە، وا لە سەرەتادا باسمان کردن، لەسەر بنەمای هەندێک نوسخەی دەس نووس پێک هاتوون کە هەر سێ مامۆستای ناوبراو دەست نیشانیان کردوون. بەداخەوە ئێمە بە چارەنووسی هیچ کام لەو دەس نووسانە نازانین و لێمان روون نییە پاش کەڵک لێ وەرگیرانیان بۆ چاپ، چی یان لێ بەسەرهاتووە و ئێستا لای کێ پاریزراون. نوسخەکان بریتین لە:

١– نوسخەی ئەحمەد بەگی تەوفیق بەگ (ساڵی ١٢٣٥ یا ١٢٤٥) لە ئاوایی کەیمنەی هەورامان نووسراوەتەوە و بنەمای چاپی کاکە حەمەی مەلا کەریم بووە.[٢١]

٢– نوسخەی "هاونیشتمانییەکی دارتاش" کە "کاکەی فەلاح"ی رەحمەتی داویەتی بە کاکە حەمەی مەلا کەریم و پاشانیش ناردوویەتی بۆ "مورادی ئەورەنگ" و چاپەکەی ئەورەنگ بەگشتی لەسەر بناغەی ئەم نوسخەیە دانراوە. نوسخەکە لە ساڵی ١٢٩٨ی کۆچی دا نووسراوەتەوە.[٢٢]

٣– نوسخەی "مەلا فەیزوڵلای کوردی موکری" خەڵکی گوندی "باخلووجە" کە مودەڕریسی مەدرەسەی "ئەحمەدییە"ی شاری "حەڵەب" بوو و دراوە بە مامۆستا "حوزنی موکوریانی" نوسخەکە "پێشەکی نەبووە، تا گەڕانەوەی شیرین لە بێستوونی گرتۆتە بەر و دوامینەکەشی ناتەواوبووە"[٢٣]



هەوارنامەی کتێب

٤- نوسخەیەک کە لە ساڵی ١٩٣٤ لە سلیمانی کەوتۆتە دەست حوزنی موکوریانی و خۆی گوتەنی: "لەنیوەدا نیوەچڵ بووە."(٢٤)

٥- نوسخەی "محمد امین کوری محمد کوری خدر" کە بۆ "تەوفیق رضا افندی" نووسراوەتەوە و "مەلا محسن هەورامی" لە ساڵی ١٩٤٣ لە بەغدا داویە بە حوزنی موکوریانی و "گەلێک لە لاپەڕەکانی کەم و کورتییان تێدا بووە."(٢٥)

٦- نوسخەیەک کە "مصطفی" ناوێک داویەتی بە مامۆستا حوزنی.(٢٦)

٧ و ٨ و ٩- سێ نوسخە کە "محمد صدیق صفی زادە-بۆرەکەیی" بردوونی بۆ "موردای ئەورەنگ"(٢٧)

١٠ و ١١- دوو نوسخەی کە "ئەورەنگ" دەڵێ لای مامۆستا سەید طاهیری هاشمی رەحمەتی و هەروەها کاک "برایمی ستوودە" بەرپرسی رادیۆی کوردی کرماشان بووە و ئەم داوای کردووە بۆی بنێرن، بەڵام بۆیان نەناردووە (٢٨)

بەداخەوە ئێمە نازانین ئەو دەستنووسانە وەک هەزارانی تر لە کەلەپووری ئەدەبی نووسراومان چییان لێ بەسەرهاتووە و تەنانەت ناشزانین ماون یان نا. هەلومەرجی نالەباری ناخۆی کوردستان و زەبروزەنگی داگیرکەرانی وولاتەکەمان دەرەتانی ئەوەشمان پێ نادەن شوێنیان بکەوین و بە هەواڵیان بزانین.

بەڵام ئەگەر دڵەتەپێی مان و نەمانی نوسخەی چیرۆکەکە، لە ناوخۆی وولات یەخەمان بەرنادا، بەلای کەمەوە دڵنیاین کە هەندێ نوسخەی ئەم داستانە لە کتێبخانەکانی وولاتانی دەرەوە پارێزراون. دوو دەستنووسی "خوسرەو و شیرین" و سێ دەستنووسی "شیرین و فەرهاد" وەک باسمان لێوە کردن ئێستا لە کتێبخانەی شاری بەرلین راگیراون و من دووری نازانم کتێبخانەی وولاتانی دیکەی ئەوروپا (سوێد، فەرانسە، رووسیا) و هەروەها ئەمریکا و هیند نوسخەگەلێکی تری چیرۆکەکەیان لێ راگیرابێ. شوێن کەوتن و دۆزینەوەشیان لە هەلومەرجی ئێستادا کە هەر قوژبنێکی ئەم جیهانە بۆتە داڵدە و پەنای کوردی بازرەی دوورووڵات، کارێکی زەحمەت نییە و تەنیا هیممەتێکی کوردانەی گەرەکە.

بە شوێنی نوسخەی دەس نووسی ئەم چیرۆکەدا، من کتێبخانەی بریتانیا،(٢٩) کتێبخانەی کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیایی لەندەن،(٣٠) کتێبخانەی مەڵبەندی لێکۆڵینەوەکانی رۆژهەڵات و ئەفریقا (لەندەن)،(٣١) کتێبخانەی بودلیان (ئاکسفۆرد)،(٣٢) و کتێبخانەی "زانستگەی کەمبریج"م،(٣٣) پشکنیوە.

بەداخەوە، لە سەرجەمی ئەو پێنج کتێبخانەیەی ئینگلستاندا، لە تاقە دەس نووسێک بەدەر هیچیان لێ نییە و ئەویش

نوسخەیەکە کە لە ساڵی ١٢٣١ی کۆچی دا نووسراوەتەوە واتە چوار (یا چاردە ساڵ)[٢٤] پێش نووسرانی نوسخەی بنەمای چاپی کاکە حەمەی مەلا کەریم.

دەس نووسەکە، یەک بووە لەو ٣٩٢ دەس نووسەی وا "کلۆدیۆس جیمز ریچ"ی[٣٥] ئینگلیسی لە ساڵی ١٨١٣ لە ئێرانەوە هێناونی و بە "مووزەخانەی بریتانیا"ی[٣٦] فرۆشتوون. بەم پێیە، دەس نووسەکە چوار ساڵێک پێش گەیشتنە لەندەنی نووسراوەتەوە.[٣٧]

بەداخەوە، نوسخەکە ناتەواوە و بەهۆی فەوتانی لاپەڕەکانی سەرەتایەوە، ناوی دانەرەکەی دیاری ناکرێ. هۆنەری چیرۆکەکەش، بە پێچەوانەی خانای قوبادی کە لە چەند شوێنی شیعرەکاندا ناوی خۆی هێناوە، هیچ ئاماژەیەکی بەناوی خۆی نەکردووە و ئەمەش تەگەرەیەکی تەواوی خستۆتەکاری لێکۆڵینەوە لەسەر ناوی هۆنەر و هەروەها هۆنراوەکە خۆی.[٣٨]

تەنانەت ناوی نووسەرەوەی نوسخەکەش روون نییە و ئەمیان بەهۆی نەریتێکی ناحەزی کۆمەڵگاکەمان کە کۆلکە خوێندەواری نەزانی رق لە دڵ، ناوی ئەو کەسانەی وا خۆشی نەویستوون بە ئاو لەسەر کتێبەکە شۆردۆتەوە و بەم کارە گڵاوە، هەموو ئەرک و زەحمەتی خزمەتکارانی راستەقینەی زانست و هونەری گەلەکەمانی لەناوبردووە. ناوی نووسەرەوەی ئەم نوسخەیەش هەر بەو دەردە چووە.

دوا لاپەڕەی دەس نووسەکە، رستەیەکی ناتەواوی فارسی پێوەیە، کە یارمەتیمان ئەدات بۆ زانینی ساڵی نووسینەوەی نوسخەکە:

"تمت شد کتاب خسرو و شیرین در روز شنبه دوم ماه...... له اجل اخوی ابراهیم مبارک باد... سنه ١٢٣٠١"

واتە دوایی هات بە کتێبی خوسرەو و شیرین لە رۆژی شەممەی دووهەمی مانگی (کوژاوەتەوە) دا بۆ برای گەورەم ابراهیم-پیرۆزی بێت. (لێرەدا دوور نییە ناوی نووسەری نوسخەکە بوو بێ کە ئەویش کوژاوەتەوە) ساڵی ١٢٣٠١ ئاشکرایە ئەبێ ١٢٣١ بێت و ئەم شێوە نووسینی ژمارەیە، لە دەس نووسی کۆنی کوردی و هەروەها فارسیش دا بیندراوە.

ناوی مانگی نووسینەوەی نوسخەکەش بەداخەوە کوژاوەتەوە بەڵام بە یارمەتی "تەقویمی تطبیقی ساڵانی کۆچی و زایینی" دەکرێ بزانین کە "رۆژی شەممەی دووهەمی مانگ" لە ساڵی ١٢٣١دا ئەبێ هی چ مانگێک بێت. مانگی "محرم"ی ساڵی ١٢٣١ بەرانبەر بووە لەگەڵ دیسامبەری ١٨١٥ و باقی مانگەکانی ئەو ساڵە کۆچییە کەوتوونەتە ١٨١٦ی زایینیەوە.

لە ساڵی ١٢٣١ی کۆچی دا، تەنیا دوو مانگی ربیع الاخر و رمضان بە رۆژی جومعە دەس پێ کراون واتە رۆژی یەکەمی ئەم دوو مانگە جومعە بووە و بەم پێ یە، ئەبێ رۆژی

دووهەمیشیان شەممە بوویێت. شەممەی دووهەمی ربیع الاخر بەرانبەر بووە لەگەڵ دووهەمی مارسی ١٨١٦ و شەممەی دووهەمی رەمەزان بەرانبەر بووە لەگەڵ ٢٧ی جولای هەر ئەو ساڵە زایینی یە. کەوابووە، نووسینەوەی نوسخەکە ئەبێ لە دووهەمی رەبیع الاخر یا دووهەمی مانگی رەمەزان دا کۆتایی پێ هاتبێت.(٣٩)

"کاتالۆگی دەس نووسە فارسی یەکان"ی کتێبخانەی بەریتانیا، هەندێ زانیاریمان لەسەر ئەم دەس نووسە، بەدەستەوە ئەدات:

- "١٥١ پەڕ، واتە ٣٠٢ لاپەڕەیە (FF.151).
- قەوارەی پەڕەکانی ٤×٦ ئینجە.
- هەر لاپەڕەی جێی ١٢ دێڕ [واتە ١٢ فەردشیعر] بۆتەوە.
- درێژایی دێڕەکان ٣١/٤ ئینچە.
- بە خەتی نەستەعلیقی شکستە نووسراوەتەوە.
- ناتەواوە و بەڕواڵەت لەبەر نوسخەیەکی ناتەواوی تر هەڵگیراوە.
- لە کتێبخانەی بریتانیا، بەم پێ ناسە: "MS. Add.7826" ئەناسرێ.(٤٠)

ئەو ناتەواوییانەی کاتالۆگەکە لێیان ئەدوێ بۆمان روون نابێتەوە مەگەر بەراوردی نوسخەکە بکرێ لەگەڵ نوسخە یا نوسخەگەلێکی ترا -بۆ نموونە، ئەو نوسخانەی کتێبخانەی بەرلین.

بەڵام ناتەواوییەکی بەرچاو لە نوسخەکەدا هەیە کە پێش ئەم بەراوردکارییەش هەستی پێ ئەکرێ ئەویش سەرەتای چیرۆکەکەیە. نوسخەکە بەم شیعرانە دەست پێ ئەکات:

گشت بە پەشێوحاڵ بە دڵ گرانی
پەنجەی دانەدڵ، دەستەزرانی
بشنۆ جە شیرین، ئەوشۆ تا بەرو
هەی کرد بە "شەودێز" بەیاد یاهو
جەسوب تا بە شام رانامونادی
طەی کرد مەنزڵان وادی بە وادی...

کە باسی سەفەری شیرینە بۆ مەدائین و هاتنی خوسرەوە بەرەو ئەرمەن تا ئەو جێیەی کە هەردووولا لەسەر ئاوی "بێستوون"(٤١) رووبەرووی یەک دەبنەوە.

بەم فەردانەش دوایی پێ دێت:

ئی دون دونیا ئینەکارشەن
هەردەمێ بارێ نە بازارشەن
هەردەمێ دوونێ ماوەرۆ نەکار
چەرخش مەگێڵۆ، ساتێ بەسەد بار
هزاران درود و هزاران سلام
زما بر محمد علیه السلام
هزاران درود و هزاران صفا
زما باد بر روضهء مصطفا [کذا]

بەداخەوە، دەس نووسەکە، هیچ جەشنە نیگار و رەسمێکی پێوە نییە.

ئەگەر بە پێوانەی خوسرەو و شیرینی خانا بی پێوین، ئەبێ بێینە سەر ئەو باوەڕەی کە ژمارەیەکی زۆر لە رووپەڕەکانی دەس نووسەکە فەوتاون چون دەقی خانا لە سەرەتای داستانەکەوە تا شوێنی رووبەڕووبوونەوەی خوسرەو و شیرین لە

هەواڵنامەی کتێب

بێستوون، نزیکەی ٦٢٠ فەردشیعرە.(٤٢)

بەڵام خاڵی سەرەکی لەم باسەدا ئەوەیە کە دەقی چیرۆکەکە جیاوازییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ دەقی خوسرەو و شیرینی خانای قوبادی و یەک لەم جیاوازییەناش کورت و موختەسەربوونیەتی.

دانەر لە گێڕانەوەی داستانەکەدا درێژدادڕی نەکردووە و ئەم دیاردەیە لە هەموو شوێنێکی کارەکەیا بەرچاو ئەکەوێ.

لەکاتێکا نوسخەی چاپکراوی کاکە حەمەی مەلا کەریم ٥٥٢٦ فەرد، نوسخەی ئەیرەنگ ٥٤٢٠ فەرد و دەقی فارسییەکەی "نیزامی گەنجەیی" تا ٦٥٠٠ فەرد لەقەڵەم دراوە، ژمارەی فەردەکانی ئەم نوسخەیە لە ٣٥٣ تێپەڕ ناکات.

دیارە بەشێک لەم کەمییە بەهۆی ناتەواوبوونی لاپەڕەکانی سەرەتای دەس نووسەکەوەیە،بەڵام وەک لە هەموو بەشێکی داستانەکەدا ئەبینرێ، دانەر بەگشتی سەر و بنی ڕووداوەکانی خێراتر پێک هێناوە و ئەم شێوە گێڕانەوە موختەسەرە، ئاشکرایە ئەبێ لەو بەشە فەوتاوانەش دا، ڕەچاو کرابێ.

بەراوردکردنێکی سەرپێی چیرۆکەکە لەگەڵ هۆنراوەی خانای قوبادی دا نیشان ئەدات کە لە دەس نووسەکەدا ئەم باسانە فەوتاون:

ستایشی خودا و پێغەمبەر، باسی لەدایک بوونی خوسرەوە، حیکایەت کردنی شاپور لەبابەت شیرینەوە بۆ خوسرەو، چوونی شاپوور بۆ ئەرمەن و کێشانی نیگاری خوسرەو بۆ شیرین، عاشق بوونی هەردوو بە یەکتر تا ڕۆیشتنی خوسرەو بەرەو ئەرمەن و هاتنی شیرین بۆ مەدائین. من لەسەر ئەو بڕوایەم کە بە لەبەرچاوگرتنی شێوەنووسینە موختەسەرەکەی دانەر، ئەم بەشە فەوتاوانە، ئەبێ نزیکەی ٢٠٠ تا ٢٥٠ فەردشیعریان گرتبێتە بەر و بەم حیسابە، دوور نییە دەس نووسکە دەوروبەری ١٢ لاپەڕە واتە ٦ پەڕی لێ فەوتابێ.

عینوان، واتە سەرباسەکان بە فارسی نووسراون و بە مەزننە، هەر ئەوانەن کە لە هۆنراوەکەی خانادا ئەبینرێن، جا بۆیە لام وایە ئەم دەقەش وەک ئەوی خانا ئەبێ تەرجەمەی شیعرەکەی نیزامی گەنجەیی بێت یا شاعیریش خۆی پەنجەی بۆ ئەم ڕاستییە ڕانەکێشا بێ.

خەتی نووسەرەوەی نوسخەکە ڕێک و پێکە و بەباشی ئەخوێندرێتەوە و لاپەڕەکان لە بەرگێکی قایم و جوان گیراون کە شیاوی بەرهەمێکی بایەخداری وابێت.

ئەمانەی تا ئێستا لێیان دواین، ڕواڵەت و شکڵی نوسخەکە بوون بەڵام ئەوەی گرینگ بێ، ناوەرۆکی شیعرەکان و شێوەی دەربڕین و باری هونەری و تەکنیکی شیعرەکانە. پاراوی زمانی هۆنەر لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و ڕادەی سەرکەوتوویی لە ڕاگەیاندنی پەیامەکانا و توانای هونەری لە بواری خولقاندنی چیرۆکی شیعری و پەیوەندگرتن لەگەڵ خوێنەر و بەکورتی بڵێین

تۆژینەوە لە لایەنی هونەری و زمانی کارەکە، گرینگترین بەشی لێکۆڵینەوەی ئەم شوێنەوارە بەنرخە پێک دێنن.

دەس نووسەکە ئەوا زیاد لە ١٨٠ ساڵە لە کتێبخانەکە هەڵترووکاوە و لە هەندێ بێگانەی کوردی نەزانی وەک ریچ و مینۆرسکی و ریۆ بەدەر کەس سەری لێ هەڵنەهێناوەتەوە. وەڵامی ئەم پرسیارە بابەتی یانە بە بێگانەکە هیچ، بە کوردی ناشارەزاش نادرێتەوە، ئەم کارە کوردێکی هۆگری ئەدەب و زمانی گۆرانی گەرەکە قۆڵی هیممەتی لێ هەڵماڵێ و بە یارمەتی نوسخەگەلێکی تر وەک نوسخەکانی بەرلین، روونی کاتەوە تا بزانرێ چیرۆکەکە دانراوی کام شاعیری کوردە و ئەم شاعیرەمان لە بەراوردا لەگەڵ خانای نەمر لە کام شوێن وەستاوە و کارەکەی تا چ رادەیەک لە لووتکەی خانا نزیک بۆتەوە.

من خۆم نە "خاناناس" و نە "گۆرانی" زانم، هیچ گەرەکیشم نییە خۆم تێکەڵاوی کارێک کەم کە لە رادەی توانی من، بەرزترە و بابەت بۆ لێکۆڵینەوەی لە بەردەستمدا نییە، بەڵام بۆ ئەوەی زانیارییەکم لەسەر کارەکە، بەدەستەوە دابێ و سەرەتای ئەم بەراوردکردنەم دامەزراندبێ، ئەوا نموونەیەک لە شیعری دەس نووسەکە، بەرانبەر بە دەقی دانراوی خانا دائەنێم و چاوەروانیش دەمێنم بەڵکوو زاتێکی بەرەکەت دار وەک "مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەریس" یا شارەزایەکی وەک "کاک محمد عەلی سلطانی کرماشانی" دەرفەتی ئەم کارە پیرۆزەیان بۆ برەخسێ و من خۆم ئامادەم بۆ ناردنی کۆپی و هەموو خزمەتێکی تریان.

لە باسی شیرین و خوسرەوی نیزامی گەنجەیی دا ئەگوترێ کە شاعیر لە دوو شوێنی چیرۆکەکەدا تەواو سەرکەوتووە و گۆی هونەری بردۆتەوە: یەکەم لە باسی مەلەکردنی شیرین لە کانیاوی بێستوون دا و دووهەم لە شانۆی ووت و وێژی خوسرەودا لەگەڵ فەرهاد. بەداخەوە نوسخە کوردییەک لە هیچ کام لەو دوو مەودایە و لە هیچ شوێنێکی دیکەش دا نەیتوانیوە بگاتە ئەو لوتکەیەکی وا نیزامی لێیە و بە رای من "خانای قوبادی"ش توانای نزیک بوونەوە لە نیزامی گەنجەیی نەبووە. بۆ پێک هێنانی مەیدانی داوەری، ئەوا شانۆی "مەلەکردنی شیرین لە ئاوی سەرچاوەی بێستوون"، وەک خۆی ئەخەمە بەچاوی خوێنەر. خوێندنەوەی شیعرەکە، یارمەتیمان ئەدات بۆ هەڵسەنگاندنی بارستایی هونەری شاعیر. هەروەها بۆ ئەوەی دەرەتانی بەراوردکردنمان هەبێت، هەمان شانۆ لە دەقی هۆنراوەی خانای قوبادی (چاپی ئەورەنگ) ئەخەمە پەراوێزەوە و لە ئاخری هەمووان دا شانۆکە لە زمان نیزامی گەنجەوی یەوە کە سەرچاوەی ئەم تەرجەمانەیە ئەگێرمەوە.

مەلە کردنی شیرین لە ئاوی سەرچاوەی بێستوون دا (دەقی دەس نووسەکە):

... یاوا بە چەمەند یەک مەرغوزارێ
چیم لالەزار، یەک چەشمەسارێ
خوەش ئاما بەدین نەونەمام نۆ
پەرێ ئاسایش ساتێ راحەت بۆ
پیابی، شەودێز وەردا بە چەڕا
خەرامان بەناز سەیران بە سارا
وەیانەی چەشمەی زولاڵ کەوسەر
ریگ مرواری چون دوڕڕ گەوهەر
خیزا پەری وار، رەخت کەندش نەوەر
تاج سیلسیلەی سەروین کەند جەسەر
لونگ فۆتە بەست، روو کەردنە شەتاو
تەمی چەشمە بەرد، چون سۆنەی سەرئاو
دەستەی کلافان، زونتار چین چین
تەبەق دانەئاو چون باڵ بۆرچین
چون بەط بۆرچین سۆنەی سەرئاوی
سەرسەبز شەنقار لاچین ئاوی
ژ سۆمای بەدەن، بەژن نەو نەهاڵ
نەخەتات خەت تەختەی مای خاڵ
شەعشەعەی شەفەق خورشید بێزنا
پەرویاڵ نوور خاوەر رێزنا
حۆر مەلایک مەندەن بە حەیران
پەری و جین و مەل ئاماش بە سەیران
شیرین بە شادی مەخشەڵ بە شەتاو
نەشوست و شۆ بێ چون سۆنەی سەرئاو
بشنۆ جە خوسرەو دڵدار دێرین
بریا قەرارش پەی دین شیرین...

لە دوابەشی وتارەکەدا ئاماژەیەک دەکەم بە ساڵی هۆنینەوەی چیرۆکەکە لەلایەن خانای قوبادی و مەلاوەڵەدخانی کەندۆڵەیی یەوە:

خانا، لە سەرەتای چیرۆکەکەدا بە راشکاوی دەڵێ:

تاریخ هیجرەت ختم المرسلین
موطیع دیوان شەرح شەرع دین
رۆی دووشەممە بی ذیحج الحرام
هەزار و پەنجا و یەکسەد، سێ تەمام(٤٤)

واتە خوسرەو و شیرینی خانای قوبادی لە ساڵی ١١٥٣دا هۆنراوەتەوە و ئەم تاریخەش لە زۆر سەرچاوەدا باڵی بۆ کشاوە.(٤٥)

لە لایەکی ترەوە، بابامەردوخ روحانی دانەری "مشاهیر کرد" لە باسی "مەلاوەڵەدخانی کەندۆڵەیی"دا ئەنووسێ:

"تاریخی هۆنینەوەی شیرین و فەرهاد[ی مەلا]، ساڵی ١١٥٠ی کۆچی مانگی یە وەک بۆ خۆی دەڵێ:

غەین وقاف و نون جەم کەروە حیساب
لێش مەبۆ رۆشەن چون قورص ئافتاب
غ+ق+ن=١١٥٠(٤٦)

بەم پێیە هەردوو دەقی خانا و مەلاوەڵەدخان هاوتەمەنن و تەنیا بە سێ ساڵ جیاوازییەوە هۆنراونەتەوە. مەلاوەڵەدخانیش پێشەنگی کارەکە بووە، بەڵام دەس نووسەکەی کتێبخانەی بریتانیا کەی نووسراوەتەوە؟ بەداخەوە هێشتا نازانین.

پەراوێزەکان

(١) زمانی پەهلەوی، وەک زمانی رەسمی ئێران لە پێش هێرشکاری عەرەبدا، ئەکرێ بە دوو بەشەوە:
ئـ- پەهلەوی ئەشکانی،

هەواڵنامەی کتێب

ب- پەهلەوی ساسانی.

(٢) فارسی دەری بە زمانی فارسی دوای هێرشکاری عەرەب ئەگوترێ.

(٣) لە زمانی فارسی دا چەند "شاهنامە" هەن کە ناودارترینیان هی فیردەوسی طوسی یە و بە شیعر هۆنراوەتەوە. شاهنامەی ئەبو مەنسووری پەخشانە و لە سالی ٣٤٣ی کۆچی بە ئەمری "ابو منصور محمد عبدالرزاق" لەلایەن چەند کەسێکەوە نووسراوە.

(٤) ابو عمرو کوڕی بحری بصری (١٦٠ تا ٢٥٥ی کۆچی) نووسەری "الاصنام".

(٥) ابو منصور عبدالملک کوڕی محمد نیشابوری نووسەری "یتیمە الدهر" کە لە سالی ٤٢٩ی کۆچی دا مردووە.

(٦) ابو جعفر محمد کوڕی جەریری طەبەری (٢٢٦ تا ٣١٠ی کۆچی) نووسەری "مێژووی طەبەری" و "تەفسیری طەبەری".

(٧) ابو القاسم فیردەوسی شاعیری ناوداری ئێرانی (٣٢٩ تا ٤١٦ی کۆچی). فیردەوسی، دوای "دەقیقی طوسی" دووهەم کەسە کە شاهنامەی بە شیعر هۆندۆتەوە.

(٨) ابو علی محمد کوڕی عبدالله وەزیری "منصوری کوڕی نوح سامانی" بووە و تاریخ طبری واتە "تاریخ الرسل والملوک"ی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر فارسی و لە سالی ٣٦٣دا مردووە.

(٩) بڕوانە: لغت نامە دهخدا، زیر نظر دکتر محمد معین و دکتر سید جعفر شهیدی، تهران، ١٣٤٨. مادە "خسرو پرویز". مثقال=٢,٥گرام.

(١٠) هانری بایندر، سفرنامە کردستان بین النهرین و ایران، ترجمە کرامت الله افسر، چاپ اول. انتشارات فرهنگسرا. تهران، ١٣٧٠، پەراوێزی ل. ٣٨٥.

(١١) زانیاریم لەسەر "خوسرەو و شیرین" لەم سەرچاوانەی خوارەوە بەدەست هێناوە:

ئـ- دکتر ذبیح الله صفا، تاریخ ادبیات ایران، جلد اول (خلاصە جلد اول و دوم)، تهران، امیر کبیر، ١٣٥٥، لل. ٣٥٤ و ٣٥٥.

ب- عبدالحمید آیتی، داستان خسرو وشیرین نظامی گنجوی، کتابهای جیبی، تهران، ١٣٧٠، ل. بیست و پێنج بەدواوە.

(١٣) ذبیح الله صفا، هەمان سەرچاوە.

(١٣) عبدالحمید آیتی، هەمان سەرچاوە.

(١٤) حوزنی موکوریانی، شیرین و فەرهاد بە کوردی، ئەشرەی دەنگی گێتی ی تازە، چاپخانە معارف، بەغدا، ١٣٤٦.

شیرین و فەرهادی چاپی مامۆستا حوزنی بەم فەردانە دەس پێ ئەکات:

ڕۆژگاران داد، ڕۆژگاران داد
ئاخمان پەی ویردەی ڕۆژگاران داد
پەی کەچی دەولەت کەفتەکاران داد
پەی بێ شەرتی شون شەهریاران داد
هەرچی ویەردەن مەبو بواچان
وێمان نەدیمان وەرینان واچان
هەرکەس نەشنەفتەن گۆش بدۆ وەرەنگ
فەرهاد چێشەش کەرد دایم چەنی سەنگ

(١٥) هەمان، ل. ١٧.

(١٦) خسرو و شیرین خانای قوبادی، ویراستەی م. اورنگ باهمکاری صفی زادە (بورەکەئی)، چاپ چهر، ؟، ١٣٤٨ هـ.

(١٧) شیرین و خوسرەو (شاکاری شاعیری ناوداری کورد-خانای قوبادی)، محەمەدی مەلا کەریم ساغی کردۆتەوە و فەرهەنگی بۆ ڕێک خستوە و پێشەکی بۆ نووسیوە، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

(١٨) بابامردوخ روحانی- شیوا، تاریخ مشاهیر کرد، ج ١، چاپ سروش، تهران، ١٣٦٤هـ، لاپەڕە ٢٢٩.

19- Kamal Fuad, kurdische Handschriften, weisbaden,1970

ناونیشانی دەس نووسەکانیش بریتین لە:

No.2, MS. OR. oct,1082, SB, Marburg/ Berlin.

No,20, MS. OR. oct,1165, SB, Marburg/ Berlin.

No.88, Petermann,11 N.13, Marburg/ Berlin.

No.89, Petermann,11 N.14, Marburg/ Berlin.

دەس نووسی ژمـــارە ٢٠ (1165) بەپێی ڕاگەیاندنی دوکتۆر کەمال فوئاد، بریتیە لە خوسرەو و شیرین و هەروەها فەرهاد و شیرینی ئەڵماس خان. فەرهاد و شیرینەکە بەم فەردە دەس پێ ئەکات:

یاران گۆش بدەن ئەدەور دێرین     دەستان خوسرەو، فەرهاد و شیرین

لە خوسرەو و شیرینەکەش، سێ فەردی یەکەم و فەردێکی تری لاپەرە 33a لە کتێبەکەی دوکتۆر فوئاد داهاتووە کە بەم چەشنەی خوارەوەیە:

زاول بە اسم الله اکبر
رحمن رحیم ڕەحمەت ڕەهبەر
کەریم کارساز، کاربەدەست ئاسان
شازادەی شەریف ڕەهبەر شناسان
سەرمەشق نەشئەی عاشقان پێش
دڵدار دێرین دەروێش دڵ ڕێش (1a)
گەنج خەزێنە م هەرچی ئەچەمەن
تەمام بدەی پێش هێمان هەر کەمەن (33a)

(٢٠) حدیقه سلطانی، تحقیق، تالیف و تصحیح محمد علی سلطانی، ج اول، تهران؟، ١٣٦٤، ل. ١٠٠.

(٢١) محمدی مەلا کەریم، هەمان سەرچاوە.

(٢٢) هەمان سەرچاوە.

(٢٣) حوزنی موکوریانی، پێشوو.

گوندی باخلووجە، کەوتۆتە لای باشووری بۆکان و باکووری سەقز و ڕۆژئاوای گوندی "شقۆیف". بەپێی نووسینی مامۆستا هەژار لە پێشەکی شەرەفنامە دا، بنەماڵەی حوزنی موکوریانی خەڵکی دێی "شقۆیف" بوون.

بڕوانە: شرف الدین بتلیسی، شەرەفنامە، هەژار کردوویە بە کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، نەجەف، ١٩٧٣، پێشەکی.

(٢٤) حوزنی موکوریانی، پێشوو.

(٢٥) هەمان سەرچاوە.

(٢٦) هەمان سەرچاوە.

(٢٧) م. اورنگ، پێشوو.

(٢٨) ئەورەنگ هەموو ئەو پێشەکییە ١٦ لاپەڕەییەی وا بۆ چاپی چیرۆکەکەی نووسیوە، ئەرخانی ڕێزگرتن لە "شا"ی ئێران کردووە و بە هەموو چەشنێک هەوڵی ئەوەی داوە بڵێ ئەم چیرۆکە، هەر فارسییە و شێوەی گۆرانیش لە زاراوەیەکی زمانی فارسی بەدەر هیچ نییە. من دوری نازانم مامۆستای کوردپەروەر سەید طاهیری هاشمی، ئاگاداری کەسایەتی ئەورەنگ و هەڵوێستە سیاسییەکەی بووبێت و هەر بەم هۆیەوە نوسخەی بەردەستی خۆی بۆ نەناردبێ.

(٢٩) کتێبخانەی بریتانیا-بەشی هیندوڕۆژهەلات (لەندەن)

THE BRITISH LIBRARY, INDIA AND ORIENTAL OFFICE COLLECTIONS.

(٣٠) کتێبخانەی کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیایی (لەندەن)

THE LIBRARY OF THE ROYAL ASIATIC SOCIETY.

(٣١) کتێبخانەی مەڵبەندی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەلات و ئەفریقا-سواس (لەندەن)

SCHOOL OF ORIENTAL AND AFRICAN STUDIES (S.O.A.S.).

(٣٢) کتێبخانەی بودلیان (ئاکسفۆرد)

BODLEIAN LIBRARY, OXFORD, ENGLAND.

(٣٣) کتێبخانەی زانستگەی کەمبریج (کەمبریج)

CAMBRIDGE UNIVERSITY LIBRARY, CAMBRIDGE, ENGLEAND.

(٣٤) کاکە حەمە، ساڵی نووسراوی نوسخەکەی

هەواڵنامەی کتێب

١٣٣٥ یا ١٣٤٥ نووسیوه.

(٣٥) CLAUDOUS JAMES RICH گەڕاڵ و بلیمەتی زمانزانی ئینگلیسی کە بۆ ماوەیەک بەرپرسی کۆمپانیای هیندی رۆژهەلات-لقی بەغدا بووە لەگەڵ ئەورەحمان پاشای باباندا دۆستایەتی پێکەوە ناوە و بەپێی بانگهێشتنی مەحموود پاشای بابان لە ساڵی ١٨٢٠دا سەفەری کوردستانی کردووە. سەفەرنامەکەی ریچ لەلایەن مامۆستا سەید تاهیری هاشمی و هەروەها لەلایەن کاک محەمەد حەمە باقی یەوە لە دەقی عەرەبییەوە وەرگەڕاوەتە سەر کوردی و دووهەمیان لە چاپ هاتۆتە دەرێ. بۆ شارەزایی لەسەر ریچ و گەشتەکەی، بڕوانە: کلۆدیوس جیمس ریچ، گەشتی ریچ بۆ کوردستان، محمد حەمە باقی لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی، تەوریز، ١٩٩٢.

ریچ لە یادداشتی رۆژی ١٩ی گەلاوێژی ١٨٣٠دا ئەنووسێ: دروێنەوانانی "قزلجە" بەدەم دروێنەوە "گۆرانی چیرۆکی شیرین و فەرهادیان بە شیعری کوردی ئەگوت". بڕوانە هەمان سەرچاوە.

(٣٦) کتێبخانەی بریتانیا، بەشێک بووە لە "مۆزەخانەی بریتانیا THE BRITISH MUSUEM" و هەر بە ناوی مووزەخانەکەوە ناسراوە.

(٣٧) بڕوانە "کاتالۆگی دەس نووسە فارسییەکانی مووزەخانەی بریتانیا"، بەرگی یەکەم، پێکهێنراوی چارلز ریۆ (CHARLES RIEU)لەندەن، ١٨٧٩. شایانی باسە کە بەشێکی زۆر لە کتێبخانە ئەورووپییەکان و یەک لەوان کتێبخانەی بریتانیا، هەموو دەس نووس یاخود کتێبێکی کوردی شێوەی گۆران بە فارسی دائەنێن و لەگەڵ بەرهەمە فارسییەکاندا فایلیان ئەکەن. ئەم نەریتە نابەجێیە، بەلای کەمەوە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە بۆتە باو و ئەوەندەی من بزانم سەرەتاکەی لە "چارلز ریۆ"وە سەری هەڵداوە کە بۆ ماوەیەک، بەرپرسی کتێبە رۆژهەلاتییەکان بووە لە مووزەخانەی بریتانیا.

(٣٨) ئەوەندەی سەرنجم دابێت، ناوی دانەرم بە رووپەڕەکانەوە نەدیتووە، بەلام کارەکە وردبوونەوەی زیاتری پێ دەوێ و دوور نییە دانەر ناوی خۆی لە چەند شوێنی شیعرەکانا گونجاندبێت.

(٣٩) بڕوانە: فەردیناندو وستنفلد و ادوارد ماهلر: تقویم تطبیقی هزارو پانصد ساله هجری قمری ومیلادی، بامقدمه و تجدید نظر از دکتر حکیم الدین قریشی، فرهنگسرای نیاوران، تهران، ١٩٨٢.

(٤٠) بڕوانە: CHARLES RIEU, CATALOGUE OF PERSIAN MANUSCRIPTS IN THE BRITISH MUSEUM, VOL.1, LONDON,1879.

(٤١) یا "چشمەی طاق بستان" (خانا، بڕوانە: محمد مەلا کەریم، پێشوو)

(٤٢) ئەورەنگ، پێشوو.

(٤٣) ئەوەش دەقی هەمان شانۆ لە زمانی خانای قوبادی یەوە. (شایانی باسە کە جیاوازییەکی کەم لەنێوان چاپی کاکە حەمە و ئەورەنگ دا ئەبیندرێ):

شیرین نیگاکەرد، دیش چەشمەساری
چون چەشمەی حەیات نەمەرغوزاری
ئاوش جە سافی مەدرەوشا جە دوور
خاستر جە چەشمەی "شرابا طهور"
شای تەبەرزەد راز، شۆخ سۆسەن بۆ
نەوخیزتەر جە توول نەونەمام نۆ
ئاما چون شاباز تۆڕ نەخجیردۆز
نەچەهار دەورش نگاکەرد بەسۆز
نەدی نەدەور ئەو چەشمەی ئەخضەر
بەدەهد فرسەخی، دیار البشر
چون جەگەردرا ئەوشای شیرین دەنگ
ئاینەی حوسنش گێلیابی جەرەنگ
تەن خەستە و هیلاک ئەوراگەی دووریی
چون گول غونچەی دەیم ئاوپێش زەرووریی
پیابی نەپشت شەودێز بەجەختێ
دەستەی رەشمەش بەست بەیەک درەختێ

هەزارنامەی کتێب

جەبەرگ بۆ مشک، شازادەی ئەرمەن
عوریان بی چون گوڵ پەروەردەی چەمەن
فۆتەی بوم ماوی زەڕتاو ڕەنگین
بەستش نەپای ناف پر عەتر مشکین
بە تەعجیل ئەو شۆخ ڕشتەی نیلاهی
وێنەی خورشیدشی نەبورج ماهی
وەختێ غەڵتیانە ئاودا شیرین
چون تاقم نەرووی سەنجاب ڕەنگین
پیچ حەڵقەی زوڵف سیای بۆ عەنبەر
پەخش کەرد بەئاودا چون دوود مەجمەر
نە دەستەی زوڵف مشکین نەئاودا
پەخش کەرد وێنەی هەور نەرووی ئافتاودا
گێسوان ئاوەرد نەرووی ئافتاودا
کێشاش وێنەی مار وەرووی ئەو ئاودا
ئاخر کە شیرین جەمین وێنەی جام
فریشتەش فەڕ بەخش نادرەی ئەییام
نە باغچەی حوسنش نە چەشمەساری
پەیدا کەرد بەی طەور مشکین وەهاری
بانوو نە چەشمەی ئاودا بمانۆ
چون سەرسەبز شۆخ هەر باڵ بشانۆ
هەرچەند کە وەسفش شیرەی قەندبێزەن
بکەرین مەوقووف، نۆبەی پەروێزەن!
....................
......................
بەتەنیا خوسرەو، دانای کەمەرلاڵ
ئاما بە نەز ئەو ئاو چەشمەی زولاڵ
جلەو هورکێشا، کەردش نەزارە
دیش نە چەشمەدا، یەک ماهپارە
بە سیلسیلەی زوڵف سیای بۆ عەبیر
کردن چەشمەی ئاو بە حەڵقەی زنجیر
ماوی پەڕەندێ زیبای هیندی باف
وێنەی سپی سۆڵ بەستەن نەرووی ناف
ماوەردش پەنجە نەرووی سونبوڵ دا
بەخشەن وەنەوشەش بەدەور گوڵ دا
چونکە ئەو گوڵ بووم شەکەرڕێزەی ڕاز
سونبول گرتەبی نەرگسش بەناز
نەدیش کە خوسرەو مەکەرۆ نیگاش
مەشغوولەن بەسەیر جە سەرتا وەپاش
سا وەختێ شیرین جەمین جام جام
بەراما چون خۆر نە هەور پڕتەم
دیش کە سوارێ ڕەعنای ڕۆسەم ڕەنگ
مەکەرۆ نیگاش مەدران وە بێ دەنگ
وێش وێنەی هومان ئەسپش تە زەروێ
نیشتەن نە رووی زین چون سەهی سەروێ
چارەش هەر ئێدبی بەدەستەی سونبوڵ
بپۆشۆ چۆگە کۆی خەرمان گوڵ
لەرزا چون سیماب نە چەشمەی ئاودا
پەخش کەرد وەنەوشەش بەرووی ئافتاودا
خوسرەو دیش ئەو شەخص شۆخ بۆ سونبوڵ
بە شاخ ڕێحان پۆشا دەستەی گوڵ
ڕەسم بێ شەرمی نەدی پاب وێش
جەوانمەردی کەرد، روو گێڵنا وێش
..................
....................
شەکەر لەب کە دیش غافڵەن پەروێز
پۆشا ڕەخت وشی نەپشت شەودیز
(ئەورەنگ، پێشوو، ل. ٥٦-٥٢)
ئەوەش دەقی هەمـــان شـــانۆ لە زمـــان "نیـــزامی

گەنجەیی"یەوە (بە فارسی) کە سەرچاوەی سەرەکی بووە بۆ هۆنراوە کوردییەکان:

غلامان را بفرمود ایستادن
ستوران را علف در برنهادن
تن تنها ز نزدیک غلامان
سوی آن چشمه سار آمد خرامان
طوافی زد در ان فیروزه گلشن
میان گلشن آبی دید روشن
زهر سوکرد بر عادت، نگاهی
نظر، ناگه در افتادش به ماهی
چو طاووسی عقابی باز بسته
تذروی بر لب کوثر نشسته
عروسی دید چون ماهی مهیا
که باشد جای آن مه بر ثریا
نەماە، آئینە، سیماب دادە
چو ماه نخشب از سیماب، زاده
در اب نیلگون چون گل نشسته
پرندی نیلگون تا ناف بسته
همه چشمه ز جسم ان گل اندام
گل بادام و درگل، مغز بادام
حواصل چون بود در آب چون رنگ
همان رونق در او از آب واز رنگ
زهر سوشاخ گیسو شانه میکرد
بنفشه بر سرگل دانه میکرد
اگر زلفش غلط میکرد کاری
که دارم در بن هرموی، ماری
نهان با شاه میگفت از بناگوش
که مولای تو ام با حلقه درگوش
چو گنجی بود گنجش کیمیا سنج
به بازی زلف او چون مار بر گنج
فسونگر ماررا نگرفته در مشت
گمان بردی که مارا فسای را کشت
کلید از دست بستانبان، فتاده
زبستان، نار پستان در گشاده
دلی کان ناز شیرین کار دیده
زحسرت گشته چون نار کفیده
بدان چشمه که جای مار گشته
عجب بین کافتاب از راه گشته
چو بر فرق آب می انداخت از دست
فلک برماه، مروارید می بست
تنش چون کوه برفین تاب می داد
زحسرت، شاەرا بر قاب می داد
شەاز دیدار آن بلور دلکش
شده خورشید، یعنی دل بر اتش
چولختی دید، از آن دیدن خطر دید
که بیش آشفته شد تا بیشتر دید
گیارا زیر نعل آهسته می سفت
در ان آهستگی، آهستەی می گفت
گر این بت جای من بودی، چه بودی؟
وراین اسب آن من بودی، چه بودی؟
نبود آگه که آن شبرنگ و آن ماه
به برج اوفرو آیند ناگاه
بسا معشوق کاید مست بر در
سبل در دیده باشد، خواب در سر
بسا دولت که آید در گذرگاه
چومرد آگەنباشد، گم کند راه
سمنبر غافل از نظاره، شاه

هەوالنامەی کتێب

که سنبل بسته بد بر نرگسش راه

چوماه آمد برون از ابرمشکین

به شاهنشه در امد چشم شیرین

همائی دید بر پشت تذ روی

به بالای خدنگی رسته سروی

زشرم چشم او در چشمه، آب

همی لرزید چون در چشمه، مهتاب

جزاین چاره ندید آن چشمه، قند

که گیسورا چوشب برمه پراگند

عبیر افشاند برماه شب افروز

به شب خورشید می پوشید در روز

سوادی برتن سیمین زد از بیم

چه خوش باشد سواد نقش، برسیم

دل خسرو بر آن تابنده مهتاب

چنان چون زر در آمیزد به سیماب

دلی چون دید کز شیرشکاری

بههم درشد گوزن مرغزاری

زبون گیری نکرد ان شیر نخجیر

که نبود شیر صید افگن، زبون گیر

به صبری کاورد فرهنگ در هوش

نشاند ان اتش جوشنده را جوش

جوانمردی، خوشامدرا ادب کرد

نظرگاهش دگر جائی طلب کرد

بگرد چشمه، دل را دانه می کاشت

نظر، جای دگر بیگانه میداشت

دوگل بین کز دو چشمه، خار چیدند

دوتشنه کز دو آب، آزار دیدند

هم آن را روز اول چشمه زدراه

هم این از چشمهای افتاد در چاه

به سر چشمه گشاید هرکسی رخت

به چشمه، نرم گردد توشهی سخت

جز ایشان را که رخت از چشمه بردند

زنرمیها به سختی ها سپردند

نبینی چشمهیی کز آتش دل

ندارد تشنهیی را پای در گل

نه خورشید جهان کاین چشمه، خون

بدین کار است گردان گرد گردون

چوشەمی کرد مەرا پردەداری

که خاتون برد نتوان، بی عماری

برون آمد پریرخ چون پری تیز

قبا پوشید وشد بر پشت شبدیز

(وەرگیراو لە:

نظامی گنجوی، خسرو و شیرین، بکوشش حسین پژمان بختیاری، ابن سینا، تهران، ١٣٤٣، ص ص ٥٩ تا ٦٣)

(٤٤) ئەورەنگ، پێشوو.

(٤٥) محمدی مەلا کەریم، پێشوو.

هەروەها محمد علی سلطانی، پێشوو.

(٤٦) بابامردوخ روحانی، پێشوو.

تێبینی: هەرچەندە گۆڤاری "ڕووناکبیری" هەوڵ دەدا، بۆ ئەو نووسیسانەی بلاویان دەکاتەوە، سوود لەو ڕێنووسەی، کە بەری هەوڵی ڕەنجی زانایانی پێشینەی کوردی کوردستانی خواروو و دواتریش هی کۆڕی زانیاری کوردە، وەربگرێ. بەلام لەبەرئەوەی تائێستە ئەمەمان ڕانەگەیاندووە و لەسەر داوای کاک "ئەنوەر سولتانی" خۆی، ئەم وتارەیمان بێ دەسکاری بلاوکردەوە. دەمانەوێ ئەوە بلێین، لەمەودوا لە گۆڤارەکەماندا هەوڵ دەدەین وتارەکان بەیەک شێوە ڕێنووس بنووسین.

ڕووناکبیری

هەوڵنامەی کتێب

# ئا. د. ژابا و کوردناسی*

نووسینی: ژ. س. موسایلیان

وەرگێڕانی: شیروان مەحموود محەمەد

لە ریزی ئەو کوردناسانەی رووسیای سەدەی نۆزدەمیندا، کە زانستی رۆژهەڵاتناسییان شکۆمەند کردووە، ئاڤگوست دیمێنتیفیچ ژابا جێگایەکی دیار و شایستەی گرتووە و، بەهەق دەتوانین بە کەڵەمامۆستایەکی بواری کوردناسی وڵاتەکامانی بژمێرین. هەرچەندە بەشدارییەکەی لە کوردناسیدا زۆر پڕ بایەخ بووە، بەڵام بەداخەوە چالاکی ئەو زانایە بە شێوەیەکی پێویست و فراوان لە دانراوە زانستییەکاندا رەنگینەداوەتەوە.(۱)

دیپلۆماسییەکی بەرچاو، زانایەکی بیرتیژ و گەشەدار، کۆکەرەوەیەکی کۆڵنەدەری دەستنووسە کوردییەکان، دانەری یەکەمین فەرهەنگی کوردی لە رووسیادا –ئەمانەن قۆناغە سەرەکییەکانی چالاکی و ژیانی ئەو مرۆڤە دەگمەن و لێهاتووە.

ئا. د. ژابا رۆژی ۱٥ی ئابی ۱۸۰۱ لە شاری ڤیلنو (ڤێلنووسی ئێستا) و لە خێزانێکی سەر بە شازادەکانی پۆڵۆنیادا لەدایک بووە.(۲) لە ئایاری ۱۸۲٤دا و، پاش تەواوکردنی زانکۆی ڤێلنووس، بە پلەی یاریدەدەری وەرگێڕ لە بەڕێوەبەرایەتیی رێگاکانی هاتوچۆی سەر بە وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە پیتربورگ دادەمەزرێت. بەڵام هەر زوو تێدەگات کە ئەم شوێنە مەودایەکی فراوانی ئەوتۆ لەبەردەم وزە و چالاکی ئەمدا ئاوەڵا ناکات، بۆیە لە نیسانی ۱۸۲٥دا داوا دەکات لەسەر ئەم کارە لایبەرن. لەو قەباڵەی کارەدا کە بە کۆتایی نیشەکەی لەم شوێنەدا دراوە پێی، هاتووە: "لەماوەی خزمەتگوزارییدا رێکوپێک و بە ویژدانانە رەفتاری کردووە و، ئەرکەکانی سەرشانی دڵسۆزانە و کارامانە ئەنجامداوە."(۳) بەڕێوەبەری گشتی، لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا، فەرمان دەردەکات کە لەگەڵ پێنج قوتابی دیکەدا لە خوێندنگای زمانە رۆژهەڵاتییەکانی سەر بەو وەزارەتە وەربگیرێ،

مەواڵنامەی کتێب

که ماوەیەکی کەم بەر لەمە، لە ساڵی ۱۸۲۳دا کرابووەوە و ئەرکی پێگەیاندنی کادیرانی دیبلۆماسی بۆ کارکردن لە وڵاتانی رۆژهەڵاتدا، خرابووە ئەستۆی.

بەهرەی ئا.د. ژابا و بەئاسانی فێربونی زمانە رۆژهەڵاتیەکان، خێرا سەرنجی کاربەدەستانی بۆ لای خۆی راکێشا و هەر لە نیسانی ۱۸۲۸دا بە پلەی وەرگێڕ لە دەستەی دەوڵەتی سەر بە وەزارەتی دەرەوەدا دادەمەزرێت. لە ینایری ۱۸۳۰دا دەکرێتە وەرگێڕ لەلای یاریدەدەری کونسوڵ لە (یافا) و، دوو ساڵ پاشتریش دەکرێتە وەرگێڕی کۆنسول لە سالۆنیکا. لە ئوکتوبەری ۱۸۳۵دا دەگوێزرێتەوە بۆ سمیرنا وەک وەرگێڕی کونسولی گشتی و، پاش سێ ساڵ نازناوی یەکەمین وەرگێڕی دەدرێتی.

رووداوەکانی رۆژهەڵات بوونی کاربەدەستێکی رووسیان لە ئەرزرۆم کردبووە کارێکی پێویست، چالاکیی ژاباش لەم کاتەدا هێندە سەرکەوتوانە بوو کە وایکرد لە ئایاری ۱۸٤۸دا بە پلەی سەخت و بەرپرسیارانەی کۆنسوڵ لەو شارەدا دابمەزرێت و پایەی کارگوزارێتیشی بۆ راوێژگاری دەستەی دەوڵەتی بەرزبکرێتەوە.

ژابا لە ریزەکانی سوپای رووسیادا بەشدارییەکی چالاکانەی لە شەڕی قرمی ساڵانی ۱۸۵۳–۱۸۵٦دا کرد و، بە فەرمانی وەزارەتی دەرەوە بۆ ئیشکردن لەتەک جەنەراڵ لیوتینانت شازادە بیبوتوف دا دەستنیشان دەکرێ. لە نۆڤەمبەری ۱۸۵۳دا بە فەرمانگوزاری دەنێردرێتە ئەو هێزە سوپاییەی رەوانەی سنووری هاوبەشی قەفقاس-تورکیا کرابوو. لە ژونیەی ۱۸۵٤یشدا کاتێک هێرش دەستی پێکرد و سوپای رووسیا بە رەو گوندی میشکۆی سەر سنوو جما، ژابا لەناو ئەو هێزەدا بوو کە بە "سوپای ئەلیکساندەر پولسکی" دەناسرا و، لە هێرش بردنە سەر گوندی قزل جەخچوک و، پەڕینەوە لە رووباری قەرخانچی و، لە گوندی جاموشلو و، لە و تەقە و پێکدادانەدا کە لەگەڵ هێزی سوارەی تورکدا روویدا، بەشداری کرد.

لە هێرش بردنە سەر گوندی قزل جەخچوکدا کە لەژێر فەرماندەرێتی جەنەراڵ-لیوتینانت شازادە بەریاتینسکیدا ئەنجامدرا، ئەو هێزەی ژابای تێدا بوو، پاش پەڕینەوەی پڕ لە مەترسیی رووباری قارس چایدا لەژێر ئاگری دوژمندا، بەشداری لە شەڕێکدا دژی هێزی سوارەی تورکیا کرد و، لە گەرمەی شەڕی گوندەکەی کوردک دار دا، ژابا توانی شازادە دوندوکوف-کەرساکوف لە مەرگ رزگاربکات.

بەدرێژایی مانگی ئایاری ۱۸۵۵ ژابا لە سەربازگەی ڤلایکارسدا دەبێت، کە ئەو کاتە لەژێر سەرکردایەتی جەنەراڵ ئەدیوتانت موراڤیوڤی فەرماندەی ناوچەی قەفقاسدا بوو. هەروەها لەو هێزەشدا بوو کە لەژێر فەرماندەی دوندوکوف-کورساکوفدا لەسەر

رووباری ئەراکس کەوتە شەڕەوە و، پاشان شاری حەسەن قزڵییان داگیرکرد و هێرشیان بردە سەر شاری قارس.

لە ئایاری ١٨٥٦دا و پاش راگەیاندنی ئاشتی، ئا. د. ژابا سەرلەنوێ دەکرێتەوە کونسوڵ لە ئەرزرۆم و پلەی راوێژکاری دەوڵەتی پێدەدرێ و، لەم ساڵەدا ئەو مەدالیا برۆنزییەی پێ خەڵات دەکرێ کە بە بۆنەی شەڕی قرمەوە بۆی دانرابوو. هەر لە ساڵی ١٨٥٦دا دەبێت کە ب. دۆرنی ئەکادیمی پێشنیاری ئەوە بۆ ژابا دەکات سوود لەو هەلە رەخساوە وەرگرێت و خەریکی کۆکردنەوە و لێتوێژینەوەی سەرچاوەکانی زاراوەی کرمانجی بێت، بەتایبەتی کە بواری کوردناسی لەو کاتەدا تازە لە رووسیادا سەریهەڵدابوو، ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدابوون تەنیا مۆرکێکی وەسفکارانەیان گرتبووە خۆ، بۆیە لەپاڵ کەڵەکەکردنی ئەم سەرچاوانە و کۆکردنەوەی زانیاری لەمەڕ کوردان هەوڵی ئەوە دەدرا کە چەندین کێشەی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد بخرێتە بەر رۆشنایی لێکۆڵینەوەی زانستییانە. لە سەرەتادا هەر دەمەتەقێ و راوێژ لەسەر ئەم کارانە دەکرا، بەڵام وردە وردە لە رووی چەندەوە زیادیان دەکرد و مەودای بابەتەکانیان فراوانتر دەبوو (نووسینەکانی پ. ی. لێرخ و، ب. دۆرن بڵاوبوونەوە).

مانەوەی دووروودرێژی ژابا لە کوردستاندا دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخساند کە زمانی کوردان بە چاکی فێر بێت و لەنزیکەوە شارەزای ژیان و ژینگەیان بێت و، هەموو کاتی بێکاریی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی بابەتەکانی زمان و ئەدەب و مێژووی گەلی کورد تەرخان کرد بوو و دەستی لەم چالاکییەی تا دوا رۆژەکانی ژیانی هەڵنەگرت.

ژابا لەکاتی مانەوەیدا لە ئەرزرۆم توانی پەیوەندییەکی بەردەوام لەگەڵ کەسانێکی بە رەچەڵەک کورددا ببەستێت و، ئەمانەش بۆ نموونە زانای کورد مەلا مەحمودی بایەزیدی، یارمەتییەکی زۆریان دا. ئەو زانایە شارەزاییەکی فراوانی لە زمان و ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکیدا هەبوو، لە سەرەتادا لە بایەزیدی شاری خۆیدا و دواتریش لە بتلیس خوێندبووی، کاتێکیش گەرایەوە بایەزید بووە بەڕێوەبەری قوتابخانە و، لەناو هاوولاتیانی خۆیدا ناوبانگ و رێزێکی زۆری پەیداکرد. لەگەڵ کەوتن و لاچوونی دوا نوێنەری کوردەکان لە بایەزید دا ئەمیش دەگەڕێتەوە ئەرزرۆم.

مەلا مەحمودی بایەزیدی مامۆستایەکی لێهاتووی ژابا و، یاریدەدەرێکی شێلگیرانەی بوو لە کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکاندا، هەروەک چۆن سپینووسی چەندین دانراوە و، وەرگێڕ و دانەری چەندین بەرهەمی دی بوو. ژابا لەپاڵ ئەمیشدا چەندین یاریدەدەری دیکەشی هەبووە کە دواتر باسیان دەکەین.

له کۆتایی ساڵی ١٨٥٦دا ژابا، لەپاڵ ئەو پەند وبالۆرە تورکییانەدا کە وەریگێڕابوونە سەر زمانی کوردی، چەند بەشێکی پۆیەمای "ئەسکەندەرنامە"ی نیزامی بۆ ئەکادیمیای ئیمپراتۆری زانستەکان دەنێرێ. لە نامەیەکیدا، کە لە ٢٥ی مارتی ١٨٥٧دا بۆ ب. ئا. دۆرنی نووسیوە، دەڵێت: "من بەڕادەیەکی ئەوتۆ زمانی کوردیم خوێندووە و فێری بووم کە بتوانم خۆم خەریکی کارکردن و وەرگێڕان بم"(٤) لە کۆتایی ١٨٥٧دا ناوەرۆکی بە پەخشان داڕێژراوی پۆیەماکەی "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی دەنێرێت و، لە سەرەتای ١٨٥٩شدا: فەرهەنگی گۆڤەری هەکاری و راوەندی (نزیکەی ١١٠٠ وشەیە)، دەستنووسی فەرهەنگێکی گفتوگۆی کوردی-فەرەنسی لە دانانی خۆی (کە نزیکەی ٣٣٠٠ رستەی گفتوگۆی تێدایە و لە زاری کوردەکانی ئەرزرۆمەوە نوویسویەتییەوە)، زانیاری سەبارەت عەشرەتە کوردەکانی سەرووی خۆرئاوا و، کورتە زانیارییەک دەربارەی حەوت شاعیری کورد و، رێزمانە عەرەبی-فارسی-کوردییەکەی عەلی تەرەماخی (کە نووسەرێکی سەدەی یازدەمین بووە) لەگەڵ پێشەکییەکی مەلا مەحمودی بایەزیدی یدا، دەنێرێت. ئەم دەسنووسانە دەخرێنە مۆزەخانەی ئاسیایی -کە یەکێکە لە گرنگترین مەڵبەندەکانی رۆژهەڵاتناسیی رووسیا.

لەو نامانەی ژاباوە، کە دەینارد نە پیتربورگ، بۆمان دەردەکەوێت کە دۆزینەوە و پەیداکردنی ئەو دەستنووسانە چ ماندووبوون و وزەیەکی داهێنەرانە و، جاروبارێش، نواندنی لێهاتوویی دیبلۆماسییانەی لێ خواستووە تا بگاتە ئەنجام. بۆ نموونە، لە نامەیەکیدا بۆ دۆرن، لە ١٧ی ژوئنیەی ١٨٥٨دا، بەم شێوەیەی خوارەوە باسی ئەوە دەکات چۆن دەستنووسی رێزمانەکەی عەلی تەرەماخیی دەسگیربووە و دەڵێت: "رێگام بدەن، قوربان، کە سەرنجتان بۆ ئەو نامیلکە گچکەیە راکێشم کە تازە بۆم ناردوویت، واتە سێیەمین رەوانەکراوی من، کە پێشەکی رێزمانە کوردییەکەی عەلی تەرەماخییە و، کورتە باسێکی ژیانی ئەم نووسەرەشی تێدایە. من وەرمگێڕایە سەر زمانی فەرەنسی و، لە کۆتاییشدا چەند سەرنجێکم تۆمارکرد بە نیازی لێتۆژینەوەی ئەو پێشەکییە. خاوەنی رێزمانەکەی عەلی تەرەماخی مەلایەکی پیر بوو، کە نەیدەویست ئەو دەستنووسە پڕ بایەخە وازلێبێنێ. بەڵام لەئاکامدا بە دیارییەک رازیم کرد، رێگای ئەوەی دام کۆپییەکی لەبەر بگرمەوە، کە ئێستا کاری لەسەر دەکرێت و، هەر کە تەواوبوو، لەگەڵ دوو دەستنووسی دیکەدا، کە ئێستا لامن، رەوانەی ئەکادیمیای دەکەم."(٥) زۆری پێناچێ ژابا دەستنووسی رێزمانەکە دەنێرێتە پیتربورگ و، ب. ئا. دۆرن یش پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکات کە هەر خۆیشی وەریگێڕێتە

سەر زمانی رووسی. لە وەڵامدا ژابا بۆی دەنووسێ: "ئێوە پێشنیاری ئەوەتان کردووە کە خەریکی وەرگێڕانی رێزمانەکەی عەلی تەرەماخی بم، من خۆیشم هەر هەمان نیازم هەیە، بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم کە تەرەماخی سیستەمێکی ئاڵۆزی رێزمانە رۆژهەڵاتییەکانی گرتۆتە بەر و بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو مێتودەدا یەک ناکەوێتەوە کە لەناو رۆژهەڵاتناساندا دانی پێدانراوە. بەڕای من وەرگێڕانی کارێکی زیادە دەبێت، بۆیە من هەر دەقەکەیم بۆ ناردی (بێ هیچ وەرگێڕانێک)... ئەویش وەک شتێکی سەرنجڕاکێش... تەرەماخی زمان دەکات بە سێ بەشەوە: ناو (مویتەدا)، کردار، راناو. هەروەها سێ جۆر کات جیادەکاتەوە: ئێستا، رابردوو، داهاتوو. پاشان دەکەوێتە بەشکردن و لق و پۆپ لێکردنەوەی ئەو سێ بەش و سێ کاتەی زمان و دەکەوێتە گێژاوێکی سەیرەوە. لێکۆڵینەوەی ئەو رێزمانە زۆر سەختە و بواری ئەوە نادات مرۆ هیچی لێهەڵکرێنێت. بۆ لێتێگەیشتنی پشکنین و لێوردبوونەوەیەکی دووروودرێژی دەوێ ئەو مەلایەی خاوەنی دەستنووسەکە بوو ئێستا لە هەکارییە، هیوادارم کە بگەڕێتەوە ئەرزرۆم و ئەو ساتە تکای لێدەکەم ئەو کارە ئەنجام بدات و منیش هەوڵدەدەم، سەرباری هەموو سەختییەکی ئەو ئیشەش، وەرگێڕانەکەی رابپەڕێنم."(٦) بەداخەوە ئەم نیازەی ژابا هەروا مایەوە و نەهاتەدی. رەنگە ئەو بەڵایەی بەسەریهات و لە ئاکامی بوومەلەرزەیەکی بەهێزدا کە لە ئەرزرۆمی دا زۆر پارە و شتومەکی تێداچوو هۆیەکی ئەو بە ئەنجام نەگەیاندنە بووبێت. بەهەرحاڵ، لە ئابی ١٨٥٩دا وەزارەتی دەرەوە پارەتییەکی ١٠٠٠ رۆبڵی داوەتێ بۆ بژاردنەوەی بەشێک لەو زیانانەی بەری کەوتبوون.(٧)

ژابا بەردەوام دەبێت لە کاری خۆیدا و ٤٠ چیرۆک سەبارەت ژیانی کوردان کۆدەکاتەوە و رەوانەی ئەکادیمیای ئیمپراتۆری زانستەکانی دەکات (دەقی چیرۆکەکان بە زمانی کوردین و، ژابا خۆی بە پیتی لاتینی نووسیونێتەوە و وەریگێڕاونەتە سەر زمانی فەرەنسی.) لە مارتی ١٨٥٩دا دەنووسێ: "بە درێژەپێدانی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی هەنگاو بە هەنگاو توانیم، ئەگەرچی هەروا بە ئاسانیش نا، کۆمەڵێک چیرۆک لە زاری کوردی ناوچە جیاجیاکانی موش و، بەدلیس و، وان و، بایەزید و، قارس و، ئەرزرۆم و، ئەرزنجانەوە کۆبکەمەوە."(٨) بەشی مێژوو-زمانەوانی سەر بە ئەکادیمیای ئیمپراتۆری زانستەکان لیژنەیەکی تایبەتی پێکەوەنا بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کارەکانی ژابا و، لیژنەکە بڕیاری دا کە تەنیا دەقەکان و وەرگێڕاوەکانیان چاپ بکا، بێ نووسینەوەیان بە پیتی لاتینی، بەو پێیەی کە شێوازی ئەو نووسینەوەیەی زۆر لا رێکوپێک نەبوو.(٩) هەروەها وەگێڕانی ئەو دەقانە بۆ زمانی فەرەنسی بە کارێکی سەرکەوتووانە

دانرا، کە کتومت بیر و مەبەستی دەقە کوردییەکانی دەگەیاندە خوێنەر. بڵاوکردنەوەی ئەم کارانە سپێردرا بە پ. ی. لێرخ، وەک چاکترین شارەزای زمانی کوردی و، ئەوە بوو لە ساڵی ١٨٦٠دا ئەو دەقانە، لەگەڵ وەرگێڕدراوە فەرەنسییەکانیان، بە سەرپەرشتی لێرخ بڵاوکرانەوە.(١٠) پێش ئەمەش وتارەکەی ژابا، لەمەڕ عەشرەتە کوردەکان و چەند زانیاریەک سەبارەت شاعیرانی کورد، کە تا ئێستاش لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا سوودیان لێوەردەگیرێت، بڵاوکرایەوە.

هێندەی نەبرد کە ئەم دەقانەی ژابا سەرنجی ئێرانناسانیان بۆ لای خۆیان راکێشا، چ لە ڕووی زمانەوانییەوە بێ و، چ لە ڕووی ئێتنۆگرافیا و مێژووەوە. بەتایبەتیش زانا ئینگلیزەکان بایەخێکی زۆریان پێدا و، بگرە مۆزەخانەی بەریتانیا ئەرکی پەیداکردنی دەستنووسە کوردییەکان و کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت کوردانی سپاردە تایلوری ژۆژهەلاتناسی بەناویانگ، کە ئەوکاتە کۆنسوڵی بەریتانیا بوو لە کوردستان.(١١)

لەم قۆناغەدا دەبێ کە ژابا دەست دەکات بە دانانی فەرهەنگێکی کوردی و، ساڵی ١٨٦٥، یەکەمین بەشی فەرهەنگە فەرەنسی-رووسی- کوردییەکەی دەنێرێ بۆ ئەکادیمیای ئیمپراتۆری. فەرهەنگەکە بریتی بوو لە ٧٢١ لاپەڕە (هەر لاپەڕەی ١٨ دێڕ) و، ١٥٠٠٠ وشەی گرتبووە خۆی، بەڵام بەرانبەرێکی کوردیی پێویست بۆ گشت ئەم وشانە دانەنرابوو. زۆر لە وشە کوردییەکانی دووبارە دەبوونەوە، چونکە زۆرجار هەمان وشە بەرامبەر هاومانا فەرەنسییە جیاجیاکان دادەنرایەوە. ژابا لە پێشەکی فەرهەنگەکەیدا نووسیویەتی: "رەنگە هەندێ کەس شێوەی نووسینەوەی وشەکانیان، بە پیتی لاتینی، بە دڵ نەبێ، بەڵام بەو پێیەی ئەم کارە ئاراستەی رۆژهەڵاتناسان کراوە، ئەوا ئەوان دەتوانن، تەنیا بە پشت بەستن بە خودی دەقەکان، وشە کرمانجییەکان بخوێننەوە، هەرچی نووسینەوەشیانە بە پیتی لاتینی، تاکە مەبەستەکەی یارمەتیدانی ئەو کەسانەیە کە لە سەرەتای فێربوونی ئەو زمانەدان."(١٢) ژابا لە نامەیەکیدا بۆ (دۆرن) هیوای ئەوەی دەربڕیوە کە کارەکەی "بەرادەیەکی وا کامڵ بێتە بەرچاو، کە یەکسەر مایەی رەزامەندی بێت و رێگای چاپکردنی بدرێت."(١٣) ئەو هێندە لەوە دەترسا کە گۆڕین و دەستێوەردان لە فەرهەنگەکەیدا بکەن تا وای لێهات لە نامەیەکیدا، بە بەرواری ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٨٦٥، بۆ کاربەدەستانی چاپخانەکە داوایان لێبکات رێگای کورەکەی بدەن، کە ئەوکاتە لە زانکۆی پیترزبورگ دەیخوێند، ئەو خەریکی راستکردنەوەی هەڵەکان بێت.(١٤)

ن.ی. فیسیلۆفسکی، سکرتێری ئەوکاتەی ئەکادیمیای ئیمپراتوری، زانایان دۆرن، ڤیلیامینەف زیرنوف، لیرخ رادەسپێری کە بە

فەرهەنگەکەی ژابادا بچنەوە. لە دیسامبەری ١٨٦٦دا لێرخ دەنووسێ: "دانەری کارامەی ئەم فەرهەنگە ژمارەیەکی ئەوتۆی وشەی کوردی کۆکردۆتەوە، کە ژمارەی ئەو وشانەی دەیانزانین، بەلای کەمەوە، نیو هێندەی تریان دەچێتە سەر، گەر نەڵێم زیاتریش."(١٥)

بەڕای لێرخ یەکێک لەلایەنە چاکەکانی ئەم فەرهەنگە ئەوەیە کە زاراوەکانی پەیوەندی خزمایەتی و خێزانێتی و، ناوی ئاژەڵانی گرتۆتە خۆ. "بەڵام لەکاتی نووسینەوەی وشە کوردییەکاندا بە پیتی لاتینی دانەر ئەو وردییەی بەکارنەهێناوە کە دەخوازرێ. هەروەها مانای هەندێ وشەی فەرەنسی بە بەرامبەرە کوردییەکانیان و، بگرە هەندێ جاریش ڕووسیەکانیان، ڕاست و گونجاو نین." (١٦) لێرخ نموونەی هەندێک لەو کورتهێنانەی خستۆتە ڕوو. بۆ نموونە، وشەی "aboyer"ی فەرەنسی کە مانای "وەڕینە" وشەی "ڕاهێشتین"ی کوردی بۆ داناوە کە مانای "پەلاماردان" دەبەخشێ و، بەرامبەرە ڕووسیەکەشی هەر نەنووسراوە. دەتوانین زیاد لە سەد وشەیەکی ئاوا دەست نیشان بکەین."(١٧) لێرخ، لە پێداگرتنیدا لەسەر پێویستی نووسینەوەیەکی کتومتی وشە کوردییەکان بە پیتی لاتینی، دەڵێت: "ئەو وشانە دەمگەیەننە ئەو بڕوایەی کە بەڕێز ئا.د.ژابا تائێستاش لەوە نەگەیشتووە کە بۆچی من چەندین جار پێم لەسەر نووسینەوەیەکی وا پڕ بە پێستی وشە کوردییەکان بەپیتی لاتینی داگرتووە. ئەو وای بۆچووە کە زانینی ئەلفبای عەرەبی و شێوەی بەکارهێنانی بۆ زمانی فارسی یان تورکی بەسە بۆ ئەوەی پیاو بتوانێت بە ڕاستی وشە کوردییە نووسراوەکان بە شێوە ڕێنووسی کوردی بخوێنێتەوە. بەڵام ئەو کەسەی لەناو کورداندا نەژیابێت بەردەوام پێویستی بە نووسینەوەیەکی وردی وشەکانیانە بە پیتی لاتینی، ئەگەر ئەو بتوانێت پیتە دەنگدارە کورت و درێژەکان لێک جیابکاتەوە، یان وشەی یەک دەنگدار و دوو دەنگدار بە شتێکی زیادە نەزانێت. زانینی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی لەمەدا بە هیچ شێوەیەک بە دەردی ناخۆن، چونکە ئەو ڕێنووسەی لای کوردەکان دروست بووە لە بناغەوە جیاوازە لە ڕێنووسی ئەو زمانانەی ناویان برا."(١٨) لە کۆتاییدا لێرخ دەڵێت: "بەڵام، سەرباری ئەم کەموکوڕییانەش، ئەو فەرهەنگە کەرەسەیەکی بەنرخی تێدایە بۆ فێربوونی زمانی کوردی."

بەشی مێژوو-زمانەوانی ئەکادیمیای ئیمپراتۆری بڕیاری دا چاوەڕێی بەشی دووەمی فەرهەنگەکە بکات، کە کوردی-ڕووسی-فەرەنسییە، تا ئەگەر پەسەندکرا ئەو بەشە چاپ بکەن و واز لە بەشە فەرەنسی-ڕووسی-کوردییەکە بێنن. لەم ڕووەوە لێرخ نووسیویەتی: "بە تەواوی ئەوە بەس بوو کە لە کۆتایی بەشە کوردی-ڕووسی-فەرەنسییەکەدا لیستێکی وشە ڕووسی و فەرەنسییەکانی بنووسیایەوە

و لە تەنیشتیانەوە ئاماژە بۆ ژمارەی ئەو لاپەڕانە بکرایە کە ئەم وشانەی تێدان."(١٩) ئەو فەرهەنگە هەروا بە چاپ نەکراوی مایەوە و دەستنووسەکەی تا ئێستاش لە ئارشیفی ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤێت -بەشی لینینگراد- هەڵگیراوە."(٢٠)

ساڵی ١٨٦٦ ژابا تەمەنی دەگاتە ٦٥ ساڵ و، پلەی کارگوزارێتیشی دەبێتە راوێژکاری کارای دەوڵەتی. لە کۆتایی ١٨٦٦دا کونسوڵەکەی ئەرزرۆم خۆی کارکەنار دەخات و لە شاری سمیرنا نیشتەجێ دەبێت و، بەیەکجاری خۆی بۆ کۆکردنەوەی بابەت و سەرچاوە لەسەر مێژوو، ئیتنۆگرافیا و، ئەدەب و زمانی کوردی تەرخان دەکات.

لە ٢٠ی مارتی ١٨٦٧دا لە نامەیەکیدا دەنووسێت: "ئێستا کە ملکەچی ئەرکەکانی جارانم نیم، زۆر بە گەرمی لە کاردام بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەو ئیشانەی دەستم پێکردبوون."(٢١)

هەر لەم ماوەیەدا بەشە کوردی-رووسی-فەرەنسیەکەی فەرهەنگەکەی تەواو دەکات کە بۆ ماوەی ٦ ساڵ کاری تێداکردبوو، سەرلەنوێ ٦٠٠ لاپەڕە سپینووس دەکاتەوە. هەر لەو نامەیەدا کە باسمان کرد، لەم بارەیەوە دەنووسێت: "لەبەرئەوەی کاری لەم شێوەیە درێژخایەن و ماندووکەرە هەندێک گۆڕانکاریم لە ئیشەکەمدا کرد و، لەپاڵیدا خەریکی گەڕان و لێکۆڵینەوەم کە زمان و ئەدەبی کوردی و، سەرقاڵی پێداچوونەوەی وەرگێڕانی کتێبێکی مێژوویم لە زمانی کوردییەوە کە درێژەپێدانی مێژووەکەی شەرەفخانە. دانەری ئەم کارە باسەکەی لە دەوروبەری ئەو کاتەوە دەست پێدەکات کە شەرەفخان لە ئاستیدا وەستاوە و، تا ڕۆژانی ئەمڕۆمان."(٢٢)

لەگەڵ ئەم نامەیەدا ژابا لە سمیرناوە پێشەکییەکی ٥٠ لاپەڕەیی ئەو کارە(٢٣)، لەژێر ناوی "مێژووی نوێی کوردستان"دا، کە خۆی وەریگێڕاوەتە سەرزمانی فەرەنسی، دەنێرێت بۆ ئەکادیمیای ئیمپراتۆری. ژابا لە نامەکەیدا نووسیویەتی: "ئەم -مێژووە- لە ئاکامدا ساڵی ٢٧٥ی ک. ١٨٥٧-١٨٥٨ی ز. یەک دانەی لێنووسراوە و، ئێستا لای منە و نیازمە، هەر بە تەواوبوونی دوو بەشی فەرهەنگەکەم، دەست بکەمە وەرگێڕانی."(٢٤)

لە پێشەکییەکەی ژابادا ناوی درێژەپێدەری شەرەفخان نەهاتووە، بەڵام ژابا لە نامەکەیدا دەڵێت کە: "مێژووی کوردستان" ١٠٠٠ لاپەڕەیە و، لەسەر تکای دووبارەی ئەم و بە پارەیەکی زۆر، مەلا مەحموودی بایەزیدی ئامادەی کردووە. (٢٥) بەڵام ژابا دەقی کوردیی ئەو دەستنووسی "پێشەکییە فەرەنسیەکەی بۆ نووسراوە، نەناردبوو، هەروەها باسی ئەوەش ناکات ئەو سەرچاوانە کامانەن کە لە نووسینی "مێژووی کوردستان"دا پشتیان پێ بەستراوە.(٢٦)

مەلا مەحموود لە سەرەتای پێشەکییەکەدا ناوی شەرەفخان دەبات و، ئینجا داستانێکی

هەواڵنامەی کتێب

هێناوەتەوە کە باسی رەچەڵەکی کورد و، ئاکار و ئارەزووەکانیان و، شێوازی ژیان و، زاراوەکانی زمانەکەیان و، دابەشبوونی خێڵەکوردەکان دەکات، هەروەها خێڵەکوردە یەزیدییەکان دەژمێرێت. دواتر نووسەر دێتەوە سەر باسی شەرەفنامە و دانەرەکەی و، دەڵێ لە بەدلیس وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی تورکی و، دوو یان سێ دانەی لە ئارادایە.

دوابەدوای ئەم پێشەکییە لیستەی ناوی فەرمانڕەوایانی کوردستان هاتووە لەنێوان ١٧٨٥-١٧٨٦دا، واتە لەو کاتەوە کە نووسەر گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان دەست پێدەکات و، تا ساڵی ١٨٥٧، کە ساڵی تەواوبوونی نووسینی دانراوەکەیە. لیستەی ناوی ئەو میر و فەرمانڕەوایانە و، پێرستی کتێبەکە (کە لە ١١ بەش پێکهاتووە و ناوەڕۆکی کتێبەکەی مەلا مەحموودی بایەزیدمان بۆ دەردەخات)، لە نامەیەکدا کە ژابا لە ١٣ی ژوئیەی ١٨٦٧دا ناردوویەتی بۆ ب. ئا. دۆرن هاتوون [٢٧] بەڵام چارەنووسی ئەم دەستنووسە تا ئێستاش نادیارە و پێدەچێ کە دەستنووسەکە و وەرگێڕدراوە ناتەواوەکەی هەر لە ئارشیفی ژابادا لە سمیرنا مابێتەوە.

لە ژولیەی ١٨٦٧دا ژابا دەستنووسی فەرهەنگە کوردی-رووسی-فەرەنسیەکەی دەنێرێت بۆ پیتربورگ و، بەوەدا کە تکای لە دەستەی ئەکادیمیای ئیمپراتۆری کردووە زوو سەیری بکەن، دیارە کە بایەخێکی تایبەتی داوە بەم کارەی خۆی. دەستنووسەکەی لە ٦٥٦ لاپەڕە پێکهاتووە (هەر لاپەڕەی ١٨-٢٥ دێڕە) و، ٦٠٠٠ وشەی گرتۆتە خۆی، لەنێوانیاندا ئەو وشانەش هاتوون کە پەیوەندییان بە شێوازی ژیان و، جلوبەرگ و، پەیوەندیی خزمایەتی و، ژیانی ئابوورییەوە هەیە. لە تەنیشت کردارەکانەوە شێوەی تەسریف کردنیشیان نووسراوە. بەڵام فەرهەنگەکە ناوی رووەکی کێوی و ئەو باڵندە و ئاژەڵانەی تێدا نییە کە لە کوردستاندا بەرچاو ناکەون، لە زۆر شوێنیشدا وشەکان وەرنەگێڕدراونەتە سەر زمانی رووسی. لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا ژابا نووسیویەتی: "هیوادارم کە رۆژهەڵاتناسان بە سنگێکی فراوانەوە سەیری ئەم کارەم بکەن و، ئەو ناکۆکی و نارێکوپێکییەم لێ نەگرن کە لە زۆر شوێنندا بەرچاو دەکەون و، ناچاربووم هەروەک خۆیان بیانهێنمەوە بە نیازی پاراستنی مۆرکی رەسەن و خۆرسکانەی زمانی کوردی و پیشاندانی بەو شێوەیەی کە هەیە."[٢٨]

ئەکادیمیای ئیمپراتۆری سەرلەنوێ دۆرن و، ڤیلیامینەف-زیرنۆف، لێرخ رادەسپێرێ کە بە فەرهەنگەکەدا بچنەوە. لێرخ، لە نامەیەکدا کە رۆژی ١٥ی نۆڤەمبەری ١٨٦٨ ناردوویەتی بۆ ڤیلیامینەف-زیرنۆف، دەڵێت: "زۆر بە وردی و بە بایەخێکی تایبەتەوە سەیری کارەکەی بەڕێز ژابامان کرد و چاومان پێداگێڕایەوە و، گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە بڵاوکردنەوەی کارێکی زۆر بەسوودە. تا

ئێستا زمانی کوردی زۆر کەم لێکۆڵرابووەوە و، هیچ کتێبێکی رێنمایکاریش بۆ خوێندن و لێتوێژینەوەی نییە. ئەم فەرهەنگەی بەڕێز ژابا، کە زۆر کارامانە و بەدڵسۆزییەوە ئەنجام دراوە، ئەو کەلێنە پڕ دەکاتەوە و بابەتێکی هێندە دەوڵەمەندی تێدایە بۆ پێناساندنی زمانی کوردی کە ئێمە هەر لە ئێستاوە دڵنیاین کە جیهانی زانایانی رۆژهەڵاتناسی بەوپەڕی دڵخۆشییەوە پێشوازی لە پەیدابوونی ئەم فەرهەنگەی ئا. د. ژابا دەکات."(٢٩)

ئەو لیژنەیە وای بەباش زانی کە فەرهەنگە کوردی-رووسی-فەرەنسییەکە بەو شێوەیەی لە دەستنووسەکەی دانەردایە، چ لە رووی نووسینەوەی وشەکان بە پیتی لاتینی و چ لە رووی پێکهاتووییەوە، بێ هیچ دەسکارییەک چاپ بکرێت (تەنیا ئەو هەڵانە چاک بکرێنەوە کە لە بەشە رووسی و فەرەنسییەکدا هەن و، ئەو وشە رووسیانەش کە نەنووسراون پڕ بکرێنەوە و بنووسرێنەوە.) ئەم فەرهەنگە لەناو خودی کورداندا دانراوە و سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی، بەڕای دۆرن و ڤیلیامینەف-زیرنۆفیش بایەخی فەرهەنگەکە لەمەدایە و، رەنگە هەر دەستکاری و دەستێوەردانێک ئەو بایەخەی نەهێڵێت. واشیان بە چاک زانی کە بەشە فەرەنسی-رووسی-کوردییەکەی فەرهەنگەکە چاپ نەکرێت، بەڵکو هەروەک پێشووتریش بڕیاردرابوو، لە کۆتایی فەرهەنگەکەدا لیستێکی وشە رووسی و فەرەنسییەکان چاپ بکرێت و لە تەنیشتیانەوە ئاماژە بۆ ئەو لاپەڕانەی فەرهەنگە کوردی-رووسی-فەرەنسییەکە بکرێت کە تیایاندا مانای ئەو وشانە چاپ کراون.

لێرخ کاتێک پێشوازی لە دانانی فەرهەنگی کوردی-رووسی- فەرەنسی کرد، ئەو هیوایەشی دەربڕی کە زمانی کوردی، پاش پەیدابوونی فەرهەنگەکە، ژمارەیەکی زۆرتری دۆست و لایەنگری نوێ بەدەست دێنێت لەو ئەورووپاییانەی کە نەک هەر گەنجینەی وشەکانی فراوانتر و دەوڵەمەندتر دەکەن، بەڵکو خەریکی خوێندن و لێکۆڵینەوەی (ئەو زاراوە و دیالێکتە جۆراوجۆرانەش دەبن کە زمانی کوردی هێجگار دەوڵەمەندە پێیان.)(٣٠) لێکۆڵینەوەی ئەم فەرهەنگە بێگومان پاڵ بەم یان ئەو گەڕۆکی ئەورووپایی بە کوردستاندا، یان کونسوڵی یەکێک لە دەوڵەتە ئەورووپاییەکان لە شوێنێکی نزیک ژینگەی کوردانەوە دەنێت خۆیان خەریکی فێربوون و لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی بکەن."(٣١) هەروەها خوێندنەوەی ئەو دەستنووسانەی بڵاوکراونەتەوە و، ئەو دەقە کوردییانەی لە ئەرزرۆم کۆکراونەتەوە ئاسانتر دەکات و، یارمەتی پێکهاتن و خەمڵاندنی زیاتری زمانی کوردی دەدات."(٣٢)

لەگەڵ هەموو ئەمەشدا، پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد و هەمەلایەنەی کارەکەی

ژابا، لێرخ دەکەوێتە شیتەڵکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی و دەڵێت: "دانەری بەڕێزی ئەم کارە تا ئێستا بڕوای بە پێویستی نووسینەوەیەکی ورد و ڕێکوپێکی وشەکان بە پیتی لاتینی نییە. بوونی ئەم کەموکورییەش بێگومان جێگای داخە، بەڵام سوود وەرنەگرتنیش لەم کارە دەوڵەمەندە، بەهۆی ئەوەوە، مانای زیان گەیاندنە بە لێکۆڵینەوەیەکی سەرکەوتوانەی زمانی کوردان."(٣٣) ئینجا لێرخ ئەم کەموکورییانەی کارەکە دەستنیشان دەکات:-

١- لە زۆر شوێندا وەرگێڕانی ئیدیۆمە کوردییەکان یان پڕ بە پێست نین یان هەڵەن.

٢- لە وەرگێڕانەکەدا هەڵەی ڕێنووسی هەن.

٣- لە زۆر شوێندا وشەکان وەرنەگێڕاونەتە سەر زمانی ڕووسی.

سەرباری هەموو ئەمانەش خاڵێکی دیش مایەی نیگەرانی لێرخ بوو، ئەویش ئەوە بوو کە ژابا لە کۆکردنەوەی وشەکانی فەرهەنگەکەدا پشتی بە چەندین دەستنووس و قسەی زاری کەسانێکی کورد بەستبوو کە سەر بە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانن و لە هەر ناوچەیەکیش دیالێکتێکی جیاواز هەیە، واتە وشەکانی فەرهەنگەکە و شێوازە جیاوازەکانی کردارەکان سەر بەیەک دیالێکت نین. بۆیە لێرخ داخی ئەوەی دەربڕیبوو کە ژابا لە پێشەکی فەرهەنگەکەیدا ئەو سەرچاوانەی دەستنیشان نەکردووە کە بوونەتە بناغەی دامەزراندنی فەرهەنگەکەی، کاتێکیش دانەر (واتە ژابا) باسی هەڵەی ڕێنووسی دەکات، ئەوە لەڕاستیدا شێوەی جیاوازی گوتنی ئەم یان ئەو وشە لە ناوچە جیاجیاکاندا پیشاندەدات. بۆ نموونە، اژویتن و هژویتن، اڤین و هڤین، ایسیر و هیسیر، استر و هستر*... هتد.

شایانی ئاماژەکردنیشە کە دەسپێکردنی وشە بە پیتێکی دەنگدار و هەناسەدەرکردنێکی قووڵ لای کوردان زۆر باوە. بە وشەیەکی دی لێرخ توانی لایەنێکی چاکی فەرهەنگەکەی ژابا بنرخێنێ، کە بەڕای خودی دانەر هەڵە و کەموکوڕی بووە. دەنووسێت: "هەڵەکردن لە نووسینی وشەکانی زاراوەی کوردیدا بۆ کەمی قوتابخانە لە کوردستاندا و نەبوونی ژمارەی پێویست لە زانایان دەگەڕێتەوە، هەروەها بۆ نابەڵەدی ئەو کەسانەی خەریکی نووسینەوەی دەستنووسەکان بوون کە زمانی زگماکی خۆیان باش نازانن.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە کوردەکان لە نامەگۆڕینەوەی نێوخۆیاندا زمانی فارسی بەکاردەهێنن و ئەمەش وای لێکردوون گەڵاڵەکردن و پەرەپێدانی زمانەکەی خۆیان پشت گوێ بخەن. ئا. د. ژابا ئەوەی لەیادچووە کە زمانی کوردی بەر لە هەر شتێک لەسەر زاری کوردان خۆیانە و نووسینیش تەنها هەوڵێکی، کەم تا زۆر سەرکەوتوانەی، وێنەکێشانی شێوازە

دەنگییەکانییەتی، بۆیە هەر سەرنج و وردبوونەوەیەک لەو زمانە دەبێ لەسەر ئەو شێوازانە بناغە بکرێت کە زمانەکە لە چوارچێوەیاندا لەسەر زاری گەلە." (٣٤)

لێرخ پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە زمانەوانی هاوچەرخ وا دەخوازێت هەر بابەتێک، تا ئەو رادەیەی لە توانادایە، بەو شێوەیە بخرێتە روو کە لەگەڵ واقیعەکەیدا تەبا و کۆکە. "هەروەک چۆن ئەو زانایەی لە بوارەکانی تری زانستدا خەریکی تاقیکردنەوەیە و، کاتێک خودی بابەتی لێکۆڵینەوەکەی لەبەردەستدا نابێت، تەنیا پەنا دەباتە بەر ئەو وێنە و شێوانەی بابەتەکە کە لە رێکوپێکی و کتومتییان دڵنیایە، ئاواش لێتوێژەرەوەی زمان مافی ئەوەی هەیە داوا بکات هەرچی دەق و کۆمەڵە وشەیەک دەخرێنە بەردەمی، تا دەکرێت روون و رێکوپێک بن." (٣٥)

لە زۆر شوێندا پەڕاندنی (ە) لە ناوەڕاستی وشەکەدا دەبێتە هۆی هەڵە خوێندنەوەی وشەکە، نەک وەک ژابا بۆی چووە و دانانی ئەم پیتەی بە هەڵەزانیوە. وەک لە نووسینی وشەی "جەرەباندین"دا، لە بری ئەوەی بنووسرێ "جرباندن" کە شێوازی یەکەمیان دروستە و دەبێتە هۆی خوێندنەوەی وشەکە بە شێوەیەکی راست، هەروەها لە وشەی "ڤەجنگین"، "ورەمین"دا.

لەو وشانەشدا کە (ە) گۆڕدراوە بە (ی) تەنیا تایبەتمەندی زاراوە لێکجیاکانی زمانەکە رەنگ دەداتەوە، بۆ نموونە "ڤەخستین و ڤی خستین، چەکرین و چی کرین، اڤاهی و اڤایی، روناهی و رونایی، نهرین و نیرین... هتد"

پ. ی. لێرخ وای بە پێویست زانی کە فەرهەنگەکە، لەگەڵ نووسینەوەیەکی راستکراوەی وشەکان بەپیتی لاتینی، چاپ بکرێت، ئەمەش نەک بە نیازی پێشاندانی رێنووسی کوردی، بەڵکو بۆ روونکردنەوەی شێوەی دروستی خوێندنەوەی وشەکان بۆ نموونە هەندێ وشە دوو جۆرە شێوازی نووسینیان هەیە وەک ستون و استون، استرک و سترک، ستور و اوستور،... هتد. بەڵام ژابا شێوازی (ستون، ستور، سترک)ی وازلێهێناوە، وا دیارە وای بۆچووبێ کە ئەم شێوازەی دووەم مافی بوونی نەبێ بەو پێیەی زمانی کوردی خۆی لەو شانە دووردەخاتەوە کە تیایاندا دوو پیتی بێدەنگ لەتەک یەکدادێن. (٣٧)

بەڵام ئەم جۆرە پەیرەونەکردنەی رێنووس، وەک لێرخ تەواو بۆی چووە، "لەڕاستیدا کێشەی خوێندەوارانی کورد بووە لەگەڵ کەموکوڕیی ئەلفبای عەرەبیدا و، ئارەزووی ئەوانەیان دەردەخات کە دەیانویست لە نووسیندا تایبەتمەندییەکانی گۆڤەرەکەی خۆیان پیشان بدەن" (٣٨) هەندێک نووسەر پیتی (ا)یان دادەنا و، پێدەچێ زیاتر بە مەبەستی ئەوەی لە خوێنەری بگەیەنن کە

پێویستە لەوێدا وەک (ئا) بخوێندرێتەوە، نەک پیتێکی تری دەنگدار، وەک طاولە-طولە، خاپاندین خپاندین، طامژین-طمژین. یان دانانی پیتی (و) وەک بوهورین-بهورین، گول-گل. هەندێک پیتی (ی) دەنووسن و هەندێکی دیش پشت گوێی دەخەن وەک: ژر-ژێر، بر-بیر، مش-میش، ریال-ریپال... هتد هەروەها ژابا کەمجار لە فەرهەنگەکەیدا ئاماژە بۆ کورتی و درێژی پیتە دەنگدارەکان دەکات.(٣٩) لەو شوێنانەدا کە لەبەر کەمی نووسراوەکان هیچ پەیرەوێکی رێنووسی دانەنراوە، ناشێ باس لە رێنووس لادان بکەین. کاتێکیش ژابا نووسەرانی کورد بە کەمزانینی زمانەکەی خۆیان تاوانبار دەکات، ئەوە لەڕاستیدا نەزانین یان گوێ نەدانە بە پەیرەوکردنی رێنووسی فارسی یان عەرەبی (بۆ نموونە وشەی مهلە کە عەرەبیە بەم شێوەیە دەنووسن: موهلت)، ئەمەش شایەتی نەزانینی زمانەکەی خۆیان نییە، بەڵکو پشتگوێ خستنی رێنووسی زمانی فارسی و عەرەبییە. نووسەرێکی کورد کاری بەوەوە نییە ئەو وشە عەرەبی و فارسییانەی هاتوونەتە ناو زمانەکەیەوە چۆن، لەلایەن کەسانێکی عەرەب یان فارسەوە، دەنووسرێن، بەڵکو ئەو تەنیا هەوڵی ئەوەیەتی تا بۆی بکرێت بەو شێوەیە بیاننووسێ کە خودی خۆی و هاووڵاتییەکانی ئەو وشەیە دەڵێن. ئەو (و)ەی کە لە یەکەم برگەی وشەی موهلەتەدا دانراوە بۆ ئەوەیە پیشانی بدات کە لەنێوان (میم) و (ها)دا (واو)ێک هەیە چونکە لە زمانی کوردیدا سەر و بۆر و ژێر نییە بۆ پیشاندانی (ا،ی،و)ی کورت."(٤٠)

لە پاشکۆی ئەو هەڵسەنگاندنەدا کە لێرخ بۆ فەرهەنگەکەی نووسیوە، هەوڵیشی داوە شێوەنووسینی وشەکان بە پیتی لاتینی راست بکاتەوە، بەڵام ئەم کارەی تەنیا سەرەتای پیتی (د) و (ش)و هەموو پیتی (ق)ی گرتۆتەوە. لێرخ تەنیا لەو شوێنانەدا درێژیی پیتە دەنگدارەکانی دەستنیشان کردووە کە بە پراکتیکی خۆی، یان لە رێگای رێنووسی نووسەرانی کوردەوە، دەیتوانی لێیان دڵنیا بێت، خۆ لەو شوێنانەشدا کە گومانی هەبووە ئەوا هەروەک خۆیان جێیهێشتوون. بەڕای لێرخ پاش ئەو تەواوکردن و راستکردنەوانە فەرهەنگەکە شیاوی ئەوەبوو چاپبکرێت.

ئا. د. ژابا لەنێوان ساڵانی ١٨٦٩-١٨٧٢دا بەردەوام خەریکی فەرهەنگا کوردی-رووسی-فەرەنسیەکەی بوو. لـ رێگای پرۆفیسۆر موخلینسکییەوە کۆپییەکی نوێی یەکێک لە دەفتەرە بزربووەکانی فەرهەنگەکە دەگەیەنێتە ئەکادیمیای ئیمپراتۆری و پێشنیاری ئەوەش دەکات ک پێداچوونەوە و چاپکردنی فەرهەنگەکە لەژێ سەرپەرشتی پرۆفیسۆر بروسدا بێت و بەڵا بروس توانی تەنیا بە چوار دەفتەر دەستنووسەکەدا بچێتەوە و، کارەکەی لەوێدا وەستا. پاشان، لەسەر بڕیاری بەش

مێژوو-زمانەوانی ئەکادیمیا، ڤیسیلۆڤسکی تکا لە دۆرن دەکات کە دەستنووسی فەرهەنگەکە بە شێوەیەکی کاتی بنێرێتە مۆزەخانەی ئاسیا بۆ هەڵگرتن و پاراستنی. دواتر لە دیسامبەری ١٨٧٣دا ڤیسیلۆڤسکی داوا لە بەشی پەیوەندییەکانی ناوخۆی سەر بە وەزارەتی دەرەوە دەکات کە ڕێگا بدەن ئەو دەستنووسانەی فەرهەنگەکە، کە لەو کاتەدا لە مۆزەخانەی ئاسیا لە ٣٥ دەفتەردا بوو، لە بەرگ بگیرێن و بیاننێرن بۆ شاری ماربورگ لە ئەڵمانیا و، تکا لە پرۆفیسۆری زانکۆ ف. یوستی بکرێت کە خەریکیان بێت بۆ چاپ ئامادەیان بکات.

بەم شێوەیە دەستنووسەکان لەڕێگای باڵیۆزی ڕووسیاوە لە بەرلین دەدرێن بە پرۆفیسۆر یوستی.

لە ساڵی ١٨٧٦دا، کاتێک ژابا چاوەڕوانی دەرچوونی فەرهەنگەکەی بوو، دەستنووسی دیالۆگە فەرەنسیە-کوردییەکانی نارد بۆ دۆرن و، پێشتریش ئەم دەستنووسە لەلایەن یوستییەوە بەرز نرخێندرابوو. لە هەمان کاتیشدا یوستی کاری چەند ساڵەی ژابا، واتە فەرهەنگەکەی، بۆ چاپ ئامادە دەکات و، نووسینەوەی وشەکان بە پیتی لاتینی و بەشە ڕووسییەکەی فەرهەنگەکە لادەبات و، لێکسیکۆنی فەرهەنگە فەرەنسیە-کوردییەکەی دەخاتە سەر. لە سەرەتای ١٨٧٩دا فەرهەنگە کوردییە-فەرەنسیەکەی ژابا، لەژێر چاودێری و پێداچوونەوەی یوستی و، لەلایەن ئەکادیمیای ئیمپراتۆرییەوە لە چاپ درا. (٤١) سێ دانەی فەرهەنگەکە دەنێرن بۆ خودی ژابا لە شاری سمیرنا و، ئەویش لە ١٥ی مارتی ١٨٨٠دا سوپاسنامەیەک دەنێرێت بۆ ڤیسیلۆڤسکی و، دەستنووسێکی دیشی بۆ دەنێرێ کە بابەتی نوێی تێدایە وەک پاشکۆ و تەواوکەری فەرهەنگەکە. ئەم کارە سەخت و پڕ بایەخەی ژابا لە ئامادەکردنی فەرهەنگەکەدا ڕێزێکی زۆری لێنراو پاداشتی دیمیدەڤسکیی ئەکادیمیای ئیمپراتۆری زانستەکانی پێ بەخشرا.

بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نەبێ ئەوەیە کە گەورەترین خزمەت و کاری ژابا کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییەکان بووە. لەو ماوەیەدا کە کونسوڵ بووە زیاتر لە ٥٠ دەستنووسی ناردۆتە ئەکادیمیای ئیمپراتۆری (ئەمە جگە لە دەستنووسەکانی فەرهەنگەکەی) لە بوارەکانی ئەدەب و فۆلکلۆر و مێژوو و ئیتنۆگرافیا و زمانی کوردیدا. لە ١٢ی سیپتامبەری ١٨٦٨دا کاتێک ژابا کارکەنار کەوتبوو، وا دیارە باری دارایشی زۆر باش نەبووبێ، نامەیەک دەنووسێ بۆ کەسەڤیچ کە لە کتێبخانەی گشتی ئیمپراتۆریدا کاری دەکرد و، سەرپەرشتکاری لە چاپدانی کارە زانستیەکان بوو، تێیدا دەڵێت: " لەکاتێکدا ئارەزووی ئەوە دەکەم ئەو دەستنووسانەی بەدرێژایی ساڵانی کارکردنم، وەک کونسوڵێک لە ئەرزرۆم و، پاش ماندووبوونێکی زۆر کۆکردونەتەوە، بخەمە کتێبخانەی گشتی

ئیمپراتۆرییەوە، خۆم بە بەختیار دەزانم کەتالۆگی ئەو کارانە بخەمە بەر دیدی بەرێزتان و، پێشنیاری ئەوە بۆ کاربەدەستانی کتێبخانەی ئیمپراتۆری بکەم ئەو دەستنووسانەم، کە ئێستا بە نیازی پاراستنیان لە مۆزەخانەی ئاسیادان، بە نرخی ۳۰۰۰ رۆبڵ لێبکڕن."(٤٢) بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانەکە لیژنەیەک لە زانایان لێرخ، دۆرن، فیلیامینۆف-زیرنۆف پێکدەهێنێت و ڕایاندەسپێرێت سەیری ئەو دەستنووسانە بکەن و رای خۆیان بەرامبەریان دەربڕن و، ئەو نرخەش دیاری بکەن کە بە باشی دەزانن. لە کۆتایی ۱۸٦۸دا سەرجەمی ئەو دەستنووسانە بە ۱۳۰۰ رۆبڵ دەکڕن و دەبنە موڵکی کتێبخانەی گشتی.(٤٣) بۆ ماوەی ۹۰ ساڵ هیچ وەسفێکی چاپکراوی ئەم کۆمەڵە دەستنووسە لە ئارادا نەبوو (تەنیا ئەوە نەبێ کە لێرخ لە ساڵی ۱۸٦۸دا لە راپۆرتی ساڵانەی کتێبخانەی گشتیدا ئاماژەی بۆ کردوون.)(٤٤) لە ساڵی ۱۹۵۷دا زانای سۆڤیێتی م. ب. رۆدینکۆ لەناو کارەکانی کتێبخانەی دەوڵەتیی گشتی ناسراو بە ناوی سەلتیکوف-شیدرین لە لینینگراد، کۆمەڵە دەستنووسە کوردییەکانی ژابای چاپکرد و، لە ساڵی ۱۹٦۱یشدا ئەو کارەی خۆی دەرچوو کە لەژێر ناوی "وەسفی دەستنووسە کوردییە کۆکراوەکانی لینینگراد"دا ئامادەی کردبوو.(٤٥)

ئا. د. ژابا بە هاوکاری دەگەڵ مەلا مەحموودی بایەزیددا، کامڵترین و تێروتەسەلترین کۆمەڵە دەستنووسی کوردییان کۆکردۆتەوە کە ۵۷ ناونیشانی جیاوازی گرتۆتەخۆ و، بریتین لە بابەتی فۆلکلۆری وەکو شیعری دڵداری و شیعری قارەمانێتی و گۆرانی بەکۆمەڵ و، لەسەر داخوازی ژابا کۆکراونەتەوە. هەروەها دەستنووسی سەر بە زمانەوانی وەکو رێزمان و فەرهەنگی گفتوگۆ. گەورەترین بەشی ئەم کۆمەڵە دەستنووسە بەرهەمەکانی دیارترین شاعیرانی کوردی سەدەکانی ناوەڕاستە، وەکو فەقێ تەیران، مەلای باتێ، مەلای جزیری، دەستنووسی شاکارە شیعری کوردی واتە "مەم و زین"ەکەی شاعیری مەزنی کورد ئەحمەدی خانی و چەندانی تر. مەلا مەحموودی بایەزیدی دانەر و نووسەرەوەی بەرهەمێکی بایەخدار بوو بە ناوی "داب و نەریتی کوردان" کە باسی باوەڕ و پروپووچی کوردی و، خانووبەرە و گەمە میللیەکان و پیشە و کارە سەرەکییەکانی کوردان دەکات. هەروەها، لەسەر داخوازی ژابا، مەلا مەحموود "شەرەفنامە"کەی شەرەفخانی بەدلیسی وەرگێڕاوە و، رێزمانەکەی عەلی تەرەماخی سەرلەنوێ نووسیوەتەوە و، چەندین حیکایەت و گاڵتەوگەپ و بەرهەمی تری لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوە. مەلا مەحمود هەندێک جار ناوی خۆی لە بەرهەمەکانی خودی خۆی و ئەو کۆپی و وەرگێڕدراوانە نەدەنووسی کە

ئەنجامی دەدان، بەڵکو بەناوی فەقیر مەحموود ئەفەندییەوە، یان حاجی مەحموود ئەفەندییەوە بڵاوی دەکردنەوە. هەروەک ژابا نووسیویەتی، ئەم کارەی بۆیە دەکرد: " تا پیاوە ئایینیە ئیسلامییەکان لە خۆی نەوروژێنێ و زویریان نەکات، کە بێگومان دەبوو بە چاوی تانووت و نارەزاییەوە سەیری موسڵمانێک بکەن کە سەرباری هەموو شتێکیش مەلایە و کەچی خەریکی شت نووسین و وەرگێرانە لەسەر داخوازی کابرایەکەی غەیرەموسڵمان."(٤٦)

لەنێو یاریدەدەرانی ژابادا دەتوانین ئاماژە بۆ ئەم کەسانەی خوارەوەش بکەین: شێخ نزار کە گۆرانی و هەندێک دەستنووسی تری سەرلەنوێ نووسیوەتەوە، مەلا مستەفا کە دەستنووسەکەی "شێخی سەنعان" و "ئەو هۆنراوانەی ئاراستەی رووبارێک کراون" و "زەمبیل فرۆش"ی سەرلەنوێ نووسیوەتەوە، مەلا موسای هەکاری کە لەسەر داخوازی ژابا خەریکی وەرگێران بووە لە زمانی فارسییەوە، موحەمەد حاریب ئیبن سلیمان کە "مەم و زین"ی نووسیوەتەوە. فەقیر مەحمود ئەفەندی* کە پۆیەماکەی ئەحمەدی خانێی نووسیوەتەوە وەک "یەکەمین بەرهەم" بۆ رێزلێنان لە گەرانەوەی ژابا لە تورکیاوە بۆ وڵاتی خۆی و هەروەها فەیروز ئەفەندی و موحەمەد موکسی و، تەهای حاجی عەبدولعەزیز و، حەسەنی حەکیم باشی و، تاهیری ئیبن عەباس ئەفەندی و، فەیزوڵا و کەسانی دیش کە هیچ شتێک لەبارەی ژیانیانەوە نەزانراوە، بەڵام بەبێ یارمەتی و ماندووبوونی ئەوان ئەو هەموو دەستنووسە کۆ نەدەکرانەوە.

ئەو کۆمەڵە دەستنووسە چەند بەرهەمێکی دانسقەی شاعیرانی وەکو حاریسی بتلیسی و، سەلیم ئیبن سلێمان و، نورفیشانی رەمەزانی و، مورادخانی بایەزیدی، تێدایە کە کەلێنێک لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی پڕ دەکەنەوە. هەر بەهۆی ئەم دەستنووسانەشەوە بوو زانرا کە چیرۆکی بەناوبانگی وەکو "لەیل و مەجنون" و "یوسف و زلێخا" و "زەمبیل فرۆش" شێوازی نووسراوەی ئەدەبیانەشیان هەیە و هەر لە سنووری گێرانەوەی دەماودەمدا نەماونەتەوە. ئەوەتا زانای ناوداری کورد بەردخان پاش چاوپێکەوتنی کەتالۆگی دەستنووسەکان گوتوویەتی کە خودی ئەو بۆ یەکەمین جار لەرێگای ئەو کەتالۆگەوە بە بوونی چەندین ئاسەواری ئەدەبیانەی کوردی زانیووە کە لەوەبەر هەر ناویشی نەبیستبوون.

جێگای داخە کە ژابا نەیتوانی خۆی بەیەکجاری بۆ کاری زانستییانە تەرخان بکات. ژابا پاش ئەوەی خۆی کارکەنار خست و لە سمیرنا نیشتەجێ بوو، چەند جارێکیش بە سەردان چووە ناوچەی ڤیلینسکی بۆ سەر زەویوزاری ماڵباوانی لەنزیک شاری "ڤیلنۆ"وە، کە لەوێ ١٢٠ جووتیارێک کاروباریان بۆ دەکرد و، هەر جارەی چەند

مانگێک لەوێ دەمایەوە (لەنێوان ١٨٧٢-١٨٧٤دا ٢٠ مانگێک بە بەردەوامی لەوێ مایەوە) ئەو، هەروەک لە نامەکانییەوە دەردەکەوێت، لەو ماوەیەدا بە تەواوی سەرقاڵی کار و بژێوی خێزانەکەی بووە و هیچ کاتێکی ئەوتۆی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستییانە نەماوەتەوە و، بۆیە ئەو کارانەشی کە پەیوەندییان بە کوردناسییەوە هەبوو لەگەڵ خۆیدا نەیدەبردن بۆ ئەوێ.

لە نامەیەکیدا کە لە ٦ی مارتی ١٨٦٩دا نووسیویەتی داخ بۆ ئەوە دەخوات کە بە بۆنەی ئیشکردنیەوە لە زەوییەکەی خۆیدا چ کاتێکی بەنرخی لە کیس چووە و چۆن وەرگێردراوی "مێژووی نوێی کوردان"*، کە کاتی خۆی پێشەکییەکەی ناردبوو، هەروا لە سمیرنا ماوەتەوە. لە نامەکانیدا چەندین جار نارەزایی ژابامان بەرچاو دەکەوێت کە، بەڕای خۆی، ئەو کارەی ئەنجامی داوە زۆر کەمە و، چەند ساڵێکی زیاد لە پێویستی بە دانانی فەرهەنگەکەوە کوشتووە. لە نامەیەکیدا دەڵێ: "سەربارى ئەو دڵ ساردبوونەوەیەی لە سانت-پیترسبورگ تووشی بووم، هێشتا هەر ئومێدبڕاو نەبووم و، بەردەوامم لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانمدا."(٤٧) ژابا لەو سەردانانەیدا هێندە سەرقاڵی بژێوی ٩ منداڵەکەی و نان پەیداکردن دەبوو کە چیتر کاتی ئەوەی نەدەما چاوی بە دۆست و هاورێ کوردناسەکانی بکەوێت. لە نامەیەکیدا کە سوپاسی دۆرن دەکات لەسەر ئەوەی پێشنیاری پێکگەیشتن و چاوپێکەوتنی یەکتریانی بۆ کردووە دەڵێت: "من توانای ئەوەم نییە خاوەنی کاتی خۆم بم و سەرپشک بم لە سوودلێوەرگرتنی، تا ئەو کارانەم ئەنجام نەدەم کە لە دێیەکەمدا چاوەڕوانی دەستی منن."(٤٨)

هەواڵنامەی کتێب

بەڵام ئا. د. ژابا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسە رووسە ناسراوەکانی وەک ڤیلیامینۆف-زیرنۆف، ڤیسیلۆڤسکی، دۆرن، لیرخ و چیخاچێیڤدا پەیوەندی هەرمابوو. چیخاچێیف هێشتا لە ساڵی ١٨٥٨دا، کە ژابا لە ئەرزڕۆم بوو، سەردانی کردبوو، ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە "لێکۆڵینەوەکانی ئەم ڕۆژهەڵاتناسە بەتوانایە لەبەرئەوە هێندە جێگای سەرنجن، چونکە ئەم تاکە کەسێکە لەم ڕۆژەدا ئاوا سەرکەوتووانە خەریکی زمانی میللەتێکە، هێندەی کەم ناسراوە هێندەش دێرینە. ئەو تا ئێستا توانیویەتی فەرهەنگ و ڕێزمانێک بۆ ئەو زمانە دابنێ و، من خۆم ئەو دەستنووسە بەبارستاییانەیەم دیوە کە ئامادەن بۆ چاپکردن." (٤٩) ب. ئا. چیخاچێیف سەری سورمابوو کاتێک لەڕێگای ژاباوە زانیبووی کە کورد خاوەنی ئەدەبێکی ڕەسەنە "لەنێوان ئەو بەڵگەنامانەدا کە چەندین ڕەفەی کتێبخانەی ئەو کونسوڵە زانایەیان پڕکردبووەوە داستانی خۆشەویستی "سیاکمید و شەمسی"مان بەرچاو دەکەوێت. بەڕێز ژابا نەک تەنیا وەرگێردراوی کوردی و، تا ڕادەیەک بە شێوازێکی ئەدەبی داڕێژراوی ئەو داستانەی

دامێ، بەڵکو کۆپیەیەکی جوانی دەقەکەی پێبەخشیم و، ڕێگای ئەوەی دام کە بیدەم بە کۆمەڵەی ئاسیاوی فەرەنسا کە بێگومان دڵشاد دەبێت بیلوتێنی خۆی بە ئاسەوارێکی وا دانسقەی ئەدەبی ڕۆژهەڵات دەوڵەمەند بکات.(٥٠) جیخاچێیف ئەو دەستنووسەی، لەگەڵ وەرگێڕدراوە فەرەنسییەکەی و نووسینەوەی بە پیتی لاتینی لە چاپ دا.(٥١)

ژابا هەروەها دۆستایەتییەکی چەند ساڵەی لەگەڵ پرۆفیسۆر موخلینسکیدا هەبووە، کە لە زانکۆی سانت پیترسبورگدا کاری دەکرد و، هەر لە سەردەمی کارکردنیەوە لە تورکیا دەیناسی. هێشتا لە ساڵی ١٨٥٩دا بوو، کاتێک ژابا ئەوە دەترسا دەستنووسەکانی لە کاتی ناردنیاندا بۆ پیترسبورگ ڕەنگە بەیەکجارەکی بزر بین و تێدا بچن، دەستنووسی ڕێزمانەکەی عەلی تەرەماخی بە موخلینسکیدا نارد، پاشانیش موخلینسکی چەندین جار دەستنووسە کوردییەکانی لە تورکیاوە گەیاندبووە رووسیا. ئەلفونسێ کوڕی ژابا قوتابی موخلینسکی بووە لە زانکۆی سانت پیترسبورگ و کۆرسێکی ڕێکوپێکی موحازەرەکانی موخلینسکی سەبارەت ئەدەبی عوسمانی نووسیوەتەوە، کە ئێستا لە ئارشیفی ڕۆژهەڵاتناسانی ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤیێت-بەشی لینینگراد هەڵگیراوە. پەیوەندیی ژابا و موخلینسکی هێندە بەهێز بوو، کە ژابا داوای لەم کردبوو ئەو پارانەی بۆ وەرگرێت کە لە نرخی دەستنووسە فرۆشراوەکانی بە کتێبخانەی گشتی هێشتا بە دەستی نەگەیشتبوون. هەروەها موخلینسکی ئامۆژگاری ژابا دەکات کە ساڵانە دەستنووسە کوردییەکانی بنێرێت بۆ ئا. ف. بیچکۆف، کە جێگری بەڕێوەبەری کتێبخانەکە و پارێزەری بەشی دەستنووس و کتێبە دێرینە چاپکراوەکان بوو. خودی ژاباش هەر نیازی وابوو کە بەردەوام گەنجینەی دەستنووسە کوردییەکانی کتێبخانەکە دەوڵەمەند بکات. بەڵام بەداخەوە، پێدەچێ زۆر لەو دەستنووسانە هەر لە ئارشیفەکەی سمیرنادا مابێتنەوە.

ئێمە هیچ لە دوا ساڵانی ژیانی ژابا نازانین و، دوا کاتی نامە نێردراوەکانی بۆ ئەکادیمیای ئیمپراتۆری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۱۸۸۰ (پاش دەرچوونی فەرهەنگە کوردییە-فەرەنسییەکەی). وا دیارە پاش ئەوەی زۆر بە ساڵاچووە چیتر خەریکی کاری زانستیانە نەبووبێ و دوای مردنی دۆرنیش لەگەڵ ئەکادیمیای ئیمپراتۆری پەیوەندی پچڕا بێت. ژابا هەروەها نەیتوانیبوو وەرگێڕانی "مێژووی نوێی کوردان" تەواو بکات.

ئا. د. ژابا لە ساڵی ١٨٩٤دا و، لە تەمەنی ٩٢ ساڵیدا، لە شاری سمیرنا کۆچی دوایی کرد. ئەو لەناو خزم و دۆستانیدا مرد و، پێش مەرگیشی سوێندی ئافرەتێکی خزمی دەدات کە ئاگای لە ژن و منداڵەکانی بێت. لە

دواساتەکانی ژیانیشیدا رووی دەمی کردۆتە ئەو ئافرەتە برینپێچەی خزمەتی کردووە و وتویەتی: " تۆ ئێستا هاوولاتییەکی خۆت دەبینیت کە لە ولاتی غەریبایەتیدا نزیکی مەرگە." ژابا وەسیەتی منداڵەکانی کردبوو کە بۆ رووسیا دڵسۆز بن. هەواڵی مردنەکەی کۆستێکی گەورەی دانیشتوانی شاری سمیرنا بوو. لە رۆژنامەکاندا چەندین وتار و پرسەنامە بلاوکرایەوە کە باسیان لە چالاکی وخزمەتگوزاری ئەو مرۆڤە زانا و دیبلۆماسییە دەکرد. یەکێک لە رۆژنامەکان نووسیبووی کە: "ئەو دیارترین و بایەخدارترین شەخسییەتی شاری سمیرنا بوو." رۆژێک دواتر ناشتنێکی شایستە و پر رێز، بە ئامادەبوونی کونسولی گشتی رووسیا، سازکرا و فەرماندەی ئەو ناوچەیە دەستەیەک سەرباز دەنێرێت کە لەگەڵ تەرمەکەیدا رێبکەن و دوا رێزلێنانی سەربازییانە بۆ یادی کونسولی پێشووی رووسیا لە تورکیا ئەنجام بدەن.

ئا. د. ژابا مرۆڤێکی زیرەک و بەهرەداربوو، بە چەندین زمانی ئەوروپایی و رۆژهەلاتی دەدوا و دەینووسی، لەو زمانانەی کە بەتەواوی زاڵبوو بەسەریاندا زمانی تورکی و عەرەبی و فارسی و کوردی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە ئاگاداری وزەی بێسنووری کارکردنی ئەوین، بەلام فرەلایەنی و قووڵی توانا و خۆخەریککردنی هەر مایەی سەرسوورمانن. ژابا هەروەها سەرگەرمی کۆکردنەوەی شتی دانسقە و بایەخدار بوو، بۆ نموونە کۆمەڵێک مەدالیای کەم هاوتای هەبوو کە چەند ساڵێک بەر لە مردنی بەخشی بە مۆزەخانەی پیتربورگ.

چالاکیی ژابا، لە کاری کونسولیدا، نەک هەر لە رووسیا بەڵکو لە دەرەوەی ولاتیش نرخێندراو و بایەخ پێدراو بوو. لە ساڵی ١٨٤٦دا میدالیکی رێزلێنان وەردەگرێت لە پاداشتی خزمەتی ١٥ ساڵانەی بێ لەکە و کەموکوریدا (هەر پێنج ساڵ جارێک و، بۆ ماوەی ٢٠-٢٥ ساڵ، مەدالیایەکی لەو چەشنەی پێدەبەخشرا). لە ژونیەی ١٨٥٢دا نازناوی سوارەی "ئانای پیرۆز"ی پێدەدرێت. لە ژانوییی ١٨٥٨دا سولتانی تورکیا مەدالیای مەجیدی -پلەی سێیەمی پێدەبەخشێت لە پاداشتی خزمەتگوزاری کارامانەیدا وەک کونسولی رووسیا. لە ساڵی ١٨٥٦دا خاچی سوارانەی فەیلەقی رێزلێنراوی فەرەنسایی پێدەبەخشرێت. کاتێکیش کارکەنار خرا رێگای ئەوەی پێدرا ئەو بەرگە رەسمییە لەبەرکات کە شایستەی دواپلەی خزمەتگوزاری رەسمی بووە. ناوی ئا. د. ژابا، وەک کۆکەرەوەیەکی کۆڵنەدەری بابەت و دەستنووسی کوردی، بۆ هەمیشە چووە ناو مێژووی کوردناسی رووسییەوە، ئەو دەقانەی ئەو بە چاپی گەیاندوون ئێستاش بابەتی پر بایەخ و دەوڵەمەندن سەبارەت زمان و ئێتنۆگرافیای کورد. فەرهەنگە کوردییە-فەرەنسییەکەی ساڵانێکی

دووروودرێژ (تا دەرچوونی فەرهەنگەکەی ک. ک. کوردۆییف لە ساڵی ١٩٦٠دا) تەنیا یاریدەدەرێکی لەبار و بەردەستی کوردناسان بوو. بێ ئەو دەستنووسانەی ژابا کۆیکردوونەتەوە زۆر شتان دەربارەی ئەدەب و فۆلکلۆر و زمان و ئیتنۆگرافیا و مێژووی کورد بەشاردراوەیی دەمانەوە و لێیان بێ ئاگا دەبووین. بۆیە یادی ژابا بەڕێز و ستایشەوە لە دنیای کوردناسیی وڵاتەکەماندا دەمێنێتەوە.

* ئەم وتارە وەرگیراوە لە کتێبی:
*ئاسەوارە نووسراوەکان و کێشەکانی مێژووی کولتووری نەتەوەکانی رۆژهەڵات. سیمیناری زانستیی ساڵانەی بیست وچوارەمی کۆڕی زانیاری یەکێتی سۆڤیەت -ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسیی بەشی لینینگراد (وتار و هەواڵەکان سەبارەت کێشەکانی کوردناسی)* ١٩٨٩، بەشی سێیەم-چاپخانەی "ناوکا" -مۆسکۆ، ١٩٨٩.


سەرچاوەکان:

١- بۆ کورتە زانیاریەکانی سەبارەت بە ژیانی ئا. د. ژابا سەیری ئەم کارانەی م. ب. رۆدینکو بکە:-

- "وەسفی دەستنووسە کوردییە کۆکراوەکانی لینینگراد"، مۆسکۆ ١٩٦١. ل. ٣٠.

- ئەحمەدی خانی، مەم و زین. دەقێکی رەخنەگرانە، وەرگێران و پێشەکی و پێرستی وشە دەستنیشانکراوەکان لەلایەن م. ب. رۆدێنکو. مۆسکۆ ١٩٦٢. ل. ٦.

- وتاری ک. ک. کوردوییڤ "ئا. د. ژابا و رۆڵی لە گەشەسەندنی کوردناسیدا" رێیاتازە، یریڤان. ١٠/٢/١٩٧٣ (بە زمانی کوردی)

٢- ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی رووسیا. یەکەی پاراستن ١٣٣٠. لیستەی ٢ لێرە بەدواوە زانیاری سەبارەت ژیانی ژابا لە رۆژنامەی "Courrier de Smyrna"وە وەرگیراوە. رۆژی ١٠/١/١٨٩٤. لاپەڕە (١). ئێستا لە ئەرشیفی رۆژهەڵاتناسانی سەر بە ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤیێت هەلگیراوە.

٣- ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی رووسیا. یەکەی پاراستن ١٣٣٠. لیستەی ٢.

٤- ئەرشیفی ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤیێت-لینینگراد. ژمارە ٩٠. لیستەی ٤.

لێرە بەدواوە وەرگێڕانی نامەکانی ژابا لە فەرەنسییەوە بۆ رووسی لەلایەن نووسەری وتارەکەوە ئەنجام دراوە.

٥- هەمان سەرچاوە لیستەی ٧-٨.

٦- هەمان سەرچاوە لیستەی ٩.

٧- ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی رووسیا. یەکەی پاراستن ١٣٣٠. لیستەی ٥٢.

٨- ئەرشیفی رۆژهەڵاتناسانی دانشگای رۆژهەڵاتناسیی بەشی لینینگراد. یەکەی پاراستن ١٣٣٠. لیستەی ٥٢.

٩- ئەرشیفی ئەکادیمیای زانستەکان-بەشی لینینگراد، ژمارە ٢٠ لیستەی ٢٢.

10- A. Jaba. Recueil de notices et recits kourdes. S_pbs.1860.168p.

١١- ئەرشیفی کتێبخانەی گشتی سەلتیکوف-شیدرین. دۆسیەی ژمارە ١٦.

١٢- ئەرشیفی ئەکادیمیای زانستەکان-بەشی لینینگراد، ژمارە ٢٠ لیستەی ٦.

١٣- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٩٠ لیستەی ١١.

١٤- هەمان سەرچاوە.

١٥- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢٠ لیستەی ٥.

١٦- هەمان سەرچاوە.

١٧- هەمان سەرچاوە، لیستەی ٨.

١٨- هەمان سەرچاوە، لیستەی ٦.

١٩- هەمان سەرچاوە، لیستەی ٨.

٢٠- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٧.

٢١- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٩٠، لیستەی ١٢.

٢٢- هەمان سەرچاوە.

٢٣- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢٠، لیستەی ٥٢-١٠١.

٢٤- هەمان سەرچاوە، ژمارە ١٠، لیستەی ٢.

٢٥- هەمان سەرچاوە.

٢٦- بۆ مەلا مەحمودی بایەزیدی سەیری وتارەکەی ێ. تی. ڤاسیلیڤا بکە:- "دانراوەیەکی نەزانراو سەبارەت مێژووی کوردستان" ئاسەوارە نووسراوەکان و کێشەکانی مێژووی کولتووری نەتەوەکانی رۆژهەلات. ١٩٦٧، لاپەڕە ٨-١٠.

٢٧- ئەرشیفی ئەکادیمیای زانستەکان-بەشی لینینگراد، ژمارە ١٠ لیستەی ٢.

٢٨- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢٠ لیستەی ١٨.

٢٩- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢٠ لیستەی ١٠٧.

٣٠- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢٠ لیستەی ٢٣.

٣١- هەمان سەرچاوە.

٣٢- هەمان سەرچاوە.

٣٣- هەمان سەرچاوە.

٣٤- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢٠ لیستەی ١٨.

٣٥- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢٠ لیستەی ٢٠.

٣٦- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢٠ لیستەی ٢٥.

٣٧- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢٠ لیستەی ٢٠.

٣٨- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢٠ لیستەی ١٨.

٣٩- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢٠ لیستەی ٢١.

٤٠- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢٠ لیستەی ١٩.

41-A. Jaba. Dictionnaire kurde_Francais. S. pbg.1879,463p.

٤٢- ئەرشیفی کتێبخانەی گشتی دەولەتی سالی ١٨٦٨، دۆسیەی ژمارە ١٦.

٤٣- بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە دەستهێنانی ئەم کۆمەلە دەستنووسە لەلایەن کتێبخانەی گشتی دەولەتییەوە سەیری وتارەکەی ژ. س. موسایلیان بکە:- "مێژووی کۆمەلە دەستنووسە کوردییەکانی کتێبخانەی گشتی دەولەتی" ئاسەوارە نووسراوەکان و کێشەکانی مێژووی کولتووری نەتەوەکانی رۆژهەلات. سالی ١٩٩٠. ٢٣، ل. ٦٣-٧٠.

٤٤- راپۆرتی کتێبخانەی گشتی ئیمپراتۆری سالی ١٨٦٨. شاری سانت پیترسبورگ ١٨٦٩، لاپەڕە ١٥٩-١٦٧.

٤٥- م. ب. رۆدینکۆ، کۆمەلە دەستنووسە کوردییەکانی ئا. د. ژابا. لینینگراد ١٩٥٧. بەرگی دووەم لاپەڕە ١٦٥-١٨٤، وەسفی دەستنووسە کۆکراوە کوردییەکانی لینینگراد، مۆسکۆ، ١٩٦١. لاپەڕە ١٢٤.

٤٦- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١١٤.

٤٧- ئەرشیفی ئەکادیمیای زانستەکان-بەشی لینینگراد. ژمارە ٩٠ لیستەی ١٤-١٥.

٤٨- هەمان سەرچاوە، لیستەی ١٦.

٤٩- ب. ئا. چیخاچێیف. ئەو نامانەی سەبارەت تورکیان، مۆسکۆ، ١٩٦٠. ل. ٣٧.

٥٠- هەمان سەرچاوە.

51- A. Jaba. Ballade kurde recueillie et tra- duite par A. jaba et communiquee par de Tchi-tiatcheff_Journal Asiatrique,1859,5 ser. t. XIV.p.153_166.

٥٢- ئەرشیفی رۆژهەلاتناسانی دانشگای رۆژهەلاتناسی بەشی لینینگراد، یەکەی پاراستن ١١، لیستەی ١.

* ئەو وشانە لە وتارەکەدا بە پیتی عەرەبی و بەو شێوەیەی سەرەوە هاتوون و ئێمەش لە کاتی وەرگێڕاندا هەر بەو شێوەیە هێشتمانەوە. -وەرگێڕ-

* نووسەری وتارەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە فەقێ مەحموود ئەفەندی هەر هەمان مەلا مەحموودی بایەزیدە، ئیتر روون نییە بۆچی لە ریزی "یاریدەدەرانی تری" ژابادا ناوی دەبات. -وەرگێڕ-

* لە شوێنێکی تری وتارەکەدا نووسەر بە "مێژووی نوێی کوردستان" ناوی بردووە. -وەرگێڕ-

* نووسینی ناوی "سیاکمید" بە رووسی بە شێوەیەکە کە نەمتوانی بیگەڕێنمەوە بۆ هیچ ناوێکی کوردی باو، بۆیە هەر بە شێوەی خۆی هێشتمەوە، رەنگە "سیامەند" بێ. -وەرگێڕ-

هەواڵنامەی کتێب

# مێژووی گەلی کورد

# لە روانگەی سۆسیۆلۆگییەوە

فازیل کەریم ئەحمەد

## پێناسە و چەمک

بەگشتی لەنێو نووسەر و رووناکبیرە رۆژهەڵاتییەکاندا، دارشتنێکی ساکار و شێواو و ناتەواو دەربارەی چەمکی «ژیانی کۆمەڵایەتی» هەیە. هەر نووسەرێک قەڵەمەکەی لە کەند و لەندی ئەم چەمکە بەئاستەم هەڵنگوتبێ، یەکسەر وەکو نووسەک نووسساوە بە بڵاوبوونەوەی دەرد و پەتا و گرانی و قاتوقڕی و رەشەبا و لافاو و بوومەلەرزە و نازانم چییەوە! ئیدی دیارە خۆیشی نەیزانیوە بۆ دەبێ کارەساتی سروشتی و ئابووری و تەندروستی تێکەڵاوبکرێن و لە خانەی «ژیانی کۆمەڵایەتی»دا دانرێن.

یا هەر تەنیا مێژووی سیاسی، بە تۆزی ترش و خوێ و بەهاراتەوە تۆمار کراوە و نێوی لێ نراوە «لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی». تێکۆشەری مرۆڤدۆستی ئازا و نەترس ئیسماعیل بێشکچی [۱] هەلومەرجی خەبات پاڵی پێوەناوە، لە جەغزی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی بۆ جەغزی لێکۆڵینەوەی سیاسی دوورکەوێتەوە، هەرچەند ئەو دەزانێ چی دەنووسێ و بۆچ ئەم رێگەیەی هەڵبژاردووە.

هەرچی «دکتۆر علی الوردی»[۲] یە، وا ئاڵۆدەی «مێژووی سیاسی» بووە، هەق نییە کە نووسینەکانی پاش ۱۹۷۰ی لە ریزی لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵایەتیدا دابنرێن. دیارە باسکردنی پێکدادان و شەڕ و گەڕی عەشایەری و ئایینی و تەشەنەسەندنی نەخۆشی و دزی و درۆزنی تای تەرازووی «ژیانی کۆمەڵایەتی» لەچاو «مێژووی سیاسی» ناگۆڕێ، ئەگەر دەیان لایەنی کەش وەدینەکرێ، ئەم وردە سەرنجانەش لە رادەی نرخی زانستانەی نووسینەکانی ئەم دوو کەڵە نووسەرە کەم ناکەنەوە.

مەبەستی من بێگومان دەیان نووسەری ترە کە رۆژانە رەنگە مرۆڤ بەرهەمەکانیان بخوێنێتەوە و هەمان هەڵە دووبارە بکەنەوە.

ئەوی راستی بێ زاراوەی «ژیانی کۆمەڵایەتی» هەر زۆر زۆر لەم «پێناسە» رۆژهەڵاتییە بەرتەسک و قەتیسکراوە، پان و بەرینترە. ئەم نووسەرانە لەوە ناچێ هیچ سوودێکیان لە کەلەپووری رۆژهەڵات بەگشتی وەرگرتبێت و بەتایبەتی لە "مقدمة"کەی «ابن خلدون».(٣) ئەو نزیکەی شەش سەدە لەمەوپێش رەوتی گۆڕان و دینامیکییەتی سەرجەمی کۆمەڵ و مێژووی لەبەرچاو گرتبوو، نەک خۆی بە تاقە داوێکییەوە خەریک کات لە سەرجەمی هەموو تانوپۆی فەرشی کۆمەڵ.

راستە ئێستا کۆمەڵناسی قۆناخی گروگاڵی بەسەربردووە و پێی ناوەتە قۆناخێکی بەرزترەوە، کە بریتییە لە پەیدابوونی دەیان بەشی جیاجیا و قوولبوونەوە لە یەک بەش، بەلام ئەم بەش بەشکاری و پسپۆر بوون و مووقەڵاشتنە، پێچەوانەی سوودوەرگرتن نییە لە بەشەکانی تر... ئێمە کە لێرە «مێژوو لە روانگەی سۆسیۆلۆگییەوە» دەکەینە بابەتی لێکۆڵینەوە، دەبێ لەلایەکەوە زۆر لە مێژوو دوورنەکەوینەوە، لەلایەکی تریشەوە نابێ سوود لە بەشەکانی تر وەرنەگرین. دەوجا ئەم نووسینە ناگاتە ئاستی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و بەوە رازییە ئەگەر وەکو چەند سەرنج و تێبینییەک بۆ پرۆژەی نووسینی مێژووی کۆمەڵایەتی (ئەگەر) سوودی لێ وەربگیرێت... ئەم هەموو (ئەگەر)ەش یەک لەدوای یەک دەنووسم بۆ ئەوەی بە تەقە نەکەوم و چاوەڕوانی شتێکم لێ نەکرێ، کە من خۆم بە جێگەی ئەو چاوەڕوانییە دانەنابێ...

جگە لەم هەموو بەش بەشکاری و پەرژین و پەرژینکارییە، ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی لەخۆیدا تەنیا بریتی نییە لە رووداوی سیاسی و سەربازی و چالاکی دەوڵەتی، بەڵکوو رادەی پەرەسەندنی ژیانی ئابووری و رامیاری و توێژ و دەستە و تاقمە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵیش دەنوێنێ. هەروەها شێوەی دابەشبوونی ئاسۆیی کۆمەڵیش بەسەر خێزان و بنەماڵە و تیرە و هۆزدا، جیاوازی و ناکۆکی نێوان بەرژەوەندی و شێوەی پێکهاتن و بیرکردنەوە و بنەمای ئابووری دەکرێ ببنە گۆشەنیگایەک بۆ تێگەیشتنی پەرەسەندنی هەر هەموو کۆمەڵ... نابێ ئەوەش لەبیر کەین کە چەمکی «چین و توێژی کۆمەڵایەتی»یش تەنیا بۆ مەبەستی رۆژنامەگەری و پروپاگەندەی سیاسی بەکاردێت. واتە نووسەرێک کە جارێ نازانێ «برجوازی» چییە و ناتوانێ مەبەستی خۆی بە ژمارە و ئەژمار و دۆکۆمێنت روون بکاتەوە و دەوری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم بەشەی کۆمەڵ دیاری کات، یەکسەر دەست دەکاتە جوێندان و قسەی بازاڕی، هەر بۆ ئەوەی خۆی لە مەرجە تیۆرییە سەختەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی بدزێتەوە، دوژمنایەتییە حیزبی عەشایەرییەکەش لە قالبی «تیۆری-سیاسی»دا

بشاریتەوە... ئەگەر سنووری چین و دەستەوتاقم وەلاوەنێین، دەبینین شێوەی نان خواردن و سفرە راخستن و جل لەبەرکردن و خۆشتن، دەشێ وەکو بنەمایەکی بنەڕەتی تری گۆڕانی کۆمەڵ سەیر بکرێن. نۆبەرت ئیلیاس (٤) نموونەی ئەو چینیە دەهێنێتەوە کە بۆ یەکەمین جار چاوی بە دەستووری سفرەڕازانەوە و نانخواردنی ئۆروپییەکان دەکەوێ و چۆن سەری لەوە سووڕدەمێنێ، لەبری نان خواردن بە سەرەچیلکە، چەقۆ و چەتاڵ بەدەستەوە دەگیرێت. چەقۆ و چەتاڵ کە دوو ئامرازی جەنگن چۆن دەبێ بۆ نان خواردن بەکاربێن! کابرای چینی بێگومان ئۆروپییەکان بە درندە و دواکەوتوو دادەنێ، کە داب و دەستووری نان و خوان نازانن. گەر ئێمەش لە هەمان روانگەوە سەیری شێوازی سفرەڕازانەوە و نان خواردنی خۆمان بکەین، دەبینین جیاوازییەکی گەورە لەنێوان شارو لادێدا هەیە. سفرەڕازانەوەی ئەمڕۆ لەگەڵ دوو سەد ساڵ لەمەوپێشیش هەر زۆر جیاوازە. (٥) لە سەردەمی بابانەکاندا نان و خوانی چینی دەسەڵاتدار زۆر جیاواز بووە لەگەڵ شێوەی چینی دەسەڵاتداری جزیرە و بۆتان... قرقێنەلێدان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نیشانەی بەتامی و خواردن بەدڵەوە نووسانە و دوای هەر قرقێنەیەک هەزارو یەک «نۆشی گیان» و «الحمد والشکر» و «عافێت» دێت. لە رۆژئاوادا جێگای شەرمەزاری و بە خۆداشکانەوەیە.. جگە لەمانەش رێکخستنی ژووری نووستن و پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، جۆری گۆرانی و هەڵپەرکێ و شایی و گەرەلاوژە مۆرکی سەردەمیان پێوەیە و دەبێ گۆرانەکان بە وردی رەچاو بکرێن.

تا رۆژی ئەمڕۆ مێژوونووسانمان بەگشتی شەیدای ئەوە بوون رووداوەکان وەکو خۆی تۆمارکەن و زۆر لە شارێی باسەکە دەرنەچن. زۆرجار ئەرکی مێژوونووس راگواستن و کۆکردنەوە و وەرگێڕانی دەقەکان بووە لەسەر رووداوێک یا سەردەمێکی مێژوویی، بەبێ تەتەڵە و شەن و کەو کردن. تەنیا بایەخ بەوە دراوە «چی» رووی داوە نەک «چۆن» و «بۆ» رووی داوە و هەواڵ و گوزارشەکان بە پرسیاری بەجێ گەمارۆ بدرێن. کۆمەڵناس نابێ لە کێوە بەفری نێو دەریا، تەنیا لووتکە ببینێ و تاقەتی پەی کردنی نەبێ و گەورەیی کێوەکەی بۆ نەدۆزرێتەوە.

گەر کەسێک بیەوێ. لە هەر رووداوێک مێژوویی تێ بگات، هەر ئەوە بەس نییە رووداوەکە وەکو داستان و چیرۆکی بن ئاگردان بزانێ. دەبێ پلەی پێشکەوتنی کۆمەڵ بزانێ و شارەزای بنەمای ئابووری بێت و پەیوەندییە کولتووری و فەرهەنگی و سیاسییە تێکچڕژاوەکانی ئەو قۆناخەش لەبەرچاو بگرێت. هەر لەبەر رووناکی ئەم بنەمایانەش دەتوانرێت بەرژەوەندییە جیاجیاکان و لەیەکچووەکان و دژوارەکان دەستنیشان بکرێن و دەوری هەر یەکەیان لە

رەوتی ڕووداوەکاندا پیشان بدرێ. گەر بمانەوێ زاراوەی سۆسیۆلۆگیش بەکاربهێنین دەبێ بگوترێ: بۆ هێنانە بەرچاوی هەر قۆناخ و سەردەمێک پێویستە سترکتووری کۆمەڵایەتی Soziale Struktur پیشان بدرێ و شێوەی داوودەزگا Institution ی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئایینی و ئابوورییەکان ڕوونبکرێنەوە.

هەر بۆ نموونە گەر ئێمە بمانەوێ لە شێوەی سەرهەڵدان و داڕووخانی بزووتنەوەکەی شێخ مەحموودی حەفید تێ بگەین، نابێ ڕووناکییەکە تەنیا لەسەر تاقە کەسێک بێت و تەواوی بارودۆخی ئەو سەردەمە و هێزە بنەڕەتییە بزوێنەرەکان فەراموش بکرێن. دەبێ بزانین چ بەرژەوەندییەکی ئابووری و فەرهەنگی و سیاسی لە ئەنجامی سەرکەوتنی جووڵانەوەکە وەدیکراوە، لەلایەن چین و دەستە و تاقمە جیاجیاکانی کۆمەڵەوە. ئایا (ئینستیتووتسیۆن)ێک هەبوو کە هەر هەموو جووڵانەوەکە هەڵسووڕێنێ، کە چەندین بەرژەوەندی بەهێز پشتگیریان لێ دەکرد و ڕێگەی پڕ لە کۆسپی سەرفرازیان بۆ خۆش دەکرد یا جووڵانەوەکە خۆی بۆ خۆی ئینستیتووتسیۆنێکی پێکهێنابوو و بەرژەوەندییە دژوارەکانی لەژێر یەک چەتردا کۆکردبووەوە؟ گەر بتوانرێ بۆ هەر بۆچوونێک کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ، بە ئەژمار و بەڵگە بسەلمێنرێت، ئەوە دەتوانرێ چاتر لە پەند و تاقیکردنەوەی ئەو قۆناخە مێژووییە سوود وەربگیرێت و مرۆڤ بەئاسانی خۆی لە قسەی ناڕەوا و بێ سەروبەر بپارێزێ.

بێگومان یەکێک لە کەموکورییە هەرە گەورەکانی دەورانی شێخ مەحموو کزی و لاوازی و بێ بنکەیی ئینستیتووتسیۆنی دەوڵەتی و بەڕێوەبەرایەتی و سیاسی و ئابووری بووە... بۆ؟

ئینستیتووتسیۆن وەکو هەر داموودەزگایەکی تر لە بۆشی و بەتاڵییەوە نایەتە کایەوە و دەبێ پێویستی مادی ناچارکەر دروستی بکات. ئەم پرۆسەیەش کاتێکی زۆری دەوێ بۆ ئەوەی وەکو کیانێک خۆی بسەپێنێ و بشتوانێ درێژە بە بوونی خۆی بدات. داموودەزگا، بە بڕیاری تاقە کەسێک پێک نایەت، ئەگەر پێکیش هات، توانای خۆڕاگرتن و بەردەوامبوونی نابێ و بە پاڵێکی دەرەکی دادەتەپێ. گریمان مەودای نێوان تێکدانی میرنشینی سۆران و بۆتان و بادینان و بابان (ناوەڕاستی سەدەی ١٩) تا دەگاتە بزووتنەوەکەی شێخ مەحموود ساڵی ١٩١٨ ئەوەندە زۆر نەبوایە، ڕەنگە ئەو بزاڤە سیاسییەی پاش جەنگی جیهانی یەکەم هێندە لاوز و بێ ئەنجام نەبوایە. واتە تا دەمەوبەری جەنگی جیهانی یەکەم میرنشینەکان درێژیان کێشابایە، ئەوکاتە لەسەر پاشماوەی داوودەزگای میرنشینەکان، زووتر داوودەزگای نوێ دروست دەبوو، دەشتوانرا بە زەبری هێزی عەسکەری و

ئابووری و سیاسی، سەربەخۆیی کوردستان بڕیار بدرێ و (٧) کۆلۆنیالیستەکان و کۆنەپەرستانی ناوچەکەش دانیان بەو ڕاستییەدا دەنا و هاوکێشەکە بە چەشنێکی دی دەگۆڕا...

نە حەمەدی شاعیر «باسی تەشکیلاتی سانی» دەکرد بۆ پێکەنین و نە شوکری ترسی لێ دەنیشت «ئیشی ڕوو لە هەوراز» سەرولێژ بکرێ و نە جەمیل صائیبیش ئەو خەونە سامناکەی دەبینی... هتد.

نەمانی داوودەزگای میرنشینی و گرێدانی ڕاستەوخۆی کوردستان بە بەغدا و مووسڵ و تاران و تەوریزەوە، بوّتە هۆی زاڵبوونەوەی گیانی عەشرەتگەری و تایەفەگەری و زاڵبوونی دەسەڵاتی داگیرکەری دەرەکی... تا لەوکاتە شێخ مەحموود ویستوویەتی داوودەزگای دەوڵەتی پێکەوە بنێ، کە بەرامبەرەکەی لە گەرمەی پێکەوەنانی دەوڵەت بووە، لەسەر حیسابی ئەو، واتا زەمینەی بەرژەوەندی ئاوەژوو لەئارادابووە. دەسەڵاتی کۆنترا Kontra لە کوردستاندا هەبووە و سوود و قازانجی خۆی لە دژایەتیی حکوومەتی کوردستان و خۆگرێدان بە بەغداوە بینیووە...

ئەو گیروگرفتانەی ئێستا لە بەردەم حکوومەتی کوردستاندا قوت بوونەتەوە، هەر یەکجار سروشتی و ئاساین. لە وڵاتێکدا پێشتر خاوەن داوودەزگای خۆی نەبووبێت، هەرچی داوودەزگای ئابووری و فەرهەنگی و ئیداریش هەیە، بۆ سەرکوتکردن و توانەوە و گرێدان بە پایتەختی حکوومەتی مەرکەزییەوە بووبێت، لە شوێنێکی وادا، هەر لەپڕ هێزە سیاسییە -تا ڕادەیەکی گەورە- لاوازکراوەکان دەکەونە بەردەم ئەرکی پێکەوەنانی ئینستیتووتسیۆنی دەوڵەتی و سیاسی و ئابووری و بەڕێوەبەرایەتی و...هتد مەسەلەکە هەر نەبوونی کادر و کەسانی شارەزا و پسپۆڕ نییە، هەر نەبوونی کولتووری دەوڵەت بەڕێوەبردن نییە، بەڵکوو پتر نەبوون و لەدایک نەبوونی داوودەزگای بیرۆکراسییە -بەگوێرەی پێناسەی ماکس ڤیبەر Max Weber-.

واتە ئینستیتووتسیۆنەکان خۆیان خۆیان بەڕێوەبەرن و خۆیان بژێنن، بەشێوەیەکی ئۆتۆنۆم و بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی. ئەم هەلو مەرجەی کە لە ١٩٩١وە هاتۆتە دی، گەر لە ساڵی ١٩٧٤ بوایە، هیچ سەرئێشە و بێنەوبەرەی ئاوەوەی لێوە پەیدا نەدەبوو. بەگوێرەی دۆخی ئەو زەمانە داوودەزگا پێکهاتبوو، کە لە ماوەی چواردەساڵدا لەسەر بەڕێوەبەرایەتی و ڕێکخستنی ژیانی خەڵک قاڵ ببوو. دەسەڵاتی ناوەندی پارتی دیموکرات و هێزی پێشمەرگەش هێندە توند و تۆڵ بوون، کە بواری سەرپێچی و لادان تا ڕادەیەکی زۆر کەم بێت... سەرەڕای هەل و مەرجی نەبوونی ئینستیتووتسیۆنی تایبەت، نائارامی ئابووری و هەڕەشەی هێزە دەرەکییەکان و نەمانی گوندەکان و... هتد. هەر هەمووی ئاوەژووی ئارەزووی پێکەوەنانی

حکومەتە و ئەرکی دابین کردن و بەڕێوەبەرایەتی گران دەکات.

بۆیە دەبێ کۆمەڵناس ئاسۆی ڕوانینی بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان فراوانتر بێت، نەک تەنیا لایەنێک لەبەرچاو بگرێت. نابێ سامانی زانستی کۆمەڵناسیش فەراموش بکرێ و چەمک و زاراوە تایبەتییەکانی پشتگوێ بخرێت. هەروەکو چۆن لە بواری فیزیک و ئەندازیاری ناکرێ چاو لە پێشکەوتنی ئەو بەشانەی زانیاری بنووقێنرێت و هەر جارێ لە سفرەوە دەست پێ بکرێتەوە. لە کۆمەڵناسیشدا هیچ زەرەرێک ناکرێ، ئەگەر مرۆڤ ئاگای لە نوێترین شێوازی لێکۆڵینەوە بێت و سوود لە دۆزینەوەی نوێ وەربگرێت.

## ئایا شاخی زەردە بە دەرزی کون دەکرێ؟

کورد لەبەرئەوەی دەوڵەتێکی سەرانسەری سەنترالی نەبووە، بۆیە نەتوانراوە مێژووی کۆن و نوێی بە ڕێکوپێکی تۆمار بکرێ. ئەوەی نووسراویشە نەپارێزراوە و بەشێکی کەمی نەبێ لەبەردەمی قەپیلکی رزین و فەوتان دەربازیان نەبووە. سەرەڕای شالاوی پەلاماردانی بەردەوام و لەشکرکێشی بێژمار و وێرانکردنی تەڕو وشک، دانیشتووانی ئەم وڵاتە هەمیشە قڕیان تێ خراوە و دارا و نەداریشیان تالان کراون و هیچ شتێکی بەنرخ نییە، مەگەر بەڕێکەوت، لە دەست خاوەنەکەی دەرنەکرابێ. ئەوەی ئەمڕۆ ڕژێمی فاشیی بەغدا بەسەر کوردیا هێناوە، یەکەمین و دواهەمین کاری دڕندانەی دەوڵەتان نییە، بەرامبەر بە گەلێک کە لەسەر بوون و مانەوە سوورە. هەروەکو چۆن ئەمڕۆ بەچاوی خۆمان دەبینین چۆن مێژووی گەلی کورد و کەلەپووری نەتەوایەتی دەشێوێنرێت، لە سەردەمانی تریشدا بەهەمان شێوە هێرش کراوەتە سەر گەلی کورد و هەوڵی لەنابردنی دراوە، بە سەدی سەدیش کوتومت نەگەیشتبێتە فراوانی و بەربڵاوی دڕندەیی پەلاماری ئەمجارە. جا گەلێک داوودەزگای دەوڵەتی نەبووبێت بۆ پاراستن و گەشەپێدانی ژیانی رۆشنبیری خۆی و هەمیشە ملی لەژێر چەقۆی دوژمناندا بووبێت، هەر باشە ئەو برە بەرهەم و دەستنووسەی بۆ دەرچووە پرشنگ و ڕووناکیان بەم سەردەمە گەیشتوون.

نەبوونی داوودەزگای دەوڵەتی، نەبوونی پاداش و شەکراو بەشینەوە، نەبوونی هاندەر و بزوێنەر بۆ نووسینەوە و پاراستنی دەستنووس و دیوانی شیعر و بەڵگەنامە و...هتد کاری خراپی کردۆتە سەر هەست و هۆشی شاعیر و نووسەر و زانایان و نائومێدی کردوون لەوەی ویستوویانە ئەنجامی بدەن و زۆربەی ئەو بەرهەمانە لەوە دەچن کە نووسەرەکان بۆ خۆیان یا بۆ بازنەیەکی زۆر تەسک نووسیبێتیان، نەک ئاراستەی سوڵتان وخاوەنشکۆ و دەوڵەت کرابن. میرنشینە کوردەکان لەوە ناچێ

روویان لە زانا و نووسەر و شاعیران نابێ، ئەگیان خانی نەیدەنووسی:

کەس ناکتە میتر خوە جامی
رانگرتن کسک نظامی

دیارە سیستەمی میرنشینە کوردەکان نەیانتوانیوە نازی شاعیر و خاوەنبیر و قەڵەم بکێشن و هێندەی بایەخیان بە مەیتەر و نۆکەر داوە، نیو ئەوەندەش ئاوڕیان لە خەڵکانی رووناکبیر نەداوەتەوە. هۆکەی هەر سەرقاڵ بوون بووە بە شەڕ و شۆڕ و خۆ تەیارکردن بۆ هێرش و بەرەنگاری ومیا کەم دەرامەتیی میرنشینەکان بووبێت ئەوە ناتوانم لێرەدا وا بەپەلە وەڵامیان بدەمەوە. پتر ویستم سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رابکێشم کە میرنشینەکان بەگوێرەی پێویست لایان لە خەڵکی خاوەنبیر و قەڵەم نەکردۆتەوە و بەمەش زیانێکی زۆر لە مێژووی رابردوومان کەوتووە. ئێستاش داوودەزگایەکی دەوڵەتی نییە تا پێویستی بە ئاوڕدانەوە بێت لە کولتوور و سامانی رووناکبیری گەلی کورد. بەپێچەوانەوە زۆربەی دەستنووسەکان بەسەر دەیان کتێبخانە و مۆزەخانەی دەوڵەتانی دوور و نزیکدا پەرش و بڵاوکراونەتەوە. جاری وا هەیە دەسکەوتنی کۆپیی دەستنووسێک، ساڵێک ئەمسەر و ئەوسەر و چەرمەسەری دەوێ.

ئەوە کەسەی شێت و دێوانەی ئەدەب و ژیانی رووناکبیری گەلەکەی بێت، دەبێت بیست هێندەی نووسەرێکی عەرەب یا تورک یا فارس خۆی هیلاک و ماندوو بکات تا لایەنی کەمی سەرچاوەی بۆ لێکۆڵینەوەکەی چنگ دەکەوێ. جاریێ لە سەرانسەری کوردستاندا ناوەندێک یا کتێبخانەیەک نییە یەک لە دەی کتێب و دەستنووس و بەڵگەنامەی تێدا کۆکرابێتەوە یا کۆبکرێتەوە.

ئەوەی هەمانە و نیمانە بەسەر کتێبخانەکانی عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا و رووسیا و ئەرمەنستان و میسر و ئەڵمانیا و فەرەنسا و یۆنان و ئازربایجان و ئەمریکا و ئیتالیادا وەکو ئاردی ناو درکیان لێ هاتووە. نووسەرێکی تورک یا عەرەب یا فارس ئەگەر تەنیا زمانی دایکی بزانێ و هیچی تر، رەنگە لەسەر هەر شتێک ئارەزوو بکات، سەرچاوەی پێویستی دەست کەوێ. بەڵام بۆ کوردێک کە زمانی دایک و دوو سێ زمانی تریش بزانێ، ئەوە هێشتا لە کوێیەتی، ملی ئەسپەرێی زەردە و ماهان بگرێ و بەو ئەنجامەش نەگات کە خۆی دەیەوێ. با نووسەرێکی کەرکووکی یا هەولێری کە رەنگە جگە لە کوردی، عەرەبی و تورکی بەچاکی بزانێ و بیەوێ لەسەر مێژووی شاری حەلوان (دیارە کاتی خۆی نێوی ئەڵوەن بووە و عەرەبەکان گۆڕیویانە)[٨] یا شاری دینەوەر بنووسێ، چۆن و لە کوێوە دەست پێ دەکات ئەگەر فارسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی و رووسی و یۆنانی نەزانێ! ئەم جگە لە زمانی هاخامنشی و خەتی بزماری و هەزارویەک کۆسپ و تەگەرەی تر... ئەو نووسەرە رەنگە

له ناميلكەكەی مەلا جەمیل رۆژبەیانی چاکتری بۆ نەنووسرێ.(٩)

سەرەڕای دەسەڵات شکان بەسەر چەندین زمانی زیندوو و مردوودا، هێشتا کاکی نووسەر ناتوانێ بە مەبەست بگات و لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی رێکوپێک بنووسێ، ئەگەر چاوی بە ئەندامی پشکنین و لێتوێژینەوەی ئەرشێۆلۆگی لەسەر ئەم ناوچەیە نەکەوتبێ ئینجا بۆ بێ ئیقبالی چارەنووسی نووسینەکەی، نە لە دینەوەر و نە حەلوان (ئەڵوەن) و نە لە هیچ شوێنێکی تری ئەم وڵاتە، هەڵکۆڵین و پێکەوەنان و گەڕانی ئەرشێولۆگی ورد و فراوان نەکراوە. جا ئەگەر دەستنووس نەبێ و لێتوێژینەوەش نەکرابێ و لە رووی ئیتنۆگرافی و زمانەوانی و کۆمەڵایەتیشەوە، هیچ کارێکی زانستی لەبەردەستا نەبێ، با هەر براماں قوڵی لێ هەڵماڵیبێ و ژیانی خۆی تەرخان کردبێت بۆ نووسینی مێژووی شارێک لە شارەکانی کوردستان.

بۆ نووسەرێکی عەرەب یا تورک یا فارس کە دەیەوێ دەست بە نووسین بکات لەسەر هەر شارێک یا هۆزێک یا ناوچەیەک رەنگە لەبەر زۆری کتێب و دەستنووس و بەڵگەنامە سەری لێ تێک بچێ و نەزانێ لەکوێوە دەست پێ بکات، هەر بۆ نموونە لەسەر شاری بەغدا یا بەسرە یا کوفە یا شیراز یا تاران...هتد. دەبێ نووسەر خۆی تەنیا بۆ یەک خاڵ و یەک قۆناخ یا ماوەیەکی زۆر کورت، لێکۆڵینەوەکەی تەرخان کات، نەک بە ساڵان بەدوای یەک سەرچاوەدا بگەڕێ و دەستیشی نەکەوێ...

نووسینی مێژووی کۆمەڵایەتیی گەلی کورد ئەوەی بیر خستمەوە کاتێ خۆی ١٩٧٧ پێشمەرگەیەک بە (حەمەی تەلە)ی گوتبوو: ئەرێ حەمە ئەم شاخی زەردەیە بە دەرزی کون دەکرێ؟ ئەویش گوتبووی نەوەڵڵا. جا نووسینی مێژووی کۆمەڵایەتیی گەلی کوردیش هەر لەوە دەچێ یەکێک بیەوێ شاخی زەردە بە دەرزی کون بکات. دیارە کون کردنی زەردە لەبەردەم هێزی تەکنۆلۆجیای ئەمڕۆدا کارێکی خەیاڵی نییە. ئێمە لەبەر ئەوەی نە تەکنۆلۆجیای نوێمان هەیە و نە لە سەدەکانی پێشووەوە هیچ ئامرازێکی ئەوتۆمان بۆ بەجێ ماوە، بۆیە هەر دەبێ دەرزییەکەی حەمە تەلە بەدەستەوە بگرین یا قوڵنگی فەرهاد بخەینە سەرشان و روو بکەینە زەردە.

دەمەوێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، کە هەندێ کەڵە نووسەری کورد یا دۆستی کورد و پێش ئێمە رچەیان شکاندووە و شانیان داوەتە بەر گابەرد و تاوێری ئەم شاخە بە هەوڵی بێوچان و سەبری ئەیووب رێگایان هەموار کردووە و بڕێکیان لە تەختی شاخەکە هەڵکۆڵیوە. ئەوەی مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیس لە (یادی مەردان)(١٠) دا کردوویەتی و سەدان پارچە شیعر و بەڵگە و نامە و زانیاری وردی لەسەر ئەو هەموو شێخ و مەلا و زاهید و سۆفییە کۆکردۆتەوە و لە فەوتان

کتێبخانەی کوردی

رزگاری کردوون خزمەتێکی گەورەیە بە مێژوو. هەرچەند نووسینەکانی ئەو لە پلەی یەکەمدا مێژووی ژیانی پیاوانی ئایینیە، کە بە هاگیۆگرافی Hagiographic ناودەبرێ، بەڵام هیچ مێژوونووسێکی ئۆروپی ناتوانێ مێژووی ئایینی پشتگوێ بخات وەکو مێژوونووسە کوردەکان کردوویان بە پیشە. هەموو مێژووی ئەڵەمان لە مارتن لۆترەوە دەست پێ دەکات و زمان و ئەدەبی ئەڵەمانیش هەر لەوەوە دەست پێدەکات و کەسیش ئەمە بە پەشم نازانێ.

ئاغای مسعود گلزاری لە (کرمانشاهان-کردستان)(١١) دەیان شوێنەوار و ئەشکەوت و گۆڕستان و حەمام و پرد و مزگەوتی شار و دێ گەڕاوە و ئەرکێکی بێوێنەی کێشاوە لە بواری ئەرشیۆلۆگیدا و زانیارییەکی یەکجار گرنگی سەبارەت چەند ناوچەیەکی کرماشان تۆمارکردووە و بریا لەنێو فارساندا یەک دوو زانای مرۆڤدۆستی وەکو ئەو هەڵدەکەوت.

مامۆستا صدیقی صفی زادە (بۆرەکەیی) لە (مێژووی وێژەی کوردی) (١٢) دا نێوای شاعیری ئەوتۆی نووسیوە کە ٩٩ لە سەدی رووناکبیرانی کورد ناویشیان نازانن. ئەم بەرهەمی مامۆستا بۆرەکەیی تەواوکەری نووسینەکانی تریەتی سەبارەت (یارسان). لە رێگەی ئەم نووسینەوە دەردەکەوێ چەند سەدەیەک پێش نالی و سالم و کوردی بە شێوەی کرمانجیی خواروو (شارەزووری) شیعر هۆنراوەتەوە و لە سەدەی سێیەمی هیجریشەوە بە شێوەی گۆرانی شیعر و سروودی ئایینی هۆنراوەتەوە...

مێژوونووس عبدالرقیب یوسف لە (الدولة الدوستکیة) و لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوە ئەرشیۆلۆگی و ئێتنۆگرافییەکانیدا قوتابخانەیەکی نوێی دروست کردووە و سەرنجی رووناکبیرانی ئەم سەردەمەی بۆ گرنگیی شوێنەوار و کەلەپووری نەتەوەیی کێشاوە. یەکەمین کوردیشە کە سەرەڕای تۆمارکردنی رووداوە عەسکەری و سیاسییەکانی مەلیکەکانی دۆستکییەکان، بایەخی بە ستڕکتوور (struktur)ی کۆمەڵی ئەو سەردەمە لە رووی ئابووری و فەرهەنگی و ئایینی و یاساییەوە دابێت، بەبێ ئەوەی لە زانستگە و بواری ئەکادیمیدا پێگەیشتبێت و شارەزای تیۆرییە سۆسیۆلۆگییەکان بێت، کەچی زۆر کەس کە خاوەن شەهادەی ئەکادیمیی "بەرز" نەیان توانییوە سوود لە نووسینەکانی ئەم وەربگرن.

مامۆستا مەسعوود محەمەد لە (حاجی قادری کۆیی)دا، فێرمان دەکات چۆن نیشانەی پرسیار بکەینە ئامرازی لێکۆڵینەوە و پشکنین و چۆن هەر هەموو هەواڵ و گوزارشەکان بە پرسیار و گومان دەمان گەێنێتە سەرچاوەی راستی و لە هەڵە و کەموکوڕی دوورمان دەخاتەوە.

شاکارەکانی شەرەفخانیش سەرمەشقی

مێژوونووسانی کورده و بەردی بناغەی مێژووە و ئەم کارە خۆی لەخۆیدا بەشدارییەکی گەورەی پرۆسەی خۆناسینەوە و خۆدۆزینەوە و خۆجیاکردنەوەی گەلی کوردە. شەرەفخان ناوچەگەریی نەکردووە و چاوی ئەمپەڕو ئەوپەڕی سنووری کوردستان و دانیشتوانی بینیووە و مێژووەکەی سەرەمەستی کردووە و یەکە بە یەکە بنەماڵە و خانەدانانی کوردی بەسەر کردۆتەوە و کەسیانی پشتگوێ نەخستووە. لە گێڕانەوەی رووداوەکاندا تا رادەیەکی گەورە جڵەوی بۆ سۆز و خەیاڵ شل نەکردووە و بەگوێرەی بیرو هۆش و رووناکبیریی ئەو سەردەمە بابەتی بووە...

لە مێژوونووسانی ئەم سەدەیەشدا محەمەد ئەمین زەکی بە (خلاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) و (تاریخی ولاتی سلێمانی) قۆناخی دەروست کردووە. بەرهەمەکانی ئەگەرچی ئەمڕۆ دەتوانرێ فراوانت و وردتر بنووسرێنەوە، بەڵام دەورێکی گەورەی لە دروستکردنی هەستی ناسیۆنالیستی کورددا بینیووە... داخەکەم دوای ئەمین زەکی کەسانی وا نەهاتونەتە کایەوە ئەو شاکارانەی ئەو تەواو بکەن و درێژە بەو رێبازە بدەن.

## مێژووی کۆمەڵایەتیی میرنشینەکان:

یەکێک لە خاسیەتە تایبەتییەکانی مێژووی گەلی کورد، بوونی ژمارەیەکی زۆر میرنشین و دوڵەتۆکەیە، کە لە شەرەفنامەدا نێوی پەنجا و پێنجیان هاتووە. هەر میرنشینێک خاوەن کەسایەتیی تایبەتیی خۆی بووە و هەوڵی داوە قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایەتی بۆ هەموو ولاتی کوردستان فراوان بکاتەوە. تێگەیشتنی تایبەتمەندییەکانی میرنشینەکان یارمەتیمان دەدەن، لە کۆمەڵی ئەمڕۆی کورد چاکتر تێبگەین. هەر دوور نەڕۆین بزاڤی نەتەوەیی و بزووتنەوەی رووناکبیری نوێ لە هەناوی هەندێ لە میرنشینەکانەوە رووی داوە و مۆرکی میرنشینەکانی (بابان و بۆتان)ی بە خۆیەوە گرتووە. جووڵانەوەی ئایینی و ئەدەبێ و هونەریش بەبێ کارتێکردنی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ستركتووری میرنشینەکان نەبووە. بۆیە دۆزینەوەی ئەم پەیوەندییە تێکچڕژاوە، تێگەیشتنی ژیانی سیاسی و فەرهەنگی و هونەری و رووناکبیریمان ئاسانتر دەکاتەوە.

هەر میرنشینێک لەلایەن بنەماڵەی میرەوە بەڕێوە براوە و کەسی نەیتوانیوە بەتۆپزی ناوەندی دەسەلات لە دەست بنەماڵەی میر دەربهێنێ. کارە گرنگەکان بەسەر ئەندامانی بنەماڵەدا دابەشکراون. بەگشتی کاروباری رەسمی تریش بە بنەماڵەی لێزان و بڕواپێکراوان بووە وەکو بنەماڵەی (مصرف) لە میرنشینی بابان و بنەماڵەی (وەزیر) لە میرنشینی ئەردەلان... میرنشینەکان بەگشتی پڕ هەرا و کێشە و شەڕوشۆڕ بوون،

هەواڵنامەی کتێب

چونکە میر و نەجیبزادەکانی تر لەگەڵ یەکتردا گونجاو و تەبا نەبوون. لەوە دەچێ هەر پاشا و بەگێکیش نزیکەی هەزار کەسێکی بە دەورەوە بووبێت و ئەمەش زەمینەیەکی چاک بووبێت بۆ دەستێوەردانی دەرەوە.

هەر جارێک میر لەگەڵ دەوڵەتێکی دراوسێ ناکۆکی هەبوو بێت، هانی یەکێک لە نەیارانی میر دراوە و شەڕی براکوژی بەرپاکراوە. ئەو زەمانەش دەوڵەتانی دراوسێ هەروەکو ئێستا ناکۆک و ناتەبا بوون و هەمیشە سەرقاڵی دەستێوەران و خۆشکردنی شەڕی لابەلا بوون، ئەمەش بەجارێ گەشەکردن و پێشکەوتنی میرنشینەکانی لە گرێژنە دەرکردووە و لە ناوەوەش بەتەواوی هەڵۆڵی کردوون و دایتەپاندوون.

گیانی خۆ بە کورد زانین و خۆجیاکردنەوە لەگەڵ گەلانی تردا تا رادەیەک لەنێو میران و رووناکبیران بەهێز بووە. ئەز نامەوێ شیعرەکانی خانی و خانای قوبادی و شێخ رەزای تاڵەبانی و...هتد وەکو نموونە بێنمەوە. شەرەفخانیش لە شەرەفنامەدا بەوردی روونی کردۆتەوە مەبەستی لە کورد و کوردستان چییە و ئەگەر کەسێک نەک تەنیا دێڕەکان بەڵکوو واتای نێوان دێڕەکان بدۆزێتەوە، دەتوانێ لە بۆچوونی ئەویش تێ بگات. مرۆڤ دەبێ بۆ نموونەی تریش بگەڕێ. سلیمان پاشای بابان رەنگە یەکێک بێت لەو کەسانەی ئەم بۆچوونەی جوانتر و ئاشکراتر دەربڕیبێت، کە بە تاقە بەیتێک کە لەسەر مۆرەکەی هەڵکەنراوە، خۆی (وەکو نوێنەرەوەی میرنشینی بابان) و فەرمانڕەوایانی فارس و تورکی ناسیووە:

ننوشم عراب و نپوشم قەبا
قول چهار یارم سلیمان بەبا

ئەوەکو فارسەکان شەراب دەخۆمەوە و ئەوەکو تورکەکانیش کەوام لەبەرە. من بەندی چوار خەلیفەی راشدیم و نێویشم سلیمان بابانە. (١٣)

ئەمە خۆناسین و خۆجیاکردنەوەمیە، بەڵام زۆر درشت و زبر و رەق و تەق نییە. وەکو بەندێکی چوار یار خۆی پیشان دەدات و نەک وەکو بەندێکی خەلیفەی عوسمانی یا شای قاجار (نە مەحکومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوثمان بوو) ئەگەر مامە شێخ ئیجازەی قەرزکردنی ئەم نیوبەیتە بدات.

ئەوەی بەوردی بروانێتە مێژووی میرنشینەکان یەکسەر ئەو راستییەی بۆ دەردەکەوێ، کە میرنشینەکان پەیوەندی ئارەزوومەندانەیان بە ناوەندی دەوڵەتەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستەوە نەبووە. زۆربەیان ویستوویانە سوپای هێرشهێنەر لە دەرەوەی سنووری میرنشینەکەیان راگرن و تەفروتوونیان کەن.

هەر میرنشینێک داوودەزگای نیمچە دەوڵەتی هەبووە بۆ بەڕێوەبردنی ئیش و کاری ئابووری و سەربازی و ئایینی و بەڕێوەبەرایەتی و...هتد. هەرچەند بە

شێوەیەکی گشت زۆر گەشەکردوو نەبوون، بەڵام پێویستی بەڕێوەبەرایەتی دروستی کردوون، بەبێ ئەوەی بگەنە ئاستی سەربەخۆیی و دوورکەوتنەوە لە سێبەری دەسەڵاتی میر.

لەبەر قاپی سەرا، صەفیان دەبەست، شێخ و مەلا و زاهد
مەطافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت. گردی سەیوان بو
لەبەر طابوری عەسکەر رێ نبو بۆ مەجلسی پاشا
صدای موزیقە و نەققارە، تا ئیوانی کەیوان بو[١٤]

زانینی هێز و توانا و شێوەی پێکهاتنی هەر داوودەزگایەک یارمەتیی رووناکبیران دەدات، بابەتیانەتر بڕواننە رووداوەکانی ئەو سەردەمە و هەروا بەئاسانی بڕوایان نەکەنە دیاری بۆ هەر هەواڵ و گوزارشێ کە لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە پێیان دەگات. هەر بۆ تێگەیشتنی دەسەڵاتی داوودەزگای ئایینی لە سنووری میرنشینێکدا، دەبێ شێوەی پێکهاتنی ئەم دەسەڵاتە شیکرێتەوە و سنووریشی بزانرێ، ئەگینا مرۆڤ بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندنی هەندێ رووداوی مێژوویی بەئاسانی بە تەڵەی هەڵەوە دەبێ.

راستییەکەی ئەوەیە بڕیاری دانانی زانا و عالیم و قازی لە شوێنی گرنگ بە دەست میرەوە بووە، هەر ئەویش لە شێوەی (وەقف)دا مووچەی بۆ بڕیونەتەوە. ئەمەش پێشەکی ئەوە دەگەیێنێ، کە چۆن ئەندامانی ئەم داوودەزگایە، لەبەرئەوەی سەربەخۆیی ئابووریان نەبووە سەرچاوەیەکی دارایی تریان نەبووە. جگە لە چاوەڕوانکردنی خەڵات و بەرات میر و بەگزادەکان وزە و توانای دژایەتی و بەربەرەکانێی سیاسیان بۆ نەماوەتەوە. هەمیشە دەستی دەسەڵاتی سیاسی باڵاتر بووە و بڕیاری دانان و لادانیش هەر بە دەست وانەوە بووە، نەک ناوەندێکی ئایینی سەربەخۆ وەکو کڵێسەی کاتۆلیکی. ئەوەی پێچەوانەی بەرژەوەند و ئارەزووی دەسەڵاتی سیاسی هەڵسورابێت یا هەر دەمی هەڵهێنابێتەوە، تووشی سزا و چەرمەسەری و تەنگ پێهەڵچنین و دووخستنەوە و دەربەدەری بووە، دەرکردنی زانای مەزن ئیبن ئادەم[١٥] پاش دروستبوونی ناکۆکی لەگەڵ پاشاکۆرە و دەستبەسەرکردنی لە گوندی رۆستی، رادەی قورسی تای تەرازووی دەسەڵاتی سیاسی لەچاو دەسەڵاتی ئینستینووتسیۆنی ئایینی دەردەخات. تەنانەت رابەرێکی ئایینی گەورەی وەکو مەولانا خالیدی نەقشبەندی کە هەزاران موریدی بووە و بەگوێرەی قسەی کلۆدیۆس ریچ میر فلانی بۆ تێکردووە و دەسەڵاتی گەیشتۆتە رادەیەک کە مەترسییەکی تەواوی بۆ ئینستینووتسیۆنی سیاسی دروستکردووە، نەیتوانیووە بەربەرەکانێی دەسەڵاتی سیاسی بکات و رێگای ئاوارەیی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

هەر لەم روانگەیەشەوە دەبێ سەیری فەتواکەی مەلای خەتێ بکرێ، نەک بە پێوانەی سیاسی ئەم سەردەمە سەیری کێشەکە بکرێ. حوسێن حوزنی رەحمەتی

هەزارنامەی کتێب

لەبەر ناحەزی لەگەڵ یەکێک لە بنەماڵەی مەلای خەتێ، ڕووداوەکەی سەرووین کردووە. دیارە ئەویش ئەم داستانەی لە فرایزەر قۆزتۆتەوە، کە قسەکانی هی پشت پێ بەستن نین، چونکە نە شارەزای کۆمەڵی ئەوسای کورد بووە و نە کوردی زانیوە و نە کابرایەکی زانا بووە، کە هەواڵەکە بە تەتەڵەکراوی ڕاگوێزێتە نێو گەشتنامەکەی.

داخەکەم بەشێکی زۆری ڕووناکبیرانی ئەمڕۆش پێ لەو ئاوەی دەخشێن کە موکریانیی ڕەحمەتی و فرایزر ڕشتوویانە و مەلای خەتێ بەناهەق و بێگوناه کراوەتە سمبۆلی خیانەت و تاوانباری و ناپاکی، بەبێ ئەوەی ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرن، کە فەتواکە لەسەر داوا و ڕەزامەندی و بڕیاری پاشاکۆرە بووە... هەر ئەمەشیان ئەقڵ دەیگرێ... ئەی خۆ ڕێی تێ ناچێ، مەلای خەتێ لە دەرەوە سەرکردایەتی ئۆپۆزیسیۆنی کردبێ!

## بەرهەمی نووسراو و بەرهەمی نەنووسراو:

کورد لەچاو وڵاتانی دراوسێی و دەوروبەری خۆیدا بەرهەمی نووسراوی هەر زۆر کەمە. دیارە یا فەوتاندن و وێرانکردن و سووتاندن شوێنەواری بەشێکیانی نەهێشتۆتەوە یا نائارامیی سیاسی و گوشار و پەلامارادن شوێن و شوێنەواریانی بڕیوەتەوە و خەڵکیشی نەخستۆتە سەر هەوای نووسین و پاراستن و لەبەر نووسینەوەی ئەو بەرهەمانە.

شاعیرێک، نووسەرێک، زانایەک، مێژوونووسێک هاندەرێکی نەبێ و دڵخۆشکردنی نەبێ، بە چ ئارەزووییەک شت بنووسێ و بۆ تەوقێک بۆ خۆی دروست کات؟ سەرەڕای ئەمانەش ئەوە ئێستا بە چاوی خۆمان دەیبینین چۆن لەسەر لەتە نامەیەک پێستی ڕووناکبیرێک ڕەوانەی دەباخانە دەکرێ و لەسەر وتارێک یا چیرۆکێک مرۆڤ تووشی زیندان و کوشتن و ڕاونان و ژیان پێ تاڵکردن دەبێ. هەروەکو لە سەرەتاشەوە ئاماژەم بۆ کرد، نەبوونی قەوارەی سیاسیی کارەساتەکەی گەورەتر کردۆتەوە.

هەر بۆیە پێویستە ئەوەی بەردەست دەکەوێ، نامە، قەباڵە، پارچەشیعرێک بێ بەبێ دوودڵی بڵاوبکرێنەوە. زۆرجار هەیە ڕەنگە تاقە دێڕێک سەرنجی مرۆڤ بۆ لای ڕاستییەک بەرێ، کە پێشتر خەڵکی بڕوای بە پێچەوانەکەی بووە و وەکو ڕاستییەک سەیری کردووە. تەنانەت مۆری پاشا و میر و زانایان کە ڕەنگە هەندێکیان مابن یان دەقەکەیان بە نامە و قەباڵە و کتێبەوە بێت، دەتوانرێ سوودی زۆریان لێ وەربگیرێت بۆ ساغکردنەوەی هەندێ ڕاستیی مێژوویی. لە وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا ئەم بەشانەی بەڵگەنامەناسی لە زۆربەی زانکۆکان وەکو زانستێکی سەربەخۆ لەژێر ناوی دیپلۆماتیک

Dipolmatik دا دەخوێنرێن، سەرەڕای بایەخپێدانی ئەرشیۆلۆگی، مێژوو، گەلناسی،...هتد. لە کوردستاندا مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف دەورێکی پێشڕەوانەی لەم بوارەدا بینیووە و هەوڵێکی ئازایانەی داوە بۆ پاراستنی بەڵگەنامە و دۆکۆمێنت و شوێنەوارە مێژووییەکان، هەرچەند هێزە تێکدەرەکان و وێرانکەرەکان و رووخێنەرەکان بالادەست بوو و کەم کەسیش بە دەنگ مامۆستاوە چووە. لە کاتێکدا ئەمە دەنووسم نامەوێ دەوری دەیان کەسی ئازا و لێهاتوو پشتگوێ بخەم کە لە ماوەی حەفتا هەشتا ساڵی رابردوودا، بەبێ هیچ پشت و پەنایەک ئەو هەموو دەستنووسەیان بە چاپ گەیاندووە و خۆیان یەکجار ماندوو کردووە و هەر بەشیان نارەحەتی و سەرئێشە و تاڵاوچێشتن بووە و هیچی تر...

ئەو دەستنووس و دۆکۆمێنتانە چەند بێبایەخ بن، تاقە وێنەن بۆ ئێمە و داهاتووش کە ژیان و شێوەی بیرکردنەوە و ئاخاوتن و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە دەردەخەن. هەر بۆ نموونە فەرمانی میرێکی بابان چەند بێبایەخ بێت، دەیان راستی تێدا شاراوەتەوە: مێژووی حوکمڕانی، شێوازی دەستوور دەرکردن، پلە و پایەی فەرمانپێکراو، سنووری دەسەڵاتی هەردوولا و چۆنێتی پەیوەندی...هتد. ئینجا ئێمە لەم دۆکۆمێنتە ساکارەوە وێنەی سەردەمێکی کۆنتر دەدۆزینەوە... مەرج نییە هەر میرێک یا میرزادەیەک شاکارێکی وەکو شەرەفنامەی بۆ بەجێ هێشتبێن و هەموو شتێکی وەکو هێلکەی پاکراو لەبەردەستماندا دانابێت. رەنگە کۆمەڵێک نامە یا کەشکۆڵێک وێنەیەکی بزرکراومان بۆ بهێننەوە بەردەست، کە رەنگە بە دەیان کتێب و نامیلکە شوێنەکەیان پڕ نەکرێتەوە... بەڕای من ئەو هەموو نامانەی مەولانا خالید کە مامۆستا مەلاکەریمی مودەریس بڵاوی کردوونەتەوە، دەرگای خستۆتە سەر پشت بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لەسەر کەسایەتی ئەو یا تەریقەی نەقشبەندی بووسن... ئیدی هەر کەسێک مافوورچن بێ لەسەر ئەوە دانامێنێ کەرەستەی چنینی لەبەردەستا نییە و دەستەئەژنۆش دانانیشێ چاوەڕوان بێت لە بنی ئەرزەوە کتێبێکی پاک و پووخت لەسەر فلان و فیسار بۆ هەڵقووڵێت و ئەمیش بە چاونووقێنراوی لەبەری بنووسێتەوە...

## زانستیی عەشرەتناسی

نووسینی مێژووی هۆز و خێڵ و عەشرەت و تیرە و تایەفە کوردەکان، رەنگە سوودێکی یەکجار گەورەیان هەبێ بۆ تێگەیشتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئیتنۆگرافی و زمانەوانی و ئەدەبی و..هتد. هەندێ کولتوور و رەوشت و نەریت و شێوەی بیرکردنەوە و ئاخاوتن لە کۆمەڵی ئەمڕۆدا هەیە، رەنگدانەوەی کۆمەڵی

کۆنتر و جیاوازترن. ئەم شوێنەوار و پاشماوانەش بە هاتنی تەوژمی شاری بوون و رۆژئاواییگەرێتی Westernization و لاساییکردنەوەی ئۆرووپا ناسڕێتەوە.

وەنەبێ زانستی عەشرەتناسی هەر دەبێ بۆ ئامانجێکی کۆنەپەرستانە و زیندووکردنەوەی گیانی عەشرەتگەری و تایفەگەری بێت. روانگە و ئامانجی زانستی جیاوازە لەگەڵ دەستەیەک مرۆڤی کۆنەپارێز، کە بیرکردنەوەیان سنوورێکی تەسکی داخراو تێپەڕ ناکات و نایەوێ تێپەڕ کات. عەشرەتناسی لە وڵاتێکی پیشەسازیی وەکو ئەڵمانیادا کە سەدان ساڵە بنەوبنەوانی تایفەگەری عەشرەتگەری تێدا براوەتەوە، هێشتا هەر برەوی هەیە و لەبن ناوی Stammeskunde و لە بەشەکانی گەلناسی Volkskunde دەخوێنرێ. ئەم زانستە سەرقاڵی تۆمارکردنی مێژووی تیرە و تایەفە و خێڵە کۆنە ئەڵمانەکانە؛ لە کوێوە سەریان هەڵداوە و چۆن کۆچیان کردووە و لە کام ناوچە بڵاوبوونەتەوە و پەیوەندیی سیاسیان بە کام هێزەوە هەبووە و بڕوای ئایینیان بە چ شێوەیەک بووە و کەی ئایینی مەسیحی تێیاندا بڵاوبۆتەوە...

رووناکبیرانی کورد لەوە دەچێ پێیان پەشم بوویێت خۆیان لە قەرەی ئەم بابەتە بدەن و بەمەش بەشێکی گرنگی مێژووی گەلی کورد بزربووە و زەرەری لێ کەوتووە، کە هەروا بەئاسانی پڕ نابێتەوە. ئەو چەند نامیلکەیەی تا ئێستا بڵاوکراونەتەوە و بەندە چاوی پێیان کەوتووە، لەوە دەچێ نووسەرەکانیان هەستیان بەو کەلێنە گەورەیەی مێژوو کردبێت و هەر هێندەشیان لە توانا بووە کە کردوویانە. ئەو بەرهەمانە کە نێویان لێ نراوە مێژووی فلان و فیسار عەشرەت، لە سنووری پێناسە و کورتەی سەربردە و بڕێک قسەی دەماودەم تێناپەڕن. مێژووی زەنگەنە و خۆشناو و جاف و هەمەوەند و...هتد. پێویستی بە لێکۆڵینەوە و پشکنین و لێپێچانەوەیەکی یەکجار فراوان و ورد هەیە، کە رەنگە مرۆڤ گەر بڕێک خۆی هیلاک بکات، بەشێک سەرچاوە و بەڵگەی دەست بکەوێ.

بایەخ نەدان بە مێژووی عەشرەت و نەبوونی زانستی عەشرەتناسی بە زەرەر گەڕاوەتەوە بۆ باش پێکان لە بەشەکانی تردا. هەر بۆ نموونە زمانەوانێک ئەگەر مێژووی عەشرەتە کوردەکانی لەبەردەستدا نەبێ و بەرێکەوت هەندێ شارەزایی لەسەر دابەشبوونی هۆز و خێڵەکان نەبێ و لەنزیکەوە ئاگای لە شێوەی ئاخاوتن و دانووسانیان نەبێ، رەنگە بکەوێتە هەڵەی سەیرەوە و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی راست دەرنەچێت. زۆربەی کوردە زمانەوانەکان[١٦] کە لەسەر دیالێکتەکانی زمانی کورد دەنووسن، هەر یەکسەر شێوەی باجەلانی بە لقێکی دیالێکتی گۆران دادەنێن، بەبێ ئەوەی

هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە بکەن، کە تەنیا باجەلانەکانی خانەقی بەو شێوەیە دەپەیڤن و باجەلانەکانی خوارووی شارەی مووسڵ، کە دە گوندێک دەبن، (خرساباد) [17] بە کرمانجی ژوورو و دەدوێن و باجەلانەکانی ناوچەی پشتکۆی لورستانیش بە لوڕی قسە دەکەن. جا ئەم هەڵەیە لە ئەنجامی نەزانینی مێژووی عەشرەتێکەوە هاتووە، کە بۆ ئەزیش مەعلووم نییە، دەبێ ئەم باجەلانە لە سەرەتاوە بە کام دیالێکت قسەیان کردبێت و ئەم جیاوازییە چۆن پەیدا بووە؟

پاشان دیاردەی هەڵسووڕان و داسووڕان، خواروژوورکردنی هۆز و تیرە و خێڵەکان لە سنووری کوردستاندا بە چی لێک دەدرێتەوە؟ بۆ هۆزی ومرمزیار بەشێکی لای کرماشان بێت و بەشەکانی تری لای کفری و دزەیی؟ ئایا چ پەیوەندییەک لەنێوان بلباسەکانی لای بتلیس و دەوروبەری قەندیل هەیە؟

دەیان پرسیاری تریش هەن، کە بەدوای وەڵامدا دەگەڕێن و مەگەر دەیان زانا خۆیان بۆی تەرخان بکەن.

## مێژووی ئایینی

هێشتا لەنێو زانا و شارەزایانی کورددا هیچ ڕێکەوتنێکی گشتی لەسەر مێژووی ئایینی گەلی کورد نییە و هەر یەکە بەرەکە بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ. جارێ هەر مێژووی ئایینی کورد وەکو زاراوەیەک لێڵ و نادیار و ناڕوونە. تا ئەمڕۆش هیچ بەڵگە و نووسراوێکی ئایینی پێش ئیسلام بەدەستەوە نییە، کە لەسەر ئەو بنکەیە مرۆڤ بیر و بۆچوونێک دروست بکات. لێکۆڵینەوە و پشکنین و هەڵکۆڵینی ئرشیۆلۆگیش هێشتا دەستی پێ نەکراوە، کە بتوانرێ دەلالات و هێمای ئاشکرای لێوە هەڵگوزرێت. نووسەری زۆر هەن کە مێژووی هەزار ساڵەی پێش ئیسلام بە چەند دێڕێک دەبڕێننەوە. ئیدی یەکێک دەڵێ: کورد زەردەشتی بووە و هەر زەردەشت خۆیشی کورد بووە و نووسینەکانیشی بە زمانی کوردیی پەتی نووسراون...هتد. ئەوی دی دەڵێ: نە بابە کورد و مۆبدەکان هەر زۆر ناکۆک بوون و هەر گوێیان لە رم و سمکۆڵانی ئەسپی سوپای ئیسلامی بوو، هەر یەکسەر وەپیریانەوە چوون و خۆیان لە چەوسانەوە رزگارکرد...هتد. سەیر ئەوەیە هەردوولا هیچ بەڵگەی دەمبڕی، گومان لێنەکراوی بەدەستەوە نییە بۆ پشتگیری تیۆرییەکەی خۆی و مەسەلەکە هەر بەبێ چارەسەرکردن ماوەتەوە.

پێش ئەوەی دانوسان [18] لەسەر هەڵوێستی کورد بەرامبەر هاتنی لەشکری ئیسلام بکرێ، دەبێ ئەو راستییە لەبەرچاو بگیرێ، کە کورد دەوڵەت و دەوڵەتۆکە و قەوارەی سیاسی سەربەخۆی بەخۆیەوە نەبینیوە. ئیدی یا بەشێک بووە لە ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتی یا ساسانی و قەڵەمڕەوی هەردوو دەوڵەتەکەش

ئاشکرایە. ئەو زەمانەش هەروەکو ئەمڕۆ ئەم وڵاتە شەرگە و جێگای لەشکرکێشی و پێکدادان بووە. هەر بۆ نموونە شاری ئامیدا Amida (دیاربەکری ئەمڕۆ) قەڵایەکی سنووری گرنگ بووە و جارێ بەدەست ڕۆمەوە بووە و جارێکیش ساسانییەکان داگیریان کردووە و بەم بۆنەیەوە هەمیشە بەشی وێران بوون بووە. ناوچەکانی تریش بەشیان لە بەشی ئامیدا زۆر چاتر نەبووە. ساڵی ٣٥٦ کە شاپووری دووەم هێرشی کردۆتە سەر ئامیدا، پێشتر سوپای ڕۆم سەرتاپای دارستان و جەنگەڵی نێوان دیجلە و فوراتی سووتاندووە، بۆ ئەوەی هاتنە پێشەوەی لەشکری ساسانی پڕ لە کۆسپ بکات.

بەگوێرەی سەرچاوەیەکی لاتینی (مێژووی ڕۆمی) کە ئەمیانۆس مارسیلینوس(١٩) لە بەشی دووەمی سەدەی چوارەم (ز) نووسیویەتی و خۆشی بەشداری ڕووداوەکانی کردووە، بۆمان دەردەکەوێ: میدیا یەکێک بووە لە هەژدە پارێزگاکەی وڵاتی فارس و بە ناوچەیەکی بەپیت و بەرەکەت و فرەئاو و دارستان نێوی دەهێنێ، کە شار و لادێی گەورە و ئاوەدانی تێدایە. دیارە لەو کاتەدا هۆزە جیاجیاکانی نێوان دووئاوان هەر هەموو زەردەشتی بوون. نێوی کوردستانی بە کوردوئینا Corduenae هاتووە. ئەو ڕاستەوخۆ نەینووسیوە، وڵاتی کوردوئینا بەشێکە لە وڵاتی ماد، بەڵام لە ناوەڕۆکی دەقەکانەوە ئەم پەیوەندییە دەردەکەوێ. لەوە دەچێ کوردۆئینا بەشێکی ئیداریی ڕەسمی سەر بە فارس بووبێت ئەگینا نەیدەنووسی Satrapa Cordue-nae واتە پارێزگاری کوردئینا. "ستراپا"ش پلەیەکی ئیداری بووە و هیچ دەسەڵاتێکی سەربازی نەبووە. سەیر ئەوەیە ئەم Satrapa Corduenae هەرچەند بەڕەسمی لێپرسراوێکی ئیداری سەر بە دەوڵەتی ساسانی بووە، بەڵام لەبنەوە پەیوەندیی (سمپاتی) لەگەڵ ڕۆمەکان هەبووە و سەرمەستی زانیاریی ڕۆمانی بووە.

پاش ئایینی زەردەشتی دەتوانرێ شێوەی تەشەنەسەندنی ئایینی مەسیحیش بەئاسانی دەستنیشان بکرێ. دۆزینەوەی ساڵی هاتنی سوپای ئیسلام بۆ ناوچەکانی کوردستان لەلایەن مێژوونووسە ئیسلامەکانەوە بەوردی تۆمارکراوە و ئەو دەنگوباسانە بزرنین. (الواقدی و البلاذری و الطبری،...) بەگوێرەی تێگەیشتن و بڕوا و ئایدۆلۆجیا و بەرژەوەندییان هەندێ لایەنی مێژوویی گرنگیان نووسیوە و دەبێ سوود لەو سەرچاوانە وەربگیرێت. بەهۆی (تاریخ الامم والملوک)ی (الطبری)یەوە بۆمان دەردەکەوێ کورد بەشداریی چالاکانەی لە جووڵانەوەکەی «بابک» و ثورة الزنج»دا کردووە. دەبێ هۆی ئەم پشتیوانی کردنەی کوردان لە شۆڕشی کۆیلە ڕەشەکانی دەوروبەری بەسرە کە نزیکەی هەزار کم لەوانەوە دوورە چی بووبێت؟

داستانی مەلا گوشایش(٢٠) کە

ئیسلامەتیی لە ناوچەی هەوراماندا بلاوکردۆتەوە (دەوروبەری ١٤٤٦ز) ئەو راستییە دەسەلمێنێ کە بلاوبوونەوەی ئیسلام لە سەرانسەری کوردستاندا ماوەیەکی یەکجار زۆری خایاندووە.

نووسینی شیعری ئایینی یارسان (ئەهل هەق) لە سەدەی سێیەمی کۆچی بەدواوە، بە دیالێکتی گۆرانی، رێکەوتێکی، ریزپەڕ نییە و لە بۆشاییشەوە دروست نەبووە. ئێمە ئەگەر بزانین لە زەمانی عبدالملک بن مروانەوە زمانی رەسمی دەوڵەت بۆتە عەرەبی و پێشتر هەر فارسی و یۆنانی بووە و تەنانەت دروستکردنی دەوڵەت لە سەپاندنی زمان ئاسانتر بووە. نووسین بە زمانی پارسیش لە شەهیدی بەلخی و فردەوسییەوە دەستی پێ کردووە. چۆن لە هەمان کاتدا، توانراوە هەر لە لوڕستانەوە تا هەورامان بە یەک شێوە لە یەک جیاشنینییەوە شیعر بهۆنرێتەوە. دیارە هاندەرێکی مەزن هەبووە و بنکەیەکی کولتووریش هەبووە، ئەگینا ئەو جۆرە بەرهەمانە نەدەهاتنە دی. ئەز هەر بۆ ئەوە دەچم یارسان پێش پەیدابوونی ئیسلامیش هەر هەبوویێت و هۆنراوە و ئەدەبیاتی نەنووسراو (یا نووسراویش) بە گۆرانی هەبوویێت، ئەگینا رێی تێ ناچێ لە ماوەیەکی وا کورتدا تەنیا دوو سێ شاعیر و بیرکەرەوە لە وزەیاندا هەبوویێت رێبازێکی ئەدەبی و ئایینی پێک بهێنن، بەبێ ئەوەی ئەمە ترادسیۆن و سەرچاوەیەکی نەبووبێ.

جگە لە کێشەی مێژووی پەیدابوون و گەشەکردن و بلاوبوونەوەی یارسان و ئێزدایەتی، کە من بەش بە حاڵی خۆم هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆم تێیاندا نییە، دەمەوێ پێ لەسەر هەڵە و ناڕاستی، ئەو بۆچوونە ساکار و باوەی نێو رووناکبیرانی کورد داگرم سەبارەت بوونە ئیسلامی کورد و سڕانەوەی ناسنامەی تایبەتی و کزی سنووررێژی و پەرژین کێشان و دەرگای تووانەوە خستنە سەرپشت. پێش وەلامدانەوەی ئەم تێزە هەڵەیە، دەبێ ئەو راستییە لەبەرچاو بگیرێت، کە شیعەگەری دەوڵەتی سەفەوی رێکەوت نەبووە، هەروەها حەنەفیگەری عەباسییەکان و عوسمانییەکان. ئێستاش دەوڵەتی ئێران شیعەیە و لە عێراق و تورکیاش حوکم بەدەست سوونی و حەنەفییەکانەوە بووە و زۆربەی عەرەبەکانی سووریاش حەنەفین، کەچی زۆربەی زۆری کوردان سوونیی شافعین.

ئایا لایەنگیری کورد بۆ مەزهەبی شافعی رێکەوتە؟

ئایا شافعی بوونی کوردان هیچ دەورێکی هەبووە لە پرۆژەی ناسنامە و خۆناسینەوە و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا؟

لێرە بەداخەوە ناتوانرێ پرۆسەی بوونە شافعی کوردان پیشان بدرێ. هەروەها جێگەی ئەوەش نابێتەوە، پەیوەندیی نێوان مەزهەب و بزاڤی نەتەوەیی بەوردی دەستنیشان بکرێ. ناشتوانرێ هۆی

پەرسەندنی سۆفیگەری رەچاو کرێ، کە یەکێک بووە لە تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵی کورد تا سەرەتای ئەم سەدەیە و ئێستاش لە بیری سیاسی و کارە ئەدەبییەکاندا رەنگی خۆی دەداتەوە (٢١)... دەڵێم بەداخەوە ئەم هەموو هۆ و هۆکارە، ئاستەمە لێرەدا بخرێتە بەرچاو، چونکە سروشتی لێکۆڵینەوەکە هەڵدەپرووکێنێ...

دەبێ بەکورتی بگوترێ کە شافعی بوون -نالێم شافیعیگەری- ناسنامەیەکی کاڵ و شاش و کەمرەنگ و تەنکە و پەرژینێکی قایمی بۆ کورد دروست نەکردووە. ئەم ناسنامەیە بەرامبەر شالاوی شیعەگەری فاکتۆرێکی بەهێز بووە، کەچی بەرامبەر سوونیگەری عوسمانییەکان فاکتۆرێکی بێهێزی، لاوازی، ناکاریگەر بووە.

ئەم فاکتۆرە مەلا و پیاوە ئایینییەکانی تری دژی دەسەلاتی مەزهەبی/ناسیۆنالی سەفەوی هانداوە، کە ویستوویانە بە زەبروزەنگ و کوشتن و برین کوردان بکەنە شیعە، هەروەکو چۆن لە لورستان و کرماشان رووی داوە وتا رادەیەک گیانی ناسیۆنالیستی پێ سرکراوە وپلانی هاوئاهەنگکردنی و یەکپارچەبوونی دەوڵەت و نەتەوە جیاجیاکانی لەم ناوچانەدا سەرخستووە. ئەم پرۆژەیە لە ئەردەلان هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە، هەرچەند بەشێک لە دەسەلاتدارانی میرنشینەکە، لەبن شەوقی دایک و خاڵوانیان بەئاشکرا بوونەتە شیعە و هەوڵیان داوە بەتۆبزی خەڵک بکەنە شیعە، بەڵام شێخ و مەلا و زانا و بازرگانەکانی سنە بەجارێ راپەڕیون و نەیان هێشتووە ئەم پلانە سەر بگرێ.(٢٢)

مارتن ڤان برووینسین لە لێکۆڵینەوەیەکدا ئەوە پیشان دەدات چۆن هەندێ عەشیرەتی کوردی شیعە هەر زوو لەنێو عەجەمدا تواونەتەوە، کەچی عەشیرەتی عەجەمی سوونی ئێستا خۆیان بە کورد دەزانن...(٢٣) دیارە مەزهەب و مەزهەبگەری بۆی هەیە، ببێتە یارمەتیدەری پرۆسەی خەملان و خۆناسینەوەی نەتەوەیی یا بەپێچەوانەوە. من لەم رووەوە دەوری پیاوە ئایینیەکان، کە کولتوور هەڵگر و رووناکبیری ئەو سەردەمانە بوون و گرێدراوی دەوڵەت و داوودەزگای بێگانە بوون، بە دەورێکی بنەڕەتی دەبینم. چونکە زۆربەی زۆریان، بەهۆی شێوەی پەیوەندییان بە خەڵکەوە و بەهۆی چەندایەتیشیانەوە، توانیویانە بنەمای پەیوەندییەکی رووناکبیریی بەهێز لەنێوان شار و لادێ و پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا دروست بکەن،(٢٤) کە زۆرجار قورسترین پەلاماری سوپایی و ئایینی دەرەکی نەیتوانیوە کەلێنی تێدا دروست کات. نامە چاونەترسەکەی شێخ حەسەنی گڵەزەردە بۆ خوێنرێژی لەخۆبایی نادرشا، باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەم بۆچوونە.

مێژووی تەریقەتە ئایینی و مەزهەبیەکانی تی کوردستان، کە داخەکەم لای ئێمە بەهۆی

تەسککردنەوەی پێناسەی مێژووەوە، پشتگوێ خراون، گرنگیی خۆیان هەیە و شەقڵ و سرووشتی تایبەتیی کوردیان پێوەیە و مرۆڤ دەتوانێ رەگ و ریشەیان بۆ سەردەمانێکی هەر زۆر کۆن بگێڕێتەوە.

## مێژووی شارەکان

هێشتا نووسەرانی کورد نەیانتوانیوە لەسەر یەک لە سەدی شارەکانی کوردستان بنووسن. لەم ماوەی دواییەدا هەوڵ دراوە شتێک لەسەر مێژووی هەولێر و کۆیە و دەرسیم و سلێمانی و...هتد بنووسرێ، ئەمانەش بۆیان نەلواوە رووناکی بخەنە سەر هەموو لایەنێکی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی و ئەرشیۆلۆگی و فەرهەنگی ئەم شارانە. جارێ ئەو شارانەی ناویان هەیە و شوێنەواریان بەهۆی کارەساتی سرووشتییەوە نەماوە (ئەلوەن) یا داگیرکەران لەگەڵ خاک یەکسانیان کردووە (دینەوەر)(٢٥) هیچ شتێکی ئەوتۆ دەربارەیان نازانین. ئەم هەموو نازانین و نازانینەش کێشە کولتوورییەکانمان پڕ کۆسپ و کەند و لەند دەکات و هێندەی تریش بە مێژوو نامۆمان دەکات کە مرۆڤ مێژووی شارەکانی لەبەردەستدا نەبوو، ناتوانێ هیچ بنکەی کۆمەلایەتی و چوارچێوەی گەشەکردن و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی کورد بدۆزێتەوە.

کۆمەڵناس نابێ خۆ ببەستێتەوە بە مێژووی سیاسیی شارەکەوە (تاریخ اربیل) یا (مێژووی سلێمانی)، بەڵکوو هۆی شێوەی پێکهاتنی گەڕەکەکان و رابردووی چالاکیی ئابووری و جۆرەکانی کار و کەسابەت و بازرگانی و پەیدابوونی چین و توێژە جیاجیاکان و قورسایی کۆمەلایەتی و سیاسیان لە قۆناخە مێژووییە جیاجیاکاندا بدۆزێتەوە. مرۆڤ هەر سەیرێکی نێوی گەڕەکەکان بکات وەکو (قەزازەکان، سابوونکەران، کووران، گاوران،...) یەکسەر ئەو وێنەیە لە مێشکیدا دروست دەبێ کە ئەو گەڕەکانە بەهۆی جیاوازیی ئیتنی/ئایینیەوە، توێژێ دوور لە یەکەوە دروست بوون (جوولەکان، گاوران، دەرگەزێن، قەرەجاوا...) یا خەڵکی ئەو گەڕەکانە کارو سەنعەتێکیان ئەنجام داوە و بەهۆیەوە لەیەک شوێن جێگیر بوون (قەسابەکان، سابوونکەران، قەزازەکان، کووران، .....) یا بەهۆی پلە و پایەی کۆمەلایەتی و سیاسییەوە گەڕەک دروست بووە (شێخان، چەلەبی،...) شار هەیە جاران ئاوەدان و مەڵبەندی چالاکی سیاسی و کولتووری بووە (راوەندوز و کۆیە، هەڵەبجە و ئێستا دەوری جارانیان لێ سەنراوەتەوە، کەچی کوێرە دێی وەکو (باتمان) بەهۆی دۆزینەوەی نەوتەوە بۆتە شارێکی دووسەد هەزار کەسی یا (کەلار) بەهۆی سیاسییەوە بە دە ساڵ بۆتە شارێکی چوارسەد هەزار کەسی.

## مێژووی گوند و ناوچەکان

هەروەکو چۆن شارەکان تایبەتمەندی و مێژووی خۆیان هەیە، ناوچە و دیهاتەکانیش تایبەتمەندی و مێژووی خۆیان هەیە. ناوچە و گوندی ئەوتۆ هەیە لە کتێبی هەزار ساڵ لەمەوپێش نووسراویشدا نێوی هاتووە. گوندی وا هەیە نێوەکەی نوێیە و خەڵک و مێژووی ناوەدانکردنەوەی دەزانێ، بەڵام شوێنی وا هەیە، مەگەر بە دەلالەتی ناوەکەی مرۆڤ بەسەر راستییەکی مێژوویی گرنگدا بکەوێ. دەمەوێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، کە نابێ ناوی هەندێ دێ و ناوچە بەگوێرەی زمانی کوردی ئەمرۆ لێکبدرێتەوە، چونکە دوور نییە، ئەو ناوە لە گەلان و سەردەمی زۆر کۆنەوە بەجێ مابێ، بەڵام بەگوێرەی زمانی دانیشتوانی ئەو سەردەمە واتایەکی تری هەبووبێت. مرۆڤ ئەگەر سەرنجی وڵاتانی تریش بدات دەبینێ بەرێکەوت نێوی وا هەیە هەر دەڵێی کورد نێوەکەی بۆ دۆزیوەتەوە. لە ئەڵەمانیا شاری پاساو passau هەیە، کە نێوەکەی لە سەراو و میراو دەچێ. سووریێن کە نێوی شاخێکە لە سەرووی هەورامان، نێوی پاڵەوانێکی ئەرمەنی بەناوبانگە. ئالانیش کە نێوی ناوچەیەکە بەمدیو و ئەودیوی چەمی تیەتدا و نێوی گوندێکە لە شارەزوور (ئالان و حاسڵ) و داستانی (مەمی ئالان)یش هەمان ناوی پێوەیە، نێوی گەلێکی کۆنە کە تا ناوەڕاستی سەدەی چوارەم لەسەر رۆخی رووباری دۆن (باکووری دەریای رەش) دەژیان، خێڵە هوونەکان کە لە مەنگۆلیاوە هاتوون وەبەر لووتیان داون و لە نیشتمانی خۆیان هەڵیان کەندوون[٢٦] و پەرتەوازەیان کردوون، برێکیان بۆ ئیسپانیا و برێکیان بەرەو هیند و ئێران و کوردستان ملیان ناوە. من بە دووری نازانم ئەم ئالانەی لای خۆشمان، کە نێوەکەی لەگەڵ ئالان هەر یەکێکە، پاشماوەی ئەو هۆزە ئالانیانە بن کە لە سەدەی چوارەم کۆچیان پێ کراوە.

## مێژووی ئەدەبی

مەخابن ئەو شێوە نووسینی مێژووی ئەدەبییەی لای ئێمە باوە، ناتوانرێ سوودێکی زۆری لێ وەربگیرێت. لە لایەکەوە مێژووی ئەدەب بریتییە لە کۆکردنەوەی کورتەی ژیننامەی چەند شاعیرێکی ناسراو، بێ سەرنجدانە زۆر لایەنی تری ژیانی ئەو کەسانە، لە لایەکی ترەوە هیچ شاعیرێکی گەورەمان بۆی نەلواوە بیرەوەریی خۆی بنووسێ، یا هیچ کەسێک ئەوەندە بەتەنگ ژیننامەی ئەو کەڵە شاعیرانەوە نەهاتووە چەردەیەک لەسەر ژیانیان بنووسێ. بەرهەمەکانیشیان بەشی زۆر کەمی نەبێ بەدەست ئێمە نەگەیشتوون و رەنگە هەر لە سەردەمی ژیانی شاعیر خۆیدا لە چنگ فەوتان دەرباز نەبوو بێت... ئیدی بە سەرئێشەی دەزانم باسی نامە و تێبینی

ڕۆژانە و بەڵگەی تر بکەم. ئینجا ئەدەبێک ئەو هەموو کەموکوڕی و کەلێنەی تێ کەوتبێ، چۆن تاقە کەسێک دەتوانێ قۆڵی بۆ هەڵکا ت وسەرتاپای مێژوونووسینەکە بگرێتە ئەستۆ...

هەر لەبەر ئەم هەلومەرجە نالەبارەی باسم سوودوەرگرتن لە مێژووی ئەدەبی نەکێشانی ژیانی کۆمەڵایەتی ،و بێ دەردەسەری نییە. ڕاستە ئەدەبییانە، وێنەی ئەو کۆمەڵ و ووسەرەکانیان تێیاندا ژیاون، بەڵام گەر موناسەبەی شیعرەکە روون نەبێ و کات و شوێنیشی نەزانراو بێت و زۆرجاریش دەقەکە دوو کاسنە کرابێت، رادەی سوودوەرگرتنیش کەم و بەرتەسک دەبێت، مەگەر تەنیا لە هەندێ حاڵەتی زۆر تایبەتیدا و یا تێگەیشتن و روونبوونەوەی باری ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە کە شاعیر شیعرەکەی تێدا نووسیوە. لەگەڵ ئەم هەموو سەرنج و تێبینی و مەترسیەی دەیخەمە بەردەم کۆمەڵناس، هەندێ جار دەتوانرێ بەیارمەتی پارچە شیعرێک تابلۆی ژیانی کۆمەڵایەتی جوانتر بنەخشێنرێ، بە مەرجێ شیعرەکە وا بە هەڵە لێک نەدرابێتەوە لە گێژەنەی مێژوویی خۆی دەرچووبێت.

لێرەدا بە جێگەی خۆی دەزانم لەبەر رووناکی راستکردنەوەی هەڵەیەک مەبەستی خۆم روون کەمەوە، شیعرەکانی سالم یەکێکن لە چاکترین سەرچاوە بۆ تێگەیشتنی دواقۆناخی میرنشینی بابان و چۆنێتی هاتنی سوپای داگیرکەری عوسمانی و هەڵوەشانەوەی دامودەزگاکان و چارەنووسی بەشێک لە پاڵەوانەکانی ئەو ڕۆژگارە... نووسەرانی کوردی ئەم زەمانە، لە روانگەی ئایدۆلۆژی خۆیانەوە دەڕواننە هەندێ شیعری سالم و هەروەکو بڵێی ئەو لە ئایدیۆلۆژیای ئەمانەوە سرووشی بۆ هاتبێ... ئیدی نازانم چۆن ئەم جۆرە لێکدانەوەیە لێک بدەمەوە؟

هەر بۆ نموونە ئەم شیعرەی خوارەوە، خراوەتە نێو چوارچێوەیەکەی یەکجار مۆدێرنەوە، مەگەر شاعیر ئەو زەمانە لەنێو جەرگەی رووداوە سیاسییەکانی ئۆرووپا بووبێت، ئینجا مرۆڤ بۆی هەبێ، قسەی وای بەدەمەوە بنێ، یا بە زۆرەملێ بە ئایدیۆلۆژیای تایبەتی بیروباوەڕی بۆیاخ بکات:

لە ئەصلا بانیی ئەم کارە کاسبهایی شەهری بوون
لە ئەمری فیتنە ئەنگێزا سەراسەر میثلی مردانن
لە ئەوضاعی سلێمانی ئەوانە شاد و ئاسوودەن
لە فەرعا نطفەیی حیزن لە ئەصلا جنسی شەیتانن
گەهی هەم دەردی ئەکرادن گەهی هەم عەیش ئەتراکن
لەیەک لا مادەری بەرخن، لە یەک لا یاری گورگانن

ئەم شیعرە ئاماژەیە بۆ دەوری سیاسیی کاسبکار و بازرگانەکان و وەکو هێزێکی سیاسیی کاریگەر، کە رەنگە لە رووخاندنی میرنشینی بابانیشدا دەورێکی کاریگەریان هەبوو بێت وەکو لەم شیعرەدا بەئاشکرا

دەردەکەوێ، بەڵام سالم (ئەورەحمان بەگی صاحبقران) لە روانگەی کام چینەوە روانیویەتیە کار و چالاکیی سیاسیی کاسبکارەکان؟ بێگومان لە روانگەی چینی کرێکار و جووتیارەوە نەبووە، نەک لەبەر مەسەلەی بەگایەتی و خزمایەتی لەگەڵ بنەماڵەی فەرمانڕەوادا، لەبەر ئەوەش نە نزیکەی سەد ساڵ پاش رووخانی میرنشینی بابان هێشتا کرێکاری کورد نەکەوتبووە سەرباری رەخنە لە دەوری سیاسیی چینی بۆرژوازی بگرێ، بەڵکوو بەگوێرەی هەموو سەنگ و پێوانی ئەو سەردەمە لە سەرانسەری رۆژهەڵاتدا هیچ کەسێک نەکەوتبووە سەر کەڵکەڵەی رەخنەگرتن، لە روانگەیەکی چینایەتی شۆڕشگێڕانەوە لە دەوری سیاسی چینی بۆرژوازی... سەرەڕای ئەمەش مەرج نییە ئەوەی رەخنەی لە بۆرژوازی و سەرمایەدار گرت هەر دەبێ پرۆلیتار و مارکسی بێت.

ریچ ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کاتێک لە سلێمانی دەبێت و هەواڵی خالید پاشا لە عەبدوڵلا پاشا دەپرسێ و ئەویش دەڵێ: "هێندە لە بەغدا ماوەتەوە هیچ سیفەتی عەشایەری تێدا نەماوە و رەنگی بازرگانی لێ نیشتووە."

"He has been so long in Bagdad that he has lost all traces of clanship, he has become no better than a merchant."

وشەی بازرگان و کاسبکار لای چینی ئۆرۆستۆکراتی بابان گەورەترین جوێن و سووکایەتی بووە. سالمی شاعیریش هەر دەبێ لەم روانگەیەوە سەیری دەوری سیاسیی بازرگانەکانی کردبێت، نەک لە گۆشەنیگای ئێمەوە. ئەمە ئەوە ناگەیێنێ مرۆڤ سالم و شیعرەکانی تووڕدات و خەتی چەپ و راستیان بەسەردا بهێنێ. نەخێر دەبێ کۆمەڵناس بکەوێتە سەر هەوای ئەو بیرکردنەوەیە کە شوێنپێی شیعرەکان کون بەکون هەڵگرێ و هێز و توانای ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی چینی بۆرژوازی کورد هەر لە و سەردەمەوە بدۆزێتەوە و هۆی دوژمنایەتیی لەگەڵ هێزی دەسەڵاتداری ئەو کاتە دەستنیشان کات تا دەگاتە دەور و هەڵوێستیان لە جووڵانەوەکەی شێخ مەحموودی بەرزنجی...

بۆیە نالێم تەنیا لە شیعری شاعیرە ناودارەکان دەتوانرێ سوود وەربگیرێت، بۆ وێنەکردنی ژیان کۆمەڵایەتی رابوردوو، بەڵکوو دەتوانرێت تاقە بەیتێکی شاعیرێکی گومناو بکرێتە کلیلێک بۆ کردنەوەی دەرگای لایەنێکی نەزانراوی ژیانی کۆمەڵایەتی. بۆیە تا بتوانرێ دەستنووسی شاعیر و نووسەر و زانایانی ناودار و گومناو بڵاوبکرێتەوە و بایەخی چاکیان پێ بدرێ، نەک تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم لە شاعیر و نووسەران جێگای رێز و شانازی بن و ئەوانەی نێویان دەرنەکردووە فەرامۆش بکرێن، بۆ ئەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو کەرستەی لێکۆڵینەوەی

پێـــویست لەبەر دەست بێت و لێکۆڵەوەران لەســەریان دانەمــێنن، تا بواری هەڵبــژاردن چاکتر بێت، بواری لێکۆڵینەوە و دارشتنیش چاکتر دەبێت.

سەرنج و سەرچاوە:

(1) Besikci, Ismail: Kurdistan, Internationale koloni, Frankfurt a.m Main, 1991. s. 11.

(٢) الوردي، دكتور علي: لمحات اجتماعية من تأريخ العراق الحديث.

(من بەداخەوە تەنیا بەرگی یەکەم و دووەم و شەشەمم خوێندۆتەوە... ئەم شاکارە کە کاتێکی زۆری ویستووە و سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ مێژووی عێراق، هەقە لە ڕیزی مێژوو دابنرێ نەک مێژووی کۆمەڵایەتی.)

(٣) ابن خلدون بەگوێرەی پێویست لەلایەن نووسەرە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە سوودیان لێ وەرنەگرتووە بۆ تێگەیشتنی مێژووی بەشێک لە وڵاتە ئیسلامییەکان.

(4) Elias, Nobert: über den prozess der Zivilistion. Band I. Frankfurt a. Main. 1976. s. 169.

(٥) بایەزیدی دەنووسێ:

"و داوت و ضیافتید اکرادان زاد و طعامید وان برنج و گوشتە ایدی زیدە او زادی انواع و جنس جنس چی کرین نزانن و عادت نەکرێ نە. بلکو زافی قط انواع و جنسید زادان ندیتنە و نزانن..."

بایەزیدی، مەلا مەحموود، عادات و رسوماتنامە اکرادیە، (بلاوکەرەوە ڕۆدینکۆ). مۆسکۆ، ١٩٦٣، ل. ١٥٩.

(٦) ریچ لە گەشتەکەیدا بەکورتی باسی سفرە ڕازاندنەوەی بابانەکانی کردووە.

Rich, C.J: Narrative of a Residence in Koordistan, vol.I. London.1836. P. 116.t.

(٧) دیارە ئینگلیزە کۆلۆنیالیستەکان دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەتییان بە پاشماوەی ئیدارەی عوسمانی لە بەغدا نەدەبەخشی و قەوارەی دەوڵەتییان هەروا پێ نەدەدا، گەر لە بەغدا کۆمەڵێک تەشکیلاتی ئیداری و داوودەزگای سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نەبوایە...

(٨) شاری ئەڵوەن لەسەر ئاوی ئەڵوەن بووە و شوێنەوارەکەی دەکەوێتە نزیکی سەرپێڵ زەهاو. لە کۆندا نێوی خەلانو بووە. عەرەبەکان ساڵی ٦٤٠ داگیریان کردووە. ساڵی ١٠٤٦ سەلجوقییەکان سووتاندوویانە و ١٠٣ ساڵ دواتریش ١١٤٩ بوومەلەرزە بەیەکجاری تەختی کردووە.

(٩) الروژبياني، محمد جميل: دينور ومشاهيرها، ت. محمد الملا عبدالكريم. بغداد، ١٩٧٨.

(١٠) مدرس، مەلا عبدالكريم: یادی مەردان ب.١، بەغدا ١٩٧٩، ب.٢، ١٩٨٣. هەقە (بنەماڵەی زانیاران)یش وەکو بەشی سێیەم دابنرێ. ئەم سەرچاوە مێژووییە نایابە دەبوایە لەلایەن مێژوونووسانەوە وەکو سەرچاوە

سەیر بکرێ. د. کەمال مەزهەر لە (مێژوو)دا، هیچ ئاماژەیەکی بۆ نووسینەکانی مامۆستا مەلا کەریم نەکردووە. جێی خۆیەتی بڵێم دکتۆر کەمال نێوی دەیان سەرچاوەی پشتگوێ خستووە، کە مێژوونووس نابێ بەسەریان نەکاتەوە و سوودیان لێ وەرنەگرێ...

(١١) گلزاری، مسعود: کرمانشاهان -کردستان- مجلد اول، چاپخانە بهمن.

(١٢) بۆرەکەیی، صدیق: مێژووی ویژەی کوردی ب.١، تبریز، ١٣٧٠، ب.٢، تبریز ١٣٧٠.

(١٣) من چیرۆکی ئەم مۆرەی سلێمان پاشام لە کاک فاخیر حەمدی بیستووە و ئەویش لە باوکی بیستوویەتی. زۆر حەزم دەکرد بزانم ئەم مۆرە هی کام سلێمان پاشای بابانە. مامۆستا عبدالرقیب یوسف لە ١٠/٤/١٩٩٣ نامەیەکی دەربارەی مۆرەکەی سلیمان پاشا بۆ نووسیوم لەگەڵ کۆپیی وقفنامەیەکی زەوی و زاری دێیی اسماعیل ئاوا کە لە لایەن سلیمان پاشای گەورەوە (١٧٦٤ کوژراوە) لەسەری نووسراوە:

مۆری سلێمان پاشای سێیەمیش بەم شێوەیە هەڵکەنراوە:

لا اله الا الله
الملک
الحق المبین عبده سلیمان

بسم الله
انە من سلیمان وانە
الرحمن الرحیم

زانینی نووسراوی سەر مۆرەکانی سلیمان پاشای دووەم و سێیەم ناکاتە ئەوە یەکسەر بگوترێ هەر دەبێ ئەم بەیتە لەسەر مۆرەکەی سلێمان پاشای یەکەم هەڵکەنرابێت!

(١٤) تاڵەبانی، شێخ رەزا: دیوانی شێخ رضای طالەبانی، بەغا. ١٩٤٦. ل.٣٤.

(١٥) چەندین نووسەری کورد باسی دەرکردنی ئیبن ئادەمیان کردووە لەلایەن پاشاکۆرەوە. بەداخەوە کەس بەوردی هۆی دەرکردن و دووخستنەوەکەی نەکردووە. من هەوڵێکی زۆرم دا کتێبی (سلسلە الذهب)ەکەی ئیبن ئادەمم دەست کەوێ، کە خۆی باسی ئەو ناکۆکیەی لەگەڵ پاشای کۆرە کردووە و شێخ محەمەدی خاڵ لە شێخ مارفی نۆدێ و مامۆستا مەلا کەریم لە بەشی یەکەمی (یادی مەردان) ل٢٢. دا باسی ئەوەیان کردووە گوایە ئەم کتێبە لە کتێبخانەکەی جارانی عەبباس عەززاویدا هەیە کە ئێستا کەوتۆتە دەست کتێبخانەی ئاسار).
منیش وەک ئەوان هیوادارم ئەم کتێبە سەری وەکو هەزاران کتێبی تر تیا نەچووبێت و لەوێ مابێ، بەڵام گەڕان و هەواڵپرسینی دوور بەدووری من گەیاندمییە ئەو بڕوایە کە ئەم ئیحتمالە زەحمەتە. نازانم بۆ زۆر لە نووسەرانی کورد لەبری ئەوە دوو کتێبی بەنرخی وا لە

فەوتان رزگاركەن، كتێبی بێ مەعنای وا بڵاودەكەنەوە كە مرۆڤ شەرمەزار دەبێ.

(١٦) حەمەخورشید، فوئاد: زمانی كوردی. بەغدا، ١٩٨٥ ل. ٧١. كاك فوئاد دەیان هەڵەی سەیر سەیری كردووە لەم كتێبە، جگە لەوە هەموو باجەلانی بە گۆران داناوە.

(17) Hadank, Karl: Mundarten der Guran. Berlin. 1930. s.41. ff.

كارل هەدانک ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی ئۆسكارمانی لەسەر گۆران دارشتۆتەوە.

(١٨) وشەی «دانوسان» لە «مشتومڕ» جوانترە. من هەر چاوم بە «مشتومڕ» دەكەوێ، یەكسەر مست هاویشتن و مۆڕ و بەیەكدا هەڵرژانم دێتە پێش چاو، نەک «دان» و «سان».

(19) Marcellinus, Ammianus: Römische Geschichte. BII. *übers. W. Seyfarth). Berlin. 1968. s.29.ff.

ئەو زانیارییانەی بەندە لێرەدا هەڵیكڕاندوون، هەر بۆ سەرنجراكێشانە و بەس. ئەوانەی دەیانەوێ وێنەیەكی ئەو سەردەمەیان دەست كەوێ پێویستە زۆر بەوردی ئەم كتێبە بخوێننەوە و شارەزایی مێژووی رۆم و بیزەنتیەكانیان هەبێ و ئەگەر سەر لە مێژووی كۆنی ئێرانیش دەركەن ئەوە چاتر... لە بەرگی ٣، ل. ٧٣ جارێكی دی نێوای كوردئینا هاتووە. ل. ٧٥ باسی هۆزە زەردەشتییەكان دەكات...هتد.

(٢٠) مەلا عبدالكریمی مدرس باسی پیرشالیار و مەلاگوشایش بەم شێوەیە دەنووسێ: گۆیا پیرشەهریار دیوانێكی شیعری بووە و مەشهوور بووە بە ناوی (ماریفەت) واتە مەعریفەت و لەناو خەڵكی هەورامانا خۆشەویست و بەبایەخ بووە و گەلێ كەس لەبەریان كردووە، جا لە سەردەمی مەلا گوشایشدا كە خوێندنی دەرزی قورئان و تەجوید كەوتۆتە ناوەوە یەكێ لە پیرەژنێكی پرسیووە و وتوویەتی: داپیرە قورئان قەدیمە. یا ماریفەت و پیری؟ ئەویش لە وەڵامدا ئەڵێ: تاتەم ماریفەت و پیری قەدیما، قرروونە هیزی گوشایشە كووری ئاردەن! واتە بابە. ماریفەتی پیرشەهریار كۆنە، قورئان دوێنێ گوشایشە كوێر هێناویەتی.

مدرس، مەلا عبدالكریم: بنەماڵەی زانیاران. چ. ١، بەغدا، ١٩٨٤، ل. ١١٨.

(21) Batatu, Hanna: The old Social Classes and the Revolutinary Movements of Iraq. New Jersy. 1978.p.37-38.

(٢٢) ئەوەی دەیەوێ سەبارەت بوونە شیعەی بەشێک لە بنەماڵەی ئەردەڵانییەكان شارەزابێ، بەسەركردنەوەی مێژووی كوردستانی، مەستوورە و مەردۆخ و حدیقە ناصریە و لب التواریخ و یادی مەردان و...هتد پێویستە. ناسراوترین رووداو كە بە (واقیعاتی كاروانسرا) ناوی لێ نراوە و سالی ١٢٧٠ك. (١٨٥٢) و لەلایەن (علما واعزە واشراف وكسبەی كردستان) رابەری كراوە دژی ئەمان اللەخان دووەم (غلامشاخان) بووە و بە كوشتار و خوێنرشتن كۆتایی پێ هاتووە و كەسیان ئامادەی سەودا و سەوداكاری نەبوون.

(23) Bruinessen, Martin Van: Nationalismus 'und religiöser konflikt: Der kurdische Widerstand im Iran. In: Religion und politik im Iran. Franfurt

a. Main. 1981. s. 382.f.

(٢٤) مامۆستا مەسعوود محەمەد لە بەرگی یەکەمی (حاجی قادری کۆیی)دا زۆر بەجوانی باسی دەوری پیاوە ئایینیەکانی کردووە و پێویست ناکات من قسەکانی ئەو دووبارە بکەمەوە. ل. ٢٧٠.

(٢٥) جێگای سەرسوورمانە کە یەکێکی وەکو دکتۆر کەمال مەزهەر لە (مێژوود)دا وایزانیوە دینەوەر نزیکی شاری سنەیە. ل. ١٠١! یاقوت الحموي لە (معجم البلدان)دا نووسیویەتی: (دینور مدينة من اعمال الجبل قرب قرميسين...). عبدالمؤمن البغدادي و ابو الفداء و ابن الحوقل و کێ و کێش هەروایان نووسیوە. رستەکەی دکتۆر کەمال: (... لە دینەوەری نزیک شاری سنەی کوردستانی ئێران...) لە هەموو روویەکەوە ناتەواوە و دەبێ مێژوونووس هەر یەکجار وردبێت لە رستە دارشتندا.

(26) Marcellinus, Ammianus: Ibid. Band. 4. s. 247.ff.

مارسیلینوس دەنووسێ: "زۆربەی ئالانەکان باریکەلە و مرۆڤی جوانن و قژیان زەردە..." هەندێ نەریت و رەوشتی ئالانەکان کە مارسیلینوس باسیان لێوە دەکات. زۆر لە وەسفەکانی بایەزیدی دەچێ بۆ کورد.

(27) Rich. C. J. Ibid. p. 95.

تێبینی:

پێویست بوو نێوی هەر هەموو سەرچاوەکان بەوردی بنووسرێن. لەلایەکەوە ترسی قەبەبوونی پرۆژەکە بۆ لێکۆڵینەوە و نامیلکە و لەلایەکی تریشەوە نێوی بەشێکی زۆری سەرچاوەکانم لە کتێبی Die kurdische Befreiungsbeweg کە لە مانگی ئاب رەنگە چاپ بکرێ، هێناوە. بە پێویستم نەزانی سەرلەنوێ نێوی ئەو هەموو سەرچاوە بهێنمەوە... پاشان ئەم نووسینە ناچێتە خانەی لێکۆڵینەوەوە و دەبێ وەکو پرۆژەیەک یا روانگەیەک سەیر بکرێ یا بە سەرەتایەک بۆ کتێبی «بزاڤی رزگاری گەلی کورد...»، ئەگەر خۆم یا هەر کەسێکی دی تاقەتی وەرگێرانی هەبێ.

# دەسەڵات MAKT

## محەمەد قەرەداخی

"لە هەر جێگایەک زیندەگیم بەرچاوکەوتبێ، خواستم بۆ دەستەلات تێدا بینیووە."

فردریک نیتشە

دەستەڵات لە وشەیەکی لاتینییەوە وەرگیراوە بەنێوی posse، ئەویش مانای بەتوانایی دەگرێتەوە.

دەستەڵات حەقیقەتێکی کۆمەڵایەتییە و گرنگییەکی سەرەکی لە گۆڕان و گەشەکردن و کارتێکردندا هەیە، بەشێکی هەرە زۆری مێژووی مرۆڤایەتی ململانێکردن و ناکۆکیی نێوان خاوەن دەستەڵات و بێدەستەڵات بووە. بەکارهێنانی دەستەڵات رۆڵێکی گرنگی لە دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤایەتیدا هەبووە. نەخۆشی، کارەسات، جەنگ نەیانتوانیوە رێگا لە دەستەڵاتی داهێنان بگرن. کولتووری مرۆڤایەتی لە ئەنجامی بەکارهێنانی دەستەڵاتەوە دروستبووە.

دەستەڵات: پەیوەندیی کردنی کەسێک، گرووپێکە لەگەڵ کەسانی دی و، گرووپەکانی دیکەدا.

شێوەی پەیوەندی لەگەڵ یەکتربەستن جۆری سیستیمە کۆمەڵایەتییەکە دیاری دەکات و، لە فۆرمی جیاوازدا خۆی دەنوێنێ؛ بۆ نموونە دەستەڵاتی ئایدیۆلۆگی، ئابووری، ئایینی، دەستەڵاتی کۆمەڵ، پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، دەستەڵاتی پارە و پوول، دەستەڵاتی شارەزایی و لێهاتوویی، دەستەڵاتی خێزان و برادەرایەتی و خۆشەویستی، دەستەڵاتی فیزیکی (چاوسوورکردنەوە و لێدان و کوشتن)، دەستەڵاتی شاراوە. لە رژێمێکدا کە تەنیا پارتێک، یاخود تاکە دکتاتۆرێک حوکمڕانی دەکا، بەکارهێنانی دەستەڵات ئیجبارکردنە، لە رژێمێکی دیموکراتیشدا لەسەر یاسا و لێهاتوویی و شارەزاییە.

دەستەڵات، لە هەر سیستێمێکدا بێت، بزوێنەری پرۆسێسی ژیانە و، کەم کەسیش هەیە دان بەوەدا بنێ کە عاشقی دەستەڵاتە و بە شوێنیدا وێڵە.

پەیوەندییەکانی نێوانمان لە ململانێ کردن و، بەیەکگەیشتن و، گفتوگۆکردن و باسکردن

ئامرازێکن بۆ هێنانەدی خواستە تایبەتییەکانمان کە دەستەڵات ڕۆڵێکی گرنگی تیا دەبینێ و، هەر کەسیشمان بگریت بەئاسانی دەستبەرداری دەستەڵات نابێت و نایەوێت برابەشی زۆر بێت.

بۆ باسکردن و شیکردنەوەی تەوەرەی دەستەڵات پەنا دەبەینە بەر بینینە سیکۆلۆگی و سۆسیال سیکۆلۆگی و سۆسیۆلۆگی (کۆمەڵناسی)یەکان.

## بۆچوونی دەروونی (سیکۆلۆگی):

دەستەڵات توانابوونی گرووپێک/کەسێک لە سزادانی یا خەڵاتکردنی گرووپێک/کەسێکی ترە. دەستەڵات ڕۆڵی دەزگایەکی کۆنترۆڵکردنی پەیوەندییەکانی نێوانمان دەگێڕێت. بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی هەڵسوکەتەکانماندا ئەو هەڵانەی کە هەڵیان دەبژێرین لە ژیانماندا چارەنووسمان دیاری دەکەن، لە وڵاتێکی دیکتاتۆریدا چەندێک لە پارتی پێشڕەوەوە، یاخود لە سەرکردەوە، نزیک بیت، ئەوەندە خەڵات وەردەگری، یاخود بەپێچەوانەوە.

گرنگی دەستەڵات لە بەکارهێنانەکەیدایە و، زۆربەی زۆری ڕەخنەگرەکانی ئەم سەردەمە کە سەبارەت دەستەڵات دەدوێن مەبەستیان بەکارهێنانەکەیەتی، کە بە هەزاران شێوەی جیاواز دەردەبڕدرێت. ئەمەش لە چوار گرووپدا کۆدەکرێنەوە:

ا- بەکارهێنانی یاسایی و ئەخلاقییانەی دەستەڵات.

مەبەست ئەو دەستەڵاتەیە کە لەلایەن دامودەزگاکانی کۆمەڵەوە بەکاردێت لە جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانی خۆیان و هاووڵاتییاندا. بۆ نموونە، ملکەچکردنی هاووڵاتییان بۆ کارە هەرەوەزیی و هاوبەشەکان، وەک دانی باج، کەم کەس هەیە بە ڕەزامەندی و دڵخۆشییەوە نیوەی موچەکەی خۆی سەرفکات لە کارە هەرەوەزییەکاندا کە لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان پاداشتی بدرێتەوە. بەکارهێنانی دەستەڵات بەم شێوەیە دابینکردنی کاروبار و ڕێکخستن و دابەشکردنی دادپەروەرانەی پێداویستییەکانە بەسەر کەس و گرووپە لاوازەکاندا، وەک کۆمەککردنی پیر و پەککەوتە، گیروگرفتی کۆمەڵایەتی، نەخۆشی، بێکاری... وهتد. سەمتی بەکارهێنانی ئەم دەستەڵاتە لە کەس و دەستەکانی سەرووی کۆمەڵەوە ئاراستەی کەس و دەستەکانی خوارتر دەکرێت.

ب- بەکارهێنانی نایاسایی و ئەخلاقییانەی دەستەڵات:

زۆربەی زۆری ڕواڵەتە کۆمەڵایەتییەکان، ڕاپەڕین و خۆپیشاندان و مانگرتن، هەوڵ و تێکۆشانێکە بۆ بەهێزکردنی دەستەڵاتی گرووپەکانی خوارووی کۆمەڵ. سەمتی بەکارهێنانی ئەم دەستەڵاتە لە کەس و دەستەکانی خوارەوە ئاراستەی کەس و

دەستەکانی سەرووتر دەکرێت. ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی کە لە رووی یاساییەوە بە ناقانوونی لە قەڵەم دەدرێ و کۆسپی لە رێگادا دادەنرێت، هەرچەندە لە رووی ئەخلاقییەوە بەکارێکی پیرۆز و رەوا دادەنرێت و حسابی بۆ دەکرێت. بەکارهێنانی دەستەڵات بەم جۆرە دەبێتە هۆی شێواندن و تێکدانی ئەو هاوسەنگییەی کە لەنێو پەیوەندییەکانی کۆمەڵدا پەیدابووە و، نەک هەر لە دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکاندا بە توندی بەرپەرچ دەدرێتەوە، بەڵکو لە دەوڵەتە دیموکراتیەکانیشدا چەندین کۆسپی یاسایی بۆ دانراوە، لە بەکارهێنانی مافی رەخنە و نارەزایی دەربڕین و مل بۆ نەدانە بەلای کەمەوە یەک دوو ساڵی دەوێت بۆ ئەوەی بگەیتە ئەنجام. کرێکارێک بە بێ رەزامەندی نەقابەکەی ناتوانێ خۆبەخۆ مانبگرێت لە کارەکەی. هەروەها هەر خۆپیشاندانێکیش دەبێت پێشتر مۆڵەتی لە پۆلیس بۆ وەرگیرابێت و شوێن و کاتی بۆ دیاری کردبێت و پۆلیس رێنمایی بکات (کۆمەڵێک گەنجی کورد لە سوید لە کاتی رەوەکەدا، بە بێ ئاگای پۆلیس و خۆبەخۆ پەلاماری باڵیۆزخانەی عێراقیان دا و ویستیان بیگرن، لە ئەنجامدا هەموویان چەند هەفتەیەک گیران.)

بەکارهێنانی دەستەڵات بەم شێوەیە لە بەرژەوەندیی گرووپە بێهێزەکاندایە و، هەوڵدانێکە بۆ کاردکردنە سەر گۆڕانی دەستەڵاتی باو (باڵادەست).

ج- بەکارهێنانی نایاسایی و نائەخلاقییانەی دەستەڵات:

ئەمەیان ترسناکترین هۆکارە لە بەرپابوونی جەنگ و زۆرداری و چەوساندنەوەدا، ئیتر لە توانای چاوسوورکردنەوەوە بگرە تا کوشتن و لێدان. سەمتی بەکارهێنانی دەستەڵات جێگای یاسا و ئەخلاقیی تێدا نابێتەوە و، لە تاکەکەس و دیکتاتۆرەکانەوە ئاراستەی بەرهەڵستکاران دەکرێت بۆ دەمکوتکردنیان. بۆ نموونە چەوساندنەوەی کەمایەتییەکان و هەوڵدانی تواندنەوەیان لە زۆرینەدا. ئەنجامی ئەم بەکارهێنانی دەستەڵاتە زوڵموزۆر دێنێتە کایەوە، نەک هەر لە ئاستی کۆمەڵدا بەڵکو لە ئاستی تاکەکەسیشدا، کاتێک دزێک، جەردەیەک، تاوانبارێک یەکێکی دی رووت دەکاتەوە.

د- بەکارهێنانی دەستەڵاتی شاراوە:

ئەم جۆرە دەستەڵاتە بزوێنەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. بۆ نموونە دەستەڵاتی سەرمایە بەسەر کارکردن و بەرهەمهێناندا و، دەستەڵاتی سەرکردە بەسەر ئەندامەکانیدا و، دەستەڵاتی کابرایەکی شارەزا و تێگەیشتوو بەسەر نەزانێکدا، باوکێک بەسەر منداڵەکانیدا و، کابرایەکی ئایینی و خواپەرست بەسەر دەوروبەرەکانیدا و، ئەندامی گرووپ و رێکخراوێک بەسەر

کەسێکی بێلایەندا و، دەسەڵاتی پارە و، دەسەڵاتی عورف و عادەت و، پلە و پایەی کۆمەلایەتی و، دەسەڵاتی خزمایەتی و برادەرێتی.

## دەسەڵاتی تاکەکەس:

هەر کەسێ بگریت کە ئەمرۆ خاوەنی دەسەڵاتە و دەتوانێ بڕیار دەرکات و کار بکاتە ژیانی خەڵکی تر، یاخود ئەوانەی بێدەسەڵاتن، لە ئاسمانەوە نەهاتوونەتە خوارەوە، ئەمانە خاوەنی رابردوویەکن کە لەکاتی لە دایکبوونەوە دەست پێدەکات، کۆمەڵێک هۆی ئاشکراو نائاشکرا کاریان تێدەکات، بۆ نموونە:

## دەسەڵاتی بوون:

تاقیکردنەوەکان سەبارەت بە جیهانی منداڵی ئەوەیان سەلماندووە کە منداڵان هەر دوای لەدایکبوونیان بە چەند سەعاتێک لەگەڵ دەوروبەرەکەیاندا توانای دروستکردنی پەیوەندی سۆسیالییان هەیە. بۆ نموونە وردبوونەوە لە دەموچاو، لاساییکردنەوە، ناسینەوە، یەکەمین قیژەی منداڵ، زەردەخەنەکردنی... بریتین لە دەسەڵاتی بوونی منداڵەکە و، ئامرازێکن بۆ ئاگادارکردنەوە لە تێرکردنی پێداویستییەکانی.

گەشەکردنی ئەم دەسەڵاتە و کەسایەتی منداڵەکە پەیوەندیی راستەخۆی بەوەوە هەیە تا چ رادەیەک باوک و دایکەکە توانیویانە تێبگەن و پێداویستیی منداڵەکە جێبەجێ بکەن. منداڵەکە دەسەڵاتی خۆی لە رێگای خەلاتکردن و سزادانەوە دەسەپێنێ (زەردەخەنە یان گریان). کاتێک منداڵەکە دەگری دەگیرێتە باوەش و ژیر دەکرێتەوە، کاتێک پێدەکەنێ رووی نازی دەدرێتێ و قسەی لەگەڵ دەکرێ. ئەو منداڵەی لەم قۆناغەدا ئەم جۆرە دەسەڵاتەی بەکارهێنابێ جیاوازی هەیە لەگەڵ منداڵانی تردا کەم ئەم هەلەیان بۆ نەرەخسابێ. بۆ نموونە ئەو منداڵانەی کە لە دەزگا پەروەردەییەکاندا بەخێو دەکرێن زۆربەی جار بێبەشن لە باوەشی گەرم و، بۆیان نەرەخساوە گوێ شل بکرێت بۆ داواکانیان، کاتێک دەگرین کەس ناچێت بەلایانەوە (بەتایبەتی لەکاتی خۆیدا). ئا لێرەدا منداڵە ساواکە ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە ناتوانێ گریان بکاتە هۆی بەهاناوەهاتنی، ئەگەر گریاش کەس بە دەنگییەوە نایەت، هەر لێرەشەوە وەک ئەنجامێکی سروشتی پشتگوێ خستنی منداڵەکە و پێداویستییەکانی هەستی بێدەسەڵاتی رەگی خۆی دادەکوتێ.

## دەسەڵاتی خود (زات) دەوڵەمەندکردن:

مرۆڤ مەزنترین دەزگای خۆناسینەوەی

هەواڵنامەی کتێب

هەیە و، بایەخدان و باسکردنیشی ڕۆڵێکی گرنگیان لە گەشەکردن و دەوڵەمەندکردنی زاتدا هەیە. لە تەمەنی دوو مانگانەوە منداڵەکە هەندێ کەس دەناسێتەوە و دەتوانێ جیایان بکاتەوە و جۆرە هەستێکی بۆیان هەیە. هەر لەم قۆناغەشدا منداڵەکە هەستی سەربەخۆیی تێدا دروست دەبێت، بۆیە بایەخ پێدان و قسە لەگەڵ کردن و باوەشی گەرم و سنووردانان گرنگترین پێداویستیی دەستەڵاتی خۆ دەوڵەمەندکردنە.

## هەستی خۆدەربڕین (تەعبیرکردن لە زات):

لەکاتی دواندن، باسکردن، بەراوردکردندا، لە کاتی بەئاگایی و بێ ئاگاییدا تەعبیر لە زاتی خۆمان دەکەین و خود خانەیەکی تایبەت و فراوانی بۆ دەکرێتەوە و، بۆ کەسانی دەوروبەریشمان سیگناڵێکە کە خۆمانی لەگەڵدا بگونجێنین، بۆ نموونە دەممان وشک دەبێت لە ئاستی کابرایەکی بەدەستەڵاتدا یاخود خۆمان لادەدەین لە یەکێکی گێرەشێوێن و شەڕانی.

تەعبیر لە زات زیاتر بۆ سوودی شەخسی دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە یەکێک دەیەوێ لەناو گەرەک و خێزاندا دەرکەوتووبێ، لە گفتوگۆکردنی ڕۆژانەدا دەجار هەمان سەرگوزشتە دەگێڕێتەوە: "چەند جار پێم وت بە قسەی نەکردم، دەبخوا ئەوە دەردی بێ، دەستی خوا خۆش بێ.. خۆم هەر دەمزانی وای بەسەردێ." یان خۆ بەباشتر زانین لەکاتی بەراوردکردندا. نووسەرێک نایەت توانای خۆی لەگەڵ دەستەئیفسکی و ئەبسن و سترینبارێدا بەراورد بکات، بەڵکو لەگەڵ هی نزیکترین برادەرەکانی ناوچەکەیدا (ئەو کەسانەی کە دەیناسن.)

ئەرسەر میللەر لە ڕۆمانی (مردنی بازرگانێک)دا لەسەر زاری یەکێک لە پاڵەوانەکانییەوە دەڵێ: "هەرچەندە مێردەکەم توانای دەوڵەمەندێتی نەبووە و نەیتوانیووە پارە کۆبکاتەوە و، نەناسراویش بووە و ناوی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام مێردەکەم مرۆڤە... مرۆڤ، ڕێزی لێبگرن!"

ئەگەر مرۆڤ توانای بەکارهێنانی ئەم دەستەڵاتەی نەبوو ئەوا زۆربەی جار تاک دەکەوێتەوە و غەم دایدەگرێت. بۆ ئەوەی بەردەوام بین و ناوێک بۆ خۆمان دروست کەین. لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەماندا شێوەیەکی خۆ دەرخستن و دەوروبەر لە خۆ بە ئاگاهێنانەوە دەدۆزینەوە.

## زەبروزەنگ:

لەنێو کۆمەڵدا بەکارهێنانی دەستەڵات لە ڕێگای زەبروزەنگ نواندنەوە کارێکی باوە و، بۆ بەرژەوەندی و خۆپاراستن بەکاردێت. ڕادەی زەبروزەنگیش بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک هۆکاری دیبەوە؛ وەکو گەشەکردنی

هەواڵنامەی کتێب

خود، کارتێکردنی ئایینی و ئایدۆلۆگی و عورف و عادەت، خاک و نیشتمان، نەتەوە و...هتد کەمایەتییەکان، سا ئیتر ئەگەر نەتەوەیی بن یاخود ئایینی یان هی رەگەز، بەتوندی دەچەوسێنرێنەوە و مافیان پێ شێل دەکرێت، کەرەسەی مل پێکەچکردنیشیان کوشتن و لێدان و سووکایەتی پێکردن و ژیان لێ تاڵ کردنە. لە ئاستی تاکەکەسدا و، لە کاتی پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ دەوربەریدا، زەبروزەنگ دەروونییە یاخود فیزیکی، کە زۆربەری جار بە شکاندن و گاڵتەپێکردن، یان بە لێدان و چاوسوورکردنەوە کۆتایی پێ دێ. چ روودەدا، بۆ نموونە، کاتێک یەکێک لە عورف و عادەتی زۆرینە لادەدا، یا کەسێک رەخنە لە کەموکورییەکانی کۆمەڵ بگرێ، زەبروزۆری دەروونی، لەنێو پەیوەندییە کەسایەتییەکاندا، لە هی فیزیکی سەختتر و جەرگبڕترە. بۆ نموونە بیرێ دێ بە خەیاڵماندا و حەزمان بە رەنگێکە، بە هەڵسوکەوتێکی دیاریکراوە، بە رێکخراوێکی سیاسییە. ئەوەی کە خۆمان بڕیارمان لەسەری داوە دەمانەوێت خەڵکی دەوروبەرەکەشمان بەلایانەوە چاک بێت و پەسەندی کەن. ئەگینا دەکەوینە بەر پلار و رەخنەگرتن، بۆ نموونە هەڵبژاردنی خوێندن، هاوسەر... باوکەکە دەیەوێ کوڕەکەی ببێ بە دکتۆر، ئیتر هیچ گرنگ نییە با کوڕەکەشی حەزی لە شتێکی دی بێ. یان دەبێ فڵانە کەس ببێنێ، با حەزیشی لە کەسێکی تر بێت. دەبێت لایەنگری پارتی A بێت هەرچەندە حەزی لە پارتێکی دیکە بێت. رەوتی بەکارهێنانی دەستەڵات، هەواڵەی دەوروبەرەکەی دەکرێ و بە پێچەوانەشەوە، ئەمەش هێزی بەرگریکردن لەخۆ (شێتگیری) بەهێزتر دەکات و شوورایەکی بڵند بەدەوری خۆیدا دروست دەکات کە سنووری خۆی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا جیاتر دەکاتەوە و بەرژەوەندییەکەی چاکتر دەپارێزێت.

## بۆچوونی سۆسیال سیکۆلۆگی:

پەیوەندیی نێوان تەنیا کەس و دەوریەرەکەی (Social miljö) و کارتێکردنیان لەیەکتری بە سۆسیال سیکۆلۆگی ناودەبرێت. لە پەیوەندییەکاندا دەستەڵات بە پایەبەرزی و هاوکاریکردن تەعریفی لێدەکرێت. یەکێک کە پایەی لە یەکێکی دی نزمتر بێ ئەوا رەزامەندانە بۆ هاوکاریکردن دێتە پێشەوە، بەڵام خاوەن پایەبەرزەکە حساب بۆ ئەوەی خوارووی ناکات و بە داشی دەستی خۆی دادەنێت.

لەنێو ئاژەڵاندا دەستەڵات بەشێوەی هەرەمی دروست بووە و هەریەکەیان جێگا و رێگای خۆی دەزانێ. لە زۆربەی زۆری رژێمە کۆمەلایەتییەکانیشدا دەستەڵاتی بڕیاردان بە دەست ئەوانەوەن کە جێگای خۆیان لە سەرووی هەرەمەکەوە کردۆتەوە. ئەوانەی

خوارەوەیان هەر راپەڕاندی ئەو بڕیارانەیان لەسەرە.

## دەستەڵات – پەیوەندییەکان:

دەستەڵات نە بەتەواوەتی دەپێورێت و نە بە ئاسانیش پێناسە دەکرێت، چونکە دەستەڵات خۆیەخۆ ئاراستەی کەسێک/گرووپێک نابێتەوە، بریتیە لە پەیوەندییەکان و لە هەمان کاتیشدا کەسێک، گرووپێک، چینێک لەناو کۆمەڵدا هەموو کاتێک دەستەڵاتی بەسەر کەسێک، گرووپێک، چینێکی تردا هەیە.

لە پەیوەندییە مەنتقییەکاندا، بۆ نموونە، A برا یان خوشک B یە. لێرەدا دەتوانین بڵێین A و B خوشک و بران.

دەتوانین بڵێین دوو قایمقام/مدیری ناحیە، لە بەراوردکردنیاندا لەگەڵ یەکتری، هەمان پلەوپایە و دەستەڵاتیان هەیە، کەچی کە دێنە سەر پەیوەندییە شەخسییەکان لەوانەیە کەسی یەکەمیان شارەزایی و لێهاتوویی و رادەی خوێندنی لە کەسی دووەم زیاتر بێت. بەم جۆرە هەرچەندە هەمان پلەوپایەیان هەبێت دەستەڵاتیان جیاوازە. ئەگەر کەسی A دەستەڵاتی بەسەر کەسی B دا بێت و بتوانێ کاری تێبکات، ئەوا دەستەڵاتی A بریتیە لە (دەستەڵاتی A دەستەڵاتی B)، دەستەڵاتی پارتێک بریتەیە لە دەستەڵاتی ئەو پارتە – دەستەڵاتی ئۆپۆزیسیۆن.

دەستەڵات سیمای تر دەبینێ بە خۆیەوە ئەگەر لە گەورە و بچووکییەوە بۆی بڕوانین. کەسی A لە کەسی B پیرترە و کەسی B لە کەسی C پیرترە، لێرانەدا دەتوانین بڵێین کە A لە C پیرترە. لە سیستێمی عەسکەری زۆربەی پارت و رێکخراوەکاندا ئەم جۆرە پەیوەندییە باوە، کاتێک A دەستەڵاتی بەسەر B دا هەیە، B دەستەڵاتی بەسەرC دا هەیە، لێرەدا ئەگەری دەستەڵاتی A بەسەر C دا زۆرە، ئەمەش لە رێگای کارتێکردنەوە لە کەسی B. ئەم جۆرە پەیوەندی دەستەڵاتە لەنێو کۆمەڵیشدا باوە، ئەو کەسەی ناسراوتر بێت و پەیوەندی زیاتر بێت توانای دەستەڵاتی زیاترە و ئیشی باشتر دەڕوات.

هەواڵنامەی کتێب

دەستەڵات لەنێو پەیوەندییەکاندا لەسەر بناغەی زنجیرەیە و، زنجیرەیەک دەستەڵاتمان بۆ بەدەست دێنێ کە کار لە یەکتری بکەن و، لە هەمان کاتدا ناتوارێت جێگە و شوێن و کاتیان دیاری بکرێت. ئەم جۆرە دەستەڵاتە زنجیرەییە بەسەرگورشتەیەکی کۆن روون دەکرێتەوە:

(منداڵێک نایەوێت بڕوا بۆ قوتابخانە.. دایکەکە دەڕوا بۆ لای دار کە بێ لە کورەکەی بدا بۆ ئەوەی بچێ بۆ قوتابخانە. بەم جۆرە دایکەکە دەڕوات بۆ لای ئاگر، ئاو، گا، قەساب، پەت، مشک... تا ئەگاتە پشیلە. پشیلە بەدەم دایکەکەوە دێت و پەلاماری مشکەکە دەدات بیخوا، مشک بۆ پەت... بەم جۆرە زنجیرەکە دەکەوێتە جووڵان، تا دەگاتە

دار، داریش دەیەوێت لە منداڵەکە بدا... منداڵەکە دەڕوات بۆ قوتابخانە... ئەو پەیوەندییانەی کە بەم جۆرەیە و لەنێو کۆمەڵدا باون زۆربەی جار شێوەیەکی شاراوەیان هەیە و ناتوانرێت دەستنیشان بکرێن. کێ لە بنەچەدا ئەو دەستەڵاتەی بەلاوەیە کە زنجیرەکە بخاتە جولاندن؟ ئایا دایکەکەیە، یاخود پشیلەکەیە؟ ئەوەی ئێمە دەیبینین ئەوەیە کە منداڵەکە دەبێت بڕوا بۆ قوتابخانە) Rashevsky.1951.

## کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی یاخود نیوەیی:

Kelley و Thibaut دوو سۆسیال سیکۆلۆگن باری پەیوەندییەکانی ناو دەستەڵاتیان شیکردۆتەوە. ئەگەر کەسی A و کەسی B دوو ئەڵتەرناتیڤیان لەبەر دەستدا بێت بۆ هەڵبژاردن، ئەڵتەرناتیڤی ١ و ئەڵتەرناتیڤی ٢، ئەوا لێرەدا سێ جۆر پەیوەندییمان لەنێوان کەسی A و B بۆ دروست دەبێت:

ا- کەسی A و B ئازادن چ ئەڵتەرناتیڤێک هەڵبژێرن و کەسیان نەبەستراوەتەوە بەوی ترەوە.

لە کاتی گفتوگۆکردنی نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا کە هەر لایەکیان خاوەنی قەوارە و شوێنی خۆیانن، بەرژەوەندی خۆیان دەپارێزن، بۆ نموونە ڕاوێژکردنی ڤێتنامییەکان لەگەڵ حکومەتی ئەمریکادا و، هی پارتی لەگەڵ ڕژێمی بەغداد لە ساڵی ١٩٧٠دا (خوالێخۆشبوو بارزانی لە جێگەی خۆی مایەوە نەچوو بۆ بەغدا و، وەفدی پارتی نوێنەرایەتییان دەکرد.)

لە ئاستی کەسانیشدا ئەم جۆرە پەیوەندییە ئەوەیە کە یەکێک بۆی هەبێ چی بەباش بزانێت ئەوە هەڵبژێرێت بێ ئەوەی کەسی دووەم کاری تێ بکات.

ب- کەسی B تا ڕادەیەک بەستراوەتەوە بە کەسی A وە، لێرانەدا کەسی B بۆی نییە چ ئەڵتەرناتیڤێکی بووێت هەڵیبژێرێت. ئەگەر کەسی A ئەڵتەرناتیڤی یەکەمینی هەڵبژارد کەسی B دەتوانێ ئەڵتەرناتیڤی دووەم هەڵبژێرێت، بەلام دەبێت نرخی ئەو هەڵبژاردنە بدات و بکەوێتە مشتومڕ و ناخۆشییەوە لەگەڵ کەسی A دا، یا ئەوەتا لەبەر خاتری A ئەڵتەرناتیڤی یەکەم هەڵبژێرێت.

بۆ نموونە ئەو ڕێکخراو و پارتییانەی کە وابەستەی سیاسەتی وڵاتێکی ترن دەبێ بە قەدەر بەرەکەی خۆینا پێ ڕاکێشن و نە شیش بسووتێنن، نە کەباب. ئەمەش لە پەیوەندی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی ئێراندا بە ڕوونی دەرکەوت ( لەو سەردەمەدا هەندێ خۆپیشاندان دژی باڵیۆزخانەی عێراق ڕێکخرا و کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان تێیدا بەشداربوو. ئەو ڕێکخراوانەی کە خۆپیشاندانەکەیان ڕێک

دەخست تەنیا دڵیان بە هیتافاتی دژ بە عێراق و تورکیا دەکرایەوە، ئەگەر یەکێکیش هیتافێکی دژی حکومەتی ئیسلامی یا سوریان بکێشایە یەخە و سەر و دڵیان دەگرت.)

لە ئاستی تاکەکەسدا و، لە ژیانی رۆژانەدا، هەر لە شتی سادەوە بگرە تا هی دژوار هەمووی بەیەکەوە بادراون. بۆ ئەوەی دڵی باوکت رازی کەی شوو دەکەی بە A، بۆ ئەوەی ناوی خێزانەکەت کوێر نەبێتەوە دەبیت بە ئەندامی هەمان پارتی و هەمان رۆژنامە دەخوێنیتەوە، بۆ ئەوەی دڵی دراوسێ (ئەلف) رازی کەیت لەگەڵ دراوسێی (بێ)دا تێکی دەدەیت، بۆ ئەوەی خۆت بە شاری وانێیت حەز بە هاتوچۆکردنی لادێی ناکەیت، زۆر رووبان نادەیتێ، کە دێشن بۆ لات زەوقت تێک دەچێت و حەزناکەی دەرودراوسێ بیانبینێ. بۆ ئەوەی برادەری عەزیزت دڵ زوویرنەبێت پوولێک بە برادەری دووهەمتەوە دەنێیت.

ج- کەسی B بەتەواوەتی بەستراوەتەوە بە کەسی A وە. ئەگەر کەسی A ئەڵتەرناتیڤی یەکەم هەڵبژارد B ش ئەڵتەرناتیڤی یەکەم هەڵدەبژێرێت، خۆ ئەگەر A هی دووەهەمی هەڵبژارد دەبێت B هەمان شت دووبارە بکاتەوە. پارتە کۆمۆنیستەکانی وڵاتە سۆسیالیستەکان و وڵاتانی تری جیهان ئەو سیاسەتەیان پەسەند دەکرد کە هەمان سیاسەتی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بوو. هەچ رواڵەتێکیش ناوی سۆسیالیستی و سۆڤیەتی پێوە بووایە ئەمان بە هەق و ناهەق داکۆکیان لێ دەکرد و، تەنیا ئەو شتانەیان بینبووە کە بۆیان هەبووە بیبینن و، هەموو هەوڵدانێک دژ دەستەڵاتی ناوەندی سۆڤیەتی بەتوندی و بە بەکارهێنانی هێزی سوپایی سەرکوتکراوە. بۆ نموونە لە هەنگاریا و چیکوسلۆڤاکیا (دۆبچیک ویستی سۆسیالیزمێک دامەزرێنێ کە رووبەکی مرۆڤایەتی هەبێ!) گفتوگۆی نێوان دوولا، ئیتر هەرچۆنێک بێت، ئەگەر لایەکیان کۆنترۆڵی تەواوەتی هەبێ وەکو یاری منداڵانی لێ دەردەچێت، چونکە هەردەم ئەوەی کە دەستەڵاتی تەواوەتی هەیە تەنیا دڵی بە ئیجبارکردن دەکرێتەوە، ئەمەش بە روونی لە سەرنەگرتنی مفاوەزاتەکەی ١٩٨٤ی یەکێتیی نیشتمانییدا دەردەکەوێت.

لە ژیانی تاکەکەسدا ئەم جۆرە کۆنترۆڵ کردنە ترسناکترین گیروگرفتی مرۆڤایەتییە و، ئەو کەسانەی کە کۆنترۆڵ دەکرێن هیچ بەرهەڵستیەکیان تێدا نامێنێ، بەتەواوەتی خۆیان دەدەن بەدەستەوە چییان لێ بخوازرێ پێیان دەکەن، ئیتر لە هەر تاقمێک و دەستەیەک بن (تاقمێکی ئاینی لە شاری ڤاکوی ئەمریکی لە دەوری داڤید کوروش ناوێک کۆبوونەتەوە و بە پێغەمبەریان داناوە و تەنیا داڤید بۆی هەبووە و پێی رەوابینراوە کە لەگەڵ ژن و منداڵەکانیان بنوێت، رابوێرێت و مەشروب بخواتەوە، تاقمە ئاینیەکەش لەو

دنیا بۆیان هەبووە مەشروب بخۆنەوە و رابوێرن. جارێک لەگەڵ پۆلیسدا بەیەکدا هاتن و چوار پۆلیسیان کوشت. ماوەی دوو سێ مانگ پۆلیس و سەرباز ئابڵوقەی خانووبەرەکەیان دان و ویستیان ناچاریان کەن خۆیەدەستەوە بدەن. بەڵام لە مانگی ئەبریلی ١٩٩٣دا تاقمەکە گڕی لە خۆی و خانووبەرەکە بەردا و ٨٥ کەس پێکەوە سووتان. کارەسات لەوەدایە کە ئەم تاقمە نەک تەنیا ژن و منداڵ و هەموو شتێکی دونیایان بەخشیوە بە داڤید بەڵکو لەگەڵیشیدا بەرەو مردن رۆیشتوون.)

## دەستەڵات – سەرکردە

جەوادنامەی کتێب

ئەو تۆژینەوەی کە لەم بارەیەوە کراوە سەبارەت بە دوو شت بووە:

١- چۆن سەرکردە دەتوانێ چالاکییەکانی گرووپەکە بەڕێوەبەرێت، چۆن کار بکاتە سەر بیر و هەڵسوکەتیان.

٢- چ جۆرە شێوەیەک هەڵبژێرێ لە چالاکیی گرووپەکەدا کە ئەندامەکانی پێی رازی بن.

زۆربەری زۆری سۆسیال سیکۆلۆگەکانی ئەم سەردەمە لەو بڕوایەدان کە سەرکردە توند بە بارودۆخەکەوە پێچ دراوە (مەبەست لە سەرکردە تەنیا سەرکردەی وڵاتێک یان پارتێک نییە، بەڵکو سەرکردەی گرووپێکی بچکۆلانەی سیاسی، ئابووری، پیشەیی و کولتووریشە) ئەرکی سەرشانی سەرکردەیەک ئەوەیە کە بارودۆخەکە بەسەریدا دەسەپێنێ، نەک خاسیەتی سەرکردەکە، چونکە سەرکردە رۆڵە و وەڵامدانەوەی ئەو پێداویستییانەیە کە بارودۆخەکە هێناویانە بەسەریدا و، رادی زیرەکی و لێهاتوویی سەرکردەش تۆزێک لە راژەی زیرەکیی گرووپەکە زیاترە. ئەو سەرکردانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەستەڵاتیان بەدەستەوەیە لەنێو خەڵکەکەوە هەڵقووڵاون و بارودۆخی ناوچەکە هێناونێتە کایەوە و، زیرەکی و نازیرەکی، شارەزایی و ناشارەزایی، هەڵە و ڕاست گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە کە دەستەڵات لە دەستی سەرکردەیەک یا دەستەیەکدا بێت. ئەندامانی گرووپێک، پارتێک، میللەتێک پێویستیان بە سەرکردەیەک هەیە وەک سیمبۆلێ (رەمزێ) بۆی بڕوانن و خۆشەویستی و رق و کینەی خۆیانی بۆ دەربڕن و خۆیانی لەگەڵدا بەراورد بکەن و، لە رووی دەروونییەوە خودی نیوەمردوویان لە نەڕەنەڕی سەرکردەدا زیندووکەنەوە. خواست و بیرکردنەوەی سەرکردە چۆن بێت بەو جۆرەش ئەندامانی گرووپەکەی بیردەکەنەوە، یاخود بەپێچەوانەوە کاتێک سەر بە گرووپێکی تر بن.

## دەستەڵات – تاقیکردنەوەکان:

کاتێک باسی دەستەڵات دەکرێت مەبەست دەستەڵاتی تەنیا کەس یا گرووپێک نیە، بەڵکو

ئەو دەستەڵاتەیە کە لەکاتی بەکارهێنانیدا دەبێتە هۆی کارتێکردن. Emerson.1962. کاتێک کەسی A دەستەڵاتی بەسەر کەسی B دا هەیە مانای ئەوەیە کە دەستەڵاتی A یەکسانە بەو بەرهەڵستییەی کە کەسی B دەیکات دژی کەسی B. هەر ئەمەشە هۆی ئەوەی کە ناتوانرێت دەستەڵات بپێورێت.

پرۆفیسۆرێکی سۆسیال سیکۆلۆگی فینلاندی بەناوی Eskole لە ساڵی ١٩٦١دا تاقیکردنەوەیەکی ئەنجامداوە کە تەخمینکردنی درێژیی چوارگۆشەیەک بووە بە دووجار، یەکەمین جار بەشداربووەکانی بە تەنیا وەڵامیان داوەتەوە و وەڵامەکانیان تۆمارکراوە، لە قۆناغی دووهەمدا دوو کەس دوو کەس هاتوونەتە ژوورەوە و پێکەوە دوای گفتوگۆکردن و یەک قایلکردن وەڵامێکی هاویەشیان داوەتەوە. وەڵامەکانیان لەگەڵ وەڵامەکانی پێشوویاندا بەراوردکراوە و، لەئاکامدا دەرکەوتووە کە کام لەو دوو کەسە کاریان کردۆتە سەر ئەوی تریان و، بەجۆرە دەستەڵاتەکەیان پێواوە.

Robert Mickel لە سەدەی بیستەمدا توێژینەوەیەکی قووڵی لەنێو دەستە و رێکخراوی پارتی سۆسیال دیمۆکراتی ئەڵمانیادا کردووە، لە ئەنجامدا ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە سەرباشقەیەک لە سەرەوە پەیدابووە کە دەستەڵاتیان لەلا کۆبۆتەوە و جیاوازیان لەگەڵ ئەندامانی خوارووییاندا ئەرز و ئاسمانە. Robert بەو ئەنجامە دەگات، کە ئەگەر هاتوو لە پارتێکی سۆسیال دیمۆکراتدا ئەم دەستەڵاتە لە هەڵبژاردەیەکی خەڵکدا کۆبکرێتەوە، ئەوا لە پارت و رێکخراوە راستڕەوەکانی تریشدا، بەڵکو بگرە لەنێو کۆمەڵی ئایینی و کولتووری و پەیوەندییە ئابوورییەکانیشدا هەمان سەرباشقە دروستدەبێت کە دەستەڵاتی گۆڕانی بەلاوەیە.

## چەشنە سەرەکییەکانی دەسەڵات:

سادەترین و سەرەتاترین ئەم شێوەی دەستەڵاتە هی ناچارکردنە، واتە بە هێزی فیزیکی (زۆرلێکردن یاخود هەڕەشەکاری) ئەنجامیبدەیت. چاکترین نموونەش لە سەردەمی نوێدا ئەو دەستەڵاتە سیاسییە کە دەوڵەت دژی هاووڵاتیانی خۆی بەکاری دەهێنێ. ماکس فیبەر ١٩٥٨ لەو بڕوایەدایە کە هەر لە پێناسەی خودی دەوڵەتدا مافی توندوتیژی بەکارهێنانی لە سنوورێکی دیاریکراودا، هەیە. هاووڵاتیان بۆیان نییە بە توندوتیژی مافی خۆیان بسێنن یان بەکاری بهێنن دژی خەڵکی تر (جگە لەوەی کە لە زۆربەری زۆری وڵاتەکاندا دایک و باوک دەتوانن توندوتیژی بەکاربهێنن دژی منداڵەکانیان) بۆ مل پێ کەچکردن.

## دەستەڵاتی ئایین:

ئەو دەستەڵاتەیە کە لەسەر چاکە و خراپەکردن وەستاوە. بۆ نموونە کابرایەکەی ئایینی شارەزا دەتوانێ کار بکاتە سەر خووڕەوشتی خەڵکی دی، کاتێک هەندێ هەڵسوکەوت بە چاک دادەنێ و ئەوانی تر بە خراپ، زۆربەی دەوروبەرەکەشی ناچارن خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن، بەم جۆرە بەشێکی زۆری دید و ئاکاری کابرا وەردەگرن و دەبێتە هی خۆیان. لێرانەدا، لەنێوان دەستەڵاتدار و ئەوانی تردا، پەیوەندییەک دروستدەبێت کە زۆرجار زەحمەتە بێ یەک بمێننەوە، بۆیە زۆرجار ژیانی خۆیان دەکەن بە قوربانی.

## دەستەڵاتی ئابووری:

خاوەن سەرمایەکان کۆنترۆڵی خۆیان هەیە بۆ پەیوەندییە ئابوورییەکان و بەو پێیە نەخشەیان بۆ دەکێشن کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیاندا بگونجێ و دەستەڵاتیان وەکو ئامرازێکی ناچارکردن بەکاربهێنرێت. لە وڵاتدا لەسەر بناغەی دەستکەوتی مادی (خەڵاتکردن و سزادان)، ئەم دەستەڵاتە بە سنوورەکاندا تێدەپەڕێت. بۆ نموونە وڵاتەکانی ئەمەریکای لاتینی بەشی هەرە زۆری شمەکی نێردراویان بۆ دەرەوە دەچێت بۆ ئەمەریکا، لێرەدا دەستەڵاتی ئابووری ئەمەریکایی بە سووک و ئاسانی وەکو ئامرازێکی مل پێکەچکردن لەو وڵاتانەدا دەسەپێنرێ.

ڤێتنام سەرکەوتنی جەنگی بەدەست هێنا، بەڵام ئابڵۆقەی ئابووریی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان دەستی ناوەتە بینی ئابووری ڤێتنام و نایەڵن گەشە بکات. ئەم دەستەڵاتە بە شێوەی تریش بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە، لە ڕێگای خستنەکار و کۆمەککردنی وڵاتانی جیهانی سێهەم، یان بۆ مسۆگەرکردنی بەهێزکردنی دەیموکراتی لە وڵاتە سۆسیالیستەکانی پێشوودا، بۆ نموونە کۆمەکردنی سەرۆک کۆماری ئەمەریکا بە ڕووسیا و دانی زیاتر لە ملیارێک دۆلار بۆ ئەوەی تای ترازووی دەنگدانە گشتییەکەی ئەو دواییەی ڕووسیا بە قازانجی یەلتسن بێت.

## بۆچوونی سۆسیۆلۆگی:

لە ژیانی ڕۆژانەدا پێویستمان بە پەیوەندی و دۆستایەتیی کەسانی دەوروبەرەکەمان دەبێت، هەڵسوکەوتمان پابەندی ئەو جیهانەیە کە تێیدا دەژین و بە جۆرێک لەگەڵی دەجووڵێینەوە کە بۆمان بگونجێت و، لە هەمان کاتدا بەرامبەر هەڵسوکەوتی دەوروبەرەکەمان کاردانەوەی خۆمان هەیە.

یواکیم ئیسرائیل ١٩٧٩ دەڵێت مرۆڤ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیەتی و ئەو بیرورایە بە هەڵە دادەنێ کە دەڵێ مرۆڤ بەرهەمی کۆمەڵەکەی و هەروەها ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەیە کە ناچارە

هەواڵنامەی کتێب

لەنێویاندا بژی. لێرەدا مرۆڤ بەبێ دەستەڵات و سست دادەنرێت، کە هەر لەژێر رکێفی توندوتیژیدایە و خۆی لەگەڵدا دەگونجێنێ. یواکیم ئیسرائیل دەڵێت: "مرۆڤ خاوەنی هەڵسوکەوتی چالاکانەیە و دەتوانێ سنوور بۆ خۆی و دەوروبەرەکەی دانێ."

## پەیوەندییە سۆسیالییەکان:

پەیوەندیی نێو یەکتری: ئەو پەیوەندییە کە لەگەڵ یەکتردا دەیبەستین و، لەکاتی پەیوەندی بەستنی تایبەتیدا لەگەڵ کەسانی تردا چاوەڕوانین کە ئەوان چ کاردانەوەیەکیان هەبێت، بۆ ئەوەی ئێمە بەئاسانی هەنگاوی دووەم بنێین و، لە گەرمەی ئەم جۆرە دوویارەبوونەوەیەدا پەیوەندییەکان گەشە دەکەن. پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە سەرانسەری کۆمەڵ دەگرێتەوە، بۆ نموونە پەیوەندییەکانی نێو یەکتر لە هی ئابوورییەکاندا گەشەدەکات. لەم پەیوەندی کردنەدا دوو جۆر دەستەڵات پەیدا دەبێت. کێ لە بنەچەدا خاوەنی دەستەڵاتە و؟ کێ نوێنەرایەتی لێ دەکا؟ ئەمەش دوو خەسڵەتی بنەڕەتی کۆمەڵایەتین.

ا- دەستەڵاتی ئۆبیەکتیڤ:

دەستەڵاتی مولکایەتی و لە چنگابوونی کەرەسەی بەرهەمهێنان ئەوانی بەرهەمەکە دروست دەکەن جیا دەکاتەوە لەوانی دەبنە خاوەنی. رەوایەتی و راستیی سیستێمەکە، بۆ نموونە هی سەرمایەداری، پارێزراوە، لە کاتێکدا پارتە نوێنەرەکان، لە چەپەوە تا راست، بەرهەمهێنانی تایبەتیان لا رەوایە، ئەمەش لەلایەن دەستەڵاتی سیاسی، پۆلیس، مۆنۆپۆلکردنی دامودەزگاکانی خوێندن و راگەیاندنەوە مسۆگەردەکرێت.

ب- دەستەڵاتی سۆبیەکتیڤ:

بەڕێوەبەری کارخانەیەک نوێنەری دەستەڵاتی خاوەنی کارخانەکەیە. بەڕێوەبەری کارخانەکە لەڕێی خەڵاتکردن و سزادانەوە دەستەڵاتی سۆبیەکتیڤی خۆی دەسەپێنێ و، دەتوانێ کاربکاتە سەر موچەخۆر و کرێکارن و موچەیان بۆ زیاد بکات، یان دەریان کا، یان بیانگوێزێتەوە...هتد. ئەمە دەستەڵاتی توانابوونە لە بڕیاردان و کارتێکردندا. لێرەدا دەبێ ئەوەش روون بکرێتەوە کە دوو بەڕێوەبەر هەرچەندە پلەویایە و شارەزاییان وەک یەک بێت، جۆری هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەوروبەرەکانیاندا گرنگە. بۆ نموونە یەکێکی نەرم و لەسەرخۆ لەگەڵ یەکێکی رەق و قسەناخۆشدا. هەرچۆنێک بێ دەستەڵاتی سوبیەکتیڤ داری دەستی مۆڵکایەتی کردن (دەستەڵاتی ئۆبیەکتیڤ)ە، لە کاتی پەیڕەوکردندا.

## دەستەڵاتی ئەکتواریتا:

ئەم جۆرە دەستەڵاتە بە دوو شێوە دەردەبڕدرێت، لە رێگای زیرەکی و

شـارەزاییـەوە، یان لە ڕێگای بەکـارهێنانی توندوتیژییەوە.

باوکێک کە بە منداڵەکەی دەڵێ ڕۆڵە بنوو! کوڕەکە نایەوێ بنوێ، دەڵێ بۆچی؟ باوکەکە چاوی لێ سووردەکاتەوە و دەقیژێنێ بەسەریدا و گوێی ڕادەکێشێ و پێی دەڵێ: لەبەرئەوەی من پێت دەڵێم. باوکەکە وەک دەستەڵاتداری نێو خێزان ئامرازی ناچارکردنی بەدەستەوەیە و بەکاری دەهێنێ کە زۆربەی جار بە لێدان کۆتایی پێ دێ. باوکێکی دی لە هەمان هەڵوێستدا نەرم و لەسەرخۆ بۆ منداڵەکەی ڕوون دەکاتەوە تا قەناعەتی پێدێنێ، بۆ نموونە: (کوڕم ئەگەر ئێستا نەنوویت، تێرخەو نابیت، بەیانی درەنگ هەڵدەستی.) لێرەدا باوکەکە وەڵامی منداڵەکەی دەداتەوە، گوێی بۆ ڕادەگرێت و بۆی دەسەلمێنێ.

لەنێو سیستێمی کۆمەڵایەتیدا بەکارهێنانی دەستەڵات لەسەر شێوەی ئەکتواریتا دروست بووە و، لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەردەکرێت و، ئەوانەی خوارتر جێبەجێی دەکەن. سیستێمی سوپایی نموونەیەکی تایبەتی بەکارهێنانی دەستەڵاتی زۆرەملییە. بڕیار دەردەکرێت و دەبێت جێبەجێ بکرێت (لەوانەیە ئەفسەری وا هەبێت بیەوێت بە زیرەکی و شارەزایی ئەوانی خوارەوەی قەناعەت پێ بێنێ، بەڵام ئەگەر قەناعەتی پێنەهێنان ئەوە زۆری بەدەستەوە ماوە.)

بۆ بەکارهێنانی دەستەڵات لەسەر بناغەی شارەزایی، لە زۆربەی حاڵەتدا، دەبێ ئەو کەسانە شایستەیی و لێهاتووی خۆیان بسەلمێنن، وەک دیکتاتۆرێک، سەرۆکی پارتێک نییە کە هەرچەندە پەککەوتووبن دەستەڵاتی خۆیان هەیە و بە قسەیان دەکرێت. لە نێوان دەستەڵات لە ڕێگای زیرەکی و لێهاتوویی و دەستەڵات لە ڕێگای توندوتیژییەوە هەزارەها جۆری تری دەستەڵات پەیدا دەبن کە نە بەتەواوەتی ئەمیانن و نە ئەویان.

## دەستەڵات/ئامراز:

کۆمەڵێک توێژەری سویدی سەبارەت پەیوەندیی دەستەڵات لە سەردەمی نوێدا چەند توژینەوەیەکیان کردوە و، بەشی هەرە زۆریان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە دەستەڵات ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە مەبەست

G. Henes.1983

دەستەڵات بزوێنەری ڕاستەوخۆی بڕیاردانێکە کە سەمتێک وەردەگرێت و لەڕێگەیەوە دەگەینە مەبەستێک. بۆ نموونە دوو کەس کە شەترەنج دەکەن، هەردوولایان دەیانەوێ بیبەنەوە. هەر کامیان دەگرێت ئەو جووڵاندنەوانە هەڵدەبژێرێت کە مەبەستیانە و ئەو قوربانیانە دەدەن کە دەیانگەیێنێتە ئەو ئەنجامە.

## دەسته‌ڵاتی لامەرکەزی:

بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی دەسـتـەڵات و ئەرکی سـەرشـانـە بەسـەر دامـودەزگـاکـان و ئەندامـانی کـۆمـەڵدا. ئەمـەش کەمکردنەوەی دەســـتـــەڵاتی ناوەندییــــە، بۆ نموونە کــورتکردنەوەی کــاتی بڕیاردان (کــاتێک دامـودەزگـاکـانی خـوارەوەی کـۆمـەڵ مـافی بڕیاردانیان هەبێت) زیادکردنی دەسته‌ڵات و ئەرکی سەرشانی گرووپە بچکۆلانەکان.

هەندێ لە لایەنە باشـەکـانی دەسـتـەڵاتی لامەرکەزی:

- بەهێـــزکـــردنی هەڵســـوکـــەوتی دیموکراتییانە لەنێو گرووپەکاندا.
- کـەسـانی لێـهـاتوو و شـارەزا بۆیان دەرەخسێ جێگای خۆیان بکەنەوە.
- ئەرکی سەرشانی تاکەکەس زیاتر دەبێت و حەزکردن و بایەخدانی بەکاری بەڕێوەبردن زیاتر دەبێ، کاتێک دەسـتـەڵاتی خـۆی دەبینێ لە گۆڕانسازیدا بڕوابەخۆبوونی زیاتردەبێت.
- کــــۆنتــــرۆڵکردن و کــــارتێکردن هاوسـەنگیـیـەک وەردەگـرێت کـە لە ڕێگایەوە ژمارەیەکی زۆری مافەکان دەپارێزرێن.

هەندێ لە لایەنە خـراپەکـانی دەسـتـەڵاتی لامەرکەزی:

- هەرکــەس بۆ خـۆی بەرژەوەندی خـۆی دەپارێزێ، دامـودەزگـا و دامـەزراوەکـان خۆپەرستردەبن.
- زۆربەی زۆری یاسـا و بڕگـەکـانیـان وەک یەک شـیـناکـرێنەوە و هـەرکـەس بە جـۆرێک لێیان تێدەگات.
- دەسـتـەڵاتی مـەرکـەزی زامنکردنی کـار بەڕێوەبردنە.
- هاوکـاریکردن و گـیـانی قـوربانیـدان کەمتردەبێتەوە.
- بـاری وڵات وەک چەند وڵاتێکی لێ دێت لەنێو وڵاتێکدا.

## دەسته‌ڵات/گرووپ:

گرووپ کۆمەڵێ خەڵکن کە لەگەڵ یەکتریدا هەڵسـوکـەوتیـان هـەیە و یەکـتـر دەناسن. George Homnas دوو جۆر گـرووپان هـەیە: گرووپی سـەرەتایی (sekundär)

گرووپی سەرەتایی: کۆمـەڵێکی بچکۆلانەیە کە پەیوەندیی نێوانیان زۆر بەهێزە و یەکتری باش دەناسن.

گـرووپی selcundan: ئەو گـرووپـەی کـە سنووری فراوانە و لە کۆمەڵێکی یەکجار زۆر پەیدابووە کـە پەیوەندیی بەهێـزیان پێکەوە نیــیــە. بۆ نموونە پارت و ڕێکخـــراوە سیاسییەکان، نەقابەکان، یەکێتیی قوتابیان. کـارتێکردن لە یەکـتـری و بەکـارهێنانی دەسـتـەڵات لە گـرووپە سـەرەتاییـەکـاندا کاریگەرترە وەک لە گرووپە گەورەکاندا.

Kurt Iewins لە تیۆری مەیدان گرووپی هەل و دەرفـەتێکی دینامـیکی داناوە، کـە گۆڕانکاری بەشێکی دەبێتە هی سـەرانسەری

گرووپەکە. رادەی گۆڕانسازی پابەندی ئەوەیە چەندێک ئەندامانی گرووپەکە نزیکن لە یەکترییەوە و، گرووپەکەیان لا مەبەستە و، چ هێزێک دەیانبەستێت بەیەکەوە و، پەیوەندییان لەگەڵ سەرۆکی گرووپەکە، هەروەها فشاری گرووپەکە خۆی بۆ سەر ئەندامەکانی کە چۆن دەبێت بیرکەنەوە و رەفتاربکەن. لە کاتی مەترسی و هەلومەرجی نائاساییدا ئەندامانی گرووپەکە دەستەڵاتیان دەکەن بە یەک و بەرپەرچی مەترسییەکە دەدەنەوە. سەرب و کروات و ئیسلامەکانی یۆگۆسلاڤیا بەیەک زمان قسە دەکەن و، بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە تێکەڵاون، کەم خێزان دەبینیت لە بۆسنیا لەمانە پێک نەهاتبێ، کەچی ئەمڕۆ دەبینین کە سێ گرووپ، سێ رەوتی جیاوازی ئایینیان لێبۆتەوە و چەکدارەکانیان لە یەکتری دەکوژن و گەورەترین تاوان دەکەن.

هەواڵنامەی کتێب

## ئەنجامەکان:

بەشی زۆری هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤ لە دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانیدا شێوەی جۆراوجۆری پەیوەندی کردنە لەگەڵ کەسانی تردا، وەک بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵێک گیروگرفت و ناکۆکی و بەرژەوەندی و خواست و هەڵوێستی جیاواز، هەروەها چۆنیەتی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی ژیان، ئەمەش بزوێنەرێکی بایەخدار بووە لە دروستبوونی هاوسەنگییەکی سرووشتی کە پێداویستی کەس و گرووپ و کۆمەڵەکان بووە و هۆی مانەوە و بەردەوامبوونیان بووە.

لەم گەردوونە پان و بەرینەدا بۆ هەچ شتێک بڕوانین، گیاندار بێ یاخود بێگیان، دەبینین بوونیان مانا و جێگایەکی تایبەتی لە سرووشتدا هەیە و هاوکار و پابەندی یەکدین و بووشنەتە هۆی راگرتنی هاوئاهەنگی و هاوسەنگیتی سرووشت، ئیتر هەر لە دەستەڵاتی مرۆڤ و کارەساتە سرووشتیەکانەوە بگرە تا دەستەڵاتی مێشوولەیەک!

نەمامێک، دارێک هەر لەبەرئەوەی رەگی قووڵتر داکوتاوە و رەگی وردی زۆرترە توانای مژینی کەرەسەی خاوی سەرەتایی زیاترە. بەچکەی باڵندەیەک هەر لەبەرئەوەی رۆژێک گەورەترە لە بەچکەکانی دی توانای گەشەکردن و گەورەبوونی زیاترە لەوانی دی. شێرێک، کە رادەی دەستەڵاتی لەنێو دەستەکەیدا زۆرە، بەچکەکانی دەبێت پێش بەچکەی دایکەکانی تر گۆشت بخۆن. ئەوانەی کە چاکترین و بەهێزترین پێکهاتووی جینتیکیانەیان هەبێت توانای دەستەڵات و مانەوەیان لەوانی تر زیاترە کە لەوە بێبەشن.

مرۆڤ مەزنترین توانای بەئاگایی و بێئاگایی پێ بەخشراوە و هەر لە سەرەتاوە بە ململانێکردن دروست بووە (کام لە سپێرمەکان (تۆو)ەکان دەگەنە هێلکە) کاتێک منداڵێک یەکێکی تری بەدوادا دێ دەستەڵاتی و بایەخپێدانی لەلایەن دایک و باوک و

دەوروبەریەوە دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە بە گریان و وڕکگرتن و سەرپێچی کردن دەوروبەرەکەی ئاگاداردەکاتەوە و نارەزایی دەردەبڕێ بەرامبەر برابەش زۆربوون (چونکە زۆرجار منداڵەکە وا دەزانێ بایەخدان بە منداڵەکەی دی لەسەر ئەم دەکەوێت.)

## دەسەڵات و تاکەکەس

کە لەماڵەوە دەردەچین و روو دەکەینە ناو شار، کاتێک کاردەکەین یان گفتوگۆ لەگەڵ یەکێکی دی دەکەین، شتێک دەگێڕینەوە. دەسەڵاتێکی شاراوەمان لەسەرە و پەردەیەکی گرتووە بەڕوومانەوە و ناتوانین بە کەماڵی ئیستراحەت چی لە دڵمانایە دەریبڕین، دەبێت بە جۆرێک باسی شتەکان بکەین کە لەناو کۆمەڵدا گونجاوبێت. بۆ ئەم مەبەستە دەبێت خود خاوەنی دەسەڵاتی خۆگونجاندن بێ لەنێوان خواست (ئەم دامودەزگایە زمانی حاڵی خواستەکانمانە و زۆربەی جار لە جیهانی بێئاگاییەوە سەرهەڵئەدا.) و دەزگای خودی گەورە (بریتیە لە دائیرەی پاراستن و توانای بڕیار دەرکردنی هەیە لەسەر راست و چەوتی خواستەکان، پێوەری نرخ و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانە،) خودیش دەزگایەکە لەنێوانیاندا و خەریکی رێکخستنیانە.

دەسەڵاتی خودی کەسەکە بریتییە لە رادەی توانابوون لە گونجاندنی داواکانی (ئەوانەی لە بیر و هەستا دەیەوێت.) لەگەڵ واقیعە بابەتییەکەدا. رادەی ئەم دەسەڵاتەش دەبێتە پێوانەی ئەو کەسە و ئایا چەند سەرکەوتووە و توانای بەکارهێنانی دەسەڵاتی لە کات وجێگای خۆیدایە. بۆ نموونە دزی ناکەیت... لەبەرئەوەی شەرمە چۆن رووت بێ سەرهەڵبڕی، لەوانەشە سزا بدرێیت. توخنی سیاسەت ناکەویت، چونکە ماڵوێرانی لەدوایە... نابیت بە جاش، چونکە عەیبە پشت لە میللەتەکەت بکەی... کۆمەکی یەکێک نەکەی لەکاتی پێویستدا... لە پاشملە باسی کەسێک ناکەیت... چونکە هەموو ئەمانە لەگەڵ رەوتی کۆمەڵایەتیدا دەگونجێن.

ئەوەی کە (خودی گەورە)ی بەهێز بێت بەئاسانی دەرگا لە خواستەکانی ئاوەڵا ناکات، ورد و چاک دەیانپێوێت و قازانج و زیانیان هەڵدەسەنگێنێت، خۆ ئەگەر لاوازیش بوو ئەوا بەپێچەوانەوە هەرچی بە خەیاڵیدا بێت دەیکا.

## دەسەڵات و خێزان

خێزان سیستمێکی بچکۆلانەی کۆمەڵایەتییە کە پەیوەندیی دەسەڵات تێیدا لەسەر بناغەی ئەکتواریتارە لەنێوان دایک و باوک و منداڵەکاندا. دەسەڵات هاوسەنگییەکی سرووشتی لەنێوا خێزانەکەدا دروست کردووە، هەریەکەیان جێگا و شوێنی خۆیان چاک دەزانن. زۆربەی زۆری هەڵوێست

و هەڵسەنگاندنی باوک و دایکەکە رەنگی خۆیانی لە منداڵەکاندا داوەتەوە (بۆ نموونە ئەگەر باوکەکە بە سیاسەتەوە، بازرگانییەوە، وەرزشەوە خەریک بێت ئیحتمالی زۆری هەیە منداڵەکانیشی شوێن پێی ئەو هەڵگرن) و بەرژەوەندی خێزانیش لە سەروو هەموو شتێکەوەیە. ئەم سیستێمانە سنووریان هەیە لەگەڵ دەرەوەدا (لەگەڵ کەس و سیستێمەکانی دی)، ئەمەش پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە رادەی هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەوە، ئەگەر جۆرە هاوسەنگییەکی مەعقول نەبێت لەنێوانیاندا ئەوا دەستەڵاتی سیستێمەکە تووشی مەترسی و گێچەڵ دەبێت. دانەنانی سنوورێک بۆ دەوروبەرەکەی دەبێتە هۆی خنکانی سیستەمەکە، لەکاتێکدا دانانی سنوور بە جۆرێک کە پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا بپچرێت دەبێتە هۆی تەنیا کەوتنەوە و گۆشەگیری. لێرەدا دەبێ ئەوە روونبکرێتەوە کە لەنێوان خێزاندا کۆمەڵێک بەهای کۆمەڵایەتی بەهێز هەن کە کار دەکەنە دەستەڵاتی ئەندامانی خێزانەکە، بۆ نموونە ناووشۆرەتی خێزانەکە و، رادەی رقەبەرایەتی و گیانی تۆڵەسەندن، خۆشەویستی و برادەرایەتی، ئەو چاوەڕوانییە کە دایک و باوکەکە هەیانە لە منداڵەکانیان. بەپێی گەشەکردنی دەستەڵاتی منداڵەکان، لە کاتی گەورەبوون و خۆناساندنیاندا، دەستەڵاتی ناو خێزانەکە گۆڕانسازی تیا دروست دەبێت، کە زۆربەی جار دەگوێزرێتەوە بۆ خاڵێکی تر و هاوسەنگییەکی نوێ دروست دەکات.

## دەستەڵات و گرووپ

دەستەڵاتی گرووپ پەیوەندیی راستەوخۆی هەیە بە ئەندامەکانییەوە، تا چ رادەیەک بەرژەوەندیی گرووپەکە دەپارێزن و لایان مەبەستە.

لەنێو گرووپەکەدا دەستەڵات بە یەکسانی دابەش نەبووە، هەندێکیان دەستەڵاتیان لە راژەی ئەو زیاترە و هەندێکیان کەمترە، لە ململانێکردنی نێوان ئەندامانی گرووپەکەدا هاوسەنگییەکی سرووشتی بۆ خۆی دروست کردووە.

گۆڕانی ئەم هاوسەنگییە لە قازانجی دەستەڵاتی ئەندامە لاوازەکانە، کە لەوانەیە رۆژێ لە رۆژان هاوکێشەیەکی نوێ دروست کەن. لەلایەکی ترەوە، دەستەڵاتی گرووپە بچکۆلەکان بەسەر ئەندامەکانیاندا و، رادەی خۆڕاگرتن و بەرگریکردنیان زیاترە لەوەی لەنێو گرووپە گەورەکاندا هەیە.

## دەستەڵات/کۆمەڵ

کۆمەڵ لەرێگای دامودەزگاکانییەوە بەئاسانی دەتوانێ کۆنترۆڵی ئەندامەکانی بکات. دەستەڵات لە رێگای دامودەزگای سیاسی و ئایینی و ئابووری و دەستەڵاتی شاراوەی کۆمەڵەوە دەسەپێنرێ بەسەر

کۆمەڵەکەدا و دەستەڵاتی دژ لەنێو گروویە لاوازەکانی کۆمەڵدا دروست دەبێت، ئەم بەرهەڵستیکردنەش لە ڕێگای دامودەزگای ڕاگەیاندن، مانگرتن، خۆپیشاندان، نارەزایی دەربڕین دەخرێتەڕوو. بەهێزبوونی دەستەڵاتی گرووپە بێهێزەکان مەرجێکی سەرەکییە لە دابەشکردنی عادیلانەی پێداویستییەکاندا.

## دەستەڵات – بەکارهێنان:

زۆربەی جار لەنێو برادەرانەوە، لەنێو خێزان و دەوروبەرەکەمانەوە سیگناڵمان بۆ دێت، ئێمە بەبێ ئەوەی ڕەتی کەینەوە، یا شیکەینەوە، یان بە گومان بین لێی دەیکەین بە هی خۆمان، کۆمەڵێک هۆی بەرگریکردنی بۆ دەدۆزینەوە. کاتێک دەبین بە ئەندامی پارتێک هەموو شتێک لە چوارچێوەی ئیدۆلۆگیاکەی ئەودا دەپێوین. بەکارهێنانی دەستەڵاتی بیروڕای ئایینی یاخود ئیدۆلۆگی لەڕێگای چاندنییەوە لە مێشکی کەسێک یان چەند کەسانێکی تردا پێی دەوترێ دەستەڵاتی کۆنترۆڵکردن. بۆ نموونە منداڵێک زۆربەی زۆری ئاکارە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکانی و چۆنێتی بینینی بۆ ژیان لەنێو خێزانەکەیدا وەردەگرێ. کابرایەکی سیاسی یاخود ئایینی دەتوانێ کار بکاتە سەر ئەندامەکانی و ئەوەی خۆی بە تەنیا بۆی ئەنجام نادرێ لە ئەندامەکانیدا زیندووی کاتەوە. ئیتر لەژێر هەر ناوێکدا بێت (بۆ نموونە لەڕێگای تۆڵەسەندن و سزادان، بە گوناه دانان و بە چاکە لە قەڵەم دان... یاخود بەناوی دیکتاتۆرێتی پرۆلیتارپاوە.) ئەندامەکانی وەک ئامرازێکی کۆنترۆڵکراو لە مردن سڵ ناکەنەوە بەکێڵگە لوغمچێنراوەکاندا تێدەپەڕن، دەڵێی بۆ سەر دەعوەت دەڕۆن (یەکێک لە سەرکردەکانی پرۆلیتاریا دەقیژێنێ و فەرمان دەدا: بکوژن! چونکە دەستەڵاتی کوشتنمان لا ڕەوایە.) ئاکامی ئەم دەستەڵاتەش بوو کە لە ماوەی ٧٣ ساڵی دیکتاتۆری پرۆلیتاریادا ١٥-٢٠ ملیۆن کەس بە کوشت چوون و لە بەندیخانەکاندا ڕزێنران.

## دەستەڵات – بڕیاردان

هەندێ هێزی بەئاگایی و بێئاگایی ناوەوەمان کار دەکاتە سەر چۆنێتی بڕیار دەرکردن. بۆ نموونە مەزاجی شەخسی، یان چۆنێتی کەڵک وەرگرتن و بەکارهێنان یان لۆژیک.

ئەگەر لە یەکێک بپرسیت: کەسی A چۆنە بەلاتەوە. لە وەڵامدا ئەگەر کەسەکە لە مەزاجی شەخسییەوە نزیک بێت ئەوا دەڵێ کوری چاکە، خۆ ئەگەر دوور بێ لە

هەواڵنامەی ئێستا

مەزاجیەوە ئەوا وەڵامەکە بەپێچەوانەوە دەبێت. یان وەڵامەکە لەسەر رادەی قازانج وەرگرتن یان زیان لێکەوتن وەستاوە لە رێگای کەسی A وە. بەڵام بۆ وەڵامێکی مەنتیقیانە زانیاری لەسەرچاوەکەیەوە وەردەگرێت یان پرسیاری خەڵکێکی زۆرتر دەکات و قسە لەگەڵ خودی کابرادا دەکات.

هەرکەسێک بگری، کەم تا زۆر لە پەیوەندیکردنیدا بە کەسانی ترەوە، ئەم سێ بینینەی هەیە. زۆربوونی دەستەڵاتی مەزاجی شەخسی کارێکی نەگەتیف دەکاتە سەر هەڵبژاردنەکان.

بە کورتییەکەی دەستەڵاتی بڕیاردانی تەنیا کەس و کارتێکردنی کاریگەرترە لە گۆڕانسازیدا (ئیتر بە هەر جۆرێک بێت، پۆزەتیڤ یا نەگەتیڤ) وەک لە بڕیاردانی بنیادنراو لەسەر بناغەی هەرەوەزیانەوە بە کۆمەڵ بۆ نموونە لە دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکاندا کە دەستەڵات شێوازێکی زنجیرەیی هەیە و، هەروەک سەرگوزشتەکەی Rashenvsky، زۆرگرانە ئەڵقەی سەرەکی زنجیرەی دەستەڵات دیاری بکەیت.

هیتلەر و ستالین و فرانکۆ و سەدام حسەین لە چاوتروکانێکدا بڕیاری مردن و ژیانیان دەرکردوە، خەڵکە ئاساییەکەش بۆ بەدەستهێنانی پێداویستەکانیان خۆیان گونجاندوە یان کەوتوونەتە بەر شاڵاوی هێزی دەستەڵاتی ئاشکرا و نائاشکراوە، ئیتر هەر لە ساتی پەیدابوونیەوە لەناو خێزانەکەیدا و تا ژیانی لە دەوروبەر و نێو کۆمەڵگاکەیدا.

## دەستەڵات و حکومەتی هەرێم

میللەتی کورد لەژێر زەبری دەستەڵاتێکدا ژیاوە کە نە لە رووی یاساییەوە نە لە رووی مرۆڤایەتییەوە مافی پارێزراوە. کوشتن و برین و ماڵوێرانکردن کاری رۆژانەی ئەو دەستەڵاتە بووە لە دژیان و، بەدرێژایی ٣٠ ساڵ چاویان لە نێو جەنگ و خەباتی چەکداریدا کردۆتەوە، ماڵ نییە یەک دوو قوربانی نەدابێت و کەم شار و دێ هەیە لەگەڵ زەویدا تەخت نەکرابێ. دەستەڵاتی رژێم بە زۆری خۆی هاوسەنگییەکی دەستەڵاتی لە ناوچەکەدا دروست کردبوو، ئەم دەستەڵاتە دوای گرتنی شارەکان گوێزرایەوە بۆ دەستی ئەو پارت و رێکخراوانەی کە کاتی خۆی، لە خەباتی چەکداریدا، توانای بەڕێوەبردنی ٣-٤ هەزار پێشمەرگەیان بووە. ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا ئەمان خاوەنی دەستەڵاتن، ئەمەش خۆی سرووشتی پەیوەندی دەستەڵاتە، کاتێک لایەنێک دەستەڵاتی کەم دەبێتەوە، ئەم کەم بوونەوەیە دەبێتە هۆی زیادبوونی دەستەڵات لە

دەستەکەی تردا. جا ئەگەر گوێزانەوەکە بەخێرایی و کوتوپڕ بێت و خۆی بۆ ئامادە نەکرابێت لەسەرخۆ، ئەوا شیرازەی دەستەڵاتەکە تێک دەچێ، گەرەلاوژەیەک دروستدەبێت کە هەر کەس بۆ خۆیەتی، هەرلایەکیان دەگری داخ لە دڵە و رقی دنیای لەدڵدایە و دەیەوێت تۆڵەبستێنێت. تاڵمە و ساتمەکردن و تاڵانکاری و ئەمدیو و ئەودیو بردن و بڵاوبوونەوەی چەکێکی زۆر خۆی دیاردەی لاوەکی و هاوشانی دەستەڵات گوێزانەوەکەیە و، دەستەڵاتە نوێیەکەش ئەستەنگە لە سەرەتادا و، تا ماوەیەکی دوورودرێژیش، بتوانێ رێگەیان لێبگرێت و ئەمن و ئاسایش و یاسا بهێنێتە کایەوە. ئەمەش پەیوەندی بە میکانیزمی دەستەڵاتی تاکەکەسەوەیە. زۆربەی ئەو کەسانە لە قاوغەکەی خۆیان هاتوونەتەدەرەوە و کۆمەڵ و دەستەیەکیان دروستکردووە کە بەدوای بەرژەوەندی هاوبەشی پارە و دەستەڵات زۆربووندا دەگەرێن و، گروپیەکانی کۆمەڵ جێگۆرکێ لەگەڵ یەکتردا دەکەن و، لەم گۆرانسازیەدا هەندێ قازانج دەکەن و هەندێ زەرەر، هەندێ هەژارە و دەوڵەمەند دەبێت و هەندێکیش بەپێچەوانەوە. ئەمەش پەیوەندی زیاتر بە چونێتی گۆرانی دەستەڵات و خەڵکەکە خۆی و ئەو ئابلۆقەیەوە هەیە کە لەسەر ناوچەکەیە، نەک بەو تاقم و دەستە و سەرکردانەی کە ناوچەکە بەڕێوە دەبەن.

لەگەڵ ئەو تاڵانی و بێیاسایی و برسێتییەی هاوشان لەپاڵ گۆڕانکاری ناوچەکەشدا هاتۆتە ئاراوە، زۆر لایەنی تری ژیان بەردەوامە و زۆر نیشانەی دڵخۆشکەر هەن کە مژدەی بزووتن و گەشەکردن دەبەخشن و، خەڵکی لە هەوڵێکی بەردەوامدان بۆ زاڵبوون بەسەر سەختیەکانی ژیاندا و، دەتوانین بڵێین کە لە چەندین بواردا سەرکەوتن بەدەست هێنراوە و دەهێنرێ. بۆیە گەر باروودۆخی ولاتەکەمان لەگەڵ ولاتانی تردا، کە دووچاری گۆڕانکاری کتوپڕ و گەورەی وەکو ئێمە بوونەتەوە، بەراوردبکەین باری ئێمە لە زۆر رووەوە چاکترە.

ئەگەر بێت و جەخت بکرێتە سەر کەموکورییەکان، خۆ لەم سویدە دیموکراتییەدا، کە ۲۰۰ ساڵە جەنگی بەخۆیەوە نەدیوە و کۆمەڵگاکەی لەسەرخۆ و ئاساییانە گەشە دەکات، لە یەک هەفتەدا دەتوانرێت هێندە شتی خراپ کۆبکرێتەوە کە قێزت بێتەوە لەنێویدا بژیت... لە ولاتە سۆسیالیستەکانی پێشوودا (بۆ نموونە لە رووسیادا)، پاش ٦٠-٧٠ ساڵ حوکمرانی و دەوڵەت دروستکردن، هەر دوای گۆڕانی دەستەڵات جیاوازی چینایەتی یەکجار زۆر

بووه و، کۆمەڵ و تاقمی مافیای بەهێز دروست بوون کە دەستەڵاتیان لە دەوڵەت زیاترە و دەستیان بەسەر بازاڕدا گرتووە. لە کوردستانی خۆمانیشدا نەک هەر کەموکوڕی، بەڵکو خاڵی پرشنگدار و گرنگ و دڵخۆشکەریشی تێدایە. بۆ نموونە هەست بە ئازادی کردن، زۆربەی زۆری مامۆستایان و مووچەخۆران و کرێکاران بەبێ مووچە یان بە مەعاشێکی یەکجار کەم خەریکی بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆیانن، بەشێکی زۆری لادێ و شارە رووخاوەکان ئاوەدان کراونەتەوە و خەڵکەکەیان گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان و خەریکی کشتوکاڵن. ئەمن و ئاسایش و یاسا وردەوردە خەریکە دەگەڕێتەوە بۆ هاووڵاتیان.

لە کۆتایی ئەم وتارەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە باسکردنی کەموکوڕییەکان دەبێ وەک پرۆسێکی سرووشتی و ئاکامێکی گۆڕینی دەستەڵات لە ناوچەکەدا باسێ لێبکرێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە دەبێ لێیان بێدەنگ بین، ئەرکی سەرشانی هەموو لایەک هەر لە تاکەکەس و خێزانەکانەوە تا بە تاقم و دەستە سیاسی و پیشەییەکان دەکات، نەک هەر ئەوانەی دەستەڵات بەڕێوەبردنیان لە دەستدایە، دەستتیشان کردن و چارەسەرکردنی ئەو کەموکوڕیانەیە.

بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم باسە، ئەم سەرچاوانەم بەکارهێناوە:

1- Maurice Cronston. Makt och ide från Platon till Mill. Halmstad.1970.

2- Noam Chomsky. Makt och motstånd. Stockholm.1969.

3- Noam Chomsky. Makt och ideologi. Göteborg.1988.

4- Rollo May. Makt och oskuld. Malmö.1974.

5- Antti Eskola. Social psykologi. Göteborg.1985.

6- Peterson Olof. Makt. Göteborg.1991.

7- Israel Joachim. Socialogi. Stockholm.1984.

8- Rosman Eliasson. Forskningsetik och perspectiv. Lund.1987.

9- Lorens Lyttkens. Den displinerade manniskan. Stockholm.1987.

10- Anders Engqvist. Om konsten att samtala.

11- P.ål. Ropstad. Närhet och distans. Lund.1985.

12- Stig Fhaner. Psykologi som förklaring, förståelse och kritik. Stockholm.1985.

13- Philip Hwang. Barnets tidiga relationer. Lund.1987.

14- Åke Pålshummar. Barnpsykologisk forskning. Uppsala.1990.

هەواڵنامەی کتێب

# میخاییل بولگاکەف...

# ئەو لووتکەیەی تۆفانی درۆ داینەپۆشی!

## نووسینی: شیروان مەحموود محەمەد

پێشەکی

کەم نووسەر و هونەرمەند هەن لە ژیانێکی کەمخایەندا هێندە سەرکەوتنیان بەدەست هێنابێ و هێندەش تووشی نوشستی هاتبن وەک میخاییل بۆلگاکەف، کەمیش هەن، وەک ئەو ناوبانگ و سەرفرازی تەواویان پاش مەرگ بەدەست هێنابێ.

سەرەتای دەرکەوتنی بەهرەی ئەم نووسەرە رووسەی سەدەکەمان، کە ئێستا بە یەکێک لە شۆڕەسوارانی مەیدانی وشەی رووسی دەژمێردرێت، هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمی دژواری جەنگی ناوخۆی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر و، بلیمەتیشی لە تاریکەشەوی دیکتاتۆریێتی (ستالین)دا کەوتە درەوشانەوە و، بووە مایەی ئازارێکی زۆر بۆ خاوەنەکەی، چونکە درەوشانەوە و تیشکی گەرمی بەخشی بەهرە لەگەڵ شەختەی شەوەزەنگی ناو دەروونی دیکتاتۆرەکاندا ناگونجێ، بۆیە دامودەزگاکانی راگەیاندنی وابەستە و زەلیلی دەرباری دیکتاتۆر کەوتنە شاڵاوێکی دڕی بێویژدانانە و بوونە هۆی قەدەغەکردنی چەندین شانۆگەریی نووسەر و رێگاگرتن لە بڵاوکردنەوەی زۆر لە رۆمان و چیرۆکەکانی و لە پێش هەمووشیانەوە شاکارە مەزنەکەی "مامۆستا و مارگریتا" کە دوانزە ساڵی کۆتایی تەمەنی خەریکی نووسینی بوو، بیست و شەش ساڵ پاش مەرگی نووسەر، واتە ساڵی ١٩٦٦، بۆیەکەم جار بڵاوکرایەوە و، هەر زوو بووە رووداوێکی مەزن نەک تەنیا لە ژیانی کولتووریی رووسیادا و بەس، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش جێگای شایستە و پڕشکۆی بۆ نووسەرەکەی کردەوە، ئەگەرچی تەنانەت ئەوکاتەش رۆمانەکە لە زۆر شوێندا بەر مەقەستی سانسۆر کەوت و کەلوکۆم کراو، تەنیا لە دەرەوەی وڵات و، لە ساڵی ١٩٧٣شدا لە رووسیا، بەتەواوی بڵاوکرایەوە.

بەڵام بۆ ئەوەی ئەم کەڵەنووسەرە بە خوێنەری هێژا بناسێنین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەردەمێکی زووتر و، خوێنەران بۆ جیهانی پڕ داهێنان و

هەڵوێستی مرۆڤانەی بۆلگاکەف بانگ کەین.

## هەنگاوەکانی سەرەتا و ژیانی تایبەتی

"میخاییل ئەفەناسیێفیچ بولگاکەف" لە ساڵی ١٨٩١دا لە شاری "کییف"ی ئۆکرانییا لەدایک بوو. باوکی مامۆستای ئەکادیمیای ئایینی شاری کییف بوو، جگە لە میخاییلی کورە گەورەی دوو کوڕ و دوو کچی دیکەی هەبوو. خێزانێکی بەختیار بوون، ڕێزلێگرتنی یەکتر و بەتەنگەوەهاتن و خۆشەویستی یاسای ژیانیان بوو، بۆیە لانە و ماڵ و ژیانی خێزانیتی هەردەم بایەخێکی زۆر و بەسەرنەچوویان هەبووە بۆ میخاییل بولگاکەف و، تا رادەیەکی زۆر ئاکار و چارەنووسیان دەستنیشان کردوە. خێزانەکەیان هەمیشە بەکەیف و پڕ لە هەستی خۆشەویستی بووە و، حەزیان لە مۆسیقا و شانۆ بووە و، زۆرجار میخاییل بولگاکەف خۆی شانۆگەریی گاڵتەجارییانەی دەنووسی و لەگەڵ خوشک و براکانیدا دەیاننواندن(١) -لاپەرە ٣٢٢-

لەنێوان ١٩٠١-١٩٠٩دا لە قوتابخانەی باڵای ئەلیکساندرەفسکی دەخوێنێت و لە ١٩٠٩دا دەچێتە کۆلیژی پزیشکی سەر بە زانکۆی کییف و لە بەهاری ١٩١٦دا تەواوی دەکات و دەبێتە پزیشک و لەگەڵ "تاتیانا" (کە لە ساڵی ١٩١٣دا ببووە هاوسەری) دەچنە دێی (نیکۆلسکە) و پاشان بۆ (ڤیازم)، کە بۆلگاکەف تێیدا وەک پزیشکێک دادەمەزرێت.(٢)

لە ساڵی ١٩١٨دا دەگەڕێتەوە کییف و لەوێ خەریکی پزیشکی دەبێت، بەڵام کییف لەم کاتەدا جەرگەی زۆرانبازی هێزەکانی ئەڵمان و، لەشکری نەتەوەیی ئۆکرانییا و، سوپای سوور و، لەشکری بە خوایشت دروستبووی رووسیا دەبێت.

بۆلگاکەف وەک پزیشکێکی مەیدانی، لەپاڵ ئەم لەشکرەی دواییاندا کاردەکات و دەچێتە قەفقاز. کە کۆتایی ١٩١٩دا خۆی لە خزمەتی سوپایی خانەنشین دەکات و ماوەی ساڵێک لە "ڤلادیقەفقاز" وەک رۆژنامەنووسێک کاردەکات و، هەر لەوێش چەند شانۆگەرییەک دادەنێت کە شانۆکانی ناوچەکە پێشکەشی دەکەن، بەڵام خۆی لێیان رازی نابێت و، وەک لە ژیاننامەی خۆیدا نووسیویەتی: "پاشان ساڵی ١٩٢٣ لە مۆسکۆ سەرلەنوێ خوێندمنەوە و بەپەلە لەناوم بردن. هیوادارم لە هیچ شوێنێک دانەیان نەمابێ." (٣) -لاپەرە -٣٨

لە ئایاری ١٩٢١دا بەدوای کاردا دەچێتە "تفلیس - بتلیسی" و لەوێشەوە بەرەو باتووم. لە پاییزی هەمان ساڵدا دەگەڕێتەوە کییف و لەوێشەوە رووە و مۆسکۆ دەڕوات و تا دواساتی ژیانی لەوێ خەریکی ئەدەب و شانۆ دەبێت.

یەکەمین ساڵانی پاش شۆڕشی ئۆکتوبەر

سالانێکی خەباتی راستەقینەی بۆلگاکەف بوون لەپێناوی پارووی نان و ژیاندا، ئەو بەردەوام خەریکی نووسینی کورتە وتار و فیلیتون (وتاری گاڵتەجاڕییانە) دەبێ بۆ رۆژنامەکان، بەتایبەتی بۆ "گودۆک". لە ساڵی ١٩٢٢دا دەبێتە هاوکاری گۆڤاری "نەکانوونێ" کە لە بەرلین بە زمانی رووسی دەردەچوو. ئەو چیرۆک و فیلتۆنانەی لەم رۆژنامەیەدا بڵاوی کردنەوە و بە خوێندەوارانیان ناساند و برەویان بەناوبانگی دا. زۆربەی کارەکانی ئەم سەردەمەی زیاتر بەسەرهاتی ژیانی خۆین، چ وەک پزیشکێک کە پێش شۆڕش و، لەکاتی شەڕی ناوخۆشدا، شایەت و بەشداریکاری ئازارەکانی خەڵکی بوو، یان وەک رۆشنبیرێک کە گەردەلوولی بەسەرهاتەکان گێژی دەداتە ناو جەرگەی زەبروزەنگ و خوێنڕشتن و دڵڕەقی نوواندنەوە، لەو بەرهەمانە:

"بەسەرهاتی سەیروسەمەرەی پزیشکێک ـ ١٩٢٢"، "یادداشتەکانی سەر چەمکی دەست ـ ١٩٢٢-١٩٢٣"، "بۆهیمیی ـ ١٩٢٤"، "گاردی سپی ١٩٢٤"، "یادداشتەکانی پزیشکێکی لاو ـ ١٩٢٦-١٩٢٧".

بۆلگاکەف لە ساڵی ١٩٢٤دا لە یەکەمین ژنی جیادەبێتەوە و لوبۆڤ بێلەزۆرسکی دەبێتە خێزانی کە یادداشتنامەیەکی بەنرخی سەبارەت ژیانی ٨ ساڵەی هاوبەشی خۆی لەگەڵ بۆلگاکەفدا بۆ جێهێشتووین. ساڵی ١٩٣٢ بۆلگاکەف لەمیش جیادەبێتەوە و یلینا شیلۆفسکایا دەهێنێت. ئەم ئافرەتە و خۆشەویستی و دڵسۆزییەکەی بەرامبەر بۆلگاکەف بوونە نموونە بۆ خۆشەویستی پاڵەوانانی رۆمانی "مامۆستا و مارگریتا" کە تێیدا مارگریتا بۆ رزگارکردنی خۆشەویستەکەی لە بەند و شێتخانە ئامادەیە تەنانەت سازش لەگەڵ شەیتانیشدا بکات و، قایل دەبێت ببێتە شاژنی ئەو ئاهەنگەی شەیتان لە یەکێک لە ئەپارتمانەکانی مۆسکۆدا دەیگێڕێت (هەروەک لەکاتی خۆیدا باسی لێدەکەین)، بۆیە لام وایە ئەم پارچەیە لە بیرەوەرییەکانی یلینا سرگییفنا جێگای سەرنجدانی خوێنەری هێژا بێت:

"لە جەژنێکی ئایینیدا بوو کە رێکەوتی فەبرایری ١٩٢٩ی دەکرد، ماڵێکی ناسیاومان بەو بۆنەیەوە دەعوەتێکیان سازکردبوو، بەلام نە من، نە بۆلگاکەف نیازمان نەبوو بچین. لەئاکامدا خاوەن ماڵەکە توانی ئەویش و منیش قایل بکات بەوەی کە ئەو خەڵکەی بانگکراون ئەوە دێن لەگەڵیاندا ناسیاوی پەیدا بکەین. بێگومان منی بەناوی نووسەرێکی ناسراوی وەک بۆلگاکەف قایل کرد. بەهەرحاڵ لەوێ یەکترمان ناسی و لەلای یەکەوە دانیشتین. ئیتر هەر ئەو دانیشتنە بووە سەرەتای خۆشەویستییەکی خێرا؛ ئێجگار خێرا، هیچ نەبێ لەلایەن منەوە، خۆشەویستیەک بوو بۆ هەموو ژیانم. پاشان سەردەمێکی دژوارتر هاتە پێش و، زۆر ئەستەنگ بوو لە ماڵ بچمە دەرەوە،

چونکە مێردەکەم مرۆڤێکی باش بوو، خێزانێکی ئاسوودە و بەختیارمان هەبوو. یەکەم جار ترسام و لە ماڵ دەرنەچووم، ماوەی ٢٠ مانگێک بۆڵگاکەفم نەدی، پەیمانم بە خۆم دابوو نە نامەی لێ وەرگرم، نە بچم بەدەنگ تەلەفۆنەوە، نە بچمە کۆڵان و سەر شەقام. بەڵام وا دیارە چارەنووس کاری خۆی کردبوو، چونکە هەر کە یەکەم جار، پاش ئەو هەموو ماوەیە، چوومە دەرەوە لووتمان بوو بە لووتی یەکەوە و، یەکەمین ڕستە کە گووتی ئەوە بوو: "من بێ تۆ ناتوانم بژیم."، لە وەڵامدا گووتم: "منیش هەروەها." ئیتر بڕیارمان دا بێ گوێدانە هەر ئاکامێک، ژیانمان پێکەوە گرێ بدەین. بەڵام هەر لەو ساتەدا قسەیەکی کرد کە من بە پێکەنینەوە وەرم گرت، گووتی: "پەیمانم بدەرێ کە من لەسەر دەستی تۆ، گیانم دەسپێرم." قسەیەکی وا لە کابرایەکەوە کە هێشتا تەمەنی چل ساڵەشی تەواو نەکردووە و، لەشی ساغە و چاوەشینەکانی بەختیارییان لێدەبارێت، زۆر سەیر بەر بای گوێم کەوت، بۆیە بە پێکەنینەوە گووتم: "بێگومان، تۆ لەسەر دەستی من گیانت دەسپێری."، بەڵام قسەکەی پێ بڕیم و گووتی: "من زۆر بە ڕاستمە... سوێندم بۆ بخۆ" ناچار سوێندم بۆ

خوارد 3-لاپەڕە ٣٨٧-

## شوێنی چەسپاندن لە جیهانی ئەمەوە!

بۆڵگاکەف لەنێوان ١٩٢٤-١٩٢٦دا دوو بەشی "گاردی سپی" و دوو کۆمەڵە چیرۆکی سەتیری دەنووسێت بەناوی "دیاڤڵیادە" و "تراکتات سەبارەت خانووبەرە!". بەسەرهاتی "دیاڤڵیادە" لەسەر هەڵەیەکی سەیر بنیادنراوە و باسی کەرەتکۆف مووچەخۆرێکی سادەی کارگەیەکی شقارتە دەکات کە لە بڕیارێکی ڕەسمیدا ناوی بەڕێوەبەری کارگەکەی بە هەڵە دەخوێنێتەوە و، لەبری "کالسەنیۆر" لێی دەبێتە "کالسۆنی" -کە بەزمانی ڕووسی مانای دەرپێ دەگرێتەوە!"، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکردنی لەسەر کار. کەرەتکۆف بۆ ئەوەی ئەم هەڵەیە بۆ بەڕێوەبەرەکەی ڕوونکاتەوە لەم شوێن بۆ شوێن و بە هەموو شاردا دوای دەکەوێت بەڵکم دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوێت و قسەی لەگەڵ بکات. بەڵام ئەم هەوڵەی کارێکی بێهودە دەبێت، چونکە لەپاڵ بەڕێوەبەرەکەیدا زەلامێکی دیکەش پەیدا دەبێت کە زۆر لە بەڕێوەبەرەکە دەچێت و؛ زوو زوو دێتە سەر ڕێگای کەرەتکۆف و سەری لێ تێکدەدات و ناهێڵێ بەڕێوەبەرە ڕاستەقینەکە بدۆزێتەوە، سەرباری ئەمەش کەرەتکۆف لەم بگرە و بەردەیەدا ناسنامە و گشت بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی بزر دەکات و چیتر ناتوانێت کەسایەتی خۆی بسەلمێنێ، چونکە لێپرسراوی ئەو خانووەی کە تێیدا دەژی و،

تەنیا ئەو دەتوانێت ناسنامەی نوێی بداتێ، سەفەری کردووە، واتە کەرەتکۆف بێ ناسنامەکەی وجودی نییە. لەکۆتاییدا "کەرەتکۆن" شەکەت و هیوابراو دەبێت و لە سەربانی بینایەکی بەرزەوە خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە.

بە ڕای یلیندای پرونەر ئەستەنگە ئەم نوڤیلە تەنیا بە گاڵتەپێکردنێک لەقەڵەم بدرێ دژی بیروکراتیزم، ئەگەرچی ماشینی بیروکراتێتی لێرەشدا بە هەمان شێوەی ڕۆمانەکانی "سەڵتیکۆف ـ شیدرین" شووم و پڕ نەگبەتییە، چونکە وا دیارە کەرەتکۆف خۆی سەرچاوەی زۆربەی نەگبەتی و هەڵەکانی خۆی بێت، نەفامی و هەڵوەشەیی خۆیەتی وای لێدەکەن سەرنجی ئەوە نەدات کە یەکێک لەو دووکەسەی هەردەم دەبن بەتووشییەوە ڕیشی هەیە و، ئەویکەشیان بێ ڕیشە، هەر یەکێکی دی بوایە لەبری "کەرەتکۆن" زوو هەستی دەکرد کە ئەمە دوو کەسن، نەک یەک کەس کە زوو زوو خۆی لەم دەگۆڕێ.

لەڕاستیدا کەرەتکوف -پەرۆدیایەک- واتە نموونەیەکی گاڵتەجارییانەی "مرۆڤی گچکە"یە، کە پاڵەوانێکی ترادیسیۆنی ئەدەبی رووسییە، بەڵام زیادەڕۆییە گەر ئەم نوڤێلە وەک ڕیسواکردن و حوکمدانێک بەسەر سەرجەمی کۆمەڵگایەکدا دابنرێت. (٤) -لاپەڕە ١٠٧-

بۆڵگاکەف لە ساڵی ١٩٢٤دا نۆڤیلی "هێلکە شوومەکان" و لە ساڵی ١٩٢٥دا نوڤێلی "دڵە سەگ"ی نووسی. ئەم نوڤێلەی دواییان تا پاش پیریسترویکا بڵاونەکرایەوە و تەنیا لە ساڵی ١٩٨٨دا کرا بە فیلمێکی سینەمایی.

نوڤێلی یەکەمیان باسی ئەوە دەکات چۆن زانایەک تیشکێکی تایبەتی دەدۆزێتەوە کە دەبێتە هۆی خێراکردنی نەشونمای خانەزیندووەکان. ڕۆژنامەگەری وڵات دەیکاتە هەرا و دەهۆڵکوتان کە ئەم داهێنانە مەسەلەی برسێتی چارەسەر دەکات و ئاسۆیەکی فراوان دەکاتەوە. بەڕێوەبەری کارگەیەکی مریشک پەروەردەکردن بەزۆر و بەخوایشت ئەو ئامرازە لە کابری زانا وەردەگرێ و، بەنیازی بەرهەمهێنانی مریشکی لەڕادەبەدەر گەورە، بڕیار دەدات ئەو هێلکانەی لە دەرەوەی وڵات دەهێنرێن بداتە بەر ئەم تیشکە. بەڵام هەڵەیەک ڕوودەدات و لەبری هێلکەی مریشک هێلکەی مار و چەند جۆر جانەوەری دیکەی بۆ دەنێرن، کە لە بنەڕەتدا دەبوا بنێردرانایە بۆ کابرای زانا، بۆ تاقیکردنەوە لەسەریان. بەڕێوەبەری کارگەی مریشک بێ یەک و دوو سنووقەکان دەکاتەوە و هێلکەکان دەداتە بەر تیشکەکە. لەئاکامدا ژمارەیەکی بێشوماری مار و جانەوەر دەتروکێن و لە ماوەیەکی کەمدا ئەژدیهاسایی زۆر زەبەللاح دەبن و دەکەونە هێرش بردنە سەر خەڵکی و، هەر شار و دێیەک دێتە ڕێیان وێرانی دەکەن و، ئەم

لەشکرە ترسناکە تادێت لە مۆسکۆ نزیکتر دەبێتەوە و، تەنانەت هێزی دەوڵەتیش بۆیان چارە ناکرێ، تا وای لێدێت دەسەڵاتداران بیر لە چۆڵکردنی مۆسکۆ دەکەنەوە... بەڵام بەرەکەت دا لە دەمەدەمی زستاندا بەفرێکی زۆر دەکەوێت و ئەو جروجانەوەرانە ڕەقیان دەبێتەوە.

هەرچی نۆڤیلی "دڵەسەگ"ە، ڕەخنەیەکی ڕەق و گاڵتەپێکردنی بێبەزەییانەیە بە خەیاڵ پڵاوی گۆڕینی مرۆڤی ناکەس بەچە و، هەوڵدان لەڕێگای بەشداریکردنیانەوە لە ژیانی حیزبی و کۆبوونەوەی جەماوەریدا ئەو جۆرە کەسانە بکرێن بە ئەندامی بەکەڵک لە کۆمەڵگادا.

پرۆفیسۆر "پریئەبرەژێنکی" خەریکی تاقیکردنەوەی گواستنەوەی دڵە لە گیانەوەرێکەوە بۆ گیانەوەرێکی دی، ڕۆژێک سەگێکی بەرەڵا و برسی دەبێنێ و دەیباتەوە ماڵەوە و ناوی "شاریک"ی پێدەبەخشێ و، بڕیاردەدات کە تاقیکردنەوەی لەسەر بکات و دڵی لابەرێت و دڵی مرۆڤێکی لە جێگادا دابنێت. لە مەیتخانەی شارەوە هەواڵی دەدرێتێ کە کابرایەکی بێکەس و کار مردووە. ئەویش زوو بە زوو دڵی دەگوێزێتەوە بۆ لەشی سەگەکە. پاش ماوەیەک سەگەکە تووکی فڕێ دەدا و، وردەوردە شێوەی مرۆڤ پەیدا دەکات و پرۆفیسۆر ناوی دەنێ "شاریکۆف". ئەم کارە دەنگێکی گەورە دەداتەوە لە وڵاتدا و، نێوەندە زانستییەکان کۆڕ و سیمینار ڕێک دەخەن و ئەم گیانەوەرە تازەیە پیشانی قوتابیان دەدەن و هیوایەکی گەورە پەیدادەبێت بە توانای زانست لە خوڵقاندنی نەوەیکی تازە و زاڵبوون بەسەر پیری و نەخۆشیدا. بەڵام لەبەرنەوەی دڵەکە، دڵی کابرایەکی بەدمەست و هەردەم بەرەڵا دەبێت ئەم مرۆڤە تازە خوڵقاوە ئێجگار بەدفەڕ و شەڕەنگێز دەبێ و، هەر زوو دەکەوێتە بەگژاچوونەوەی پرۆفیسۆر و، بگرە لەگەڵ ڕێکخراوی حیزبیی ناوچەکەدا ڕێک دەکەوێت کە پێویستە چەند ژوورێک لە ئەپارتمانەکەی پرۆفیسۆر، کە شوێنی ژیان و کارکردنیشە، بدرێ بەم چونکە گوایە پرۆفیسۆر رووبەرێکی زیاد لە پێویستی داگیرکردووە. هەر لەم کاتەدا شارەوانی دەکەوێتە کۆکردنەوەی پشیلەی بەرەڵا لەناو شاردا، "شاریکۆف" ئەم کارەی بە دڵ دەبێ و بەوپەڕی توانایەوە دەکەوێتە قەڵاچۆکردنی پشیلە و لەناو ماڵیشدا زۆر ناپەسەندانە ڕەفتار دەکات و بەئاشکرا قەڵسبوونی خۆی پیشان دەدات بەرامبەر ئەو ڕێز و هەڵسوکەوتەی لەناو ماڵی پرۆفیسۆردا باوە. ڕۆژێک پرۆفیسۆر لەگەڵ یاریدەدەرەکەیدا سەرقاڵی وتووێژن دەربارەی سیاسەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، شاریکۆف خۆی لە باسەکە هەڵدەقورتێنێ و نەک تەنیا مارکسیش بەهەڵە دادەنێ! بەڵکو ئەو ڕایە دووبارە دەکاتەوە کە لە کۆبوونەوە حیزبییەکاندا گوێیان پێ ئاو داوە گوایە: "پێویست ناکات مێشکی خۆمان ماندوو

بکەین، هەرچی خێر و بێر و شتومەک هەیە دەبێ بەیەکسانی لەناو خەڵکدا بەش بکرێ و، ئاو بێنە و دەس بشۆ!". لەئاکامدا و، پاش چەندین گێچەڵ و بەزم نانەوە و پەلاماردانی خەڵکی، پرۆفیسۆر دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم جۆرە گیانەوەرە بە کەڵکی ژیانی کۆمەڵایەتی نایەت و لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەر هێندە تێگەیشووە کە هەرچی خێر و بێر هەیە بەشکرێ و، ئەمیش بێ کار و کاسپی و دوور لە بەرپرسیاری ژیانێکی ئاژەڵیانە بەسەر بەرێت، بۆیە ناچار دەبێت بە هاوکاری یاردیەدەرەکەی شاریکۆف بگرن و بەنجی بکەن و دڵەسەگەکەی بۆ دانێنەوە، ئەویش پاش ماوەیەک تووک دەردەکاتەوە و دەبێتەوە بە سەگێک. کە هیچ نەبێ خەسڵەتە باشەکانی سەگی لە دەست نەدابێ!

## بۆلگاکەف و شانۆ

میخاییل بۆلگاکەف لە ساڵی ١٩٢٥دا هاوکاریی یانزە ساڵانەی خۆی لەگەڵ شانۆی هونەریی مۆسکۆدا دەست پێدەکات و؛ رۆمانی "گاردی سپی" دەکاتە شانۆگەرییەک بەناوی "رۆژانی بنەماڵەی توربین"ەوە، ئەم شانۆگەرییە پاش چەندین دەست تێوەردان و گۆڕین لەلایەن -لیژنەی باڵای بەرنامەی شانۆ-وە (کە دەستەیەکی دەوڵەتی بوو، لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە سەرپەرشتی و سانسۆری شانۆگەرییەکانی دەکرد)، لە رۆژی ٥ی ئوکتوبەری ١٩٢٦دا لەسەر شانۆ پیشاندرا و بووە نیشانەیەکی دیار لە مێژووی ئەو شانۆیەدا.

لەم شانۆگەرییەدا بۆلگاکەف ژیانی خێزانێکی رۆشنبیری رووس پیشان دەدات کە لایەنگری گاردە سپیەکان و حوکمی پێشوون، لەکاتی رووداوەکانی شاری کییفدا، کە هەردەمە دەکەوێتە دەست لایەک لە لایەنە بەگژیەکداچووەکاندا و، لەئاکامدا بەوە قایل دەبن کە بەلشەفییەکان لە هەموو ئەو هێزانە زیاتر توانای بەڕێوەبردنی کێشەکە و قۆستنەوەی دەرفەتی لواویان هەیە و، مل بۆ داگیرکردنی شار لەلایەن ئەوانەوە دەدەن.

ئازایەتی ئەم شانۆگەرییە لەوەدایە کە گاردی سپی بە دڕندە و بێڕەوشت و بێئاکار پیشان نادات، وەک لە زۆربەی رۆمان و شانۆگەرییەکانی ئەو سەردەمەدا باو بوو، بەڵکو وەک کەسانێکی دڵسۆز بۆ وڵات و گەلەکەیان پیشانیان دەدات کە ئامادەن گیانی خۆیان لەپێناویاندا بەخت کەن و، بێڕەوشتیی سەرکردە و بودەڵەیی گەورە جەنەڕاڵەکان هیچ لەو راستیە ناگۆڕێت کە ئەندامانی ئەم خێزانە پڕ بە دڵ بەتەنگ رووسیاوەن و نیگەرانن لەو پیاوکوشتن و پاشاگەردانییەی بڵاوبۆتەوە.

لەم رووەوە سەیر ئەوەیە کە ستالین ئەم شانۆگەرییەی زۆر بە دڵ بووە و، وەک لە پرۆتۆکۆڵەکانی شانۆکەدا تۆمارکراوە، بەلای

کەمەوە ١٥ جار چووە بۆ سەیرکردنی!

بەڵام ئەو روونکردنەوەی تایبەتی خۆی هەبوو بۆ ئەم بەدڵبوونەی و، گوتوویەتی: "ئەگەر شۆڕشی بەلشەفی هێندە بەهێز بووبێ، کە تەنانەت کەسانێکی وا بە بڕوا و دڵسۆز بۆ رژێمی پێشوو، وەک بنەماڵەی توربینیش، ملیان بۆ دابێت کەواتە هیچ هێزێک نییە بەو شۆڕشە بوێرێ و بەسەریدا زاڵبێت!"

ساڵانی ١٩٢٦-١٩٢٩ ساڵانی دەرکەوتن و بەرزبوونەوەی ناوی بولگاکەف بوو وەک شانۆنووسێک. لەپاڵ "رۆژانی بنەماڵەی توربین"دا دوو شانۆگەری "ئەپارتمانەکەی زۆیکا" لەلایەن شانۆی فەختانگۆوە و، "دورگەی سوور" لەلایەن کامیرنی تیاترەوە پیشاندران. ئەگەرچی ئەمەی دواییان هەروەک شانۆگەرییەکەی "رۆژانی بنەماڵەی توربین" هێرشێکی د.ی کرایە سەر لەلایەن رۆژنامەگەریی سۆڤێتییەوە؛ لە ساڵی ١٩٢٩دا گشت شانۆگەرییەکانی بولگاکەف لەلایەن لیژنەی باڵای بەرنامەی شانۆوە راگیران و بولگاکەف هیچ سەرچاوەیەکی ژیانی نەما.

لە ٢٨ی مارتی ١٩٣٠دا و، پاش چەند هەوڵێکی بێهودە لەرێگای مەکسیم گۆرکییەوە کە دەسەڵاتداران بەوە قایل بکات چاو بە بڕیارەکەیاندا بگێڕنەوە، بولگاکەف ناچار نامەیەکی راستەخۆی ئاراستەی حکومەتی سۆڤێت و ستالین کرد و داوای سەرلەنوێ رێگادانەوەی بەرهەمەکانی کرد. بێگومان نووسینی نامەیەکی وا خۆی لە خۆیدا زەلیلکردنێکی بێ رادە بوو بۆ کەسێکی وەک بولگاکەف کە هەر لە منالییەوە بەوە پەروەردەکرابوو رێز لە کەسایەتی مرۆڤانەی خۆی بگرێت، بەڵام تەنانەت لەم نامەیەشیدا زۆر ئازایانە داکۆکی لە بیروباوەڕی خۆی دەکات و رەفتارەکانی لیژنەی باڵای بەرنامەی شانۆ و رۆژنامەگەریتی سۆڤیەت ریسوا دەکات. ئەمەش چەند بڕگەیەکی ئەو نامەیەیە:

"پاش ئەوەی هەموو بەرهەمەکانم قەدەغەکران، لەناو زۆر لە هاووڵاتیاندا، کە من وەک نووسەرێک دەناسن، دەنگ بەرزدەبێتەوە و هەموو بەیەکجار ئامۆژگاریم دەکەن کە: -شانۆگەرییەکی کۆمۆنیستانە، بنووسم و، جگە لەوەش نامەیەکی پەشیمانی ئاراستەی حکومەتی یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت بکەم و تێیدا لە هەموو ئەو دید و بۆچوونانەم پاشگەز ببمەوە کە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانمدا هاتوون و، پەیمانی ئەوە بدەم کە لەمەودوا وەک نووسەرێکی دڵسۆز بۆ ئیدیالی کۆمۆنیزم و وەک هاورێیەک کار بکەم. مەبەستیش: خۆڕزگارکردن لە راونان و هەژاری و لەناوچوونێکی حەتمی وەک ئاکامێک.

من گوێم لەو ئامۆژگارییانە نەگرت، چونکە ئەستەنگە بمتوانیایە خۆم لەبەردەمی حکومەتی یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەتدا سپی بکەمەوە بەوەی نامەیەکی

درۆزنانەی ئەوتۆم بنووسیایە کە بریتی دەبوو لە ستایشنامەیەکی سیاسی، نەک هەر چارەگران، بگرە ساویلکانەش.

بۆ -شانۆگەرییە -کۆمۆنیستانەکەش- لەڕاستیدا هەر هەوڵم نەدا بینووسم، چونکە لە سەرەتاوە دەزانم کە شانۆگەرییەکی وام بۆ نانووسرێ. ئەو ئارەزووەی لە ناخمدا گەییوە کە واز لە ئەشکەنجەی نووسەرانەم بهێنم وام لێدەکات ئەم نامەیە ئاراستەی حکومەتی یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت بکەم."

بولگاکەف پاش ئەوەی چەندین نموونەی ئەو وتارە رەخنەگرییە بێویژدان و پڕ لە ئارەزووی تەفروتوناکردنانە دەهێنێتەوە کە لە رۆژنامەگەریی سۆڤیەتیدا دژی شانۆگەرییەکانی بڵاوکراونەتەوە، درێژە بە نامەکەی دەدات و دەڵێت:

"من ئەو بیروڕایانەم بە چڕیە و لە پەنا دیواردا دەرنەبڕیوە، بەڵکو خستوومنەتە پامفلێتێکی* شانۆگەرییانە وە ئەو پامفلێتەم لەسەر شانۆ پیشان داوە. رۆژنامەگەریی سۆڤیەتی بۆ لەسەرکردنەوەی لیژنەی باڵای بەرنامەی شانۆ نووسیویەتی، کە گوایە شانۆگەری "دوورگەی سوور" رەشکردن و بوختانە بەدەم شۆڕشەوە. ئەمە بۆڵەوخوتەیەکی نابەجێیە، ئەو شانۆگەرییە هیچ رەشکردنێکی شۆڕشی تێدا نییە، لەبەر چەندین هۆ، لەوانە: بەو پێیەی شۆڕش کارێکی هێجگار زەبەندە و لە توانادا نییە رەشبکرێ و بوختانی بۆ هەڵبەسترێ. نە پامفلیتیش بوختانە و نە لیژنەی باڵای بەرنامەی شانۆش شۆڕشە.

خەبات دژی سانسۆر، ئیتر هەر جۆرێک بێت و سەر بە هەچ دەستەڵاتدارییەک بێت، هەروەک بانگراهێشتن لەپێناوی ئازادی رۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوەدا، ئەرکی نووسەرانەی منە، من لایەنگرێکی شێلگیری ئەو ئازادییەم و پێم وایە گەر یەکێک لە نووسەران بەخەیاڵیدا بێت ئەوە بسەلمێنێ کە پێویستی بەو ئازادییە نییە هەر لە ماسییەک دەچێ بیەوێ خەڵکی بەوە قایل کات کە پێویستی بە ئاو نییە.

ئەمە ماکێکە لەوانەی داهێنانی من و گشت ماکەکانی دیکەش، کە لە دانراوە گاڵتەجارییەکانمدا رەنگیان داوەتەوە، پابەندن بەمەی یەکەمەوە، لەوانە: بەکارهێنانی رەنگی رەش بۆ پیشاندانی گشت ناحەزی و شێواوی ژیانمان؛ ئەو ژەهرەی زمانم پێی پاراوە؛ رەشبینییەکی قووڵ بەرامبەر بەو پرۆسێسە شۆڕشگێرانەیەی لە وڵاتە دواکەوتووەکەمدا روودەدا و بەچاکتر زانینی "گەشەسەندنی مەزن"، لە هەمووو ئەمانەش گرنگتر خستنەڕووی لایەنە دزێوەکانی گەلەکەم، ئەو لایەنانەی کە زۆر پێش شۆڕشیش مایەی ئازار و پەژارەی سەڵتیکۆف-شیدرینی مامۆستام بوون.

پێویست ناکات باسی ئەوە بکەم کە

هەواڵنامەی کتێب

رۆژنامەگەری سۆڤێتی هەر بیریشی لەوە نەکردۆتەوە جیدیانە ئەم ماکانە دەستنیشان بکات، چونکە ئەو سەرقاڵی هەواڵی کەم بروابزوێنی لەو بابەتەیە کە گوایە "گاڵتەجارییەکانی میخاییل بوڵگاکەف بوختانن."

لە کۆتاییشدا، دواماکی داهێنانم کە لە شانۆگەرییە زیندەبەچاڵکراوەکانی "رۆژانی بنەماڵەی تۆربین" و "هەڵاتن" و لە رۆمانی "گاردی سپی"دا رەنگی داوەتەوە: پێداگرتنە لە پیشاندانی ئینتلیجینسیای رووسی وەک چاکترین توێژی گەل لە وڵاتەکەماندا. بەتایبەتی پیشاندانی خێزانێکی رۆشنبیری-نەجیبزادە کە بە ئیرادەی چارەنووسێکی مێژووسازانە لە ساڵانی شەڕی ناوخۆدا کەوتۆتە بەرەی گاردەسپییەکان، ئەمەش لە چوارچێوەی نەریتەکانی "شەڕوئاشتی"دایە، پیشاندانێکی وا کارێکی ئێجگار ئاساییە بۆ نووسەرێک کە بە دڵ و بە گیان پەیوەستە لەگەڵ ئینتلیجینسیادا.

بەڵام ئەم پیشاندانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نووسەرەکەی، هاوشان لەگەڵ پاڵەوانەکانی شانۆگەرییەکەیدا (سەرباری هەموو کۆششێکی کە بێ هیچ سۆزێک خۆی دوور لە سوورەکان و سپییەکانیش رابگرێت)، گەواڵەی گاردێکی سپی-دوژمنی بە شاندا ببرێت. خۆ هەر کە ئەم گەواڵەیەشی وەرگرت، وەک لای هەمووان ئاشکرایە، دەتوانێ خۆی بە مرۆڤێکی فەوتاو دابنێت لە وڵاتی سۆڤێتدا.

من نەک تەنیا بەرهەمەکانی پێشووم، بەڵکو ئێستاش و داهاتووشم لەناوچووە، من خۆم بە دەستی خۆم رەشنووسی رۆمانێک سەبارەت شەیتان و، کۆمیدیایەک و سەرەتای رۆمانی "شانۆ"م کردە خۆراکی ئاگر.

هەموو شتەکانم بێهودە و هیوالێبڕاون.

تکا لە حکومەتی سۆڤێت دەکەم ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە من کابرایەکی سیاسی نیم بەڵکو نووسەرێکم و، گشت بەرهەمەکانم بەخشیوە بە شانۆی سۆڤێتی.

تکاتان لێدەکەم، ئەوە لەبەرچاو بگرن کە رێگاپێنەدانی نووسینم بەلای منەوە زیندەبەچاڵکردنمە.

من رووی تکام دەکەمە مرۆڤدۆستێتی دەسەڵاتدارانی سۆڤێتی و داواتان لێدەکەم بە گەورەیی خۆتان، منێک، کە نووسەرێکی بێکەڵکم لە نیشتمانەکەی خۆمدا، ئازاد کەن خۆ ئەگەر ئەوەی نووسیویشمە جێگای متمانەتان نییە و، بڕیاری بێدەنگی هەتاسەرییم دەدەن بەسەردا، ئەوا داوا لە حکومەتی سۆڤێتی دەکەم ئیشێکم لە بواری خۆمدا بداتێ و وەک دەرهێنەرێک بمنێرێتە یەکێک لە شانۆکان.

من دەرهێنەر و لاساییکارێکی پاک و بێ هیچ غەلوغەشێک بۆ حکومەتی سۆڤێتی پێشنیار دەکەم، دەرهێنەرێک ئامادەبێت بە شێوەیەکی چاک خەریکی هەر شانۆگەرییەک بێ و پێشکەشی بکات، هەر لە

شانۆگەرییەکانی شکسپیرەوە تا بە شانۆگەرییەکانی ئەمڕۆ دەگات."

لە ١٨ی ئەپریلی ١٩٣٠دا ستالین بە تەلەفۆن وەڵامی بولگاکەف دەداتەوە و دەڵێت:

"- ئێمە نامەکەتمان بەدەست گەیشت، لەگەڵ هاوڕێیاندا خوێندمانەوە، وەڵامێکی باشیتان بەدەست دەگات. یان ڕەنگە چاکتر وابێ بەرەڵات کەین بچیت بۆ دەرەوەی وڵات؟ چیە زۆر لێمان قەڵس و بێتاقەتیت؟

- لەم ماوەیەی دواییدا زۆر بیرم لەوە کردۆتەوە ئایا نووسەرێکی رووس دەتوانێ لە دەرەوەی نیشتمانەکەی خۆی بژی و، وای بۆ دەچم کە ناتوانێ.

- راستە. منیش هەر وای بۆ دەچم ئێوە لە کوێ حەزدەکەن کار بکەن؟ لە شانۆی هونەری؟

- بەڵێ حەزدەکەم لەوێ کار بکەم، بەڵام من قسەم لەگەڵدا کردن و دەستیان نا بەرووممەوە.

- ئەمجارە داوانامەیەکیان بۆ بنێرە. لەو بڕوایەدام قایل دەبن."(٣) -لاپەرە ٢٤-

لەڕاستیدا ئەم گفتوگۆیە دوایی بە گومان و دوودڵیی بۆلگاکەف هێنا سەبارەت جێهێشتنی رووسیا و بڕیاری یەکجارەکی مانەوەی خۆی دا. ئەگەرچی ئەمە دوایی بە شاڵاوی ناحەزانەو راوەدونانی نەهێنا، بەڵام وەک هەر داهێنەرێکی راستەقینە ئەم ئازار و ئەندێشانەی بوونە هەوێنی چەندین بەرهەمی دیکە کە تیایاندا بە ڕاشکاوی پشتگیری لە خەباتی هونەرمەندان دەکات لەپێناوی سەربەخۆیی هونەری و گیانی و مافی داهێنانیاندا و، بەم جۆرە ئەم بەرهەمانە سەریان هەڵدا "دراماى کەبەلاسقیاتەش-سەبارەت ژیانی مۆلێر ١٩٣٠"، "سەرگوزەشتەی ژیانی مۆلێر ١٩٣٣"، "دراماى دوایەمین ڕۆژەکان-سەبارەت ژیانی پوشکین ١٩٣٥".

دراماى یەکەمیان، کە باسی ژیان و خەباتی داهێنەرانەی مۆلێر وتەقینەوەی دەکات بەرووی لویسی چواردەهەم و دامودەسگای دەسەلاتدارییدا، پاش چوار ساڵ دەستی دەستی و گێرمەوکێشە لە ١٥ی فەبرایری ١٩٣٦دا رێگای پشاندانی درا. بەڵام بەسەرکردنەوەیەکی نێگەتیڤانە لە رۆژنامەی "پراڤدا"دا بڵاوکرایەوە و، بووە هۆی ئەوەی شانۆگەرییەکە پاش حەوتەمین ڕۆژی پیشاندانی رابگیرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ساڵانی کارکردنی لە شانۆی هونەرییدا ساڵانێکی پڕ ئەزموون و داهێنانی سەرکەوتووانە بوو بۆ بۆلگاکەف، لە هەمان کاتیشدا سەردەمێکی پڕ ماندووبوون و کێشەیەکی بەردەوام بوو لەگەڵ هونەرمەندانی بەناوبانگی رووسیا: "ستانسیلاڤسکی" و نەمیرۆڤیچ دانچینکادا کە ئەوکاتە دەرهێنەرانی سەرەکی شانۆکە بوون. کارێکی سانا نەبوو دوو کەسایەتی مەزنی وەک ستانسیلاڤسکی و بۆلگاکەف، بە بەهرە و دید و بۆچوونی جیاوازییانەوە، لە

سنووری یەک شانۆدا هەڵبکەن و هاوکاری بکەن لە بەئەنجامگەیاندنی کاری هونەریدا، ئەگەرچی بۆلگاکەف بلیمەتیی ستانیسلافسکیی بەرز دەنرخاند و، هەردەم هەڵوێستی جوامێرانەی ئەوی لەبەرچاو بوو کاتێک رایگەیاندبوو گەر بێت و رێگای پیشاندانی "رۆژانی بنەماڵەی توربین" نەدرێت، ئەوا بەناچاری شانۆکە دەبێ دابخرێت (هەر ئەمەش بوو لەڕاستیدا کە رێگای بۆ پیشاندانی ئەو شانۆگەرییە ئاوەڵاکرد.)

بۆلگاکەف لە "رۆمانێکی شانۆگەرییانە"دا کە لەژێر ناوی "یادداشتەکانی پیاوێکی مردوو"دا بڵاوی کردوە باسی ئەزموونی تاڵی خۆی و جیهانی پڕ لە ناکۆکی شانۆی بە شێوەیەکی تراژیدییانە کردووە. لەئاکامدا ساڵی ۱۹۳٦ بۆلگاکەف شانۆی هونەری جێدەهێڵێت و دەچێتە شانۆی گەورە (بەلشۆی تیاتر).

## پاییزی بۆلگاکەف و بەهار و لاوێتی ستالین

لە دیسامبەری ۱۹۳۹دا دەبوایە وڵاتی سۆڤێت ئاهەنگی شەست ساڵەی ستالین بگێرێت و، شانۆی هونەری داوایان لە بۆلگاکەف کرد کە شانۆگەرییەک سەبارەت ساڵانی لاوێتی ستالین و سەرەتای خەباتی شۆڕشگێرانەی بنووسێت. بەڵام وەک ف. ڤیلینکین باسی دەکات، بۆلگاکەف یەکەم جار ئەم پێشنیارەی رەتکردۆتەوە و لە وەڵامدا گوتویەتی:

– نەخێر، ئەمە کارێکی مەترسیدارە بۆ من. ئاکامی خراپی دەبێ.

هەرچەند ئەو پێشتریش هەندێک بابەتی ئامادەکرد بوو بۆ شانۆگەرییەک سەبارەت ساڵانی لاوێتی ستالین، بۆیە لەئاکامدا قایل دەبێ و دەکەوێتە کۆکردنەوەی زانیارییەکی زۆرتر و، تەنانەت لەگەڵ خێزانەکی و یەک دوو کەسی دیکەدا بەرەو –باتووم– (ئەو شارەی ستالین لە سەردەمی لاوێتیدا تێیدا ژیاوە، لە ناوچەی قەفقاز) دەکەوێتە رێ بۆ گەڕان بەدوای ئارشیف و هەر سەرچاوەیەکدا، کە لەم بارەیەوە بەکەڵک بێت، بەڵام لە نیوەی رێگا بروسکەیەک دێت و ئەوە بە بۆلگاکەف رادەگەێنێ کە "پێویست ناکات لە گەشتەکە بەردەوام بن و چاکتر وایە بگەڕێنەوە بۆ مۆسکۆ."

وەک پاشتر دەرکەوت ستالین، کە هەردەم زۆر بەتەنگ شێوەی باسکردنی ژیاننامە و خەباتی خۆیەوە بووە، بیرۆکەی شانۆگەرییەکەی پەسەند نەکردووە و گوتویەتی: "منداڵان و لاوان هەموویان لەیەک دەچن، بۆیە پێویست ناکات شانۆگەرییەک سەبارەت ستالینی لاو بنووسرێت." وا دیارە، بەڕای ستالین، بلیمەتیی خۆی لە ساڵانی لاوێتیدا هێندەی ساڵانی دواتری گەشاوە نەبووە کە مایەی باسکردن و پیاهەڵدان بێت.

بەهەرحاڵ، قەدەغەکردنی شانۆگەری "باتووم" بووە مایەی شکستییەکی گەورە بۆ میخاییل بۆلگاکەف و زیاتر باری تەندروستیی شێوان و

مەرگی دڵتەزێنی نزیکتر کردەوە و، رەخنەگرانیش تا ئێستا یەک دەنگ نین لە هەڵسەنگاندنی ئەو هەنگاوەی بولگاکەفدا لە نووسینی شانۆگەرییەک بۆ شکۆمەندکردنی ژیانی دیکتاتۆر و جەللادێکی وەک ستالین، ئەوەتا لەکاتێکدا "یلێندای پرۆفیر" دەڵێت:

"باتووم قۆناغێکی شەرمەزارییە لە ژیانی بولگاکەفدا و، هەرچەندە ئەو دەیزانی کە نووسەرانی دیکەش کاری لەم شێوەیەیان کردووە (پوشکین بۆ دڵخۆشکردنی تسار و مۆلێر بۆ رەزامەندی شا لویسی چواردەهەم دەیاننووسی) بەڵام ئەمە کارەکەی بولگاکەفیان شیرنتر نەکرد. ئێمە ناتوانین رەفتاری پاسترناک و ئەخماتۆڤا و، تەنانەت مەندلشتامیش، پاساو بدەین کە کەرامەتی خۆیان خستە ژێر پێوە و شیعری ستایشیان بۆ ستالین نووسی و شیعرەکانی ستالینیان وەردەگێڕا. بەڵام "باتووم" خراپترین نموونەی ئەم جۆرە سازشکارییەیە، بەهۆی بابەتەکەیەوە" (٤) -لاپەڕە ٥٢٢-

لە هەمان کاتدا، ڤ. ڤیلینکین کە لەنزیکەوە بولگاکەفی ناسییوە دەڵێت:

"بۆچی بولگاکەف بڕیاری دا شانۆگەرییەکی وا بنووسێت؟ لەم بارەیەوە حیکایەتێکی سەیر هەیە، کە تا رادەیەکی زۆر جێگای خۆی گرتووە. گوایە بولگاکەف (رووخا) و، لەژێر فشاری هەلومەرجدا ناپاکی لە خۆی کرد و، ئەوەی تەنیا بە یەک ئامانج نووسیوە کە بەرهەمەکانی بۆ چاپ بکرێ و رێگای پشاندانی شانۆگەرییەکانی بدەن. من، بێ گوێدانە ئەوەی کێ یەکەم جار ئەم حیکایەتیەی هۆنیوەتەوە، یان وەک جۆرە روونکردنەوەیەک خستوویەتیە روو، شایەتی ئەوە دەدەم کە بولگاکەف هیچ شتێکی لەم جۆرەی تەنانەت بە خەیاڵیشدا نەهاتووە."(٣) -لاپەڕە ٣٠١-

هەرچۆنێک بێت میخاییل بولگاکەف پاش ئەمە تووشی گۆشەگیری و هەستێکی قووڵی شکستی هات و، بێ خێزانەکەی نەدەچووە دەرەوە و هەردەم چاویلکەیەکی رەشی لەچاو دەکرد و، وای هەست دەکرد کە خەڵکی پەنجەی گاڵتەپێکردنی بۆ رادەکێشن. ئەمە لەکاتێکدا وەک پزیشکێک چاک دەیزانی تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووە و هێندەی نەماوە لە ژیاندا.

بەڵام دوایەمین زۆرانبازیی بولگاکەف لەگەڵ زۆرداریی جەللادان و چەوتی کاسەلێسان و ئەدیبانی سیخوڕدا بەمە دوایی نەهات، بەڵکو لە گەرمەی نەخۆشییەکەیدا خەریکی پێداچوونەوە و دەستکاریکردنی شاکارەکەی هەموو ژیانی بوو، کە رۆمانی "مامۆستا و مارگریتا"یە. ئەو هەستی بەوە کردبوو کە ئەم رۆمانەی مایەی شۆرەت و نەمریی دەبێت و، لەوەش گرنگتر حوکمی ژیان و مێژوو دەدات بەسەر خوێنڕێژاندا و بانگی ریسوابوون، وەک سزایەکی هەمیشەیی دەدات بە گوێیاندا.

مۆتیڤی گوناه و، سزاوەرگرتن لەبری ئەو گوناهە، گوناهی سەرجەمی نەتەوەیەک کە لەئاکامدا تێکەڵ بە گوناهی تاکەکەس دەبێتەوە، لە داهێنانی بولگاکەفدا دەبنە دوو شتی بەردەوام و، لە بەرهەمە یەک لەدوای یەکەکانی بولگاکەف"دا لە شێواز و بەرگی جیاوازدا

دووبارە و چەند بارە دەبنەوە.(٤) -لاپەڕە ٤٣٢-. ئەو لە فیلینۆنی "باسۆ چاوەڕوانکراوەکاندا کە لە ٢٦ی نۆڤەمبەری ١٩١٩دا نووسیویەتی دەڵێت:

"سەرشێتی ئەم دوو ساڵەی بوایی هەموومانی رووە و ڕێگایەکی ترسناک کردۆتەوە و، وەستان و پشسوودانمان بۆ نییە. ئێمە خەریکین جامی سزاوەرگرتن دەنۆشین و بێگومان چۆڕبڕی دەکەین."

ئەم بابەتی هەستکردنە بە گوناه و ئامادەبوونە بۆ سزاوەرگرتن لەپێناویدا بەشێوەیەکی ئاشکراتر لە چیرۆکی "تاجی سوور"دا دیارە (کە لەم ژمارەیەی "ڕووناکبیری"دا بڵاودەکرێتەوە) هەرچی ڕۆمانی "مامۆستا و مارگریتا"شە ئەوا خەستبوونەوە و قووڵکردنەوەی ئەم کێشەیەیە.

## مامۆستا و مارگریتا

وەک پێشتریش باسمان کرد، بۆڵگاکەف ئەم ڕۆمانەی لە ماوەی ١٢ ساڵدا نووسیوە و، لەم ماوەیەدا حەوت جار دایڕشتۆتەوە و هەرجارە گۆڕانکاری و لابردن و خستنەسەرێکی ئەوتۆی تێداکردووە کە ڕووخساری نوایەمینی ڕۆمانەکە کەم لەو یەکەمین شێوە دەچێت کە نووسەر، بە قسەی دووەمین ژنی، هێشتا لە ساڵی ١٩٢٨دا تەواوی کردبوو، ناوی "ڕاوێژکارێکی سمدار"ی لێنابوو. بێگومان باسکردنی هەر حەوت شێوەکە و ئەو گۆڕانکاری و گەشەندنەی بە بیر و ڕووداو و پاڵەوانانی ڕۆمانەکە دراوە لە سنوور و ئەرکی ئەم وتارە بەدەرە، ئەگەرچی بۆ لێتۆژەرانی ئەدەب بەگشتی و هونەری بۆڵگاکەف بەشێوەیەکی تایبەتی بابەتێکی پڕ لە پەند و نموونەیەکی درەوشاوەی دڵسۆزیی نووسەرە بەرامبەر بەرهەمەکەی و، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە نووسەر تا دواساتی ژیان و سەرباری نەخۆشی و ئازاری گیانی و دەروونی و کوێربوونیشی هەر خەریکی دەستکاریکردنی ڕۆمانەکەی بوو، هەر شتێکی نوێی بە خەیاڵدا بهاتایە زوو داوای لە خێزانەکەی دەکرد کە بیخاتە سەر ڕۆمانەکە. تا ئێستاش لە ئارشیفی نووسەردا ئەو دەستنووسە هەڵگیراوە کە لەسەر یەکێک لە لاپەڕەکانی نووسیویەتی: "نامرم تا تەواوی نەکەم!"(٦).

بەهەرحاڵ، با بێینەوە بەلای ڕۆمانەکەوە و کورتە باسێکی بکەین:

لەڕاستیدا ڕۆمانی "مامۆستا و مارگریتا" دوو ڕۆمانە لە یەک ڕۆماندا. دوو بەسەرهاتی بە ڕواڵەت جیاواز، کە لە دوو سەردەمی دوور لەیەکەوە و لە دوو خاڵی جیاوازەوە سەرەتا دەگرن و بە دوو هێڵی تەریب بەیەک گەشە دەستێنن، تا لەئاکامدا نووسەر زۆر وەستایانە ئەم دوو هێڵ و، دوو ڕووداو و، دوو سەردەمە لێک گرێ دەدا و یەکێک لە شاکارەکانی ئەدەبی جیهانی دەگەیەنێتە ئاکامی لۆژیکی خۆی و بەمەش کۆتایی بە ڕۆمانەکە دێنێت، بەڵام هەر لە هەمان کاتدا

دنیایەک پرسیار و رامان لەبەردەم خوێنەردا والا دەکاتەوە.

بەسەرهاتی یەکەم لە گفتوگۆی دوو نووسەری سۆڤیێتی سالانی سییەکانی شاری مۆسکۆوە دەست پێدەکات کە ئێوارە وەختەیەک لەسەر کورسی باخچەیەک دانیشتوون و، یەکێکیان شاعیرێکی لاوە و پۆیەمایەکی گاڵتەجاڕییانەی دژ بە ئایینی نووسیوە و تێیدا گاڵتە بە "مەسیح" دەکات، دووەمیان سەرنووسەری ئەو رۆژنامەیەیە کە شیعرەکەی تێیدا بلاوکراوەتەوە و ئامۆژگاری نووسەرە لاوەکە دەکات و لایەنی بێهێزی پۆیەماکەی بۆ دەردەخات، کە بە ڕای سەرنووسەر نابێ گاڵتە بە کەسایەتی "مەسیح" بکرێت و بەس، بەڵکو پێویستە ئەوەش لە خوێنەر بگەیەنرێت کە "مەسیح" وەک گشت پێغەمبەرانی دیکە هەر وجودیشی نەبووە و زادەی خەیاڵی پیاوانی ئایینی چەوسێنەرە و، رەشەخەڵکەکەش لەبەر نەفامی بڕوایان پێ هێناوە.

لەم کاتەدا کابرایەکی سەیریان لێ پەیدا دەبێت و خۆی هەڵدەقورتێنێتە قسەکانیان و بە ناوی "ڤۆلاند -پسپۆری سیحری رەش" خۆی پێیان دەناسێنێ و، بە توندی بەرپەرچی ئەو بۆچوونەری سەرنووسەر دەداتەوە و، نەک هەر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە "مەسیح" لەڕاستیدا هەبووە، بەڵکو دەڵێت کە خۆی لەکاتی مەحکەمەکردنی (مەسیح) لە ئۆرشەلیم، لەلایەن "پۆنتی پیلاتی" فەرمانڕەوای ولاتی جووەکانەوە و، لە خاچکردنی (مەسیح)یشدا ئامادەبووە! لەوەش زیاتر نووقلانەی ئەوە بۆ نووسەر لێ دەدا کە هەر ئەو ئێوارەیە سەری بە بڕین دەچێ. دوو نووسەرەکە لێی دەکەونە گومانەوە، کە رەنگە ئەمە کابرایەکی جاسووس بێت و بەنهێنی ڕێک دەکەون کاکی شاعیر پاسەوانیی بکات و سەرنووسەریش بچێ تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکات، بەلام سەرنووسەر هەر لە کاتی پەڕینەوەی شەقامەکەدا هەڵدەخلیسکێ و دەکەوێتە ژێر ترامواییەکەوە و سەری دەقرتێ. شاعیری لاو کە ئەمە دەبینێ بڕیار دەدات کابرا دەستگیر بکات، بەلام وەک دەردەکەوێت ئەو بە تەنیا نییە و، دوو هاوکار و یاریدەدەری لەگەڵدایە کە سەر لە شاعیرەکە تێک دەدەن و رێگای نادەن کابرای گومانلێکراو بگرێت، ئەم دووانەش یەکێکیان کابرایەکی چارەگران و ئەوی دیکەیان پشیلەیەکی رەشی گەورەیە، کە نەک هەر لەسەر دووپێ دەڕوات، بەڵکو خۆی بە تەنیا سواری تراموایش دەبێت و پارەی بلیتەکەی خۆیشی دەدات! ئەم بەسەرهاتە بەتەواوی شاعیرە لاوەکە دەشڵەژێنێ و دەیگەیێنێتە ڕادەی شێتی و ناچار دەبرێتە نەخۆشخانەی دەروونی و، هەر لەوێش "مامۆستا" دەناسێت کە لە ژوورێکی تەنیشت ئەوەوە کەوتووە و پزیشکەکان خەریکی چارەکردنین.

وەک پاشتر دەردەکەوێت کابرای

گومانلێکراو شەیتانە کە لەگەڵ دەستەودایەرەکەیدا هاتووە سەیری مۆسکۆ بکات و، بزانێ خەڵکی چۆن دەژین و چ جیاوازییەکیان هەیە لەگەڵ خەڵکی وڵاتان و سەردەمە جیاجیاکانی ئەم جیهانەدا.

ڤۆلاند و دەستە بەگوڵمەز و پڕ توانا و ناخی مرۆڤناسەکەی بەناوی پیشاندانی سیحرەوە خەڵکی مۆسکۆ لە شانۆیەکدا کۆدەکەنەوە و، دەکەونە گاڵتەپێکردن و سزادانێکی بێبەزەییانەی ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی دەستبڕ و چەوت و چەوێڵ و بەرتیلخۆر و داوێنپیس چ لە کاربەدەستانی شانۆکە و چە لەنێو تەماشاکەراندا.

ڕۆمانی دووەم لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە مەسیح گیراوە و هێنراوەتە بەردەم "پۆنتی پیلات"، فەرمانڕەوای وڵاتی جووەکان و نوێنەری ئیمپراتۆری ڕۆمانی لەو ناوچەیەدا. پۆنتی پیلات لە ئەنجامی پرسیارکردنەکانییەوە لە مەسیح تێ دەگات کە ئەمە کابرایەکی بێوەی و بێگوناهە و کارێکی ئەوتۆی نەکردووە شایانی کوشتن بێت، بگرە مرۆڤێکی دڵساف و ئایدیالیستێکی ساویلکەیە. بەڵام لەبەرئەوەی گەورەپیاوانی ئایینی جوولەکە پێ لەسەر کوشتنی مەسیح دادەگرن بەو پێیەی مەترسی هەیە بۆ سەر ئایینی گەلەکەیان و پلەوپایەی خۆیان و، پۆنتی پۆلاتیش لەوە دەترسێت کە ئەوانە لای ئیمپراتۆر بەدگۆیی بکەن و بە کەمتەرخەمیی و نەرمی نواندن بەرامبەر دوژمنانی ئیمپراتۆریەت تاوانباری کەن، بڕیار دەدات مەسیح لە خاچ بدرێت.

نووسەر یەکسەر پێمان ناڵێ کێ ئەم بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە! لەئاکامدا دەردەکەوێت کە مامۆستا ئەم ڕووداوە مێژووییەی لە شێوەی ڕۆمانێکدا نووسیوە و ئەوەی دەیخوێنینەوە ڕۆمانەکەی مامۆستایە. *

بەڵام لەبەرئەوەی نووسینی بابەتی وا لە مۆسکۆدا بڤەیە، ڕۆژنامەکان دەکەونە هێرشبردنە سەر مامۆستا و ناچاری بێدەنگ بوون و گۆشەگیریی دەکەن و لەئاکامدا باری دەروونیی ئاڵۆز دەبێت و، یەکێک لە دراوسێکانیشی کە تەماعی کردۆتە ژوورەکەی ڕاپۆرتێکی لێدەنووسێت و دەبێتە هۆی ئەوەی مامۆستا ببرێتە نەخۆشخانەی دەروونی.

لە هەموو مۆسکۆدا یەک کەس پەرۆشی مامۆستایە و دەیەوێ لەو نەهامەتییە ڕزگاری کات، ئەویش مارگریتای خۆشەویستێتی. یەکێک لە تاقمەکەی شەیتان پەیوەندی پێوەدەکات و پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکات کە یارمەتیی بدەن لە ڕزگارکردنی مامۆستادا بە مەرجێک قایل بێت ببێتە شاژنی ئاهەنگێکی گەورە کە شەیتان و تاقمەکەی لە ئەپارتمانی سەرنووسەری سەربڕاودا دەیگێڕن و ژمارەیەکی زۆر لە تاوانبار و گوناهکارە مردووەکان تێیدا ئامادە دەبن. مارگریتا بۆ

رزگارکردنی خۆشەویستەکەی ئەم سازشە قبووڵ دەکات و دەچێتە ئاهەنگەکە و، پاش ئەوەی هێزی سیحرکردن پەیدا دەکات، دەچێت تۆڵە لەو رەخنەگرانە بکاتەوە کە ئازاری خۆشەویستەکەیان داوە و، بەوەشەوە ناوەستێ و، بە یارمەتی تاقمەکەی ڤۆلاند گڕ لە مەڵبەندی نووسەران بەردەدات کە هەردەم پڕ بوو لە ئەدیبی بێبەهرە و وەستاکانی راپۆرت نووسین.

پاشان مامۆستا و مارگریتا لەرێگای ڤۆلاندەوە دەزانن کە پۆنتی پیلات ماوەی دوو هەزار ساڵە لەو دنیا نووستوە، بەڵام هەر کە مانگی چواردە دەردەکەوێت، وەکو جاران ئۆقرەی نامێنێ و بێخەوی هەراسیان و شەکەتی دەکات و، هەردەم لەبەرخۆیەوە دەڵێت و دەڵێتەوە کە "ترسنۆکی دزێوترین تاوان ولەکەیە" و، دەیەوێ خۆی بگەیەنێتە ئەو بەندکراوەی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر حوکمی کوشتنی بەسەردا داوە، چونکە کاتی خۆی دەرفەتی بۆ نەلوابوو، ئەوەی دەیویست لەگەڵیدا باسی بکات.

ئەو هەردەم هاوار دەکات کە لە نەمری و شۆرەتی خۆی بێزارە و، ئامادەیە چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی مەتی لانەواز و پەڕاگەندە و هاوڕێی مەسیح بگۆڕێتەوە، کە کاتی خۆی پاش لە خاچدانی مەسیح هێنابوویانە لای پۆنتی پیلات و ئەویش ئەو نووسراوانەی پیشاندەدات کە لە زمانی مەسیحەوە نووسیویەتیەوە و، هەر لەو نووسینانەشدا پۆنتی پیلات ئەو رستەیەی بەرچاو دەکەوێت کە "ترسنۆکی دزێوترین تاوان و لەکەیە"

لە دوابەشەکانی رۆمانەکەدا مەتی دێتە لای ڤۆلاند و دەڵێ کە مەسیح رۆمانەکەی مامۆستای خوێندۆتەوە و داوای لێدەکات کە مامۆستا لەگەڵ خۆتدا ببەیت و ئاسوودەیی پێببەخشیت. ڤۆلاند لە وەڵامدا دەڵێت: "ئەمە کارێکی ئاسانە، بەڵام بۆ نایبەنە لای خۆتان، بۆ رووناکی؟ مەتی لەوەڵامدا دەڵێ: "ئەو شایستەی رووناکی نییە، تەنیا شایستەی حەوانەوە و ئاسوودەییە."

خوێنەری هێژا! بێگومان لەم چەند لاپەڕەیەدا نە لە توانامدایە و، نە حەزیش دەکەم، سەرجەمی رۆمانەکە و بەسەرهاتە سەیر و سەرنجڕاکێش و شێوە نووسینە دڵڕفێنەکەی بگێڕمەوە، چونکە بەو کارە خوێنەر لە گەشتێکی سیحراوی خەیاڵ و گێڕانەوەیەکی پڕ دیالۆگی زیرەکانە و دارشتنێکی وەستایانە بێبەش دەکەم.

زۆربەی رەخنەگران کەسایەتی پۆنتی پیلات بە رەنگدانەوە و بەرجەستەبوونێکی ستالین دادەنێن، لە دووتوێی رۆمانەکەشدا زۆر بەڵگەی وا هەن، راستی ئەم بۆچوونە بسەلمێنن، بەڵام سەرنجێکی وردتری رۆمانەکە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پۆنتی پیلات گەرچی فەرمانڕەوای وڵاتی جوولەکان بووە، بەڵام بەپێچەوانەی ستالینەوە فەرمانڕەوایەکی رەها و پرس لێنەکراو

نەبووە، ئەو لەئاکامدا کاربەدەست و نوێنەری ئیمپراتۆر بووە، هەر بۆیەش لە پلەوپایەی خۆی ترساوە، بۆلگاکەفیش کەسێک نەبووە ئەم جیاوازییەی نێوان ئەو دوو پیاوکوژە نەبینێت. بێگومان بۆلگاکەف مەبەستی بووە حوکمی رەها و دیکتاتۆری تاوانبار بکات، بەلام باشیش لەو راستییە گەیشتووە کە دیکتاتۆرەکان بێ مەرایی کاسەلێسان و بێ ترسنۆکی ترسنۆکان هیچیان بۆ ناکرێت و، ئەو بە تاقیکردنەوەی خۆی لەوە گەیشتبوو کە گەر هاتوهاواری رەخنەگرە ترسنۆکەکان نەبوایە، لە ترسی ئەوەی نەک تۆمەتی کەم ئاگایی و ناهۆشمەندی سیاسییان بدرێتە پاڵ، زۆر لە بەرهەمەکانی بەودەردە نەدەچوون و زیندەبەچاڵ نەدەکران و دەیان و سەدان نووسەر و رۆشنبیر رەوانەی سیبریا و مەرگی حەتمی نەدەکران، بەلاشیەوە گرنگە کە خەڵکی، هەموو خەڵک لەو راستیە بگەن. بۆیە پاش ئەوەی تاوانکاری سەرەکی رۆمانەکەی بەو ئاکامە دەگەیەنێ کە "ترسنۆکی درێوترین تاوان و لەکەیە" لەسەر زاری مامۆستا و مارگریتا داوا لە ڤۆلاند دەکات کە ئازادی بکات و لە ئەشکەنجەی هەتاهەتایی بیبەخشێ.

ئەم بەخشندەییەش هەرچەندە ئایدیالیستانە دێتە بەرچاو، بەلام هەمان فەلسەفەی مەسیح و بودا و غاندی و تۆلستۆیە و، چەند هەزاران ساڵێکە کەسانێکی زۆری لە تاوان و درۆ و رق و کینە دوورخستۆتەوە، گەرچی نەشیتوانیوە ئەو ژەنگ و برینانەی دەروونی مرۆڤایەتی بنەبڕ بکات... بەلام ئەی خۆ زەبروزەنگ و شێلگیریی بێبەزەییانەش ئاکامی لەوە چاکتریان بەدەست نەهێناوە؟!

سەرچاوەکان:

١- فسێڤەلەد ساخەرەف، پێشەکی کتێبی "میخاییل بۆلگاکەف ـ هەڵبژاردەی پەخشانەکانی"، چاپخانەی "سەڤێتسکایا رووسیا"، ١٩٨٣. ل، ٣٣٢ (بە زمانی رووسی).

2- Handbook of Russian Litterature. Edited by Victor Terras. Yala University press. New Huven and London.1985.

٣- بیرەوەری سەبارەت میخاییل بۆلگاکەف. مۆسکۆ "سەڤێتسکی پیساتل"، ١٩٨٨، ل، ٣٨. (بە زمانی رووسی)

4- Ellendea Proffer, Bulgakov, Life and Work, Ardis, Ann Arbor.1984.

٥- پاش وتاری "مارییتا ئەمارەڤنا چوداکۆڤا" بۆ کتێبی "دانراوەکانی میخاییل بۆلگاکەف: رۆمان ـ نۆڤێل ـ کورتەچیرۆک"، مینسک، چاپخانەی "یونیڤێرستیتسکایا"، ١٩٨٨. (بە زمانی رووسی)

٦- میخائیل بولغاکوف. "المعلم و مرغریتا". دار "رادوغا"، موسکو. ١٩٩١.

* پامفلیت pamphlet: ژانرێکی ئەدەبیی دەمەتەقێ ئامێزی کورتە، کە بابەتەکەی کۆمەلایەتی و سیاسییە.

* وشەی "ماستەر" لە زمانی رووسیدا مانای "وەستا" دەبەخشێت و بە کەسێک دەوترێت کە لە بواری خۆیدا شارەزا و لێهاتوو بێت، بەلام لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا وشەی مامۆستا زیاتر بەکاردەهێنرێ بۆ کەسێک لە بوارێکی رۆشنبیریدا کاربکات، بۆیە هەر ئەم وشەیەمان هەڵبژارد. -وەرگێڕ-

بولگاکەف، لە هەندێ شوێندا بە هەڵە بە بۆلگاکەف نووسراوە. داوای لێبووردن دەکەین.

# تاجی سوور

## Historia morbi*

نووسینی: میخاییل بولگاکەف

زیاتر لە هەموو شتێک رقم لە خۆر و دەنگی بەرزی خەڵکی و تەقەتەقە. تەقەتەقی یەک لەدوای یەک. بە ڕادەیەکی وا لە خەڵکی دەترسم، گەر بێت و ئێواران لە ڕاڕەوەکەدا گوێم لە هەنگاو و دەنگی کەسانێکی نامۆ بێت، دەست دەکەم بە هاوار هاوار. بۆیە ژوورەکەشم تایبەتییە، زۆر ئارامە و باشترین ژوورە لە سەری ئەوسەری ڕاڕەوەکەدا، ژمارەکەی (٢٧)ە. کەسیش بۆی نییە بێتە لام و سەغڵەتم بکات.

بەڵام بۆ ئەوەی زیاتریش خۆم بپارێزم، لە ئیڤان ڤاسیلیفیچ پاڕامەوە (گریام لەبەردەمیدا) کە قەباڵەیەکم بۆ چاپ بکات. ئەو قایل بوو، بۆی نووسیم کە من لەژێر چاودێری و پارێزگاری ئەو دام و کەس بۆی نییە من بەرێت. بەڵام ڕاستت دەوێت من زۆر متمانەم بە هێز و کاریگەرێتی ئیمزاکەی ئەو نەکرد، بۆیە ناچار ئیمزای پرۆفیسوریشی خستە سەر و یەک مۆری شینی بازنەییشی بۆ لێدام. ئێ ئەمەیان شتێکی ترە!

من زۆر بەسەرهاتی وا دەزانم خەڵکی تەنیا لەبەرئەوە بە زیندووی ماونەتەوە، چونکە لە گیرفانیاندا پەڕەیەک دۆزراوەتەوە کە مۆرێکی بازنەیی پێوە بووە. ڕاستە کرێکارە روو بە دوکەڵ رەشبووەکەی "بیردیانسک"یان هەر لەبەرئەوە بە ستوونی کارەباکەدا هەڵواسی، چونکە لە پێڵاوەکەیدا پەڕەیەکی مۆرکراوی گرمۆڵەیان دۆزییەوە. بەڵام ئەوە مەسەلەیەکی ترە. ئەو تاوانکارێکی بەلشەفی بوو، مۆرەشینەکەش مۆرێکی تاوانکارانە بوو. هەر ئەو مۆرەش گەیاندیە سەر ستوونی کارەباکە، هەر ئەو ستوونی کارەبایەش هۆی نەخۆشییەکەی منە (خۆت نیگەران مەکە، من زۆر چاک دەزانم کە نەخۆشم.)

ئەوەی ڕاستی بێ هەر پێش بەسەرهاتەکەی کۆلا **ش شتێک لە مندا ڕوویدا. من دوورکەوتمەوە تا نەبینم چۆن کابراکە هەڵدەواسن، بەڵام ترسیش لەگەڵ مندا کەوتە رێ و چووە قاچە لەرزۆکەکانمەوە. بێگومان من ئەوکاتە هیچم لە دەست نەدەهات، بەڵام ئێستا

بوایە بە بێ هیچ ترسێک دەمووت:

– گەورەم جەنەڕاڵ، ئێوە دڕندەن. نەخەڵەتابن خەڵکی هەڵواسن.

هەر بەمەشدا بۆتان دەردەکەوێت کە من ترسنۆک نیم، من وەنەبێ لە ترسی مەرگ باسی مۆرەکەم کردبێ. نەخێر، من هەرگیز لە مەرگ ناترسم. من خۆم خۆم دەکوژم و، ئەوەش بەم زووانە ڕوودەدات، چونکە دەزانم کۆلا بێدەرەتان و پرزەبڕوام دەکات. بەڵام من خۆم بۆیە دەکوژم کە چیتر کۆلا نەبینم و گوێم لە دەنگی نەبێت. بیرکردنەوەش لەوەی کە رەنگە خەڵکی تر بێن... ئای کە شتێکی دزێو و قێزبزوێنە.

بەدرێژایی ڕۆژ لەسەر قەرەوێڵەکەم رادەکشێم و سەیری پەنجەرەکە دەکەم. بۆشاییەک بەسەر باخچە سەوزەکەی بەردەممانددا ڕاکشاوە، لە پشتیەوە بینایەکی زەردی حەوت نهۆم دیوارە بێ پەنجەرەکەی کردۆتە من و، یەکسەر لە بن سەربانەکەیەوە لاکێشێکی ژەنگاوی شۆڕ بۆتەوە. لێی نووسراوە "لەبراتۆری دانسازی" پیتەکان سپی ڕەنگن، لە سەرەتاوە رقم لەو لاکێشە دەبووەوە، پاشان پێی راهاتم و، ئێستا ئەگەر لایبەرن ڕەنگە بۆی بێتاقەت ببم. بەم ڕۆژگارە لەبەر چاومدا قوتبۆتەوە و هەموو سەرنجم لەودا کۆدەکەمەوە و بیر لە زۆر شتی گرنگ دەکەمەوە. بەڵام وردە وردە ئێوارە دادێت. قوببەی ئاسمان تاریک دەبێت و چیتر پیتە سپییەکان نابینرێن.

خۆم دێز هەڵدەگەڕێم و خەیاڵاتم دەتوێتەوە. ئێوارە وەختە کاتێکی ترسناک و پڕمانای رۆژە. هەرچی شت هەیە دەکوژێتەوە و، هەرچی شت هەیە تێکەڵاو بەیەک دەبن. پشیلە سوورەکە بە هەنگاوی نەرمی قەیفە ئاسایەوە بە ڕاڕەوەکەدا دەسووڕێتەوە و، منیش جاروبار دەزریکێنم. بەڵام ڕێگابە کەس نادەم گڵۆپەکە پێبکات. چونکە هەر کە گڵۆپەکە دادەگیرسێت، ئیتر من بەدرێژایی شەو لە پرمەی گریاندا دەبم و دەستەکانی خۆم هەڵدەگلۆفم و بایاندەدەم. چاکتر وایە بە ئارامییەوە چاوەڕێی ئەو ساتە بم کە لە شەپۆلی تاریکیدا دوایەمین و گرنگترین دیمەن دادەگیرسێ.

دایکی بەساڵاچووم پێی وتم:

– ڕۆڵە من زۆرم نەماوە لە ژیاندا. من بە چاوی خۆم هەموو ئەم شێتیەی دەوروبەرمان دەبینم. تۆش براگەورەیت و دەزانم کە خۆشتدەوێ. کۆلام بۆ بگێڕەوە. بیهێنەوە، تۆ براگەورەیت.

لەو ساتەدا هەموو تینوێتی و ئازاری خۆی ئامێتەی وشەکانی کردبوو.

– بیدۆزەرەوە. تۆ خۆت وا پیشاندەدەی کە گوایە ئەمە شتێکی پێویستە و دەبێ مەسەلەکە هەروا بێت. بەلام من تۆ چاک دەناسم، تۆ دەفامی و دەمێکە تێگەیشتوویت کە هەموو ئەمە شێتی و بێمێشکییە. بۆ رۆژێکیش بێت بیهێنەرەوە لام. یەک رۆژ. ئەوجا ئیتر من رێی لێ ناگرم و با بڕواتەوە.

دایکم درۆی دەکرد. چۆن ئەو جارێکی تر رێگای دەدا بگەڕێتەوە.

من وەڵامم نەدایەوە.

– من هەر دەمەوێ جارێکی تر چاوەکانی ماچ بکەمەوە. خۆ دیارە هەر دەیکوژن. توخوا گوناه نییە؟ ئاخر خۆ ئەو رۆڵەمە. پەنا بەرمە بەر کێی تر؟ تۆ کوڕە گەورەمی بیهێنەوە.

خۆمم پێنەگیرا و رووم لێوەرگێڕاو وتم:

– باشە.

بەڵام ئەو پەلاماری چمکی دەستمی دا و، وا رووی وەرگێڕام کە چاوی لە چاوم بێت و وتی:

– نا، نا... تۆ سوێندم بۆ بخۆ کە بە زیندوویی دەیهێنیتەوە لام.

ئاخر پیاو چۆن دەتوانێ سوێندی وا بخوات.

بەڵام من کابرایەکی بێمێشک بووم و سوێندم خوارد:

– سوێند بێ.

دایکم بێورە و ترسنۆکە. بەم خەیاڵەوە ملی رێم گرت و رۆیشتم. بەڵام لە "بیردیانسک" ستوونەخواربووەوەکەی کارەباکەم دییەوە. گەورەم جەنەڕاڵ، من لەکەڵتام کە منیش لە تۆ کەمتر تاوانبار نیم. من تەواو بەرپرسیارم لەمەر کابرای روو دوکەڵاوییەوە. بەڵام براکەم هیچ پەیوەندییەکی بەمەوە نییە. ئەو تەمەنی ١٩ ساڵە.

دوای "بیردیانسک" من سوێندەکەی خۆمم بەجێگەیاند و، بیست فرسەخێک لەولاوە لە کەنار رووبارێکدا دۆزیمەوە. رۆژێکی ئێجگار رووناک بوو. بەناو پەڵەی بەرزەوەبووی ئەو تۆزە سپییەی سەر رێگاکەدا دەستەیەک سەربازی سوارە رووە و ئەو دێیە دەڕۆیشتین کە بۆسۆ و دوکەڵەکەی دەگەیشتە لامان. ئەو لە کەناری دەستەی پێشەوەدا بە سواری

هەواڵنامەی کتێب

ئەسپەکەیەوە بوو، تەپلەکەی هێنابووە سەرچاوی. گشت شتێکم بە چاکی لەیادە: شمشێرەکەی لای راستی تا ئاست پاژنەی شۆڕببووەوە. قایشی تەپلەکەی بە روومەتیدا و بەرەوژێر چەناگەی هاتبووە خوارێ.

– کۆلا، کۆلا.

هاوارم کرد و بەرەو جۆگەلەی کەنار ڕێگاکە رامکرد. ئەو راچڵەکی و، سەربازە مۆن و ئارەقاوییەکانی دەستەی پێشەوە روویان وەرگێڕا بەلای مندا.

– ئا... کاکە!

لە وەڵامدا هاواری کرد. ئەو هەرگیز بەناوی خۆمەوە بانگی نەدەکردم. هەر دەیووت: – کاکە.

من دە ساڵ لەو گەورەتر بووم و، هەردەم بەوپەڕی وریاییەوە گوێی بۆ قسەکانم رادەگرت.

– بوەستە، لێرەدا بوەستە! نزیک دارستانەکە چاوەڕێم کە! ئێستا ئێمە دەگەین. چارێ ناتوانم برادەرەکانم جێبهێڵم.

لەپاڵ دارستانەکەدا و، دوور لە ڕێگای دەستەسوارانەوە، بەتاسەوە جگەرەمان دەکێشا. من ئارام و شێلگیر بووم. هەمووی شێتی و بێمێشکییە. راستی دەوت دایکم. من چرپاندم بە گوێیدا.

– هەر کە دێکەتان جێهێشت لەگەڵ مندا رووە و شار دەبینەوە. خێرا و بۆ هەتاهەتایە ئەمانە جێدەهێڵیت.

– ئەوە تۆ دەڵێیت چی کاکە؟

– وس، بێدەنگ بە! من خۆم دەزانم.

سوارەکان بە نەرمەغار رووە و دوکەڵەکە رۆیشتن. لە دوورەوە بوو بە تەقە و زرمە. تەقەیەکی زۆر و بەدوای یەکدا، تەقوهوڕێکی زۆر.

تۆ بڵێی لە ماوەی سەعاتێکدا چی روو بدات. دێنەوە بۆ کوێ دەچن. ئیتر منیش بە دیار ئەو خێوەتەی خاچێکی سووری لەسەر نەخشێنرابوو دانیشتم و چاوەڕێم دەکرد.

* * *

پاش سەعاتێک دیمەوە. هەر بە هەمان نەرمەغار رووە و لای من دەهات.

هەواڵنامەی کتێب

دەستـەی سـواران دیار نەبوون. تەنیـا دووانیـان نەبێت غـاریان دەدا و ئەمـلاولایان گرتبوو. یەکێکیان -ئەوەی لای راستیان- جارجارە خۆی بەلای براکەمدا لاردەکردەوە، وەک بڵێیت شتێک بە گوێیدا بچرپێنێت. لەبەر خۆرەکە کەمێک چاوم کزکرد و سەیری ئەو نمایشە سەیرەم دەکرد. بە تەپڵەیەکی بۆرەوە رۆیشت، کەچی ئێستادا بە دانەیەکی سوورەوە گەڕاوەتەوە. رۆژ کۆتایی هات. لەبەردەممدا قەڵغانێکی رەش راوەستابوو، کڵاوێکی رەنگداری بە سەرەوە بوو. نە قژ مابوو نە ناوچەوان. لەجێگایان کلیلەیەکی سووری، بە ریشاڵی زەرد دەورگیراو، دیار بوو.

ئەو سوارە، براکەم بوو بە تاجێکی سووری بژی سەرسەرییەوە. بێ جووڵە لەسەر پشتی ئەسپە لغاو کەفگرتووەکەوە دانیشتبوو. ئەگەر کابرای لای راستیەوە نەبوایە کە زۆر بە تەنگەوە لایگرتبوو، رەنگ بوو پیاو وا بیری بکردایەوە کە بۆ نمایش دەڕوات.

سوارەکە بە سەرپشتی ئەسپەکەوە سەرکەشانە دەینواند، بەڵام کەڕ و لاڵ بوو. لە ئاست ئەو شوێنەدا کە سەعاتێک لەمەوبەر چاوە گەشەکانی دەدرەوشانەوە، دوو چاوی سووری خوێن پێداچۆڕاوە مابوونەوە.

سوارەکەی لای چەپی براکەمەوە پەلەی بوو، بە دەستی چەپی جڵەوی ئەسپەکەی گرت و بە راستیشی هێواشێک دەستی کۆلای ڕاکێشا. ئەو هات بەلادا.

دەنگەکە وتی:

- ئاخ... عەریفەکەمان پارچەی بەرکەوتووە... هێی، برینپێچ دکتۆر بانگ کە!

ئەویتریان بەداخەوە وتی:

- برا دکتۆری چی... هی ئەوەیە قەشە بانگ کەیت.

لەو ساتەدا رەشییەکە خەست بووەوە و هەموو شتێکی داپۆشی، تەنانەت کڵاوە رەنگدارەکەش...

* * *

من بە هەموو شتێک راهاتووم. بە بینا سپییەکەی خۆمانەوە، بە رۆژ ئاوابوون و تاریک داهاتنەوە. بە پشیلە سوورەوە کە خۆی لە دەرگای ژوورەکەم هەڵدەسوێ. بەڵام ناتوانم لەگەڵ هاتنەکانی ئەودا رابێم. یەکەمجار هێشتا لە خوارەوە بووم، لە ژووری ژمارە ٣، دا، کە هات. یەکسەر لە دیوارکەوە هاتە ژووریّ. تاجە سوورەکەی بە سەرەوە

بوو. ئەمەش هیچ ترسناکییەکی تێدا نەبوو. من هەموو جارێک لە خەودا وا دەیبینم. بەڵام من زۆر چاک دەزانم: مادامەکی ئەو تاجی بە سەرەوەیە، کەواتە مردووە، کەچی ئەو لە پڕ هاتە قسە و کەوتە بزواندی ئەو لێوانەی کە خوێنە وشکەوە بووەکەی لێکینابوون. لێوانی لێکترازاند و هەردوو قاچی پێکەوە گواستەوە و دەستێکی گرت بە تاجەکەیەوە و، وتی:

– کاکە من ناتوانم سوارەکان جێهێڵم.

ئیتر هەر لەو کاتەوە بەردەوام هەمان دیمەن دووبارە دەبێتەوە. بە جلە سەربازییەکانیەوە دێت، قایشێکی راست و چەپ بەشانیەوە، بە شمشێرێکی خواری بێدەنگەوە و، هەمان قسەی خۆی دووبارە دەکاتەوە. سلاوێکی سەربازانەم بۆ دەکات و دەڵێت:

– کاکە من ناتوانم سوارەکان بەجێبێڵم.

ئای چی لێ بەسەرهێنام یەکەم جار! هەموو نەخۆشخانەکەی تۆقاند. بەڵام کار لە کار ترازابوو. من ژیرانە بۆ مەسەلەکە چوو بووم: مادامەکی تاجی بە سەرەوەیە، کەواتە کوژراوە، باشە کە کوژرا بێت و بکەوێتە قسەکردن، کەواتە من شێت بووم.

بەڵێ. وا دیسانەوە تاریک دادێت. ساتێکی پرشکۆی سزاوەرگرتنە. بەڵام ئەو جارێکیان کە هات من خەوم لێکەوتبوو. ژووری میوانەکەی خۆمانم دی کە موبیلیایەکی کۆنی قوماش سووری تێدا بوو. کورسییەکی چاک و لەبار بۆ دانیشتن بە قاچێکی درزبردووەوە بە دیوارەکەدا و لە چوارچێوەیەکی رەش و تۆزاویدا وێنەی زەلامێک هەڵواسرا بوو، گوڵدانەکان پڕ لە گوڵ بوون، پیانۆکە کرابووەوە و، نۆتەکانی (فاوست)ی لەسەر بوو. ئەو لەناو دەرگاکەدا راوەستابوو، شادمانییەکی سەرکەش دڵمی دەسووتاند. لەو ساتەدا سوارە نەبوو، هەروەک جارانی پێش رۆژە نەفرەتییەکان بوو. جلکێکی رەشی لەبەردا بوو، قۆڵەکانی کەچاوی بوون. چاوە زیندووەکانی بەتەوسەوە پێدەکەنین و، کلافەیەک قژ بەسەر ناوچەوانیدا شۆڕ ببووەوە. سەری دەلەقاند و دەیووت:

– کاکە بابچین بۆ ژوورەکەی خۆم. بزانە چیت نیشاندەدەم.

ژووری میوانەکە بە تیشکی چاوەکانی ئەوەوە رۆشن بوو. باری قورسی هەست بە تاوانباریم لە گیانمدا رەویبووەوە. وەک بڵێیت ئەو رۆژە دزێوە هەر نەبوویێت کە ناردم و

پێم وت: "برۆ!" نە تەقە هەبوو، نە بۆ سووتاو و چەرەدووکەڵ. ئەو بە هیچ لایەکدا نەڕۆیشتبوو، هەرگیز سوارەش نەبوو. پیانۆکەی لێ دەدا و، شوێن پەنجە سپییەکانی پیانۆکە ئاوازیان لێ بەرزدەبووەوە و چەپکە تیشکێکی زێڕین بەو ناوەدا پەرش دەبووەوە و، ئەویش دەنگی زیندوو بوو، پێدەکەنی.

پاشان من بێداربوومەوە. تەماشا دەکەم هیچ شتێک نەماوە، نە ڕووناکی، نە چاوەکانی ئەو. ئیتر هەرگیز خەوێکی وام نەدییەوە. بەڵام هەر ئەو شەوە و، بۆ ئەوەی باری ئازاری دۆزەخاوی من گەورە و قورستر بکات، هاتەوە. سوارێک بە جلی جەنگییەوە، لەسەرخۆ و بێدەنگ هەنگاوی دەنا و، ئەوەی پێ دەوتم کە بڕیاری دابوو هەتاهەتایە بیداتەوە بە گوێمدا.

من بڕیارم دا کۆتایی بەمە بێنم و، بە توندی پێم وت:

– چیتە، بوویتە جەللادی هەمیشەییم؟ بۆ دێیت بۆ ئێرە؟ من هۆشمەندانە لە مەسەلەکە دەگەم. هەرچی گوناهی تۆ هەیە دەیخەمە ئۆباڵی خۆم، هەر لەبەرئەوەی تۆم بۆ ئەو مەرگەساتە نارد. خوێنی ئەوەش کە بە ستوونەکەدا هەڵیانواسی ئەگرمە ئەستۆی خۆم. جا مادامەکی من ئەم قسەیە دەکەم تۆ ببەخشە و وازم لێ بهێنە.

گەورەم جەنەڕاڵ. ئەو بێدەنگ راما و پاشان ڕۆیشت.

ئەوسا من لە ئازاری خۆمدا دڵم ڕەق بوو. بە هەموو خواستمەوە ئاواتەخوازبووم هیچ نەبێ جارێک بێت بۆ لای تۆ و، لەبەردەمتا دەست بگرێ بە تاجەکەیەوە. دڵنیات دەکەم کە تۆش وەک من کۆتاییت پێ دەهات. لە چاوترۆکانێکدا کۆتاییت دەهات.

هەرچەندە ڕەنگە تۆش بە شەوان تەنیا نەبیت. کێ دەڵێ کابرای ڕوومەت دوکەڵاوی کە لە "بیردیانسک" هەڵتواسی، سەرت لێ نادا. گەر وابێ سزای هەردووکمان پڕ بە پێست و دادپەروەرانەیە. من کوڵای برامم نارد تا لە هەڵواسیندا یارمەتیت بدات و، تۆش کابرات هەڵواسی. بە بڕیارێکی زارەکی بێژمارە.

کەواتە ئەو نەڕۆیشت. ناچاربووم بە هاوار بیترسێنم. هەموو خەڵکەکە بێداربوونەوە. ژنە برینپێچەکە رایکرد و ئیڤان ڤاسیلیڤچی بەئاگاهێنایەوە. من چیتر نەمدەویست ڕۆژی داهاتوو بژیم، بەڵام ڕێگایان نەدام خۆم لەناوبەرم. دەستیان بە خاولی بەستمەوە و، پارچە شووشەکەیان لە دەستم راپسکاند و، دەستیان بە سارغی بۆ پێچامەوە. ئیتر

من لەو کاتەوە لە ژووری ژمارە ۲۷ دام. پاش دەرمانی خەوەکەم، چاوم خەریک بوو دەچووە خەو کە گوێم لێ بوو ژنە برینپێچەکە لە ڕاڕەوەکەدا دەیووت:

هیوا لێ بڕاوە.

ئەوە ڕاستە. من هیچ هیوایەکم نەماوە. کارێکی بێهودەشە، شەوانە بە خەمێکی سووتێنەرەوە چاوەڕێی خەو دەکەم -چاوەڕێی ژوورە کۆنە ئاشناکە و تیشکی بێوەیی چاوانی پرشنگداری. ئەوانە هیچیان نەماون و ناشگەڕێنەوە.

باری سەختی من نارەوێتەوە. شەوانە ملکەچ چاوەڕێم، ها ئێستا سوارە ئاشناکە دێت بە چاوی نابینایەوە و بە دەنگێکی گڕەوە پێم دەڵێ:

– من ناتوانم برادەرەکانم جێهێڵم.

بەڵێ، من هیوالێبڕاوم. ئەو ئەشکەنجەم دەدات و هیچ گومانی تێدا نییە کە سوێ دەکاتە دڵمەوە.

١٩٢٢

هەواڵنامەی کتێب

* مێژووی نەخۆشییەکە (لاتینیە)

** کورتکراوەی ناوی نیکۆلایە.

ئەم گۆڤارە بە هەوڵی چالاک خراوەتە سەر تۆڕ chalakmuhamad@gmail.com

# دوو هەڵبەستی واڵت ویتمەن

عەبدوڵلا پەشێو

لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاون.

## شەوێک لە مەیدانی شەڕدا

شەوێک، لە مەیدانی شەڕدا، نۆبەتێکی سەیرم گرت.
ئەو ڕۆژە، کوڕی خۆم، هاوڕێی خۆم،
تۆیان لە تەنیشتم پێکا.
من تەماشایەکی تۆم کرد و
چاوی ئازیزی تۆش
بە نیگایەکی ئەوتۆ وەڵامی دامەوە
کە هەرگیز لە بیری ناکەم.
هەر هێندەم پێ کرا، لاوۆ،
دەستێک بگەیێنمە دەستت
کە بۆت درێژ کردبووم،
لە کاتێکدا لەسەر زەوی ڕاکشابووی.
پاشان ڕاست بوومەوە.

هەواڵنامەی کتێب

بۆ پێشەوە، رووە و مەیدانی شەڕ،
شەڕی درێژخایەن، تەکانم دا،
ئەوجا درەنگی شەو مادۆنم خواست و
گەڕامەوە جێی گۆڕین.
لاشەی سارد و سڕی تۆ، هاوڕێی شیرین، کوڕی خۆم،
هەر لەوێ بوو، راکشابوو.
*(ئەوەی لەم دنیایە، چیدی وەڵامی ماچ ناداتەوە)*
پاشان روخسارتم رووەو پرشەی ئەستێران راگرت
دیمەنێکی نائاسایی بوو
نەرمە شەوبای فێنک لێمانی دەدا
عەیامێک، لەوێ وەستام و نۆبەتم گرت،
تا چاویش هەتەری دەکرد
هەر تارمایی مەیدانی شەڕ بوو.
بەو شەوە کڕ و کپە،
بەو شەوە بۆنخۆشە،
نۆبەتم گرت، نۆبەتێکی سەیر و سەمەرە،
نۆبەتێکی شیرین.
نە دانە فرمێسکێکم رشت،
نە ئاخێکم هەڵکێشا،
هەر هێندەم کرد تێر و پڕ سەرنجم دای،
ئەوجا، بەپەرۆشەوە،
لە تەنیشت، لەسەر زەوی،

هەواڵنامەی کتێب

دانیشتم و سەری خۆم دانەواند و
هەردوو دەستم دا بەر چەنەگە.
چەند سعاتێکی شیرین،
چەند سعاتێکی پڕ نهێنیم
لە تەنیشت تۆ بەسەر برد، هاوڕێی شیرینم،
بێ ئەوەی دڵۆپە فرمێسکێکم لە چاو بێ،
یا ورتەیەکم لە دەم بێ،
نۆبەتم گرت،
نۆبەتی بێدەنگی، خۆشەویستی، مەرگ.
نۆبەتم لە تۆ گرت، کوڕی خۆم، سەربازیژگەکەم.
لەملا... ئەستێرە بێ هەست و خوست
ئاوا دەبوون،
لەولا... لە رۆژهەلات،
ئەستێرەی تازە، هێواش هێواش
بەرز دەبوونەوە.
ئەو نۆبەتەی لە تۆم گرت،
دوا نۆبەت بوو، کوڕە زیخ مێرخاسەکەم
*(ئاخ، نەمتوانی بتپارێزم*
*مەرگەکەت زۆر کتوپڕ بوو.*
*بە دڵسۆزی خۆشم دەویستی،*
*مەمیشە کە لەو دنیا پێک شاددەبینەوە.)*

هەواڵنامەی کتێب

که شەو راشکا، کازێوەی دا،
هاوڕێیەکەی خۆمم لەناو بەتانییەکەی خۆی لوول دا،
بەژن و بالآیەم پوختە و جوان پێچا،
بە ئەسپایی سەریم داپۆشی،
بە شێنەیی لچکە بەتانیم بۆ بن پێی خڕ کردەوە،
پاشان، کە تیشکی ڕۆژی بڵند شوشتی،
لاشەکەم ناشت، لاشەی کوریژگەکەم
خستمە ناو ئەو گۆڕەی کە بە نارێکی هەڵکەنرابوو.
نۆبەت بەسەرچوو، نۆبەتی شەو،
نۆبەتی مەیدانی لێڵی شەڕ،
نۆبەت لە لاشەی کوری خۆم
(ئەوەی هەرگیز وەلامی ما چ ناداتەوە)،
نۆبەت لە لاشەی هاوڕێیەکەم،
کە لەتەکما پێکایان
نا، ئەو نۆبەتەم قەت لەبیر ناچێ،
قەت ئەوەم لەبیر ناچێ،
کە ڕۆژ لە کەل دەرکەوت،
من لەسەر زەوی سارد و سڕ هەستام و
سەربازیژگەکەم لەناو بەتانییەکەی خۆی
پوختە وەرپێچا و
لە کوێ پێکایان هە لەوێش ناشتم.

# بۆ شتاتەکان[١]

*(بۆ پێناساندنی سەرۆکایەتییەکانی شازدەم و حەڤدەم و هەژدەم)*

چییە، بۆچی وا شپرزە و پەژموردەین؟
بۆچی هەموومان وەنەوزدەدەین؟
چییە ئەم بولێڵە چڕە؟
چییە ئەم هەموو کەف و زبڵ و زارەی
رووی ئاوی داپۆشیوە؟
چییە ئەو هەموو شەمشەمەکوێر و چەقەڵانەی
لە (کەپیتۆڵ)[٢] دانیشتوون؟
پەککو، لەو سەرۆکایەتییە گەمارە !

*(ئەی باشوور، کوا خۆری سووتێنەرت!*
*ئەی باکوور، کوا هەناسەی بەستەڵەکت!)*
ئا ئەمانەن ئەندامانی کۆنگریس؟
ئەمانەن قازییە شکۆمەندەکانمان؟
ئەوێهێیە سەرکۆمار؟
مادام وایە،
مادام شتاتەکان نووستوون،
با منیش سەرخەوێک بشکێنم

(کە تاریک داهات، هەور گرماندی،
برووسکە چەخماخەی لێدا،
ئەوسا هەموو لایەک وەئاگادێین:
باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا،
جەرگەی وڵات و کەناری دەریا
دڵنیام ئەوسا هەموومان وەئاگادێین.)

هەواڵنامەی کتێب

(١) شتات: ویلایەت.

(٢) کەپیتۆل: خانووی کۆنگرێسی ئەمریکی لە واشنتۆن.

ئەم گۆڤارە بە هەوڵی چالاک خراوەتە سەر تۆڕ chalakmuhamad@gmail.com

# توخۆڵسکی و داهێنان

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: کەریم پەڕەنگ

بەشی دووەم

توخۆڵسکی کۆمەڵێک وتار و باس و رەخنەی ئەدەبی و شیعر و چیرۆکێکی زۆر و نۆڤێلێک و رۆمانێکی لە پاش بەجێ ماوە. لە سۆنگەی وەی توخۆڵسکی لە زۆربەی رۆژنامە و گۆڤار و بلاڤۆکەکانی ئەو سەردەمەدا دەینووسی و خۆیشی لە دەرکردنی هەندێکیاندا بەشداربوو، نووسینەکانی هەر زوو بە خوێنەر دەگەیشتن... من هەوڵ دەدەم لێرەدا کورتەیەکی ئەو چیرۆکە درێژە و رۆمانەکەی بەگوێرەی توانا بەرجەستە بکەم و لە چەند لاپەڕەیەکی کەمدا مەبەست و بنەما و رووداوەکانی بۆ خوێنەری کورد پووختە بکەم و چەند کۆپلە و شیعری بکەمە کوردی.

## ١- نۆڤێل

### ١-١ راینسبێرگ

بە بڕوای من ئەوی پاڵپێوەنەری توخۆڵسکی بوو بۆ نووسینی ئەم نۆڤێلە دەربڕینی هەڵوێستی خۆی بوو بۆ پەیوەندی ژن و پیاو و بەریەرچدانەوەی نووسەرە برژواکان. "بە بڕوای توخۆڵسکی نووسەرە برژواکان بەتایبەتی زاناکانیان هەوڵی ئەومیان نەدەدا رێگایەکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوە لە سۆسۆلۆگیای سێکسی بدۆزنەوە و کۆششی ئەومیان نەدەکرد لە بنج وبناوانی ئەم تێمەیە قووڵبنەوە."

توخۆڵسکی هەر لە سەرەتای بەرهەمهێنانییەوە دەیویست هەڵوێستی خۆی دەربارەی سێکس دەربڕێ و لە روانگەی رایسبێرگەوە توانی بەرگری لە ئەڤینی پاکی ئێروتیکانەی ژن و پیاو بکات و بە هەموو جۆرێ خاوەندارێتی و بە موڵک بوونی یەکێکیان بۆ ئەوی تریان رەت بکاتەوە. ئەو دەیویست بە چاوێکی پاک و هەڵێستێکی لە ژیان هەڵقولاوی راستەقینەی مرۆڤانەوە تەماشای سێکس بکرێ، نەک بە چاوێکی درۆزنانەی کرپارانەی برژواوە.

ئەمەش شەقاوێکی شۆڕشگێڕانەی بوو بۆ سەردەمی خۆی و دلێرانە لە چوارچێوەی بیری کۆن خۆی قوتارکردووە و توانیویەتی لە «رایسنبێرگ»دا ئەم هەڵوێستە بەرجەستە بکا و ئەگەر نەتوانین بڵێین توخۆلسکی تاقانە شۆڕەسواری ئەم مەیدانەیە ئەوا دەتوانین بڵێین یەکێکە لە شۆڕەسوارانی.

پاڵپشت و هاندەریشی بۆ دەربڕینی ئەم رایەمان ئەو وتارانەن کە توخۆلسکی نووسیبوونی و خۆی بە دەربڕینی سێکس لە چەند رۆمانێکی بەناوبانگی سەردەمی خۆیدا خەریک کرد بوو. لە ساڵی 1920 دا پەردەی لە رووی ئەو بڵاوکراوە بە ناو زانستی و مێژوویی و هونەرییانەی پێش جەنگ لابرد و پەڵەی دزێوی ئارەزوو سێکسییە دانەمرکاوەکانی برژوای خستە روو، کە نەنگییەک بوون بە تەوێڵی ئەدەبی ئێروتیکاوە. ئەم شتە هەرە ئاساییەی ژیان زۆر شتی پێوە دەنرێ و زۆر ئەملا و ئەولای پێدەکرێ. دەربڕینی ئێروتیک دەبێ لە هەموو شێوەیەکی درۆزنانەی برژوا رەها کرێ. ئەز وای دەزانم، وەکو پێشووتریش ئاماژەم بۆ کرد، هەر سەپاندنی ئەم رایەش گەورەترین پاڵپێوەنەری نووسینی ئەم نۆڤێلە بووبێ.

گەرمی و نەرم و نیانیی نۆڤێلی «راینسبێرگ» پتر تام و چێژی ئەدەبی کۆنی فەرەنسیمان وەبیردێنێتەوە وەکو ئەدەبی ئەڵەمانی تیایدا هەست بە جۆش و خرۆشی پاشایانەی پرووسیا ناکرێ و توخۆلسکی ئەڤینی کچ و کوڕێکی دلۆڤان و دڵ پڕ خۆزگە و نائاسایی بۆ کۆمەڵگا و دەوروبەر بەرجەستە دەکا.

هەردوو دڵدار کاتێکی خۆشی خەیاڵاوی لە «راینسبێرگ»ی دڵگیری شاعیرانەدا بەسەر دەبەن و یەکتر لە تەنیایی دەترازێنن، بێدەنگی و هێمنیی شارۆچکەی مەتەڵ ئاسا وەکو هاودژ و پێچەوانی شاری گەورەی بەرلین ئایدیال دەکەن و دەیانەوێ لەگەڵ ئەوەشدا کە زێد و مەنزڵگایانە هەڵبێن و بۆ چەند ساتێکیش بێ، باوەش بەو کپییەدا بکەن و وەکو زۆربەی دانیشتوانی شارە گەورەکان کرنووش بۆ رووەکێک دەبەن، بێ ئەوەی هەست بە پەیوەندییەکانی لادێ بکەن و وەکو توخۆلسکی خۆی دەنووسێ چۆن جوتکارێک شتەکان یەکلایەنی دەبینن ئەمانیش هەروا.

«رایسنبێرگ، کتێبی تابلۆداری دڵداران»، بەم جۆرە توخۆلسکی نۆڤێلە کورتەکەی ناوناوە، کە هەشتا ساڵێک لەمەوبەر نووسراوە، بەڵام هێشتا گەرمی و نەرم و نیانیی خۆی لە دەست نەداوە.. چیرۆکی کلەیر و ڤۆڵف و شارە چکۆلانەکەی راینسبێرگ، کە دڵێکی فراوانی بۆ جووتێ دڵداری ئاشقە و ماشقەی سەرشێتی بەرلین دەکردەوە، سەرنجی رادەکێشان، چونکە سروشتێکی نەشێوێنراو و جوانییەکی بێوێنە زەردەی بۆ دەکردن و کپی و هێمنییەک جۆشی بێدەنگیانی لە ئامێز دەگرت.

ڤۆلف لاوێکی رۆشنبیر و رۆژنامەنووسێکی بە سەلیقە، لە دەستەی نووسەرانی یەکێ لە رۆژنامە بەناو و دەنگەکانی ئەو سەردەمەی بەرلینە، وتارەکانی بە پێشکەوتنخوازیی ناوەرۆکەکانیان سەرنجی خەڵکی رادەکێشن و رقی دەستە و دایەرەی پاشا هەڵدەستێنن.

رۆژێ لە رۆژان ڤۆلف لە کەناری گۆلی ڤان بە هەڵە دەرگای کابینەیەک دەکاتەوە و کلەیری نازدار و خوێنگەرم و شیرین سەرنجی رادەکێشێ و شاگەشکەی دەکا و ئیتر لەو رۆژەوە ژیانیان هاوتەریب دەڕوا و ماچی ژیان لە دەمی یەکدا دەتوێننەوە.

توخۆلسکی ساڵی ١٩١٢، واتە لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا ئەم نۆڤێلەی نووسی، دەزگاکانی بڵاوکردنەوە، یەک لە دوای یەک دەستنووسەکەی ئەم نۆڤێلەیان دەدایە دواوە و ئامادەی چاپ و بڵاوکردنەوەی نەبوون، چونکە ئەو ئێروتیکا روون و ئاشکرایەی تێیدا بەرجەستە کرابوو، رووخساری مووچەخۆرانی دەزگای سوور هەڵدەگەڕان و تەوێڵیانی پێ دەنیشتە سەر ئارەق و توخۆلسکی خۆیشی هەرگیز پێشبینی ئەوەی نەدەکرد رۆژێ لە رۆژان ئەم رۆمانە خۆشەویستییە ئێروتیکییە دەبێتە یەکێک لەو کتێبانەی وەکو نانی گەرمی سەر تەنوور دەقۆزرێنەوە و وە زەوی ناکەون و هەر لە ڕێی ئەم کتێبەشەوە پوولێکی زۆری وەچنگ دەکەوێ.

هەر لەم نۆڤێلەوە هەڵوێست و روانگەی توخۆلسکیمان بۆ ئاشکرا دەبێ، کە بە درێژایی ئەفراندنی نووسەرانی خۆی هاوتەریب رێدەکەن و خەباتی بۆ دەکا ئەویش:

بنیاتنانی کۆمەڵگایەک کە لەسەر بناغەی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان دامەزرابن –هەر لە پەیوەندی ژن و پیاوەوە بیگرە– نەک لەسەر بناغەی موڵکایەتی و خاوەنی یا هی یەکدی بوون. لەگەڵ ئەوەیش ئەم نۆڤێلە لەلایەن رەخنەگرانەوە پشتگوێ خرا و بایەخی پێ نەدرا، بەڵام هەر زوو جێگایەکی تایبەتی لە دڵی خوێنەراندا بۆ خۆی کردەوە.

## ١–٢ تەلاری گریپسهۆلم

توخۆلسکی لە نامەیەکیدا بۆ ماریا رۆزەفوخس ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دەیەوێ رۆمانێک دەربارەی ژنان بنووسێ.

رەخنەگران بایەخیان بەم رۆمانەش نەدا و ئاوڕێکیان لێ نەدایەوە و دەبوو بە گەڕی ئاسیاوا بچێ، کەچی خوێنەران بەپیچەوانەوە، هەر چۆن زوو دەرگای دڵیان بۆ راینسبێرگ خستە سەر پشت بۆ ئەمیش هەر ئاوا.

پاڵپێوەنەری توخۆلسکی بۆ نووسینی ئەم رۆمانە رۆڤۆڵتی خاوەنی بنکەی بڵاوکردنەوە بوو، کە داوای لە توخۆلسکی کرد، کە چیرۆکێکی کورتی ئەڤینداری دوور دوور لە

سیاسەت و سیاسەتبازی بنووسێ. وەکو لە وەلامەکەی توخۆلسکیدا بۆمان دەردەکەوێ یەکەمجار پێشنیارەکەی بەدڵدا ناچێ و نایەوێ رۆمانێکی عادەتیی سادە Trivial literature ی ئەڤینداری بنووسێ. بەلام پاشان دڵی نەرم دەبێ و دەینووسێ.

لیدیا کچە سکرتێری کارگەیەکی سابوونە لە بەرلین، دادی یەکێکە لە پاڵەوانانی چیرۆکەکە و بە زمانی ئەمیشەوە چیرۆکەکە دەگێڕرێتەوە، لەگەڵ لیدیادا سەفەرێکی باکووری ئاڵەمانیا و دانیمارک بە کەشتی دەکەن و دەگەنە سوێد، لەوێ سەردانی کۆشک و تەلار و پاشماوە کۆنەکانی ستۆکهۆلم دەکەن و بە یارمەتی وەرگێڕێک بە دووای شوێنێکی دلفرێندا دەگەرێن بۆ ئەوەی پشووی هاوینیانی تێدا بەسەر بەرن و لە ماری فریدی سەر گۆلی مێلەر ئەو شوێنە دەدۆزنەوە کە بە دوویدا دەگەران. سروشتێکی کپ و بێدەنگی بە چیمەن رازاوە و بە کێلگە و درەخت خەملاو و بە جەنگەل داپۆشراو دەبیننەوە و لە سووچێکی کۆشکی (گریس هۆلم)دا نیشتەجێ دەبن. لەو چەند هەفتەیەی حەز لەیەک کردن و رابواردنەدا کارلی هاورێی دادی سەردانیان دەکا و هەرسێ کاتێکی خۆش بە یەکەوە دەگوزەرێنن. پاش هەشت رۆژ دەبێ بەجێیان بێلێ، بەلام زۆر بە تەنیا نامێننەوە، زۆری پێناچێ بیلی دەستەخوشکی کۆنی لیدیا سەردانیان دەکات. بیلی کچێکی رووخۆشی، دەروون سافی بە دەم و دووە.

هەرسێکیان لە خانەیەکی منداڵانی ئەو نزیکەدا ئادای ناسکی نۆ ساڵە لە دەستی زوڵم و زۆری ئادریانی رزگار دەکەن، ئەو کچۆڵەیە هەمیشە لەژێر دەستی ئادریانی چاودێری منداڵاندا دەناڵێنێ و داد و بێدادێتی. ئادریانیش بێ بەزەییانە، زەروو ئاسا خوێنی ئەو منداڵە هەژارە دەمژێ.

لەگەڵ رزگارکردنی ئادا کاتێ بەیەکەوە بوون و ئەڤینداریشی بەرەو کۆتایی دەچێ و پشووی دادی و لیدیاش دووایی دێ.

توخۆلسکی خۆشی باش ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە کەم و کوڕی رۆمانەکەی لەوەدایە بە زۆر رووداوی ئادای لەگەڵ پشووی دادی و لیدیادا پێکەوە بەستۆتەوە و رۆمانەکە و یەکیەتییە ئۆرگانییە پێویستەکەی ناوەوەی لەنگ و درزیو کردووە.

لەکاتێکدا لە «راینسبێرگ»دا مەحاڵیی هەلاتن و لە واقیعی سیاسی رۆژانە دەورێکی چکۆلە دەگێرێ، بەلام لە «تەلاری گریس هۆلم»دا لایەنی سیاسی و هەلوێست زۆر بەزەقی کارەساتەکان ئاراستەدەکەن:

لەو بڕوایەدا بووین دەتوانین لە کات قوتاربین. ناتوانین. کات دوومان دەکەوێ. لیدیام بینی و رۆژنامەکەم پێشان دا، سەری بۆ لەقاند: ئەمشەو لەوە دەدواین، لەوە و لە کات و لە کات دەدواین... زۆرجار بیر

دەکەینەوە، خۆشەویستی لە کات بەهێزترە. بەڵام هەمیشە کات لە خۆشەویستی بەهێزترە.

بەسەرچوونی کاتی خۆشەویستی و ئەو ئاڵۆزی و سەختییەی کە رووبەرووی تاک دەبێتەوە لەوەدا کە بە ئارەزووی دڵی بتوانێ ژیان بخەملێنێ و خۆی لە داواکارییەکانی دەوروبەر بدزێتەوە، بەئاشکرا لەم رۆمانەدا... رەنگی داوەتەوە و خراوەتەڕوو.

هاودژیی و تۆپزیی تابوی بۆرژوا و پەیوەندیی ئەڤینی ئازادی نێوان دادی و لیدیا -لێرەدا نزیکیی لە «راینسبێرگ» روون و ئاشکرایە- لە جیهانی نامرۆڤانەی خانەی مندالانی ئادریانی دلڕەقدا بەزەقیی دەرخراوە.

خانەی ئەم ژنە دلڕەق و تینووی دەستەلاتە وێنەی کۆمەڵگایەکە کە بەسەر دەسەلاتدار و بێدەستەلاتدا دابەشکراوە و یاسای ناووەوەیشی ترس و دڵەلەرزێیە... ئەو ترۆیەی دەسەلاتدارەکان پیادەی دەکەن، بەو دەرئەنجامەیان دەگەیەنێ، لەجیاتی چەوساوەکان هاریکاریی یەکتر بکەن، یەکتر دەچەوسێننەوە سەنگەر لە یەکتر دەگرن.

ئەم سیستەمە لەناووە بەرهەڵستیی ناکرێ و هەموو توانایەکیشی بۆ ئەوە بەکاردێنێ قاوغێکی کیسەلانە دژی جیهانی دەروە دروست بکا.

## ٢- رەخنەی ئەدەبی

رەخنەی ئەدەبی توخۆلسکی نزیکەی ٥٠٠ کتێب و شانۆنامە دەگرێتەوە، ئەمانەش تەنیا نەک هەر کتێبی چیرۆک و رۆمان، بەڵکو هەر لە هی چێشتلێنانەوە هەتا یادداشتی زیندانیانیش دەگرێتەوە، ئیتر هەر شتێکی وەدەست کەوتبا... مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوەیە رەخنەی ئەدەبی توخۆلسکی بەکورتی پیشان بدەین...

لەو نووسەرە بەناو و دەنگانەی تا ئەمرۆش جێدەستیان بە ئەدەبی جیهانی بەگشتی و بە ئەدەبی ئالەمانییەوە بەتایبەتی دیارە و لەو سەردەمەدا توخۆلسکی هەڵی سەنگاندوون: فۆنتانە، پانیتزا، تۆمان مان و هاینریخ مان، هێرمان هێسە، فرانتس کافکا و برتۆلد برێخت و گەلێکی دی بوون.

لای توخۆلسکی رەخنەی ئەدەبی و رەخنەی کۆمەلایەتی تەواوکەری یەکدی بوون، باسکردن و هەڵسەنگاندنی رۆمانێک بۆ ئەو پشوودان و پشتکردنە سیاسەتی رۆژانەیان نەدەگەیاند، بەڵکو لە مەیدانی ئەدەبیشدا مەبەستی سیاسی و کولتووری هاوئامانج بوون.

توخۆلسکی بە پلەی یەکەم نووسەرێکی رۆژنامەنووس بوو، رەخنەی ئەدەبیش لای وی ملکەچی ئەم ژانرە بو، هەروەکو خۆشی دەنووسێ، هەرگیز خۆی بە دادوەری هونەری بەمانا تەقلیدییەکەی نەدەزانی:

کتێبخانەی کوردی

"لەوەتەی کۆشش دەکەم رەخنەیەکی ئەدەبی رەنگاوڕەنگ و پڕ مانا بنووسم، هەمیشە هەوڵم داوە دەوری پاپای ئەدەبی نەبینم."

توخۆڵسکی تەنیا توانای هونەری نووسەری هەڵنەدەسەنگاند، بەڵکو پێش هەموو شتێک هەڵوێستی سیاسیانەی نووسەری دەنرخاند، گەرانی بە دووی هاوڕێگا و هاوخەباتدا لە رەخنەشدا درێژە پێدەدا.

بەڵام توخۆڵسکی هێندە خۆهەڵسەنگاندنی رەخنەگرانەی هەبوو بتوانێ روانگەی رەخنەی لەسەر ئەو نووسەرانە چڕ بکاتەوە، کە نووسینەکانیان بۆ ئەم مانا و مەبەستە تەرخا دەکرد:

"چی لەوە بەدبەختانەترە گەر ئەندرێه جید، پاول کلۆدێل، رۆبێرت موسلیم بخەنە بەردەست. لێیان تێناگەم، هیچم پێ ناگەیەنن، نایشزانم نووسینەکانیان مانایان چییە (.....) هەست بە توانا و هزریان دەکەم، بەڵام ئەمە تەنیا بەس نییە، لەبەرئەوە کە باسیان بکرێ بێدەنگ دەبم نەوەکو وابزانرێ کە من رایەکم دەربارەیان هەیە ئیدی هەرسم کردوون."

توخۆڵسکی هەرگیز خۆی وەکو نوێنەرێکی "رەخنەی مەوزوعی" تەماشا نەدەکرد، بەڵکو هەمیشە دووبارەی دەکردەوە، کە رەخنە و هەڵسەنگاندنەکانی بەرهەمی درەختێکن رەگەکەیان سیاسەتە:

"بە هەموو هەست و نەستێکەوە خۆشەویستانی بۆرژوا جودا دەکەمەوە (...) ئابڵۆقە دژی ئابڵۆقە (...) هەر کەسێ هێند بێچاووڕووانە، بێشەرمانە بیەوێ توندەڕەوەکان دەستبەسەر کا، (...) دەبێ سەری سوور نەمێنێ، کە بە هەمان چەک بەرپەرچی بدرێتەوە." ... لێرەدا بە باشی بۆمان دەردەکەوێ بۆچی توخۆڵسکی هێندێ هاوڕێ و هاوخەباتی لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا گەیاندۆتە کەشکەلانی فەلەک، لە هەمان کاتدا لە نامە و یادداشتەکانیدا، کەموکوورِیانی دەرخستووە و کەوتۆتە سەر و پۆتەلاکیان.

لە ساڵی ١٩٣١ دا توخۆڵسکی گازاندەی خراپیی باری رەخنەی ئەدەبیی دەکا:

"رەخنەگرەکان بۆ وی پڕ بە دڵ رەخنەگرانە نەبوون، ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە رەخنە دەبێ توندوتیژ بێ، بەو مەرجەی لە راستی دەرنەچێ و ژیانی تایبەتیی نووسەر نەکاتە مەخسەرە و جێی تەوس:

"دەمەوێ ئەو مرۆیە زیان پێبگەیەنم کە سەرزەنشتی دەکەم... دەمەوێ خوێنەر و دەزگای بڵاوکردنەوەی لێ ئاگادار بکەمەوە، دەمەوێ لەبەر هۆی سیاسی و ئیستاتیکی و هۆ ئاشکرا و روونەکانی تر بە هەموو وەسیلەیەک، کە لە توانای رەخنەگردا بێ ئەو جۆرە ئەدەبە خەفە بکەم. واتا: من توانای رەخنەگرتنم هەیە و هیچی تر، بەڵام ئەو توانایەش بە هەموو توند و تیژییەک بەکار دەهێنم."

لە تواناشدا کەمجار مەبەستی توخۆڵسکی

نرخاندنی کارە ئەدەبییەکە بوو... زۆرجار نرخی سیاسی و ڕەوشتی کارێکی بەسەر لایەنی ئیستاتیکیدا فەرز دەکرد.

هەمیشە پەردەی لەسەر کۆنەپەرستی و دووڕوویی –هەتاکو ڕەخنەگری ئەدەبیشی بێبەروایانە هەڵدەماڵی.

## ٣– شیعر

توخۆلسکی ڕۆژنامەنووس و چیرۆک و ڕۆماننووس، شاعیرێکی بەسەلیقە و وردەکار بوو، شیعرەکانی دەنگێکی ناڕەزایی و بەیداخێکی زمانگرتووی بێزمانە چەوساوەکان بوون، "گوێیەکی ڕەهای" بۆ زمانی شیعری هەبوو، بەرجەستەکردنی بیر و باوەڕەکانی لە زمانی شیعری و وێنەی شیعر سانا و ڕۆژانەدا وای لێکردبوو هەر زوو جێی لە دڵی خوێنەر و گوێگردا بۆ خۆیان بکەنەوە و وەکو ئاوێکی خوڕ ڕێڕەوی خۆیان بکەنەوە و بشبنە چقڵی چاوی خاوەن هێزان و چەوسێنەرانی وشە و شیعر.

توخۆلسکی هەر زوو زمانی بە شیعر پژا و هەر بە بچووکی و هەرزەکاری و هێشتا نەناسراوی دەرگای دڵی بۆ ئیلیزابێت دەخاتە سەر پشت:

تیرێک بە دڵ دا و سێ زنجیر لە پێشی
گوێم لێیە دەدوێن و لە گوێمدا دەزرنگێنەوە
ئیلیزابێت، ئیلیزابێت، تۆ سەراپا دڵمی
ئیلیزابێت، ئیلیزابێت، تۆ ئازاری ئەوینمی

هەر بە منداڵیش قەڵەمی نێوان قامکە چکۆلەکانی لە شیعری گەوران دەدەن و دەست دەخەنە کاری پیرانەوە:

لە ئێوارەدا، لە ئێوارەدا، لە تاریکی شەودا،
لە جەنگەڵدا بەیەکدادانێکی خوێناوی دەبیەم،
بە ڕوونی گوێم لە زرنگەی شمشێر و
هاواری بواری جەنگە.

ئەوە چ بەیەکدادانێکی خوێناوییە،
بەیەکدادانی ڕووباری ڕاینی خۆشەویستە
پشت بە خوا بۆ پادشا و دایکی وڵات
وا بەنێو سەرجەمی لەشکردا دەزرنگێتەوە.

ئاڵەمانی ڕەسەن
Der echte Deutsche

توخۆلسکی پێشبینی ئەو هەوری لێزمەیەی دەکرد، کە لە بەهاری ١٩١٤دا بۆ ئاڵەمانیا و سەرتاپای ئەورووپا چڕتر و چڕتر دەبۆوە:

خودای مەزن لەسەر سەرینی هەور دانیشتبوو
تەماشای زەویی خۆی دەکرد.
ئەوە چییە هەڵ دەکشێ؟ هاببینە
ئەوە فڕۆکەیە.

ئەفسەرێک بە ڕوویەکی خۆش و بزەوە سلاو دەکا:

"ببوورن! فڕۆکەی ژمرە چوار

-پانکەکان باوەشێن دەکەن-
ئێمە ئێستا لێرەین
چی دەربارەی سەرکەوتنەکان دەڵێی؟
بۆچی بۆ جەنگمان دەوێ...
بۆ جەنگ؟ بۆ کوشتن!"
"مۆڵەت بدەن، ئێوە زۆر لاوازن"
کێ ئەو هەموو پوولەی پێدان؟"
گەل! هەر گەل بوو
لە راینەوە تاکو بێلت."
گەل؟ پشتی چەماوەتەوە؟
لای ئێوەش گەل هێندە گەمژەیە؟

گفتوگۆیەکی کۆتایی چاوەڕوان نەکراو.
kleines Gespiach mit unerwarteten Ausgang

## تاوس

تاوسێکم
لە باڵە سپیەکانمدا
تاڵی رۆژ رەنگە دەداتەوە
گشت ئەو ژنانەیش، لێرەوە هاتن
بە چاو ئەو تیشکە زیوینەیان دڵدەدایەوە.
من دەزانم کە زۆر جوانم
پەڕەکانم
بە ئارەزوو دەخەمە تەوقی سەرم
من کەوانەی پەڕەکانم
لە هەموو تاوسەکانی تر سپی ترن
من زۆر گرانبەها و دەگمەن و شلەژاوم
بەڵام بەداخەوە
چرنووکەکانم زۆر گەورەن
نابەدڵانە دەفڕم
بەڵام ئەوی خۆشی بوێم بەدڵیم و
هەموو دنیاش
رادەوەستێ.
ژیر نیم. هەموو کەسێ ئاوەزی نییە
سەری مەلیم زۆر شتی تێدا نییە
من دەمەوێ بەگەن کرێم
-هەمیشە بەگەن کرێم-
من تاوسێکی جوانم
مەزووم ناوێ
نابێ گۆرانی بچڕم
واقەی سادەم
-وەکو وێنەم نابیندرێ-
من تاوسم و ببێتە دەرس:
هەر کەس گەمژە و جوان بێ
دادەنیشێ، سەردەکەوێ.
بێدەنگ دەبێ.

تاوس
Der Pfau

هەواڵنامەی کتێب

چەند حەز بە دەرەوە دەکەم

درێژ دەبمەوە و دەکشێم

کاریان باشە، لەگەڵ کاتی گەورەی خۆیان

بەڵام پاک نین و منیش

حەسرەتی پێکەوە بوونم

لە قەفەزدا

Im Käfig

ئێرە جوانە، لێرە دەتوانم بەکپی خەون ببینم

لێرە مرۆڤم - نەک هەر ژیار

لێرە دەتوانم لەژێر درەختی سەوزدا بە چەپا

برۆم

هیچ تەختەیەک لەسەری نەنووسراوە چی

قەدەغەیە.

باخی مونسیۆ

Park Monceau

تۆ فێرمان دەکەی چی رووبدا

چونکە وێنەکەت لیزای چکۆلە

پیشان دەدا:

ئەوی لەم دنیایەدا زۆری دیبێ

بزە دەیگرێ، دەستی دەخاتە سەر ورگی و

بێدەنگ دەبێ...

زەردەخەنەی مۆنالیزا

Das Lächeln der Mona Lisa

ژێدەرەکانی بەشی یەکەم و دووەم:

1- Klaus - Peter Schulz, Tucholsky, Rororo. Hamburg 1990.

2- Frite J. Raddalz, Kurt Tucholsky, Literaturkritik rororo, Hamburg. 1985.

3- Tucholsky, K. GEdichte, rororo, Hamburg. 1992.

4- Tucholsky, K. Wenn der Igel in der Abendstunde, roror. 1990.

5- Bryan P. Greenville, Kurt Tucholsky, Autorenbücher, Beck, München. 1983.

6- Tucholsky, K. Gesammelte Werlke. Hrsg Mary-Gerold Tucholsky und Frite J. Raddate, Reinbeck bei, Hamburg. 1975.

ئەم گۆڤارە بە هەوڵی چالاک خراوەتە سەر نێت chalakmuhamad@gmail.com

هەوڵنامەی کتێب

# کەرکووک ـ مەڵبەندی ویلایەتی شارەزوور

## عەبدولڕەقیب یوسف

ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە باسی مێژووی چەند هەزار ساڵەی کەرکووک بکەین، بەڵکوو دەمانەوێ لێرەدا و لەڕێی ئەم باسەوە بۆ یەکەمین جار پەردە لەسەر رووی خاڵێکی زۆر گرینگ و تازە بابەت هەڵبدەینەوە، ئەویش ئەوەیە کە کەرکووک لە زۆربەری زۆری سەردەمەکانی حوکمدارێتی دەوڵەتی عوسمانیدا مەڵبەندی کوردستانی باشوور بووە. واتە کەرکووک بەپێی بەڵگەی بڕواپێکراو ناوچەرگەی کوردستانی باشوو بووە، کەچی ئەومتا حکوومەتی عێراق ئێستاکە پی لەو راستییە مێژووییە نانێ و بە موڵکی کوردی نازانێ و، دەمێکە بە هەموو شێوە و رێگەیەک هەوڵی تەعریب کردنی کەرکووک دەدات.

پاش ئەوەی سوڵتانی عوسمانی (سلێمانی قانوونی) لە ساڵی ١٥٢٤ی زاینیدا عێراق و کوردستانی باشووری داگیرکرد و لە جنگی دەوڵەتی سەفەویی دەرهێنان، هەموو کوردستانی باشووری -جگە لە بادینان- لە یەک هەرێمدا کۆکردەوە و کردی بە یەک یەکەی کارگێڕی (وحدة ادارية) و، ناوی ویلایەتی شارەزووری لێ نا و، کەرکووکی کردە مەڵبەندی ئەم ویلایەتە، واتە دەوڵەتی عوسمانی کەرکووکی کرد بەو مەڵبەندە، ویلایەتی شارەزوور لە بیست سنجەق (سنجاق ـ سنجاغ) پێک هاتبوو کە بەپێی سەرچاوەکان ئەمانە ناوەکانیانن:

سروچک، اربل، کسنان، شهربازار، جنکوله، جبل حمرین، هزارمرد، جوران (گوران؟)، مارکاه (مەرگە)، حرير، رودين، تيل طاری، سبەزنجير، عجور، ابرامان (هەورامان)، باق، پرنلی، پلقاص، اوشنيی (شنۆ)، قلعه غازی.[1]

لەمەوە دەردەکەوێ کە لە ناوچەی (شنۆ)ی ئێستای کوردستانی ئێرانەوە تا چنگولەی بەشی خۆراوای ئوستانی کرماشان، بە ناوچەی خانەقینیشەوە سەر بە ویلایەتی شارەزوور بوون.[٢] ئەوسا هەموو پارێزگاری سلێمانی و هەولێری ئەمڕۆ سەر بە شاری کەرکووک بوون. ویلایەتی شارەزوور لە ڕووی گرینگییەوە پاش ویلایەتی بەغدا دەهات، چونکە ویلایەتی مووسڵ بچووک بوو و لە پێنج سنجەق پێک دەهات و هەتا هێندێک جاریش ویلایەتێکی سەربەخۆ نەبووە بەڵکوو بەشێکی ویلایەتی دیاربەکر بووە. هەرچی بەشی باکووری ناوچەی (بادینان)یشە هەندێ جار سەر بە ویلایەتی مووسڵ نەبووە، بەڵکە سەر بە سنجەقی هەکاری (حکاری)ی کوردستانی باکوور بووە. بۆ نموونە، فەرمانێکی ڕۆژی ٢٦ی شەووالی ١٢٧١ی کۆچی (١٢/٧/ ١٨٥٥)ی سوڵتان عەبدولمەجید تێیدا نووسراوە: "حکاری سنجاخنە تابع عمادیە قضا سندە". واتە قەزای ئامێدی سەر بە سنجەقی هەکاری بووە لە ویلایەتی (وان) هەروەها ناوی سنجاقی (قەرەتەپە)ش هاتووە.[٣]

لە پەیمانی (اماسیە)ی ٢٩ی مایسی ١٥٥٥دا کە یەکەمین پەیمانی بەستراوی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران بوو، لە دەورانی فەرمانڕەوایی سوڵتان سلێمان و (شا تەهماسب)دا باسی دیاریکردنی سنووری شارەزوور کرا.[٤]

ئەگەر چاوێک بە مێژووی سەدە ناوەنجییەکانی سەردەمی ئیسلامەتیدا بگێڕین دەبینین ناوچەی شارەزوور هەموو ناوچەکانی هەولێر و کەرکووک و سلێمانیی گرتووەتەوە و، بە هەموویان گوتراوە شارەزوور (شهرزور) و، دەیان و سەدان سەرچاوەی عەرەبی ئەمەیان تێدا هاتووە. دەوڵەتی عوسمانیش هەر ئەو ڕاستییە مێژوویی و جوگرافییەی سەدە ناوەندییەکانی جێبەجێکردووە و کەرکووکی کردووە بە مەڵبەندی هەرێمی شارەزوور. لە زەمانی عوسمانیدا نێزیکەی (٣٠٠) ساڵێک والیەکانی عوسمانی لە بەغدا (واتە والیی عێراق) بەنێو ئێمزاکانی خۆیاندا دەیان نووسی: "محافظ بغداد و بصره و شهرزور". بڕێک بەڵگەنامەی عوسمانیی سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم ئێمزای والیەکانیان تێدا بەو شێوەیە نووسراوە؛ لەوانە بەڵگەنامەیەکی والییەکی عوسمانییە کە ناوی ئاشکرای خۆی نەنووسیوە و ئێمزاکەیشی بەم

جۆرەیە "محافظ بغداد و بصره و شهرزور" و، کتێبەکەیشی وەڵامی شکاتی کاربەدەستێکی حکوومەتی زەندە لە ئێران کە سکاڵای لە ئەحمەد پاشای بابان (ئەحمەد پاشای یەکەم) کردووە چونکە، هانی خێڵی جاف و جوانرۆی لە کوردستانی ئێران داوە کۆچ بۆ ناچەی ژێر قەڵەمڕەوی میرنشینی بابان بکەن. نیازی ئەحمەد پاشایش ئەوە بووە میرنشینەکەی بە هەزاران شەڕکەری ئەو دوو خێڵە بەهێز بکات، لەکاتێکدا ئەوە بەرژەوەندی نە ئێران و نە دەوڵەتی عوسمانیشی تێدا نەبووە. بەڵگەنامەیەکی تر هەیە بە ئیمزای عەبدولا پاشا کە سالانی (١٨١٠-١٨١١)ی زایین حوکمڕانی کردووە و ئیمزاکەی، بەم شێوەیە: "خالص الفؤاد عبدالله محافظ بغداد و بصره و شهرزور".

بەڵگەنامەی سێهەم هی داود پاشایە (١٨١٦-١٨٣١ی زایین) کە بەشێکی نەماوە و ئەم ئیمزایەی لە کۆتاییدا کردووە: "المخلص المخالص... داود محافظ بغداد و بصره و شهرزور".

شایانی باسە ویلایەتی شارەزوور راستەخۆ لەلایەن والیی بەغداوە بەڕێوە دەبرا، یا جاروبار والیی تایبەتی خۆی هەبووە، وەک (ئەشقەر پاشا) کە ساڵی ١٨٣٨ والیی شارەزوور بوو و ویلایەتەکەی لە رووی بەڕێوەبردنەوە لە بەغدا جوێ کردەوە.

پاش نەمانی میرنشینی بابان، سلێمانی لە کەرکووک جوێ کرایەوە. لە زەمانی مەدحەت پاشادا کە ساڵی ١٨٧٠ بارودۆخی کارگێڕی (ئیداریی) عێراقی گۆڕی، هەولێر و رەواندز و صەلاحیە (کوفری) و کوێسنجەق و رانیە هەریەکە و قەزایەکی لیوای کەرکووک بوون کە ناوی لیوای شارەزوور بوو. ساڵی ١٧٨٩ لیوای سلێمانی و لیوای شارەزوور (لیوای کەرکووک) خرانە سەر ویلایەتی مووسڵ و، فەیض پاشا کرا بە والیی مووسڵ. خەڵکی مووسڵ ئەوەیان پێ ناخۆش بوو و شکاتیان کرد، چونکە دائیرەکانی مووسڵ پڕ ببوون لە فەرمانبەری کەرکووکی. هەر لەم ساڵەدا کەرکووک کرا بە مەڵبەندی موتەصەرفییەی مووسڵ و ناظم ئەفەندی کرا بە موتەصەرف و، ثابت پاشایش کە موتەصەرفی شارەزوور بوو کرا بە موتەصەرفی سلێمانی.(٦)

ئەگەرچی ویلایەتی شارەزوور دەوری (٣٠٠) ساڵ درێژەی کێشا و، پاشان

بچووک کرایەوە و، بوو بە موتەصەرفییەی شارەزوور و خرایە سەر ویلایەتی مووسڵ، بەڵام کەرکووک هەر بەناوی موتەصەرفییەی شارەزوورەوە مایەوە وەک لە بەڵگەنامەیکی تورکیدا هاتووە بەناوی «شهرزور متصرفلننە»وە و مێژووەکەی ساڵی ١٣٠١ی رۆمیی عوسمانییە (١٨٨٤ی زایین). وەکوو لە وێنەکەیدا دیارە دوو مۆر لە بەڵگەنامەکە دراون کە یەکیان هیی «محاسبە لواء شهرزور»ە و ئەوەکەی تریشیان مۆری «مجلس ادارە لواء شهرزور»ە.(٧)

ئەم سەرنج و بەڵگەنامە مێژوویيانە راستییەکی حاشاهەڵنەگرن و بەڕوونی ئەوە ئاشکرا دەکەن کە کەرکووک جێ و رێیەکی گەورە و بایەخداری لە کوردستانی باشووردا هەبووە و ناوچەرگە و دڵی ئەو بەشەی کوردستان بووە.

پەراوێز:

(١) علاء موسي كاظم نورس، حكم المماليك في العراق. ص ١٦ نقلا عن العزاوي. ج ٤، ص ٢٨٥-٢٨٦، و علي شاكر علي، تأريخ العراق في العهد العثماني، ١٩٨٤، و عبده العزيز سليمان نوار، داود پاشا، ص ١٢ نقلا عن العزاوي. ج ٤، ص ٢٨٥-٢٨٦.

قلعە غازی- وەک ئەولیا چەلەبی لە سیاحتنامە ب.٤، ل.٢٨٤دا باسی کردووە دەکەوێتە ناوچەی هەکاری لە نزیک ناوچەی بارزان و برادۆست.

باق- ئەلباق-ئەلباک، لە هەکارییە و بەینی لەگەڵ جیلو پێنج سەعاتە. ئەولیا چەلەبی ب.٤ل.٢٨٠.

پرنلی- بردوک قەڵاتەک بوو لە نزیک سنووری عوسمانی و ئێران لە ناوچەی هەکاری لە کوردستانی باکوور و لە کاتی ئەولیا چەلەبیدا یانی لە نیوەڕاستەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا لە دەستی ئێراندا بووە، وەک لە ل.٢٨١ لە ب.٤ دەزانرێت، بەڵام نازانم پرنلییە یان جیایە.

(٢) لە زەمانی ئەولیا چەلەبیدا لە (١٦٥٥ی زایین)دا چنگولە سەر بە ئەیالەتی بەغدا بووە، لەگەڵ قەرەداغی پشتکۆ و گەیلانی غەرب. بڕوانە سیاحەتنامەی تورکی، ب١، ل. ٢٨٩. جێی باسە ناوی هێندێک لەم سنجەقانە لە گواستنەوەدا لەم سەرچاوەوە بۆ ئەو سەرچاوە هەڵەیان تێ کەوتووە.

(٣) مەئموون بەگی بێگەبەگی ئەردەڵانی ناوی سنجاقی قەرەتەپەی هێناوە لە ل. ٤١ لە یادداشتەکەیدا. لە کاتی سوڵتان سلێمانی قانونیدا کە (قایتمز)ی مامی مەئمون بەگ میری سنجاقەکە بوو و پاشان کەنارگیر کراوە و لە ل٥٣ بەناوی سنجەق (قەرەتەپە و بابیلان)ەوە ناوی هێناوە و مامۆستا مەلا جەمیلی رۆژبەیانی لە پەراوێزدا نووسیویە (بابیلان) دێیەکی ناوچەی عەشیرەتی داودیە. قەرەتەپە لە نزیک شاخی حەمرین و لە قەزای (کفری) ئێستایە. تەماشای (مذكرات مامون بك) بکە کە رۆژبەیانی لە تورکییەوە کردویەتییە عەرەبی و لە ١٩٨٠دا بڵاوی کردووە. ئیتر نازانم سنجەقی قەرەتەپە (سنجەقی حەمرین)ە یان جیایە.

(٤) عباس العزاوي، تأريخ العراق بين احتلالين، ب٧، ل٤١.

(٥) هەمان سەرچاوە، ب٨، ل.٤٣.

(٦) هەمان سەرچاوە، ب٨، ل٤٧. لە کتێبی کلشن خلفای نظمی زادە زۆرجار ناوی (ایالة شهرزور) و والی و موتەسەریفەکانی دێن.

# سیناریۆی تێکشکاندنی کەسیەتیی نەتەوەیی کورد و پرۆژەی دابڕان

عەتا فایەق قەرەداغی

مێژووی کورد گەلێک شکستی یەک بەدوای یەکی بەخۆیەوە بینیووە. رەنگە جێگای خۆی بێت کە هەرەسهێنانی دەوڵەتی (ماد) لە سەدەی حەوتی پێش زاییندا بە یەکەمین شکستی دیار دابنێین، بەڵام من هێندێ لەدواترەوە دەست بە باسەکەم دەکەم، ئەویش لە ساتەوەختی گەیشتنی فیکری دینی ئیسلام بە کوردستان و هەرەسهێنانی تەواوەتی ئایینی زەردەشتی لەو کاتەدا. ئەمەش لەسەر بڕوابوون بەو راستییەی کە گفتوگۆکردن لەسەر مێژووی کورد دوور لە مێژووی ئیسلام و رۆڵی ئیسلام بەتایبەتی و مەزهەبیش چ مەزهەب وەکو رێبازێکی ئایینی یان ئایدیۆلۆژیای بە مەزهەب بوو بە شێوەیەکی گشتی ناشێت ئەنجامێکی باش بەدەستەوە بدات. لەکاتێکدا بۆ نزیکەی چواردە سەدەیە ئیسلام وەکو ئایینی یەکەم لە کوردستاندا لەلایەن نەتەوەی کوردەوە پێڕەو دەکرێت. ئەمەش بارێکی خوڵقاندووە کە لە زۆر هەلومەرجدا ئەگەر پەیوەستی مرۆڤی کورد بەر لە گەیشتنی ئایینی ئیسلام پەیوەستێکی رۆحی و مەعنەویش بوو بێت بە ئایینی زەردەشتییەوە، ئەوا لەگەڵ گەیشتنی ئەم ئایینە نوێیە پەیوەستبوونی مرۆڤی کورد بۆ ئیسلام لە پەیوەستبوونی نەتەوەیی زیاتر بووە. کاتێ ئایینی پێشتری کورد ئایینی زەردەشتی بووە، ئەوە لەبەر لاوازی لایەنی رۆحی ئەو ئایینە و نەتوانینی پێشکەشکردنی وەڵامی هەموو پرسیارەکانی مرۆڤ بە ناچاری رێگای بۆ ئایینی ئیسلام چۆڵکردووە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئایینی زەردەشتی زیاتر وەکو پێڕەوەی بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتی وەهابووە و هەوڵی نیشتەجێکردن و کشتوکاڵی داوە و گەوهەری ئایینەکەش لە سێ خاڵدا کۆبۆتەوە کە بریتین لە (کرداری چاک، گفتاری چاک، بیرکردنەوەی چاک.)

جا هەر لە سەرەتای گەیشتنی ئایینی ئیسلام و دەرکەوتنی ئاسەوارەکانی لەبەر

نەبوونی خودی کوردایەتی وەکو کەسێتی سەربەخۆی نەتەوەیی و لاوازی ئایینی زەردەشتی، مەسەلەکان زیاتر ئاڵۆزبوون و تێکشکاندنی زەردەشتییەت وەکو پەیامێک کە ئامادەیی کەسێتی کوردی تێدا بووە دواتر ونبوونی فیکری و عەقڵیش کە لە بنەڕەتەوە مەبەست عەقڵی سیاسی و سەرجەم عەقڵی شارستانێتی و بنەماکانیەتی ئاشکرابووە.

غەیبانییەت یان (غایب بوون و نادیار)(١) ئەو دوو پانتاییە بوون کە هەموو پرسیارێکی ئێمەوەکو نەتەوە ئاراستەیان کراوە و خودی غەیبانییەت بۆتە جێگرەوەی عەقڵ و هەموو شتێکی بەتوانای سەرەوە و دەرەوەی خۆمان سپاردووە کە ئەویش هێزی بالای یەزدان و عەقڵی سیاسی و فیکر و ئایدیۆلۆژیای دەرەوەی پانتایی سۆسیۆلۆژی کوردی بووە. لەم بارەشدا ئێمەی کورد فڕێدراوینەتە پەراوێزەوە و کەتووینەتە دەرەوەی مێژوو و هەردەم بەدوای ڕووداوەکاندا کێش بووین، چونکە لە مێژوو و کولتوور و کەلەپووری خۆمان جیاکراوینەتەوە، هەر جیاکردنەوەیەکیش لە مێژوو و کولتوور ڕێگاخۆشکەرە بۆ ونبوون و لەدەستدانی ناسنامە، کە ئەمەش بۆتە هۆی هەست بە نزمی و نائامادەیی خود لە (کۆنەستی) مرۆڤی کورددا جێگیر بکات و هەر لەوێشەوە توخمە سەرەکییەکانی دروستبوونی هەست و هۆشیاریی نەتەوەیی تێک بشکێنرێت. ئەمەش بۆتە هۆی دروست نەبوونی پرۆژەی ڕۆشنبیری کوردی و ڕێنیسانسی ڕۆشنبیری کوردی و بەو پێیەش دروست نەبوونی فیکری کوردی. هەر ئەمەش وای کردووە لێکدانەوەکانمان سەرپێی و دوور لە مەودای قووڵی تێگەیشتنی گەوهەری مەسەلەکان بێت و نەتوانین شۆڕبینەوە بۆ شیکردنەوەی وردی بنیادی نائاشکرای پەیوەندییەکانی کۆمەڵگای کوردی و هەڵقە و هێڵ و ئاراستە و ئاستە شاراوەکانی ئەو بنیادە بدۆزینەوە و سیفات و خەسڵەتی ئەو پەیوەندییانە دیاری بکەین و لەسەر ئەو بنەمایەش بڕیاری ئاستی پێشکەوتن و پاشکەوتنی کۆمەڵ، هۆیەکانی بژێوی و بەرهەمهێنانی سامانی نەتەوەیی بدەین و شێوەی پەیوەندییەکان، ئاست و پێکهاتنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری دیاری بکەین و لەسەر ئەو زەمینەیەش قۆناغی مێژوویی ئاراستەی خەبات و تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەمان و هەوڵ و تەقەلای بەربلاوی ئێستای ئاستەکانی سەرەوە (سەرخان) کە ڕەنگدانەوەی ئەو سوتراکتۆرەن یەک بخەین و بزانین چۆن کاردەکەین و چی دەکەین و پێویستە چی بکەین؟

هەڵبەتە هەتا ساتەوەختی ئێستا نەتوانینی بەئاکام گەیاندنی ئەو خاڵانەی لەسەرەوە ئامارژەمان بۆ کردن یەکەمین بەربەست بووە لە ڕێگای دروسبوونی عەقڵی کوردیدا کە سەرچاوەی ئەمەش بەندە بە نەبوون یان دروست نەبوونی فیکری کوردییەوە کە لە

ئەنجامە کاریگەرەکانی گەلێک کارەسات و نووشستییە و لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە مانەوەی مرۆڤی کوردە وەکو ئامادەبوویەکی بێگیان لە رووی گەشەکردن و گەیشتنی بە مافە مرۆییەکانی.

پێشتر ئاماژەمان بۆ کاریگەریی رۆڵی فیکری دینی کرد لەسەر مێژووی کورد، بۆیە ئێستا هەوڵدەدەم شوێن و جێگای کورد لە سنووری پەیوەندییەکانی ئەو هەرەمەدا دەستنیشان بکەم، کە فیکری دینی پێک دێنێت یان فیکری دینی بە شێوەیەکی گشتی پراکتیکی خۆیی پێ دەکات. حەز دەکەم پێشەکیش ئەوە بە خوێنەری ئازیز بڵێم کە مەبەستی سەرەکیی من خوێندنەوەی مێژووە وەکو خۆی نەک رەتکردنەوەی فیکری دینی. شێوەی هەرەمی پێکهاتنی سوتراکتوری هەموو فیکری دینی لە هێزی باڵای یەزدانەوە دەست پێ دەکات تا دوا جەمسەر دەگاتە جەماوەر، بەڵام لەنێوانی ئەم دوو جەمسەرەدا چەند پنتێکی پەیوەست کردن هەن کە ئاراستەی پەیوەندییەکەیان لە سەرەوە بۆ خوارەوە پێدا دەگوازرێتەوە، وەک گوتمان هێزی یەزدان دەکەوێتە سەرەوەی هەرەمەکە و هەرچی فەرمان و ئامۆژگاری و بەرنامە و هێزی جوڵەی ناو هەرەمەکەیە لای یەزدانەوە ئاراستە دەکرێت. یەزدانیش راستەوخۆ پەیوەندی بە نوێنەری خۆیەوە هەیە لەسەر زەوی کە (پێغەمبەرانن). هەموو پەیرەو و فەرمایشتەکانی ئاسمان لە رێگای پێغەمبەرانەوە دەگەنە جەماوەری گەل، بەڵام لەنێوان پێغەمبەر و جەماوەریشدا چەند پنتێکی تر هەن وەکو والی و رابەرانی دین. کەواتە ئێستا ئەگەر ئەم پەیوەندییە لە ئایینی ئیسلامدا دیاری بکەین، ئەوە دەبینین فەرمان لە یەزدانەوە دەگاتە پێغەمبەر، لە پێغەمبەرەوە دەگاتە ئەسحابە و والییەکان و مەلا و رابەرانی دین لەوانیشەوە دەگاتە جەماوەر، واتە لە ئاراستەی پەیوەندییەکانەوە کە لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە ئەو شێوە هەرەمە پێک دێت کە جەمسەری یەکەم جێگای دەرکردنی هەموو فەرمان و بڕیارێکە و دواجەمسەریش جێگای پیادەکردنی هەموو ئەو بڕیار و فەرمانانەیە. وەک دیارە ئاراستەی فەرمان لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە، دیارە لە هەر پنتێکی ناو هەرەمەکەشەوە بۆ خوار خۆیەوە بڕی هێزی فەرمانکردنەکە زیاد دەبێت چونکە شێوەی پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی (پیادەکردنی فەرمانی سەرەوە) بنیاد نراوە و هەرگیز ناشێت ئاراستەی فەرمان پێچەوانە بکرێتەوە واتە لە خوارەوە بۆ سەرەوە، دیسان کەس مافی ئەوەی نییە لە سنووری پەیوەندییەکانی ناو هەرەمەکە دەربچێت، چونکە ئەگەر ئەوە روویدا واتە داخیبوون یان لادان لەو فیکرە دینییە دروست دەبێت. هەر ئەمەش کە سنووری داناوە بۆ مرۆڤ کە ناشێت لە دەرەوەی یاسا و پەیوەندییەکانی فیکری دینیدا پراکتیکی خودی خۆی بکات، بەڵکو دەبێ سەرجەم چالاکییەکانی لە

سنووری هەرەمەکەدا بێت.

ئەگەر وامان دانا کە ئەو هەرەمە پەیوەندییەی لە سەرەوە باسمان کرد هەرەمی فیکری دینی ئیسلامە، کە نوێترین ئایینەو گەیشتۆتە کوردستان و کاریگەری گەورەی لەسەر مێژووی کورد هەبووە، دەشێ بتوانین شێوەی ئەو کاریگەرییە دیاری بکەین لەکاتێکدا کورد بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان خاوەنی ئایینی زەردەشتی بووە. وەک گوتمان سەرجەم فیکری دینی هەمان شێوەی هەرەمی پەیوەندی هەیە کەواتە ئایینی زەردەشتیش هەمان شێوە پێکهاتنی هەبووە، لە ئەنجامی گەیشتنی ئایینی ئیسلام وەکو ئایینێکی نوێتر و هاوچەرختر و بەهێزتر بە کوردستان پێکدادان لەنێوان هەردوو یاسای هەرەمی زەردەشتی و ئیسلامدا هەرەمی ئیسلام سەرکەوتووە و زەردەشتیەت هەرەسی هێناوە و دواجار هەڵگرانی فیکری دینی زەردەشتی بە دوا جەمسەری هەڵقەی سێیەمی پەیوەندی هەرەمی ئیسلامەوە بەندبوون واتە لەدوای جەماوەری عەرەبەوە کە لێرەدا مەبەست عەرەبی مسوڵمانە لەو کاتەدا. لێرەدا دەبینین گەلی کورد کە پێشتر خاوەنی فیکری دینی تایبەت بە خۆی بوو، کاتێ دینەکەی لەلایەن فیکری دینی ئیسلامەوە هەرەسی پێ هێنرا ئەم پەیوەست بوو بە ئیسلامەوە، بەڵام دەکەوێتە دوا جەمسەری هەرەمە پەیوەندی ئەم ئایینەوە، هەروەک لە سەرەوەش گوتمان دواجەمسەری هەرەمی پەیوەندی ئیسلام جەماوەری گەلی عەرەب کە پەیڕەوی فەرمانەکانی سەرەوەی خۆی دەکات بەڵام گەرچی سەرچاوەی هەموو فەرمانەکان لە سەرەوە ئاراستە دەکرێن لەگەڵ ئەوەشدا پنتەکانی ناوەند فەرمانی خۆیان هەیە، کەواتە ئێستا ئەگەر لە یاسای بەڕێوەبردن -پراکتیک کردنی فیکری دینی ئیسلامدا جەماوەری گەلی عەرەب فەرمانی (یەزدان، پێغەمبەر، والی و رابەرانی دین) جێ بەجێ بکەن، ئەوا لە هەرەمە نوێیەکەدا کە ئیسلام گەلانی غەیری عەرەبیشی هێنایە سنووری هەرەمەکەیەوە،ئەو گەلانەی خستە پەراوێزەوە. واتە ئەو گەلانە کەوتنە دوای گەلی عەرەبەوە، ئەو دەمەش ئەبری سێ فەرمان لەسەریان چوار فەرمانیان کەوتە سەر، کە بریتییە لە سێ فەرمانەکەی سەرەوە لەگەڵ فەرمانی جەماوەری گەلی عەرەبدا.

لێرەوە سەرەتای تێکشکاندن و هەرەس پێهێنان و سڕینەوەی کەسیەتیی نەتەوەیی کورد دەست پێدەکات. ئەگەر زەردەشتییەت بەشێک لەو کەسایەتییەی پێکهێنابێت و وجودی نەتەوەیی کورد لەو فیکرەیەدا ئامادەبوونێکی هەبووبێت ئەوا هەرەس پێهێنانی زەردەشتییەت بەشێکە لە پرۆسەی ئەو هەرەس پێهێنان و تێکشکاندنەی کەسیەتی نەتەوەیی کورد، لە لایەکی تریشەوە پەیوەستکردنی کورد بە دواجەمسەری هەرەمی فیکری دینی ئیسلامەوە و دانانی

لەدوای جەماوەری گەلی عەرەبەوە و دەرکردنی شێوەیەک لە فەرمان لە ئاستێکی هەستی مەعنەویشدا بێ لەلایەن گەلی عەرەبەوە ئەوەندەی تر ئەو پرۆسەیەی تێکشاکندن و هەرەس پێهێنانەی بەرەو پێشتر بردووە و تا ئەنجام لە ئەستی مرۆڤی کورددا بارێکی رازیبوون بەو حاڵەتی تێکشکاندنە دروست بووە و ئەنجامی ئەوەش تەماهیکردنی کورد لەگەڵ فیکری دینی ئیسلامدا هاتۆتە گۆڕێ و دواجاریش وەکو فەرد کەسانێکی دەگمەن لە دواجەمسەری هەرەمەکەوە (گەلانی غەیری عەرەب-کورد) بەسەر جەماوەری گەلی عەرەبدا تێپەڕبوون و گەیشتوونەتە ئاستی رابەرانی دین و والییەکان بەتایبەتی دوای بەرفراوانبوونی سنووری ئیمپراتۆری ئیسلامی لەو کاتەیدا کە (دین بەرەو گۆڕانی بۆ تَدَيُّن) واتە بوونە ئایدیۆلۆژیا دەچێت، بۆ نموونە سەلاحەدینی ئەیوبی یەکێکە لەو کوردانەی کە گەیشتۆتە ئەو ئاستە.

لە ئەنجامی ئەو تەماهی کردنەی کورد لەتەک ئیسلامدا و لەلایەکی تریشەوە بەرزکردنەوەی درووشمەکانی ئەو ئایینە بە نەبوونی جیاوازی لەنێوان نەتەوەکاندا و بڕیاردان لەسەر بنەمای دڵسۆزێتی و پەیڕەوکردنی یاساکانی دین زیاتر رێگای بۆ ئەوە خۆشکرد کە کورد ببێتە بەشێک لە هەڵگرانی فیکری دینیی ئیسلام و ئەنجامیش لە خزمەتی برەوپێدان و بەرەوپێشەوەبردن و زیاتر چەسپاندنیدا کار بکات، ئەم هۆکارانە وایان کرد کە جارێکی دی کورد بیر لە گەڕانەوەی بۆ یادوەری دێرینەی خۆی نەکاتەوە کە بریتییە لە گەڕانەوە بۆ زەردەشتییەت، بەڵکو لە رووی راستییەوە کورد بە ئەندازەیەک پەیوەستی ئایینی ئیسلام بوو کە زۆرێک لە هۆز و عەشیرەت و خێڵەکانی کەوتنە دروستکردنی (شجرة الانساب) بۆ خۆیان و بەو هیوایەی بیسەلمێنن کە لەراستیدا ئەمان سەر بە (ئومەتێکن) ئومەتی ئیسلامە، لەم بارەشدا هیچ ئومێدێکی گەڕانەوە بۆ یادوەری کوردی نەمێنێت و بەمەش کورد وەکو نەتەوەیەکی غەیری عەرەب کە لە دواجەمسەری هەرەمی پێکهاتن و ئاراستەی فەرمانی ئیسلامدایە خۆی بەرەو جەمسەرەکانی پێشتر بکوتێت بەتایبەتی جەمسەری جەماوەری عەرەب.

ئەگەر ئەمە لە سەرەتاوە و لە سەردەمی (خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب) بەدواوە تا سنوورێک سەری گرتبێت ئەوا لەگەڵ گۆڕینی (دین بۆ تَدَيُّن) ئەو بۆچوونە بەرەو هەرەس رۆیشتووە، هەتا دواجار لەگەڵ دروستبوونی هۆشیاری نەتەوەیی عەرەبدا بەتەواوی هەرەسی هێناوە. فیکری دینی ئیسلام لە ئەنجامی هەرەسهێنانی ئایینی زەردەشتیدا گەیشتۆتە ئەوەی کە هەوڵی سڕینەوەی کولتوور و بنەماکانی ئەو ئایینەش بدات. باشترین بەڵگەش بۆ جێگیرکردنی ئەم رایە

ئەوەیە هەر چۆن ئەسکەندەری مەکدۆنی ویستی کتێبی ئاڤێستا بسووتێنێ، هەمان شێوە ئەم فیکرە دینییەش هەوڵیدا هەتا (ماریفەت و پیرشالیار)ی زەردەشتی تێک بدات و لەناوی ببات. (ماریفەت و پیرشالیار) کتێبێکی زۆر کۆنە و دەربارەی ئایینی زەردەشتییە و پیرشالیار خۆی بە زمانی گۆرانی (هەورامی) نووسیوویەتی، لەم بارەیەوە مێژوونووسی کورد (مەردۆخ) دەڵێت: "ئەم کتێبە لە چەند بەشێک پێکهاتووە، بە زمانێکیی چڕ و پاراو و قافیەدار نووسراوە، دەربارەی ماریفەتی پیرشالیارە کە خەڵکی هەورامان پێش دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام پەیڕەوەی ئەم ئایینەیان کردووە، کاتێ ئیسلام هات کتێبەکە هەندێ گۆڕانی بنەڕەتی تێداکرا بەتایبەتی لە سەردەمی پیرشالیاری دووەمدا کە لە سەدەی دوازدەهەمدا ژیاوە و بۆتە ئیسلام." (مێژووی مەردۆخ ل. ٢٢٣-٢٢٤). دیارە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە چۆن فیکری دینی ئیسلام هەرەمی فیکری دینی زەردەشتی هەرس پێهێناوە، هەمان شێوە ویستوویەتی ئەو پرۆژە دینییە لە گەوهەریشەوە هەرەس پێ بهێنێت کە لەم پرۆسەی رووخاندنەشدا کەسیەتیی ئامادەی کوردی لەگەڵ ئایینەکەیدا تێکشکاوە.

هەر لە سەردەمی گەیشتنی ئیسلام بە کوردستان و هەرەسهێنانی ئایینی زەردەشتی و تەماهیکردنی مرۆڤی کورد لەگەڵ ئەو ئایینە نوێیەدا، ئەو مەزهەبەی دواتر لە کوردستان جێگای گرت مەزهەبی (سونە) بوو، کە لە راستیدا پەیوەستبوونی کورد بەم مەزهەبەوە دواتر گرفتێکی خوڵقاند ئەویش لەبەر شوێنی ئەم مەزهەبە لە پرۆژەی ئیسلامدا کە تا سنوورێکی دیار لە (ناوەند)دایە و ئەمەش وەهای کردووە کە پەیوەندییەکی توندی بە ناوەندێتی ئیسلامەوە هەبێت و ئەم پەیوەندییە بەهێزەش دواجار بۆتە بەربەست لە رێگای دابڕان یا جودابوونەوە و گەڕانەوەی کورد بۆ یادوەری خۆی. هەروەها لە بارێکی تردا مەزهەبی شیعە یان شیعەگەرێتی بووە فاکتەری زیندووکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی فارس، ئەمیش واتە سونەگەرێتی ببێتە فاکتەری زیندووکەرەوە و دروستکەری هۆشیاری نەتەوەیی کوردی و دروستکردنەوەی کەسیەتی تێکشکاومان. هەڵبەتە هۆی بوونە فاکتەری شیعەگەرێتی بۆ زیندووکردنەوەی خودی کەسیەتی فارسی و هۆشیاری نەتەوەیی فارسی لە باری یەکەمدا پەیوەندی بە شوێن و هەڵوێستی شیعە خۆیەوە هەیە بەگوێرەی پرۆژەی ئیسلام. شیعە وەکو مەزهەبێک تا رادەیەک لە پەراوێزی ئیسلامدایە ئەویش لە ئەنجامی ئەو مافخواردنەی (عەلی کوڕی ئەبو تالیب) لەلایەن هەر سێ خەلیفەکانی تری راشدینەوە هەروەک شیعە مەزهەبەکان دەڵێن، بەتایبەتی کە ئیمامی عەلی لە هەر سێ خەلیفەکەی تری

راشدین زیاتر گونجاو بوو، مەرجەکانی بوونە خەلیفەی لەدوای پێغەمبەر لەوانی تر زیاتر تێدابوو. کاتێ ئەبوبەکر بووە خەلیفە سەرجەم ئەوانەی عەلییان بە شایەتی ئەو جێگایە دەزانی هەستیان بە لێدان و فڕێدانیان بۆ دەرەوەی ئیسلام کرد، بەتایبەتی لەبەرئەوەی ئەبوبەکر لە عەشیرەتی (تەیمیمی)یەو هەروەک ئیبن خەلدونیش دەڵێت: "ئەم عەشیرەتە لاواز و بێتوانا بوو، ستەم بوو بتوانێت فەرمانڕەوای ئیمپراتۆری ئیسلامی بکات. ئەم باری هەست بە چەوساندنەوە کردن و لێدانە هەر لە سەرەتاوە لای شیعە مەزهەبەکان گیانێکی توندڕەوانەی خووڵقاند و وەهای کرد کە تێڕوانیان بۆ مەزهەبەکانی تر تێڕوانینێکی تا ڕادەیەک دوژمنکارانە بێت و ئەم حاڵەتەش هەتا ساتەوەختی ئێستا بەردەوامە. بەتایبەتی ئێستا و دوای مێژوویەکی دوورودرێژ و بەرەوپێشەوەچوونی ژیانیش دەبینین کە دەوڵەتی شیعە مەزهەبی ئێرانی بزووتنەوەی شیعەگەریتی دان بە بوونی نەتەوەکانی غەیری خۆیاندا یان باشتر بڵێین مەزهەبەکانی غەیری خۆیاندا نانێن. لەباری یەکەمدا دەیانەوێت پەیوەندییەکانی نێو ئیسلام بگێڕنەوە بۆ هەرەمە سەرەکییەکەی فیکری دینی ئیسلامی کە کورد وەکو نەتەوەیەکی غەیری عەرەب بە دواجەمسەرییەوە بەستراوە. لەبارێکی تریشدا لەبەرئەوەی کورد بە ڕێژەیەکی زیاتر و بەتایبەتیش لە کوردستانی لکێندراو بە عێراقەوە (سونە)یە، لە تێڕوانینی مەزهەبی شیعەوە دانتان بە مافی کورددا جارێکی دی داننانە بە دەسەڵاتی مەزهەبی سونەدا، کەواتە ئێستا دەبینین دوو هۆکاری بەرامبەر بەیەک لە پرۆژەی فیکری دینیدا بوونەتە بەربەست لە ڕێگای گەڕانەوەی کورد بۆ زیندووکردنەوەی خودی نەتەوەیی و کەسیەتی نەتەوەی تێکشکاوی خۆی.

ئێستا ئێمە تا سنووری شێوازی تێکشکاندنی کەسیەتی کوردیمان بە کاریگەری فاکتەری فیکری دینی ئاشکرا کرد، لە درێژەی مێژووی کوردیشدا چەند هەوڵێکی دابڕان لەو فیکرە بەرچاو دەکەون، ئەگەرچی هەتا ئێستا ئەو هەوڵی دابڕانانە بەئەنجام نەگەیشتوون. من بەرلەوەی بێمە سەر باسی ئەو هەوڵانەی بۆ دابڕان لە فیکری دینی دراون... پێم وایە لەباری یەکەمدا لەبەرئەوەی هۆشیاری نەتەوەیی کورد وەکو شێوەی سروشتی و گەشەی مێژوو لەبەر گەلێک هۆکاری دەرەکی و ناوەکی کە گرنگەکانیان لەباری یەکەمدا فیکری دینی و نەبوونی بنەمای شارستانی و قەوارەی سەربەخۆ وەکو وڵاتانی گەشەئاسایی، هەر بۆیە هۆشیاری نەتەوەیی کورد لە ئەنجامی برەوستاندن و شۆڕشی پیشەسازی و دروستبوونی بازاڕی هاوبەشەوە دروست نەبووە و لەبارێکی تریشدا فیکری دینی وەکو چۆن شیعەگەریتی بووە هۆی زیندووکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی فارسی

و دروستکەرەوەی خود و کەسیەتی نەتەوەیی فارسی. ئەم دوو دەروازەی کە باسمان کردن و دەشیان ببنە زەمینە تا خودی تێکشکاوی کوردایەتیان لەسەر بنیاد بنرێتەوە، هیچ ئەنجامێکیان لەسەر بەدەست نەهات و تازەش چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت کە هیچ کام لەو دوو سۆنگەیە ببنە بنەما و وەکو فاکتەرێک بۆ زیندووکردنەوەی کەسێتی تێکشکاوی نەتەوەیی کوردی کار بکەن. بۆیە بەڕای من زیندووکردنەوەی کەسێتی تێکشکاوی نەتەوەیی ئێمە لە پرۆژەیەکدا بەئاکام دەگات کە لە دەرەوەی سنووری ئەو دوو بۆچوونەیە کە دەشیان لە رابردوودا ببوونایەتە ئەو پرۆژەیە بۆ زیندووکردنەوەی کەسیەتی نەتەوەییمان، بەڵام ئەنجام وا نەکەوتۆتەوە. ئەمەش کارەساتێکی تراژیدیانەی درێژخایەنی لە مێژووی ئێمەدا خوولقاند کە تاکو ساتەوەختی ئێستا پێوەی دەناڵێنین.

ئێستا دەتوانین بە شێوازێکی دی گوزارشتی باری مێژوویی و کەسیەتی نەتەوەییمان بکەین، کە ئەمەش دوو بۆچوون بەخۆی دەگرێت چ لە مێژووی دێرینی کورد و فیکری دینیدا، چ لە مێژووی نوێی و فیکری نەتەوەیی ئەو کۆڵۆنیالیستانەی کە کوردستانیان کۆڵۆنی کردووە. لە مێژووی دێریندا ئەگەر شارستانی عەرەبی ئیسلامی خاوەنی ئاسنامە و قەوارەی خۆی بووبێت و بتوانین وەکو (ناوەند) تێی بڕوانین ئەوا کورد لە کەنار یان پەراوێزی ئەو شارستانێتییەدا بووە... هەروەک ئامەوێت لێرەدا باسی ئاسنامەی ئەو شارستانێتییە بکەم.

لە مێژووی نوێشدا بەتایبەتی دوای دروستبوونی دەوڵەت لە عێراق و سوریادا بە پاڵپشتی رۆژئاوا ئەم وڵاتانە بۆ خودی خۆیان بوونە پاشکۆی رۆژئاوا، هەروەک لە پرۆسەیەکی باڵاتردا لەبەر ئیشکردنی عەقڵی رۆژئاوا و ئامادەبوونی لە رووی شارستانی و پراکتیکەوە، رۆژئاوا بۆتە (ناوەند) و سەراپا رۆژهەڵاتی پاشکۆی رۆژئاواش بۆتە کەنار، کوردیش وەکو نەتەوەیەک مایەوە کە کۆڵۆنیالیستەکانی رۆژئاوا نەیان کردە دەوڵەت، با دەوڵەتێکی کۆڵۆنیکراویش بوایە، بەڵکو دابەشیان کرد بەسەر پێنج دەوڵەتی تردا کە هەندێکیان خۆیان دەوڵەتی کۆڵۆنیکراو بوون وەک عێراق و سووریا. ئەم دابەشکردنە نوێیەی کوردستان بۆ جاری دووەم دوای دابەشکردنەکەی نێوان سەفەوی و عوسمانییەکانی ساڵی (١٥١٤) و لە شەڕی چاڵدێراندا کوردی وەکو نەتەوە فڕێدایە کەناری رۆژهەڵاتەوە، بە واتایەکی دی کەناری کەنارەوە. ئەگەر بمانەوێت بە بەڵگەیەکی تری ئاشکرا ئەوە روون بکەینەوە ئەوا سەرنجی دەسەڵاتی دەوڵەتی کۆڵۆنیالیستی بەریتانیا دەدەین لە عێراقدا کە چۆن عێراق و کوردستانی لکێندراو بە عێراقیشیەوە داگیرکردبوو، دەوڵەتی سونەمەزهەبی خێڵەکی ئەو کاتەی عێراق (ساڵانی بیست) ملکەچی بەریتانیا بوو، بەڵام بە هەمان

ئاراستەی کە بەریتانیان فەرمانی دەسەپاند بەسەر عێراقدا عێراقیش دەسەڵاتی خۆی دەسەپاند بەسەر کوردستاندا. ئەمەش سەد دەرسەد هەمان وێنەی شێوە هەرەمەکەی دەسەڵاتی فیکری دینییە لەسەر کورد، چۆن لەو هەرەمەدا جەماوەری گەلانی غەیری عەرەب کە لێرەدا مەبەستمان کوردە بەخۆیەوە دەبەستێت، واتە ئەگەر جەماوەری عەرەب لەو هەرەمەدا وادابنێین لە کەناردان ئەوا کورد کە لە پەراوێزی ئەودایە دەکەوێتە کەناری کەنارەوە. بەهەمان پێودانگ کاتێ عێراق خۆی بەگوێرەی رۆژئاوا (ناوەند) لە کەناردایە، لە هەڵقەی دووەمدا عێراق وەکو ناوەندی لێ دێتەوە و (دیارە لێرەدا مەبەستمان پراکتیکی فەرمان و سیاسەتە نەک شارستانی و عەقڵ) کوردستانی باشوور دەبێتە (کەنار) بۆی، هەمان سوتراکتۆر بۆ پارچەکانی تری کوردستان و دەوڵەتە کۆڵۆنیالیستەکانیان راستە. واتە کوردستان لە مێژووی نوێدا دەکەوێتە پەراوێزی کەنارەوە. ئەم جێگایەی کە کوردستانی تێدایە لە رووی ناوەند و کەنارەوە خۆی لەخۆیدا بارێکی تری دروستکردووە بۆ پەرتکردن و دوورخستنەوەی کورد وەکو نەتەوە لە پرۆسەی گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوون و لەبارێکی تریشدا ئەم هەلومەرجە رێگای لەبەردەم دروستبوونی پرۆژەی زیندووکردنەوەی کەسایەتیی تێکشکاوی نەتەوەیی کورد و هۆشیاریی نەتەوەیشدا تەسک کردۆتەوە.

پێشتر ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە نە فیکری دینی و نە گەشەی بازاڕی هاوبەش هیچیان نەبوونەتە فاکتەری زیندووکەرەوەی کەسایەتیی کوردی، بە بۆچوونی من لە ئایندەشدا هیچ کام لەو دوو هۆکارە ناتوانن ببنە بنەمای ئەو پرۆژەیە چونکە لەگەڵ رەوتی ئێستای ژیان و هەلومەرجی نوێی گەشە و بەرەوپێشەوەچوونی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ئابووری و ئەگەر بە کاریگەری دەرەکیش بێت ئەوە مرۆڤی کورد کەسیەتییەکی (با لاوازیش بێت) بۆ دروست بووە، کە ئێستا کەمتر چاوەڕوانی ئەوە بکات فیکری دینی دەتوانێت ببێتە بەرنامەی کارکردن بۆ زیندووکردنەوەی کەسیەتیی نەتەوەیی، دیارە هۆکاری ناوەکی تریش هەیە بۆ ئەم بەربەست کردنە کە لە پێش هەموویانەوە ئاڵۆزبوونی کێشەکانی ژیان بە ئەندازەیەک کە چاوەڕوان نەکرێت فیکری دینی گوشادیان بکات، ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەم فیکرە چارەسەری کێشەی نەتەوەیی پێ نییە. لەلایەکی تریشەوە کاریگەری فیکری ئەوروپایی و جێکەوتی لە کوردستاندا و ئامادەبوونی گەرچی ئامادەبوونێکی تا رادەیەکی زۆریش ناعیلمیانە و ناسروشتی بێت لە پانتایی سۆسیۆرۆشنبیری کوردیدا کە بە ئاراستەیەکی پێچەوانەی ئاراستەی فیکری دینی کاردەکات، (مەبەستمان لە فیکری ئەوروپاییش ئەو پرسیارانەیە کە لە زەمینەو

پانتایی شارستانی و عەقڵی رۆژئاواوە گواستراونەتەوە بۆ ئێرە و نەتوامراوە کاریان پێ بکرێت). لە لایەکی تریشەوە چاوەڕوان نەکردنی دروستبوونی هۆشیاری نەتەوەیی و بنیادنانەوەی کەسیەتی شکستی کوردی لە ئەنجامی گەشەی پیشەسازی و بازاڕی هاویەش لە رابردوودا و بۆ ئایندەش دەمانگێڕێتەوە بۆ گەڕان لەدوای شێوازێکی تر یان رێبازێکی تر بۆ دروستکردنەوەی کەسیەتی نەتەوەیی کورد کە ئەوەش پرۆژەیەکە لە دەرەوەی هەردوو بۆچوونی سەرەوەدایە و لەباری یەکەمدا دابڕانە لە فیکری دینی، دابڕان لە فیکری دینی لە مێژووی ئێمەدا چەند هەوڵێکی لە رابردوودا بۆ دراوە، بەڵام وەکو پرۆژەیەک کە توانیبێتی بگاتە ئەنجامی تەواو ئەوە بەدەست نەهاتووە.

دابڕان(١) بە تێڕوانینی من بریتییە لە رەتکردنەوەی سەد دەرسەدی هەموو ئەو فاکتەرانەی کە بە درێژایی مێژووی کورد رۆڵیان لە تێکشکاندنی ئایینی زەردەشتی و کەسیەتیی نەتەوەیی کورد و داگیرکردنی کوردستان و دابەشکردنیدا بینیووە و هەوڵیان داوە بە هەموو شێوەیەک ماهیەتی نەتەوەیی لە مرۆڤی کورد بسڕنەوە و جوگرافیاکەی داگیر بکەن و مێژووی تێک بشکێنن.

دوای جێگیربوونی فیکری دینی ئیسلام لە کوردستاندا* و تەماهیکردنی مرۆڤی کورد لەگەڵیدا کەسیەتی نەتەوەیی کورد بەرەو لاوازبوون و تێکشکاندن چوو، لەگەڵ ئەو تەماهیکرنەدا مێژووی کوردیش وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ بەرەو لەدەستدانی ناسنامەی خۆی دەچوو. تا دوجار لەنێو مێژووی ئیسلامدا وندەبێت و لە رووی یاسا و بنەما و پەیڕەوەکانی شەریعەتی ئەم ئایینەوە مادەم هەموو نەتەوەکان یەکسانن و هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نییە و هەر کەسێک بەپێی دڵسۆزێتی و ئەنجامدانی ئەرکە دینییەکانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و ئەمەش لەڕاستیدا هەنگاوێکە کە گیانی کۆمەڵایەتی بوونی لە ئاستی نەتەوەدا تێکشکاندووە و رۆحێکی تاکرەویی لای مرۆڤ دروست کردووە کە بەلای منەوە لە گەوهەر و جوڵە و پراکتیکدا لەگەڵ دروشمی کۆلۆنیالیستی نوێدا کە دەڵێت: "پەرتکە و زاڵبە" یەک دەگرێتەوە، لەلایەکی تریشەوە تەماهیکردنی مرۆڤی کورد لەگەڵ ئەو فیکرە دینییەدا وەهای کردووە کە هۆشیاری نەتەوەیی و هەستی نەتەوەیی نەک هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە هەرەس پێ بهێنێت بەڵکو لە مێژووی نوێشدا کەسیەتیی ئیسلامی بەسەر کەسیەتی کوردایەتییدا زاڵ بێت. لەم بارەیەوە دەیڤید ئەیدمسۆن لە کتێبی جەنگەکانی کورددا دەڵێت: "ئەگەر لە کەسێکی کورد بپرسی تۆ چیت، وەڵامت دەداتەوە من ئیسلامم، بەتایبەتی ئەگەر لە کەسێکی کوردی شیعەت پرسی ئەوە ستەمە دان بەوەدا بنێت کە کوردە، ئەمەش ئەوە

دەگەیەنێت کە فیکری دینی بە جۆرێک دەسەڵاتی بەسەر مرۆڤی کورددا کردووە کە پێش کەسێتی نەتەوەیی بکەوێت.

ئێستا ئەگەر سەرنجی مرۆڤی کورد بدەین وەک (ئامادەبوون یان ئامادەنەبوون) بۆ بڕیارێکی مێژوویی ئەوە دەبینین لە حاڵەتێکی جووت کەسێتی دایە و لەبەرامبەر بڕیارداندا دەستەوسانە: داخۆ کوردە یان ئیسلام؟ ئەگەر ئیختیاری هەڵبژاردنی لەبەردەمدا دابنرێت کاماین هەڵدەبژێرێت؟ ئەگەر هەرکام لەو دووانەشی هەڵبژارد داخۆ هەڵبژاردنێکی عەفەوییە یان لەسەر بنەمای فیکری و مەعریفیە؟

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەو ناتەبایی و دژایەتییە بکەین کە لەنێوان تێڕوانینی دین و تێڕوانینی زانستدا هەیە بۆ ئەسڵی ڕەگەزی کورد. وەک دەزانین لەڕووی زانستەوە کورد سەر بە بنەماڵەی خێزانی ئارییە، ئەمەش لەڕووی مێژوویییەوە جێگای هیچ گومان لێکردنێک نییە، بەڵام وەک دەبینین ئێستا کورد لەڕووی پەیوەستبوونی بە فیکری دینیی ئیسلامەوە، نە وەکو نەتەوە، نە وەکو خێزانێکی سەربەخۆ لێی ناڕوانرێت، بەڵکو لە ڕوانگەی پەیوەندیی خێڵەوە سەرنج دەدرێت و حیسابی بۆ دەکرێت. ئەو خێڵەی بە ڕەگەز دەچێتەوە سەر پێغەمبەر و کەسوکاری دەبێتە سەید و شێخ، بەواتا دەبێتە عەرەب و هیچ پەیوەندییەکی بەکوردەوە نامێنێت. ئەمەش حاڵەتێکی ترە لە کاریگەرییەکانی هۆکاری دینی لە تێکشکاندنی کەسیەتیی نەتەوەیی کورددا. هەموو ئەو کەسانەشی لەنێوان شێخ و سەیدەکاندا بەرزبوونەتەوە و بوونەتە سەرۆک یان شێخی عەشیرەت ئەگەر لە گەوهەریشدا دژی فیکری دینی بووبن ئەوە لە دەرەوەدا و لەبواری پراکتیدا کاریان بۆ کردووە و لە پرۆسەکانی ژیانیاندا لە خزمەتی بەرنامەی ئەو پرۆژەیەدا بوون. لەکاتێکدا ئەگەر سەرجەم شێخ و سەیدەکان ماهیەتی نەتەوەیی کوردیان لێ سڕابێتەوە و لە خودی خۆیاندا بووبنە ئەوەی یەکێک لە کەسوکاری پێغەمبەر کەواتە تەنها ئەو کەسانە بە کوردی ماونەتەوە کە توانای دروستکردنی ئەو هێڵی گەیشتنە واتە (شجرة الأنساب)یان نەبووە. لێرەدا کێشەیەکی زەق بەدیارکەوتووە کە کێشەی نێوان شێخ و مسکێنەکانیەتی، ئەو مسکێنانەی کە لەڕووی پەیوەندییەکانی نێو هەرەمی ئیسلامەوە لەدوای شێخ و سەیدەکانەوەن چونکە شێخ و سەید بە کاریگەری گەڕانەوەی بۆ یەکێک لە کەسوکاری پێغەمبەر خۆی دەگەیەنێتە ناوەوەی هەرەمەکە و لەوێوە لەگەڵ جەماوەری گەلی عەرەبدا یان بەرزتریش لەگەڵ والی و رابەرانی دیشدا فەرمان دەکات بۆ خوار خۆیەوە. دواتر ئەمەش بۆتە سوتراکتوری خێڵ و پەیوەندیی خێڵایەتی. شێخ و سەیدەکان ماهیەتی نەتەوەییان ونکردووە و کەوتوونەتە پیادەکردنی فەمانەکانی هەرەمی فیکری دینی بەسەر عەشیرەتەکانیاندا.

ئەمەش هاوشانە لەگەڵ پەیوەندیی خێڵایەتی و یاسا و عەقڵی خێڵدا، رەنگە جێگای خۆی بێت ئەگەر ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە پەیوەستبوونی شێخ و سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکان بە کۆلۆنیالیستەکانی کوردستانەوە لە مێژووی نوێدا کە دواجار لەگەڵ بزووتنەوەکانی کورددا لای ئەوان بۆتە جاشایەتی هەمان کاریگەرە و پیادەکردنی هەمان بۆچوونە کە لە (نەستی) ئەو شێخ و سەید و سەرۆکانەدا درووستبووە و ئەویش بریتییە لە دڵسۆزێتی و (ولائی) هەمیشەیی بۆ دەسەڵاتی ئەو فیکرە دینییە و فیکری ناسیۆنالیست عەرەبی.

ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات داخۆ دروستبوونی میرنشینەکان لە کوردستاندا هەر لە میرنشینی سۆران و بۆتان و ئەردەڵان و بابان و... تروسکەی دابڕان لە ئیمپراتۆری ئیسلامی بەدەرکەوتووە کە لە بارێکی تردا دابڕان لە فیکری دینی دەگەیەنێت؟ لەلایەکی ترەوە ئێمە باسی کەسانێکی دەگمەنمان کرد کە سەرباری ئەوەی کورد بوون توانییویانە لە دواجەمسەری هەرەمی فیکری دینی ئیسلامەوە کە ئەمانی پێوەبەستراوە بپەڕنەوە بۆ نێو هەرەمەکە و بگەنە ئاستی والی و رابەرانی دین. لەوانەش وەک گووتمان سەلاحەدینی ئەیوبی لە هەمووان ناسراوترە. داخۆ بوونی سەلاحەدینی ئەیوبی بە گوێرەی کورد وەکو نەتەوە هیچ دەگەیەنێت؟ لەکاتێکدا بە جێگای شانازی کوردی دادەنێین.

سەرەتا حەزدەکەم وەڵامی پرسیاری دووەم بدەمەوە. بە تێڕوانین من سەلاحەدینی ئەیوبی یەکێکە لەو کوردانەی کە توانیوویەتی لە دواجەمسەری هەرەمی ئیسلامەوە دوای پێوەلکاندنی کورد بەو هەرەمەوە بپەڕێتەوە بۆ جەمسەری والی و رابەران و سەرۆکانی ئیسلام ئەمەش لە ئەنجامی توانا و لێهاتوویی خۆی، لە هەمان کاتدا ئەوەی سەلاحەدین کردوویەتی بەگوێرەی کەسیەتیی نەتەوەیی کورد و مێژووی کورد هیچ گرنگییەکی نییە و هیچ شتێکی بۆ کورد ئەنجام نەداوە، گەرچی هەندێ مێژوونووس سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەیوبی بە سەردەمی فەرمانڕەوای کورد لە قەڵەم دەدەن، بەڵام لەڕاستیدا خودی ئەو فەرمانڕەواییە هیچ مۆرک و خەسڵەتێکی کوردی پێوە نەبووە، پەیوەست بە مێژوو و کەسێتی نەتەوەیی کوردیش هیچ جوڵەیەکی پۆزەتیفی نەبووە. بەڵکو بەپێچەوانەوە سەلاحەدین سەردەمێک سەرۆکی ئەو ئیمپراتۆریەتە بووە کە لە بنەڕەتەوە مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستانی داگیرکردووە و لەوێشەوە کەسیەتی نەتەوەیی ئێمەی تێکشکاندووە.

ئەمڕۆش کارکردن بە مەبەستی زیندووکردنەوەی وێنەی باوک لە کەسێتی سەلاحەدیندا تا سنوورێک لە کوردستاندا جێگای خۆی گرتووە و شەپۆلی ئیشکردن بۆ زیندووکردنەوەی ئەو وێنەیە زیاتر لە ئیشکردن بۆ گەڕانەوە بۆ یادوەری کوردایەتی

جێگای گرتووە. لەڕاستیدا سەلاحەدین پەیوەیست بە مێژووی ئیسلام ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، بەپێچەوانەی ئەوەوە ئەویش لەوەیدا کە بۆتە یەکەم جەمسەری خاوەن بڕیار لەو هەرەمەدا کە کەسێتی نەتەوەیی کوردی تێکشکاندووە. لەلایەکی ترەوە بوونی کەسیەتیی سەلاحەدین لە مێژووی ئیسلامدا و لەکاتێکدا بە ڕەگەز کوردە بارێکی بەرەو دروستکردنی تەماهی لە ئەستی مرۆڤی کورددا دروست کردووە کە ئەویش یەکگرتنەوەیە لە تەک ئەو فیکرە دینییەدا.

بەگوێرەی پەیوەندیی میرنشینە کوردییەکان بە ناوەندێتی ئیمپراتۆری ئیسلامییەوە یان دابڕان لێی دەبێت لە سوتراکتۆری پێکهاتنی هەریەکە لەو میرنشینانە وردبینەوە، پاشان لەسەر ئەو بنەمایە و ئاستی ئیشکردن و پەیوەستبوون یان دابڕانیان لە فیکری دینی لەوە بدوێین. لێرە بەدواوە دەربارەی پێکهاتنی گشتی میرنشینەکان دەدوێم و لەسەر ئەو بنەمایەش ئاستی پەیوەستبوون یان دابڕان لە فیکری دینی و یاسای بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی ڕوون دەکەمەوە.

کوردستان لەڕووی جیۆلۆجی و پێکهاتنی تۆپۆگرافییەوە وڵاتێکی ئاڵۆز و پەرت و لێکدابڕاوە، ئەمەش بۆتە هۆی دوورەپەرێزی و دابڕانی خەڵکەکەی لە یەکتری. ئەم دابڕانەش گیانێکی خود بەڕێوەبردن و جۆرە سەربەخۆییەکی سنووردارتەسکی لە ئەستی مرۆڤی کورددا خووڵقاندووە، هەر ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لە ناوچەیەکدا ژیاون لەژێر دروشمی یاسایەکی بەڕوەبردنی تایبەت بەخۆیاندا ژیانیان گوزەراندووە و ئەمەش دواجار شێوەی خێڵی پێکهێناوە، بەڵام بوونی کوردستان بە مەیدانی چەند جەنگێک وەهای کردووە کە زۆرجار ئەو خێڵانە ناوچەکانی خۆیان بەجێبهێڵن و تێکەڵ بە خێڵەکانی تر بن، سەرباری پێداویستی ژیانیش کە بۆتە هۆی گەرمیان و کوێستان کردن و جۆرێک لە بازرگانی ناوخۆیش لەنێوان خێڵەکاندا شێوەیەکی پەیوەندی لە هەمان کاتدا ناکۆکیشی دروستکردووە، کوشتن و بڕین خوێنڕشتن و تاڵان و ماڵسووتان و لەسەر لەوەڕگا و لەسەر بەرژەوەندی ئابووری و لەسەر شوێنی مەعنەوی خێڵ لەڕووی دووری و نزیکی لە پێغەمبەر و کەسوکارییەوە خەسڵەتی ئاشکرای پەیوەندیی خێڵە لە کوردستاندا. ئەنجام هەر خێڵە بۆ پاراستنی قەوارەی خۆی جەنگاوە و هەوڵی داوە سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوانتر بکات. لەم ڕووەوە ئیبن خەلدون دەڵێت: "خێڵ بریتی بووە لە سوپایەک هەردەم جەنگاوە، یان لە کورتترینی ماوەدا تێکشکاوە و قەوارەی خۆی لەدەستداوە و بۆتە پاشکۆ، یان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و لەگەڵ ئەو خێڵەی بەسەریدا زاڵبووە بۆتە یەک... موقەدیمە)

دروستبوونی میرنشینەکانی کوردستان لە ئەنجامی ئەو جەنگانەی نێوان خێڵەکانەوە

دروستبووە، ئەو خێڵەی کە توانیوویەتی بەسەر چەند خێڵێک تردا سەرکەوێت، سنووری دەسەڵات و فەرمانی خۆی فراوانترکردووە و دواجار شێوەیەک لە رژێمی بەڕێوەبردنی بنیادناوە بۆ راییکردن و جێبەجێکردنی فەرمانی سەرۆکخێڵ و نیشوکاری خێڵ... ئەمە شێوەی دروستبوونی سەرجەم میرنشینەکانی ئێمە بووە. سەرۆکخێڵ کە دواتر بووە بە میر، لە ژیانی خۆشی و بەزم و رەزم و کەیفی خۆیدا دەژیا و بە جۆرێکی بێوێنە و جیاواز لە دانیشتووان ژیان دەگوزەراند، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو هەرەمەی کە دانیشتووانی میرنشین دروستیان دەکرد و ئەمی میر دەچووە سەر لوتکەی هەرەمەکە و تەنها فەرمانی دەکرد، ئەمەش شێوەیەکی بچووککراوەی پەیوەندی هەرەم ئاسای فیکری دینی بوو، میر لە سنووری میرنشینەکەیدا خاوەنی هەموو بڕیارێک بوو. ئەوەی بیگووتایە دەبوایە ئەنجام بدرایە. کەواتە ئێستا ئاشکرایە ئاراستەی پەیوەندی لە خێڵ و پاشان میرنشینەکاندا لە سەرەوە بۆ خوارەوە پەیوەندییەکی شاقوڵی بوو و تەنها هەر لە سەرەوەش ئاراستە دەکرا و هەرگیز نەدەبووە پەیوەندییەکی ئاسۆیی. هەر بۆیە فەرمانی میر رەتکردنەوەی نەبووە و هەرگیز جەماوەریش خاوەن قسە و را و بۆچوون نەبووە و سنووری هەرە کەمی دیموکراسیش بوونی نەبووە، بەڵکو هەرچۆن لە هەرەمی فیکری دینیدا پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی من تۆ رەت دەکەمەوە تۆش خواری خۆت رەت بکەرەوە دیسان لە یاسای میرنشینیشدا هەمان پێوەر بووە و گفتوگۆ دروست نەبووە، واتە جەمسەری یەکەم میری تێدا بووە، لە روانگەی تێڕوانینی ئەوەوە "میر" جەمسەری دووەم مرۆڤی تێدا نەبووە، بەڵکو ئەو کۆیلانەی تێدا بووە کە دەبێ هەموو شتێ ئەنجام بدەن، لەلایەکی تریشەوە سنووری ئەم میرنشینانەی کورد تەسک بووە و هیچیان نەیانتوانیووە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەیەکی فراوانی کوردستاندا پیادە بکەن و روخسارێکی نەتەوەییان هەبێت، دیارە دروستبوونی میرنشینەکانی کوردیش لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆری عوسمانیدا بووە، کە توانای پیادەکردنی دەسەڵاتی کەم بووە و لە ئەنجامی ئەو کەم دەسەڵاتیەشدا وەک دەزانین لە هەموو لایەکی ئیمپراتۆری ئیسلامیدا ولایەت و میرنشین دروست بوو، بە مەبەستی فەرمانڕەوایی کردنی ناوچەیەکی دیار و لە هەمان کاتیشدا دەبوا یاسا و پێڕەو و شەریعەتی ناوەندی ئیمپراتۆری ئیسلامی پیادە بکرایە و والی و میرەکانیش دەوڵەتی عوسمانی دایبنانایە و باج و خەراجیشیان بۆ ئەو کۆبکردایەتەوە، دیارە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە کوردستانی رۆژهەڵات لەدوای جەنگی چاڵدێرانەوە لەژێر دەستی دەوڵەتی سەفەویدا بووە. ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد ئەوە

دەگەیەنێ کە میرنشینەکان لەژێر سایەی فیکری دینی ئیسلامدا بەرێوەچوون و شێوەی نیمچە سەربەخۆییان تەنها لەبەر لاوازیی دەوڵەتی عوسمانی و دووری ئەم میرنشیانەوە بووە لە ناوەندێتی فەرمانی دەوڵەت و وەکو دەشزانین هەموو پەیوەندییەکی لاواز بە ناوەندەوە دەبێتە هۆی لادان و کەمتەرخەمی کردن.

دیارە ئەگەر هەر یەکە لەو میرنشیانەی کورد یان هەر بزووتنەوە و داواکارییەکی تری ناوچەگەری و نەتەوەیی بکەوتنایەتە جوڵە و بەرەو هەڵگەڕانەوە و جیابوونەوە لە ئیمپراتۆری عوسمانی هەنگاویان هەڵنایە ئەو هەر زوو دەوڵەت سەرکوتی دەکردن و بزووتنەوەکەی هەرەس پێدەهێنان. ئەم شێوە رەفتارکردنەش هەتا هەرەسی دەوڵەتی عوسمانی بەردەوام بوو، بەڵام ئێستا تاکە ئاراستەیەک کە داوای تاکە دەوڵەتێکی دینی سەربەخۆ، واتە ئیمپراتۆرێکی دینی دەکات ئاراستەی شیعەگەرێتییە کە لە دەرەوەی خۆیەوە نە مەزهەب و نە نەتەوەش نابینێت.

ئەگەر شکۆدارترین میرنشینی کورد میرنشینی بابان بووبێت و هاوتەمەنیش بووبێت لەگەڵ بەشێک لە شۆڕشەکانی پیشەسازی لە ئەوروپادا و لەرێگای دەوڵەتی عوسمانیشەوە کاریگەری ئەو شۆڕشانە بە کوردستان گەیشتبێت، ئەوا لێرەدا دەبێ سەرنجی دوو خاڵ بدەین، یەکەمیان رۆڵی ئەو شۆڕشانە لەسەر دروستبوونی بازاڕی هاوبەش و بۆرژوا و لەگەڵ ئەوەشدا ئەشونوماکردنی هۆشیاری نەتەوایەتیی کوردی. دووەمیشیان کاریگەریی حوکمی نیمچە سەربەخۆیی میرنشینەکە لەرووی سیاسییەوە لەسەر پرۆژەی رۆشنبیری و دیسان کارتێکردنی دروستبوونی سەرەتای بازاڕی هاوبەش لەسەر رۆشنبیری و پرۆژەی زیندووکردنەوەی لە کوردستاندا؟

دیارە ئاشکرایە لە ولاتانی گەشەئاساییدا دوای دەرکەوتنی مانیفاکتۆرە سەرەتاییەکان و دروستبوونی بۆرژوای پیشەیی، بازاڕی هاوبەشیش دروستبوو، دروستبوونی بازاڕی هاوبەش بەواتا گواستنەوەی ئاستی کۆمەلایەتی لە قۆناغی فیۆدالیزمەوە بۆ قۆناغی سەرمایەداری، بەواتا دروستبوونی یاسا و پەیوەندی و ئایدیۆلۆژیان چینی بۆرژوا دێتە کاتەوە کە خەسڵەتێکی شارستانیانەتر و بالاتری هەیە لەچاو پەیوەندییەکانی قۆناغی دەرەبەگایەتیدا، بەڵام یەکێ لە ناتەواوییەکانی خودی مێژوویی ئێمە ئەوەیە کە قۆناغەکانی گەشەکردن و ئەشونومای کۆمەلایەتی وەکو شێوە سروشتییەکەی نەرۆیشتووە، ئەویش لەباری یەکەمدا لەبەر سروشتی جیۆلۆجیانە و تۆپۆگرافی خاکەکەی پێکهاتنی لە چیا و گرد و دۆڵ و دارستان و لەوەرگا زیاتر ژێوارێک تایبەت بە پەروەردەکردنی ئاژەڵ و مەڕو مالات بووە، بۆیە خەڵک کە قۆناغی شوانکاری و تەنانەت دەرەبەگایەتی و هەتا

سەرهەڵدانی بۆرژواش (راستەوخۆ هەتا وێرانکردنی سەرجەم لادێکانی کوردستان لەم پازدە ساڵەی دوایدا) بە پلەی یەکەم لەسەر سامانی ئاژەڵ بووە. لەسەر بنەمای راستییە مێژووییەکان یەکەمین سیفاتی قۆناغی دەرەبەگایەتی (کێشەی دەرەبەگ و جوتیار) لەسەر بنەمای زەوی و کاری کرێگرتەی سەر زەوییە لەنێوان دەرەبەگ و جوتیاردا. بەڵام لە کوردستاندا یەکەم لەبەر باری تۆپۆگرافی و دوومیش لە ئەنجامی حوکمی ئیمپراتۆرەکانی ئیسلامی و فرێدانی کوردستان بۆ پەراوێز و دانانی والییەکان -یان پاشتر- میرەکان بۆ سەندنی باج و خەراج و سەرانە، دەرەبەگ وەک چینێکی پێگەیشتوو بە هەموو سیفاتە چینایەتییەکانییەوە لەدایک نەبووە و نەیتوانییوە وەکو قۆناغێکی نوێ سەرجەم سیفات و بنەماکانی قۆناغی پێش خۆی بسڕێتەوە و بەم پێیەش کێشەی ئەم قۆناغە بەئاشکرا کێشەی نێوان دەرەبەگ و جوتیاران بێت و لە ئەنجامی میکانیزمی کێشەی نێوان ئەو دوو چینە بە وتەیەکی مارکسییانە لە هەناوی دەرەبەگایەتیدا بۆرژوا وەک چینێکی خاوەن بنەمای ئابووری و چینایەتی و ئایدیۆلۆژیای چینایەتی دروست ببێت. بۆرژوای کوردی ئەو بۆرژوایە نییە کە لە ئەنجامی گەشەکردنی پیشەسازییەوە لە مانیفاکتۆرە سەرەتاییەکانەوە چاوی هەڵهێنابێت و هەرچی سیفات و خەسڵەتی قۆناغی مێژووی خۆیشیەتی لەگەڵ خۆیدا هاتبێت و بازاڕی هاوبەشیش یەکێک بێت لەو ئەنجامانەی کە ئەو قۆناغە وەکو سیفەتێک لەگەڵ خۆیدا هێنابێتی.

دیارە وەک دەیزانین هۆشیاری نەتەوەیی و دروستبوونی هەستی نەتەوایەتی پەیوەستی دروستبوونی بۆرژوا و بازاڕی هاوبەشە. هەر لەگەڵ دروستبوونی سەرخانی ئەو قۆناغەدا هۆشیاری نەتەوەیی دروست دەبێت و وەک ئاشکرایە لە وڵاتانی گەشەئاسایدا ئەنجامی دروستبوونی هۆشیاری نەتەوەیی بەدروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کۆتایی هاتووە، بەڵام با لێرەدا ئیستێک بکەین و سەرنجێ لە باری ناسروشتی گەشەی کۆمەڵگای کوردەواری بدەین، وەک لە پێشەوە گوتمان قۆناغی دەرەبەگایەتی قۆناغێکی ناسروشتی بووە لە گەشەکردندا؛ بەواتا هەر لەو قۆناغەدا بەشێک لە گەوهەری کەسیەتی نەتەوەیی کوردی دووچاری شکست بووە و ئەمەش بۆ قۆناغی دواتر کاریگەری و جێکەوتی خۆیی هەبووە.

لەلایەکی ترەوە دروستبوونی تروسکەی هەستی نەتەوەیی و هۆشیاری نەتەوەیی بە کاریگەری فاکتەری دەرەکی بووە کە ئەویش شۆڕشی پیشەسازی و دواتریش شۆڕشەکانی بۆرژوای ئەوروپییەوە، بەڵام هۆشیاری نەتەوەیی و هەستی نەتەوەیی کە لە کوردستاندا وەکو تروسکە بەدیارکەوتووە لەسەر بنەمای زەمینەیەکی ئابووری و ئەخلاقی و عەقڵی دەرەبەگایەتی بووە کە

راستتر وایە پێی بڵێین خێڵایەتی، هەستی نەتەوەیی نەیتوانیووە سنوورەکانی خێڵ و میرنشین ببڕێت و سیفەتی نەتەوەیی وەربگرێت. هەربۆیە دەبینین تەنانەت لە سەردەمی میرنشینی باباندا کە لە میرنشینەکانی تر پێشکەوتووتر بووە، بەڵام هەرگیز هەستی نەتەوەیی و بەرژەوەندی نەتەوەیی نەیتوانیووە بەسەر عەقڵی خێڵایەتی میرنشینەکەدا زاڵ بێت و بگرە پاراستنی بەرژەوەندی خودی میرنشینەکەش نەیتوانیووە ببێتە ستراتیژەیتی خودپاراستن و میرنشینەکە بەرەو هەرەس نەبات، هەربۆیە ئەنجام بەرژەوەندی تایبەتی تەسکتریش لە بەرژەوەندی خێڵ، میرنشینەکەی بەرەو هەرەس برد کە ئەویش کێشەی (برا و برا) بوو لەسەر کورسی میرایەتی، ئەمەش بەڵگەی دروست نەبوونی یان برەونەسەندنی هۆشیاری نەتەوەییە لای مرۆڤی کورد لەو ساتەوەختەدا، کە ئاسەواری ئەو هەرەسەی براکوژی بەسەر میرنشینی باباندا هێنای، تاکو ئێستا لە زەینی مرۆڤی کورددا نەسڕاوەتەوەو بەڵکو بۆتە وێنەی باوک و جار لەدوای جار زیندوودەبێتەوە، ئەمەش ئەگەر هۆی راستەقینەی لاوازی خودی ئیفلیجی ئێمە بێت ئەوا هۆی ناڕاستەوخۆی ئەو پیلان و نەخشانەیە کە ئەوکاتە ئیمپراتۆری عوسمانی بۆ ڕێگاگرتن لە زیندووبوونەوەی کەسیەتیی نەتەوەیی کوردی دایناوە و دواتریش کۆلۆنیالیستەکانی سەر کوردستان بۆ تێکدانی ستراتیژیەتی نەتەوەیی خووڵقاندوویانە.

ئێستا ئەگەر پەیوەست بە باری نیمچەسەربەخۆیی میرنشینی (بابان)ەوە سەرنجی سەرەتای پرۆژەیەکی رۆشنبیری بدەین رووبەڕووی دوو بۆچوون دەبینەوە؛ یەکەمیان: جێگیربوونی فیکری دینی ئیسلام لە کوردستاندا و تەماهیکردنی تەواوەتی مرۆڤی کورد لەگەڵ ئەو فیکرەدا و بوونی بە بنەمای یاسا و پێڕەو و شەریعەت و بەڕێوەبردن و لەلایەکی تریشەوە بوار نەدان بە ئیشکردن لە دەرەوەی یاسا و پێڕەوەکانیدا و بۆ ئەم مەبەستەش برەوپێدانی پرۆژەی فیکری دینی ئیسلام لە کوردستاندا وەکو پرۆژەیەکی رۆشنبیری جێگای خۆی گرتووە و لە رووی خوێندن و یاساکانی دینەوە کاری بۆ کراوە و پتەوبوونی بنەماکانی ئیسلام لەنێو کورددا ئاشکرا و دیار بووە، ئەگەرچی لە سەردەمی میرنشینی باباندا تروسکەی هۆشیاری و هەستی نەتەوەیی دروست بووە، وەک پێشتر گووتمان بەکاریگەری دەرەوە، بەڵام هەرگیز ئەم تروسکەیە نەیتوانی رۆحی دابڕان یان سنووردانان لەگەڵ ئیسلامدا دابنێت. بەواتا پرۆژەیەکی وەها دروست نەبوو کە دەرک بە ناسینی فاکتەری تێکشکێنەری خودی نەتەوە بکات و بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی ئەو فاکتەرەوە بۆ زیندووکردنەوەی کەسیەتی نەتەوە کار بکات. دیارە بەدرێژایی مێژووی کورد ئەم بارە

بەردەوام بووە، ئەویش لەبەرئەوەی ئێمە وەکو نەتەوە نەمانتوانییوە فیکر بەرهەم بهێنین، ئەگەر ترووسکەی ئەو گیانی دابڕانەش بەدیار کەوتبێ ئەوە تەنها لە ئەزموونی شیعردا بەرجەستە بووە کە ئەمەش لە رووی عەقڵەوە حیسابێکی ئەوتۆی بۆ ناکرێت، چونکە ئەو فاکتەرانەی لە دروستبوونیدا کاردەکەن سۆز و خەیاڵن، نەک فیکر و عەقڵ.

سەرەتای دروستبوونی هەستی نەتەوەیی لای ئێمە دووچاری بارێکی نادروست بووە، ئەویش تەماهیکردنی ئەو هەستە نەتەوەییە لەگەڵ هێزی ئەو فاکتەرەی کە کەسیەتی نەتەوەیی ئێمەی تێکشکاندووە. بەواتا هەستی تازەدەرکەوتووی نەتەوەیی کورد لەگەڵ فیکری دینی ئیسلامدا تەماهی پێکراوە، ئەو تەماهیکردنەش لەبەر لاوازی وجودی هەستی نەتەوایەتی بۆتە هۆی خەساندنی ئەو هەستە و رێگانەدان بە دروستبوونی و گەشەکردن و برەوستاندنی. بۆ نموونە رابەرانی دین و مەلا و شێخەکان کە بریتی بوون لە جەمسەری پێش جەماوەرەوە لە هەرەمی فیکری دینیدا لەگەڵ دروستبوونی هەستی نەتەوەیشدا بوونەتە پێشەوا و رابەری هەستی نەتەوەیی و پاشتریش رابەری بزووتنەوەکانی کورد.

لە سەردەمی میرنشینی باباندا پرۆژەیەکی بالا یان باشتر بڵێین ئەزموونێکی بالای شیعری لەرووی داهێنانەوە بەدیار کەوت، ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات داخۆ سیاسەتی میرنشینەکە بووە هۆی دروستبوونی ئەو پرۆژە ئەدەبییە یان بە پێچەوانەوە ئەم پرۆژەیە وەکو زەمینەیەکی رۆشنبیری دەوری لە دروستبوونی میرنشینەکەدا هەبووە و خاڵرێژی بەرنامەی دروستبوونی کردبێت، ئاڵاهەڵگری ئەم پرۆژە شیعرییە کە بە تێڕوانینی من پرۆژەی مانەوەی خودی نەتەوەیە و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا دروستبوونی (گوتاری مانەوە)ی هێنا (مەلا خدری نالی)یە، بەلام دروستبوونی پرۆژەکەی نالی دوای دروستبوونی میرنشینەکەیە، بەواتا سیاسەتی میرنشینەکە هۆکارە بۆ دروستبوونی پرۆژەی شیعری نالی کە ئەمەش جارێکی دی ناسروشتیی باری رۆشنبیری و سیاسی ئێمە دەگەیەنێت، چونکە حاڵەتی سروشتی ئەوەیە کە بزووتنەوەی فیکری و رۆشنبیری ببنە بنەما بۆ دروستبوونی شۆڕش و پێکهێنانی قەوارە، چونکە ئەو کاتە ئەو شۆڕش و بزووتنەوەیە لەسەر بنەمای بەرنامەی فیکری و رۆشنبیری بەرێوە دەچێت و بەئاسانی دووچاری نووشست و هەرەس نایەت. نالی لەژێر سایەی دەسەڵاتی میرنشیندا هاتە مەیدان و هەر لە سنووری سیاسەتی ئەویشدا مەیاوە، بەلام هەستی نەتەوەیی و هەستی تا رادەیەکی دیاری دابڕانیش لە فیکری دینی لای نالی هەستی پێ دەکرێت، ئەویش لە دۆزینەوەی هیما و دەلالات و جیهانبینی شیعرییەوە.

دابڕانی نالی لە فیکری دینی لە

دۆزینەوەی دەلالەتی نەتەوەیی و لەلایەکی تریشەوە باسکردن و زەقکردنەوەی ئەو شتانەدایە کە لە روانگەی ئیسلامەوە حەرامن، بەتایبەت ئەندامەکانی لەشی مێ و بەرجەستەکردن و لێدوانیان بەئاشکرایی و بێ پەردە. بەلام هەرچۆن میرنشینی بابان ناتوانێت دابڕان لە سیاسەتی ناوەندی ئیمپراتۆری ئیسلامی بکات، کە ئەو دەمە ئیمپراتۆری عوسمانییە و یاسای ئیسلام لە بەرێوەبردندا پیادەدەکات و ئەمیش وەک میرنشینێک پێڕەوی ناوەندێتی ئەو یاسایە دەکات، نالیش ناتوانێ دابڕانی تەواوەتی لە فیکری دینی بکات و لە هەمان سنووردا دەمێنێتەوە و لەدوای هەموو یاخیبوون و باسی دەلالەتە میللییەکانی کورد و مەسەلە قەدەغەکانی نێو ئیسلام سەرزەنشتی خۆی دەکات و خۆی دەداتە دەستی یەهودا و چاوەڕوانی نەفخی سوور دەکات. ئەمەش سەرەتای هەرەسهێنانی گیانی دابڕانە لای نالی کە بە تێڕوانینی من سەرەتای هەرەسی (گوتاری مانەوەیە) کە تازە وەکو تروسکەیەکی لاواز بەدەرکەوتبوو، ئەم هەرەسەی نالی وەکو یەکەمین هەرەسێک لە سەرەتای پرۆژەی دابڕاندا جێکەوت و کاریگەرییەکی نێگەتیڤی لەدوای خۆیەوە بەجێ هێشت و گیانی خۆدانەدەستەوەی بۆ نەوەکانی دوای نالی جێهێشت و ئەو باری خۆدانەدەستەوەیە لە ئەستی مرۆڤی کورددا تاکو ئێستاش حوکم دەکات.

لەلایەکی ترەوە سۆفیزم لە کوردستاندا لە سەردەمی بابانەکاندا بەئاشکرا دەرکەوتووە و بڵاوبۆتەوە، ئەویش لە رێگای هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندییەوە. دەرکەوتنی رێبازی قادری دەکەوێتە پێش دەرکەوتنی رێبازی نەقشبەندییەوە. سەرەتای دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سیازدەهەم کە (عەبدولعەزیزی کوڕی شێخ عبدولقادری گەیلانی) دامەزرێنەری بووە. بەلام ئەم تەریقەتە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا گەیشتۆتە کوردستان و بەتایبەتیش لە مەڵبەندی میرنشینی باباندا جێگای گرتووە و شێخ مارفی نۆدێ (١٧٥٢-١٨٣٨) رابەر و مورشیدی ئەم تەریقەتە بووە لە سنووری میرنشینی باباندا . لەڕاستیدا تەریقەتی قادری لە گەوهەری دۆگمای فیکری دینی ئیسلامدا ماوەتەوە و توانای دووکەوتنەوە و خۆگونجاندنی لەگەڵ ساتە دیارەکانی مێژوودا نەبووە و هەر لەبەرئەوەش بووە کە کوردانی سەر بە تەریقەتی قادری لە میرنشینی باباندا زۆر توندڕەوبوون و هەرگیز هەستی نەتەوەیی و بۆچوونی نەتەوەییان قبووڵ نەکردووە و زۆر بەتوندی لە رێگای ئاراستەی بەرەو دابڕان لە دۆگمای ئیسلام وەستاون. بەرنامەو پەیرەوی سەرەکی ئەم تەریقەتە قورئان و حەدیسەکانی پێغەمبەرە، لەم دوو سەرچاوەشدا تەنها هەرەمێک هەیە کە هەرەمی ئیسلامە و سەرجەم خەڵکی لە سایەی فەرمانی لووتکەی

هەرەمەکەدان و نە جیاوازی نەتەوەیی و نە زمان هیچ حیسابێکیان بۆ ناکرێت و دوور و نزیکی لەسەر ئەو بنەمایەیە کە کێ زیاتر پەیوەستە بە پەیوەندیی نێو هەرەمەکەوە.

یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی ئەم تەریقەتە ئەوەیە دەبێ شێخ بە ڕەگەز سەید بێت واتە لەو (شجرة الأنساب)ەی کە باسمان کرد بچێتەوە سەر پێغەمبەر و کەس و کاری، کەواتە جارێکی دی تەریقەتی قادری ماف تەنها بەو کەسانە دەدات کە ببنە شێخ کە لە بنەڕەتەوە و لەسەر بنەمای رەگەز عەرەبن، ئەمەش جارێکی دی تێکشکاندنی کەسێتی نەتەوەیی کوردە، چونکە تەنها ئەو کەسانە دەبنە شێخی تەریقەت کە ناکوردێتی خۆیان بەهۆی (شەجەرکانیانەوە) سەلماندووە. لەڕاستیشدا زۆربەری زۆری خەڵکی نەزان و نەخوێندەوار و بێئاگا لە کوردستاندا لە تەریقەتی قادری کۆبوونەتەوە، تەریقەتی قادری لە رووی رۆشنبیری و فیکرەوە نەیتوانی هیچ بە کورد پێشکەش بکات، چونکە خۆی لە بەستەڵەکی دۆگمای فیکری دینی ئیسلام دەرباز نەبووبوو. دواکەسێک لە تەریقەتی قادرییدا کە شوێنێکی دیاری لە مێژووی کوردا گرتبێت شێخ مەحمودی حەفیدە، کە پێم وایە هەرەسی شێخ مەحمود لە راپەڕینەکانیدا و نەتوانینی سوودوەرگرتن لەو هەلومەرجە لەبارانەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم راستەوخۆ پەیوەندیی بە پەیوەستبوونی شێخ مەحمودەوە هەیە لەگەڵ تەریقەتی قادری و مانەوەی تەریقەتەکەش لەنێو دۆگمای ئەو فیکرە دینییەدا و نەتوانینی هەنگاونان بۆ دوورکەوتنەوە لەو دۆگمایە و دۆزینەوەی دەرزی دابڕان لەو فیکرە.

تەریقەتی دووەم کە تەریقەتی نەقشبەندییە لەسەر دەستی (شێخ موحەمەدی بوخاری) کە پێی گوتراوە شاهی نەقشبەند لە سەدەی چواردەهەمدا پەرەی سەندووە، دوای ئەویش (شێخ عەبدوڵای دیهلەوی) لە رابەرە دیارەکانی ئەم تەریقەتەیە و پاشان نوێکەرەوەی ئەم تەریقەتە (مەولانا خالیدی مکایەڵیە) کە لە عەشیرەتی جافە. مەولانا خالید لە ساڵی (١٧٧٩-١٨٢٧) ژیاوە و ئیجازەی مەلایەتی لە سلێمانی وەرگرتووە و پاشان تەریقەتی نەقشبەندی لای شێخ عەبدوڵای دیهلەوی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و ئەو کاتەش رۆژگاری شێخ مارفی نۆدێ بووە، بەڵام مەولانا گەلێک لێهاتووتر و شارەزاتر بووە و تەنانەت لە ئاستی سوڵتانی عوسمانی و والییەکانی بەغداشدا جێگایەکی باڵا و دیاری هەبووە، بەڵام ناکۆکی و ناتەبایی لەگەڵ قادرییەکاندا ناچاری دەکات سلێمانی بەجێ بهێڵێت، تا دواجار لە شام کۆچی دوایی دەکات. ئەگەرچی تەریقەتی قادری و نەقشبەندی هەردووک لەسەر بنەمای قورئان و حەدیس دەڕۆیشتن، بەڵام ناکۆکی و ناتەباییەکی تەواو لەنێوانیاندا هەبوو، هۆی بنەڕەتی ئەمەش ئەوەبوو کە شێخ مارفی نۆدێ و رابەری

تەریقەتی قادری و مورشیدی دینی میرنشینی بابان دەبوا هەر خۆی یەکەم کەس بوایە، بەڵام مەولانا خالید لەبەر شارەزایی و زانایی بەخێرایی پێش ئەو کەوت. ئەمەش بە شانی شێخ مارف و میرنشینی بابانیش گران بوو، بۆیە قادرییەکان هێندێ لە دابونەریت و پەیوەندی و مامەڵەکردنی نەقشبەندییەکانیان قۆستەوە و کەوتنە بیانووگرتن بە نەقشبەندییەکان، ئەمە وای کرد مەولانا سلێمانی بەجێ بهێڵێت و پەیامەکەشی بە ئەنجام نەگات، مەولانا رابەرێکی دینی ناتەبا بوو لەگەڵ یاسا و پێڕەوی بەڕێوەبردنی میرنشینی باباندا، بەرنامەی نەقشبەندیش من پێم وایە ئەگەر دووچاری ئەو لێدان و ئاوارەکردنە نەهاتبایە و لەبری تەریقەتی قادری لە سیاسەتی میرنشینی باباندا تەریقەتی نەقشبەندی جێگای بگرتایە (ئەوا رۆڵی دین لە زیندووکردنەوەی کەسیەتیی تێکشکاوی نەتەوەیی کوردیدا ئاشکرا دەبوو.) ** چونکە تەریقەتی نەقشبەندی لە دۆگمای ئیسلام تا رادەیەک رزگاری بووبوو بە چاوێکی کۆمەڵایەتی و دنیایش لە ژیان و مەسەلەکانی دەروانی و بەرنامەی پرۆژەی فیکری و رۆشنبیری لە مەولانا خالید و تەریقەتەکەی چاوەڕوان دەکرا، بەڵام میرنشینی بابان و تەریقەتی قادری کە راستەوخۆ پەیوەستی توندی پەیوەندیی هەرەمی ئیسلامی بوون هەرەسیان بەو هیوایە هێنا و رێگای دروستبوونی ئەو پرۆژەیەیان نەدا کە دەشیا هەرچۆن شیعەگەریتی بووە هۆکارێک بۆ زیندووکردنەوەی کەسیەتی نەتەوەیی فارس هەمان شێوە نەقشبەندێتی ببوایەتە هۆکاری زیندووکردنەوەی کەسیەتی شکستی کوردی.

دیارە وەک دەمیزانین یەکێک لە کارەکانی مەولانا خالید ئەوە بوو کە رێگای ناتەبایی و ناکۆکی نێوان میرەکانی بابان نەدرێت و میرکانیش بۆ ئەم مەبەستە دەبوا لەسەر دەستی ئەودا سوێند بخۆن... بەڵام دواجار بۆ رزگاربوون لە دەست فەرمانی مەولانا خالید پشتی قادرییەکانیان گرت بەتایبەت شێخ مارفی نۆدێ و مەولانا خالیدیان ناچارکرد سلێمانی بەجێ بهێڵێت و ببێتە رابەری پەیامێکی بەئەنجام نەگەیشتوو.

وەک لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد سەرهەڵدانی تەواوەتی پیشەسازی و دەرکەوتنی چینی بۆرژوای ئەورووپی وەک چینێکی کۆمەڵایەتی و لەگەڵیشیدا دروستبوونی هۆشیاری نەتەوەیی لە ئەورووپادا و شانبەشانی ئەوەش دروستبوونی بازاڕی هاوبەش و بوونی بە فاکتەری سەرەکی بۆ دروستکردنی بۆ هۆشیاری نەتەوەیی و دواجاریش پەلهاویشتنی کاریگەری ئەو پێشکەوتنانە بۆ دەرەوەی سنووری ئەورووپا، کوردستانیش سەرباری دواکەوتوویی و پەرەوازەیی خێلایەتی لەو کاریگەرییانە بێبەش نەبووە. سەرهەڵدانی راپەرینەکانی سمکۆ و شێخ عوبەیدوڵای

نەهری و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودی حەفید لە ئەنجامی ئەو کاریگەرییانەدا دروستبوون و زیاتر رووپەکی عەفەوییان هەبووە و بە هیچ شێوەیەک لەژێر کاریگەری رووە لاوازەکەی دابڕان لە پرۆژەی (بابان)دا دروست نەبوون.

لەلایەکی تریشەوە ئاراستەی تەریقەتی نەقشبەندی نەیتوانیووە بگوازرێتەوە بۆ نێو سوتراکتوری ئەو بزووتنەوانە و شیانی کارکردنی ئەو تەریقەتە بۆ زیندووکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەیی کورد سەر بگرێت. راستە سەرجەم رابەرانی ئەو بزووتنەوانە رابەرانی دینی و کەسانی پەیوەست بە فیکری دینی و شێخ و سەیدەکان بوون، کەسانێک کە بە تەواوی لە سایەی مێژووی فیکری دینیدا جولاون و کاریان کردووە، سەرباری ئەوەی کە فاکتەری دروستکەری ئەم بزووتنەوانە پرۆژەیەکی رۆشنبیری نەبووە، لە سایەی فیکری دینیشدا دانانی بەرنامەی دابڕان لەلایەن کەسانێکەوە کە بۆ خودی خۆیان لەنێو یاساکانی دین و بەپێی پێڕەوی دین جولاونەتەوە و مامەڵەیان کردووە کارێکی نەشیاو و چاوەڕوان نەکراو بووە. لەبەرئەوەی شێوەی دروستبوونی بزووتنەوەکان شێوەیەکی سروشتی نەبووە. لە ئەنجامی کارکردنی توخمە پێکهێنەرەکانی سوتراکتوری کۆمەڵگای کوردیدا دەرنەکەوتووە و بەڵکو بە کاریگەری فاکتەری دەرەکی بوون نەیانتوانییوە بەردەوامیی بە خۆیان بدەن و دواجار بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێک بەدەست بهێنن هەرەسیان هێناوە، چونکە کاریگەری فاکتەر دەرەکییەکە کەم بۆتەوە. ئەم (هەرەسانە)ش کە دواجار شکستێک لە یادی مرۆڤی کورددا بەجێ دەهێڵن و ئەو مەترسییە لە نەستیدا دروست دەکەن کە دەشێ بۆ هەتاهەتایە چارەنووسی کورد هەرەس بێت و لە هەڵقەیەکی داخراوی (شۆڕش-هەرەس- شۆڕش-هەرەس)دا بسووڕێتەوە و هەرگیز شۆڕش نەبێتە هێزی بالادەست و پانتایی مێژووی کورد نەگرێتەوە و جێگا بە هەرەس چۆڵ نەکات کە لەڕاستیدا دروستکردنەوەی کەسیەتی تێکشکاوی کوردی دوای دابڕانی تەواوەتی لەو فاکتەرانە بەدی دێت، کە سیفاتی هەرەسیان کردۆتە هاوشانی رۆحی کورد، ئەو دەمەش دەبێ شۆڕش سەرتاپای مێژوو و پانتایی سۆسیۆلۆژی کورد بگرێتەوە و بوار بۆ هەرەس نەهێڵێتەوە.

دیارە ئەوەمان لا ئاشکرایە کە دابەشکردنی کوردستان لە ساڵی (١٥١٤) و لەنێوان سەفەوی و عوسمانییەکاندا دووەمین تێکشکاندنی کەسێتی نەتەوەیی کورد بووە، لەکاتێکدا یەکەمین تێکشکاندن هەرەس پێهێنانی ئایینی زەردەشتییە، گەرچی پاشماوەی ئەم ئایینە لە هەندێ شوێنی کوردستان یان لە یادەوەری ژمارەیەکی کەم مرۆڤی کورددا ماوەتەوە.

دابەشکردنی دووەمی کوردستان دوای

جەنگی جیهانی یەکەم سێیەمین تێکشکاندنی کەسیەتیی نەتەوەیی کوردییە، بەڵام ئەم تێکشکاندنەیان لەوانی تر ترسناکترە چونکە لە ساتەوەختێکدایە کە دەشێ هۆشیاری نەتەوەیی لە پرۆسەی دروستبوونیدا بگەیشتایەتە ئەنجام و شکستەکانی پێشتری خۆشکردایەتەوە و کەسیەتی تێکشکاوی کوردی بەرەو درووستبوونەوە ببردایە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ساتەوەختی دابەشکردنی دووەمی کوردستان ساتەوەختێکە لە ناوچەکەدا گەلێک دەوڵەتی نوێ دروستکرا و زۆر لە میللەتان بوونە خاوەنی قەوارەی خۆیان، بەپێچەوانەوە کورد لە دابەشبوونێکەوە بەرەو دابەشبوونێکی تر چوو.

هەڵبەتە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و بوونی زۆرێک لە نەتەوەکانی دنیا بە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان و نەتوانینی کورد بۆ سوودوەرگرتن لەو بەندە تایبەتییانەی پەیمانی سیڤەر واتە بەندی (٦٤،٦٣،٦٢) کە سەبارەت بە کورد بوون راستەوخۆ لاوازی و ئامادەنەبوونی ئێمە لە رووی عەقڵی سیاسی و هۆشیاری و بەئاگایی نەتەوەییەوە نیشان دەدات. هەر هەمان هۆکاریش بوو کە لە پەیمانی رەشی لۆزاندا جارێکی دی تروسکەی زیندووکردنەوەی کەسیەتی تێکشکاوی ئێمەی کوژاندەوە و دابەشکردنی ئەمجارەی کوردستان بەسەر پێنج بەشدا هێندەی تر خودی نەتەوایەتیی ئێمەی بەرەو شکست برد و تاکو ساتەوەختی ئێستاش نەک نەمانتوانییوە ستراتیژیەتێکی نەتەوەییمان هەبێت و لە پێناوی ئیفلیجکردنی ئەم فاکتەرە نوێیەی دابەشکردنی کوردستان و فاکتەرە تێکشکێنەرەکانی پێشتردا بجەنگین، بەڵکو بێئاگا زۆرجار دەبینە بەشێک یان هێزێک شانبەشانی فاکتەرەکانی تێکشکێنەری کەسێتی نەتەوەییمان کار دەکەین و خودی خۆمان دەسرینەوە واتە لە پراکتیکی (خۆکوشتن داین).

لە مێژووی سەدەی نۆزدەهەممانـدا هەرەسی میرنشینی بابان لە ئەنجامی کێشەی (برا و برا) لەسەر کورسی میرایەتی و کێشەی توندی نێوان (قادری و نەقشبەندی و هەرسهێنانی دووەمیان کە زیانی گەورەی کوردی تێدا بوو) و لە مێژووی نوێشدا شەڕەکانی براکوژی چ لە یەکێک لە پارچەکاندا و چ لەنێوان پارچەیەک و پارچەیەکی تردا بەڵگەی هەرە ئاشکران بۆ سەلماندنی نەتوانینی دابڕان لە هیچ کام لە فاکتەرەکانی تێکشکاندنی کەسێتی نەتەوەییمان.

پەیمانی سیڤەر لە مێژووی نوێدا بریتی بوو لە خودنمایشکردنی دنیا بۆ کورد، بەڵام کورد نەیتوانی ئامادەبوونی خۆی لە رووی ئەو خودنمایش کردنەدا بسەلمێنێت. بۆیە لە پەیمانی لۆزاندا (دەرەوە) دنیا مافی پرسیاری لە کورد سەندەوە و خۆی بووە ئەڵتەرناتیڤی و بڕیاری چارەنووس سازانەی

بۆ دا کە ئەنجام دابەشکردنی لەگەڵ خۆی هێنا. لە کاتی دەرچوونی پەیمانی سیڤەردا ئەگەر بهتبایە کورد ئامادەیی ئەوەی تێدا بوایە سوود لەو هەلومەرجە مێژووییە وەربگرێت ئەوە بەڕای من ئەو دەمە دەبووە خاوەنی ماف و قەوارەی خۆی، بەڵام رابەرێ ئەو کاتەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد کە شێخ مەحمودی حەفید بوو نەیتوانی وەکو ئەوەی دەبوو مامەڵە بکات و سوود لەو هەلە مێژووییە وەربگرێت، چونکە لەڕاستیدا شێخ لەبەر پەیوەستی توند و تیژی بە دینەوە و لە هەمان کاتدا وەکو شێخێکی سەر بە تەریقەتی قادری و گەوهەری دۆگمایانەی ئەو تەریقەتەش هێندەی تر ئاسۆی بینینی ئایندەیان لەبەرچاوی شێخ ونکرد و هەرگیز شێخ نەیتوانیووە لە روانگەی کوردایەتییەوە بڕوانێتە مەسەلەکان و بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو هاتنی کۆلۆنیالیستی بەریتانی بۆ کوردستان وا لێک دەداتەوە کە هێرشی کوفرە دژی دین و پێویستە لەسەر هەموو برایەکی دینی جیهاد بکات. هەر ئەمەش دەبێتە مۆتیڤی سەرەکی دژوەستانی بەردەوامی شێخ مەحمود بەرامبەر بەریتانیا. جەنگی شێخ جەنگی ئیسلام و کوفرە و باشترین بەڵگەش بۆ جێگیرکردنی ئەم رایە بەشداریکردنی شێخ مەحمودە لە شەڕی شوعەیبەدا دژی سوپای ئینگلیز، کە بەلای منەوە شێخ لەم شەڕەدا پارێزگاری لە عێراقی عەرەبی دەکات و بەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە موسوڵمانان دژی ئەهلی کوفر یەکگرتوون و خەبات دەکەن. ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە لای شێخ رۆحی کوردایەتی نەیتوانیووە بەسەر رۆحی عێراقیتیدا زاڵ بێت، کە لەڕاستیدا ئەو رۆحی عێراقیتییە بریتی بووە لە رۆحی پاراستنی ئیسلام چونکە شێخ وەک گووتمان بە جەنگی (کوفر و دین)ی زانیووە و لە هەمان کاتدا ئەو فیکرەیە کەسیەتی نەتەوەیی ئەمی تێکشکاندووە و کوردستانەکەی ئەمی داگیرکردووە و پێشی رەوا نەبووە کە نەک هەر دان بنێتە نەتەوەیتی کورددا، بەڵکو هەر لە بنەڕەتەوە پێی وابووە شتێک نییە ناوی نەتەوە بێت لە سایەی دیندا، بەڵکو تەنها دوو جەمسەر هەیە، جەمسەری ئیمان و جومسەری کوفر، لەنێو ئەو دوو جەمسەرەشدا بوونی نەتەوەیی توێنراوەتەوە، شێخ بەم تێڕوانینەوە هاتۆتە مەیدان بۆیە هەر زوو دەوڵەتانی خاوەن بڕیار گەیشتنە ئەو بۆچوونەی کە کورد لەڕووی ئامادەبوونەوە شایانی ئەوە نییە بەندەکانی پەیمانی سیڤەری بۆ جێبەجێ بکەن. ئەنجامی ئەوەش دابەشکردنی دووەمی کوردستان وەک بڕیارێکی نامرۆڤانە بەسەر کورددا سەپێندرا. ئەمەش بەگوێرەی کەسیەتیی نەتەوەیی کورد و خودی مرۆڤی کورد هەرەس لەنێو هەرەسدا بوو یان تێکشکاندن لەنێو تێکشکاندندا. هۆی سەرەکی ئەم کارەساتەش پەیوەستبوونی لە رادەبەدەری شێخ مەحمود بوو بە فیکری دینی و

نەتوانینی بینینی ئاسۆی نەتەوەکەی. کە من پێم وایە ئەگەر بەندەکانی پەیمانی سیڤەر سەبارەت بە کورد پیادە بکرایە ئەوە کورستان لەبری ئەوەی دابەش بکرایەتە پێنج بەشەوە دەکرایە دەوڵەتێک کۆڵۆنی کراو. لەم بارەشدا مەسەلەی کورد دووچاری ئەو چەڵەمەیەی ئێستای نەدەهات کە لە شێوەی گرێ کوێرەی لە کردنەوە نەهاتوو دایە. بەڵکو هەر هیچ نەبێت هەمان شێوەی دەوڵەتە کۆڵۆنی کراوەکانی عەرەب دواتر سەربەخۆیی خۆی دەستەبەر دەکرد، بەڵام دابەشکردنی کوردستان بەسەر پێنج بەشدا هەر تێکشکاندنی کەسیەتیی نەتەوەیی کورد نەبوو بە تەنها بەڵکو لە ئانجامی ئەو تێکشکاندنەدا رۆحی بەرەنگاربوونەوە و یەکێتی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردیش تێکشکێنرا، چونکە بە حوکمی ئەو واقیعە نوێیەی بۆ کوردستان دروستبوو و بووە سەر بەشی پێنج دەوڵەتی بێگانە، ئاراستەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردیش دەبوو بە پێنج ئاراستەی جیاواز کار بکات و ئەمەش تێکشکاندنی ستراتیژیەتی نەتەوەیی هێنایە گۆڕێ.

دیارە وەک دەیزانین لکاندنی کوردستانی باشوور بە دەوڵەتی تایەفەگەری سونە مەزهەبی عێراقیەوە و کوردستانی رۆژئاواش بە دەوڵەتی تایەفەگەری سوریاوە زیاتر هۆکاری مەزهەبی دەوری تێدا بینی سەرباری هۆکاری ئابووری. بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا و بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی دووەم و لەگەڵ تەواو بروەستاندنی فیکری ناسیونالیستی عەرەبیدا هەڵوێستی ئەو دەوڵەتانە بەرامبەر کورد زیاتر دژوار و نائینسانی تر بوو. گەرچی فیکری نەتەوەیی عەرەب لەسەر بنەمای فیکری دینی ئیسلام دروستبووە و خۆی چەسپاندووە، بەڵام لەڕاستیدا لە رووی پراکتیک و مامەڵەکردنەوە زۆر لە فیکری دینی ئیسلام توندو تیژترە و بڕوای بە هیچ بەها و قیەمێکی ئەخلاقی نییە و هەموو شتێ دەکات تەنیا لەپێناوی پاراستنی خودی خۆیدا. فیکری نەتەوەیی عەرەب و فیکری نەتەوەیی تورک و فارس بوونە فیکری کۆڵۆنیالیستی لەسەر کوردستان و هەرچۆن پێشتر واتە بەر لە رووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی، ئەو ئیمپراتۆرە کوردستانی داگیرکردبوو، بەو پێیە کوردستان وڵاتێکی کۆڵۆنیکراو بوو. هەر پێنج دەوڵەتی نوێ کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکرا بوونە ئەڵتەرناتیڤی ئیمپراتۆرەکانی پێشتری (عەرەب، تورک، فارس «سەفەوی») لە کوردستاندا، بەڵام ئەمان لە رووی سیاسەت و پیادەکردنیەوە لە ئیمپراتۆرەکانی پێشتری ئیسلام توند و تیژتر بوون و بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی تێکشکاندن و هەرەس پێهێنانی هۆشیاری نەتەوەیی و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی و کەسێتی نەتەوەیی کورددا بوون.

وەک گوتمان دابەشکردنی کوردستان بۆ

پێنج بەش یەکێتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردی پەرت و بڵاوکردەوە و هەمان خەسڵەتی پارچەپارچەیی و دوورەپەرێزی خێڵایەتی دایەوە بە گەوهەری بزووتنەوەکە، ئەگەر لە سەرەتای سەدەی بیست بەدواوە و بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی یەکەم هۆشیاری نەتەوەیی کوردی لەرێگای نەشونوماکردن و بنبەستبووندا بووبێت، ئەم پرۆسەیەش گواستنەوە بێت لە ستراتیژیەتی خێڵەوە بۆ ستراتیژیەتی نەتەوەیی، لە عەقڵی میرنشینێتییەوە بۆ عەقڵی پێکهێنانی دەوڵەت، لە هەڵوێستی پەرت و بڵاوی و پەرەوازەیی (خێڵەکەم لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە) بۆ هەڵوێستی دەبێ خێڵ و بەرژەوەندی خێڵ لەپێناوی بەرژەوەندی نەتەوەدا بێت. ئەوا دابەشکردنی کوردستان بەسەر پێنج دەوڵەتدا گەوهەری ئەو پرۆسەی هەرەس پێ هێنا و، ئەگەر ترۆسکەی دروستبوونی هۆشیاری نەتەوەیی بەو ئاراستانەی سەرەوە جولابێت ئەوا دابەشکردن ئاراستە جوڵەکەی پێچەوانە کردۆتەوە و بە ئاراستەی نێگەتیف پەیوەست بە گەشەی مێژوو و پرۆسەی بنیادنانەوەی کەسیەتیی نەتەوەییمان جولاندوویەتی. بە واتایەکی دی خەسڵەتێکی تەواو پەرش و بڵاوی بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد دروستکردووە و جارێکی دی لە رووی فرە ئاراستەییەوە وەکو کێشەی نێوان خێڵەکان بەدیاردەکەوت.

لەلایەکی تریشەوە مەسەلەی دابەشبوون و درێژەکێشانی ماوەی ئەو دابەشبوونە جۆرێک لە تەماهیکردنی هەر پارچەیەکی کوردستانی بەو دەوڵەتە کۆڵۆنیالیستەی پێوەی لکێندراوە دروستکردووە، هەرچۆن لەگەڵ گەیشتنی ئیسلام بە کوردستان و تێکشکاندنی ئایینی زەردەشتی کورد تەماهی لەگەڵ فیکری دینی ئیسلامدا کرد و ئێستا هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە کە پێشتر خاوەنی ئاینێکی تر بووە و کەسێتی نەتەوەیی ئەم لەو ئایینەدا ئامادیی هەبووە و هەرەسهێنانی ئەو ئایینە هەرەسی کەسێتی ئامادەی ئەویشی لەگەڵ خۆی هێناوە. دیسان لە رووی سایکۆلۆژیشەوە ئەو تەماهیکردنە بەئاشکرا دەبینرێت و تا رادەیەکی زۆریش ئێستا ئەگەر تەنها کوردی کوردستانی لکێندراو بە عێراقەوە وەک نموونە وەربگرین دەبینین رۆحی عێراقێتی یان خۆ بە عێراقی زانین دیاردەیەکی ئاشکرایە و من پێم وایە بەشی زۆری دانیشتوانی کوردستانی ئەم بەشە دەگرێتەوە، ئەوەی لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ رۆڵی کاریگەری سەرجەم حیزبە دیارەکانی کوردستانیش بکەین لەم رووەوە کە چۆن راستەوخۆ و تاکو ساتەوەختی ئێستاش کاردەکەن بۆ بنبەستکردن و برەوپێدانی ئەو گیانی عێراقێتییە کە ئەمە بێ چەند و چوون خۆ دوورگرتنە لە رەتکردنەوەی ئەو فاکتەرانەی کە کەسیەتی نەتەوەیی کوردیان تێکشکاندووە. لەلایەکی تریشەوە

ئەوە بەرجەستە دەکات کە هەر بەشێکی کوردستان دوور و بێ پەیوەندییە لەگەڵ بەشەکانی تردا و مادەم ستراتیژەیتی پاراستنی یەکێتیی هەر بەشێکی لکێندراوی کوردستان بەو کۆلۆنیالیستەی پێوەی لکێندراوە و کۆلۆنیکردوە ستراتیژیەتیکی زیندووە کەواتە ستراتیژیەتی نەتەوەیی تەنها لە سنووری وەهمی رۆشنبیرە دەگمەنەکان و تاکە سیاسییە هۆشیارەکاندایە و لە رووی ئیشکردن و هەوڵ بۆ دانی سەرجەم حیزبەکانی ئێمەوە یان باشتر بڵێین بزووتنەوەی رزگاریخوازانەمانەوە نەبۆتە شتێکی ئامادە و لەبەرئەوە لە رووی پراکتیکیشەوە هیچ هەوڵێکی بۆ نەدراوە.

وەک دەیزانین لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی و دروستبوونی رژێمە کۆمۆنیزمەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات و چین و زیاتر بەهێزبوونی یەکێتیی سۆڤیەت، ستراتیژی ناردنە دەرەوەی شۆڕش و بە حیساب یارمەتیدانی گەلانی بندەست لەلایەن بلۆکی کۆمۆنیزمەوە زیاتر بنبەست بوو، دروستبوون و گەشەکردنی حیزبی شیوعی عێراقی و پێم وایە حیزبی شیوعی زۆربەی وڵاتانی تری ناوچەکەش لەژێر کاریگەری ئەم پرۆژەیەی سۆڤیەت و بلۆکی کۆمۆنیزمدا بووە. هەر بۆیە حیزبی شیوعی لە هیچ کام لەم وڵاتانەدا نەیتوانییوە پێگەی خۆی لەنێو گەلدا بچەسپێنێ و ببێتە حیزبێکی چینایەتی خاوەن بەرنامە و ستراتیژی سەربەخۆ و لە هەمان کاتدا کەسیەتیی سەربەخۆ و ئامادەی هەبێت و لە ئاستی بڕیارداندا خۆی لە هەڵوێستی رۆیشتن لەگەڵ رووداوەکاندا رزگار بکات. حیزبی شیوعی نەک هەر نەیتوانیووە لە دۆگمای مارکسیزم رزگاری بێت، بەڵکو بیرۆکراتیەتی ستالینیزم گەوهەری بەرنامە و ستراتیژەیتی ئیشکردنی بووە. لە تێڕوانینی یەکەمەوە ئەم دروشمی یەکێتی چینی کرێکاری بەرزکردۆتەوە و تەنانەت تاکو ئێستاش دروشمی (کرێکارانی جیهان یەککگرن) دروشمی سەرەکی حیزبی شیوعییە، کە بە بۆچوونی من ئەمە گوشادی پەیوەستبوون بە دۆگمای مارکسیزمەوە دەکات، لەسەر بنەمای ئەو هیوایەی کە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دابمەزرێ و لە سایەی ئەو دیکتاتۆرەدا سەرجەم خەڵک بە ئاسوودەیی بژین، تا سنوورێک باسی مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد پێم وایە وەک خاڵێک گەرچی لە بەرنامەی ئەم حیزبەدا هەیە بەڵام لە رووی پراکتیکەوە هیچی بۆ نەکراوە و خاڵێکی بێگیان و نائامادەبووە. هەوڵدان بۆ یەکێتیی چینی کرێکاری عێراق واتە پاراستنی یەکێتیی نیشتمانی عێراق، ئەمەش خۆی لەخۆیدا دانانە بە عێراقیێتی کوردستانی باشووردا و هەوڵدانی سەپاندنی ستراتیژیەتی کۆزموپۆلۆتییە.

هەر بە کاریگەری ئەم ستراتیژیەتی کۆزموپۆلۆتییە و ئامادەبوونی حیزبی شیوعی لە کوردستاندا چ کوردستانی باشوور و چ

کوردستانی رۆژهەلات لەگەڵ دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەردوولا بەرنامەیەکی کەمتر لە ئاستی مافی رەوای نەتەوەییان خستە روو، کە ئەویش دیموکراسی بۆ دەوڵەتی کۆلۆنیالیست و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو، ئەگەرچی بەرجەستەبوونی ئەم بەرنامەیە تا سنووریکی زۆر پەیوەندی بە سوتراکتوری پێکهێنەری ئەم حیزبەوە هەبوو کە سوتراکتورێکی خێڵەکی و لەسەر بنەمای عەقڵی شاخ و ستراتیژیەتی شاخ دروست بوو بنیادنرا بوو، هۆی دروستبوونیشی لەباری یەکەمدا کاریگەری دەرەکی بوو کە ئەویش رزگاربوونی ولاتانی ئەوروپای رۆژهەلات و دروستکردنی قەوارەی سەربەخۆییان و لە هەمان کاتدا پروپاگەندەی ستالینیەت بۆ پشتگیری کردنی گەلانی بندەست، بە واتایەکی دی دروستبوونی پارتی دیموکرات هیچ پێگەیەکی رۆشنبیری و فیکری نەبوو. دروشمی دیموکراسی بۆ دەوڵەتی کۆلۆنیالیست و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان یەکەمین دان پیانانە لەلایەن بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردەوە بۆ شەرعییەتی ئامادەبوونی دەوڵەتانی کۆلۆنیالیست لە کوردستاندا و لەلایەکی تریشەوە لە رووی زانستییەوە سرینەوەی ماهیەتی نەتەوەیی کوردە، چونکە دانان بە رازیبوون بە مافی ئۆتۆنۆمی بەواتا دانان بە ناشەرعیەتی بنەماکانی نەتەوەدا، چونکە ئۆتۆنۆمی مافێک نییە کە بە نەتەوە بدرێت، بەڵکو ریفۆرمێکە کە بۆ کۆمەڵە کەسانێک دەکرێت کە بنەماکانی نەتەوەیان تێدا نییە و لەسەر خاکی نەتەوەیەکی دی ژیان دەگوزەرێنن، کەواتە ئێستا بەئاشکرا دەردەکەوێت کە چ حیزبی شیوعی عێراقی و چ پارتی دیموکراتی کوردستان راستەوخۆ لە رووی بەرنامە و ستراتیژەوە دانیان بە تێکشکاندنی کەسیەتی نەتەوەیی کورددا ناوە و بەمەش نەک دژی ئەو فاکتەرانە نەوەستاون کە کەسیەتیی نەتەوەیی ئێمەیان تێکشکاندووە، بەڵکو لە رووی بەرنامەکانیانەوە زیاتر ئەو رۆحی تێکشکاندنەیان برەو پێداوە، بەواتا لە پراکتیکی (خودکوشتن)دا بوون، ئەگەرچی پارتی دیموکرات بەدرێژایی ئەو مێژووە لە خەباتێکی بەردەوامدا بووە و بە هەزاران شەهیدی داوە. دیارە کاتێ بەم شێوەیە لەسەر بەرنامە و ئیشکردنی حیزبەکان دەدوێین بە هیچ شێوەیەک مەبەستمان لێدان و کەمکردنەوەی بایەخیان نییە، بەڵکو ئەوە دەرخستنی رووی راستی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی ئێمەیە و وەکو نەتەوە هەموومان تێیدا بەشدارین، پێم وایە دەبێ لە خوێندنەوەی مێژووشدا جگە لە راستی پەیرەوەی هیچ یاسا و سانسۆرێک نەکرێت.

دواجار ئەو دەستهاتەی کە پارتی دیموکرات لە ساڵی (١٩٧٠)دا بەدەستی هێنا و بەتایبەتی ماوەی چوار ساڵی شەرەوەستان

کەوالەمەی کتێب

ڕێگای خۆشکرد بۆ دەرکەوتنی جووڵانەوەی ڕۆشنبیری و فیکری. دەرکەوتنی پرۆژەی «ڕوانگە» یەکێکە لە بەرهەمەکانی چەندین ساڵی خەباتی چەکدارانەی گەلی کورد لەپێناوی «ئۆتۆنۆمی»دا. جۆرێک لە دیموکراسیەکی با لاوازیش بووبێت و ماهیەتی گەوهەری دیموکراستی نەبووبێت، بەڵام ئەو بارەی کە لەو چوار ساڵەدا دروست بوو ڕێگاخۆشکەر بوو بۆ دروستبوونی جووڵەی فیکری و ڕۆشنبیری لەم بەشەی کوردستاندا. دەرکەوتنی «ڕوانگە» بە تێڕوانینی من هەروا دیاردەیەکی سادە نەبوو تەنها پەیوەستی ئەزموونێکی نوێی شیعری بووبێت و لە پانتایی شیعردا گیرسابێتەوە. بەڵکو «ڕوانگە» سنوورێکی لەنێوان خۆی و بەر لەخۆیدا کێشا و ناتەبایی خۆی ئاشکراکرد و لەویشەوە لە دوو ئاراستەدا سەرەتای بنیادنانی خۆی خستەڕوو، کە یەکەمیان ئاڕاستە شیعرییەکە بوو. دووەمیش ئاڕاستەی ڕۆشنبیری سیاسی بوو. بە تێڕوانینی من لەوێوە سەرەتای جووڵانەوەکە دەستی پێکرد کە لە گەوهەریدا جووڵەیەکی ڕۆشنبیرییە و بنەمای زیندووکردنەوەی خودی شکستی کەسێتی نەتەوەیی ئێمە. ئەگەر سەرەتا ئاراستەیەکی توندڕەو و دوژمنکارانە بەرامبەر ئەزموونی ڕوانگە ڕاوەستان، ئەوە ڕاستەخۆ لەوێڕا ئەو دژوەستانە ماهیەتی ئەزموونی ڕوانگەی بەگوێرەی کەسێتی کورد دەرخست. دیارە لێرەدا (ئەزموونی ڕوانگە)م بەکارهێناوە نەک پرۆژەی ڕوانگە چونکە بە تێڕوانینی من ڕوانگە نەبۆتە پرۆژە، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی کە پرۆژە خەسڵەتی دیاری خۆیی هەیە.

وەک گوتمان ئاراستەی یەکەمی ڕوانگە لە شیعردا جێگای گرت، بەڵام ئاراستەی دووەم هەر لە ساتەوەختێکدا کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە ساتە گەشەکانیدا لە دەرەوەڕا دەبینرا کەچی لە بنیادی ئەزموونی ڕوانگەدا دەلالاتی وێرانەیەکی مێژووی و ڕۆشنبیری و فیکری ئاشکرابوو. ڕوانگە ئەگەر بیتوانیایە لە ڕووی مەعریفیەوە خوێندنەوەی جیدیانەی مێژووی ئێمە بکات ئەوا دەبوا بۆ سڕینەوەی فاکتەرە تێکشکێنەرکانی مێژوومان و ئاسەواری ئەو فاکتەرانە کاربکات. پیادەکردنی پرۆژەیەکی لەم جۆرەکە دەشیا ببێتە (پرۆژەی ڕوانگە) لە دوو ئاڕاستەدا دەبینرێت. کە دوو ئاراستەی هاوشانن، ئاراستەی یەکەم وەک گوتمان لە ئەدەبدا و ئاراستەی دووەم کەوتە پانتایی جوگرافیای سیاسەت و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردەوە و بووە هۆی دروستبوونی هەڵقە و دەستە و ڕێکخراوی حیزبی کەڵک وەرگرتووە لە ڕۆشنبیری هاوچەرخ و مارکسیزم و ماویزم. لە دیارترین و ناسراوترینی ئەو ڕێکخراوانە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)ە، بە بۆچوونی من لە مێژووی کورددا بە یەکەمین ڕێکخراوێکی

سیاسی دادەنرێت کە لەسەر بنەمای رۆشنبیری و لە شێوەی هەڵقەی رۆشنبیریدا دروست بوو بێت و تا رادەیەکیش تێڕوانینی بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی و ئایندەی کورد خەسڵەتی ئەو بنەمایەی پێوە دیاربوو. ئەگەرچی وەکو رێکخراوێکی مارکسی زیاتر لە دیدی چینایەتییەوە دەیڕوانی. هەرچۆن (دابڕان) لە مێژووی کورددا کارێکی ستەم بووە و هەرچی سەرەتای رۆحی ئەو دابڕانەیە هەبووە بەدرێژایی مێژووی کورد هەرەسی هێناوە و گەڕانەوە بۆ نێو مێژووی هێزە تێکشکێنەرەکە تاکە ئاراستەبووە کە پاش هەرەسی رۆحی دابڕان کورد لە بەری گرتووە، هەمان شێوە کۆمەڵەی رەنجدەرانیش نەیتوانی لەسەر ئەو ئاراستەیە بڕوات کە لە سەرەتای دروستبوونیەوە کرابووە بنەما و پێڕەوەی ئیشکردنی، هەر بۆیە ئەو رێکخراوەی کە خەسڵەتێکی رۆشنبیری هەبوو خۆی دایەوە دەستی واقیعی کۆمەلایەتی باوی کوردی و چ لە رووی رێکخستن و چ لە رووی بەرنامەشەوە بەرەو وەستان چوو و پەیوەست بە شێوازی کارکردنی سەرەتای. دواجار لە هەمان پەیوەندی و پێکهاتن و ئایدیۆلۆژیا و پێڕەوەی حیزبەکانی تردا یان لە شێوەی حیزبەکانی تری کوردستاندا خۆی بینیەوە و، ئەمیش بەتایبەتی شێوەیەکی تەواو لە دانان بە عێراقێتی کوردستانی باشووری پەسەندکردو پاشانیش دروشمی دیمۆکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی و ئۆتۆنۆمی راستەقینەی بۆ کوردستانی خستە بەرنامەی ئیشکردنییەوە و بۆ ئەو مەبەستەش گفتوگۆیشی لەگەڵ کۆلۆنیالیستی عێراقیدا کرد. بە بۆچوونی من ئەمەش هەمان شێوەی بەرنامەی پارتی دیموکرات و گیانی کۆزمۆپۆلیتی حیزبی شیوعی عێراقی کاریگەرییەکی راستەخۆی هەبوو لەسەر تێکشکاندنی کەسێتی نەتەوەیی کورد و تێکدانی جوگرافیای کوردستان و بە پێیەش شێواندنی مێژوومان لەلایەن کۆلۆنیالیستی عێراقیەوە.

ئاراستەی دووەمی روانگە کە لە ئەدەبدا جێگای خۆی گرت، بەرهەمهێنانی (گوتاری مانەوە) بوو. ئەو ئاراستەیە کە دابڕانێکی تەواوی لە فاکتەرە تێکشکێنەرکانی کەسێتیی نەتەوەیی کورد کرد لەدوای زیندووکردنەوە و فۆرمەلەکردنەوەی ئەو کەسیەتە تێکشکاوە دەگەڕا، هەروەک دەشزانین ئالاهەڵگری ئەم گوتارە شێرکۆ بێکەس بوو، گەرچی بەلای منەوە دەنگی (ئەنوەر قادر و رەفیق سابیر)یش، تەواوکەری ئەو گوتارە ئەدەبییەن کە لە رووی جیهانبینی و خاڵڕێژی ئایندەی مێژووی کوردەوە بە یەکەمین دابڕان دادەنرێت لە مێژووی فاکتەرە تێکشکێنەرەکانی کەسیەتیی نەتەوەیی ئێمە و داوای فۆرمەلەکردنەوەی ئەو کەسیەتییە نەتەوەییە دەکەن کە لە یەکەم تێکشکاندنیەوە کە تێکشکاندنی دەوڵەتی مادە و پاشانیش تێکشکاندنی ئایینی زەردەشتی هەتا

ساتەوەختی روانگە پرۆژەیەکی ئەوتۆ کە بتوانێت بەئاشکرا بانگی ئەو پرۆسەیە هەڵبدا دروست نەبووە. بۆیە لێرەدا دەشێ لە رووی بڕیاری (دابڕان)ەوە (روانگە) بە پرۆژە ناودێر بکەین. دیارە دابڕان لە پرۆژەی شێرکۆدا تەنها دابڕان نییە لە فیکری دینی بەڵکو لە هەمان کاتدا دابڕانیشە لە بیر و ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزم. کەواتە پرۆژەی شێرکۆ چ راست و چ چەپ هەردووک ئاراستەکە رەت دەکاتەوە و ئاراستەی سێیەم هەڵدەبژێرێت کە ئەویش ئیشکردنە لەنێو پانتایی جوگرافیای مێژووی نەتەوەدا .

ئەمەش شێوەی هێڵێکی نوێ وەردەگرێت بە مەبەستی زیندووکردنەوەی کەسێتی تێکشکاوی نەتەوەییمان. لەهەمان کاتدا ئەو رایە جێگیر دەکات کە کەسێتی نەتەوەیی کورد و هۆشیاری نەتەوەیی وەکو پێشتر باسمان کرد لە ئەنجامی گەشە و نەشونمانی بازاڕی هاوبەشەوە دروست نابێتەوە، یان فۆرمەلە ناکرێت و نە ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزم و نە فیکری دینیش ناشێت ببنە فاکتەری زیندووکردنەوەی ئەو کەسێتییە، کەواتە ئێستا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێت: داخۆ بە چ شێوەیەک دوای دابڕان لە فیکری دینی و بێئومێدبوون لە کاریگەری بازاڕی هاوبەش بۆ دروستکردنەوەی ئەو کەسێتییە دەبێ کاربکرێت؟ یان ئەو کەسێتییە چۆن دروست دەکرێتەوە؟ ئەمە ئەو پرسیارە گرنگەیە کە دەشێ هەروا بەئاسانی وەڵامێکی مەعریفی نەدرێتەوە.

بەتێڕوانینی من دابڕانیش ئەو کاتە دەگاتە ئەنجام کە پەیوەندیی هەرەمێتی کورد بە هەرەمە پەیوەندی فیکری دینییەوە هەڵوەشێندرێتەوە و لێی جیابکرێتەوە. دیارە لەکاتێکدا کە چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت جارێکی دی فیکری دینی ببێتە هۆکاری دروستکردنەوەی کەسێتی نەتەوەیی ئێمە. دروستبوونەوەی هەرەمی ئایینی زەردەشتییش شتێکی چاوەڕوان نەکراوە و ناشێ جارێکی دی زەردەشتییەت لە یادەوەری کورددا زیندووبێتەوە، چونکە ساتی ئەوە بەسەرچووە کە فیکری دینی ببێتە بنەمای پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی، لەبەرئەوەی کە لە حاڵەتی یەکەمدا فیکری دینی ناتوانێت وەڵامی پرسیارەکانی ئێستای مرۆڤ بداتەوە و لە رووی پیادەکردنی سەرجەم بنەما و پێرەوەکانیشیەوە رەنگە لە رووی پێداویستییەکانی ئێستای کۆمەڵگای مرۆڤایەتیشدا دووچاری کێشە ببێت لەکاتێکدا رووی دنیایی ژیان بالادەست بووە بەسەر رووی ئەودنیای درێژ و بێکۆتاییدا .

دیارە گەوهەری پرۆژەی شێرکۆ دروستکردنی ئەو حاڵەتی دابڕانەیە کە کورد لە هەرەمی فیکری دینی دەکاتەوە و دەیەوێت لە شێوەیەکی سەربەخۆدا فۆرمەلەی پێکهاتنی بکات. کە خودێکی سەربەخۆ و ناپەیوەست بێت لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، بە واتایەکی دی خودێکی سەربەخۆی خاوەن

هەواڵنامەی کتێب

کەسیەتیی تایبەت بێت و هیچ پەیوەندییەکی بە مێژووی فاکتەر تێکشکێنەرەکانییەوە نەبێت. ئەمە گەوهەری پرۆژەی شێرکۆیە، بەڵام ئەم تێڕوانینەی شێرکۆ لە سنووری کاری تاکەکەس یان چەند کەسێکدا ماوەتەوە، سەرباری ئەوەی وەک گوتاری ئەدەبی بۆتە (شا)گوتاری ئەم بیست ساڵەی ئەدەبی کوردی، بەڵام نەیتوانیووە خەسڵەتی پرۆژەیەکی رۆشنبیری وەربگرێت و ببێتە رۆحی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی ئێمە و بەرنامەی بزووتنەوەکەمان ئەو پرۆژە رۆشنبیرییە گەوهەری بێت و هەوڵی پیادەکردنی بدرێت.

سلێمانی

پایزی ۱۹۹۲

هەوڵنامەی کتێب

* بەتێروانینی من راپەرینی (بابەکی خورەمی و کاکەیی و هەقە) دەشێ وەکو هەوڵی دابڕانی جیددی لە مێژووی کورد و ئیسلامدا دابنرێت، ئەمەش بابەتێکی دوورودرێژە و من خۆم پێوەی خەریکم، هیوادارم بەو زووە کارەکەم بگەیەنمە ئەنجام.

** ئەنوەر قادر محەمەد لە کتێبی "لیریکای مەولەوی"دا رایەکی وەهای درکاندووە، بەڵام لەسەری نەرۆیشتووە، منیش لە لێکۆڵینەوەیەکی تردا بەناوی "کۆلۆنیالیکردنی کەلتوور" زیاتر بەو باسەوە خەریکبووم.

ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ بینراوە:


١-أدوارد سعيد. الأستشراق. ترجمة كمال أبو ديب، الأبحاث العربية، ؟، ١٩٨١.

٢- ئەنوەر قادر محەمەد. لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی. ستۆکهۆڵم. ١٩٩٠.

٣- جوزيف مفيزل. العروبة والعلمانية. ؟.؟.

٤- حسين مروة. النزعات المادية في الفلسفة العربية الأسلامية. الجزء الثاني. بيروت، ١٩٨٥.

٥- ريجيس دوبريه. نقد العقل السياسي. ترجمة عفيفة دمشقية. ؟. ١٩٨٦.

٦- سەکەلۆف. ئاڤێستا. ئەفرۆزۆف لە رووسیەوە کردوویەتی بە ئینگلیزی. مۆسکۆ. ١٩٦٧.

٧- عەتا فایەق قەرەداغی. لە عەقڵی خێڵەوە بۆ ستراتیژییەتی نەتەوەیی. رۆژنامەی نیشتمان، هەولێر، ژ. ٥٢٤.

٨- شەرفخانی بدلیسی. شەرەفنامە. هەژار کردوویەتی بە کوردی. نەجەف. ١٩٧١.

٩- عمر فروخ. التصوف فى الاسلام. بيروت. ١٩٨١.

١٠- فؤاد زكريا. الصحوة الأسلامية في ميزان العقل. دار التنوير. ١٩٨٥.

١١- كمال مظهر أحمد. كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى. ترجمة محمد الملا عبدالكريم المدرس، بغداد، ١٩٧٧.

١٢- محمد أمين زكي. تاريخ الدول والأمارات الكردية. ترجمة محمد علي عوني. القاهرة. ١٩٤٥.

١٤- محمد مردوخ كردستان. كتاب تاريخ مردوخ. جلد اول ودوم. چاپخانه آتش.؟.

١٥- محمود اسماعيل. سوسيولوجيا الفكر الأسلامي. مصر. دار الثقافة الجديدة، ١٩٨٥.

١٦- مطاع صفدي. استراتيجية التسمية. دار الشؤون الثقافة العامة. الطبعة الثانية. ١٩٨٦.

١٧- وجيه كوثراني. العثمانية من السلطنة الى الدولة القومية. ؟.؟.

18- Edomson Daived. Kurdish war. London. 1964.

19- Holt P.M. Introduction to the Cambridge History of Islam. Ed. P. M. Holt. Cambridge University press. 1970.

# هونەرمەندی کورد و

# هەندێ کێشەی هونەری شێوەکاری


## حسام حكيم

مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی -١٩٩١-


### رارەوی باسەکە

جاروبار بڕگەیەکمان بەرچاو دەکەوێت کە واتای پەیدابوون و هەوێن بوونی هونەری شێوەکاری کوردی دەبەخشێ، بەلام ئایا هونەری شێوەکاریمان مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە؟... یاخود جیاکەرەوەی ناوچەیی پێوە دەبینرێت؟... تاوەکو بتوانین ئەو واتایە لە جێگای خۆیدا و بەڕاشکاوی بەکاربهێنین.

لەڕاستیدا بەهۆی پێشکەوتنی هونەر و زۆریی ڕێبازەکانییەوە، دیاریکردنی مۆرکی تایبەتی بەئاسانی نایەتەبەر دەست، بەلام دەتوانین بەپێی سروشتی ڕەنگەکان بەکارهێنانیان، بەرهەمی شێوەکاریی کورد بناسینەوە و لە هەمان کاتدا دوور نییە لە شوێنێکی تری ئەم جیهانەش کەسانێک هەبن بە هەمان شێوە ڕەنگەکان بەکاربهێنن، ئەویش لەبەر جۆرە لێکچوونێک لەنێوان سروشت و ژینگەی ئێمە و ئەواندا. ئەوەی دەمێنێتەوە جۆر و چۆنیەتیی بابەت و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە بارودۆخی ژیانی گەلەکەمانەوە هەیە.

(هەرچەندە ئەم لایەنەش مەرجێکی پتەو نییە بۆ پێکهێنانی مۆرکی تایبەتی لەبەرئەوەی تەنیا لە ڕێبازی ڕیالیستیدا، بەڕوونی بابەت و ناوەڕۆک دیارن، ناشتوانین لەسەر بنچینەی هونەری ڕیالیستی ئەو مۆرکە دەستنیشان بکەین و ئاوڕ لە ڕێبازەکانی تر نەدەینەوە)، لایەنێکی تریشمان هەیە کە بە یەکێک لە مەرجەکان دەژمێردرێت، ئەویش بەکارهێنانی فۆلکلۆرە کە بە ناسنامەی نەتەوەیی دادەنرێت، دەڕوانین چەند هونەرمەندێکمان ئاوڕیان لەم لایەنە داوەتەوە و بەکاریدەهێنن، لە هەمان کاتدا لە بەرهەمی ئەو هونەرمەندانەی کە بەپێی ڕێبازی (داماڵینکاری واتا تجریدی)

هەوڵنامەی کتێب

کاردەکەن، کەمتر بەرچاو دەکەوێ. جا بۆ ئەوەی وردتر ئەو واتایە بەکاربهێنین، دەتوانین بڵێین مۆرکی تایبەتی لە بەرهەمی هونەرمەندێکدا (١) دیاری دەکرێت یاخود لە هی چەند هونەرمەندێکدا کە سەر بە یەک رێبازی هونەری بن. (لەڕاستیدا ساغکردنەوەی مۆرکی ناوچەیی و نەتەوەیی و دیاریکردنی، پێویستی بە تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی فراوان هەیە). لێرەدا بەرەو رووی پرسیارێک دەبینەوە کە هی گرنگیی مۆرکی تایبەتییە لەکاتێکدا زۆربەی رێبازە نوێیەکانی هونەر ئاکار و مەرجی ناوچەیی بەجێ دێڵن و لێی دوور دەکەونەوە و لە بوارێکی فراوانتردا یەک دەگرنەوە، کە بواری جیهانییە؟ لێرەدا دەتوانرێ بوترێ ئەو مۆرکە وەکو ناسنامەیەک وایە کە رەسەنایەتیی ئەو هونەرە دەسەلمێنێ و هیچ لە لایەنە جیهانییەکەیشی کەم ناکاتەوە، بەڵکو نزیکبوونەوەی هونەر لە کۆمەڵەوە و تێکەڵبوون و نزیکبوونەوەی لە مێژوو و خاک و خەون و برینەکانی کۆمەڵ بەشێوەکی قووڵ و راستگۆیانە، بە ئەزموونێکی هونەری پێویست و کاریگەر دەژمێردرێت و لەگەڵ کەلەپووری جیهانی هونەریشدا یەک دەگرنەوە، لەلایەکی ترەوە هەنگاونان رووەو ئاست و رەوتێکی جیهانی بەبێ ئاوڕدانەوە لە دەوروبەر و واقیع، بەرهەمێکی هونەری لەبارچووی لێ دەکەوێتەوە و وەکو هەوڵ و تەقەلایەکی ئەزۆک دەکەوێتە بەرچاو.

## سروشت و بزووتنەوەی هونەری شێوەکاریمان:

بزووتنەوەی شێوەکاریمان لەم سەردەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی بەر لە پەنجاکان و بەپێی سێ قۆناغ دیاری دەکرێت:

(١) قۆناغی یەکەمیان: لە هونەری زگماکی و خۆڕسکەوە نزیک بووە، واتا شارەزایی ئەکادیمیانەی لەگەڵدا نەبووە و (تا ئێستا بەوردیی و فراوانی نەخراوەتە بەر رۆشنایی و بەرهەم و کەلەپوورەکانی وەکو پێویست نەپارێزراون، هەندێکی هونەرمەند «حەسەن فەلاح» نەبێت، دەربارەی «دانیال قەصاب»یش زانیارییەکی پووختە و کۆکراوە نییە. دەمێنێتەوە هونەرمەند «عەزیز سەلیم» هەروەکو خۆی لە چەند شوێنێکدا باسی کردووە کە لە ساڵانی سییەوە سەرقاڵی نیگارکێشان بووە، بەڵام ئەویش هیچ بەرهەمێکی هونەریی خۆی، هی ئەو سەردەمەی نەماوە.

(٢) قۆناغی دووەم: لەدوای ساڵانی پەنجاوە دەست پێ دەکات و شارەزایی ئەکادیمی بە یەکێک لە دیاردە گرنگەکانی ئەم قۆناغە دەژمێردرێت. پاش دەرچوونی چەند قوتابییەکی کورد لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا و بەشداریکردنیان لە پێشانگای ساڵی ١٩٥٥ کە بۆ کشتوکاڵ و پیشەسازی(٢) سازکرابوو لە شاری سلێمانی

ئەم هونەرمەندانە بە چەند تابلۆیەک گۆڕانێکیان سازداوە لە ڕەوتی پێشووی نیگارکێشان و نیشاندانیدا، دیسانەوە پێویست بوو شوێنەوارێکی ئەو تابلۆیانە بپارێزرایە، لەو هونەرمەندانەی بەشداری پێشانگای ناوبراویان کردووە، هونەرمەندان «ئازاد شەوقی» و «ئەنوەر تۆقی» و «خالید سەعید»، بابەتی تابلۆکانیان لە نێوان دیمەنی سروشتی و وێنەی ژیانی ڕۆژانەی کوردەوارییدا بووە و بە شێوازێکی ریالیستیانە کێشاویانە.

تێبینییەک کە دەبوایە لە سەرەتای باسەکەوە بگوترایە، دەربارەی مێژووی هونەری شێوەکاریمان و کۆنترین شوێنەوار و پاشماوەی و ئەو قۆناغانەی کە پیایدا تێپەڕبووە بەدرێژایی مێژوو لە سەردەمی میدییەکانەوە، بەڵکو بەر لەوانیش ئەو شوێنەوارانەی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکانی کوردستان هەیە، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەتی هەیە و لێرەدا هەر ئەوەندە بوارمان هەیە، کە بەر لە پەنجاکانی ئەم سەردەمەوە بخەینە بەر ڕۆشناییەکی کەموکوڕ، لەبەر نەبوونی سەرچاوەی پارێزراو، هەروەها نەبوونی مۆزەخانەیەک کە بەرهەم و شاکاری شوێنەواری سەردەمی کۆن و نوێی تێدا بێت، هەر لە هەمان قۆناغدا واتا کۆتایی پەنجاکان، لە شاری هەولێریشدا هونەرمەندان «محەمەد عارف» و «سلێمان شاکر» و «جابری پەیکەرتاش» سەرقاڵی جموجۆڵی هونەری بوون و بە پێشەنگی بزووتنەوەی شێوەکاری دەژمێردرێن لەدوای «دانیال قەساب» لە شاری هەولێردا، هەروەها پێویستە ئاماژە بۆ ڕۆڵی هونەرمەند «بەدیع باباجان» بکەین کە هەر لەو ساڵانەدا لە شاری کەرکووک چالاکی هونەریی هەبووە. (دەمەوێ ئەوە دووبارە بکەمەوە کە ئەم بەرچاوخستنە خێرایە، هیچ کەلێنێک لە مێژووی نزیکی هونەری شێوەکاریمان پڕ ناکاتەوە، بەڵکو تەنیا وەکو پێشەکییەکی کورت و پێویست، ئاوڕم لێ داوەتەوە.)

بەرلەوەی باسی قۆناغی سێیەمی بزووتنەوەی شێوەکاری بکەم پێویستە دەستنیشانی هەندێ دیاردە و ڕووداو و گۆڕانکاری بکرێت کە بوونەتە هۆی ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ، وەکو بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕۆژنامەگەری و پەرەسەندنی جموجۆڵی ڕۆشنبیری بەگشتی و گۆڕانی ئاستی هۆشیاری خەڵک، بەهۆی بەهێزبوونی جووڵانەوەی سیاسییەوە، کە ئەنجامەکەی بەرپابوونی شۆڕشی ١٩٥٨ بوو، بەمەش مەودای دەربڕین و چالاکیی و داهێنان فراواتر بوو، ئەمانە هەر هەمووی ڕەنگدانەوەی ڕاستەخۆیان لە پێشخستنی بزووتنەوەی هونەریدا هەبووە. سەرەڕای کۆمەڵێ هۆکاری گرنگی تر کە لە بنچینەوە ڕوخسار و سروشتی هونەری شێوەکارییان

هەواڵنامەی کتێب

گۆڕی؛ وەکو دامەزراندنی چالاکیی قوتابخانەکان و کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان و ڕۆڵ و کاریگەری دەرچووانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا. بەڵام لە پاش کودەتا خوێناویەکەی ساڵی ١٩٦٣ دیسانەوە نەهامەتی و تاریکی باڵی کێشایەوە بەسەر ژیان و چارەنووسی گەلەکەماندا و هونەریش وەکو هەموو لایەنەکانی ژیان دووچاری سستی و چرووسانەوە بوو، تێکڕای ساڵانی شەست تاوەکو سەرەتای حەفتاکان بزووتنەوەی هونەریی لە بەرزی و نزمیدا بووە و تەکان و هەنگاوی گەورەی بەخۆیەوە نەبینیووە، جگە لە چەند دیاردەیەکی گەش، وەکو سازکردنی چەند پێشانگایەکی هاوبەشی و شەخسی و گرنگی دان بە گووتنەوەی وانەی هونەر لە قوتابخانەکاندا و زۆربوونی ژمارەی هونەرمەندان، هەروەها لە شەستەکانەوە تاوەکو ڕاپەڕینی بەهاری ئەم ساڵمان تەنیان چوار ساڵی نێوان ١٩٧٠-١٩٧٤، نەبێت بەردەوام بارودۆخی کوردستان ڕوو لە دژواری و ناڵەباری و تاریکی بووە، مەودای ژیان لە داخران و پووکانەوەدا بووە و مافەکانی مرۆڤ بەئاشکرا پێشێلکراوە و هەموو جۆرە سەربەستییەک قەدەغەکراوە، تەنیا سەربەستی کوشتن و وێرانکردن و داپڵۆسین نەبێت، بەڵام سەرەڕای ئەو بارودۆخە ناهەموارە هونەرمەندانی کورد دەستەوەستان و بێهەڵوێست نەبوون و هەمیشە لە هەوڵ و تەقەلایەکی بێوچاندا بوون بۆ بەردەوامبوون لە پێشخستنی بزووتنەوەی هونەری لە کوردستاندا.

## ڕێبازەکانی هونەری شێوەکاریمان:

هۆیەکانی پەیدابوون و سەرهەڵدانی ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی هونەری شێوەکاری، بەستراون بە گۆڕان و ڕووداو و دیاردەکانی واقیعەوە، لە لایەکی ترەوە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە جیهانی ناوەوەی هونەرمەندەوە هەیە لە ڕووی هەوڵ و تەقەلای بەردەوام و گەڕان بەدوای بایەخە بەرزەکانی جوانی و خستنەڕووی ئەزموونی کەسێتی جیاواز و نزیکبوونەوە و گەیشتن بە ئاست و دۆخی داهێنان، بۆ نموونە دەرکەوتنی ڕێبازی ڕیالیزم لە ئەوروپادا پەیوەندی هەبوو بە شۆڕشی پیشەسازییەوە کە لە ئەنجامی ئەو پەرەسەندنە گەورەیەی لە بواری زانستی سروشتی و میکانیک و کیمیادا ڕووی دا، هەروەها لە فەلسەفە و ئەدەب و هونەریشدا ڕەنگی دایەوە،[٢] لە هەمان ڕوانگەوە دەڕوانین بۆچوون و هەڵێنجانی زانستی دەربارەی پەیوەندیی تیشک بە ڕەنگەکانەوە، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە هاتنەکایەی ڕێبازی

(کارگەریتی-ئیمپریشنزم) سەرەڕای سروشتی تابلۆکانی (کرنستابل) و کۆمەڵی (باربیزۆن) و هونەری یابانی و داهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی،(٤) هەروەها وێرانکاری و شوێنەواری جەنگی جیهانی یەکەم هۆیەکی کاریگەر بوو لە دەرکەوتنی رێبازی دادیزم و سریالیزم. لەگەڵ بۆچوون و بیروڕاکانی «سیگمۆند فرۆید» دەربارەی لایەنی بێئاگایی مرۆڤ. دەتوانین هەر لەو بارەیەوە دوو لەو هۆکارانە دەستنیشان بکەین کە زەمینەیان بۆ سەردەمی وریابوونەوە (Renaissance) خۆشکرد، یەکەمیان: گەشە و گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی و بەرزبوونەوەی چینی بۆرژوا بوو، کە لە بازرگانە گەورەکان و خاوەنی بانک و کارگەکان پێکهاتبوو، سروشتی ئەم چینەش بەلای سەرقاڵی مادی و جڵەوشلکردن بۆ ئارەزوو و هەستدا دەکشێت و پشت بە ئەقڵ و ئەزموون دەبەستێت، لەگەڵ هەندێ داب و نەریتی سەردەمی پێشوو، تێکەڵییەکی نامۆی لە ریالیستی و ئایدیالیستی پێکهێنابوو، وەکو روخسارێکی ئاشکرای ئەو سەردەمە. دووەمیان: ئەو گۆڕانکارییەی لە فەلسەفەدا بەدی هات، لە رووی پشتبەستن بە هەست و ئەزموون بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، ئەوەش بوو بەهۆی جیابوونەوەیەک لەنێوان ئەقڵ و باوەڕی ئایینی.(٥) ئەم کاریگەر و هۆکارانەی کە باسمان کردن، چەند نموونەیەک بوون لەگەڵ رۆڵی باری ئابووری-کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و جەنگ و داهێنانی نوێ لە پەیدابوون و دەرکەوتنی رێبازەکانی هونەردا، بەڵام لەلایەکی ترەوە کەسێتی و هەوڵ و تەقەلای هونەرمەندیش دەبێتە کارێگەرێکی بەهێز لە مەیین و شەقڵبەستنی رەوتێکی هونەری نوێدا، هەروەکو کارێگەرێتی بەرهەمەکانی سورا و سیزان و ڤان کوخ و گۆگان لەسەر هونەرمەندانی رێبازی ؟؟؟؟؟؟؟؟ (کێوییەتی) و دەربرینکاری و کوبیزم (شەشپاڵویی).(٦) جا لە کەلاورۆژنەی چۆنیەتیی سازدان و سەرهەڵدانی رێبازە هونەرییەکانی جیهانەوە، دەمانەوێ رێبازە شێوەکارییەکانی لەمەڕ خۆمان بەسەر بکەینەوە و نەختێک رۆشناییان بخەینە سەر.

لەو راستییەوە دەست پێدەکەین کە گەلێ کورد لەم رۆژگارەدا بە زۆری لە بارودۆخێکی نائاساییدا ژیاوە و ، لەناوبردن و تواندنەوەی، ئامانجێکی سەرەکی بووە لای داگیرکەر و دوژمنەکانی، بەردەوام دووچاری سەرکوتکردن و تۆقاندن و کاری زۆرەملێ و گۆڕینی واقیعی نەتەوایەتی بووە؛ رەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە نائاساییەش لە بەرهەمی هونەرمەندە شێوەکارەکاندا لە سێ شێوازی سەرەکیدا دەبینرێت. یەکەمیان: ریالیستە، زۆرجاریش ریالیستێکی رەخنەیی. هونەرمەند بەهۆی ئەو شێوازەوە کە بۆ فۆرمێکی ئاسایی و ئاشناوە دەخرێتە روو، دەیەوێ دەنگ و هەڵوێست و نارەزایی خۆی لە توێی بابەتێکی هەڵبژاردەدا لەگەڵ

ڕەچاوکردنی بابەخەکانی هونەری و جوانیدا بەرجەستە بکات، (پێویستە ئەوەش بڵێین هونەرمەندی کورد، بابەتەکانی لە زنجیرەی کارەساتی مێژوویی دوور و نزیکی گەلەکەیەوە هەڵدەبژێرێ و هەروەها بابەتی گەشی بەرەنگاربوونەوەش گوڵبژێر دەکات، سەرەڕای ئەو بابەتانەی کە لەگەڵ سروشتی زیندوو و تینووی بۆ جوانی ژیان و سەربەستی و ڕووناکی و ئاواز و ڕەنگ و داهێناندا ئاشنایە...)

دووەمیان: ڕێبازی دەربڕینکارییە. ئاشکرایە کە سەرکوتکردن و دەسەڵاتی سەپێنراوی پۆلیسی، لە ئارادا بێت، تووڕەیی و سۆزی ئاگرین و بێئارامی و خورگە و ئاواتێکی زۆر لە ناخ و دەروونی هونەرمەندا پەنگ دەخواتەوە و توانای دەربڕین بەهێز دەکات و بەقووڵی و خەستی ئەو کڵاڤە ژانە گرگرتووەی نێو ویژدانی، دەربڕینەکەی بەرز و کاریگەر و بەهێزتر دەکات، بە مەرجێک توانا و شارەزاییەکی هونەری پێگەیشتووی لەپاڵدا بێت. سێیەمیان: ڕێبازی هێماکارییە (الرمزیە) هەروەکو باسمان کرد هونەرمەند لە بارودۆخێکی دژواردا، کە هەموو جۆرە سەربەستییەک گۆڕکرابێت، ناتوانێ بابەتەکانی ڕاستەخۆ بخاتە ڕوو ناچار پەنا دەباتە بەر (هێما) بۆ دەربڕین و بەرجەستەکردنی ئەو هەوێنەی لە مێشک و دەروونیدایە، بێگومان هەڵبژاردن و بەکارهێنانی هێماکانیش دەگەڕێتەوە بۆ زیرەکی و شارەزایی و توانای هونەرمەند. ئەم سێ ڕێبازە بە زۆری لە پێشانگاکاندا دەبینرێن، جاروباریش هەندێ بەرهەم بەرچاو دەکەون کە بەپێی ڕێبازی سریالیزم یاخود داماڵینکاری (التجریدی) ئەنجام دراون، جا تێکڕای ڕێباز و بەرهەمەکان (ئەوانی ڕەسەن و پێشکەتوو و شیاون) دەوڵەمەندی و زیندوویی و سەختی و خۆڕاگری ئەم گەلە دەسەلمێنن.

## هونەری شێوەکاری و ڕەسەنایەتی:

لەڕاستیدا دەستنیشانکردنی ڕەسەنایەتی لەنێو ڕێبازە نوێیەکانی هونەری شێوەکاریدا، کارێکی دژوارە... دەتوانی بڵێین ڕاستگۆیی لە دەربڕیندا یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی هونەری بەرز و لەگەڵ قاڵبوون و توانا و شارەزاییەکی بەرزدا دوو لایەنی ڕەسەنایەتی پێک دێنن؛ واتا کارامەیی و توانا و چێژی هونەرمەند لە بەرجەستەکردنی بابەخەکانی هونەر و جوانی، هەروەها هەوڵ و تەقەلای بۆ هێنانەدی مەرجی داهێنان لە بەرهەمەکەیدا، لە پاشاندا ساغکردنەوەی ڕەسەنایەتی دەکەوێتە ئەستۆی پسپۆران و سەیرکار و ڕەخنەگران و مێژووەوە.

هەندێ بەرهەمی هونەری سنووری کات و سەردەم دەشکێنن و لە ئایندەدا جێگای خۆیان دەکەنەوە و بەسەر لەناوچوون و

لەیادکردندا زاڵ دەبن و دەچنە پاڵ بەرهەمە نەمرەکانی تر. ئەمریش بەئاسانی بەدی نایەت، نهێنی مانەوەی پەیوەستە بە سروشتی بەرهەمەکەوە، جا لەبەر جەوهەر و فۆرمی بەهێزە یاخود ناوەڕۆک و رووالەتی بەرزی. رایەکیش هەیە کە کێشەی لەناوچوون و لەیادکردن دەبەستێتەوە بە رووداو و بابەتی کاتییەوە واتا ئەگەر هونەرمەند کارەسات و رووداوی سەردەمی خۆی بەرجەستەکرد، پاش بەسەرچوونی چەند ساڵێک رووداوەکە و بەرهەمە هونەرییەکەش لەیاد دەکرێت، بەلام زۆر نموونەمان هەیە بەپێچەوانەی ئەو ڕا و بۆچوونەوەیە، بەرهەمی وا هەن لە مۆزەخانە بەناوبانگەکانی جیهاندا پارێزراون و بایەخێکی زۆریشیان پێ دەدرێت، سەرەڕای تێپەڕبوونی سەدەیەک یاخود دووان بەسەر رووداوەکە و بەرهەمە هونەرییەکەشدا هەروەکو تابلۆی (کوشتنی مارا)ی هونەرمەندی فەرەنسی داڤید و تابلۆی (گوللەبارانی شۆڕشگێڕەکانی مایو)ی هونەرمەندی ئیسپانی گۆیا و تابلۆی (کەڵەکی میرۆزا)ی جیرکو و هەروەها تابلۆی (گێرنیکا)ی پیکاسۆ، کەواتە (نەمری)ی هەندێ بەرهەم دەگەڕێتەوە بۆ توانای هونەریی هونەرمەندەکە وەکو شارەزایی و کارامەیی قاڵ بوون و ئەزموونی هونەری قووڵ و هەست و چێژی جوانی بەرز و رەوت و شێوازی کەسێتی جیاواز. ئەگەر لەم روانگەیەوە بڕوانینە بەرهەمەکانی «ڤان کۆخ» تێبینی چەند لایەنێکی بەهێز دەکەین، وەکو کارامەیی لە بەرجەستەکردنی سۆز و جۆش و تاوگیری ناخی خۆی بە شێوەیەکی راستگۆیانە و بەکارهێنانی تەکنیکی تایبەتی و جیاواز و کاریگەر، هەروەها هەڵچوونی ناخی گرگرتووی بێئارامی لە چەند ساتێکی سۆفیگەرانەدا.

ئەو بە هەموو گیان و هەست و زیندەگییەوە، لە رەنگ و هێڵی دەپێچا و بایەخە بەرزەکانی جوانی و تیشکی پیرۆزی لەنێودا دەشاردەوە، ئەمانە و جۆری بابەتەکانی شێوەی داڕشتنی بوونە هۆی نەمری زۆربەی بەرهەمەکان. مەرجیش نییە هەموو بەرهەمە نەمرەکانی جیهان هاوبەش بن لە چەند خاڵێکی دیاریکراودا، چونکە ئەو مەرجانە پەیوەندیی راستەوخۆیان هەیە بە سروشتی داهێنان یاخود چۆنیەتیی داهێنانەوە، ئەویش بەپێی جۆری تێڕوانین

هەواڵنامەی کتێب

و هەڵسەنگاندنی بایەخەکانی هونەر و جوانی دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئەو بەها و بایەخانەی کە لە سەردەمی بارۆک و روکۆکۆ و کلاسیزمی نوێ و رۆمانسیزم رەچاو دەکرا و گرنگی پێ دەدرا، لە هونەری شێوەکاری نوێدا بە جۆرێکی جیاواز هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت و، لە روانگەیەکی جیاوازەوە هەڵدەسەنگێنرێت، هەروەکو بایەخەکانی جوانی لە بەرهەمی هونەرمەندانی کوبیزم و داماڵینکاری و دەربڕینکاریدا. دەروانین کرۆتشەی فەیلەسوف، جوانی بە راستییەکی گیانی دادەنێت کە ناکرێت پێوەری بۆ دابنرێت وەکو دیاردەیەکی سەقامگیری نەگۆڕ.(٧)

### هونەری شێوەکاری و رەخنە:

ئاشکرایە کە رەخنە، لایەنێکی گرنگ و پێویستە، ئەگەر لە روانگەیەکی خزمەتگوزاری و سوودبەخشەوە هەنگاو هەڵێنێت و وەکو چرا و تەرازوو دەتوانین لەنگەر و هاوسەنگی بزووتنەوەی هونەری پێ راگرین و دیاردەی لەبار و گەشی پێ دەستنیشان بکەین و ئاماژە بۆ کەلێن و خاڵی لاوازیشی بکەین. هەروەها رەخنەکاری دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی لایەنی فیکریی رویمانەیی (النظری) و، برەو بە هێز و پێشکەوتنی بزووتنەوەکە دەدات. لێرەدا دەپرسین ئایا رەخنەی شێوەکاریمان هەیە؟

ئەوەی لەنزیکەوە ئاگای لە جۆر و بابەتی ئەو نووسین و بڵاوکراوانە هەبووبێت کە لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاوبوونەتەوە، دەتوانێ بەئاسانی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، زۆربەی نووسین و وتارەکان لە سنووری رێپۆرتاژ و چاوپێکەوتن و بابەتی وەرگێڕاو، تێناپەڕن، واتا دەربارەی یەکێک لە هونەرمەندە ناسراوەکانی جیهان یاخود رێپۆرتاژ لە شێوەی هەواڵێکدا و چاوپێکەوتنەکانیش بە زۆری لایەنی کەسێتی هونەرمەندی دەرخستووە لەگەڵ هەندێ بیروڕای تایبەتی، جا بۆ ئەوەی لە بنەمای کێشەکەوە بڕوانینە سروشتی رەخنەی شێوەکاری پێویستە پرسیارەکە بگۆڕین و بڵێین، ئایا رەخنەگری شێوەکاریمان هەیە؟... دەتوانین بڵێین هەندێ هەوڵ و تەقەلامان بەرچاو دەکەوێت، بەڵام نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی رۆڵێکی کاریگەر ببینێت. پێویستە رەخنەگر بە شارەزایی و رۆشنبیرییەکی فراوانەوە پەنجە بۆ دیاردە و لایەنەکانی هونەر رابکێشێ و پێش هەموو شتێکیش پێویستە لە روانگەیەکی

بابەتییەوە (الموضوعی) بڕوانێتە کێشەکان و پێشکەوتن و پەرەسەندنی بزووتنەوەی شێوەکاری بگرێتە بەرچاو هەروەها توانای نووسینیش دەچێتە پاڵ مەرجە پێویستەکانی کاری ڕەخنەگری، جا نەبوونی ڕەخنەگرێک کە ئەم ڕۆڵە کاریگەرە ببینێت دەگەڕێتەوە بۆ یەکنەگرتنی هەموو مەرجەکان لە کەسێکی دیاریکراودا، بەڵام ئەگەر ڕەخنەگریشمان بوو، ئایا تا چ رادەیەک سنگمان فراوانە بۆ وەرگرتنی ڕەخنە؟ ئایا هەڵوێستی ئەو هونەرمەندە چۆن دەبێت کە ڕەخنە لە بەرهەمەکەی دەگیرێت؟ دەتوانین بڵێین هەڵوێستی بابەتی ڕەخنەگر دوور لە سەپاندنی را و بۆچوونی خودی (الذاتی) لەگەڵ هەڵوێستی بابەتیانەی هونەرمەندا زەمینەی راستەقینە دەڕەخسێنێ بۆ بوونی ڕەخنەکار... جارێکیان نووسینێکم خوێندەوە دەربارەی پێشانگایەک نووسرا بوو لە ڕۆژنامەی «عێراق»دا بڵاوکرابۆوە، وەها دیار بوو نووسەرەکەی تابلۆکانی پێشانگایەکی بەلاوە پەسەند بوو بێت و لایەنگرییەکی زۆری نیشان دابوو بۆ هونەرمەندەکە و شێوازی تابلۆکانی کە بەپێی ڕێبازی ریالیستی کاری تیا کردبوون، لەگەڵ ئەو هەموو ستایش و پشتگیرییەی کە بەرامبەر ڕێبازی ریالیستی دەری بڕیبوو، هێرشێکی توندوتیژیشی کردبووە سەر ڕێبازە نوێیەکانی شێوەکاری. هەرچەندە ڕەخنەگر بۆی هەیە بەپێی بیروڕای خۆی هەڵوێستی روون بکاتەوە، بەڵام چاکتر وەهایە لە روانگەیەکی فراوانترەوە بڕوانێتە هەموو ڕێبازەکانی و بە تێگەیشتنێکی قووڵترەوە لە کێشەی فۆرم و بابەخەکانی جوانی و جۆر بابەت و جەوهەر نزیک ببێتەوە، لەبەرئەوەی ئەرکی هونەری شێوەکاری تەنیا بەرجەستەکردنی بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی نییە، واتا ناشێت وەکو هۆیەکی راگەیاندن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

## هونەری شێوەکاری نوێ و پەیوەند بە واقیعەوە:

کێشەیەک لەنێوان هونەرمەندانی شێوەکار و سەیرکاراندا هەیە و تا ئێستا ساغ نەکراوەتەوە و بە وردی لێی نەکۆڵراوەتەوە، ئەویش دەربارەی چۆنیەتیی ئاوڕدانەوەیە لە کۆمەڵ و دەوروبەر، یاخود هەڵوێستی هونەرمەند بەرامبەر کۆمەڵەکەی و ئەو خاکەی لە سەری دەژێت

و چۆنیەتیی بەرجەستەکردنی ئەو هەڵوێستەی لە تویێی بەرهەمەکانیدایە. دەڕوانین هەندێ لە سەیرکاران ڕەخنەی دوورکەوتنەوە لە واقیع، دەدەنە پاڵ هونەری نوێ (بێگومان ڕەنگدانەوەی زۆربەری ڕێبازەکانی هونەری نوێمان بەرچاودەکەوێت لەنێو بەرهەمی هەندێ لە هونەرمەندنی کوردا)، لە ڕاستیشدا ئەگەر سەرپێی بڕوانینە ڕەخنەکەیان، دەبێ بڵێین لە جێگای خۆیەتی، بەڵام سەلمێنراوە بەپێی بۆچوونی زانستی و دەروونناسی و فەلسەفی نوێ کە مرۆڤ لە ئامادەگی زگماکی و ڕەنگدانەوەی کاریگەری ژینگە و کۆمەڵگا پێک دێن، واتە کاتێک هونەرمەند بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە هەست و سۆز و تاوگیر ناخی خۆی بە هێڵ و ڕەنگ بەرجەستە دەکات، بابەتێک یاخود فۆرمێک دەخاتە ڕوو کە لە بنچینەدا لە دەوروبەرەوە هاتووە، بە واتایەکی تر ڕەگەکانی ئەو بەرهەمە بەستراوە بە دەوروبەرەوە، بەڵام بە ناخی هونەرمەندا تێپەڕبووە و لەگەڵ سروشتی کەسێتی جیهانە تایبەتێکەیدا یەکی گرتووە و مەییوە.

لێرەدا ئەوەی کێشەکە ئاڵۆز دەکات و بەشێک لە سەیرکاران بە هەڵوێستی ڕەخنەئامێزەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە، تەماویی و شاراوەیی و نامۆیی دەربڕینەکەیەکە لە شێوەی ڕووالەتی سروشتی و باو و ئاساییدا دەردەبڕێت و لە شێواز و فۆرمی جیاوازدا بەرچاو دەکەوێت.

پەراوێزەکان:

١- لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە گۆڤاری (ڕەنگین)ی ژمارە (١٩) سالی ١٩٨٩، بڵاوکراوەتەوە هەمان وەڵامم داوەتەوە.

(٢) ئەم زانیارییانەم لە هونەرمەند ئازاد شەوقی وەرگرتووە.

(٣) محيط الفنون (١) الفنون التشكيلية، دار المعارف بمصر. تأليف مجموعة من الاساتذة والاختصاصيين.

(٤) جي. اي. مولر و فرانك ايلغز. مئة عام من الرسم الحديث. ترجمة، فخري خليل. دار المأمون للترجمة والنشر. بغداد ١٩٨٨.

(٥) بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٣).

(٦) هەمان سەرچاوە.

(٧) زكريا ابراهيم. فلسفة الفن في الفكر المعاصر. الناشر مكتبة مصر. ١٩٦٦. دار مصر للطباعة.

هەزارنامەی کتێب

# کێشەی کورد لە ململانێ و دژایەتیی نێوان رووسیا و ئینگلتەرەدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکدا، لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا. *

## نووسینی: ئۆ. ن. ژیگالینە

غازی ئیبراهیم یاقوب

لە رووسییەوە کردوویەتی بە کوردی

پێشکەوتنی خێرای پەیوەندییەکانی سەرمایەداریی وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوا لە سێ چارەکی سەدەی نۆزدەدا، گرنگیتی بازاڕەکانی رۆژهەڵاتی نزیکی پتەوتر کرد، هەروەها ناکۆکی و دژکاریی نێوان دەوڵەتەکانی رۆژئاوای ئەورووپا لەمەڕ رێگە و شوێنی بازرگانی لە دەریای سپی ناوەڕاست و ناوچەکانی ئاسیا و ئەفریقیای ژێردەستی تورکیای زێدە گرژتر کرد. جا ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیش هەروا بە رواڵەت و رووکەشانە سەربەخۆ بوو، لە راستیدا بەتەواوی بەسترابۆوە بە دەوڵەتەکانی رۆژئاواوە، بێگومان ئەم دیاردەیەش قەیرانی ئابووری دەوڵەتی عوسمانی زیاتر و فراوانتر دەکرد. ئالێرەدا هەردوو دەوڵەتی بەریتانیا و رووسیا کە هەر لە کۆنەوە دووبەرەکیی یەکتریان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکدا دەکرد، کەوتنە خۆ بۆ سوودوەرگرتن و قۆستنەوەی ئەم پێشهاتە.

بەریتانیای مەزن لەمەڕ کۆلۆنیزەکردن و داگیرکردنی رۆژهەڵات بەوپەڕی هەستی باوەڕ بەخۆبوونەوە درێژەی بە دارشتنی نەخشەی نوێ و جێ بەجێ کردنی دەدا. کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکانی دەریای سپی ناوەڕاست و داگیرکردنی میسریش هەر بە مەبەستی دابین کردنی رێگای وشکانی بوو لە هیندستانەوە -وەک قەڵای پارێزەری دەسەڵاتی کۆلۆنی- بۆ میترۆپۆڵ.

ئینگلتەرە لە پێناوی بەجێهێنانی نەخشە داگیرکارییەکانیدا پێویستی بە هەلومەرجی لەبار و هەندێ ئیمتیازاتی نوێ هەبوو، جا بەهۆی توانا ئابوورییەکەیەوە ئەمەی

بەئاسانی لە دەوڵەتی تورکیاوە بۆ دەچووە سەر. جگە لەمانەش بەریتانیا هەوڵی پیادەکردنی سیاسەتێکی ئەوتۆی دەدا کە لە هەمان کاتیشدا هەڵوێست و دەسەڵاتی رووسیا لە ناوچەکانی دەریای رەش بێهێز و نابووت بکات، ئیدی بارودۆخی ئابوورییانەی رووسیای تساریش لە تورکیادا لاواز و کەم توانا بوو، چونکە رووسیا لە لایەکی دیکەوە هێز و توانای خۆی بەرەو ئاسیای ناوەڕاست خستبووە گەڕ. هەر ئەوکاتەش، لە سالانی حەفتای سەدەی نۆزدەدا، لەنێو دەسەڵاتدارانی رووسیادا گەلێک ڕا و بۆچوونی جیاواز لەمەڕ شێوە و چۆنیەتیی بەکاربردنی سیاسەتی رووسیا لە رۆژهەلات هەبوو، بەتایبەتی لایەنگرانی (دەستەی چالاکی نواندن)، بە راشکاوی دەنگیان بەرز دەکردەوە و پێشنیاری پیادەکردنی رەوتی سیاسەتێکی دەرەوەی چالاکانەیان لە رۆژهەلات دەکرد.(١)

دیپلۆماسی و کاربەدەستە سیاسی و عەسکەرییەکانی رووس و ئینگلیز، لە بواری نەخشەی سیاسەتی دەرەوەیاندا لەگەڵ تورکیادا گرنگیی زۆریان بە چۆنیەتی سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی ناوچە کوردنشینەکان بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان دەدا، چونکە (کوردستان و ئەرمینیا و ئەنادۆل یەک گۆڕەپانی یەکگرتووی چالاکییەکانی جەنگ پێک دەهێنن.)(٢)

لە راستیشدا رووسیا و ئینگلتەرە بایەخیان بە ناوچە کوردنشینەکان -کوردستانی تورکیا- دا، چونکە پێش هەموو شتێک ئەو ناوچانە لە رووی ستراتیژییەوە نرخی تایبەتیان هەبوو، دەست بەسەراگرتنیان مەرجێکی رێگەخۆشکەر و پێویست بوو بۆ زاڵ بوون کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخی ولاتەکانی رۆژهەلاتی نزیک و ناوەڕاست.

ئەو ناوچە کوردنشینانەی تورکیاش کە (نزیک بە سنوورەکانی رووسیا و ئێرانن)، دەکەونە رۆژهەلاتی کوردستانی تورکیاوە، کاربەدەستە سیاسییەکانی رووسیا نرخ و بایەخی ئەم ناوچانەیان دەستنیشان کردبوو کە (ئەو ناوچە شاخاوییە چڕ و دژوار و لێرەوارانە، کوردستانی راستەقینە پێک دەهێنن، کوردەکانیش دانیشتوانی بنچینەیی ئەو مەڵبەندە سەخت و رژد و دوورەدەستانەن کە ژیانێکی سەربەستانە دەژین، دانیشتوانە تورکەکان لێرەدا بە کەمی بەرچاو دەکەون، تەنانەت لە ناوچە دەشتاییەکانی ئەو مەڵبەندەشدا، وەکو ویلایەتی دیاربەکر، کە سەرجەمی دانیشتوان کورد یان ئەرمەنن.)(٣)

بەپێی راگەیاندنی باڵیۆزی رووسیا لە ئەستەمبوڵ ن. پ. ئیگناتییێڤ، ژمارەی کوردەکان لەو بەشەی کوردستانی تورکیادا خۆی لە دوو ملیۆن و نیو مرۆڤدەدا، کە ملیۆنێک تا ملیۆنێک و دووسەدهەزار کەسیان بە ژیانی کۆچەرییەوە خەریک بوون.

ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیش کە بەهۆی فشاری دەوڵەتە ئەوروپاییەکانەوە لاواز و بێ دەسەڵات بوون هەوڵی دەدا ئەم ناوچانە وەک سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی خەزێنە و بەهێزکردنی سوپاکەی بەکاری بهێنێ، ناوچەکانی کوردستان بەگشتی (٣.٥) سێ ملیۆن و نیو مرۆڤی لێ دەژیا و مەڵبەندی نشیمەنی کوردان ئەمانە بوون «تەڤرۆس و ئەنتی تەڤرۆس، هەر لە سنووری فارس و تورکیاوە تا کەنداوی ئەسکەندەروونە، لە خوارووی زۆرگەکانی ئەرمێنیا و سەرچاوە و رەوتی سەرەوەی هەردوو رووباری قەرەسو و ئاراکسەوە تا باکووری دەشتاییەکانی میسۆپۆتامیا و شوێنی سەرچاوە و رەوتی سەرەوەی زێی دیجلە. ئەم شێوە لاکێشیە بە لاچەپی کەناری دیجلەدا بەرەوە سنووری تورکیا-ئێران، بۆ لای کەرکووک و سلێمانی و بەغدا درێژدەبێتەوە.»(٤)

رووباری فوراتیش ئەو ناوچە کوردنشیینانەی نزیکەی کردبوو بە دوو بەش، بەشی رۆژهەڵات و بەشی رۆژئاوای لێ دروست ببوو. رووسیا و ئینگلتەرەش، لە رووی بایەخی سیاسییەوە، چاویان بڕیبووە ئەم ناوچانە.

ئێمە لەم وتارەدا، بەپشتبەستن بە بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤ، هەوڵدەدەین بایەخی نێودەوڵەتیی کێشەی کورد لە سەرەتای دەسپێکردنی قەیرانی رۆژهەڵاتی سالانی حەفتای سەدەی نۆزدەیەمدا نیشان بدەین.

سیاسەتی ناوخۆی ئیدارەی تورکیاش، لەو سالانەدا، بەستراببووەوە بە ناکۆکییەکانی نێوان رووسیا و ئینگلتەرەوە، لەسەر رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست. تورکیا، لە حەفتاکاندا، جارێکی تریش هەوڵیدایەوە جێ پێی خۆی لە کوردستانی تورکیادا قایم بکاتەوە.

تورکیا، ئیتر لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەوە، سیاسەتی پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆی لە کوردستانی تورکیادا، کە لەڕاستیدا دەستی بەسەردا نەگەیشتووە، دەستپێکرد. تورکەکان بە بیانووی داهێنانی "شارستانیەت" تەقەلای ئەوەیان بوو جێ پێی خۆیان لە ناوچە کوردنشینەکاندا قایم بکەن.

بەڵام ئەم جۆرە سیاسەتەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەم ناوچەیەدا پیادەی کردبوو، بە دڵی کوردەکان نەبوو، جگە لەمەش لە سۆنگەی سیاسەتی چۆنیەتیی ئیدارەکانی، ئەو ناوچانەوە لەلایەن تورکیاوە کەوتبوونە بارودۆخێکی ئەوتۆوە کە بە هیوابڕاوی بەرەو هەژاری و بەلەنگازی دەچوون. بۆیەش کوردەکان دەستیان کرد بە نارەزایی دەربڕین و رابوون و پشت گوێ خستن و رەتکردنەوەی داواکارییەکانی سوڵتان و ئامادە نەبوون چیدی بۆ پاریزگاری لە دەسەڵاتی سوڵتان لەشکرکەشی بکەن و هەر بەمەشەوە نەدەوەستا و دەستەی چەکدارانی کورد دەچوونە پاڵ دوژمنانی سوڵتان.

لە ئەنجامی شەڕی ساڵی ١٨٢٨-١٨٢٩دا کە تورکیا شکستی خوارد و پەرێشان بوو، لە تەواوی کوردستانی تورکیادا دەسەڵات و توانای سوڵتانی تورکان بەرەو بێهێزی و نابووتی دەچوو، ترۆتێرای کونسوڵی ئینگلتەرە ئەو راستییە بەرچاو دەخات کە «هاموشۆ و دەنگوباس و پەیوەندی راستەخۆی بەغدا لەگەڵ ئەستەمبوڵدا پچڕابوو، پایتەختی پێشووی خەلیفەکان لە بەشەکانی تری ئیمپراتۆریەتەکەی دابڕابوو، جگە لە هەندێ شاری گەورە و دەوروبەرەکەی و ئەو چیا و دارستانە بەرفراوانانەی کەنارەکانی دەریای رەش نەبن، کە ئەو هەرێمانەش وەک لەوەڕگا بۆ ئاژەڵداری هیچ بەیلخێکی ئەوتۆیان نەبوو، ناوچەکانی دیکەی وڵات لە ئەنگۆرەوە تا سنوورەکانی عەرەب و فارس بەگشتی کوردەکان تیایاندا خودان و خاوەنماڵ و دەسەڵاتدار بوون.»(٥)

ئەم بار و دۆخەی ناوچە کوردییەکان ئیمپراتۆریەتی عوسمانلیان نیگەران و بێ ئارام کردبوو، بۆیە هەر یەکسەر دوای شەڕ، کە کەمێک بەخۆدا هاتەوە، هەوڵی راستکردنەوەی ئەو بارە ئاڵۆزەی دا کە لە ئاکامی دۆڕاندنی شەڕدا پەخەی گرتبوو. ئیدی کەوتە هەڵپەی نەخشەدانان بۆ گێڕانەوە و پتەوکردنی دەسەڵاتی سوڵتان لە کوردستانی تورکیادا، ئەوە بوو ساڵی ١٨٣٤ بیست هەزار سەربازی تورکیا لەژێر فەرماندەی سەرلەشکری بەناوبانگی تورک محەمەد رەشید پاشادا لە سێواسەوە بەرەو خەرپوت و دیاربەکر بەڕێکەوتن، هاوکات لەگەڵ ئەمە لە ئەرزرۆمیشەوە سوپای تورکان بەرەو ناوچەی بایەزید و وان لەشکرکێشیی کرد. کوردەکان جوامێرانە شەڕی هێرشهێنەرەکانیان دەکرد، شەڕ و پێکدادان دیمەنێکی تا بڵێی دژوار و خوێناوی گرتەخۆ، بەڵام وێڕای خۆڕاگریی جوامێرانەی کوردەکان لە بەرامبەر لەشکری سەرکوتکاری تورکان، شکەستیان هێنا. تورکەکان بە ئاگر و ئاسن بڕیاری داگیرکردنەوەی خاکی کوردانیان دابوو. لە هەندێ ناوچەدا سەرجەمی دانیشتوانی کورد، تەنانەت منداڵی ساوا و پیری پەککەوتەش، بەگشتی کۆکوژ کرابوون، تا ئەو رادەیەی کە لە ئەدەبیاتی مێژوویی و عەسکەریی رووسیای تساریشدا هێرشەکەی محەمەد رەشید پاشا بە «داپلۆسینی خوێناوی» ناو دەبرێت.

ئیتر هەندێ ناوچەی کوردنشینی گچکەی بەرتەسکی شاخاوی سەخت و دژواری لێ بترازێ کە تورکەکان گرنگییان پێ نەدەدا، تەواوی کوردستانی تورکیا جارێکی دیکە کەوتەوە ژێر چەپۆک و دەسەڵاتی سوڵتان. دەسەڵاتی سەربەخۆی میرنشینە کوردەکان لەنێوبردرا، زۆربەی دەرەبەگ و سەرەک هۆزە کوردەکانیان راپێچ و کەنارنشین کرد، بەشێکیان بەدەستبەسەری رەوانەی ئەستەمبوڵ و دوورگەی کرێت و شوێنی دیکە کران. ئیدی بەهیوا ناکامی لە زیندانەکانی

ئەو شوێنانەدا، دوور لە وڵات، سەریان نایەوە و ماڵئاواییان لە ژیان کرد. دواتر بۆ سەرپەرشتی ئەو ناوچە کوردنشینانەی تازە کەوتبوونەوە دەستی تورکیا والی و کاربەدەستانی تورک دانران و، ئەوە بوو لە ماوەیەکی کەمدا دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان لە کوردستانی تورکیادا سەقامگیر کرد و، سەرلەنوێ هێز و توانا و پایەی جارانیان سازدایەوە، بەڵام سیاسەتی سوڵتانەکان لە کوردستانی تورکیادا بارودۆخێکی ناڵەبار و سەختی بۆ کوردەکان هێنایە پێش، ئەوەبوو لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا مەڕوماڵاتی کوردەکان زۆر کەم بووەوە، ئەمەش راستەوخۆ بووە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی هەژاری و دەستکورتییان لە رووی بەرهەم و پێداویستەکانی مەڕوماڵاتەوە.

لە کوردستانی تورکیا و ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانیشدا زۆرجاران کوردەکان نەک هەر تەنیا لە دژی دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەت راپەڕیون، بەڵکو لە دژی دەرەبەگ و سەرەک هۆزەکانی خۆیشیان جاری راپەڕینیان داوە. یەک لەو راپەڕینانە، لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیادا، راپەڕینەکەی یەزدانشێر بوو لە ساڵانی پەنجای سەدەی نۆزدەدا، کە وای لە سەرکردە عەسکەرییەکانی رووس کرد دۆزی کوردان بە هەند هەڵگرن. وەکو ئاشکراش بوو باری لەشکری تورکیا لە بەری قەفقاسدا شپرزە و پەرپووت بوو، هاوکات لەگەڵ ئەمەش لە پشتیانەوە ئەو راپەڕینە گەورەیە لە دژیان سەری هەڵدابوو. لەو کاتەدا یەزدانشێر هەستی بە هێز و توانا و دەسەڵاتی خۆی دەکرد، بۆیە راستەخۆ هەوڵی سازدانی پەیوەندیی دا لەگەڵ رووسیادا. لەم رووەوە پێشنیاری چالاکی و هێرشی هاوبەشی لە دژی تورکان دەکرد، ئەمەش لەو نامەیەدا دیاری کردبوو کە بۆ سەرلەشکری رووسیای نووسی بوو لە یەریڤان، بەڵام ئەم نامەیە وەڵامی نەدرایەوە. دواجار یەزدانشێر نامەیەکی تری بۆ بێبوتۆڤی سەرلەشکری قەفقاس نووسی. بێبوتۆڤیش لە وەڵامدا ئامۆژگاریی یەزدانشێری کرد کە بە شێنەیی کۆتایی بە راپەڕینەکەی بهێنێ و خۆی خەریکی کارێکی ئاشتیانە بکات.

ئاشکرایە ئەم جۆرە وەڵام و پێشنیارەی بێبوتۆڤ بۆ یەزدانشێر لە رۆشنایی را و بۆچوونەکانی وەزارەتی دەرەوەی رووسیاوە سەرچاوەی دەگرت، چونکە رووسیا لەو کاتەدا نەیدەویست زیاتر نێوان و پەیوەندیی لەگەڵ تورکیا و هاوپەیمانەکانی (ئینگلیز و فەرەنسا) لە ناوچەشەڕی بەرەی (قرم) ئاڵۆزتر بکات.

جا رەتکردنەوە و هاوکاری نەکردنی رووسیا لەگەڵ کوردان، هەلی بۆ کۆنسوڵی ئینگلیز لە موسڵ، نیمرود رەسام، رەخساند و یەکسەر پێشنیاری هاوکاری و یارمەتی دانی بۆ یەزدانشێر کرد، ئەمیش متمانە و

باوەڕی بە کۆنسوڵی ئینگلیزان کرد و بۆ سازدانی پەیوەندی دروستکردن بەرەو موسڵ کەوتە ڕێ. ئەوە بوو لە ڕێگا کەمینیان بۆ نایەوە و دەستگیرکرا و درا بە تورکەکان و ئەوانیش بە دەستبەسەری ڕەوانەی ئەستەمبۆڵیان کرد.(٦)

دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی یەزدانشێر، دەوڵەتی تورکیا، توانی هەرچۆنێک بێت، ئەگەرچی ڕووکەشانەش، ئارامی و ئاسایش لە کوردستانی تورکیا لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا دابین بکات. بەسەر ڕاگەیشتن و بەدیهێنانی ئەم جۆرە هێمنی و ئاسایشەش ئیسماعیل حەقی پاشای کوردی ناوچەی وان، گرتیە ئەستۆی خۆی، ئیسماعیل حەقی پاشا کە کرا بە والی کوردستان، زند کوردستانی ناس دەکرد، ئینجا لە ڕێگەی پەلاماردانی یەک لەدوای یەک و بەدڕندەیی و داپڵۆسین و زوڵم و زۆر مامەڵەی نامرۆڤانەی لەگەڵ هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی ئەو کوردانەی نەدەهاتنە ژێر باری دەسەڵاتی تورکان کەوتە کار، ئیدی لە بۆتان و جەزیرە و دەڤەری دیکەدا، چەندەها گوندیان بەتەواوی سووتاند و گوندییە بێ تاوانەکانیشیان کۆکوژکرد، تەنانەت منداڵ و پیری پەککەوتەشیان سەردەبڕی.

دابینکردنی ئاسایش لە کوردستانی تورکیادا بەم شێوەیە، ناوبانگی بۆ ئیسماعیل حەقی پاشا پەیداکرد و وەکو مل بە کوردستان کەچکەر ناوی دەرکرد. ئەم ڕەوشە بیست و دوو ساڵی خایاند، بەڵام هەر کزبوونێکی سەربازگە تورکیەکان لە کوردستاندا بەس بوو بۆ ئەوەی شەپۆلێکی تازەی ڕاپەڕین وڵات داگرێتەوە.

دوای شەڕی (قرم) ١٨٥٣-١٨٥٦ توانا و دەسەڵاتی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا تەواو بێ هێز و لاواز بوو، هاوکاتیش لەگەڵ ئەم بێ توانایی و لاوازبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ناوچەکەدا جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوایەتی تا دەهات قووڵتر و بەرفراوانتر دەبوو. جا هەوڵ و کۆششی کاربەدەستانی تورکیا: بۆ لەبارچواندن و سەرکوتکردنی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی نەتەوەکان کەلێک ڕێگەی دەگرتە بەر، ئەوە بوو هەوڵی خۆڕێکخستنەوە و زیارکردنی ژمارەی لەشکرەکەیان لەناو وڵاتدا دەدا و لە وڵاتانی ئەوروپایی ڕۆژئاواش داوای هاوکارییان دەکرد.

ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بۆ سەرکوتک کردن و لەنێوبردنی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوە گچکەکان، لەشکری موسڵمانانی دەخستە گەڕ، هەر لەم ڕوانگەشەوە هەوڵیان دەدا چەکدارە کوردەکان کە شەڕکەر و جەنگاوەری چاونەترس بوون بۆ دامرکاندنەوە و لەنێوبردنی ئەو سەرهەڵدان و و ڕاپەڕینانە بەکاربهێنن. ئیدی کاربەدەستانی عوسمانی تا ساڵانی حەفتای سەدەی نۆزدە هەر مژوڵی

کاروباری لەشکرسازی بوون، سەرەڕای بەکارهێنانی ئەو هەموو زەبروزەنگەش لە دژی کوردەکان کەچی بۆیان نەچووە سەر چەند گۆڕانکارییەک لە ستروکتۆر و بنەمای کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کورداندا بکەن، کە تا ئەو کاتەش شێوەی دەرەبەگایەتی لە خاوەندێتی و دەسەڵاتی سەربەخۆدا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا هەر بەردەوام بوو. لەگەڵ ئەمەشدا لە سەرویەند و دەستپێکی شەڕەکاندا، دەسەڵاتدارانی تورکیا بێ وچان هەوڵ و تێکۆشانیان بۆ ئەوە بوو کوردەکان بەلای خۆیاندا رابکێشن.

لە ساتەکانی ئاشتی و ئاسایشیشدا چاودێری و پارێزگاری سنوور بگرنە ئەستۆ.

وەک لە پێشەوە باسکرا کاربەدەستانی تورکیا لە ساڵانی حەفتاکاندا تا ڕادەیەک توانیان لە هەندێک ناوچەی کوردنشیندا هێز و دەسەڵاتی خۆیان سەقامگیر بکەن. کەچی ئەم پرۆسێسە بە ڕێکوپێکی و بێ تەگەرە تێپەڕ نەدەبوو، بۆیە تەواوی کوردەکان لەو هەرێمانەدا، هەموو وەکو یەک و بەیەکشێوە نەدەهاتنە ژێر بار و ملکەچی دەسەڵاتی تورکان نەدەبوون. ئەم دیاردەیەش بەر لە هەر شتێک ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ڕادەی جیاوازیی ئاستی گەشە و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردەکانەوە هەبوو، کە لە ناوچە جیاجیاکانی دەشتایی و شاخاویدا دەژیان.

ن. پ. ئێگناتیێف، لەم ڕووەوە، لە نووسینەکانی خۆیدا ئاماژەی بۆ کردووە کە ئەو کوردانەی لە گوندەکانی ناوچە دەشتاییەکاندا جێنشین ببوون لە هۆز و تیرەکانی خۆیان دابڕابوون و باری نەداری و هەژاری و دەستکورتی باڵی بەسەردا کێشا بوون، بۆیە ڕاستەوخۆ بەناچاری دەهاتنە ژێر بار و فەرمانی کاربەدەستانی تورکیا و بۆ ئەرکی سەربازی کردن ڕاپێچ دەکران، باج و سەرانەشیان لێ دەستێندرا. بەڵام جگە لەوانە «گشت ئەو جەماوەرە کۆچەر و ڕەوەندانەی کە بەسەر چەندین خێڵ «عەشیرەت» دابەش بوون» و کەسانێک کە پشتاوپشت ئاغا بوون سەرکردایەتی دەکردن، ئەوانە هەروا بە ڕواڵەت و بەناو لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە دەستنیشان دەکران و دادەمەزرێندران، دەوڵەمەندی و پایەی ئەو عەشیرەتانەش لە زۆر و کەمی خاوەندێتی سامانی ئاژەڵ و مێگەل و گاران، بەتایبەتی پەز سەرچاوەی دەگرت.(٧) کاتێکیش کوردەکان، لە سەرەتای زستان، لە چیاکانیانەوە دادەبەزین، یەکسەر کاربەدەستانی تورکیا بۆ سەرانە وەرگرتن، دەگەیشتنە سەریان، باج و سەرانەش بە گوێرەی ژمارەی سەری مەڕ دەدەرا. جا ئەم جۆرە سەرانەیەی لێ بترازێ، هۆزەکان پێداویستی و ئەرکی دیکەی دەوڵەتیان جێ بەجێ نەدەکرد، جگە لەوەش کوردەکان خۆیان سەرژمێری مەڕومالاتیان دەکرد، لەسەر بنچینەی ئەو سەرژمێرییەش باجیان دەداو ڕێگەیان بەکاربەدەستانی تورکیا نەدەدا بە

ئارەزووی خۆیان بەنێو بکەون.

بێجگە لەو کوردە دەشتەکییانەی کە پیشەیان مەڕداری بوو، لە باشووری دەریاچەی وان لەنێوان چیا بەفرینەکانی تورجەلی و چیای جودی لە هەکاری و مۆکس و بۆتان، هەروەها لە پێدەشتە بەرتەنگەکانی زێی گەورە و بۆتانسو، «خەڵکێکی زۆر و زەبەند لە کوردە کۆچەر و نیشتەجێکان تەواو ئازاد و سەربەخۆ ژیانیان دەبردەسەر.»

یەزیدییەکانی لێ بترازێ هەموو ئەو کوردانەی لەو ناوچانەدا دەژیان سەر بە مەزهەبی سوننی بوون. لەو هەرێمانەدا نوێنەری تورکەکان هەبوو کە بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروبارو دانرابوون، بەڵام وەک ئێگناتییێڤ ئاماژەی بۆ کردووە، «دەسەڵاتی نوێنەر لە سنووری ئەو شارۆچکەیەی لێی دەژیا زیاتر بڕی نەدەکرد، جگە لەوەی دەوڵەتی تورکیا هەوڵی دەدا لە کوردەکان خۆیان نوێنەر هەڵبژێرێت.»(٨) خۆ ئەگەر نوێنەرەکە -قایمقام- بەدڵی کوردەکان نەبوایە و حەزیان لە چارەی نەکردبایە، ئەوا گەرەک بوو نوێنەر لە دەرەوەی شارۆچکەکە، لە نزیکیەوە، بژیت.

بنەمای ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردەکانی تورکیا لەو قۆناغەی باسمان لێوە کردووە، دەشێ بە شێوازی دەرەبەگایەتی لێک بدرێتەوە. شان بە شانی ئەوەش، بەهۆی جیاوازیی ئاستی پێشکەوتنی ئەو ناوچانەوە کە تێیدا دەژیان، پەیوەندیی فیۆدالی، لەم شوێنانەدا، بە رادەی جیاواز لەژێر باری پاشماوەکانی خێڵەتی و بنەماڵەیی و، شێوەی جۆراوجۆری بنەمای کۆمەڵایەتی و ژیاری هەمەجۆردا بوون. لە ناوچە دەشتاییەکاندا، ئەو بەشانەی سەر بە پەیوەندیی خێڵەتی و بنەماڵەیی بوون وردە وردە دەبوونە پێکهاتووی رووبەرایەتی جیاجیا دەسەڵاتی خانەکان چۆنایەتی و روخسارێکی نوێی وەردەگرت. دەسەڵاتی خان بەسەر هاوخێڵەکانی خۆیدا، کە هەمیشە ناوچەیەکی بچووکی دەگرتەوە، سیمای نزمترین ئاستی پێکهاتوویەکی ئیداری بەخۆوە دەگرت. بۆ نموونە، ئاغایەکی کورد بە ناوی شا حوسێن ئۆغلو دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ناوچەی کوزولچانی نزیک ئەرزرۆمدا هەبوو، لەلایەن کاربەدەستانی تورکیاشەوە بە سەرپەرشتکار و کۆکەرەوەی باج و سەرانەی ناوچەکە دانرابوو، جا باج و سەرانەی کۆکراوەی بە ئارەزووی خۆی لەگەڵ ئیدارەی تورکیادا بەش دەکرد. بە گوتەی ئێگناتییێڤ، کوردە کۆچەرەکان رێگەی سەرژمێری و چەند و چۆنییەتی مەڕوماڵاتیان بە کاربەدەستان نەدەدا «هەر تەنیا رێژەیەکی کەم لە باج و سەرانەیان بە تورکەکان دەدا، بەگوێرەی دیاریکردنی چەندێتی ژمارەی سەری مەڕ کە کوردەکان خۆیان دیاریان دەکرد.»(٩)

سەرۆک هۆزە کوردەکان بەنیازی چەوساندنەوە داکۆکیان لە مانەوە و پاراستنی ژیار و داب و نەریتی تیرەگەری و

خێڵایەتی دەکرد، ئەمانە هەوڵ و کۆششی لەبەرچواندنی ململانێی چینایەتیان دەدا و ڕێگەشیان خۆش دەکرد بۆ بەکارهێنانی چەکدارانی خێڵ وەکو داردەست و ئامرازی شەڕ. خەڵکی ڕەمەکی ناو کوردەواریش، تا رادەیەک، ئارەزووی مانەوە و پاراستنی پاشماوەی ستروکتورای تیرە و خێڵایەتیان دەکرد. ئەم ئارەزووەش لەوەوە دەهات کە ئەم ستروکتورەیە سەرچاوەی هێزێک برو بۆ داڵدەدان و پاراستنیان لەو راوڕووت و جەردەیی و هێرشانەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە دەرهەقیان دەکرا.

دەکرێ بگوترێ کە پەیوەندیی دەرەبەگایەتی لە ناوچە شاخاوی و دوورەدەستەکاندا لەسەرخۆ پێدەگەیشت و گەشەی دەکرد. کەچی پەیوەندییەکانی بنەماڵەیی و خێلایەتی هێز و توانا و سەقامگیری خۆیان پاراستبوو. بەتایبەتیش هەر لەم هەرێمانە دابوو کە بڵێسەی ئاگری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کڵپەی دەسەند. سەرکردەیەکی کوردان کە بەتەواوی بەندی ئیدیاکانی ئازادیخوازی بووبێ، دەیتوانی تەنها جەماوەری ئەو ناوچانە لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە کە تیایاندا کوردەکان «لەژێر چاودێری و شالاوی بەریەرچدانەوەی راستەوخۆیانەی دەسەڵاتدارانی تورکیاوە دوورە دەست بوون.» بۆ نموونە بە مەزندە و بۆچوونی ئێگناتیێڤ، تەنیا لەو هەرێمانەدا بوو کە توانرا دوو «راپەڕینی گەورەی کوردستان» بە ڕێبەرایەتی بەدرخان بەگ و یەزدانشێری برازای بەرپابکرێت. لە لایەکی دیکەوە ئێگناتییێڤ داخ و پەژارەی خۆی دەردەبڕی لەوەی رووسیا لە ئەنجامی نەشارەزایی و تێنەگەیشتنی بارودۆخی کوردستان و ناسنەکردنی سەرکردەکانی و بێ ئاگایی لە ڕووداوی نێو ئەو کەژ و کێوانەدا، نەیتوانی راپەڕین و سەرهەڵدانی کوردەکان بۆ بەرژەوەندیە تایبەتییەکانی خۆی بەکاربهێنێت. کەچی لە بەرامبەری ئەمەدا ئینگلتەرەی دوژمنی رووسیا، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکدا، وریا و بەئاگا بوو چونکە «ئینگلیزەکان زۆر بە وردی چاوەدێریی رووداو و بارودۆخی نێو چیاکانیان دەکرد، هەر بۆیەش کۆنسوڵی خۆیان بەتەواوی سەربەست کردبوو لە هەموو جوڵانەوە و هاتوچۆیەک بە مەبەستی شارەزابوون لە گشت ناوچەکانی وڵات. جا بەرهەمی ئەم هەوڵدان و ئاشنابوونەشیان لەگەڵ ئاغا کوردەکاندا ئەوە بوو کە راپەڕینەکەی یەزدانشێر سەرکوت کرا.»(١٠)

کاربەدەستانی ئینگلیز هانی سیاسەتی چالاکی نواندی تورکیایان لە ناوچە کوردنشینەکان دەدا، بە مەبەستی بەکارهێنانی ئەو بارودۆخەی لە ئەنجامی ئەم جۆرە سیاسەتەدا دێتەکایەوە، لەپێناو پتەوکردنی هەڵوێست و دابینکردنی بەرژەوەندیەکانیان لە تورکیادا. ئیدی ئێگاتیێڤ ئاماژەی بۆ ئەم لایەنە کردووە کە

چۆن دیبلۆماسیەکانی ئینگلیز بۆ ئەم مەبەستە گشت ئامراز و توانایەکی داراییان لەبەردەستدا بوو، بۆ ئەوەی «بە وردی چاودێریی کوردان بکەن و، هەر کاتێ کەسانێکی کورد کە مایەی بێئارامی و سەرێشەی تورکان بن، سەریان هەڵدابایە، ئەوا راستەخۆ لەسەر خواست و ئامۆژگاری کۆنسولی ئینگلیز، لە وڵاتی خۆیان بەرەو بەشی ئەورووپای تورکیا دوور دەخرانەوە.» لەم رووەوە کۆنسولی رووسیاش لەئەرزرۆم ن. ئۆبێرمیلێر گرنگیی بە بارودۆخی کوردان دەدا و لە ئاگاداریەکدا بۆ ئیگناتیفی باڵیۆزی رووسیا لە ئەستەمبوڵ رادەگەیێنێ کە «رۆڵی سەرەکی لەم کێشەیەی ئێستای کوردان‌دا، تورکەکان نایبینن، بەڵکو راستەوخۆ ئنگلیزەکان ئەنجامی دەدەن.» ئۆبێرمیلێر درێژە بە تێبینییەکانی خۆی دەدات، کە چۆن کۆنسولی بەریتانیا لە ناوچەکەدا «لەمەڕ چۆنیەتی سەرکوتکردن و لەنێوبردنی یەکجارەکی جووڵانەوەی بەرهەڵستکاری کوردەکان، نەخشە و رێنمایی وردی هەیە...

جا بۆ ئەم مەبەستە کۆنسول -لیستەی ناوی سەرکردەکانی کورد رێک دەخات و بۆ د. ئێلیۆتی سەفیری ئینگلیزی لە پایتەختی تورکیا دەنێرێت، ئیدی ئەویش دوورخستنەوەیان لە کوردستان دەستەبەر دەکات.»(١١)

ئەم شێوە سیاسەتەی کەنارنشین و لەنێوبردن و «سەرپەڕاندنەی هۆزەکانی کورد، کە دەوڵەتی سوڵتانەکان بە راسپاردە و بریاری ئینگلیز پیادەیان دەکرد، هیچ جۆرە ئەنجامێکی لەمەر هێوربوونەوەی دڵەڕاوکەی ئەستەمبۆڵ و لەندەن بەدەستەوە نەدا و بەهیچ جۆرێک «ئارام بوونەوەی کوردستانیان پێ دەستەبەر نەدەکرا.

لەنێو سەرکردە سیاسی و عەسکەرییەکانی رووسیادا، بۆچوونی جیاواز و هەمەجۆر لەمەر رۆڵ و شوێنی کوردەکانی تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەی رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکدا هەبوو. دەستەیەک لە کاربەدەستان بەرژەوەندی و قازانجی رووسیایان لە نزیکبوونەوە و دۆستایەتی و لایەنگیری شێوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و چەسپاو لەگەڵ تورکیادا دەدیت، بۆیە سەبارەت بە کوردەکانیش جۆرە سیاسەتێکی نەرم و رازی بوونیان پێشنیار دەکرد، تا دەسەڵاتدارانی تورکیا، رووسیا بەوە تاوانبار نەکەن، گوایە دەست دەخاتە نێو کاروباری ناخۆی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. ئیتر لەم روانگەیەوە، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی رووسیا چەند ئاگاداری و راسپاردەیەکی بە باڵیۆزخانەی رووسیا لە ئەستەمبوڵ دا کە «هەوڵی ئاشتبوونەوەی گشتی و دابینکردنی رێک و پێکی و هێمنی و ئاسایشی تورکیا بدەن.»(١٢)

لەو رۆژگارەدا قازانج و بەرژەوەندییەکانی رووسیا لە تورکیادا لەلایەن نیکۆلای پاڤلۆڤیچ ئیگناتیێڤ، کە باڵیۆزی رووسیا بوو،

نوێنەرایەتی دەکرا، ئیگناتییێڤ لە بنەماڵەی بەگزادە کۆنەکانی رووسیا بوو ، لە ساڵانی ١٨٦٤-١٨٧٦ بەسەر کاروباری سەفارەت رادەگەیشت. لەمەڕ هێوربوونەوەی باری گرژ و ئاڵۆزی عەسکەرییانەی رووسیا و تورکیا، ئێگناتییێڤ وا مەزەندە و پێشنیاری دەکرد کە رووسیا دەبێ سیاسەتێکی نەرمونیان و بەدیقەت و وریایانە لە بەرامبەر شێوە و جۆری پەیوەندیی نێوان رووسیا و تورکیادا بگرێتە بەر، لە هەمان کاتیشدا ئەو کێشەی هاوپەیوەندیی رووسیا و کوردەکانی کوردستانی تورکیای پشتگوێ و فەرامۆش نەدەکرد.

دیپلۆماسییە رووسەکان لە تورکیادا، بە وریاییەوە توندوتیژبوونی رەفتار و چالاکییە سیاسییەکانی تورکیایان لە ناوچە کوردنشینەکان، لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا، تێبینی دەکرد. ئەم دیاردەشیان وەک سەرەتای قۆناغێک لە نەخشەی عەسکەرییەکانی ئیمپریاتۆریەتی عوسمانی بە مەبەستی دژایەتی کردنی رووسیا لێک دەدایەوە. بۆ نموونە، ئێگناتییێڤ لەو نامە خێرا و بەپەلانەیدا کە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی رووسیا بەرێی دەکردن، دەستنیشانی کردبوو، کە تورکیا لە هەوڵی مل پێکەچکردنی «تەواوی ئەو هۆز و خێڵە زۆر و زەبەندانەدایە کە خاوەن هێز و دەسەڵاتن و، لەسەر سنوورەکانی فارس-رووسیا لەلایەکەوە، تورکیا-رووسیا لە لایەکی دیکەوە، دەژین و هەر ئەو هۆزانەش بوون کە چەندین کەرەت مەترسیی تەواویان بۆ دەسەڵاتی لاوازبوونی سوڵتان لەو وڵاتانەدا دروست کردووە.»(١٢)

بابی عالی- لە ساڵی ١٨٧٢دا خەریکی دانانی نەخشە و جاڕدانی هێرشێکی بەربڵاوبوو، بە مەبەستی گێرانەوە و سەقامگیرکردنەوەی دەسەڵاتی سوڵتان لە ناوچە کوردنشینەکاندا، ئەم هێرش و پەلامارە بەربڵاوەش لەلایەن فەرمانداری ئەرزرۆم و سەرکردەی لەشکری چوارەم سەمیح پاشاوە دەبوایە رێبەرایەتی بکرێت. جا لە سەروبەندی پیادەکردنی هێرشێکی ئاوادا لەمەڕ هێورکردنەوەی ئەو بارە گرژ و شێواوەی لە ئارادا بوو، بێگومان گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەی لە ناوچەکانی تورکیای هاوسنووری رووسیادا چێ دەکرد. ئاکامی ئەم نەخشە و پیلانەش بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی رووسیا لە ناوچەکەدا تەواو دەبوو. هەر بۆیەش ئێگناتییێڤ هەوڵی بێوچانی لەپێناوی دوورخستنەوە و لەبارابردنی ئەم فشارە مەترسی هێنەرەی دەدا، کە دەبوو بەهۆی سەختی و دژواری بارودۆخی ناوچەکە و لە راپۆرتێکیدا دەنووسێ «بۆ کارکردن لەگەڵ ئەم سەمتەدا، من هەمان رێگام گرتەبەر، کە هەر لە سەردەمی چارەسەرکردنی کێشەکەی دەریای رەشەوە پەیڕەویم لێکردووە.» ئەمەش ئەو راستییەکان بۆ روون دەکاتەوە کە

ئێیگناتییێڤ حەزی بە تێکچوونی پەیوەندیی نێوان رووسیا و تورکیا نەدەکرد، بۆیە هەمیشە هەوڵ و کۆششی لەپێناوی لەبارچواندنی زەمینەی شەڕوپێکدانی ئێتنیکی دەدا.

وەک دوایی دەرکەوت، سەمیح پاشا نەیتوانی پەلامار و هێرشەکەی بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان ئەنجام بدات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای دیپلۆماسییانەی ئیگناتییێڤی باڵیۆزی رووسیا و، بۆ ئەو رۆڵە گرنگەی لەمەڕ دووخستنەوەی مەترسی کوشتار و خوێنرژتن گێڕای، بەتایبەتیش لەم نامەیەدا دەردەکەوێت کە لە ١٨٧٣/٦/٦دا بۆ پیتربورگی ناردبوو «هەرچی رێگە و پێداویستییەک هەبوو خستمە کار لەپێناو لەبارچواندن و روونەدانی شەڕوپێکدادان لەنێوان کورد و تورکەکاندا، کە خەریک بوو کار لە کار بترازێت، بەتایبەتیش هەوڵەکانم لەوەوە سەرچاوەی گرت کە توانیم تورکەکان رازی بکەم لەوەی پیلانەکەیان لەم ساتەوەختەدا جێ بەجێ نەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش خۆم گەیاندە لای وەزیری جەنگ و، پاشان وەزیری مەزن. لە ئاکامی ئەم دیتنەدا بوو باس لە کات و توانای شەڕی تورکیا لەگەڵ کوردەکان کرا، بەتایبەت لەو سەروبەندەی کە نێوانی تورکیا لەگەڵ فارس خەریکە بەتەواوی نەک هەر تێکدەچێ، بەڵکو چاوەڕوانی مەترسیشی لێ دەکرێت، ئەوە بوو گرنگییان بە بەڵگە و پێشبینییەکانی من دا و پیلانەکەی سەمیح پاشا بۆ کاتێکی دیکە هەڵگیرا. بۆ زیاتر چوونە پێشەوەی ئەم رەوتەم پێویست بوو کارێکی وا بکرێت کە خاوەنی نەخشە و دەسپێشخەری سەرەکی ئەو هێرشە کە سەمیح پاشا بوو دووربخرێتەوە، چونکە بەڕاستی کابرایەکی بە وزە و سەرکردەیەکی لێهاتوو و سەرلەشکرێکی دانا بوو. خۆ ئەگەر ئەو مەبەستەم ئەنجام نەدرایە و، دەستی ئەو کابرایە والا بمایەوە لەو کردارانەی مەبەستێتی، ئەوە رووخساری کوردستانی بە شێوەیەک دەگۆڕی کە نەناسرایەتەوە، لە هەمان کاتدا کە پایە و دەسەڵاتی تورکیای لەسەر سنوورەکانی قەفقاسمان پتەو دەکرد، ئێمە بە مەرامی خۆمان گەیشتین و، سەمیح پاشا لە ئەرزرۆم لاخرا و موستەفا پاشای کۆنە فەرمانڕەوای ئەو هەرێمە لە جێگاکەی دانرا... بێگومان وەزارەت دەزانێ ئەم کاربەدەستە پایەبەرزە چ کارەکتەرێکی قورس و خلووخلیچک و کەمتەرخەمی هەیە.»[١٥]

لەڕاستیشدا نەخشەی هێرشەکەی سەمیح پاشا لە دژی کوردەکان نەهاتە دی، وەک دەرکەوت سەمیح پاشا لە ئەرزرۆم گوێزرایەوە و کرا بە والی تەرابلوس، بەڵام بەپێی گوتەی ئیگناتییێڤ سەرەڕای ئەمەش بابی عالی لە بواری دژایەتیکردنی کوردەکاندا دەستبەرداری نەخشە و پیلانەکانی نەببوو، بەڵکو بۆ کات و هەلێکی دیکەی هەڵگرتبوو، هەر کاتێ هەلومەرجێکی لەبار بێتە پێش ئەوا

جێ بەجێ کردنی ئەم نیاز و پلانە لە پلەی یەکەمدا ئەنجامدەدرێت. بەپێچەوانەی ئیگناتییێڤەوە کۆنسولی رووسیا لە ئەرزرۆم ئەبێیرمیلێر لایەنگر و پێشنیارکاری رەوتی سیاسەتێکی چالاکانە بوو لەنێو کوردەکانی تورکیا و، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین نوێنەری بۆ ناوچەی دەرسیم رەوانەکرد، تا لەم رێگەیەوە بتوانێ پەیوەندی بە کوردەکانەوە بکات. ئەوە بوو راوێژ و وتووێژی لەگەڵ سەرکردەکانی کورد ئەنجام دا، بەڵام ئەم هەوڵ و کۆششە بە دڵی ئیگناتیێڤی باڵیۆز نەبوو، بۆیە راستەخۆ نارەزایی خۆی دەربڕی و داوای لە کۆنسوڵ کرد کە پاشەکشە لەم رەفتار و هەوڵدانەی بکات لەسەر بنچینە و روانگەی ئەو ئاگاداری و راسپاردانەی پێشتر دیاریکراوە.

کاربەدەستانی تورکیا نەخشە و پیلانەکانی خۆیان سەبارەت بە کوردان وا پیشاندەدا کە گوایە لە هەوڵی ئەوەدان «هەستی هاونیشتمانێتی لەناو ئەو کۆچەرە تالانکار و نیوەکێوییانەدا بڵاوبکەنەوە و، نیشتەجێ بووەکانی تورک و دیانەکان لە بەشی ئاسیایی تورکیادا، کە لە ناوچە دوورەدەست و لاپەڕگەکانی کوردستاندا دەژین، لە تالان و جەردەیەتی ئەمانە بپارێزرێن»(١٦)

جا لەراستیشدا دیاردەی رێگری و تالانکردن لەلایەن کوردەکانەوە بەرچاو دەکەوت. ئەمەش ئاکامێکی راستەوخۆی سیاسەتی دەسەڵاتدارانی تورکیا بوو، چونکە زۆربەی زۆری چینەکانی نەتەوەی کورد لەوپەڕی هەژاری و بەلەنگازیدا دەژیان، راستەوخۆ کەوتبوونە ژێر باری گرانی سێ جۆر چەوساندنەوەوە. لەلایەن دەرەبەگە (خۆیی) و دەرەبەگەکانی تورکیا و ئیمپریالیستە بیانییەکانەوە؛ لە ئەنجامی ئەو باج و سەرانەیەی کە لە سەرووی توانای خۆیانەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە بە سەریاندا چەسپێندرابوو بە جارێک ماڵوێران و پەرپووت بوون، جگە لەمانەش هەردەم هەڵیان دەکوتایە سەریان و لە نۆژەنەوە داوای پارەوپولیان لێ دەکردن، ئەگەر لارەملیشیان بکردایە، ئەوا هەرەشەی دەست بەسەراگرتنی مەروماڵات و کاول و وێرانکردنی گوندەکان و رێگەی دیکەی کوشت و بڕیان لێ دەکردن، کوردەکانیش ناچار دەبوون بۆ پەیداکردنی ئەو پارەیە هەر رێگایەک بگرنەبەر. ئیدارەی تورکیاش کە هەر خەریکی فراوانکردن و زێدەکردنی دەسکەوت و کۆکردنەوەی داهات بوو، هەوڵیان دەدا کەوا هەندێ لە خان و ئاغاکانی کورد بەلای خۆیاندا رابکێشن و ئەوانەش لەبەرئەوەی بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ ئیدارەی تورکیادا هەبوو، هەر کە دەبوونە مووچەخۆرێکی تورکیا، ئیتر زیاتر دەستی یاسا و سزادانیان نەدەگەیشتێ.(١٧) ئیگناتییێڤ پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە «دەوڵەتی تورکیا مەبەستی داکۆکی کردن لە نەتەوە نیشتەجێبووەکانی ئەرمینیا و

میسۆپۆتامیا نییە کاتێک هێرش دەباتە سەر چیاکانی کوردستان، بەڵکو دەیەوێ بە بڵاوکردنەوەی باج وەرگرتن لە سەراپای کوردستاندا داهاتی خۆی زیاد و فراوان بکات، چونکە لەم بارە ئاڵۆزەی دارایییدا لە هیچ ڕێگایەک ناپرینگێتەوە بۆ وەدەستهێنانی هەر داهاتێک و، کوردە کۆچەرییەکان، لە سایەی ئەو نیمچە سەربەخۆییەی هەیانە، تەنیا کۆمەڵە خەڵکێکن کە لە هەموو تورکیای بەشی ئاسیادا تا ئێستا بە دەستی پاشا و کاربەدستانیان نابووت و مایەپووچ نەکراون.» هەر ڕەفتاری ئیدارەی سوڵتانیش بوو کە وایکردبوو کوردە کۆچەرییەکان، لە ناوچەی واندا، بۆ نموونە، خەریکی هەندێک وردە فڕاندن و تاڵان و بڕۆ بن. «هەماهەنگ لەگەڵ دەستەڵاتدارانی تورکیادا» (١٨) وەک کۆنسوڵی رووسیا لە ئەرزرۆم باسیکردووە.

بێجگە لەمانە، تورکیا بە هیوای نەخشەیەکی زۆر لەمە گەورەتر و فراوانتر بوو لەمەڕ چۆنیەتیی شێوەی هاوپەیوەندیی دەسەڵاتدارییەتی ئیسلام لەگەڵ دیانەکانی ئەو ناوچانەدا و کردنی کوردستان بە قەلایەکی بەرگری پۆلایین لەبەرامبەر رووسیادا، گەر بێت و شەڕ و پێکدادان لەنێوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و رووسیادا بەرپا بێت.

ئەم کێشەیەش ئیگناتییڤی تەنگەتاو کردبوو، هەروەکو چۆن لە راپۆرتەکەیدا ئاماژەی بۆ بەهێزبوونی لەشکری تورکیا لە ڕێگای زیادکردنی ژمارەی موسڵمانە کۆچەر و نیشتەجێ بووەکانەوە دەکات، کە ئەمەش «خاوەندێتی و زاڵبوونی دەسەڵاتی بێسنووری ئیسلامەکان لەسەر دیانەکانی تورکیا» بەرچاو دەخات. دواتریش دەنووسێ «لە بەرژەوەندی و قازانجی رووسیا و هەروەها دیانەکانی تورکیاشدا نییە ئەگەر هۆزەکانی کورد، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کوردستاندا کە تا رادەیەکی زۆر سەربەخۆن، بکەونە ژێر چەپۆکی دەسەڵاتی تورکەکانەوە.»(١٩)

لەبارەی هەڵسەنگاندن و سەیرکردنی بارودۆخی نێو دەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕستدا، لە دەمەدەمی سەرهەڵدانی (قەیرانی ڕۆژهەڵات)ی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا، ئیگناتییڤ دەستنیشانی کردووە کە بەرپرسیارانی سیاسی و سەربازیی رووسیا وەکو پێویستە ڕۆڵی کوردەکانیان هێندە نرخ پێ نەدابوو، جا وای بۆ دەچێت کە لە خاڵی یەکەمدا

«ژێردەست خستنی ئەم ناوچە و هەرێمانە مانای چەسپاندنی توانا و دەسەڵاتی تورکەکانە لە تورکیای بەشی ئاسیادا، کە تاکە گۆڕەپانێکی هاوسنوورە لەگەڵ ئێمەدا و، پێشبینیش دەکرێ کە لە داهاتوودا ببێتە گۆڕەپانی راستەخۆی چالاکییەکانی شەڕ، هەروەها دەبێتە هۆی پتەوبوونی دەسەڵاتی تورک لە ئەرمینیا کە دیارە دەبێتە بنکەیەکی لەبار تا لێیەوە هەنگاو بنێین و بیر لە هێرش و پەلاماردانی ناوچەکانی پشت قەفقاس بکەنەوە، کە ئەمەش کارێکی پڕ مەترسی دەبێ بۆ ئەوان گەر بێت و هۆز و خێڵەکانی ناو چیاکانی کوردستان و دەرسیم بە سەربەخۆیی بمێننەوە و، ئێمەش وەک پێویستە سوود لەو رک و کینە وەرگرین کە کوردان بەرامبەر دەوڵەتی تورکیا هەیانە. خۆ ئەگەر ئەم کارەمان بۆ نەچێتە سەر ئەوا لەکاتی هێرش بردنماندا بۆ سەر تورکیای بەشی ئاسیا خۆمان لە پشتیوانێکی وا بێبەش دەکەین.» لە خاڵی دووەمدا «لایەنگری و پشتیوانی کردنی سەربەخۆیی هیچ نەبێ بەشێکی کەمی کوردستانیش، بۆ ئێمە کارێکی گرنگە لەکاتی شەڕکردنماندا لەگەڵ تورکیا. چونکە ئەو بەشە دەبێتە ناوەندێک کە وردە وردە سەرجەمی کوردستان لە دەوری کۆ دەبێتەوە.»[٢٠]

ئاشکرا بوو کە کاربەدەستانی رووسیا وەکو پێویستە شارەزایی و زانیارییەکی ئەوتۆیان لەمەڕ ناوچە کوردنشینەکان نەبوو، هەر وەکو ئیێگناتیێڤ دەستنیشانی کردووە «ئەگەر بمانەوێت سوود لە هەموو ئەوانە وەربگرین، پێویستە بەر لەوە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لێکۆڵینەوە لەبارەی هێز و جۆری پەیوەندی نێوان هۆز و خێڵە جیاجیاکانی کورد بکەین، تاوەکو بتوانین لەنزیکەوە لەگەڵ ئاغاو شێخە بەتواناکانیاندا دۆستایەتی چێ بکەین. تا ئەو رادەیە بەرچاوروون ببین ئەو کەسانەی بەتوانا و کارامە و ناودارن و بۆ کاتی پێویست دەشێن کە لە بواری چالاکییەکانی ئێمەدا کار لە کوردان بکەن، هاریکار و سوودبەخش بن، جیا بکەینەوە.[٢١] لەگەڵ ئەمەشدا رووسیا توانی تا رادەیەک پەیوەندیی لەگەڵ کوردان ساز بدات و هەندێ هەنگاوی بۆ بنێت.[٢٢] بەڵام لەو سەروبەندەدا رووسیا بۆی نەچووەسەر وەکو پێویست هێز و توانا و هەڵوێستی لە ناوچە کوردنشینەکاندا پتەو و سەقامگیر بکات.

چونکە ئینگلیزەکان رێگە و ماوڵیان

ئەدەدان و کـاربەدەسـتـانـی بەریتـانیـا بە بەردەوامی هـەوڵیـان دەدا و هەمـوو رێگە و شـێـوازێکیـشـیـان دەگـرتەبەر تـاوەکـو رووسیای دوژمنیان لە رۆژهەڵاتدا لاواز و بێ توانا بکەن. ئـالێــــرەدا، لەپێناوی پێکهێنانی بەرەی دژی رووسیـا بێ پەروا هەوڵی بەهێزکردنی پلە و پایە و دەسەڵاتی تورکـیـــایان دەدا، بە راکـێـــشـــانی ئەفغانستان[٢٣] و ئێـرانیش بۆ نێـو ئەو بەرەیە.

سەرچاوەکان:

١- سەیری کۆکراوەی وتارەکانی رووسیا و قەیرانی رۆژهەڵاتی سالانی حەفتای سەدەی ١٩، بکە. مۆسکۆ: ١٩٨١.
٢- ئەرشیف. فۆندی کەنتسیلاریا، یەکەی پاراستن ٩٢٤. ژمارە، ١٥٧. کەنستەنتینۆپل، ١٨٧٣.
٣- هەمان سەرچاوە. لیستەی ٣٩١.
٤- هەمان سەرچاوە. لیستەی ٣٩١.
٥- ترۆتێر، کوردەکانی ئاسیای بچووک. NKONPO بەرگی ٧. ل. ١١.
٦- ن. ئە. خـالفین. ململانێی و زۆرانبازی لەسەر کوردستان. مۆسکۆ: ١٩٦٣. ل. ٧٥.
٧- ئەرشیف. فۆندی کەنتسیلاریا.... لیستەی ٣٩٢.
٨- هەمان سەرچاوە. لیستەی ٣٩٤.
٩- هەمان سەرچاوە. لیستەی ٣٨٥.
١٠- هەمان سەرچاوە. لیستەی ٣٩٦.
١١- هەمان سەرچاوە. لیستەی ٣٩٥.
١٢- هەمان سەرچاوە. لیستەی ٣٦٩.
١٣- هەمان سەرچاوە. لیستەی ٣٨٤.
١٤- هەمان سەرچاوە. لیستەی ٣٦٩.
١٥- هەمان سەرچاوە. لیستەی ٣٨٣.
١٦- هەمان سەرچاوە. لیستەی ٣٨٣.
١٧- هەمان سەرچاوە.
١٨- هەمان سەرچاوە.
١٩- ئەرشیف. فۆندی ؟ لیستەی ٣٩٠.
٢٠- هەمان سەرچاوە. لیستەی ٣٩٦.
٢١- هەمان سەرچاوە.
٢٢- ن. ئە. خـالفین... لاپەڕە ٧٧، ئەرشـیف. فۆندی ؟ لیستەی ٣٧٣ لە ١٨٧٣/٦/٦.
٢٣- لەو سـەروبەندەدا، چەند دەسـتـە و گـرووپی جیاجیای تورکیا بۆ کابول دەچوون، بۆ ئەوە بتوانن کار لە ئەمیـر شـێـر عـەلی بکەن، تاوەکو هاوکاری لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و ئینگلتەرە بکات.

هەواڵنامەی کتێب

* ئەم وتارە لە کـتـێـبـی: "ئاسـەوارە نووسراوەکان، کێشەکانی مێژوویی و کولتووری نەتەوەکانی رۆژهەڵات"ەوە، وەرگێردراوە. سـیـمـیناری زانسـتـیی سالانەی بیـست و چوارەم. لە لایەن ئەکادیمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤـیـەت، ئامـۆژگـای رۆژهەڵاتناسی بەشی لینینگراد. (دەکومێنت و وتار لەمەڕ کێشەکانی کوردناسی) ١٩٨٩. بەشی سێیەم، چاپخانەی «ناووکا»، مۆسکۆ ١٩٩١.

# ئەقڵی سیاسیی کورد و بازنەکانی لێکچوون

ئیسماعیل حەمەمین

دەمەوێت لە بنەمایەک نزیک ببمەوە کە زۆرجار لەودیو گووتارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانمانەوە دەردەکەوێت و ون دەبێت، ئامادەبوونێکی نهێنی هەیە، زۆرجار وا هەست دەکەین سەرجەم پانتایی بازنەی رۆشنبیریمانی داگیرکردووە، بەڵام ئەوەی کە مەبەستە راوکردن و دیاریکردنێتی. لەوانەیە زرۆرجار ترسێکی مەزن بمانخاتە دڵەڕاوکێوە، کاتێک هەست دەکەین لەودیو ئیرادەی رۆشنبیریمانەوە بنەمایەک بەشێکی نەپساو و بنچینەیی مەرکەزی گوتار و روانینمان دەیاری دەکات و ، ئێمەش بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین بەم شێوە یا ئەوی دی دووبارەی دەکەینەوە و پیادەی دەکەین.

رۆشنبیری لێکچوو لە بەشێکیدا هەوڵ دەدات لەگەڵ جیهاندا تەبابێت، گوتاری خۆی بە تەبابوون دابەزێنێ، بەمانای وشە و شتەکان لێک بچن، ئامارە و چەمکی شتەکان لەناو خۆیدا پەیوەندییەکی فۆتۆکۆپیانەیان هەبێت، ئەمەش زۆرجار وای کردووە کە گوتارەکانی عەقڵ لەسەر ئەم جۆرە لێکچوونە دامەزرێ، ئەنجام گوتاری سیاسی گوتارێکی دووبارەبووەوەی حاڵەتێک بووە کە زیاتر برەوی داوە بە وەستاندنی شتەکان نەوەکو هەژاندنی بێوێنەی جیاوزی بیر و جیهانی ئامارە بۆکراو، فاکتەرێکی نەفیکردن کۆمەڵێ نەفیکردنی تری لە هەموو بوارەکاندا خستۆتە روو، نەفیکردن لە بازنەیەکی بازنەییدا مارەتەوە، لەو خاڵەوەی کە دەستمان پێ کردووە بۆ فاکتەری نەفیکردن. گوتارەکانی تر دووبارەکردنەوەی ئەوی تر بوون، ئەم حاڵەتە لە خولخواردنەوە و دابەزینە هێڵییە وای کردووە یەک بۆچوون دەربارەی ئەدەب ... سیاسەت ... هونەر هەبێت؛ واتە ستراتیژی جیاوازمان لەناو بازنەی بیرکردنەوەماندا رەتکردەوە، بەمەش سەدەیەکی رەش و تاریک لە بیرکردنەوە دەستی پێ کردووە کە تاوەکو ئێستا بەردەوامە و لەملا و لەولای ئەقڵی کۆمەکی حیزب و دەستە وئەڵقە ئەدەبییەکاندا دیوارێکی دروست کردووە کە ئەبستیم تیایدا

ناتوانێت کار بکات.

ئەم حاڵەتە یەکلاییە، یاخود یەک فاکتەرییە، بەپێی قۆناغە سیاسی و ئەدەبییەکان گۆڕاون، بەڵام هەمان پرۆسێس دووبارەبۆتەوە، ئەم فاکتەرە ئەوی تری رەتکردۆتەوە و چووەتە جێگەی، بەڵام پرۆسەی (ستوونی و بازنەیی) هەمان جوڵێنەوەی ئەم فاکتەرە بوون، کەواتە دەتوانین وردە وردە بە پلەکانی روونکردنەوەدا دابەزین و نموونەی زۆر هەن دەربارەی ئەم مەسەلەیە مرۆ پەلکێش دەکەن بۆ موناقەشەیەکی هەمەلایەن. لەوانە کاتێک حیزبێک لە حیزبە کوردییەکان چارەسەرێکی سیاسییانە لە قۆناغێکدا پیادە دەکات (ئۆتۆنۆمی ـ مافی چارەنووس ـ فیدراڵی ـ کۆنفیدراڵ ـ) ئەم چارەسەرە، یاخود هۆیەکانی رەتکردنەوە، لە سەرەوە، یا لە سەرکردایەتییەوە، دادەبەزێتە خوارەوە، بەمانای لە سەرووی هەرەمەکەوە دادەبەزێتە خوارەوە، هەربۆیە مۆرکی رەهایی (مطلق) لە خۆ دەگرێ، بە شێوەیەکی ستوونی دادەبەزێ، یەکەم جار لەناو قاعیدەی حیزبی بڵاودەبێتەوە و ئەوانیش بێ وەستان بانگەوازی بۆ دەکەن، بێ ئەوەی ئەم هەڵوێستە ببێتە ورووژاندنێک و جووڵەیەک بخاتە ناو نێوەندە سیاسییەکە، فاکتەری نەفیکردن تەنها رۆڵی ئاماژەیەک دەبینێت، حیزب و لایەنگرانیش رۆڵی هۆی تەبابوون لەگەڵ جیهان و قۆناغەکەدا، هەردوو لا تووشی مردن دەبن لەجیاتی ئەوەی (ئۆتۆنۆمی ـ چارەنووس ... هتد) ببێتە هۆی خوڵقاندنی موناقەشەی هەمەجۆر، ئەم پرۆژە سیاسییە لە هەموو بوارەکانەوە هەڵسەنگێنن، بۆ نموونە دەتوانرێ باسی ریفۆرمی پەروەردەیی بکرێ لە سای رژێمی ئۆتۆنۆمی، یا هەر یەکێک لەم چارەسەرە سیاسییانەدا، رادەی گەشەکردن و بەرەوپێشچوون و هەنگاوەکانی دیاریکردنی خاڵی کۆتایی هەم سیاسەت لەم ئاستانەدا دووریەکانی ئەزموونەکە یان بڕیارەکەیان دەرک پێ دەکەن، هەم تووشی کارەساتی گەورە نابین و هەم لە پڕ هەڵوێستەکانمان ناگۆڕێن و تووشی پاشەکشەی سیاسی نابین.

کەواتە گوتاری یەکەم (ئۆتۆنۆمی ـ چارەنووس ...) گوتاری دامەزراندن بووە، پاشان وتارەکانی تر دووبارەبوونەوەی ئەو بوون، بەمەش بازنەیەکی داخراو دروست دەبێت لەناو پرۆسەی عەقڵە حیزبییەکەدا. ئەبستمیش بەرهەم نایەت، ورووژاندن تەنها بۆ ورووژاندنە نەک بۆ شڵەقاندنی جیاوازییەکان، بەم شێوەیە بەرامبەر سێ حاڵەت دەبینەوە:

یەکەم: گوتاری یەکەم وتاری تاک و بێبەرهەم دەمێنێتەوە.

دووەم: حیزب و ئەڵقەی رۆشنبیری حیزبی تووشی دووبارەبوونەوە دەبێت، قاعیدە تەنها هۆیەک دەبێت بۆ گونجاندنی گوتاری یەکەم دۆزینەوەی پاساودانی سیاسی و مێژووی و راوکردنی رووداوەکان و هەڵوێستەکان بەپێی گوتاری سەرەوە.

سێیەم: دیوارێک لەنێوان سیاسەت و لێکۆڵینەوەی زانستیدا دروست دەبێت، هەر یەک بە جیا لەوی تر کاردەکات.

دەبینین گەورەترین درز دەکەوێتە ئەقڵەوە و روانین دروست نابێت، ئەڵقە حیزبییەکان تەنها رای جەماوەریان وروژاندووە و رووەو حاڵەتێکیان لە نەستی کۆمەکیی (لاشعور جمعی) کۆمەڵدا وروژاندووە، بە هەمان شێوە خولخواردن روودەدات، کردەی وروژاندنیش شێوەیەکی زانستی بە خۆیەوە نەبینیوە، بەڵکو پشتی بە پەتای کۆمەلایەتی بەستووە، ئەمەش بە هەمان شێوە کردەی وروژاندنیشی مراندووە، بۆیە کە بارودۆخ وەرچەرخاوەتەوە ئەو حیزب و لایەنانە تووشی گۆشەگیری و بێدەنگی بوون کە ئەمەش مەترسیدارترین بارودۆخی سیاسییە.

لە ئەدەبیشدا دەتوانین ئەم جۆرە پرۆسێسە دیاری بکەین، بزووتنەوەی (روانگە) خۆی خستە نێوەندە ئەدەبییەکەوە، سێبەرێکی قورس بوو، رۆڵی ئاماژەی یەکەمی بینی، دوای ئەو تا چەند ساڵانێکی دوورودرێژ شیعر و چیرۆک و ژیانی ئەدەبیمان دووبارەبوونەوەی وتاری یەکەم و نەبزواندن و لەجێی خۆدا مانەوە بوون و تا ئێستەش ئەم گیرخواردنە هەر بەردەوامە (هەڵبەتە باسی ئەم نەوەی جەنگە ناکەم کە روانینێکی ئەدەبی جیاوازیان هەیە)، کەواتە دەگەینە خاڵێک ئەویش ئەوەیە کە ئاماژە دەیەوێت لەگەڵ جیهاندا تەبا بێت. ستراتیژی تەبابوون لەگەڵ ئاماژەی یەکەم ستراتیژێکی کۆنە، بیرکردنەوەی رۆژئاوایی سەدەی شانزەیەمی پیادا تێپەڕ بووە و. یەکێکە لە هەرە خاسییەتە سەرەکییەکان کە ئەبستیمی سەدەی شانزەیەم دیاری دەکات، فۆکۆ دەڵێت: "بە هۆی ئەم یارییەوە جیهان وەکو خۆی دەمێنێتەوە، لێچووەکان وەک خۆیانن، خودیش لەسەر خۆی بە داخراوی دەمێنێتەوە." میشیل فوکو – الکلمات والاشیاء – وەرگێرانی مطاع صفدی و هەندێکی تر.

پێکهاتەی پرۆسەی لێکچوو رژاوەتە ناو ئایدۆلۆژیا و کاری خۆی دەکات، وای کردووە لای ئێمە ئایدۆلۆژیا ببێتە ئامانجێک نەک هۆیەک بێت کە ئەمەش ژیانی سیاسی و رۆشنبیریمانی زۆر دوا خستووە، بواری فراوانبوون و گەشەسەندنی دیاری کردووە، ئەم تەبابوونە لەگەڵ ئاماژەدا وەکو لە خاڵی یەکەمدا باسمان کرد رەگی خۆی هەیە و،

هەولێرنامەی کتێب

زیاتر بە ڕای من دوو فاکتەر ئەفسانەی وتاری یەکەمیان دامەزراندووە، یەکەمیان: فاکتەری باوکە و، دووەمیان: فاکتەری ئایین.

نامەوێت باسی فاکتەری دووەم بکەم، کە لە لایەن (بەختیار عەلی، مەریوان وریا قانع، بەرزان فەرەج، عەتا فایەق)یەوە باسکراوە، فاکتەری دووەم پاشینەی هێما گەورەکانە کە ئەویش یەکێکە لەو هێمایانەی کە تاوەکو ئێستا کاردەکات و تەواوی جەستەی ڕۆشنبیری و هەڵسوکەوتی نەستی کۆمەکی دیاری دەکات، مەبەستم هێمای باوکە و ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە بیناکردنی ئاماژە لە سەریی هەرەمەکەوە. گوتارەکانی تر هەوڵی تەبابوونی لەگەڵ جیهاندا دەدەن. دەتوانین ئەم ئەقڵە بە (ئەقڵی باوک) ناوبەرین کە یەکێک بووە لەو کۆسپانەی ڕۆشنبیرییەکی داسەپاو و داخراوی بەرهەم هێناوە و وای کردووە تەنانەت ئەبستیم لە کەنارەکانیدا سەوز نەبێت.

ئەمەش زیاتر، بە ڕای من، پەیوەندی دارە بە گرێ ئۆدیبییەکەوە کە لە کۆمەڵگای جیهانی سێیەمدا زیاتر زاڵە لەبەر کارکردنی ڕژێمی خەفەکردن کە بە چڕییەوە ڕژاوەتە هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆشنبیریمان. لێرەدا ئێمە بەرامبەر دوو باری دەماری (عصابی) دەبینەوە کە چۆن پێکهاتە منداڵییەکانی ئۆدیبی ڕژاوەتە ناو پرۆسەی کارکردنی ڕۆشنبیریمانەوە.

منداڵ لە گرێی ئۆدیبدا تووشی دوو حاڵەت دەبێت، یان دەبێت دژی باوک بوەستێت، کە ئەمەش سزا یان وردتر بڕوانین بە خەساندن کۆتایی دێت، یان دەبێت دەوری باوک ببینێ و جێی ئەو بگرێتەوە و بیکات بە هێما و لەگەڵ هەڵسوکەوت و کاریگەریی سایکۆلۆژی ئەودا جووت بێت. پێکهاتەی خێڵ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەسەر جوگرافیای سۆسیۆلۆژیماندا زاڵە، بەڵام مەسەلەی هێمای باوک زەقتر و زاڵترە. شان بە شانی ئەمەش خەفەکردنی سێکسی لە هەموو بوارەکاندا زیاتر ئەم حاڵەتە برەو پێ دەدات و، هەر بۆیە ئەم یەکگرتنەوەیە لەگەڵ باوک و بالاییە (الأستعلاء) کە کارکردنی (منی بالا)یە چۆتە ناو پرۆسەی کارکردنی ڕۆشنبیریمانەوە، پاڵپێوەنەرە سایکۆلۆژییەکان کۆنترۆڵی بیر و بۆچوونەکان دەکەن.

وتاری یەکەم کە لە سەرووی هەرەمەکەوە دادەبەزێ گوتاری باوکە و، ڕەتکردنەوە و موناقەشەی زیاتر هەڵناگرێ، ئایدۆلۆژیا مۆرکێکی باوکایەتی هەڵدەگرێ، تەنانەت پرۆسەی شیعریش هەمان ڕوانینی هەیە بێ ئەوەی مەوداکانی لێک بدرێتەوە و لایەنەکانی شیبکرێتەوە.

ترس لە سزای باوک (خەساندنی

-مەعریفی-سایکۆلۆژی-جەستەیی) گرێیەکی دروست کردووە کە لەناو خێڵدا پاڵپێوەنەری زیندووبوونەوەی هەیە و سانسۆرێکی نهێنی گشت ئەوانی تر دەجووڵێنێ.


بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کاتێک بیرکردنەوەی رۆشنبیری کورد، ئیسلامی رەتکردەوە مارکسیەت هاتە جێگەی ، ونبوونی گوتاری یەکەم و هاتنە کایەی گوتاری دووەم جگە لە گۆڕانێکی لە شێوەدا هیچی تر نەبوو، چونکە مارکسیەکانی ئێمە ئەوەندەی سۆڤێتی باوک و موقەدەساتی مارکسی جێی لێدوانیان بووە، گوتاری مارکسیان بە گوتاری باوک و دامەزراندن چواندووە و هەم مارکسیزمیان لە دیالەکتیک کردووە و هەم خۆشیان تووشی گۆشەگیری بوون.

هەمان حاڵەتی ستوونی و بازنەیی لەناو حیزب و جەماوەردا بەرهەم دێت، زۆرجار ئەدیبێک یا شاعیرێک لە نێوەندەکەدا بۆتە جێگر و ئەوانی تر لە ژێر سێبەری ئەودا خۆیان دووبارەکردۆتەوە.

ئەمەش کە باسمان کرد زاڵبوونی عەقڵیەتی باوکە بەسەر نەخشەی رۆشنبیریماندا کە خۆی لەخۆیدا بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆی پێویستی بە لێکچوون هەیە، پشت ئەستوور بە مەزهەبییەت و بنەمای ئایینی. گوتاری یەکەمی باوک منداڵدانی لەدایکبوونی دەلالاتی زنجیرە گوتارێکی ترە، دەتوانین بڵێین ئەم ترسە لە سزا و خەساندن و گرێی باوکە تاوەکو ئێستا لەناو ئەقڵی کوردا کاردەکات و رۆشنبیری لێکچوو بەرهەم دێنێ.

لەم حاڵەوە کە باسمان کرد رۆشنبیری لە خودی خۆیدا جارێکی تر تووشی پەرت بوون دەبێت، دەبێتە دوو بەشەوە، چونکە ئەگەر هاتوو گوتاری یەکەم هی باوک بێت و، ئەوانی تر گوتاری ئەڵقەیی یا بازنەیی بن، ئەوا رۆشنبیریی لێکچوو دوای ئەوەی فاکتەری یەکەم دادەمەزرێنێ لێکچووەکان لە خولگەی ئەودا سوور دەخۆن و گوتاری هەمەجۆرە بە تەنیشت یەکەوە بەرهەم دێن. کەواتە لێرەدا رۆشنبیری لێکچوو یەکەم جار پێویستی بە ناوەند (مرکز)ە ئەوانی دی بە شێوەیەکی بازنەیی لە کەنار ئەودا هێڵی چێوەکەی دیاری دەکەن، بەڵام ئەمە لە یەکەم ئاستدا دروست دەبێت، بەمانای گوتاری یەکەم خۆی لەخۆیدا یەکەم جار ناوەند و چەقی دەبێت پاشان کەنارەکانی خۆی لەسەر ئەو ناوەندە دروست دەبن، پاشتر بە شێوەیەکی ستوونی دادەبەزێ؛ ئەوا بازنەی یەکەم دوای دابەزین دەبێتە ناوەند و، رای گشتی، لە شێوەی شەپۆلی پەتای کۆمەڵایەتی، بنەما هەڵچووەکانی نەستی کۆمەکی دەجوڵێنن، لە دواییدا بازنەیەکی گەورەتر دروست دەبێت.

دەتوانین لەم هێڵکارییەدا ئەم گریمانەیە روونکەینەوە، سەرنجی وێنەکە بدە:




هەروەکو گوتمان ئەقڵی باوک یەکەم ناوەندە، کە سەرچاوەی گوتاری یەکەمە و، لەو چەقەوە گوتاری دامەزراندن دروست دەبێت، هەڵبەتە یەکەم لەناو حیزبدا بە ستوونی شۆڕ دەبێتەوە، گوتاری یەکەم ئەم جارەیان خۆی دەنێتە ناوەند و حیزبیش دەبێتە کەنار و بازنەی دووەم لەناو شانە حیزبی و ئەندامەکاندا چوارچێوەی خۆی داگیر دەکات، جارێکی تر ئەم گوتارە لێکچووانە بە شێوەیەکی دیارکراو بەهۆی پەتای کۆمەڵایەتی و جوولاندنی بنەمای هەڵچوونەوە بڵاودەبێتەوە، بۆ نموونە هەر کە حیزبێک دەیەوێت رایەک بڵاوبکاتەوە لەجیاتی رێگە گوتنی کۆڕ و سیمینار و موناقەشەی سیاسی و جەدەلەوە ئەوا کەناڵی راگەیاندن و بڵاوکردنەوە هێشتا ناودانی ئەستی کۆمەکییە و لەسەر جوولاندنی ئەو بنەما هەڵچووانە کار دەکات، جا گەر هاتوو بە مەبەستێکی دیاریکراو بێت یاخود بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا بابەتێکی تایبەتییە و لێکۆڵینەوەی خۆی دەوێت، گرنگ ئەوەیە ئەوان لە رێگەی بزواندنی ئەو بنەمایەوە کار دەکەنە سەر ئەقڵە جەماعییەکە و ئەستی کۆمەکی رۆڵی چڕبوونەوەی دەبێت لە جۆشدانی رای جەماوەردا.

چاکترین نموونەی دیاری ئەم مەسەلەیە زۆرانبازیی رای سیاسیی حیزبەکانی لای ئێمەیە، گەر حیزبێک هەڵوێستی لەگەڵ ئۆتۆنۆمی دا بێت، ئەوا کەناڵی راگەیاندنی حیزبەکانی تر دەست دەکەن بە جوولاندنی

هەواڵنامەی کتێب

بنەما هەڵچووەکانی ئەقڵە جەماعییەکە و یەکسەر پەیوەستی دەکات بە گەڕانەوەی دەزگا ئەمنی و جاسوسییەکانی رژێم، بێ دۆزینەوەی پاساودانی زانستی، کە لەوانەیە ئەو حیزبە لە بەرنامەی ئۆتۆنۆمی خۆیدا ئەو مەسەلەیەی چارەسەر کردبێت، یا بە پێچەوانەوە کاتێک باسی مافی چارەنووس دەکرێت یەکسەر پەیوەست دەکرێت بە ئاوارەیی و ماڵوێرانی کوردەوە، بە ڕای من هەردوو ڕاکە جێگای رەخنەلێگرتن و گفتوگۆ لەسەر کردنن، بێ ئەوەی یەکسەر پەیوەست بکرێت بە کۆمەڵێک رووداو و رابوردوویەکی بەسەرچووەوە. (ئەمەش باسێکە دوایی لێی دەدوێین). یاخود کاتێک رایەکی جیاواز لەسەر حیزبە مارکسییەکانمان دەردەبڕێت ئەوا یەکسەر ئەوانیش بە هەمان شێوە یەکسەر سیفەتی بۆرژوازی و بۆرژوازی بچووک دەدەنە پاڵ ئەو رایە، پشت دەبەستن بە چەند ئەزموونێک کە لە مێژووی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی جیهانییەوە هاتووە، را سیاسییەکەش لە خاڵی جەدەلی سیاسییانەوە دەچێتە قاڵبی جەدەلی خێڵەکییانەوە.

گەر بێت و زۆر لە بابەتەکەمان دوور نەکەوتبینەوە ئەوا بەم شێوەیە هەڵچوونی بازنەی گوتاری لێکچوو کاری خۆی دەکات، پاشان کە ڕاکە لەناو جەماوەردا بڵاودەبێتەوە ئەو گوتاری یەکەم لە هەوڵدان دەکەوێت، ماوەیەکی زۆر دەسەڵاتی سیاسیی پارێزراو دەبێت گەر هاتوو کەوتە مەترسیشەوە ناوەندەکە بە ناوەندێکی تر دەگۆڕێت و مەسەلەی تاک ناوەند سیفەتێکی زاڵە لە رۆشنبیری لێکچوودا، چونکە رۆشنبیری لێکچوو چەند ناوەندێک قبووڵ ناکات.

ئەدەبی کوردی یەک ناوەندی هەیە یا بەرگرییە یا وجودییە بەم شێوەیە چەند ناوەندێک بەیەکەوە هەڵناکەن، بەڵام بیری زانستی و جیهانبینیی رۆشنبیری لە چەند ناوەندێکەوە دروست دەبێت و پەیوەندییەکی دیالەکتیکی بەیەکەوە دەیان بەستێتەوە.

هەروەکو زانیمان مەسەلەی تاک ناوەند بەشێکی ئەبساو و بنچینەییە بۆ بەرهەمهێنانی رۆشنبیری لێکچوو.

یەکێک لە هەوڵدانەکانی ترمان بۆ دۆزینەوەی چوارچێوەی رۆشنبیری لێکچوو مەسەلەی مێژووە، ئەو مێژووەی لای ئێمە تەنیا کۆمەڵێ رووداو و ئەزموونە پاشان دەبێتە بەڵگەیەک بۆ پشتیگیری کردنی رای سیاسییەکانمان هەر بۆیە رۆشنبیری لێکچوو کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو ئەو ئەو مێژووە بە دوو جۆر بەکاردێنێت.

یەکەم: مێژوویەکی کۆن و دێرینی نقووم بووی رابردوویەکی دوور.

دووەم: مێژوویەکی تازەی بەسەرچوو

یاخود رابردوویەکی پراکتیکیی کۆتایی پێ هێنراو.

رۆشنبیری لێکچوو لەبەر ئەوەی خاوەنی شیکردنەوەیەکی زانستی نییە ئەوا ستراتیژی تەبابوون لەگەڵ جیهاندا تاکە ستراتیژێکە پیادەی دەکات لەپێناوی زیاتر مانەوەی دەسەڵات و، کردەی گەڕانەوەی بۆ مێژوویەکی کۆن و دوور کە هێشتا لە تەمومژدا نوقمە و کردنی بە بەڵگە و بەکارهێنانی وەک کاغەزێکی براوە، خۆی لە خۆیدا زیاتر مانای پیادەکردنی سیاسەتی بازنەی داخراوە، یاخود حاڵەتە بازنەیەکی گوتارە لێکچووەکان، زیاتر گەورەتر و فراوانتر دەکات.

راستە رای سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ رەگە مێژووییەکانی، بەڵام رێژەوی رای سیاسی لە لێکچوودا ئەوەندە پێویستی بە مێژووە کە پشتگیری بکات، ئەمەش زۆرجار وای کردووە بەرەو رابردوویەکی زۆر کۆن و دێرین هەنگاو بنێت. بێگومان چاک دەزانین مێژوو لای ئێمە لەسەر ئاستی کلاسیکیش چاک نەنووسراوەتەوە، بۆیە رۆشنبیری لێکچوو پاڵ بەو پایە دوور و غەمبارانەوە دەدات، کە هێشتا لە تەمومژدا نەخنکێنراوە و، ئەوەندە لە مێژوو دەگات کە بەردەوامیی جیهان و خودی خۆی پێ مسۆگەر بکات. مێژووی دوور لەناو ئەم رۆشنبیرییەدا رەهایە و توانای چەند لێکدانەوەی جیاوازی نییە، هەوڵدانی ئەم رۆشنبیرییەش بۆ سەپاندنی تاکە لێکدانەوەیەک هەوڵدانە بۆ پارێزگاری کردنی ئەم خودە لە پارچە پارچە بوون، هەر بۆیە رۆشنبیریی لێکچوو پاڵ بەو مێژووەوە دەدا کە بەردەوامیی جیهان بپارێزێ.

"لەکاتێکدا مێژووی کلاسیک حەز دەکات خۆی لە هەندێ رووداوی کتوپڕ گێل کات لەپێناوی کۆمەڵێ بنەما کە رێگەی خۆگێلکرن نایانگاتێ." فوکو –ارکولوجیا المعرفه– ص٤

یاخود دوورکەوتنەوە لە رای سیاسی و هەڵوێست وەرگرتن بەوەی مامەڵە لەگەڵ رووداوێکدا (گفتوگۆ – شەڕێکی ناوخۆ... هتد) بە گێڕانەوەی رووت (سرد) بکرێ، بێ خستنە رووی هەڵوێستی ئەو لایەنە. لێرەوە دەتوانین رۆڵی گێڕانەوە زۆر بە ئاشکرایی لە گوتارەکانماندا هەست پێ بکەین، گێڕانەوە لە کۆمەڵگەی خێڵدا کە هێشتا نەستی کۆمەکی کار دەکات تیایدا، ئەوا جوڵاندنی ئەو بنەمایە تاکە هۆیەکە کە دەوروژێنرێ، ئەمەش هەڵبەتە پاساودانی شکستهێنانی ئەم رۆشنبیرییەیە لە بونیادنانی زانیارییەکی سیاسی و لێکدانەوەی زانستی، بۆیە بەکارهێنانی گێڕانەوە زیاتر برەودانە بە سیاسەتی بازنەی داخراو، نموونە زۆرە لە دوای هەر شەڕێک یان کێشەیەک یا گفتوگۆیەک، پاش ئەوەی هیچ ئەنجامێک بە دەست نایەت، دوای ئەوەی کات و توانایەکی

زۆر لە دەست دەدرێ لەبەر ئەوەی بە روانینێکی دیاریکراوەوە نەچوونەتە پێشەوە، دوای ئەوەی کۆتایی دێت و ماوەیەکیشی بەسەردا دەچێ، گێڕانەوە لەملا و لەولای نێوەندە سیاسییەکەوە دەست پێ دەکات و گوتارە لێکچووەکان ماوەیەکی زۆر دەست دەکەن بە گێڕانەوە، وەک شتێکی کۆتایی پێهێنراو و دوور لە رووداوەکانی ئێستا، هەڵبەتە کاتێک ئەم رۆشنبیرییە کاردەکات کە تووشی قەیرانێکی سیاسی دەبێتەوە، ئەوا گێڕانەوەی رووداوێک کە هێشتا لە بیرەوەریدا لەناو ئەقڵی کۆمەکیدا ماوەتەوە هۆیەکە بۆ زیاتر فڕێدانی ستراتیژی جیاوازی لە بازنەی بیرکردنەوەی خۆیان. بەم شێوەیە بەکارهێنانی مێژوویەکی زۆر دوور و گێڕانەوەی رابردوویەکی نزیکی بێ سەرچوو زیاتر ئەقڵی کوردی بردۆتە بەردەم کۆڵانێکی داخراو کە هێشتا لەبەر پێی خۆی زیاتر ئاگای لە هەنگاوی تر نەبێت.

ئەڵقەیەکی تری باسەکەمان لە لێکچوو هۆی گەڕانەوەی لێکچووە بۆ مێژوو، ئەنجامی ئەوەش دەبێتە دروستکردنی رێڕەوێک کە هەمیشە ئەم رێڕەوە باس لە دەرەوەی خۆی بکات. لێکچوو ناتوانێت یاخود نایەوێت باس لە خودی خۆی بکات، هەمیشە باسکردنی لە دەرەوەی خۆیەتی، بە مانای لە زۆرانبازییەکانی ناوەوەی ڕادەکات. ئەمەش وای کردووە سەرجەم بابەتەکانی لێکچوو گوتارەکانی دووەم کە لە ناوەندەوە دروست بوون، تەنانەت زۆرجار بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن، مەسەلە بنچینەییەکان دەشێوێنن، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە و زیاتر پەیوەندیی بە بیرکردنەوەی سەرەتاییەوەیە ئەو ترسە دێرینە لە پەرشبوونەوە، کاتێک باس لە خود و تابۆ دەکرێت، لەو ساتەدا مەسەلەکان، وەکو لێکچوو سەیری دەکات، دەبێت وەکو تەوتەم سەیر بکرێت، ئەمەش وای کردووە کە بیرکردنەوەی سەرەتایی هەمیشە ترساوە لە رووبەڕووبوونەوە و دەستەویەخەبوونی کێشە ناوەکییەکان لەبەرئەوەی دەست لێدانی ئەو تەوتەمەیە و تابۆیەکی گەورەیە.

سیاسەتمەدارانی کورد لە کێشە بنچینەییەکان رادەکەن، خۆیان بە کۆمەڵێ بابەتەوە خەریک دەکەن کە لە بازنەی دەرەوەی خودی خۆیانە، حیزبێک کاتێک دەکەوێتە کێشەیەکەوە نۆبالی هەڵەکان دەخاتە سەر هۆ دەرەکییەکان، یاخود حیزبێکی تر، بەلام بۆ تەنیا ساتێک بیر لەوە ناکاتەوە هەڵەکان یەکەم جار لە ناوەوە بەرهەم دێن، پاشان تێکەڵی بازنەکانی دەرەوە دەبن، ئەم رێڕەوە زۆر دیارە، تەنانەت ئەو رۆشنبیرانەی لە دەرەوەی وڵاتەوە دێنەوە هێشتا لێکچوونیان پێوە دیارە، کۆڕدەگرن

لەسەر کورد فلان رۆژنامە یان فلان هونەرمەند وای دەربارەی کورد گوت، وای کرد، بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ دەست دەکات بە گێڕانەوە و، لە ئەهامەتی ئەو گێڕانەوەیەدا نقووم دەبێت، لەکاتێکدا ئێمە بە دەست کۆمەڵێ قەیرانی ئابووری و دەروونی و فیکرییەوە دەناڵێنین هەرگیز ئەو رۆشنبیرە لێکچووە نایەوێت باسی بارودۆخی کوردەکان بکات لە هەندەران لە رووی هۆی چوونیان بۆ هەندەران و، بە باشتر زانینی غەریبی لە ژیان لەناو شۆڕشدا، یاخود باری دەروونیان، کێشەکانی کە پێوەی دەناڵێنن، ئەمانە نزیکترین شتن لە خۆیەوە تەنانەت ناتوانێت باسی ئەو حیزبانە بکات لە هەندەران رایان جیاوازە دەربارەی کێشەی کورد. بە جیا لە کەناڵەکانی راگەیاندنی رۆژئاوا، ئەم رۆشنبیرانە خۆیان جارێکی تر جەخت لەسەر سیاسەتی بازنەی داخراو دەکەن و هەندەران لای ئەوان تەنها ئەو لێکچوونەیە لێرەوە لەگەڵ خۆیاندا هەڵیان گرتووە.

ساناترین نموونە لە ئەدەبدا ئەدەبی ئافرەتانە، من هەرگیز شاعیرێکی ئافرەتم نەبینی بە ڕاستی باس لەو حاڵەتە تێکچڕژاو و ناسکانە بکات کە جیهانبینیەکی جیاواز بینا بکات، شیعری ئافرەتیش وەکو پیاو وابووە، هەرگیز وەکو (فروغزاد و گورگین و سیمۆن دۆبۆڤوار و فرجینا ولف و مارگرێت دورا و ناردین گوردیمر) نەبوون. ئەمەش ئەهامەتییەکی گەورەیە کە رۆشنبیری لێکچوو بینای دەکات و حاڵەتێکی راکردنە لە خود و باسکردنی کێشەکانی دەرەوەیە زیاتر.

تەنانەت رێکخراوەکانی ئافرەتان ئەوەندەی لەسەر کێشەی وشەی ژن یا ئافرەت شەڕیانە کە کێشەیەکی ئەوتۆ نییە، یاخود باسی چەوساندنەوەیەکی کۆنینەی ئافرەت دەکەن کە زەمەنی بەسەرچووە، ئەوەندە ناتوانن باسی کێشەی ئێستا-هاوچەرخ بکەن، کە ئافرەت لە چێوەی فەرمانگە و ئامۆژگا و کێشەی شوونەکردن و چەندەهای تردا پێوەی دەناڵێنن، یا ئەوەندە خۆیان خەریک دەکەن بە حیزبەکانەوە تاوەکو ئەرکی خۆیان بیرچۆتەوە، ئەوەندەی حیزبەکان خۆیان خەریک دەکەن بە خوتبەدانی حەماسی و باسکردنی دەستکەوتەکانەوە چاکتر وایە بە هەڵەکانیاندا بچنەوە و چاوێک بە کێشە ناوەکییەکاندا بگێرنەوە و پەرە بە خۆیان بدەن، تەنانەت ماوەی چەند عەیامێکی دوورودرێژ بە شێوەیەکی کاریکاتۆرییانە

هەواڵنامەی کتێب

ئەدەبی کوردی و ئەدیبە ناودارەکانی کورد خۆیان بە کێشەی ئایا (نالی) نالییە یا (ناریە) یا (ناڵی)یە خەریک دەکرد، بێ ئەوەی یەکێکیان بە جدی تەنیا قەسیدەیەک شی بکەنەوە، و لێکۆڵینەوەی هەمەجۆری لەسەر بکەن، لەجیاتی خۆخەریککردن بەو کێشەیەوە لە دەرەوەی (نالی) چاکتر وابوو لە ناوەوە باسی جیهانی (نالی) بکەن. بە گشتی دەگەینە ئەوەی یەکێک لە خاسیەتەکانی لێکچوو باسکردنی دەرەوەی خۆیەتی بەمەش پارێزگاری لە خۆی دەکات لە پەرشبوونەوە و ناتوانێت ئەبستیم بەرهەم بێنێ.

دەتوانین بڵێین یەکێک لە خاسیەتەکانی لێکچوو ئەوەیە گوتارەکانی کەنار خزمەتی گوتارەکانی ناوەند بکەن، پێویستە (بازنەی بازنەکان) هەروەکو هێگل دەڵێت بالادەست بێت، ئەوانی تریش یەک بەرهەمی ئەو بێت، ئەمەش وای لە رۆشنبیری کردووە کە شتەکان بە جیا لە یەکتر و، دابڕاوا لە یەکتر بهێنێ، تەنها بازنەی یەکەم کاردەکات ئەوانی تریش لاوەکی دێنە پێش چاو، هەر بۆیە لێکچوو کرانەوە بە خۆیەوە نابێنێ تەنها لەو ساتانەدا نەبێت کە پشتگیری بازنەی یەکەم بکات.

لە رۆشنبیریی لێکچوودا هونەر بە جیا لە سیاسەت کار دەکات، سیاسەت بە جیا لە ئەدەب، لێکۆڵینەوە تەنها بۆ سیستیمی قوتابخانە و زانکۆکانە، بێگومان ئەم حاڵەتە یەکلاییە و دابڕانە لە یەکتری وای کردووە لە هەموو بوارەکاندا بەرهەم هێنان زۆر کاڵ و کرچ بێت و لە ئاستی پێویستدا نەبێت. سیاسەتمەدارانی کورد رۆمان بە زیاد تێ دەگەن، ئەدیبەکانیشمان سیاسەت بە بەشێک لە ژیانی ئەدەبییان تێ ناگەن، کە چوونە ناو سیاسەتەوە ئەدەبیش دەپوکێتەوە، هەروەها سیاسەتیش کاتێک دەچێتە ناو ئەدەبەوە.

(ئۆکتاڤیۆ پاث) شاعیرێکی گەورەی ئەمریکای لاتینە لەگەڵ ئەوەشدا سیاسییەکی گەورەی وڵاتەکەیەتی، هەروەها (حەمزاتۆڤ)، (گۆرباچۆف) و (میتران)، بەوە ناسراون گرنگییەکی زۆر بە ئەدەب و هونەر دەدەن و بە بەشێکی نەپساوی ژیانی سیاسیی خۆیانی تێ دەگەن، (لێنین) یەکێکە لەو مارکسییە گەورانەی لێکۆڵینەوەی دەربارەی (تۆلستۆی) و ئەدەب هەیە، مارکس و ئەنگلس زۆر دەربارەی ئەدەب دوواون و گرنگییان داوە بە هونەر، دەبینین هەر یەکە لەمانە توانیویانە سیاسەت وا لێ بکەن ئەبستیم بەرهەم

هەواڵنامەی کتێب

بهێنێ.

ئەمەش بەگشتی واتە ئەو دابڕانەی پێشتر باسمان کرد وا لە ئەقڵ دەکات کە خۆی لە خولگەی خۆیدا بخولێتەوە و جەختی سیاسەتی بازنەی داخراو بکات.

دواخاسیەت لە خاسیەتەکانی لێکچوو مەسەلەی خولخواردنی لێکچووە لەناو جیهانی (دال)دا و پچڕاندنی پەیوەندیی دیالکتیکیانەی (سیاق)ی نێوان (دال) و (مدلول)، نێوان وشە و شتەکانە، هەمیشە وشەکان بە جیا لە جیهانی شتەکان کار دەکەن، رۆشنبیری لێکچوو وەک دۆنکیشۆتی لێدێت، کاتێک دەیەوێت وشەی ناو کتێبە کۆنینەکان لەگەڵ جیهانی شتەکاندا بگونجێنێت، شەڕ لەگەڵ پەروانەی ئاشی بادا دەکات لە پێناوی ئەوەی ئەژدیها کۆنینەکانی رۆژگاری شۆڕسواری زیندوو بکاتەوە و، وشەکان لەگەڵ جیهانی شتەکاندا تەبا بکات.

ئەم حاڵەتە کاریکاتۆریانەیە رۆشنبیری ئێمەی داگیرکردووە، مارکسییەکان زۆرجار دەیانەوێت وشەکانی ناو کتێبەکانی مارکس بە زۆر بترنجێننە ناو قۆناغەکانەوە، ئەنجام حیزبە مارکسییەکانی ئێمە ئەوەندە لەناو (دال)دا خولیان خواردووە تاوەکو جیهانی دەرەوەیان بیرچۆتەوە، هەم حیزبەکانیان تووشی گۆشەگیریی کردووە هەم ماناکراوەکانی مارکسیزمیشیان مراندووە، تەنانەت زۆربەی حیزبەکانی تریش کاتێک خۆیان لەناو (دال)ی ئایدۆلۆژیای حیزبدا گیر دەکەن بە شێوەیەک (سیاق) پچڕاوە و دوولایەنەی دال/مدلول دروست نەبووە و رستەی ئەبستمۆلۆژی لە هیچ یەکێک لە تەوەرەکاندا بەرهەم نایەت، هۆکاری قەتیسبوونی لێکچوو لەناو دالدا ئەوەیە هەمیشە گوتاری یەکەم گوتاری ناوەند و باوکە و بازنەی بازنەکانە و هەموو وەڵامەکان لەوەوە دەڕژێتە ناو جیهان، بە مانای گوتاری وەڵامە نەک پرسیار، لێکچوو ناتوانێت هەردوو لایەنەکان بگرێتە خۆی چونکە دوولایەنەی دال و مەدلول پچڕاوە و سیاق کار ناکات بەم شێوەیە گەر بازنەی یەکەم یەک لایەن بێت ئەوا گوتاری یەکەمیش یەک وەڵامە و تۆوی پرسیار لە خۆ ناگرێ، بەم کردارەش پرۆسەی ئەقڵی کوردی هەمیشە خۆی لەم خولگە غەمبارانەدا بەرهەم دێنێ و پیادەی سیاسەتی بازنەی داخراو دەکات...

سلێمانی – پوشپەڕی ۱۹۹۲

# میتافیزیکای مردن و... ریالێتیی نێگەرانی لە کارە هونەرییەکانی ئیسماعیل خەیاتدا

بەکر عەلی

"ئێمە نیشانەیەکین ناخوێندرێتەوە،
ئێمە هەست بە هیچ ئازارێک ناکەین،
واپێدەچێت، ئێمە...
زمانمان لە خاکە نامۆکاندا بزرکەین."

هۆڵدەرلین

کێشەی مردن لە فەلسەفەدا وەرسکەرترین توخمە. ئەم وەرسییەش لەو روانگەیەوە دێتە ئاراوە، کە ئێمە دژ بە مردن لێوەی دەڕوانین... ئاشکراشە ئەمە دیاریکردنی مردنە وەک دژکاری ژیان... ئەگەرچی کولتووری مەسیحیەتگەری لایەنە لاوەکییەکانی مردنی وەلاخست و بۆ یەکەم جار مردن کرا بە گرفت و بە کێشەشی... بەڵام راستییەکەی ئەوەیە هەر پێشتریش لە تەقس و دابی هێند و چین و لە مۆجیزەی یۆنانییەکانیشدا ئەم گرفتە هەبووە و هەمیشە بەشێکی دیاری ئەقڵی ئادەمیزادی بە خۆیەوە خەریک کردووە و گەیشتۆتە رادەی ئەوەی ببێتە کلیلی پرسیارەکان و ئایکۆنەیەکی دیاری دنیای فەلسەفەی یۆنانی... ئەوەتا ئەفلاتوون وتویەتی: "فەلسەفە رامانە لە مردن."... هەرچەندە زۆرجار ئەم ئایکۆنەیە بەڕاستی نەخوێندراوەتەوە و وابووە سیما و جەوهەریشی شێوێندراوە و مەبەستەکەیان بە بارێکی تردا لێکداوەتەوە... یەکێک لەوانە شۆپنهاوەرە کە لەم بارەیەوە وتویەتی: "مردن بابەتی سەرەکیی فەلسەفە و ئیلهام بەخشی هەرە گەورەی بیرکردنەوەی فەلسەفییە...". ئاشکرایە ئەمەش لێکدانەوەیکەی هەڵەی ئەو وتەیەیە و بۆتە بناغەی سەرەکی و بنەڕەتیی فەلسەفەکەی شۆپنهاوەر خۆشی، کە دیدێکی رەشی رووتە و هیچی تر... ئەگینا ئەفلاتوون مردنی نەکردۆتە بابەتی سەرەکیی فەلسەفە؛ بەڵکو مردن... یا تەواوتر بڵێین لە مردن رامان لای ئەفلاتوون هۆکارێکە کە رێگای بیرکردنەوەی فەیلەسوف والآ و ئاسان

هەواڵنامەی کتێب

دەکات.. ئەمیش خۆی پابەند و هەڵقولاوی توخم و بونیادی بنەڕەتیی فەلسەفە ئایدییاکەی ئەفلاتوون خۆیەتی، کە لای ئەرستۆ مەودایەکی کردەییانەی هەیە... پاشان ئایدیالیزمی رەهای ئەڵمانی (فیشتە و هیگڵ) سیمای هەرە دیاریان کە پەیوەندیی بە هەستکردن بە مردنەوە هەیە و کاڵای باڵا و دیاریکردنی هەستی تاکەکەسەی ون کرد. یاخود بڵێین ئەمان بوونی تاکەکەس رەت دەکەنەوە، لەکاتێکدا مردن تاکە رووداوێکە، کە تاک خۆی هەڵگرییەتی... ئەمە زیاتر بە (منی رەهاوە) گرێ دەدرێ، لای فیشتە و بە (گیانی رەهاوە) لای هیگڵ. لە کولتوور و گۆشەنیگای مەسیحیەتدا تەباییەک خوڵقێنرا لەم نێوانەدا، بەوەی، کە ئێمە هەموومان دەمرین، بەڵام هەر کەسە و مردنی تایبەت و تاکانەی خۆی هەیە. لێرەوە کولتووری عەقڵی دەبێتە توخم و مۆنادێکی فەلسەفەی ژیان. نیتشەش لێرەدا بەرز ئەم چەمکەی دەربڕیوە، کە گوتویەتی: "نەکەی بڵێیت مردن دژ بە ژیانە!" هەر لێرەشەوە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا و لەباتی بیرکردنەوە و روانگەی وەرسەهێنەرمان بەرانبەر بە مردن، هی کامەرانی هەڵبژێرین. مەبەستمان لەم جۆرە مردنە پەککەوتنی فیزیکی و سستبوونی بایۆلۆژی نییە، بەڵکو مردنە وەک هەست و هۆشیاریی تاکەکەسی بەرانبەری، مردنی بەهاوبەخ و مانا پڕ تەدارەک و سمووەکان، مردنی گیانی جوانیی مرۆڤایەتی،... مردن مردنی منە.

دیارە ئەم سەرەتایەمان، رچەشکێن بوو، هەوڵدانێک بوو بۆ چوونە ناو دنیای هونەریی ئیسماعیل خەیات، پێناسە و هەندێ چراوگ بوو، بۆ پەی بردن بە کردنەوەی کلیلەکانی دنیای ئیستاتیکی و بۆچوونی ئەو بەرانبەر هونەر... ژیان... مردن... هونەرمەندی ئێمەش لەم کارە هونەرییانەدا نایەوێ پێمان بڵێت مردن دژ بە ژیانە، یاخود مردن کەوتۆتە دەرەوەی مەودای ژیانەوە... بەڵکو دەیەوێ بمانهەژێنێت، عەقڵ و رۆحمان راچەنێنێ بۆ ئەوەی ساتێک بگەڕێینەوە ناو ئەو هۆشیارییە مردووە، ئەو بەها مردووانە... نەک بۆ ئەوەی دەستەوسان لەنگەری بێدەستەڵاتی تێدا بگرین، بەڵکو لەگەڵیدا بژین و پێیدا تێپەڕین و بەهاو هۆشیارییکە زیندووبکەینەوە... وجوود بێنینەوە بوون، بوونێکی زیندوو کە لە تابلۆکانی "مردن"دا، مردن رووداوێکی دەرەوەی وجوودی ئادەمیزاد نییە، بەڵکو (رێلکە) واتەنی، چرۆیەکە لە ناخماندایە و هەمیشە لە هەناسە و هەنگاوەکانماندایە و ئامادەی هەڵوەرینە...! ئەمەش روانگەی میتافیزیکایی مردن دیاری دەکات و دەیبینێت...

ئەزموونی نیگەرانی، کە زادەی رووبەڕووبوونەوەی مردنە و لێوەی دەکەوێتەوە، دەبێتە سەرەتای ئەزموونی

رامانی فەلسەفی، هەر لێرەشەوە ئەرکە میتافیزیکییەکەی فەلسەفە دیاری دەکرێت، کە گەڕانە بە شوێن بووندا، کە ئادەمیزاد بەهۆیەوە دەبێتە خاوەنی کارامییەکی میتافیزیکی بەرجەستەکردنی بیرکردنەوە، ئەم نیگەرانییە سەرچاوەیەکی پێویستی بوونی مرۆڤە و مۆرێکی لکاویشە بە تەوێڵییەوە، چونکە مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە، کە لە سای سێبەرەکەی زەماندایە، کە لە ماهییەت و بوونی مرۆڤدا رووە و کوژانەوە و کۆتایی هاتن رێ دەکا... بەکورتییەکەی زەمانێکە، کە هەر لە سەرەتای بوونەوە رێگەی فەنا و نەمانی حەتمیی گرتۆتە بەر... لێرەدا دەتوانین بۆ سەلماندنی ئەم بەڵگەیەمان، ئەو تابلۆیەی ئیسماعیل خەیات بە نموونە بهێنینەوە، کە مرۆڤێکی مردووە و لەپاڵیدا هێلکەیەک هەیە. واتە سەرچاوەی ژیان و مردن یەکە.. یەک تۆوە... ئەگەر لە بینۆگەی ئەم بۆچوونەوە سەیری ماهیەتی ئادەمیزاد بکەین و بیدەیەنە بەر زەین و تەتەڵەی بیرکردنەوە، ئەوەمان لا ئاشکرا دەبێت، کە ماهییەتی ئادەمیزاد نە سەرسوورمانەکەی بۆچوونی (ئەرستۆ)یە و نە گومانەکەی (دیکارت)ە، بەڵکو ئێمە لامان وایە، ماهییەتی ئادەمیزاد لە خودی خۆیدا بوونێکی زیندوو و مردووە، ئەمەش هاوبیر و راییە لەگەڵ (هایدگەر)دا، کە دەڵێ: "بوون -بەرەو- مردن".

کەواتە ماهییەتی ئادەمیزاد لەنێوان دوو دژیاری حەتمی و رەهادایە. ژیان ⟷ مردن/ و/ بوون ⟷ نەبوون/. هەر کاتێکیش مرۆڤ بەم راستییەی زانی، ئەوە ئیدراکی فەلسەفی و هەستی متافیزیکیی بە دەست دێنێت، لێرەدا گرێیەکە -مردن- وەها ناکرێتەوە کە مرۆڤ لێی دەرباز بێت، تەنیا ئەوەیە مرۆڤ تخووبی سەرسوورمان و گومان ئاودیو دەکات.

ئیسماعیل خەیاتیش لە تابلۆکانی -مردن-دا ئەم ئەرکە وجوودییەی ئەنجام داوە... ئەرکی خستنەڕووی ریالێتی مردن، ئەرکی رووی هەقیقەتی ونبووی ناوتاریکستان هەڵماڵین، ئەرکی نیشاندانی ئەو ساتانەی مرۆڤ بەبێ ویست خۆی تیایاندا رووبەڕووی مردن دەبێتەوە، ئەمەش دیار و ئەرکی جەوهەریی هونەرە لە ئاشکراکردنی هەقیقەتی لەناو ونبووندا شاراوە، کە هونەرمەند لەڕێی وروژاندنی گیانی مرۆڤەوە، بەتایبەتی لای ئەمیش مرۆڤی کورد دەگرێتەوە، دەیەوێ بیهێنێتە پرسیار و رامان، بۆ ئەوەی عەقڵی بخرۆشێنێ، نیگەرانی لە مردن نیشان بدات بۆ گەیشتنە دڵنیایی...

ئەم کارە هونەرییانە بابەتێکی مێژوویی رەخنە ئامێزن، تەتەڵەکردنێکی رابوردووی کەلەپور و ئاسەواری کوردن، دراونەتە بەر زەین و خراونەتە بەر تاقیکردنەوەوە، پێمان دەڵێن: ئەگەر تاکو ئێستە وجوودی ئادەمیزادی کورد ململانێی بووبێت لەنێوان /

بوون⟵⟶ نەبوون/و/ژیان⟵⟶ مردن/ دا ئەوا هێشتاکە بوونی کورد لە نەبوونەوە نەپەڕیوەتەوە ئاکاری بون، لە مردنەوە بە ژیان نەگەیشتووە... یان بڵێین لە نەبوونەوە گەیشتۆتە نەبوونێکی تر، بەڵام لە بەرگی بوونێکی ساختەدا... کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا جەوهەری تراژیدیای بوونی مرۆڤی کورد دەسەلمێنێ. لەبری ئەوەی لەنێوان ئەم دووانەیەدا /بوون ⟵⟶ نەبوون/، /ژیان⟵⟶ مردن/ دیالیکتیک بخووڵقێنێ، ئادەمیزادی ئێمە (هێرتیک)ی خووڵقاندووە... واتە کورد مێژووی (بە مانای گێڕانەوەی رووداو نا) بەڵکو بە چەمکی دروستکردنی چارەنووس-نەخووڵقاندوە... سەرئەنجامەکەشی ئەوە بوو، کە نامێژوو-مێژووی شێواندووین، لەکاتێکدا دیالێکتی ململانێ بنەڕەتییەکەی مرۆڤ لەنێوان ژیان و مردندا هەر لە ئارادایە.

تاکە سیمای جەوهەریی ئەم ململانێ دیالێکتیکییەی مرۆڤ نیگەرانییە لەنێوان / بوون⟵⟶ نەبوون/، /ژیان⟵⟶ مردن/دا، بەڵام سیمای ململانێ هەرتیکییەکە ترسە لە مانەوەدا، خۆ ئەگەر مانەوەکەش کەوتبێتە سەر بەها و بەخ و خەسڵەتە جەوهەرییەکانی بوون، ئەوە بوون هەڵدەوەشێتەوە و دەچێتە خانەی نەبوونەوە. نیگەرانی لە نەبوونەوە سەرهەڵدەدا، کە ئەمیش هەمیشە ئامادەیە. نەبوون ناکەوێتە دەرەوەی مەودای بوونەوە و نابێتە چوارچێوەی، بەڵکو نەبوونگەرێتی لە هەناوی مرۆڤدا پەخش بووە.

لە کارە هونەرییەکانی ئیسماعیل خەیاتدا، ئەو ساتانەی کە تەنیا مردن ئامادە دەبێت، تووشی سەرەگێژە و رامان دەبین و پرسیاری بۆچی لامان سەرهەڵدەدات. لەبەرچی؟ چونکە مردن لێرەدا بیرۆکە و ئایدیایەکی رووت و یەکلاکراوە نییە، بەڵکو ئەزموونێکە کە لەگەڵ نیگەرانیدا گوزەرانی کردووە.

هونەرمەند لەم بەرهەمانەیدا هەموو دیمەنە لێکجیا و بەیەکداچووەکانی مردن بەسەر دەکاتەوە و نیشانیان دەدات... هەر تابلۆیەکی ساتێکی کورت و هەڵوێستەیەکی مردن دەکێشێ. دوو کەرتبوونی جەستەی ئادەمیزاد لە تابلۆکەیدا، واتە دوو جەمسەری بوونی ئەو ئادەمیزادە، یان جودابوونەوەی خود لە خود، واتە دووکەرتبوون و لێکدابرانی رۆحی ئادەمیزاد... لە یەکێ لەم تابلۆیانەدا چەند دەموچاوێک لە پاڵ مرۆڤێکی مردوودا هەن، ئەمە نامۆبوونی مرۆڤ لە خودی مرۆڤ خۆی دەگەیەنێ... دابڕانە لە خود، گوزەران کردن لەناو گومان و دڵەڕاوکێ و پەژارەی کەسانی تردا...

دوو توخم، دوو بونیاد -لەتابلۆکانیدا-: رەنگ و هێڵ پانتایی جەستەی مرۆڤ لە چرکە و لەحزەی مردندا دەکێشن. بێجگە لەو شێوە ئەندازەییانەی دەرەوەی بوونی مردووەکە، کە بەراوردێکی ئیستاتیکی و دیالێکتیکییە لەنێوان جیهانی پشێوی ئێمە و هی دروستی دەرەوەمان، لە بەراوردی نێوان

"مێژوویی نامێژوویی" ئێمە لەگەڵ "مێژوویی مێژوویی" دەرەوەمان... ڕەنگەکان دووالیزمێکی دژ بەیەک، کە مەنتیقی نەبوون و بوون، ڕەش و سپی، دروست و نادروست، مێژوو و نامێژوو لە حاڵەتێکی ململانێدا دەگرێتە خۆی نیشان دەدەن، لە هەموو دۆخەکانیشدا کە هی عەقڵییەتی ئێمەیە، هەمیشە ڕەنگی نەیلێکەر زاڵە. جەستەکە تەریبی و ناتەریبی، هاوسەنگی و پێچەوانەی، بەرجەستە دەکەن... جەستەی ئادەمیزاد لەتویەت بووە، گیانی پەرش و بڵاوبۆتەوە،... قەلەڕەش لەو ناوەدا باڵی بەسەر وجووددا کێشاوە و هەموو جۆرە بەهایەکی مرۆڤانە و جەستەی مرۆڤ بۆتە گڵ لەبەردەممانە، ئیتر هەڵدێری گلۆربوونەوەیە بۆ چالاوگی عەدەم، هەر تابلۆیەکی بوونی مرۆڤێکی سنووردار و کۆتایی هاتووە، کۆتاییەک، کە دەبێتە سەرچاوەی وتن و کردن. بە واتایەکی تر، خودی ڕەسەن ئاگای لەم زەنگی نەهامەتییە، ئاگای لەم هەڕەشەی ونکردن و لەناوبردنەیەتی، بۆیە ئەم حەتمیەتە دەداتە دواوە و ڕووبەڕووی دەوستێتەوە و دەچێ بە گژیدا، ئە ئاوەها! کارە هونەرییەکانی ئیسماعیل خەیات لە پرۆسەی بووندا -کردەووتن- لە گۆڕانکارییەکاندا پیادەدەکات.

لە وردبوونەوە و تەتەڵەکردن و قووڵبوونەوەدا لەم تابلۆیانەی هونەرمەند، ئەو بیرەی کیرکگاردمان لا بەرجەستە دەبێ، کە لای وایە "مردن کێشەیەکی فەلسەفی نییە، کێشەی منە من، کە دەمرم"... ئەمەش بەرفراوانییەکی بیری وجودیانەمان لا دەسەلمێنێ، تاکێک، خودێک، وەکو مرۆڤ لە ئاستانەی مردندایە، یا هەر مردووە.

هەرچی پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان مرۆڤ و بایەخدان و بەدەربەستی و هانای یەکتریەوە هاتنی مرۆڤە بۆ مرۆڤ لە ئاست مردندا دەڕەوێنەوە و هیچ گرنگییەکیان نامێنێت، چونکە هایدگەر واتەنی: "هیچ کەسێک نییە لەبری ئەوی دی بمرێ، یان مردنەکەی بگرێتە ئەستۆی خۆی."... چوونە ژێر باری ئەم ڕاستییە تاڵەش، واتە خۆبەدەست مرندەوە دان، ڕەسانەیتیی مرۆڤ لەناو دەبا و هەڵی دەوەشێنێتەوە، بۆیە دەبێ بە هەموو وزە و توانایەکەوە ڕووبەڕووی مردن ببینەوە و بوون بەم قۆناغ و پرۆسەیەدا بۆ سەلماندنی بوونیەتییەکەی تێبپەڕێنین... کارە هونەرییەکانی ئیسماعیل خەیاتیش لە ڕێی مردنەوە دەمانخرۆشێنێ، تا توانا و زەمان لەپێناوی ئەم تێپەڕاندنەدا بخەینە کار و پیادەی بکەین.

بەگوێرەی ئەوەش کە بوونم "بوونە بەرەو مردن -هایدگر-" ئەو مردن ئەوپەڕی توانا و دوایەمینی وزەی ئادەمیزادە.

بە بۆچوون و دیدی من دەبێ بۆ کارە هونەرییەکانی ئەم هونەرمەندەمان لە ڕوانگەیەکی وجوودیانەوە بڕوانین، تا دەگەینە تێگەیشتنی چەمکی بوون. لێرەشدا لە

روویەکی ترەوە هەر دەگەیەنە ئاستی دیاریکردنی ماهییەت و جەوهەری بوونی کورد... ئاستەکەش پابەندی دیاردە ساختە و درێوەکانی ئیمڕۆی کەینوونەی کوردە، کە لەسەر تاشەبەردێکی قرچۆک و شلەپەتە خۆی بنیادناوە، بۆیە تا ئێستەش کاڵای بوونی بە باڵا نەبڕاوە. هەروەک هایدگەر دەڵێ، کەینوونەی مانا لەبیر بەرەوەیە، یان نیتشە واتەنی، کەینوونەی چەوتە. بۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە و قووڵبوونەوە لەم مەسەلەیە پێویستە، هەر سێ دیرگە سەرەکییەکەی فەلسەفەی بۆ بخرێتە گەڕ:

(١) ئۆنتۆلۆژیا-تیۆریی بوون،

(٢) ئەکسیۆلۆژیا-تیۆریی بەها،

(٣) ئەبستمۆلۆژیا-تیۆری مەعریفە...

هەروەها هەموو بابەتەکانی هونەر بە مانا فراوانەکەی پێویستە ببێتە هاریکاری ئەم پرۆژەیە، بەتایبەتیش شیعر... ئەمەش رچەشکاندن و دەستپێشکەرییەکە و دەبێتە سەرەتایەک بۆ ئۆنتۆلۆژیای خودی کوردی...

خودی کوردی تا ئێستە سەرقاڵ و خەریکی کاری رووکەش و رۆژانەیە و بۆی نەلواوە لەگەڵ خود و بوون و ماهییەتی خۆیدا بکەوێتە رامان و گفتوگۆ و پرسیار قووتکردنەوە و تەتەڵەکردنی و راڤەکردنی و بەئەنجام گەیاندنی و سەرلەنوێ سڕینەوەی بۆ بڕینی قۆناغەکانی گومان و بەرەو دڵنیایی پەلهاویشتن و دیسانەوە کەوتنەوە گومان و سێ و دوو کردنی زیرەکانەی پرسیار و وەڵامەکان و بەم پرۆسەیەش ئاسۆی بیری فراوان بێ و راستیی جەوهەری رەسەن و شاراوەی کوردانە بە دەست بهێنێ، کە خۆی لەخۆیدا هاوسەنگە و تەبایە لەگەڵ بەها مرۆڤایەتییەکاندا و هەر بەمە دەگاتە کەینوونەیەکی جیهانبینی پێویست و ئەو نەبوونگەرییەمان بە کردار و بەرەڵاکردنی توانستی گەمارۆدرامان بەجێ بهێڵین و بگەینە مەوداکانی بوونێکی رەوا.

ئیسماعیل خەیاتیش وەک هونەرمەندێکی لێهاتوو و بە رۆژگاری ئێستاوە بەندنەبووی بۆ داهاتوو روانیو هەستی بەمە کردووە و بە چاوی رەخنەوە دەڕوانێتە ئەم بوونە ساختەیە و دەیداتە دوواوە، تەتەڵەی مێژوو دەکات، هەروا بەئاسانی لەگەڵ عەقڵی باودا دانامرکێ و وازی لێ ناهێنێ. لایەنە شاراوەکانی ژیان دەخاتە روو... کارە هونەرییەکانی خۆی دەکاتە بانگەوازی راچەنین و وریابوونەوە و داوا دەکا بە چاوی تیژی عەقڵ و مەعریفەتەوە لە بوونمان بڕوانین، ئەمەیە ئەرکی راستەقینەی هونەری رەسەن کە جێگۆڕکێ بە مێژوو دەکات، نەک دەربڕینی واقیعی پووچەڵی مێژوو، کە خۆی لەخۆیدا تەسلیم بوونیەتی.

بوودەڵە هەمیشە خۆساچێنە لەگەڵ واقیعی باودا، بەڵام مرۆڤە بزێو و وریاکان هایدگەر واتەنی: "نەک هەر مێژوو دەخوڵقێنن، بەڵکو راستی دێننە وجوود. جا لەم گەڕان و رۆچوونەدا بە تاریکایی و قووڵایی

هەواڵنامەی کتێب

مـردن-عـەدەمـدا، بۆ بە راسـتـیـی و بوون شادبوون، هونەرمەند بەر بۆ وزەی هونەری و ئیستاتیکیی خۆی بەرەلا دەکات، بوونی پەرش و بلاو و نەزۆک ناسەلمێنێ، فەرهادئاسا بە تیشەکەی لە زنار و تاشەبەردەکانی کێوی بووندا، دەیەوێ بە بەها و بەرزیی جوانیی، کە خۆی لەخۆیدا ئامانج و رزگارکەرە بە وەسڵی راستی-حەقیقەت شاد ببێ...

ئاشکراشە ئەمە رێگایەکی سەخت و دژوار و پڕ کەند و کۆسپە، کە چەندێ پێویستی بە وزە شاراوەکانی بوونی مرۆڤ هەیە، هێندەش بە رەنجی شەو خستنە سەر رۆژی فەرهادانە... بە قەولی نیتشە، تەنیا ئەو پیاوانەش یارای ئەم گەشتە مێژووییە چارەنووس دیاریکەریان هەیە کە "لە مەترسیدا دەژین."

کەواتە ئەم کارە هونەرییانە گۆڕەپانی ململانێن، لەنێوان بوونی رەسەن و نارەسەندا ... دیسانەوە دەتوانین بۆ زیاتر روونکردنەوەی مەبەست، پەنا بۆ مەقوولەیکەی تری هایدگەر "زەوی و جیهان" بەرین... زەوی هێمای حەشارگە و داخراوی و خۆشاردنەوەی بوونی ساختەیە، جیهانیش مەڵبەندی بەربلاو و هەڕاوی بوونی درووست و راستگۆیە... ئەو تابلۆیانەی ئێمەش لێیان دەدوێین تیشکدەرەوەی ئەم سیما دراماتیکی و ململانێیەن.

یەکێ لە سیما شکۆدارەکانی تری تابلۆکانی هونەرمەند دەرخستنی ئەو "زەوی"یەیە، کە بوونی ئێمەی تێدا نامۆیە، بۆ راونانی ئەو ئاسەوارە ناهەموارە کۆنە و بنیاتنانی جیهان و بینینی، پێویستە کەسانێکی مەزن بەناو ئەو زەویەدا شۆڕببنەوە، بۆ هەڵکەندنی رەگ و ریشەی ئەو توخمە درێوانەی زەوی و هێنانەئارای هی نوێ، یان هایدگەر واتەنی: "جووڵەی خواوەندە نوێیەکان دژ بە ئەوانەی کۆن بکەوێتە کار"... یان وەک نیتشە دەڵێ: "بەجێهێشتنی خاکی باوباپیران و کۆچکردن بەرەو خاکی منداڵەکانمان."... ئەمەش ئەرکی هونەرە، کە بەهۆیەوە لەم خاکە نوێیەدا تەنیا جیهان بالا دەبێت و زەوی نەگۆڕ و داخراو و بەم پێیە: " دەبێتە پەناگە و داڵدە و هەمیشەش دەیەوێ جیهان بەرەو لای خۆی بەکێش بکات و بیهێڵێتەوە. -هایدگەر-" لەنێوان کێشەی "زەوی ↔ جیهان"یشدا خەسڵەتی سەرەکی ژیان دەردەکەوێ.

لەم کارە هونەرییانەدا مردن یان بڵێین زەوی شەقارکراوە و رووی هەڵماڵراوە، لە پشتیشییەوە هونەرمەند (ژیان یان جیهان)مان بۆ دەستنیشان دەکات. ئەم هەستی سامناکی مردنەش لە خۆیەوە لای هونەرمەند پەیدانەبوون، بەڵکو هاوسەنگ و بارتەقای باری سایکۆلۆژیی هونەرمەندن و لە ئاکامی دیالێکتیکی "زەوی ↔ جیهان" و "مردن ↔ ژیان"ەو لە "جەنگی بەرهەمی هونەریی نێوان جیهان و زەوییەوە

خوڵقاوە."... هەر ئەم جەنگەش بۆ دەرخستنی حەقیقەت، کە شاراوەیە و دەبێ رەنجی دۆزینەوەی بدرێ- بەرپا دەکرێ. "هەقیقەتیش بۆ هەموو مرۆڤێک نییە، بەڵکو تەنیا بۆ بەهێزترینیانە -هایدگەر-" ئەوەی دەمرێ لە کیسی دەدا و ئەوەشی دەمێنێتەوە دەستگیری دەبێ... هەقیقەتی بوونی مرۆڤایەتیمان.

هەر لەم ساتەوەختەی "کەینوونەی کوردی"دا، بوونی کوردی، بوونی تاکەکەسی کورد بە هەموو بیرگە و پانتایی بوونییەوە، هەر لە "کۆمەڵایەتی، سیاسی، رۆشنبیری، ئایینی.... وە بیگرە تا دوایی دەتوانرێت بەو زەوییە بچووێنرێت، ئەم زەوەییە چەندین دۆخ و باری جیاجیای بەخۆیەوە دیووە و نەیتوانیوە پەرینەوەیەکی بەرچاو بەرەو جیهان بخووڵقێنێت.

تا ئەو رادەیە بگات، کە خودی کوردی، کەسایەتیی کورد دید و گۆشەنیگایەکی جیهانی بدۆزێتەوە و بیخاتە کار، ئەم لارەسەنگی و هاوتانەبوونەی وجوودی کوردی، بۆتە مایەی ئیفلیجی و سەرکوتکردن و کەرووهێنانی رۆحیی سەرتاپای کەینوونەی نەتەوەی کورد... هەنووکە، کە کاری هونەریی لەم بابەتە دەمانوروژێنێ، پێویستە تووشی ئێست و هەڵوێستەیەک ببین بۆ دۆزینەوەی ئاکارێکی تێپەڕاندن و باڵابوون و لەو دۆخە ئیستیتیکیە دەرباز بین.

وجوودی کورد وەک ئەو بینۆکەیەیە، کە لە زەویدا دەبینرێ. واتە، بەچاوی لە بیرخۆبردنەوە و لەیادچوونەوە، دەروانێتە مێژووی شوێنەوار و ئاسەواری رابردووی خۆی. لەکاتێکدا، کە پێویستە بەچاوی رەخنە و هەڵسەنگاندنێکی هۆشیارانەوە ئەم کارە ئەنجام بدات و ئەمەش دەبێتە مێژووی ئامادەی ئێستامان، ئەوەش نابینین کە لە مێژووی کۆمەڵایەتیماندا، لەناو لایەنە جیاجیاکانی سۆسیالبوونی کورددا، عەقڵێکی هۆشیاری رەخنەگر لەو نیگەرانی و شکست و کۆسپ و هەرەسانەدا، هەڵوێستێکی عەقڵیی پڕ دەلالەتی بەرفراوان و داهاتووبینی وای هەبووبێت، کە قەوارە و کیانی کورد لە هەڵوێستی پڕترس و لەخۆڕانەدیتن رزگار بکات. ئەگەر پەنا بۆ لۆگیکی هایدگەر بەرین و بە چاوی ئۆنتۆلۆژی ئەوەوە سەیری مێژووی کورد بکەین، دەتوانین بڵێین، یان گریمانەی ئەوە بکەین، کە ترس ئەو (ئاستە-هێڵە)یە کە لەنێوان دوو پنتی تردا درێژبۆتەوە، هی ترسێنەر و ترساو و ئەمەش لە ماهییەتی کورددا رەگی داکوتاوە و بۆتە بەشێکی. لەکاتێکدا ئەگەر لەباتی ترس، نیگەرانی ببوایەتە ماهییەتی بوونی کورد، ئەوساکە هەڵوێستی کوردی پابەندی ئەو هەستە قووڵە دەبوو، کە لە نەبوونەوە دێتە ئاراوە.

پاڵنەر و موتیڤی خووڵقاندنی نیگەرانیی بوونی کورد، پرسیار لە خودی بوون و کەسایەتیی کورد، لەم کارە هونەرییانەی ئیسماعیل خەیاتدا رەنگیان داوەتەوە و بە پرسیار و هەستێکی قووڵ و تۆقێنەرەوە

گەمارۆمان دەدەن و دەمانوروژێنن. لە ساتی بینین و ئامادەبوونیاندا هەموو شتەکان لێک دەترازێن یان جەم دەبنەوە و ئاپۆرە دەگرن و... گرفتە ئەزەلییەکەمان لەبەردەمدا قووت دەبێتەوە–مردن.

کارە هونەرییەکانی ئیسماعیل خەیات دەبنە هۆی پرسیارکردن، پرسیارەکەش زیاتر ترس لە بوونی –خۆم– دەگرێتەوە، نەک بڕیاردانی چۆنێتی دیتن و هەڵبژاردنی مردن. بەڵام لە پشتی ئەم ترسەوە –(ترس دیاردەیەکی رۆژانەیە و بە بەدیهێنانی پێویستییەکانی مرۆڤ نامێنێ) تابلۆیەکی نەبینراو هەیە، کە تەنیا خودی رەسەن –عەقڵی هۆشیار– دەرکی پێ دەکات. کە تیایدا، هونەرمەند کابووسی ترس لە مردن، لە زەوی دەرەوێنێتەوە و بەرەو ئاسۆی ئەو جیهانەمان رادەکێشێ، کە خودی کوردیی رەسەنی تێدا دێتە کایەوە و ئەو گیانە کەرووهەڵهێناوە و دوکەڵگرتووە چەند سەدەییەی کوردی تێدا دەشۆردرێتەوە و توانا و وزەی پەنگخواردوو و ئابڵۆقەدراو و رێگەلێتەنراوی کورد رووبەڕووی ئەو دۆزەخە عەدەمییە دەبێتەوە، کە سەراپای پانتایی وجوودەکەی گرتۆتەوە... کەواتە ئەم کارە هونەرییانە تەنیا گوزارشتێکی ئەم واقیعە نامۆیە نین، بەڵکو داماڵین و بە شت بوونیشیەتی... ئەم بەرهەمە هونەرییانەی هونەرمەند لەم گۆشەنیگایەوە و بەم ئەرکە ئۆنتۆلۆگییەوە دەبنە مایەی تەعبیرکردن لە مێژوو /بەپیتی گەورە/... هەر لێرەشەوە رۆشنبیریی ئێمە پێویستە ببێتە پاڵپشتی مێژوو و من پێم وایە، هەموو کەس ببێتە هونەرمەند لەپێناوی کۆکردنەوەی ئەو خەڵکە پەرش و بڵاوبووەدا، لەپێناوی خۆئاشکراکردن و هاتنەدەرەوەیانەوە لەو بنپاسار و پەناگانەدا، کە خۆیان تێدا حەشارداوە، لەپێناوی رامالین و رەواندنەوەی نەبوون و کۆکردنەوە و شەقڵبەستنی بووندا... بە قەولی هایدگەر: "خەڵکی تەنیا وەک هونەرمەندان، دەتوانن ئارەزووی نیشتەجێ بوونی جیهان بکەن وەک جیهان."

بە واتایەکی تر، ئەم کارە هونەرییانەی ئیسماعیل خەیات ئەرکی هونەر لە کەینوونەی مرۆڤی کورددا دەخاتەڕوو، بوون–وجوودی کورد کە رووبەڕووی مردنە دەداتە بەر تیشک، لەبەرئەوە ئاودیوی جوغزی هونەری و ئیستێتیکییان دەبن و مەودای تریش پەیدا دەکەن، وەک هایدگەر دەڵێ: "ئەوەشی وەک چالاکی و گرنگی نایناسین، تا پرسیارمان لا نەخوڵقێ ناتوانی دەرکی پێ بکەین و ئاشنای

ببن." ئەمــــەش وەنەبێ تەنیـــا بەهۆی هۆشـیـارییەکی رووتەوە لامان دروست ببێ، بەڵکو هەڵقـــوولاوی ئەو هۆشــیـــارییـــە دراماتیکیـەیە کـە لە نیگەرانیی مـردن و نەبوونەوە وەئاگـامـان دێنێ و دەبێـتـە هۆی قلٚپکردنەوەی ناوەوەمان لەو نەبوونیەتیەی و شێواز و سیمایەک دەبەخشێتە زیندەگیی کۆتایی هاتووی ناخی راستەقینەمان.

عەدەمییەت-تەعبیرێکی گشتی بوو لە گلۆربوونەوە و دارمـانی کـەینوونەی رۆحی رۆژئاوا، هەنووکە لێرەشدا ئەم دۆخە تەواو روون و دیار بەرجەســـتـــە بووەو بالای هەڵچــووە. ئەوەی تەنیـــا بەرهەڵستی و بەرپەرچێکی ئەم کەوتن، دارمان-نەبوونەش، بکا، ئەوانەن کە بە راستی بوون دەگوزەرێنن. ئەوانە نەفسی نامۆ نین، بەڵکو رزگارکەرن... ئەوەی لە هەڵکردنی زریاندا نەچەمیتەوە و بەرزەبالا خۆی رادەگرێ، بە دیدی هۆلدرین و نیتشە و هایدگەر ئادەمیزادی مەزنە... ئەوەی لە هەڵەت و هەڵدێرەکانی مردندا بۆ چالاکیی زیندەگی دەگەرێ، ئەوە خودێکی زیندووی ژیانبەخشە...

ئەوەی کە لە تاریکستانی جیهاندا بەئاگابێت ئەوە بوون بەر تیشک دەدات... ئەوە هەر بەراستی شوانی بوونە... ئەم جۆرە گوزەرانکردنە پێویستی بە ئازایەتی هەیە، ئازایەتیی پێش خەڵکی کەوتن، ئازایەتیی تێپەڕاندنی سنووری رۆژگاری خۆت، تەنانەت ئەگەر مایەی ئەم هەوڵ و شەونخوونییەشت بە ئازار دۆزینەوە و وێڵبوون لە هەڵەت و ماهەکانی عەقڵدا بشکێتەوە -وەک بەسەر هۆڵدەرلین و نیتشە هات. لەمەشدایە، کە چارەنووسی مرۆڤ سازدەبێت و هەموو کەس ئامادەی خۆخستنە ناو دنیای "لەیادچوون و دابڕان و بزربوون" نییە... هەموو ئادەمیزادێک توانای شەوبێداریی دەیجووری جیهانی نییە،... لەم حاڵەتەدا، ئەم جۆرە ئادەمیزادە، کە جڵەوکێشی ئیرادە و خواستی خۆیەتی و دەیخاتە کار و ئامادی لە هەموو شتێکی لاوەکی دابڕانە،... ئا ئەم جۆرە ئادەمیزادە دەتوانێ هەوڵی ئاشکراکردنی هەقیقەت و شایستەی بە بوون شادبوونە... بەڵام دووبارەبوونەوەی گرفتەکەش لێرەوە سەرهەڵدەدات. شانۆگەرییە تراژیدییایەکەش دەکرێتەوە... هەروەک هۆڵدەرلین دەڵێ:

"کاتێک نەفسی گڕگرتووت، زەمانت بەجێ دێڵێت،
ئەوساتە بە دڵتەنگی لە کەنارێکی سارددا،
لەگەڵ کەسوکارتدا دەمێنیتەوە و
ئاشیان ناسیتەوە."
"بۆ ئەڵەمان".

# DE TURCICIS ALIISQUE REBUS COMMENTARII HENRY HOFMAN DEDICATI (UTRECHT: INSTITUUT VOOR OOSTERSE TALEN EN CULTUREN, 1992)

## عولەمای کورد و شاگردە ئیندونێزیاییەکانیان

نووسینی: مارتێن ڤان بروینێسن

وەرگێڕان لە ئینگلیسیەوە: حەسەنی قازی

### شوێنی تەفسیری کورد لە ئیندونێزیا

ئیندونێزیا(١) مەڵبەندی دوورگەیەکی زۆرە، کە بە هەزاران ساڵ دەریاپێوانی زۆر لە ناوچەکانی جیهان، چینییەکان لە باکوورەوە، هیندییەکان و عەرەبەکان لەڕۆژئاواوە، و زۆر خەڵکی کەمترناسراوی دیکەش سەریان لێداون. هەر بۆیەش جێگەی سەرسووڕمان نییە کە ئیسلامی ئیندونێزیا شەقڵ و شوێنی زۆر لە فەرهەنگەکانی دیکەی بوونەموسڵمانی پێوە دیاربێ: زاراوەی ئەوتۆی کە لە فارسی، سانسکریت و زمانە جۆربەجۆرەکانی هیندی کەوتوونەتەوە، شانبەشانی نفووزی فەرهەنگی عەرەب، چینی لەسەر مزگەوتەکان و مێعماری شوێنی پیرۆز، هەروەها بیروبۆچوونی رەمزی بە هیندیکراو، و لە ماوەی چەند سەدەی رابوردوودا، نفووزی بەهێزی عەرەبەکانی حەزرەمەوت HADRAMAUT کە بە ژمارەیەکی زۆر و بەلێشاو لەو کۆدوورگانە دامەزران دەبیندرێ.

بەسەرسووڕمانەوە، ئەمن نفووزێکی تایبەتی و جوێی کوردیشم دۆزییەوە، بەتایبەتی لە نێو هەرە بەشە بەدین و لە خوداترسەکانی دانیشتووانداا. بۆ نموونە ئەوە جێی سەرنجە، لە گەورەترین دوورگەی جاوە. کوردی ناوێکی باوە -لەڕاستیدا ئەوەندە باوە کە چەند لاوەییەک نەبێ کەسی دی نازانێ کە ئەو نێوە نێوێکی رەسەنی جاوەیی نییە. ئەو نێوە نێوێکی نموونەی موسڵمانانەیە؛ ژمارەیەکی زۆر لە عولەما نێو و نێوبانگیان کوردییە، بەپێچەوانە ئەمن قەت تووشی کەسێک نەهاتووم نێوی تورکی، فارسی یان هیندی بێ- ئەگەرچی ئەمن تووشی چەند

هەواڵنامەی کتێب

کەسێک هاتووم کە نێوبانگیان میسری و مالیباری بووبێ. ئەمن لەخوارەوەتر دەگەڕێمەوە سەر گرینگی ئەو نێوانە.

نیشانەیەکی دیکەی نفووزی کوردی تەنانەت زۆر سەرنجڕاکێشترە، چونکوو لە ژیانی ئایینی کۆمەڵانی خەڵکدا جێیەکی هەڵکەوتووی گرتووە. دەقی هەرە باوی ئایینی لە هەموو ناوچەکانی ئەو کۆدوورگانەدا، کە دوابەدوای قورئاندا دێ، شوێنەوارێکە بە نێوی بەرزەنجی. بەرزەنجی، کە مەولوودنامەیەکە، نەک هەر لە سەروبەندی ١٢هەمی ربیعوولئەوەل، کە ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەرە، دەخوێندرێتەوە، بەڵکوو لە زۆر ڕێوڕەسمی دیکەشدا لەسەر زارانە: لە زۆر موناسەبەتی چەرخ و گەڕی ژیاندا وەکوو یەکەم مووهەڵپاچینی منداڵان، لە کاتی تەنگانە و قەیرانیدا، وەک بەشێک لە ڕێسای دڵ و دەروون پاککردنەوە لە بەدکار و ناحەزان، یان وەک بەشێکی باوی عیبادەتی تێکڕایی دەخوێندرێتەوە. ڕەنگە هیچ موسڵمانێکی ئیندونێزیایی نەبێ کە بە لانی کەمەوە چەندین جار لە ڕێوڕەسمی خوێندنەوەی بەرزەنجیدا بەشداری نەکردبێ. جێی سەرسوڕمانە کە پێشتر قەت پێی نەزاندراوە کە بەرزەنجی (زۆر ڕاستتر: بەرزنجی) نێوی بنەماڵەی هەرە بەدەستەڵات و بە نفووزی عولەما و شێخەکانی تەریقەتە لە کوردستانی خوارووداْ.

لە چەند مەڵبەندێکی کە بەوە بەنێوبانگن کە زۆر توند بە ئیسلامەوە گرێدراون، وەکوو ئاچەه (ئەلئاشی)، سووماترای ڕۆژئاوا و بانتێن، پاشماوەی کۆمەڵێکی گیان پۆلا و خۆڕاگرماون کە تیغبازی دەکەن و ئەمە پێی دەڵێن دەبووس DEBUS پێڕەوانی ئەم کۆمەڵە بە زەرگ و شیری گەورە و هتد، لە گیانی خۆیان بەردەبن، بەبێ ئەوەی لێیان کاریگەربێ و برینیان دە لەشی کا. ئێستا ڕێوڕەسمی ئەوانە بووە بە خۆخافڵاندنێکی گشتی و باو، ئەو ڕێسایە لە کارە لە توانابەدەرەکانی ئەوتۆ کەوتۆتەوە کە وەپاڵ تەریقەتی ڕفاعییە دەدرێن (دەروێشانی هاوارکەر). ئەگەرچی خەڵکی بانتێن دێبووس بە ئی تەریقەتی قادری دەزانن (ڤرێدنبرەگت VREDENBREGT ١٩٧٣) ئەمن هەر بە شوێنێک دەزانم کە لەوێ قادرییەکان ئەو کارانە دەکەن، و ئەوێش کوردستانە.(٢) لەڕاستیدا، شێخە هەرە گرینگە کوردەکانی قادری، سەر بەو بنەماڵەی بەرزنجی یەن کە باسکرا. بە لانی کەمەوە چاودێرێک لە کاتی خوێندنەوەی بەرزەنجی لە کاتی بەڕێوەچوونی دێبووسدا ئامادەبووە، (مۆنتیل MONTEIL ١٩٧٠: ١٢١)

ئاخر سەرنج: کاتێک ئەمن بەنێو ئەو کتێبە ئایینییانەیدا کە لە باندونگ بۆ فرۆش دانرابوون گەڕام و لێم کۆڵینەوە، بۆم دەرکەوت کە دەنێو دەقە عەرەبییەکاندا ئەو کتێبەی کە لە هەمووان زیادتر هەبوو و لەبەر دەستدا بوو "تنویر القلوب"ی محەمەدئەمین

ئەلکوردی بوو!

کەوابوو کوردەکان بەلانی کەمەوە بە بەراوردکردن لەگەڵ هێندێک لە ئیسلامبلاوکەرەوە ناودارەکانی دیکە تەئسیریان لەسەر ئیسلامی ئیندونێزیادا هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا وا وێناچێ کە تا ئەو سەروبەندە تازانە کوردەکان قەتیان سەر لە ئەو کۆدوورگانە دابێ، ئەگەرچی دەکرێ نیشان بدرێ کە بەلانی کەمەوە لە نێوەڕاست سەدەی هەڤدەهەمەوە بەملایەوە، عولەمای کورد دەورێکی گرینگیان لە ئیسلامیکردنی ئیندونێزیادا گێڕاوە.

زۆربەی ئەو دەمەتەقەیەی کە لەسەر بنچینەی ئیسلام لە ئیندونێزیادا دەکرێ وا وێدەچێ کە لەو گریمانەیەوە دەست پێبکا کە ئەوە ڕووداوێکی یەکجارەکی بووە و تەنانەت کەسێکی کە دەکرێ بناسرێتەوە (ئەم ئایینەی بە دیاری هێناوە). بەڵام ئەو گریمانەیە بە پشتبەستن بە گشت ئەو بەڵگانەی کە بەدەستەوەن هەڵدەوەشێتەوە: ئیسلامیبوونی ئیندونێزیا وەک جەرەیانێکی بەردەوام باشتر سەردەری لێدەکرێ، کە لە سەروبەندی جیاواز و لە شوێنە جیاوازەکانی ئەو کۆدوورگانەدا دەستی پێکردووە، و لەژێر نفووزی دەستەی جیاوازدا.(٣) خەڵکە موسڵمانە جیاوازەکان پێوەندی بازرگانیان لەگەڵ ئیندونێزیادا هەبووە —و ئەوانە عەرەبەکان، فارسەکان، هیندییەکان بەدرێژایی هەموو قەراخ و دەراوەکان دەگرێتەوە، هەروەها چام و چینییەکان— گشت ئەوان شوێنی خۆیان کردووە، شوێنی هێندێکیان زیادتر لە ئەوانی دیکە ماوەتەوە. بەڵام تەنیا سەردانی ئەو سەرلێدەرە بێگانانە یارمەتی بوونە ئیسلامی ئیندۆنێزیای نەداوە.

هەر کە یەکەم هەنگاو بەرەو ئیسلام هەڵگیرایەوە، ئیندونێزیاییەکان خۆیان دەورێکی سەرەکییان لەو جەرەیانی بەردەوامی ئیسلامیکردنەدا گێڕاوە، بە سەفەر بۆ مەککە و شارە پیرۆزەکانی دیکە بۆ گەڕان بەدوای و فێربوونی زانستی سیحراوی و تێگەیشتنی ئیسلامدا. سەرەڕای نێوانی دووردرێژ و سەفەری ئاستەم، زۆر لە ئیندونێزیاییەکان چوونە زیارەتی حەج، و غاڵبە بۆ خوێندن چەندین ساڵ لە عەرەبستان دەمانەوە (سەر لە نێوەندەکانی بەهێزی سیحر و جادوودان بۆ گەڕان و دۆزینەوەی کەرامات KASEKTEN یەک لە لایەنە سەرەکییەکانی ژیانی ئایینی بەر لە پەیدابوونی ئیسلام بووە،؛ مەککە زۆر زوو بوو بە نێوەندە هەرە بەهێزەکانی عالەمی هەرمان لەناو گشت ئەو شوێنانەدا).

لە سەدەی هەڤدەهەمدا، کە بۆ یەکەم بەشی ئێمە زۆر زانیاری بەرچاوتریان بەدەستەوەیە، بۆن و بەرامێکی زۆر تایبەتی و جەختی هیندی لە ئیسلامی ئیندونێزیادا هەست پێدەکرێ. تەریقەتی ئەفسووناوی هەرە باوەکی هیندییە بە نێوی، شەتارییە SHATTARIYYA، دەقی هەرەباش

ناسراوی ئەفسووناوی لەلایەن نووسەرێکی تازەی هیندی بە نێوی بورهانپووری BU-RHANPURI، نووسراوە، و ئەو دەقە ئایینییانەی دیکەش کە لە ئیندونێزیادا دەخوێندرێن لە هنیدوستانیش باون (بڕوانە ئەو نووسراوەی ڤان بروینێسن کە دواتر بڵاودەبێتەوە). ئەم نفووزەی هیندی راستەوخۆ لە شێوە ویشکارڕۆی هیندوستانەوە نەگەیشتە کۆدوورگەکان، بەڵکوو بەرێگەی مەککە و مەدینەدا گەیشتە ئەوێ. ئەوە مامۆستایان و عالمان لە مەدینە بوون کە یەکەم ئیندونێزیاییەکانیان بەرەو تەریقەتی شەتارییە راکێشا. و مامۆستای هەرە بەدەستەڵات و قسەرۆیشتوو لەنێو ئەوانەدا کوردێک بوو بە نێوی، ئیبراهیم ئەلکوردی!

بێجگە لە ئیبراهیم، ئەو ئیندونێزیاییانەی لە عەرەبستان خوێندوویانە غاڵبە هەوڵیان داوە کە عولەمای کورد وەک مامۆستای خۆیان پەیداکەن. وا وێدەچێ کە جۆرە هەستێکی هاوپێوەندی رووحانی SEELEN-VERWANDSCHAFT لە نێوان ئیندونێزیاییەکان و کوردەکاندا هەبووبێ. ئەوە رەنگە تا ڕادەیەک لەبەر ئەوە بووبێ، کە بەلانی کەمەوە تا سەدەی هەڤدەهەم، ئیندونێزیاییەکان وەک کوردەکان شافیعی بوون، بەڵام ئەوە بە زەحمەت دەتوانێ تاقە هۆی ئەو (نزیکی)یە بووبێ، چونکوو عیلمی فیقه. بابەتی سەرەکی خوێندن لای ئەو مامۆستایانە نەبووە، ئەوە لەبەر عیرفان و خۆبەختکردنی ئایینی و خوداویستانەی ئیسلامی ئیندونێزیایی و کوردی بوو کە ئەوانە لە یەک نزیکبوون یان لە یەک نزیککەوتنەوە.

## کوردەکان وەک پێکگەێنەری فەرهەنگی

ڕووداوی جوگرافیایی سیاسیی کوردەکانی کردۆتە ناوبژیکاری نێوان سێ ترادیسیۆنی گەورەی فەرهەنگی. کوردستان لە نێوان سێ نێوەندی فەرهەنگی فارسی، عەرەب و تورکیای عوسمانی هەڵکەوتووە و تا ڕادەیەک لە یەکدییان جوێ دەکاتەوە، بۆ زۆر سەدان، عالم و زانایانی کورد بێجگە لە زمانەکەی خۆیان کوردی (یان گۆرانی یان زازا) لەو سێ زمانانەشیان دەزانی. لەبەر ئەو لێوەشاوییەی زمانییە ئەوان زۆرجار وەک ناوبژیکاری نێوان ئەو فەرهەنگە جۆربەجۆرانە جوولاونەتەوە. زۆر لەوان لە لایەکی دنیای ئیسلام خوێندوویانە و پاشان بۆ دەرسدادان سەریان لە سەرێکی دیکەی ئەو دنیایە وەدەرهێناوە.

تا سەدەی نۆزدەیەم، زمانی سەرەکی ئیسلامی هیندی فارسی بوو. هەر لەبەر ئەوە سەیر نییە کە عولەمای کورد لە شارە پیرۆزەکان ببیندرێن کە دەرس بڵێنەوە -رەنگە بە عەرەبی- دەرسی تا ڕادەیەک بە

هیندیکراوی ئیسلامی. ئەو عولەمایە بەهاسانی دەستیان وە ترادیسیۆنی ئەدەبی فارسی زمانی هیندوستان رادەگەیشت، و چەندین عولەمای کورد، لەڕاستیدا زۆر پێوەندی راستەوخۆتریان لەگەڵ ئەو شێوە ویشکارۆیەدا هەبوو. کەیسی هەرە دیار و بەرچاو، رەنگە لەمەڕ مەولانا خالید بێ، کە ئێمە لە خوارەوە زیادتری لەسەر دەڕۆین.

مەڵبەندێک لە خوارووی کوردستان لەو پێوەندییەدا دەبێ سەرنجێکی تایبەتی بدرێتێ، چونکوو ئەوێ زۆر عولەمای ئەوتۆی پێکەیاند کە تەئسیریان لەسەر ئیندونێزیا هەبووبێ. شارەزوور ئەو مەڵبەندەیە کە کەرکووک و سولەیمانی ئێستاش لە عێراق دەگرێتەوە؛ زۆربەی ئەو عولەمایە سەر بە بندەستەیەکی ئێتنیکی بوون بە نێوی گۆران.(٤) گۆران بە زمانێکی ئێرانی دەدوێن کە لە کوردی ئەسڵی جوێیە و رەچەڵەکی ئێتنکی جیاوازیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆنەوە بە کورد دانراون (و خۆشیان خۆیان بە کورد دەزانن). فەرهەنگی گۆرانی عیرفان و دیتنی دەرەوەی تەبیعەتی تێوەهاتووە، کۆمەڵی -HETRO DOS=لارئاینی ئەهلی هەق لەپێشدا لە نێو گۆرانەوە سەری هەڵهێنا. و ژمارەیەک لە بزووتنەوە هەزارییەکان وکۆمەڵە عیرفانییەکانی بێگانە لەلایەن ئەوانەوە بەتوندی پشتگیریان لێکرا. حاڵ و هەوای گشتی نێو ئەوان تا رادەیەک هاوتای هیندوستان و ئیندونێزیا وەبیردەهێنێتەوە و وێیان دەچێ، بەڵام لەنێو گۆرانەکاندا ترادیسیۆنێکی بەهێزی فێرکردەی دیانەتی رەسمیش بەدیدەکرێ. چەندێک لە عولەما گۆرانەکان وەک نووسەری شوێنەواری گرینگی عەرەبی نێوبانگی نێونەتەوایەتیان پەیداکرد؛ بۆ وێنە ئێمە نێوی ئەوان لە -GES CHICHTEی برۆکلمان دا دەبینین، ئەوان تەنانەت تەئسیریان وەکوو مامۆستا زۆر زیادتربووە، ئی هەرەمەزن دەنێو ئەواندا (ئیبراهیم ئەلکورانی و مەولانا خالید) بوون کە بە قووڵی شوێنیان لە چەندین وەچداکردووە.

یەک لە عولەما گۆرانەکانی سەرەتایی بە کەسێتێکی نێونەتەوایەتییەوە مەلا گۆرانی بوو، کە لە هەشت ساڵی دوایی ژیانی خۆیدا (١٤٨٠–٨٨) موفتی ئەستەمبوول بوو (ئەو پلەیەی کە دوایە لە قەبی شێخولئیسلامی لێ شەتەک درا). ئەو لە شارەزوور لەدایکبوو و لە سەرەتاوە لای مامۆستاکانی ناوچە خوێندی، دوایە لە بەغدا، دیاربەکر، حسنکەیفە، شام و ئورشەلیم و ئاخرەکەی "لە حاڵی نەداری وهەژارییەکی زۆردا"، گەیشتە قاهیرە و لەوێ لەسەر خوێندن بەردەوام بوو و یەک لە مامۆستاکانی، ئیبنی حەجەر ئەلحەیتامی گەورە بوو، لەوێوە نێوبانگی مەلا بە دنیادا بڵاوبۆوە. دوای گیروگرفتێک کە لە میسر تووشی هات دوورخرایەوە بۆ سووریا، کە لەوێ لەگەڵ عوسمانییەکان کەوت، و لەبەر

سەرنجی سیاسی دەستی لە مەزهەبی شافیعی هەڵگرت و بوو بە حەنەفی. نێوونێوبانگی ئەوەندە زۆر بوو کە هێندەی پێ نەچوو بوو بە مامۆستای سوڵتانی داهاتوو، واتە سوڵتان محەممەدی فاتیح، کە هیچ گومانی تێدا نییە ئاخری یارمەتی دا کە گەورەترین پلەی ئایینی لە ئیمپراتوریدا وەدەستبهێنێ.(٥)

چەند گۆرانێکی دیکەش شەقڵی خۆیان وەک مامۆستا بە قاهیرە یان مەدینەوە نا. ئەمن لێرەدا هەر باسی ئەوانە دەکەم کە تەئسیرێکی گرینگیان لەسەر ئیسلامی ئیندونێزیادا کردووە.

## ڕێنسیپی عولەمای مەدینە، مامۆستای بەسیمەن و هەڵکەوتوو: ئیبراهیم ئیبنی حەسەن ئەلکورانی (١٦١٥–١٦٩٠)

یەک لە نووسەرە موسڵمانە ئیندونێزیاییە سەرەتاییەکان کە ئێمە سەبارەت بە هەموو کەلێن و کولێنی ژیانی زۆر باش دەزانین عەبدولرەئووفی سینکیلی (یان فانسووری) خەڵکی ئاچەه لە سووماترای باکوورییە، کە تەقریبەن لە نێوان سالانی ١٦٩٥–١٦٢٠دا ژیاوە، ئەو شەرحێکی مالایی تەفسیری جەلالەینی ئامادەکرد کە ئێستاش لە هێندێک لە بەشەکانی کۆدوورگەدا دەخوێندرێ. ئەو هەروەها کتێبێکی بچووکتریشی سەبارەت بە فیقهـ نووسی کە ئێستا لەبیرکراوە، بەڵام ئەو زیادتر لەبەر ئەوە ناسراوە کە یەکەم کەسە کە تەریقەتی شەتارییەی SHATTA-RIYYA هێنابێتە ئیندونێزیا. عەبدولرەئووف نزیکەی نۆزدە ساڵی ژیانی خۆی لە مەککە و مەدینە ژیا، و نووسراوەکەی "عمدة المحتاجین" باسی ژیان لە شارە پیرۆزەکاندا دەکا، نێوی ئەو مامۆستایانەی تێدایە کە لەلای ئەوان خوێندوویە و ئەو تەریقەتە عیرفانییانەی کە ئەو لەوێ لەگەڵیان ئاشنابووە (RINKES 1909). ئەو لە پێشدا سەبارەت بە تەریقەتی شەتارییە لەلای ئەحمەد ئەلقوشاشی فەلەستینی، کە بە پێشەوای ئەو تەریقەتە دادەنرێ خوێندی بەڵام ئیجازەی خۆی لەلای جێنشینی قوشاشی واتە ئیبراهیم ئەلکورانی وەرگرت، کە وا وێدەچێ پێوەندێکی دۆستانەی نزیکی لەگەڵ دامەزراندبێ.(٦)

عەبدولرەئووف تاقە شاگردی ئیندۆنێزیایی ئیبراهیم نەبوو. شاگردێکی زۆر بەنێوبانگی دیکەی ئیبراهیم کە هاوچەرخی عەبدولرەئووف بووە، یۆسفی ماکاسارە. یۆسف ماوەیەکی زیادتر لە عەرەبستان ژیا، و لە ئیندۆنێزیا، بەر لە هەموو شتی دیکە وەک موبەلیغی کۆمەڵی خەلوەتییە و یەک لە موجاهیدانی دژی هولەندییەکان ناسراوە. لە کتێبەکەیدا "سفینة النجاح" ئەو باسی ئەو تەریقەتانەی دەکا کە ئەو خوێندوونی و لێیان ڕاهاتووە، لەوانە شەتارییە، کە ئەو ئیجازەی

هەواڵنامەی کتێب

هاتنەنێوی لە ئیبراهیم ئەلکورانی وەرگرتووە.(٧)

ئەگەرچی لێرەدا یۆسف باسی ناکا، دەرسدادانی ئەلکورانی لە فێرکردنی زیکر و تێکنیکەکانی عیرفانی تەریقەتەکە تێپەڕی، و لایەنە زۆر ڕووناکبیریەترەکانی تەسەوفیشی دەگرتەوە. ئێمە دەزانین کە لەژێر چاوەدێری ئیبراهیمدا، یۆسف دەقێکی گرانی جامی بە نێوی ئەلدورەلفاخیرەی خوێند. ئەو کتێبە بریتییە لە بیروڕامانی فەیلەسووفان، مەلایان و سۆفیان سەبارەت بە بابەتی وەک هەبوونی خودا، یەکایەتی بوونی، زانست و زانینی، هتد.

دوو دانەی ئەو کتێبە کە لە دەست یۆسفدا بوو ڕوونبوونەتەوە، ئەوی دووهەمیان بە فەرمانی ئیبراهیم لە بەری هەڵگیراوەتەوە، و بریتییە لە شیکردنەوەی وشەکانی لەلایەن مامۆستا خۆیەوە (HEER 1979: 13, 15) بەڕواڵەت یۆسف ئەو کارەی لە ماوەیەکی زۆردا خوێندووە.

وا وەبەرچاودێ کە ئیبراهیم ئەلکورانی بێجگە لە ئەو دووانە، زۆر شاگردی دیکەی ئیندونێزیایی هەبووبێ، ئەگەرچی نێوی هیچکامی دیکەیان نەزاندراوە. JOHNS لەو باوەڕەدایە کە دەبێ ئەوان ژمارەیان زۆر بووبێ و ئیبراهیم خۆی زۆر ماندووکردووە بۆ ئەوەی ڕێنوییان بکا، بەلام بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەوە هەر ناڕاستەوخۆیە. بەلانی کەمەوە دوو لە نووسراوە هەرە زۆر و زەوەندەکانی (بروکلمان پیڕستی ٤٠ نووسراوەی ئەوی گرتۆتەوە، جۆنس باسی سەد نووسراوەی ئەو دەکا) بە دەرەجەی یەکەم بۆ ئیندونێزیایەکان نووسراون، یەک لەوانە لە ساڵی ١٦٧٥دا لە وڵامی پرسیاری ئیندۆنێزیاییەکاندا نووسراوە، و سەبارەت بە دەمەقرەیەکی ئایینییە کە ٤٠ ساڵ لەوەوپێشتر ئاچەهی داگرتبوو. نوورەدین ڕانیری، کە ئەودەمی لە هەرە عالمە بەدیمەن و زاناکانی ئاچەهـ بوو عیرفانی وەحدەتولوجوودی وەکوو ئیلحاد و کفر دانابوو کە لەلایەن پێڕەوانی عارف شەمسەدینەوە وەرگیرابوو، و لەئاکامی ئەو هەرایەدا عارفێک بە زیندوویی سووتێنرابوو. ئەلکورانی لە فتواکەیدا قسەکانی ڕانیری وەدوایەدەداتەوە و وەحدەتولوجوود بە ئاوایەکی دینچاکانە لێکالادەکاتەوە (بڕوانە کورتەی ئەو باسە لە VOORHOEVE 1951: 365-8) دا. یادداشتێکی کورت سەبارەت بە ئەلکورانی لە قامووسی بیۆگرافی مرادیدا (٦-٥:١) باسی ئەوە دەکا کە لەوانەیە فتوایەکی دیکەی ئەو یان کۆکراوەیەک لە فتوایان بێ کە لەلایەن خەڵکی "جاوە"، واتە مالایی کۆدوورگەکان داواکرابێ.(٨)

ئەو دەقەی دیکەی کە ئەلکورانی لەلایەن موسڵمانانی ئیندونێزیاییەوە نووسی، "ئیتحاف ئەلزەکی" لەوانەیە لە هەرە کارە گرینگەکانی بێ. ئەو نووسراوەیە تەفسیرێکە لەسەر کتێبی محەمەد ئیبن فەزڵڵاە

بورهانپووری بە نێوی "التحفة المرسلة الی روح النبي". ئەو تەفسیرە ساکارە سەبارەت بە دیمانەی فەیزی ئیبنی عەرەبی، کە لە ساڵی ١٥٩٠دا نووسراوە، لە ماوەی چەند دەساڵاندا لە کۆدوورگەکاندا زۆر بەهەراوی برەوی پەیداکرد. بە عەرەبی و دوایە بە زمانە ناوچەییەکانیش (جۆنس ١٩٦٥). لە کاتێکدا ئیبنی عەرەبی باسی پێنج پلەی فەیزی هێنا گۆڕێ، لایەنگرە هیندییەکانی ئەویان بە حەوت پلە لێکدایەوە و بانگەشەیان بۆ کرد، و وەک "باوەڕی حەوت پلان" "مرتبة التوسع"ە کە دیمانەی فەیز لەو دەمییەوە لە ئیندونێزیادا ناسراوە. تەفسیری ئیبراهیم بەو مەبەستەیە کە لە روانگەی دینچاکی را ئەو بۆچوونە لاردێنێ و یەکتاپەرستیانەی شەریعەت کە ئەو لێکدانەوانەی تەدەقی بوورهان پووری لە کۆدوورگەکاندا هێنابوویە گۆڕێ بەرپەرچی دەدایەوە ساخکاتەوە و بیهێنێتە سەر ڕێی راست. (رینکس 1990:56-7, جۆنس 1978:476-82).

ئەو سەروبەندی ئیبراهیم ئەلکورانی نوێنەری ڕێزی هەرەپێشەوەی رامانی ئیبنی عەرەبی لە مەدینەو شایەد لە گشت تەواو دنیای موسڵماندا بوو، کاتێک کێشە و هەرایەکی توند لە هیندوستان سازبوو لەبەر بەرپەرچدانەوەی هێندێک لە بیرەکانی ئیبنی عەرەبی لەلایەن ئەحمەد سیرهیندی را، عولەما هەرەگەورەکانی هیندوستان تکایان لە ئیبراهیم کرد کە لەو بارەیەوە فتوا دەرکا. ئەو رووداوە بە دوورودرێژی لەلایەن فریدمەن (1971:98-99) و ریزوی (١٩٨٣: ٣٣٨-٤٢) را باسکراوە. لێکۆڵینەوەی VOLL سەبارەت بە وەچێکی دواتری عولەمایان (١٩٧٥) دەورێکی زۆر سەرەکی تر دەدا بە ئیبراهیم لە ژیانی رووناکبیری سەروبەندی خۆیدا، و بە بابەگەورەی رووناکبیری بزووتنەوە ئیسلاحییەکانی سەدەی هەژدەیەمی دادەنێ.

ئیبراهیم لە خۆیدا پێکگەێنەرێکی فەرهەنگی کورد دەنوێنێ کە لە بەشی سەرەوەدا دەورونەخشی باسکرا. دوای زێدی خۆی شارەزوور ئەو لە ئێران و لە ئانادۆڵی عوسمانی، سوریا و میسر خوێندی بەر لەوەی کە لە مەدینە دامەزرێ. ئۆتۆبیۆگرافییە رووناکبیرانەکەی، ئەلئیمام لیقازەلهیمام، ژمارەیەک لەو مامۆستا جۆربەجۆرانەی کە بوویەتی دەناسێنێ و ئەو بابەتە هەراو و بەربڵاوانەی کە خوێندوونی. ئەو جگە لە خوێندن و راهاتن لە تەریقەتی شەتارییە، چەندین تەریقەتی دیکەشی خوێند و ئیجازەی تێیاندا وەرگرت. لەڕاستیدا تەریقەتی یەکەمی نەخشبەندییە بوو، بەلام ئەولەتەریقەتی قادرییە و چیشتییەشدا ئیجازەی وەرگرت. هەڵبەت شەتارییە و چیشتیە دوو تەریقەتی تەواو هیندوستانی بوون، بەسترانەوەی ئیبراهیم بە نەخشبەندییەوەش بە لکێکی هیندوستانی ئەو تەریقەتەوە بوو (بە ڕێگەی قوشاشی دا، کە مامۆستای بوو بۆ فێربوونی

تەریقەتی شەتاریش).(٩) کاتێک لە ساڵی ١٦٦١دا قوشاشی سەری نایەوە و ئیبراهیم وەکوو پێشەوای هەرەمەزنی شەتارییە (لە پێوەندی لەتەک نەخشبەندییە و قادرییەدا) جێگەی ئەوی گرتەوە، و بوو بە ریشسپی و مەزنی کەس دەسگ لەدوونەکردووی عولەمای مەدینە.

دوای مردنی ئیبراهیم لە ساڵی ١٦٩٠، کوڕەکەی محەممەد ئەبووتاهیر (کە ئەودەمی تەمەنی ٢٠ساڵان بوو) وەکوو شێخی تەریقەت جێگەی ئەوی گرتەوە؛ ئەو وەک مامۆستای چەندین کەسی خەڵکی ئیندونێزیا باس دەکرێ (VAN BRUINESSEN 1990 a: 159-60). ئەگەرچی پلەی سەرۆکایەتی لەنێو عولەمای مەدینەدا کەوتە دەست شاگردەکەی ئیبراهیم واتە محەممەد ئیبنی عەبدەلرەسووڵ بەرزنجی، موفتی شافیعی مەدینە. ئەو شاگردەش، وەکوو ئیبراهیم بۆ خۆی، لە شارەزوورەوە هاتبوو و سەر بە بنەماڵەیەک بوو کە نێوبانگی گەورەی وەدەستهێنا.

## بنەماڵەی بەرزنجی شارەزوور و مەدینە

لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا، بنەماڵەی بەرزنجی یەک لە بنەماڵە هەرە پایە بەرزەکانی کوردستانی خواروو بوو، بنەماڵەیەکی عولەما و شێخانی قادری کە دەستەڵات و دەسترۆیشتوویەکی گەورەی سیاسی لە خۆیەوە نیشاندا. لە ساڵەکانی ١٩٢٠دا شێخ مەحموودی بەرزنجی لە دژی بریتانیاییەکان راپەڕی و ورووژا و خۆی بە پادشای کوردستان راگەیاند، لە ساڵەکانی دواتریشدا ئەو بنەماڵەیە لەسەر گێڕانی دەوری گرینگی سیاسی لە ژیانی عێراقدا بەردەوام بوو. هەر لەو دواییانەدا لە شەڕی نێوان ئێران-عێراقدا، ئێمە ئەندامێکی ئەو بنەماڵەیە، شێخ محەممەد نەجیب بەرزنجی بەدی دەکەین، کە سەرۆکایەتی دەستەیەکی بچووکی پارتیزانی لەلایەن ئێرانەوە چەکدارکراوی دەکرد لە دژی حکوومەتی عێراق. ئەندامێکی دیکەی ئەو بنەماڵەیە، جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی، لەلایەکی دیکەوە پلەیەکی گەورەی لە حکوومەتی عێراقدا وەدەستهێنا؛ لە کاتی نووسینی ئەم دێڕانەدا (١٩٩٠) ئەو سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانە. ئەو راستیانە دیتنی هەم حکوومەتی ئێران و هەم ئی حکوومەتی عێراق دەسەلمێنن کە ئەگەر ئەوان بیانەوێ دەنێو کورداندا نفووزیان هەبێ حەوجێیان بە دەستەڵاتی هاندەری ئەو بنەماڵەیە هەیە.

بنەماڵەی بەرزنجی رەگەزی خۆی دەباتەوە سەر پێغەمبەر بە رێگەی ئیمام مووسای کازمدا. نێوەکەشی لە گوندی بەرزنجە لە شارەزوور، لە نزیک شاری سولەیمانی ئێستا، کەوتۆتەوە، لەوێ بوو کە گۆیا

دامەزرێنەری ئەو بنەماڵەیە سەید عیسا، لە نێوەڕاستی سەدەی سێزدەهەمدا دامەزرا. مێژووی ئەو خانەدانە، لەسەر بنەمای ترادیسیۆنەکانی خۆی، لەلایەن ئێدمۆندس و تەوەکولی باسکراوە. جێی سەرنجە کە وەبیربخرێتەوە کە دامەزرێنەری کۆمەڵی لاردینی ئەهلی حەقیش کوڕێکی هەر هەمان سەید عیسا بووە.(١١)

ئێدمۆندس دەریدەخا کە جەدی تێگڕای بەرزنجیەکانی ئێستا، لە عێراق، تورکیا، سووریا و عەرەبستان، بابەڕەسووڵ بووە، کە سەر بە وەچی هەوتەمی سەیدعیسا بووە و دەبێ لە سەرەتای سەدەی هەڤدەهەمدا کاوی خۆی لەکار دیبێ و نێوبانگی دەرکردبێ. ئەو شەجەرەی بنەماڵەیی کە ئێدمۆندس باسی دەکا نیشان دەدا کە یەک لە هەژدە کوڕەکانی بابەڕەسووڵ، محەمەد "مەدەنی"، لە مەدینە دامەزراوە، وا دەگوترێ کە گشت بەرزنجییەکانی عەرەبستان و هیندوستان لە نەوەی ئەوین.

هەڵبەت ئەو محەمەد "مەدەنی"یە هاوخوان و هاودەمی ئیبراهیم ئەلکورانی محەمەد ئیبنی عەبدەڵڕەسووڵ بەرزنجییە. کەسێتی عالمەتی ئەو تاڕادەیەک وەک ئی ئیبراهیم دەچێ: لە سەرەتادا خوێندن لەلای باوکی و عولەمای دیکەی شارەزوور، بەدوویدا خوێندن لە هەمەدان (ئێران)، بەغدا، ماردین، شام، قوستەنتەنییە، قاهیرە و مەککە و ئاخرەکەی لە مەدینە لەلای ئەحمەد ئەلقوشاشی و ئیبراهیم ئەلکورانی خوێندوویەتی. ئەویش خۆی پسپۆڕێک بوو لەسەر ئیبنی عەرەبی و لە فارسییەوە کتێبێکی وەرگێڕا سەر عەرەبی کە لەلایەن خزمێکی ڕا، سەید موزەفەر بەرزنجی لەسەر ئیبنی عەرەبی نووسرابوو. (١٢) کاتێک عولەما هیندییەکان داوای فتوایان لە ئیبراهیم ئەلکورانی کرد سەبارەت بە بیروڕا جەنجاڵییەکانی ئەحمەد سیرهیندی "موجەدیدی هەزارەی دووهەم"، ئەوە محەمەد بەرزنجی بوو کە دوو ریسالەی نووسی و بەتوندی سەرکۆنەی سیرهیندی کرد، و ئەو بۆچوونانە لەلایەن عولەما مەزنەکانی دیکەی حیجازیش ڕا پەسند و مۆرکران.(١٣)

ئەو بەرزنجییەی کە نێوی بنەماڵەکەی کردە وشەی سەرزاری هەموو ماڵێک لە ئیندونێزیا نەتیجەی محەمەد، جەعفەر ئیبنی حەسەن ئیبنی عەبدولکەریم ئیبنی محەمەد (١٦٩٠-١٧٦٤) بوو کە لە مەدینە لەدایکبوو و هەموو ژیانی خۆی لەوێ ژیا. (١٤) ئەو ژمارەیەک نووسراوەی سەبارەت بە عیبادەت و پاڕانەوە نووسی کە لەو سەروبەندەیدا لە هەموو دنیای ئیسلامدا زۆر بە ڕەمێن و باوبوون، و تەنانەت تا ئەم ڕۆژگارەش لە ئیندونێزیا هەروا بەبرەون. ئەو کارەی کە ئێستا بە "بەرزەنجی" بەنێوبانگە مەولوودنامەکەیەتی کە عینوانی "عقیدة الجواهر"ە. ئەوە ڕەنگە مەولوودنامەی هەر باو و بەڕەمێن بێ و لە زۆر

جێگایان بووە بە بەشێکی نموونە لە ڕێسای تەریقەتی قادری. هەروەک تریمینگام ئاماژەی پێدەکا (٨-١٩٧١:٣٠٧)، مەولوودی بە هیچ جۆر لە ڕێکی جیهانیدا نەبووە بە ئاکارێکی ئایینی باو، بەڵام لە ئیندۆنێزیادا بێ ئەملا و ئەولا مەولوودنامەی بەرزەنجی دەقی هەرە ناسراو و بەربڵاوی ئایینییە. لە ئیندۆنێزیا لە چاپی جیاوازدا دەستدەکەوێ، و لەوەش بەولاوەتر چەند عولەمای ئیندونێزیایی تەفسیریان لەسەر بڵاوکردۆتەوە و وەریان گێڕاوەتە سەر زمانی جاوەیی و ئیندونێزیایی. (١٥) کتێبەکەی دیکەی کە ئەو لەسەر پێغەمبەری داناوە، "قصة المعراج" (سەبارەت بە سەفەری شەو) لە ئیندۆنێزیادا کەمتر ناسراوە. کتێبێکی دیکەی کە لەسەر پیاوێکی پیرۆزی کەمتر ناسراوی سەدەکانی نێوەندی هەمزە دایناوە وا وێدەچێ کە بەلانی کەمەوە هێندێک لە ئیندۆنێزیاییەکان لێی ئاگادار بن و چاویان پێی کەوتبێ. (١٦) بەڵام شوێنەوارە بەڕاستی بەرمێن و باوەکەی دیکەی کە بەسەرهاتی شێخ عەبدولقادرە، بە نێوی "لوجهين الداني في مناقيب عبدالقادر الجيلاني"، تەنانەت ڕێی دەرکردووتە کەلێن و قوژبنی هەرە کەلای کۆدوورگەکان.

خوێندنەوەی مەناقیبی عەبدولقادر بە مەبەستی کەفارەت لە گوناحان، داڵدەخوازی یان گێڕانەوەی بەلا و چاوەزار، یان هەروەکوو کردەوەیەکی عیبادەت و پەرستش لە مێژە لە ئیندۆنێزیا وەکوو ئاکارێکی تێگڕایی و بەربڵاو لەنێو (موسڵمانان)دا باوبووە، تێوەسووڕانەوەی ساڵ مەرگی ئەو پیاوچاکە، لە ڕۆژی ١١ی ڕەبیعەلئاخر، لە زۆر شوێنان بە خوێندنەوەی مەناقیب بیرەوەری دەکرا و ئێستاش دەکرێ؛ و تەنانەت لە هێندێک جێگە هەموو ١١ی مانگێک ئەو بیرەوەرییە دەکرێ. دەقی زۆر و زەوەندی ئەو باسنامەی ئەولیا و پیاوچاکان لە ئیندۆنێزیا، بە زمانانی عەرەبی، جاوەیی، سووندەیی و ئیندۆنێزیایی لەبەردەستدایە. نیوسەدە لەمەوبەر، درەوەس و پۆئێرباتیاراکا لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر مەناقیبی جاوەیی بڵاوکردەوە، و سەلماندیان لەسەر بناوانی خولاسە ئەلمەفاخیری یافیعییە، لەگەڵ ئەوەشدا، تەقریبەن گشت ئەو مەناقیبانەی کە ئەمن دیتوومنەتەوە و ئێستا دەکاردەکرێن وا وێدەچن کە لەسەر بنەمای لوجەین ئەلدانی بەرزنجی بن.(١٧)

لەم ڕۆژگارەدا بەتایبەتی، لەنێو پێڕەوانی تەریقەتی قادرییەدا دیارە هەر لەنێو ئەواندا بە تەنێ نا، (یان زۆر ڕاستتر لەنێوان قادرییە و نەخشبەندییەدا لێکدانێکی تایبەتی بە ئیندۆنێزیا) کە مەناقیب بەڕێکوپێکی و نەپساوە دەخوێندرێ شەرحی هەرە باو (و لە هەمووان جێی بڕواتر) ئەوەیە کە لەلایەن کیایی حاجی موسلیح ئیبنی عەبدەلرەحمانی مرانگن لە جاوەی نێوەندی وەرگێراوە، ئەو پیاوچاکە تا سەردەمی مردنی لە ساڵی ١٩٨١دا مامۆستای هەرە بەڕێز و جێی

حورمەتی ئەو تەریقەتە بوو. کتێبەکەی "النور البرهاني في ترجمة الوجهين الداني" جگە لە مەناقیب، ئامۆژگاری سەبارەت بە تەریقەتەکەشی تێدایە. وا وێدەچێ کە لە زەمانانی رابردوودا، مەناقیب لەنێو زۆر کۆڕ و کۆمەڵی بەربلاوتر لە هەر تەنێ تەریقەتی قادرییەدا خوێندرابێتەوە.

ئەوە ئاشکرا نییە کە داخودا شێخ جەعفەری بەرزنجی، نووسەری لوجەین، بۆ خۆی مورشیدێکی قادرییە بووە یان نا (ئەگەرچی نەک هەر لوجەینەکەی، بەڵکوو مەولوودنامەکەشی لەنزیکەوە بەو تەریقەتەوە بەستراوەتەوە، TRIMINGHAM (١٩٧١: ٢٠٦،٢٠٨) پێوەندی ئەو بنەماڵەیە بەو تەریقەتەوە بەنیسبەت دەگەڕێتەوە سەر مێژوویەکی تازە. بابەرەسووڵ و کورەکانی سەر بە تەریقەتەکانی دیکە بوون (نووربەخشییە و خەلوەتییە-عەلەوییە)؛ بەپێی تراديسیۆنەکانی دواتر نەتیجەکەی ئیسماعیل قازانقایا، یەکەم کەس بوو کە باوەشی لە قادرییە وەرهێنا (تەوەکولی ١٣٣: ١٩٨٠). لکەکانی دیکەی ئەو بنەماڵەیە لە کوردستان بەزوویی بەو شوێنەدا چوون، بەڵام ئێمە نازانین لکی مەدینەی ئەو بنەماڵەیە چیکرد.

لە ئیندۆنیزیا قادرییە بەلانی کەمەوە لە ئاخر و ئۆخرەکانی سەدەی شازدەهەم بەملایەوە ئاسراوە، (شاعیری گەورە هەمزەی فانسوری قادری بوو)، بەڵام ئەو تەریقەتە تا نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم پێڕەوێکی هەراو و بەلێشاوی وەدوونەکەوت. شێخ ئەحمەد خەتیبی سامباس (رۆژئاوای بۆرنێئۆ) لە مەککە ژمارەیەکی زۆر لە ئیندۆنێزیاییەکانی هێنایە نێو تەریقەتی لێکدراوی قادرییە و نەخشبەندییەی خۆی و خەلیفەی دیاریکرد کە تەریقەتەکەی بەتەواوی کۆدوورگاندا بڵاوکردەوە. سەبارەت بە هەڵکەوتی قادرییە و بەکارهێنانی مەناقیب لە دوو سەدەی دواتردا بەڵگەی تەسەل بەدەستەوە نییە. هەر بۆیە ئێمە نازانین داخودا شێخ جەعفەری بەرزنجی بۆ خۆی دەورێکی لە بانگەشە و بڵاوکردنەوەی ئەو تەریقەتە و مەناقیب لە نێو ئیندۆنێزیاییەکاندا گێڕاوە یان نا. پێوەندی ورد و ئاشکرای ئە وبەرزنجییە هەرە بەنێوبانگە و خوێنەرەوە شێرەتاییە ئیندۆنێزیاییەکانی بە لێڵ و ناڕوونی ماوەتەوە.

ئەوەی کە تەریقەتی قادرییە لە کوردستان بەو جۆرەی کە لەلایەن بنەماڵەی بەرزنجییەوە فێری خەڵک دەکرێ تێکنیکەکانی تەریقەتی ریفاعیە لە کاتی جەزمبوونی خۆڕاگریدا بەکاردەهێنێ وەک رێکەوتێکی سەردەرلێنەکردوو دەمێنێتەوە، هەروەک دیبۆسی DEBUS بانتێنەکان کە دەبردرێتەوە سەر هەم عەبدولقادر و هەم تەریقەتی ریفاعییەش. یەک لە سیلسیلە قادرییە کوردەکان جگە لە عەبدولقادر سێ کەسی دیکەش بە دامەزرێنەری تەریقەتەکە

دادەنێ، ئەحمەد ئەلریفاعی، ئەحمەد ئەلبەدەوی، ئیبراهیم ئەلداسوقی (بروینێسن ۱۹۷۸:۲۷۱). لە راتیبێکی ریفاعیدا کە لەلایەن مامۆستایانی DEBUS دا لە بانتێن دەکاردەکرێ، ئێمە نێوی ئەو چوار پیاوە پیرۆزە بەیەکەوە دەبینین.(۱۸)

وەچەکانی دواتری بنەماڵەی بەرزنجی لە مەدینە هەر بەدەستەڵات مانەوە، و پلەی موفتی شافیعی شارەکە هەر لە دەست ئەواندا مایەوە (وەک محەمەد ئیبنی عەبدەلرەسووڵ و جەعفەر). لێکۆڵینەوەیەکی تازە سەبارەت بە عەرەبستان لە کاتی فەرمانڕەوایی عوسمانیاندا (۱۸٤۰-۱۹۰۸) دەری دەخا کە ئەندامانی بنەماڵەی بەرزنجی بۆ زۆربەی ماوەی ئەو ٦۷ ساڵە موفتێتی مەدینەیان بەدەستەوە بووە (OCHSENWALD 1984: 52). دیسان، لەوانەیە و تەنانەت زۆر وێدەچێ کە زۆر لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە شاگردی ئیندونێزیاییان هەبووبێ بەڵام تەقریبەن هیچ بەڵگەیەک لەو بارەیەوە بەدەستەوە نییە.

ئەمن هەر نێوی بەرزنجییەکم دۆزیوەتەوە کە وەکوو مامۆستای ئیندۆنێزیاییەکان باسکرابێ. ئەویش لە بیرەوەرییەکی سەبارەت بە مامۆستایاندایە. بە ئیسناد بەو دەقانەی کە لەلایەن عالمێکی هاوچەرخی ئیندۆنێزیاییەوە شێخ یاسین ئەلفادانی، بەڕێوەبەری ئێستای مەدرەسەی سوننەتی ئیندۆنێزیا لە مەککە واتە "دار العلوم الدینیة" لێیان کۆڵدراوەتەوە. دوو لە مامۆستا ئیندۆنێزیایەکانی ئەو، عەلی ئیبنی عەبدوڵا ئەلبانجاری (۱۵۹۱ کۆچی کردووە) و عەبدەلوحیت ئەلسیدوارجی (۱۹٦۵ کۆچی کردووە)، هەردووکیان لە مەسجیدولحەرەم لە مەککە دەرسیان داداوە، و لەلای ئەحمەد ئیبنی ئیسماعیل بەرزنجیدا خوێندوویانە (FALIMBANI. N. D. 59-60,63).

## بۆچی زۆر لە ئیندۆنێزیاییەکان ناویان کوردییە؟ محەمەد ئیبنی سولەیمان و تەفسیرەکانی سەبارەت بە ئیبنی حەجەر

ئەمن لە سەرەتای ئەم نووسراوەیەدا باسم کرد کە کوردی بۆتە نێوێکی شەخسی لە ئیندۆنێزیا، و ئەو نێوە تەقریبەن بەتایبەتی لە نێو بنەماڵە موسڵمانەکاندا باوە. ئەوەش دەکرێ ببردرێتەوە سەر دەستەڵات و نفووزی زانایەکی کورد، کە نووسراوە و شوێنەوارەکانی تەئسیرێکی سەرەکی لەسەر ئیندۆنێزیا هەبووە.

بەگشتی سێ جۆرە نێوهەن کە نموونەی نێوی ئیسلامین. یەکەمیان لێکدرانی عەبد لە نێوێکی ئیلاهییە، دووهەمیان نێوی پێغەمبەر

و ئەسحابەکانی ئەون. ئەمانە ئەو نێوە موسڵمانانەیانەن کە لە هەموو جێیەک وەبەرگوێیان دەکەون. دەستەی سێهەم زیادتر نێوە نموونەیەکانی ئیندۆنێزیایین. خەڵکی بەئیمان و دینداری کۆدوورگەکان غالبە نێوی نووسەرانی گرینگی دەقە ئایینیەکان لە منداڵەکانیان دەنێن. لە ئیندۆنێزیا زۆر نێوی وەک سانووسی، راملی، مالیباری، غەزالی، و... هەن. تەنانەت ئەمن دۆستێکم هەبوو کە نێوی تەواوی ئیبن عەتالا ساحیب ئەلحیکەم (IBN ATA ALLAH SAHIB AL-HIKAM) بوو. ئەو جۆرە نێوانە زیادتر وەک نێوی کەسانی زۆر خوێندەوار و لەخوداترس دەچن. تا ئەوەی کە نێوی ئاسایی موسڵمانانەبن. نێوی کوردی سەر بەم دەستەیەی دواییە. ئەو نێوە دەچێتەوە سەر نووسەری کارێکی فیقھ کە لەمێژ ساڵە لە PESANTREN ی جاوەییدا (مەدرەسە سوننەتییە ئیسلامییەکان) دەخوێندرێ. هەم نووسەرەکە و هەم کارەکەی لەنێو خەڵکدا بە سلەمان کوردی ناسراون.(١٩)

سلەمان کوردی، یان زۆر راستتر، محەمەد ئیبنی سولەیمان ئەلکوردی لە ساڵی ١٧١٥ لە شام لەدایکبوو و لە تەمەنی لاوێنیدا دەگەڵ باوکی کەوت و چووە مەدینە، ئەو زۆربەی ژیانی لەوێ ژیا و لە ساڵی ١٧٨٠ سەری نایەوە. ئەو بوو بە موفتی شافیعی، و چەند نووسراوەی گرینگی سەبارەت بە فیقھ نووسی. یەک لەو نووسراوانەی ئەو کە لەئیندۆنێزیا زۆر چاک ناسراوە (و ئێستاش چاپی بەدەستەوەیە) "الحواشي المدنية"، ئەوەش تەفسیرێکی دووردرێژە لەسەر ئەلموقەدیمە ئەلهادرامییەی بافەزل -یان بە گووتنێکی دی سەر تەفسیرێک لەسەر تەفسیری پێشووی ئیبنی حەجەر، واتە "منهاج القويم". تەنانەت شەرحێکی زۆر هەموولایەنەتری تەفسیری کوردی بەدەستەوەیە، کە زۆر وشە و تەعبیری خراوەتەسەری، و ئەمەش نێوی "المواهب المدنية". ئەم کتێبە هێشتا بە بەربلاوی نەناسراوە، بەلام لەنێو پسپۆراندا نێوبانگێکی زۆری هەیە. وا وێدەچێ کە ئەو کتێبە زۆر کەوتبێتە بەردڵی عولەمای ئیندۆنێزیایی لە مەککە و مەدینە، چونکوو ئەو کارە لەتەک نووسراوە سەرەکییەکەی ئیندۆنێزیاییەکان لەسەر ئەو بابەتە، واتە تەفسیری مەحفووز ئەلتارماسی لەسەر ئەلقویمدا چاپکرابوو.(٢٠)

محەمەد سولەیمان ئەلکوردی و کارەکانی سەبارەت بە فیقھ لەبەرئەوە لە ئیندۆنێزیادا نێوبانگیان بلاوبۆوە چونکوو ئەو ژمارەیەک شاگردی بەنفووز و بەدەستەلاتی ئیندۆنێزیایی هەبوو. محەمەد ئەرشاد ئەلبانجاری، نووسەری کاری فیقهی هەرە گرینگی مالایی واتە سەبیل ئەلموهتەدین، یەک لە شاگردەکانی ئەو بوو، و لە بیۆگرافییەکانیدا [محەمەد ئیبنی] سولەیمان ئەلکوردی وەکوو مامۆستا هەرە گرینگەکانی

ئەرشاد لەكاتی ژیان و مانەوەی دووردرێژی خۆی لە حیجاز دەناسێنێ. بیرەوەری نووسێک باسدەکا کە ئەرشاد، ئەو کاتەی کە هەر تەلەبە بوو داوای فتوایەکی لە کوردی کرد سەبارەت بە هەڵسوکەوت لە خوارووی بۆرنێئۆ کە زێد و مەڵبەندی بە بنەچەکەی خۆی بوو. سوڵتانی ئەوێ (کە ئەرشاد لەژێر سێبەر و لەبن باڵیدا بوو) تێکۆشا کە ئامادەبوونی دینداران لە نوێژی جەماعەتی جومعاندا لە مزگەوتی دەوڵەتی باشتر لێکا بە رێگەی ئەوەیدا کە روونی کاتەوە بزانێ کامەیەک لە تەبەعەکانی نایەن و خۆیان دەدزنەوە. ئەرشاد لە مامۆستاکەی پرسی کە داخودا ئەو ئاکارەی سوڵتان رەوا و حەلاڵە یان نا؛ گۆیا وڵامی ئەو پرسیارە لە کۆکراوەی فتواکانی کوردییدا هەیە. (زەمزم ١٩٧٩:٥).

قسەی سەرزارەکی وا دەگێڕنەوە کە نەک هەر ئەرشاد بەڵکوو هاوچاخە ئیندۆنێزیایە سەرەکییەکانیشی لەلای کوردی خوێندوویانە. دەنگۆیەکی کە لە خوارووی بۆئنێئۆوە راهەستاوە، کە لەوانەیە تاڕادەیەک سازکراو و ئەفسانە بێ (خالیدی ١٨-١٤:١٩٦٨) دەڵێ عەبدەلسەمەد ئەلفالیمبانی و دوو عولەمای کەمتر ناسراو واتە عەبدەلوەهاب بووگیس و عەبدەلڕەحمان مەسری خەڵکی باتاڤیا، رەگەڵ ئەرشاد کەوتن بۆ ئەوەی لە دەرسەکانی کوردی لە مەدینەدا ئامادەبن، و لە ساڵەکانی ١٧٧٠دا بەیەکەوە گەڕانەوە کاتێک مامۆستاکەیان ناردنیەوە بۆ ئەوەی دەرس بە هاونیشتمانەکانیان بڵێن. (٢١) ئەوە هەرچۆنێک بووبێ، کوردی لەسەر ئەوە بەردەوام بوو کە نفووز و قسەڕۆیشتوویی ناڕاستەخۆ نیشان بدا، بە شوکرانەی ئەو دەوروبەرەی کە لە مەککە و مەدینەدا هەبوو و کارەکانی تێیدا بلاودەبوونەوە و دەگوێزرانەوە. ئەو دەوروبەرەی کە عولەما سەرەکییەکانی دانیشتووی مەککە وەکوو نەوەوی بانتەیی مەزنی وەبەردەگرت.(٢٢)

## مامۆستا مەزنەکانی نەخشبەندی: مەولانا خالید و ئەمین ئەلکوردی

تەریقەتی نەخشبەندییە بەلانی کەمەوە لە سەدەی هەڤدەهەمەوە لە ئیندۆنێزیادا ناسراوە، بەلام لەڕاستیدا تەنیا لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدەهەمەوە لەوێ ڕەمێنی پەیداکردووە. ئەو لکەی تەریقەتەکە کە زۆر خێرا بە گشت کۆدوورگەکاندا بلاوبۆوە خالیدییە بوو، کە نێوەکەی لە مامۆستا و ئیسلاحی بەڕووەمەت و بەدیمەن مەولانا زیائەلدین خالید ئەلبەغدادی یان ئەلکوردی وەرگرتووە. ئەو بە تەنێ لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا شانی دا بەر زیندووکردنەوەی ئەو تەریقەتە.

خالید پێکگەیەنەرێکی فەرهەنگی کورد بوو بە سرووشتی سوننەتی، ئەو وەک زۆر لە

عولەما گەورەکانی کورد لە ساڵی ١٧٧٦ یان ١٧٧٩ لە بنەماڵەیەکی بەشی نێشتەجێی هۆزی جافدا، لە شارەزوور لەدایکبوو. ئەو لەلای عولەما گەورەکانی کوردستان خوێندی و سەفەری کرد بۆ شام و مەککە و مەدینە بۆ ئەوەی چاوی بە عولەما گەورەکانی رۆژگاری خۆی بکەوێ. لە سۆنگەی بە دووی قووڵبینی گەراندا، خالید چووە هیندووستان بۆ ئەوەی لای مامۆستای سەرەکی نەقشبەندی، عەبدەڵا ئەلدیهلەوی بخوێنێ، کە بوو بە شاگردێکی هەڵکەوتووی ئەو، دوای ساڵێک گیرسانەوە لە دێلهی (دیهلی)، ئەو بەرەو رۆژئاوا گەرایەوە، بە ئیجازە و ئامۆژگاری تایبەتییەوە لەلایەن مامۆستاکەی را بۆ ئەوەی (فێرکردنەکانی) تەریقەتی نەقشبەندییە بە ئیمپراتۆری عوسمانیدا بڵاوبکاتەوە. لەناوبەری ساڵانی گەرانەوەیدا لە ساڵی ١٨١١ تا کاتی کۆچکردنی لە ساڵی ١٨٢٧، ئەو لە سولەیمانییە، بەغدا و شامدا دەژیا و لە بەشە جیاوازەکانی ئیمپراتۆریدا ٦٧ خەلیفەی دانا، لەناو کورد، تورک و عەرەباندا. ئەو بە زمانی فارسی، عەرەبی، گۆرانی، و کوردی (زمانی زگماکی خۆی) نووسراوی لە پاش بەجێماوە.

یەک لەو خەلیفانە، عەبدەڵا ئەرزنجانی، ناردرا بۆ مەککە، ئەو و جێنشینەکانی لەوێ ژمارەیەکی زۆر شاگردیان لەنێو ئیندۆنێزیایەکانی دانیشتووی مەککەدا پەیداکرد کە یان بۆ زیارەتی حەج دەهاتن یان ئی ئەوتۆشیان تێدابوو کە لەوێ دەمانەوە و بۆ سالانی دوورودرێژ لەوێ دەژیان. یەکەم ئیندۆنێزیایی بەنێوبانگ کە چووە پاڵ ئەولکەی نەخشبەندییە ئیسماعیل مینانگکاباوی بوو، کە شاگردی ئەرزنجانی و جێنشینەکەی سولەیمان ئەلقیرەیمی بوو. لە سالانی ١٨٥٠دا، ئیسماعیل بۆ چەند ساڵێک گەرایەوە کۆدوورگەکان و مووریدی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردەوە لەوانە، بنەماڵەی فەرمانرەوای ریاو RIAU. سەرنج بەرەوخۆراکێشانی نەخشبەندییە-خالیدییە دەنێو ئەو ئیندۆنێزیاییانەیدا کە دەچوونە زیارەتی شارە پیرۆزەکان ئەوەندە بەهێز بوو، و زانستی ئەو رێبوارانە لەسەر زمانی عەرەبی ئەوەندە کول بوو، و مەیل و کوڵی شێخەکان (چ قازانجی دارایی و وەکی دیش) دەنێو ئەو خەڵکەیدا کە توانایی بوونە مووریدیان تێدا بەدی دەکرا ئەوەندە زۆر بوو کە لە زاوییەی جەبەل ئەبوو قوبەیسی عەبدەڵا ئەرزنجانیدا دەستەیەکی هەمیشەیی لە دەست و پێوەندی کە بە زمانی مالایی دەدوان دامەزران، بۆ ئەوەی کە ئیندۆنێزیایەکان فێری تێکنیک و رێوشوێنەکانی تەریقەتەکە بکەن.[٢٤]

کاتێک کە زاویە لە ئەبووقوبەیس وردەوردە گەورەدەبۆوە، بەتایبەتی لە زەمانی جێنشینی سولەیمان ئەلقیرەیمی، سولەیمان ئەلزوهدی دا، و دەبوو بە دەزگایەکی کە ئیجازەی دەدا بە هەر ئیندۆنێزیایەکی کە هۆگری وەرگرتنی ئیجازەیەکی ئەوتۆبا، دیسان ئەوە عالمێکی

کورد بوو کە ئەو کتێبەی نووسی کە بوو بە رێنوێنی سەرەکی ئەدەبی بۆ ئیندۆنێزیاییە نەخشبەندییەکان. لە ساڵانی ١٨٨٠ و ١٨٩٠دا، ئەو ئیندۆنێزیاییانەی کە لە مەککە لەتەک نەخشبەندییە کەوتبوون لەگەڵ خۆیان نوسخەکانی کتێبی ئەحمەد گوموشخاناوی "جامع الأصول في الأولياء"، یان کۆکراوەیەک لە ریسالەکانی سولەیمان ئەلزوهدی یان هێنایەوە وڵات. ئەلزوهدی مامۆستای هەرە سەرکەوتوو لە مەککە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کتێبی محەمەد ئەمین ئەلکوردی تەنویر ئەلقولووب زوو جێگەی ئەو کتێبانەی گرتەوە و لە برەوی خستن، و ئێستا دەقی هەرە بە نفووز و جێی برەوای نەخشبەندییە کە لە ئیندۆنێزیادا کەڵکی لێوەردەگیرێ.

محەمەد ئەمین لە هەولێر لەدایکبوو، زانستەکانی ئیسلامی لای عولەما ناوچەیەکان خوێند. ئەو لەلایەن شێخی بەنێویانگ عومەر زیائەدینی بیارە را (لە شارەزوور)، کە خەلیفەی وەچی دووهەمی مەولانا خالید بوو، ئیرشادکرا و هاتەنێو ئاڵقەی نەخشبەندییەوە. ئەو لە بیارە را چووە مەدینە. لەوێ دە ساڵ مایەوە و لە مەدرەسەیەکی ناوچەییدا دەرسی دەگوتەوە. لەوێوە چووە قاهیرە، و لەوێ تا کاتی مردنی لە ساڵی ١٩٤١ لە ئەلئەزهەر بەڕێوەبەری ریواق (کالیج)ی کوردی بوو. ئەو نزیکەی دوازدە کتێبی نووسیووە، کە تەنویر ئەوی هەرە گرینگیانە. بەپێی ترادیسیۆنی کوردی پەروەردە بوون بە چەند زمان ئەو کارەکانی غەزالی لە فارسییەوە وەرگێڕایە سەر عەرەبی.(٢٥)

ئێمە نازانین داخودا محەمەد ئەمین ئەلکوردی، لەماوەی ئەو دە ساڵانەی ژیانیدا لە مەدینە یان ساڵەکانی دواتری کە لە ئەلئەزهەر بووە، چ شاگردی ئیندۆنێزیایی هەبووە یان نا. لە هیچ کامێک لەو سیلسیلە زۆر و زەوەندانەی نەخشبەندی ئیندۆنێزیادا کە ئەمن چاوم پێیان کەوتووە باسی محەمەد ئەمین ناکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر لەوانەیە، کە پێوەندی راستەوخۆیان هەبووبێ، چونکوو هەم لە مەدینە و هەم لە ئەلئەزهەر هەمیشە ژمارەیەکی زۆر ئیندۆنێزیایی هەبوون. پێویست ناکا کە ئەم جۆرە پێوەندییانە لە سیلسیلەدا دەرکابن. بەڵانی کەمەوە ئێمە بە کەیسێکی دواتری، پێوەندی ناراستەوخۆی نەخشبەندییەکی ئیندۆنێزیایی و مەحەمەد ئەمین ئەلکوردی دەزانین. یەک لە مامۆستا نەخشبەندییەکانی ئێستا لە قەراخی باکووری جاوە، کیای حاجی عەبدولوەهاب چاقیدزی رێمبانگ، بە منی گوت، کاتێک کە لە ساڵەکانی ١٩٦٠دا لە ئەلئەزهەر خوێندوویەتی، لەوێ لەگەڵ کوری محەمەد ئەمین، نەجمەئەلدینی ئەلکوردیدا ناسیاوی پەیداکردووە. ئەو نەجمەدینی بە پیاوێکی زۆر بەڕێز هاتووەتە بەرچاو و بە مامۆستای خۆی داناوە و لەسەر ئەوە بەردەوام بووە کە بە

ڕێگەی باوکیدا وەدووی پێ و شوێنی سیلسیلەی خۆی بکەوێ.

## ئەنجام: ئەو پەیوەندییە کوردییانە بۆ؟

چەند وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارەی کە بۆچی ئەو عولەما کوردانە شوێنێکی ئەوەندە زۆریان لەسەر ئیسلامی ئیندۆنێزیادا کردووە دەکرێ هەبن. یەکەم، وەڵامێکی گوماناوی ئەوەیە کە بەتەواوی ئەو پرسیارە چاوی لێ بترووکێ و هەبوونی پێوەندییەکی تایبەتی بەرپەرچ بدرێتەوە، و بە لێبڕوای بگوترێ کە ئەوەی ئەمن لە سەرەوەدا باسمکردووە هەڵبژاردەیەکی بەدانستەیە، و ئەو ئیندۆنێزیاییانەی کە لە مەککە و مەدینە خوێندوویانە ماموستایان لە زۆرێک لە ڕەچەڵەکی ئێتنیکی هەبووە. لەڕاستیدا، لە کاتی مانەوەی سنووک هورگرۆنیە لەمککەدا لە ساڵی ١٨٨٥، بەڕواڵەت تەنانەت ماموستایەکی کوردیش دەنێو ئەو هەموو ماموستایانەیدا کە شاگردی ئیندۆنێزیاییان هەبووە بەدی ناکرێ. (SNOUCK HUR- GRONJE 1889, PASSIM) ئەمە لەسەر ئەم سەدەیەش ڕاستە. بەڵام ئەگەر ئاوڕ وەسەردەمای پێشووترەوە بدەینەوە، ئاستەمە چ عولەمایەکی دیکە ببینینەوە کە نفووز و دەستەڵاتیان بتوانێ بگاتە یان جێی بەراوردکردن بێ لەگەڵ ئی ئیبراهیم ئەلکورانی، جەعفەر ئەلبەرزنجی، محەمەد ئیبن سولەیمان ئەلکوردی یان -ناڕاستەخۆ- مەولانا خالید. لەڕاستیدا، ئەو ماموستایانەی کە لە کاتی سەردانەکەی سنووکدا ژمارەیەکی هەرە زۆر لە ئیندۆنێزیاییەکانیان کێشایە ئاڵقەی دەرسی خۆیان دوو جێنشینی ڕەقیبی یەکتری خەلیفەی مەولانا خالید واتە عەبدەڵا ئەرزنجانی بوون. ئەوان فێری شاگردەکانیان دەکرد کە بۆ ئەوەی عیبادەت و پاڕانەوەیان هاسانتر بووزبخوا لە کاتی ئاوادا مەولانا خالید ئەلکوردی بهێننە بەر زەینی خۆیان.(٢٦)

وڵامێکی دووهەم ڕەنگە ئەوە بێ کە موسڵمانە ئیندۆنێزیاییەکان بەلانی کەمەوە لە ئاخروئۆخری سەدەی شازدەهەمەوە شافیعی بوون، وەک کوردەکان (هەروەها هەدرامیەکان و زۆربەی میسرییەکان، بەپێچەوانەی زۆربەی عەرەبەکان، تورکەکان و هیندییەکان). ئەو ئیندۆنێزیاییانەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەخوێنن زۆریان بۆ هاسانترە کە لەگەڵ کوردەکان هەستن و دانیشن تا عەرەبەکان، و ئەوان خۆیان دەڵێن، ئەوە لەبەر یەکبوونی مەزهەبییە.(٢٧) ئەو هۆکارە لەوانەیە تاڕادەیەک دەوری هەبووبێ، ئەگەرچی مەسئەلەی مەزهەب هەر لە بابەتی فیقهدا لە گۆڕێدایە و نەک لە زانستەکانی دیکەی ئیسلامیدا. لەڕاستیدا، هێندێک لە ماموستا عەرەبە هەرە بەنفووزەکانی کە ئیندۆنێزیاییەکان لەم سەدەیەدا لەلای ئەوان

خوێندوویانە شافیعی نەبوون بەڵکوو مالیکی بوون. سەید محەمەد ئیبنی عەلەوی ئەلمالیکی و باوکی بۆ ماوەی دوورودرێژ لە زانایانی هەرە جێی ڕێز و حورمەتی ئیسلامی ناوەهابی لە مەککە بوون، و هەموو جۆرە بابەتێکیان لەوێ بەدەرس گوتۆتەوە و لەوانە فیقهی شافیعی! کەوابوو مەزهەب بەزەحمەت دەتوانێ شیبکاتەوە و دەریخا کە مامۆستا کوردەکان بۆچ ئەوەندە دەنێو شاگردە ئیندۆنێزیاییەکاندا بەنفووز و خۆشەویست بوون.

ئەمن پێم وایە خەسڵەتێکی دیکەی هاوبەشیش شاگردە ئیندۆنێزیاییەکانی بەرەو مامۆستا کوردەکان وکتێبەکانیان رادەکێشا، ئەویش هەبوونی بۆچوونێکی هاوبەش سەبارەت بە تەجرەبەی ئایینی بوو: ئەڤینی عیرفان و روانگەی لاهووتی و باوەڕێکی پتەو بە پیاوچاکان و موعجیزەکانیان. دەگوترێ کە باوەڕی لاهووتی وەحدەتوئەلوجوود لەبەرئەوە ئیندۆنێزیاییەکانی بەرەو لای خۆی راکێشاوە و مەیلیان داوەتێ چونکوو وە ئەو بیرورِا عارفانانە دەچن (یان دەتوانن تێیاندا بتوێننەوە) کە بەر لە هاتنی ئیسلام لەئارادابوون. دەکرێ هەمان شت لەسەر کوردستان بگوترێ، و قیاسێک بۆ بن کۆمەڵگەی گۆران ئەوەیە کە دەنێو ئەواندا پێرەوانی گشت خودایی، فەیزوبەرەکەت، رووناککار و لاردینی تەناسوخ هەمیشە زەمینەیەکی پتەویان بۆ بەخۆداهاتن و پێگەیشتن دیوەتەوە. عولەمای وەکوو ئیبراهیم ئەلکورانی و مەولانا خالید هەڵکەوتێکی ناوبژیکەرانەیان لەنێوان لاردینی و راستدینیدا هەبووە. لە ئاست لاردینی تایبەتی ناوچەی زێدی خۆیان ئەوان نوێنەرایەتی بەگژداهاتنەوە و بەرهەڵستی راستدینییان کردووە. بەڵام بەبێ ئەوەی کە بەیەکجار ئایینە عیرفانییەکان و ناکارەکانیان بەرپەرچ دەنەوە کە زۆر زوو دەخزانە ناو لاردینی. ئەوان ئەوانیان پاراست و بە رێگەی هێنانەگۆڕی پێشنیاری لێکدانەوە و تۆژینەوە لەتەک راستدینیدا ئاشتیان کردنەوە. دەبێ ئەوەبێ کارێکی وای کردبێ کە رامانەکانیان لە دڵی موسڵمانانی ئیندۆنێزیادا جێی خۆیان کردبێتەوە، کە زۆرجار هەوڵیانداوە کە لەنگرێک لەنێوان قانوونییەتی ویشک و یەکتاپەرستی عیرفانیدا رابگرن.

لایەنێکی دیکەی سوننەتی روحانییەتی موسڵمانی ئیندۆنێزیا ستایش و بەموقەدەس دانانی پیاوچاکان، و باوەڕێکی پتەو بەو موعجیزەکانیان و ئەو خێر و بەرەکەتەیە کە بەزیارەتی گۆڕ و چاکی ئەوان وەدەستدێ.

هەڵبەت ئەو بۆچوونە لە گشت دنیای موسڵماندا بەدیدەکرێ، بەڵام لێرەش ئەوە دیسان عولەمای کورد بوون کە ئەوەیان لە قالبی وشەدا دارشت، و بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە لە دڵی ئیندۆنێزیاییەکان بنیشێ. وەکوو پێشتر گوترا، هیچ نووسەرێک لە ئیندۆنێزیا

نییە کە لە جەعفەر بەرزنجی بە مەولوودنامەکەی و مەناقیبەکەیەوە بەبرەوتربێ.

بەرزنجی تەنیا نووسەری کورد نییەکە بە باس و گێڕانەوەی موعجیزەکان بیستەرانی ئیندۆنێزیایی گێز و فرووسماو کردبێ، بەلانی کەمەوە نووسەرێکی کوردی دیکە لەسەر ئەو بابەتە، کە تەقریبەن هاوچەرخی ئێمەیە و لە باری فەرهەنگییەوە لە بەرزنجی نزیکە سەرنجی شیاوی خۆی دراوەتێ. لەو ساڵانەی دواییدا دوو PESANTREN ی جیاوازی جاوەی ڕۆژهەڵات، بۆ کەڵکوەرگرتنی خوێندکارەکانیان دەقێکیان بۆ بەرگری لە ئایینزای پیاوچاکان و باوەڕ بە موعجیزان بڵاوکردووەتەوە، الفجر الصادق في الرد على منكري التوصل والكرامات والخوارق. نووسەری ئەو ریسالە جەنجاڵییە لە دژی وەهابیگەری، کە یەکەم جار لە ساڵی ١٩٠٥دا بڵاویۆتەوە جەمیل ئەفەندی سدیقی ئەلزەهاوی کوردە (١٨٩٣-١٩٤٠). وەک عولەما کوردەکانی دیکەی کە هەتا ئێستا لەو نووسراوەیەدا باسیان کراوە، ئەویش لە کوردستانی خواروو ڕا دێ.(٢٨)

لە ئاخریدا نووسەری کوردی ئەوتۆ هەن کە نووسراوەکانیان شتێکی تایبەتی کوردی نادرکێنێ وناسراوبوونیان لە ئیندۆنێزیا تەواو بەرێکەوتە. نموونەیەکی ئەوتۆ جەمالەلدین ئەلحاجیبە (ساڵی ١٢٤٩ کۆچی دوایی کردووە) کە نووسراوەکانی سەبارەت بە ڕێزمانی عەرەبی، ئەلکافییە و ئەلشافییە، لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کۆدوورگەکاندا ناسراون.(٢٩)

## پەیوەست: پێکگەیەنەری فەرهەنگی لە ئافریکای خواروو

کەیسی جێی سەرنج و بەرچاوی عالمی کورد ئەبووبەکر ئەفەندی، کە بۆ کەڵک و خێرلێدیتنی کۆمەڵگەی مالایی لە ئافریکای خواروو کتێبێکی بە دیالێکتی هۆڵەندی نووسی لە جێی خۆیدایە کە پەیوەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە بکرێ.(٣٠)

ئەو زانا تارادەیەک هەڵخەڵەتێنەرە لە ساڵی ١٨٦٢دا گەیشتە کەیپ تاون، وەکوو نوێنەرێکی سوڵتانی عوسمانی عەبدولحەمیدی دووهەم بۆ ئەوەی دەرسی قانوون و ئایینی ئیسلام بە کۆمەڵگەی مالایی بڵێ و ئەو گێرە و کێشانەی کە دووبەرەکی خستبووە ناویان یەکلاکاتەوە. ئەو بە عەرەبی دەرسی دەگوتەوە بەڵام زمانی ئەو کۆمەڵگە ناوچەییەش، ئافریکان AFRIKAANS فێربوو، و بەو زمانە کتێبێکی سەرەکی، بە بەکارهێنانی خەتێکی ئاڵوگۆڕکراوی فارسی-عەرەبی، بە نێوی "بیان الدین" نووسی. ئەو کتێبە نەک تەنیا یەک لەو چەند کارە کەمانەی "عەرەب-ئافریکان"ە (ئەو

چەشنەی کە سێلمس نێوی بەسەر ئەو وێژەیەدا بڕیووە)، بەڵکوو یەکێک لە دەقە هەرە سەرەتاییەکانیشە کە بەیەکێک لە شێوەکانی ئافریکان نووسرابێ، جا بۆیە جێگەی سەرنجێکی زۆرە بەلای زمانناسانی مێژووییەوە.(٣١)

کۆمەڵگەی مالایی کەیپ تاون تۆرەمەی ئەو سەربزێو و تاک و تەرا نابەدڵانەن کە لەلایەن کاربەدەستانی هۆڵەندیی ڕا لە سەدەی هەقدەهەم لە هیندی ڕۆژهەلات ڕا ڕاگوێزراون و دووخراونەتەوە، و هاونیشتمانی ئەو کەسانەن کە وەک کۆیلە هێنراونەتە ئەوێ. (٣٢) کەسی هەرە ناسراو لە نێو ئەو پاتراوانەدا شێخ یۆسفی ماکاسار بووە کە پێشتر لەم نووسراوەیەدا باسی کرا، ئەگەرچی دواتر ئێسک و پرووسکەکانی گوێزراوەتەوە بۆ زێدی خۆی لە سەلەبی خواروو، بەلام چاکەکەی لە کەیپ تاون هێشتاش لەلایەن کۆمەڵگەی ناوچەیی مالایی ڕا بە نێوەندێکی گرینگ دادەنرێ. ئەو کۆمەڵگەیە هەستێکی بەسترانەوە بە ئیسلامی هەر پاراستبوو، بەلام لەبەرنەبوونی عولەمای لەمەڕ خۆی و پێوەندی نەبوون بە دونیای موسڵمانەوە، زانیاری سەبارەت بەو ئایینە و ئەرکەکانی پێڕەوانی وردەوردە لە کورتێی دەدا. لەبەر قەومانی کێشە و هەرایەکی دینی، لە ساڵی ١٨٦٠ یان ١٨٦١ ئەوان نامەیەکیان بۆ سوڵتان و خەلیفە لە ئەستەمبووڵ نووسی، داوایان لێکردن کە کتێبیان بۆ بنێرن کە هەڵکەوتی چاکدینییان بۆ شیبکاتەوە. لە ئەستەمبووڵ هەر کتێب ناردن بە کیفایەت نەزاندرا، جا ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٨٦٢دا بوو بە هۆی ناردنی ئەبووبەکر ئەفەندی بۆ لای موسڵمانانی کەیپ، بە ڕێگەی لەندەن دا. ئەبووبەکر ئەفەندی مەدرەسەیەکی کردەوە و تێیدا دەرسی عەرەبی و سەرەتاکانی زانستەکانی ئیسلامی دەگوتەوە، و کەرەستەی ئەو شتانەی بە دەرس دەیگووتەوە بۆ خۆی دەینووسی. بەیانئەلدین لە ساڵی ١٣٥٦/ ١٨٦٩دا تەواوبوو و لە ساڵی ١٨٧٧/١٢٩٤دا لە چاپخانەی حکوومەتی لە ئەستەمبووڵ چاپکرا.

ئەو ئەبووبەکر ئەفەندییە کێ بوو؟ لە سەرەتای عەرەبی بەیان ئەلدیندا،(٣٣) ئەو ڕەچەڵەک و بنەچەکەی خۆی (مین نەسل) ئاوا دەناسێنێ ئەمیر سولەیمان ئیبنی ئەمیر محەمەد ئیبنی عەبدەلا ئیبنی ئەمیر زاید، مین خانەدان ئەهالی سوهران تابیع شاهرەزوور وە بەغداد، "ئەمن سەر بە سیلسیلەی فەرمانڕەوایانی ناوچەی سوهران، تابیعی شارەزوور و بەغدادم". بە وتەیەکی دی، ئەو خۆی بە تۆرەمەی بنەماڵەی فەرمانڕەوای ئەمارەتی کوردی سوهران یان سۆران دادەنێ، کە کەوتبووە باکووری شارەزوور، و شاری هەولێر و چیاکانی دەوروپشتی وەبەردەگرت. نەتیجەی ئەبووبەکر بە مێهرەوانییەوە کۆپییەکی لەبەرهەڵگیراوی

وێنەیەکی لەگەڵ شەرحێکی دەستنووسی بۆ من ناردووە کە شەجەرەنامەیەکی زۆر تەواوی تێدایە.(٣٤) لێرەدا ئەبووبەکر نیسبەی ئەلخۆشناوی بە خۆی دەدا، واتە ئەوەی کە ئەو سەر بە هۆزی خۆشناوە، کە لە رۆژهەڵاتی هەولێر (لە خاکی سۆران)دا دەژین. شەش وەچە بە نێوان ئەبووبەکر و تۆرەمەکەیدا ئەمیر سولەیماندا دێن. بەرواڵەت ئەوانە هەموویان عولەما بوون، چونکوو هەموویان لەقەبی مەلا یان مەولانایان بەنێوەوە نووساوە. ئەو شەجەرەنامەیە چەندین وەچ بەرەو سەرەوە لەو ئەمیر زایدەی باسکرا، بەرەو باوکی عیززەدین محەمەد ئەلفەزل تێدەپەڕێ (کە بە لەقەبی ئەلهابر ئەلکامیل "زانای تەواو" رێزی لێدەگیرێ)؛ باوەگەورەی هەر دوو، و بەرواڵەت هەرە درەوشاوە، نێوی وەک ئەبوونەسر ئەلئەمیر سولەیمان "ئەلغازی ئەلقورەیشی ئەلئەمجەدی" باس دەکرێ.(٣٥)

هیچ کام لەو نێوانە، بەداخەوە لە قامووسەکانی ناوداران و زانایانی کورددا نییە (مودەریس ١٩٨٣، مەردووخ ١٣٦٤-٦). غازی ئەمیر سولەیمان رەنگە هەر هەمان سولەیمان بەگ ئیبنی قولی بەگ ئیبنی سولەیمان بەگ بێ کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی شازدەهەمدا فەرمانڕەوایی بەسەر سوهراندا دەکرد، و شەرەفنامە باسی چەند شەڕێکی سەرکەوتووانەی دەگێڕێتەوە کە لە دژی دراوسێ شیعەیەکانی لای رۆژهەڵاتی خۆی کردووە (بیدلیسی ١٣٤٣:٣٩٠-١)، هیچکامێک لەو باوەگەورانەی دیکەی کە نێویان باسکراوە، لەگەڵ ئەندامانی دواتری خانەدانی فەرمانڕەوادا کە لەلایەن مێژوونووسانی ناوچەڕا نێویان تۆمارکراوە یەک ناگرنەوە (موکریانی ١٩٣٥). شەرەفنامە دەڵێ کە فەرمانڕەوایانی سۆران لەقەبی ئەمیریان بەکارهێناوە، چەند کەسێک لە ئەژدادی ئەبووبەکر ئەفەندیش ئەو لەقەبەیان لێناوە (سیلسیلەکانی دیکەی کورد لەقەبی دیکەیان بەکارهێناوە). بەڵام، لە بەسەرهاتنامەکاندا، چ ئاماژەیەک بۆ تۆرەمەی قورەیشی یا نیسبەتی ئەلئەمجەدی ناکرێ. کێهلیر بۆی دەرکەوتووە کە ئەبووبەکر ئەفەندی ئەلئەمجەدیشی بە خۆی گوتووە، و وای داناوە کە ئەوە ئاماژەیە بۆ گوندێک لە کوردستان(٣٦) ئەمن بە گوندێکی ئەوتۆ لە کوردستان نازانم. هەرچۆنێک بێ، لەوانەیە رەچەڵەکی تەواوی ئەبووبەکر هەمیشە بە لێڵی و ناروون بمێنێتەوە.

لە ساڵەکانی ١٩٥٠دا، ڤان سلێمس وتووێژێکی لەگەڵ کوڕی بەساڵداچووی ئەبووبەکر، عومەر جەلال ئەلدین کرد و لە زمان ئەوڕا چەند زانیارییەکی لەسەر ژیانی باوکی تۆمارکرد. ئەبووبەکر لە شارەزوور خوێندبووی، لە مەدرەسەیەکدا کە لەلایەن باوانی ئەمیر سولەیمان (روون نییە کامەیەک لە سولەیمانەکان)ڕا سازکرابوو و لە ئەستەمبووڵ و بەغدا لەسەر خوێندنی خۆی

بەردەوام بوو. کاتێک کە لەو شارەی دواییاندا دەژیا، هەڵئەشکاوتنێکی بەدووین بۆ سەر وڵاتی سۆهران بنەماڵە (یان هۆز)ی ئەبووبەکری ناچارکرد کە کۆچ بکەن بۆ مەڵبەندی ئەرزورۆم، کە پاشان ئەبووبەکر لەوێ لەگەڵیان کەوت. کاتێک کە لە زستانێکدا هۆزەکە تووشی برسێتی هات، ئەبووبەکر چوە ئەستەمبووڵ بۆ ئەوەی داوای یارمەتی لە سوڵتان بکا. بەڕێکەوت، هەر ئەو دەمی بابی عالی (دەرباری سوڵتان) لە ئافریکای خواروورا داوای ئامۆژگاری ئایینی لێکرا. لەجیاتی ئەوەی کە خۆراک بۆ ئەرزورۆم بنێردرێ هەر ئەو دەمی بڕیاردرا کە ئەبووبەکر خۆی بنێردرێ بۆ ئافریکا (ڤان سێلمس 1960:VII-VIII).

دەرەجەی ڕاستی پێخوشبوون و ئامادیی ئەبووبەکر هەرچییەکی بووبێ، ئەو بەوەفادارییەکی زۆرەوە ئەو ئەرکەی کە لەلایەن سوڵتانەوە پێی ئەسپاردرابوو ڕاپەڕاند، ئەگەرچی کۆمەڵگەی مالایی بەناو پێڕەوی مەزەبی شافیعی بوون، و ئەبووبەکریش وەکوو کوردێک، دەبێ لە سەرەتاوە بەر بە مەزەبە بووبێ، بەڵام ئەو بەپێی مەکتەبی ئەبووحەنیفە دەستی کرد بەدەرسگووتنەوە لەسەر قانوونی ئیسلامی، حەنەفی مەزەبی ڕەسمی ئیمپراتۆری عوسمانی بوو. لەو شەجەرەنامەیەیدا کە لە سەرەوە باسکرا ئەو باسی خۆی وەک "موفتی چوار مەزەبان" دەکا، بەڵام لە بەیان ئەلدیندا ئەو لە گێڕانەوەی فیقهی حەنەفی تێدەپەڕێنێ، و لەڕاستیدا هێرشی زۆر بوودەڵە دەباتە سەر ئیمامی شافیعی. ئەوە ڕەنگە لەبەر ئەو گێرەوکێشە ناوچەییانە بووبێ کە لەجێدابووونە هۆی ناردنی نامە بۆ سوڵتان، و سۆنگەی ئەوان دەبێ ئەو دەمی لەمێژ بووبێ فەرامۆشکرابێ. (KÄHLER 1941:107-9).

لە سەروبەندی ئێستادا ژمارەیەک حەنەفی لەنێو مالاییەکانی کەیپدا هەن، ڕەنگە لەبەر جمووجووڵەکانی ئەبووبەکر هاتبنە سەر ئەو مەزەبە، بەڵام ئەوان کەمایەتییەکی بچووکن. هێرشەکانی ئەبووبەکر بۆ مەزەبی شافیعی لەوپەڕی خۆیدا توانیوویە تەئسیرێکی کاتی بووبێ. لە کاتی مردنیدا لە دەوروبەری ساڵی ١٨٨٠دا، ژمارەیەکی لە زێدە لە ئەندامانی کۆمەڵگەی مالایی چوونەتە حەج، و هێندێک لە ئەوان دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخساوە کە لەلای مامۆستایانی شافیعی لە مەککە بخوێنن، و زوو تەمی نفووز و دەستەڵاتی ئەبووبەکریان ڕەواندۆتەوە. دوای مردنی، ئەندامانی کۆمەڵگەی مالایی چەندین نامەیان بۆ موفتی حەنەفی مەککە نارد، و داوایان لێکرد کە سووکایەتی ئەبووبەکر بە شافیعی مەحکووم بکا، کە ئەویش دەستیەجێ بە قسەی کردن. (KÄLLER 1941:109-12).

بۆچی بۆچوونێکی نەتەوییانەی شافیعی لەلایەن پیاوێک ڕا، کە وەکوو کورد شایەد بۆ خۆی بە بنەچەک شافیعی بووبێ؟ داخودا ئەو

لە ماوەی خوێندنەکانی پێشووی لە ئەستەمبووڵ وەرگەڕابووە سەر مەزەبی حەنەفی؟ داخودا لەگەڵ عولەما کوردەکانی دیکە سەبارەت بە ریشەی ئامادەبوون و پێخۆشبوونی بۆ بە ئەستۆوەگرتنی راسپاردە لە وڵاتانی دوور کێشەی هەبووبێ و ئەوە وای لێکردبێ؟ ئێمە رەنگە قەت بە وەڵامی ئەوانە نەزانین. گومانی تێدا نییە ئەو کەیسی هەرە سەرنجڕاکێش و هەرە تێژڕەوی پێکگەیەنەری فەرهەنگییە کە لەم لاپەڕانەدا باسکران، ئەوەندە پەرەگریوو کە یەبێ تەئسیر مایەوە: کوردێک، رەنگە بە بنەچەکە شافیعی، لەلایەن سوڵتانی حەنەفی تورک ڕا بنێردرێ بۆ لای ئەو مالاییانەی کە لەژێر دەستەڵاتی بریتانیا لە کەیپ دەژیان، و کتێبێک بۆ ئەوان لەسەر فیقهی حەنەفی بە زمانی عەرەبی و بە دیالێکتێکی هولەندی بنووسێ. پیاوێک بەو هەموو زەکاوەتەوە رەنگە تەئسیرێکی زۆر زیادتری بوویایە ئەگەر لە ترادیسیۆنی ناوچەیی پەروەردەی خۆی دوور نەکەوتبایەوە.

پەراوێزەکان:

١- لەم نووسراوەیەدا زاراوەی ئێندۆنێزیا ئەک بە واتای سیاسی بەڵکوو بە مانایەکی هەراوتری کولتووری-جوگرافیایی دەکارکراوە، و مالێزیا، خوارووی تایلەند و خوارووی فیلیپین دەگرێتەوە، گشت ئەو شوێنانە فەرهەنگێکی موسڵمانی هاویەشیان هەیە. کاتێک ئەمن باسی "کۆدوورگەکان" ARCHIPILAGO دەکەم دیسان مەبەستم لەم ناوچە هەراوەیە.

٢- زیکری جەزمبوونی قادرییە کوردکان و ئەو کارانەی دەیکەن و لەشیان خۆیانی لەبەر دەگرێ لەلایەن بروینێسن ڕا لە ساڵی ١٩٧٨: لاپەڕەکانی ٢٦٩ تا ٢٧٥، ٢٩٦ تا ٣٠٥ شیکراونەتەوە. لەبەرئەوەی کە ئەو کارانەی ئەوان دەیکەن زۆر جیاوازە لەوانەی کە قادرییەکان لە شوێنی دیکە دەیکەن، ئەمن لە نووسینەکەمدا وام هێناوەتەگۆڕێ کە کارەکانی ئەوان تێکەڵاوێکە لە ئی قادرییە و ریفاعییە، و سیلسیلەیەک دەنووێنن کە هەم عەبدولقادری گەیلانی و ئەحمەدی ریفاعی (هەروەها ئەحمەدی بەدەوی و ئیبراهیمی داسووقی) وەک مورادیان بوون. (١٩٧٨:٢٧١)

٣- ئەو پرۆسەیە، سەبارەت بە کەیسی جاوە لە ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن RICKLEFS ڕا زۆر جوان کێشراوەتەوە، یەک لە هەرە لێکۆڵینەوە حەساسەکان سەبارەت بەم بابەتە.

4- D. N. MACKENZIE,E. I, MINORSKY 1943; VAN BRUINESSEN 1978: 129-35.

٥- ئەحمەد ئاتەش، "مەلا گۆرانی"، ئیسلام ئەنسیکلۆپێدیاسی، J.R.WALSH,"GURANI..."EI 2.REPP 1986"

د. یلدز ن. ئەم نووسەرەی دوایی، کە پێی خۆشە مەلا گۆرانی بکا بەماڵی تورکیای ئەمڕۆ، بە ناسەرکەوتووییەوە، تێدەکۆشێ کە بیسەلمێنێ، مەلا لەوانەیە لە گوندێک بە نێوی گۆران لەنزیک دیاربەکر لەدایک بووبێ. لە سەرانسەری کوردستاندا زۆر دەستەی خێڵەکی و گوند هەن کە نێویان گۆرانە، و پێوەندییان بە دەستەی ئێتنیکی گۆرانەوە بەتەواوی ئاشکرانییە.

٦- هەر هەمان نووسەری وتارەکانی "ئەلقوشاشی" و "ئەلکورانی". JOHNS 1978, CF. E.I.

٧- لە کۆکراوەی حەوت ریسالە کە یوسف نووسیونی، وا وێدەچێ هەر دانەیەک لە "سفينة النجاح" مابێتەوە. میکرۆفیلمێکی زۆر تازە و ترانسکریپسیۆنێکی خراپی ئەو کۆکراوەیە لە کتێبخانەی ئەنیستیتیووتی شایانەی زمانناسی و مەردمناسی (KITLV) لە لیدن هەیە.

٨- لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەردێڕەی کە مرادی رۆی ناوە بەتەواوی روون نییە: "جوابات الغروية عن المسائل الجاوية الجهرية". رینکس دواوشەی بە "FROM"=لە لێکداوەتەوە لە (شانشینی مالایایی) جوهورەوە، ئەو نیسبەتە بە شێوەی ئاسایی وەک الجوهري دەنووسرێ.

٩- سەبارەت بە زانیاری زیادتر سەبارەت بە پێوەندی و گرێدراوییەکانی دیکەی ئیبراهیم بە لکەکانی دیکەی هاوچەرخی نەخشبەندییەوە بڕوانە ئەو کتێبەی من کە سەبارەت بەو تەریقەتە لە ئیندۆنێزیا بڵاودەبێتەوە.

١٠- ئیدمۆندس ٧٩-٦٨: ١٩٥٧؛ تەومکولی ٦٨-١٢٢: ١٩٨٠، ڤانبروینێسن ٥-٢٤١: ١٩٧٨.

١١- ئێدمۆنس ٦٨: ١٩٥٧، تەومکولی ٤-١٣٢: ١٩٨٠.

١٢- بۆ زانیاری سەبارەت بە وردە و تەفسیلاتی کەسێتی عالمەتی محەمەد، نێوی مامۆستاکانی و نێوی کارەکانی، بڕوانە مرادی ٦-٦٥. IV :١٣٠١، مودەریس ٥-٤٩٣: ١٩٨٣. نێوی ئەو کتێبە وەرگێردراوە ئەوەیە: الجانب الغربي في حل مشكلات ابن العربي.

١٣- فریدمەن ١١-٩٧، ٨-٧: ١٩٧١، ریزوی ٤١-٣٣٩: ١٩٨٣.

١٤- بڕوانە مرادی ٩ II: ١٣٠١، مودەریس ١٩٨٣:١٣٦، GAL II:384, SII:517-8.

١٥- بۆ زانیاری بیبلیۆگرافی لەو بارەیەوە بڕوانە بروینێسن N ١٩٨٧:٤٨.

١٦- مەناقیب سەید ئەلشوهەدا هەمزە (GALII: 384) ئەو هەمزەیە لە ساڵی ٦٢٤/١٢٢٥دا شەهید دەکرێ و بۆیە نابێ لەگەڵ هاوناوە زیادتر ناسراوەکەی دا لێمان بگورێ. ئەو مەناقیبە لە فتوایەکی عولەمای تەریقەتی جاوەییدا (سەبارەت بەو پرسەی کە داخودا رێسای وەبیرهێنانەوەی مردنی پیاوە پیرۆزەکان بیدعەیە یان نا) وەکوو سەرچاوەیەکی بەدەستەڵات و قسەڕۆیو باس دەکرێ. (الفيوضات الربانية).

جمعية أهل الطريقة المعتبرة النهضية الفيوضات الربانية. جومبانك جاوای شرقی. ١٩٨٠: ٣٣.

١٧- حەوت لەو مەناقیبانە لەلایەن بروێنێسن را تۆمارکراون N، ١٩٨٧:٤٩. ئەمن لەنێو ئەوانەی دا کە چاوم پێیان کەوتووە تەنیا دوو شەرح لەوانە لەسەر بناوانی یافیعی بوون، و دووەکەی دیکەیان، بە زمانی سوندەیی وئیدۆنێزیایی لەسەر بناوانی مەناقیبێکی سێهەم، تەفریحەلخاتر بوون. ئەوەی ئاخریشیان لەلایەن کوردێکەوە عەبدەلقادر ئیبنی موحەیدینەلئەربیلی (مودەرس ٣٠٥: ١٩٨٣) را نووسراوە، یان راستتر لەلایەن ئەوەوە لە دەقێکی فارسی را کە بەدەستی کەسێک بە نێوی محەمەد سەدیق ئەلقادری را نووسراوە کراوەتە عەرەبی. CF. DREWES AND POERBATJARAKA.

هەواڵنامەی کتێب

1938:450.

١٨- راتیبی ریفاعی ، کتێبخانەی نیشتمانی جاکارتا، MS A ٣١٨. دوو مامۆستای بانتێنەیی ئێستاش هەمان دەستنووسی وەکوو یەکیان بەدەستەوەیە (کۆپیەکانی لای من هەیە). لێرەدا نێوەکان لە سیلسیلەیەکدا ناخوێندرێنەوە، بەڵام کاتی باسکردنی کۆچکردووانی ئەجیوزادە دێنە گۆڕێ لە کاتی راتیبدا فاتیحایان بۆ دەخوێندرێ. هاتنە گۆڕی نێوی سوڵتان محەمەد عارف زەینەلعاشقین ( کە لە نێوان ساڵانی ١٧٧٣-١٧٥٣د افەرمانڕەوایی کردووە) و کوڕەکەی ئەبوو ئەلەفاخیر محەمەد عەلائەدین (١٧٧٣-١٧٩٩) وا دەگەیەنێ کە ئەو راتیبە، رەنگە دێیوسیش، لە نێوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمەوە داهاتبێ. دوو پیاوچاکی دیش لەو عیبادەت و پاڕانەوانەدا نێویان دێتە نێو نێوان: یەکیان کەسێکە بە نێوی سەفییەدین ئەحمەد ئیبنی عەلوان و ئەوی دیان نێوی سەید ئەبووبەکر ئیبنی عەبدەڵا ئەلعایداررووسە. ئەوەی دووهەمیان سۆفیەکی بەنێوبانگ بووە و لە عەدەن ژیاوە و لە ساڵی ١٥٠٨دا مردووە. ئەوانەی لە تۆرەمەی ئەو کەوتنەوە لە گوجرات بوون بە عولەما و عارفی زۆر گرینگ. نوورەدین رانیری پێوەندی ریفاعی بوونی شوێنگێڕی کردووە، بە رێگەی ئەو بنەماڵەیەدا گەیاندوویەتە سیلسیلەی قادری یۆسفی ماکاسار.

١٩- دەقەکانی ئەو نووسەرە و نووسەرەکانی دیکەی کە لە ئیندۆنێزیا دەخوێندرێن لەلاین بروینێسن را C ١٩٩٠ شیکراونەتەوە.

٢٠- حەواشی هێشاش بە رێکوپێکی لە ئیندۆنێزیا چاپ دەکرێنەوە. مەواهیب لە چوار بەرگدا لە چاپخانەی ئەلعامیرە ئەلشەرەفییە لە مەککە N.D چاپکرا. بۆ گشت ئەو کارانەی باسکران بڕوانە بروێنێسنC ١٩٩٠، بۆ زانیاری بیۆگرافی و بیبلیۆگرافی سەبارەت بە محەمەد ئیبنی سولەیمان بڕوانە مرادی 1301:IV III-3، مەردووخ SII:555. 1364:252-3؛ ڤان دێن بێرگ 1886:530 . ئەو نیشانەی خۆشەویستی و قسەڕۆیشتووی لای هێندێک کۆڕ و کۆمەڵە کە لە کۆکراوەیەکی تازەی فتواکاندا کە لەلایەن عولەمای ئیندۆنێزیایی دانیشتووی مەککە دەرچووە (ئەلبیر ١٤٠٩) نێوی کوردی سێ جار وەک کردی صغری (کوردی بچووک) و یازدە جار وەک کردی کبری (کوردی مەزن) باسکراوە، کە بەڕاشکاوی دیارە مەبەست لە حەواشی و لە مواهیبە.

٢١- لەگەڵ ئەوەشدا، وا وێناچێ کە، عەبدەلسەمەد لە هیچکام لە نووسراوەکانی خۆیدا باسی کوردی کردبێ، و ئەوەش روون نییە کە قەت گەڕابێتەوە (قرزوەین) نێوی کوردی تەنانەت دەنێو نێوی مامۆستاکانی هاوچەرخ گەورە مالاییەکە واتە داوود ئیبنی عەبدەڵا ئەلفاتنیشدا باس ناکرێ (عەبدوڵا ٢٧-١٩٧٨:٢٩)

٢٢- شێخ یاسین ئەلفادانی لە کتێبەکەیدا "العقد الفريد" (٤-١٤٠١:٤٣) لە ئیسنادی بە حەواشی مەدەنییەدا دەڵێ: "یەکەم گوێزەرەوە دوای کوردی خۆی لێرە، عارفی بەنێوبانگ محەمەد ئیبنی عەبدەلکەریم ئەلسامان بوو، بە دوای ئەودا شەریف عەبدەلمەجید ئەلزیادی، دوو پیاوچاکی خەڵکی پالەمبانگ (عەقیب ئیبنی حەسەن ئەلدین، و عەبدەلسەمەد ئەوەی دووهەمیان نابێ لەگەڵ عارفێک هەر بەم ناوە تاک و جووت بکرێ کە دوو وەچ پێشتر ژیاوە) و نەوەی بانتەی مەزن، دوای ئەو

عەبدەلحەمید نیبنی محەمەد عالی ئەلقودووسی (کە ئەویش نووسەری کتێبێکی زۆرباوە بە نێوی ئوسوول ئەلفیقھ)، سەید عەلی ئەلحەبەشی (خەڵکی کویتانگ، جاکارتا) و ئاخرەکەی شێخ یاسین خۆی.

٢٣- لێکۆڵینەوەی زۆر و زەوەند لەسەر ژیانی مەولانا خالید کراوە، بۆ وێنە ئەلخانی ١٣٠٦، هورانی ١٩٧٢، مودەرپس ١٩٧٩. ئەم نووسراوەی یەکەمیان سەبارەت بەو خەڵیفانەش کە شێخ خالید داینانی زانیاری تێدایە. شیکردنەوەیەکی کۆمەڵناسانە سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی خێرای نەخشبەندییە-خالیدیە لە کوردستان لەلایەن بروینێسن را باسکراوە ٩٦-١٩٨٧:٢٩٤.

٢٤- سەبارەت بە زاویە لە جەبەل ئەبوو قوبەیس و بڵاوبوونەوەی خالیدییە لە ئیندۆنێزیا بڕوانە بروینێسن ٩-١٦١:١٩٩٠ و ئەو کتێبەی من کە لەسەر نەخشبەندییە لە ئیندۆنێزیا وەدەردەکەوێ.

٢٥- بۆ یادداشتی بیۆگرافی سەبارەت بە محەمەد ئەمین ئەلکوردی بڕوانە: مودەرپس ٧-١٩٨٣:٥٤٥، مەردووخ ٦-١٣٦٦:١٢٥، و سەرەتای زۆربەی شەرحە چاپکراوەکانی ئەنویر.

٢٦- هێنانە بەر زەینی مامۆستا و مورشید وەکوو هۆیەک بۆ سازکردنی پێوەندی نەفسی بەوەوە و کەڵک لێوەرگرتن لە ئامۆژگارییەکانی (رابیتە بیعەیش شێخ)، یەک لە تێکنیکە تایبەتییەکانی نەخشبەندییە بە شێوەی ئاسایی وایە کە شاگرد، مامۆستاکەی خۆی دەهێنێتە بەر زەینی، بەڵام بۆ چەند وەچ دوای مەولانا خالیدی بە دیمەن، تۆرەمە روحییەکانی راستەوخۆ لەتەک ئەودا رابیتە دادەمەزرێنن. لە نێو ئەو یادداشتانەیدا کە ئیندۆنێزیایە لە گەڵ تەریقەتەکە کەوتوومکان لەگەڵ خۆیان لە مەککە را هێنایانەوە، کورتە باسێک سەبارەت بە دیمەنی سیمای مەولانا خالیدش هەبوو، بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن لە کاتی عیبادەتدا بزانن چۆن ئەو بهێننە بەر زەینی خۆیان.

٢٧- بۆ نموونە عەبدولڕەحمان وەحید، سەرۆکی رێکخراوەی سەرەکی موسڵمانە سوننەتییەکانی ئیندۆنێزیا، کە ئەمن لە پێشدا تێزی خۆم سەبارەت بە نفووزی کوردی لە ئیسلامی ئیندۆنێزیادا لەگەڵ ئەودا هێناگۆڕێ. ئەو دەستبەجێ پێمل بوو و دەی گوت لە کاتێکدا کە لە بەغدا خوێندوویەتی وەبیری دێ کە زۆربەی دۆستەکانی ئەو دەمی کورد بوون. ئەو ئەوەی بەو راستییەوە دەلکاند کە وەکوو پێڕەوانی شافیعی، ئەوان هەمان پاک و خاوێنی عیبادەت، کاتی نوێژ، و هتد یان لەبەرچاو دەگرت، و ئەوە هاسانتری دەکردەوە کە مرۆڤ بەیەکەوە هەڵسوکەوتی هەبێ.

٢٨- جەمیل کوڕی موفتی بەغدا، موحەمەد فەیزی ئەلزەهاوی بوو، کە خزمی بنەماڵەی بابانن کە بۆ ماوەی درێژ بەسەر ناوچەی سولەیمانییەدا فەرمانڕەواییان کردووە. ئەو وەک شاعیر و نووسەرێکی رووناکبیر کەسێتییەکی سەرکەوتووی هەبوو. بیۆگرافی و بیبلیۆگرافی کارەکانی لە GAL SIII:683-8 دا هاتووە. کارەکەی ئەو لەلایەن PE-SANTREN لە لیربۆیۆ، کەدری و هەروەها لەلایەن دێنانیار نزیک یۆمبانگ چاپکراوە. تەنیا نووسەرێکی تازەی دیکە کە لە هەمان رشتەدا لە ئیندۆنێزیا ناسراوبێ نووسەری لوبنانی یۆسف ئەبهانییە، کارەکانی "سعادة الدارین" و "جامع الکرامات" ئەلئەولیا لەنێو هێندێک کۆڕ و کۆمەڵدا زۆر بەنێوبانگە. کتێبەکەی ئاخری ئەویش لە دێنانیار چاپکراوە.

٢٩- جەماڵ ئەلدین ئەبوو عەمرعوسمان... ئیبنی

هەواڵنامەی کتێب

ئەلحاجیب لە ساڵی ١١٤٧ لە بنەماڵەیەکی ئاریستۆکراتی کورددا لە میسری سەروو چاوی بە دنیا پشکووت، لە قاهیرە و شام خوێندی، و لە ئەسکەندەرییە مرد. بڕوانە: GAL I: 303, SI: 531، و ئیبراهیمی ١٣٦٦.

٣٠- ئەمن یەکەم جار بەهۆی نامەیەکەوە کە لەلایەن ئاغای عیسمەت ئەفەندی نەتیجەی ئەبووبەکر ئەفەندی ڕا بەدەستم گەیشت و داوای لێکردبووم داخودا دەتوانم یارمەتی بکەم بۆ زانیاری زیادتر سەبارەت بە باوانی وەدووی پێ و شوێنی ئەبووبەرکر ئەفەندی کەوتم. ئەبووبەکر ئەفەندی کەسێکی بەناوبانگە لە مێژووی کۆمەڵگەی مالایی کەیپ تاوندا و لەلایەن براندێل-سێرییەر، ڤان سێلمس و کێهلێروە لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر کراوە.

٣١- بەیان ئەلدین بە دوو زمانە: هەر ڕستەیەکی عەرەبی دەستبەجێ پێکەڵە ئافریکانەکەی بەدوودا دێ. وەرگێراوێکی ئینگلیسی لە ساڵی ١٩٦٠دا لەلایەن براندێل-سێرییەر ڕا چاپکرا، و پاشان دەقە ئافریکانییەکە لەلایەن ڤان سێلمس ڕا لێکدرایەوە و هێنرا سەر خەتی لاتینی (١٩٧٩).

٣٢- لێکۆڵینەوەیەکی دۆستانە و لاگرانە سەبارەت بەو کۆمەڵگەیە، مێژووەکەی و ژیانی فەرهەنگی ئەوان لەلایەن دووپایتسیس ولوێکهووف ڕا بڵاوکراوەتەوە (١٩٥٣).

٣٣- دانەیەکی ئەو کارە نایابە لە کتێبخانەی زانستگەی لیدن هەیە. سەرەتا تورکی و عەرەبییەکەی لە کتێبەکەی براندل.سیریەر دا وەرگێردراوان: 1960: XLV-XLIV بەڵام ئەو وەرگێرانە چەند هەڵەیەکی زۆر زەقی تێدایە.

٣٤- ئەوە تارادەیەکی زۆر وەک ئەو شەجەرەنامە بنەماڵەییە وایە کە سێلمس چاوی پێی کەوتووە و بەکورتی لێی کۆڵیوەتەوە. (1960: VI-VII).

٣٥- دەقی سیاپیەکە بەتەواوی ئاوایە: البحر المحقق والحبر المدقق شيخ العلم ومفتي الأربع الأئمة مؤمور الدولة العثمانية إلى جنوب أفريقيا لنشر العلوم الدينية والمعارف الربانية في سنة ١٢٦٨ مولانا ابوبكر أفندي الخشناوي ابن ملا عمر بيك ابن مولانا صلاح الدين ملا مصطفى بيك ابن مولانا بابا پير سليمان ابن ملا مصطفى ابن ملا ابراهيم ابن مولانا أمير سليمان ابن مولانا امير محمد ابن مولانا عضدالدين عبدالله ابي زيد ابن مولانا الحبر الكامل مقتدي الأماجد والاماثل ذي الجناحين عزالدين محمد الفضل قدّس سرّه ابن أمير عبدالله إبن زين الدين ملا احمد ابن عبدالحق سليما الخشناوي من نسل مولانا ابو الحسن ملا عثمان حامد ابن أبو نصر الأمير سليمان الغازي القرشي اللامجدي.

٣٦- کیهلتر ١٩٦١:١٠٢، ئەو کتێبە عەرەبییانەی کە لەلایەن مەدرەسەی ئەبووبەکر ڕا بەشراونەتەوە مۆری ئەبووبەکر ئەفەندی ئەلئەمجەدی یان بەسەرەوەیە.

سەرچاوەکان:

جمعية أهل المعتبرة النهضية الفيوضات الربانية. جومبانك. جاوای شرقي.

الفالباني، محمد محتار الدين.

بلوغ الأماني في التعريف بشيوخ واسانيد مسند الأصر الشيخ محمد ياسين ابن محمد عيسى الفدايي المكّي. مكة: دار قتيبة.

## *References*


ABDULLAH, HAWASH [H.W. MUHD. SHAGHIR]

1980 *Perkembangan Ilmu Tasawuf dan Tokoh-tokohnya di Nusantara.* Surabaya: Al Ikhlas.

1987 *Syeikh Daud bin Abdullah al Fathani: Penulis Islam produktif Asia Tenggara.* Solo: Ramadhani.

AL-BIRR, ZUBAIR B. ʿUMAR

1409 *Thamara al-rauda al-shahiyya li-talaba al-$^{c}$ilm min al-Andunisiyya bi-Makka al-mahmiyya.* Lirboyo, Kediri (East Java).

BIDLISI, SHARAF KHAN

1343/1964 *Sharafnama: Tarikh-i mufassal-i Akrad.* Ed. M. $^{c}$Ali $^{c}$Awni, introd. Muhammad $^{c}$Abbasi. Tehran: Mu'assasa-yi Matbu$^{c}$ati-yi $^{c}$Ilmi.

BRANDEL-SYRIER, MIA

1960 *The religious duties of Islam as taught and explained by Abu Bakr Effendi.* Leiden: Brill.

BROCKELMANN, CARL

1943-7 *Geschichte der Arabischen Literatur (GAL).* Band I, II. Zweite, den Supplementsbänden angepasste Auflage. Leiden: Brill.

1937-42 *idem.* Supplementsbände. S I-III. Leiden: Brill.

BRUINESSEN, MARTIN VAN

1978 *Agha, Shaikh and State. On the Social and Political Organization of Kurdistan.* Dissertation, Utrecht State University.

1987 Bukankah orang Kurdi yang mengislamkan Indonesia? In: *Pesantren* (Jakarta) no.4/vol.IV, 43-53.

1989 Tarekat Qadiriyah dan ilmu Syeikh Abdul Qadir Jilani di India, Kurdistan, dan Indonesia. In: *Ulumul Qur'an* (Jakarta) Vol.2 No.2, 68-77.

1990$^{a}$ The origins and development of the Naqshbandi order in Indonesia. In: *Der Islam 67*, 150-179.

1990$^{b}$ The Naqshbandi order in 17th-century Kurdistan. In: Marc Gaborieau, Alexandre Popovic & Thierry Zarcone (eds.), *Naqshbandis: cheminements et situation actuelle d'un ordre mystique musulman.* Istanbul-Paris: Éditions Isis, 337-360.

1990c$^{c}$ Kitab Kuning: Books in Arabic script used in the pesantren milieu. Comments on a new collection in the KITLV library. In: *Bijdragen tot de Taal-, Land- en Volkenkunde 146*, 226-269.

FORTHC. Pesantren and kitab kuning: continuity and change in a tradition of religious learning. In: *Proceedings of the 7th European Conference on Indonesian and Malaysian Studies, Bern, June 1989.*

DREWES, G.W.J.

1969 *The admonitions of Seh Bari.* The Hague: Martinus Nijhoff.

DREWES, G.W.J. & R.NG. POERBATJARAKA

1938 *De Mirakelen van Abdoelkadir Djaelani.* Bandung: A.C. Nix & Co.

EDMONDS, C.J.

1957 *Kurds, Turks and Arabs: Politics, travel and research in north-eastern Iraq, 1919-1925. London.* Oxford University Press.

FADANI, MUHAMMAD YASIN IBN MUHAMMAD ᶜISA

1401 *Al-ᶜiqd al-farid min jawahir al-asanid.* Surabaya: Dar al-Saqqaf.

FRIEDMANN, Y.

1971 *Shaykh Ahmad Sirhindi.* Montreal/London.

HEER, NICHOLAS

1979 *The precious pearl. Al-Jami's Al-Durrah al-Fakhirah together with his Glosses and the Commentary of ᶜAbd al-Ghafur al-Lari.* Albany, NY: State University of New York Press.

HOURANI, A.H.

1972 Mawlana Khalid and the Naqshbandi order. In: S.M. Stren, A.H. Hourani & V. Brown (eds.), *Islamic philosophy and the classical tradition.* Oxford: Bruno Cassirer.

IBRAHIMI, MELA SEᶜID

1366/1988 Zanayani be naw[u] bangi Kurd...: Ibnulhajib. In: *Sirwe* (Urumiye, Iran) no. 20, 37-8.

JOHNS, ANTHONY H.

1965 *The Gift addressed to the Spirit of the Prophet.* Canberra: Australian National University.

1978 Friends in grace: Ibrahim al-Kurani and ᶜAbd al-Rəʼuf al-Singkeli. In: S. Udin (ed.), *Spectrum: Essays Presented to Sutan Takdir Alisjahbana on his Seventieth Birthday.* Jakarta: Dian Rakyat, 469-485.

KÄHLER, HANS

1961 Studien zur arabisch-afrikaansen Literatur. In: *Der Islam 36*, 101-121.

KHALIDI, JUSUF

1968 *Ulama besar Kalimantan Syekh Muhammad Arsyad al Banjari 1122-1227 H /1710-1812 M.* Surabaya: al-Ihsan.

AL-KHANI, ᶜABD AL-MAJID

1306 *Al-hada'iq al-wardiyya fi haqa'iq ajilla' al-naqshbaniyya.* Cairo.

AL-KURANI, IBRAHIM

1328/1910 *Al-amam li-iqaz al-himam.* Haidarabad (Deccan).

MARDUKH RUHANI, BABA

1364-6 *Tarikh-i mashahir-i kurd: ᶜurafa, ᶜulama, udaba, shuᶜara.* 2 jild. Tehran: Surush.

MINORSKY, V.

1943 The Guran. In: *Bulletin of the School of Oriental and African Studies XI*, 75-103.

MONTEIL, VINCENT

1970 *Indonesie.* Paris.

AL-MUDARRIS, ᶜABD AL-KARIM MUHAMMAD

1979 *Yadi mardan: Maulana Khalidi Naqshbandi.* Baghdad.

1983 *ᶜUlama'una fi khidma al-ᶜilm wa al-din.* Baghdad.

MUKRIYANI, HUSAYN HUZNI

1935 *Mezhu-y mirani Soran.* Rawandiz: Merkez-i Zar-e Kurmanji. [reprinted: Hewler (Arbil): Chapkhane-y Kurdistan, 1962].

AL-MURADI, MUHAMMAD KHALIL

1301/1883 *Silk al-durar fi aᶜyan al-qarn al-thani ᶜashar.* 4 juz'. Bulaq.

OCHSENWALD, W.

1984 *Religion, Society and the State in Arabia. The Hijaz under Ottoman control, 1840-1908.* Columbus: Ohio State University Press.

PLESSIS, I.D. DU & C.A. LÜCKHOFF

1953 *The Malay quarter and its people.* Cape Town & Amsterdam: A.A. Balkema.

QUZWAIN, M. CHATIB

1985 *Mengenal Allah: Suatu studi mengenai ajaran tasawuf Syaikh 'Abdus-Samad al-Palimbani.* Jakarta: Bulan Bintang.

REPP, R.C.

1986 *The Müfti of Istanbul.* London: Ithaca Press.

RINKES, D.A.

1909 *Abdoerraoef van Singkel.* Dissertation, Leiden University).

RIZVI, S.A.A.

1983 *A History of Sufism in India,* vol.II. New Delhi: Munshiram Manoharlal.

SELMS, A. VAN

1960 The manuscript and its author: Abu Bakr and Arabic-Afrikaans literature. In: Brandel-Syrier (1960), V-IX.

1979 *Abu Bakr se ᶜUiteensetting van die godsdiens': 'n Arabies-Afrikaanse teks uit die jaar 1869.* [= Verh. Kon. Ned. Acad. van Wetensch., afd. Letterkunde, NS dl 101]. Amsterdam: North-Holland.

SNOUCK HURGRONJE, C.

1889 *Mekka. Zweiter Band: Aus dem heutigen Leben.* 's Gravenhage: Nijhoff.

TAWAKKULI, MUHAMMAD RA'UF

1980 *Tarikh-i tasawwuf dar Kurdistan.* Tehran: Intisharat-i Ishraqi.

TRIMINGHAM, J. SPENCER

1971 *The Sufi orders in Islam.* London, etc.: Oxford University Press.

VOLL, JOHN

1975 Muhammad Hayya al-Sindi and Muhammad ibn ᶜAbd al-Wahhab: An analysis of an intellectual group in eighteenth-century Madina. In: *Bulletin of the School of Oriental and African Studies 38,* 32-39.

VOORHOEVE, P.

1951 Van en over Nuruddin ar-Raniri. In: *Bijdragen tot de Taal-, Land- en Volkenkunde 107,* 353-68.

VREDENBREGT, JACOB

1973 Dabus in West Java. In: *Bijdragen tot de Taal-, Land- en Volkenkunde 129,* 302-320.


YILDIZ, SAKIP


N.D. *Fatih'in hocası Molla Gürâni ve tefsiri.* Doçentlik tezi. Istanbul: Sahhaflar Kitap Sarayı.

ZAMZAM, ZAFRY

1979 *Syekh Muhammad Arsyad al-Banjary: Ulama besar juru da'wah.* Banjarmasin: Karya (2nd ed).

ئەمانە لەو بەڵگەنامانەی "کەرکووک ـ مەڵبەندی ویلایەتی شارەزوور"ن.





[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

عطوفتلو افندم

[illegible]

[illegible]

[illegible]

١٧٠٠

[illegible]

[illegible]

١٢٠٠

[illegible]

[illegible]

اوقاف اداره [illegible]

# پێرست


| | | |
|---|---|---|
| * مەم و زینی پیرەمێرد و مەم و زینەکانی تر. | د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ | ٣ |
| * دەس نووسێکی "خوسرەو و شیرین"... | ئەنوەری سوڵتانی | ١٣ |
| * ئا. د. ژابا و کوردناسی. | ژ. س. موسایلیان | ٢٩ |
| * مێژووی گەلی کورد لە روانگەی سۆسیۆلۆگییەوە. | فازیل کەریم ئەحمەد | ٥٠ |
| * دەستەڵات. | محەمەد قەرەداخی | ٧٧ |
| * میخاییل بۆڵگاکەف-ئەو لووتکەیەی تۆفانی درۆ داینەپۆشی. | شیروان مەحموود محەمەد | ٩٩ |
| * دوو هەڵبەستی واڵت ویتمەن. | عەبدوڵلا پەشێو | ١٢٥ |
| * توخۆڵسکی و داهێنان. | کەریم پەرەنگ | ١٣١ |
| * کەرکووک-مەڵبەندی ویلایەتی شارەزوور. | عەبدولرەقیب یوسف | ١٤٠ |
| * سیناریۆی تێکشکاندنی کەسیەتیی نەتەوەیی کورد و پرۆژەی دابڕان. | عەتا فایەق قەرەداخی | ١٤٤ |
| * هونەرمەندی کورد و هەندێ کێشەی شێوەکاری. | حسام حکیم | ١٧٦ |
| * کێشەی کورد لە ململانێ و دژایەتیی نێوان رووسیا و ئینگلتەرەدا لە رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا. | ئۆ. ن. ژیگالینە | ١٨٦ |
| * ئەقڵی سیاسیی کورد و بازنەکانی لێکچوون. | ئیسماعیل حەمەمین | ٢٠٢ |
| * میتافیزیکای مردن و ریالیتیی نیگەرانی لە کارە هونەرییەکانی ئیسماعیل خەیاتدا | بەکر عەلی | ٢١٤ |
| * عولەمای کورد و شاگردە ئیندۆنێزیاییەکانیان. | مارتێن ڤان برۆینێسن | ٢٢٤ |


هەواڵنامەی کتێب